تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ئامادەکردنی: بیلال ن. شمشیر

8

بەڵگەنامەکانی ئینگلیز

لەبارەی کێشەی کوردی تورکیاوە (١٩٢٤-١٩٣٨)

شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران، ئاگری و دەرسیم

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
سەلمان عەلی

پێشەکی و پێداچوونەوەی
سدیق ساڵح

حکومه تی هه ریمی کوردستان
وه زاره تی روشنبیری
به ریو به ریتی گشتی چاپ وبلاو کردنه وه
به که مین پیشانگای کتیب له شاری سنه

بەڵگەنامەکانی ئینگلیز لەبارەی کێشەی کوردی تورکیاوە (١٩٢٤-١٩٣٨)

شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران، ئاگریو دەرسیم

ئامادەکردنی
بیلال ن. شمشیر
وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە
سەلمان عەلی

پێشەکیو پێداچوونەوەی
سدیق ساڵح

٢٠٠٢

ناونیشانی کتێبە ئەسڵییەکە :

Ingiliz Belgeleriyle
TÜRKIYEDE KÜRT SORUNU
(1924-1938)
Seyh Sait , Ağri ve Dersim
Ayaklanmalari
2. Baski
Hazirlayan
Bilal N. ŞIMŞIR
Türk Tarih Kurumu Üyesi
ANKARA, 1991

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

- ناوی کتێب: بەڵگەنامەکانی ئینگلیز لەبارەی کێشەی کوردی تورکیاوە(١٩٢٤-١٩٣٨)

شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران، ئاگری و دەرسیم

- ئامادەکردنی: بیلال ن. شمشیر
- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سەلمان عەلی
- تایپ: بەهرە عیزەدین
- نەخشەی بەرگ: ستار قادر
- ژمارەی سپاردنی(٤٠٦) ی وەزارەتی رۆشنبیری دراوەتێ
- زنجیرە: ٨
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپ: چاپخانەو ئۆفسێتی ئاسا
- چاپی یەکەم ٢٠٠٢ سلێمانی

پێشەکی

ساڵی ٢٠٠٠ کاک (سەلمان عەلی)م ناسی. بۆم تاقی بووەوە کە لاوێکی، لە خۆبوردوو و چالاکو دانایەو، هەوڵی خۆ پێگەیاندن ئەدات لە بوارێکی وەرگێڕاندا لە ئینگلیزییەوە کە ئێمە یەکجار پێویستیمان بە کەسانی شارەزای لە و جۆرە هەیە. بەو پێیە، دەرکەوت ئەشێ ئەو بەهرەو سەلیقەو وردەکارییەی بۆ لایەنێکی گرنگی وەك مێژوومان بخرێتە کارو، لە و ڕووەوە خێر بداتەوە.

من هەمیشە لە ئاستی ئەو ژمارە زۆرەی بەڵگەنامەو کتێبی بیانیدا کە بە زمانانی جیاجیا لە سەر کورد هەنو نووسراونو هێشتا نەکراونەتە کوردی، خەم دامئەگرێو، ئاواتەخوازم ڕۆژێك لە ڕۆژان وەرگێڕی توانایان بۆ پەیدا ببێ تا کتێبخانەی هەژاری مێژووی کوردیان پێ ئاوەدان ببێتەوە.

بۆ ئەم مەبەستە، ڕووم لە کاك سەلمان نا دەست بەکار بێو، ئەم کتێبەی بەڵگەنامەکانی ئینگلیز لە سەر شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیرانو ئاگری داغو دەرسیم بکاتە یەکەم کاری ئەو پرۆژەیە کە ئومێدمە تاسەر درێژەی پێ بداتو، منیش بتوانم هاوکاری بم. هەر لە سەرەتایشەوە، ئەرکی پێداچوونەوەیم، لە ڕووی زمانەوانیو ساغکردنەوەی ناوی شوێنو کەسەکانەوە، خستە ئەستۆی خۆم. کاری ڕاست بێ، بە پشوودرێژیو کۆششو مەراقی دڵسۆزانەی بۆ فێربوونو هونەرنواندن، بەتەواو بوونی گەیاند. پێنج ئەڵقەیشی تائێستا کە تا بەڵگەنامەی ژمارە (٤٦)ی گرتووەتەوە، لە ژمارەکانی (١٢،١٣،١٤،١٥،١٩)ی گۆڤاری "هەزارمێرد" دا بڵاوبووەتەوە.

جێی باسە کاك ئومێد محەمەد ئەمین بەشی (کورتەی بەڵگەنامەکان)ی کتێبەکەی لە تورکییەوە کردە کوردیو، داڕێژرایەوە. منیش بە پێویستم زانی کۆمەڵێك پەراوێز بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەکان ئامادە بکەم، کە بۆ جیاکردنەوەیان لە وانەی کاك سەلمان، نیشانەی (س)م خستووەتە دوایان. ناوی شوێنەکانم، بەگشتی، پشت بەستوو بەم سێ سەرچاوەیە ڕاستکردەوە:

١ـ ROAD MAP OF TURKEY 1969، مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف پێشکەشی کردووم، سوپاسی ئەکەم.

٢ـ قائمقام محمد رشدی و معلم محمد عبدالقادر، مکمل و مفصل تورکیە جمهوریتی اطلاسی، استانبول، ١٩٢٨.

٣ـ Good & Darby, The University Atlas, 2nd ed. London,1940

ئەوی دووەمیان کە زۆرتر بەکارم هێناوە، هی سەردەمی کەمو زۆر ئەو شۆڕشانەیە. پاشان بە مایەی سوودم زانی، بۆ ئاسانکردنی کاری لێکۆڵەرەوە، پێرست بۆ ناوی شوێنو کەسەکان ڕێك بخەم تا وەك پاشکۆیەك بخرێتە دوای دەقی بەڵگەنامەکانەوە.

ئەم کتێبە پرۆفیسۆر دکتۆر بیلال ن. شمشیر ئامادەی کردووە کە کاتی خۆی بەڕێوەبەری پلان دانانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی تورکیاو، ماوەیەکیش کارمەندی باڵیۆزخانەی تورکیا بووە لە باکۆ. هەتا پۆستی باڵوێزیشی وەرگرتووەو، دواجار خانەنشین کراوە*. جگەلە وە، وێنەی ئەسڵیی هیچ یەکێك لە م بەڵگەنامانە لە کتێبەکەدا نییە، هەوڵی بەدەستهێنانیشیان بۆ ئێمە، کارێکی ئەستەم بوو. بەلام وەك بەناوەڕۆکیاندا دیارە، پێناچێ دەستکاری کرابنو، گومان لە دروستیو ڕاستییان ناکرێ. لەگەڵ ئەوەیشدا، جاروبارو لێرەو لە وێ هەڵەی چاپیان تێکەوتووە، کاك سەلمان خۆی بە سەلیقە ڕاستی کردوونەتەوە. چەندین پاشکۆو هاوپێچی ئاماژە پێدراوو برگەی تر لە بەڵگەنامەکاندا چاپ نەکراون.

ئەم بەڵگەنامانە، بەحوکمی ئەوەی کە برووسکە یا ڕاپۆرتی وردو هەمەلایەنەنو، هاوزەمانو لە گەرماو گەرمیی ڕووداوەکاندا، یا لە شوێنو ناوچە جێی مەبەستەکان خۆیانەوەو، لە قسەی کاربەدەستانەوە، یان بە گێڕانەوەی دەمیی ئەمونەوی ئاگادار نووسراونو، ڕۆژنامەکانی تورکیایشی بۆ بەسەرکراونەتەوە؛ پڕن لە زانیاریی هەمە جۆری گرنگ لە سەر وەزعی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریو وردەکاریی بەسەرهاتەکانی ئەو شۆڕشانەو، کەرەستەیەکی گرانبەها ئەخەنە بەردەستی لێکۆڵە

* کاك سەلمان ئەم چەند زانیارییەی لە بارەیەوە لە ئینتەرنێتەوە وەرگرتووە.

ڕەوەی کوردو، تەنانەت زانیاریەکانی پێشوومان زیاترو دەولەمەندترو ڕاستتر ئەکەنەوە. ئەم کتێبە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لە سەر شوێن و بایەخی لە ڕادەبەدەری بەڵگەنامە بۆ نووسینەوەی مێژوو.

هیوامە ئەم بەرهەمە کاری گەورەو بەکەڵکتری بەدوادابێ و، دەستخۆشیش لە برای ئازیزم کاک سەلمان ئەکەم.

سدیق ساڵح

٢٠٠٢/٦/١

پێشەکیی ئامادەکار

کۆماری تورکیا، لە سەرەتای دروست بوونییەوە، ناوبەناو تووشی کێشەی کوردبووەو، کێشەکەیش لە شێوەی یاخی بوونەکانی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعیدو ١٩٣٠ی ئاگریو ١٩٣٧ی دەرسیمو تونجەلیدا بووەو، حکوومەتە جیاجیاکانی کۆمارەکەمانی بەشێوەیەکی بەرچاو گیرۆدە کردووە.

بریتانیا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کەبەدەنگ گرفتی کوردەوە هاتووەو، ڕێکخەری ئەو بەندانەی سیڤەریش بووە، کەتایبەت بوون بەکورد. ئەم وڵاتە، لە بەرئەوەی کەلە ماوەی هەردوو جەنگی جیهانیدا دەسەڵاتدار بووەو، حوکمڕانیی عیراقی کردووە، ڕووبەڕووی کێشەی کورد بووەتەوە. هەروەها بەهۆی کێشەکانی سنووریی عیراق- تورکیاو مووسڵەوە، شەڕێکی دیبلۆماسیی لە نێوان تورکیاو بریتانیادا هاتووەتە گۆڕێ. ناوچە کوردنیشینەکان پانتاییەکی فراوانی دەوڵەمەندی نەوتن، بریتانیاش بایەخ بەهەر جێیەك دەدات کەنەوتی تێدا بێ.

لە بەرئەوەی دیبلۆماتەکانی ئینگلیز لە نزیکەوە چاودێری کێشەی کوردیان کردووەو، لێکۆڵینەوەو پلانیان بۆ چۆنییەتی چاودێریی کێشەکە لە تورکیادا هەبووە. بەباشم زانی لێکۆڵینەوەو بەدواداگەڕانێکی ئەم بابەتە بکەم. دیارە گەلێ بڵاوکراوەی کۆن لە بارەی کوردەوە لەم وڵاتەدان، بەڵام هێشتا لێکۆڵینەوەیەکی وا لە سەر بەڵگەنامە ڕەسمییەکان نەکراوەو، بەڵگەنامە دیبلۆماسییە ئینگلیزییە بڵاوکراوەکانیش کەپەیوەندییان بەم مەسەلەیەوە هەیە، زۆرنین. جا بۆ ئەوەی بزانین دیبلۆماتەکانی ئینگلیز چۆن مامەڵەو چاودێریی کێشەی کوردیان کردووە، ئەبێ ڕاستەوخۆ پشت بەئەرشیفەکان ببەستین، هەر بۆیە بەهەڵم زانی لێکۆڵینەوەیەك لە سەر ئەو ئەرشیفانەی تا ساڵی ١٩٤٠ی بریتانیا لە لەندەن بکەم.

پێدەچێ ئەمە یەکەم لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بێ کە لە ئەرشیفە بیانییەکانەوە لە سەر کێشەی کورد کرا بێ، بەڵام لە هەڵەو چەوتییەوە دوورە، لێرەدا بابەتەکە تەنها ماوەیەکی کەم لە خۆ دەگرێو، کێشەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتو

بەڵگەنامە ئینگلیزییەکانی پازدە ساڵی یەکەمی کۆماری تورکیای تێدا نین، بەڵکو تەنها چەند دۆکیۆمێنتێکی هەڵبژێردراوی پێشانگایەکی بچووکن کەشیاوی لێکۆڵینەوەن.

پێم وایە ئەم بەڵگەنامانە، هیچ نەبێ، دەتوانن کەم یا زۆر بیرۆکەیەکمان لە بارەی چۆنییەتی لێکۆڵینەوەو چاودێریی کێشەی کوردەوە لە تورکیا لەلایەن دیبلۆماتانی ئینگلیزەوە بدەنێ.

بەڵگەنامەکان بەپێی مێژووی ڕووداوەکانی (Chronology) ڕیزکراون. هەر دۆکیۆمێنتێك کورتەی ناوەڕۆکەکەی لە لاپەڕەکانی(١٠-٦٩)دا نووسراوەو، ئەو بەرگانەی کە ئەرشیفەکانیان لێ وەرگیراوە، بەکورتی لە ژێریاندا تۆمار کراون. (F.O) کورتەی ئەرشیفەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلتەرەیە. (٤٢٤) ژمارەی پێشانگای ئەرشیفی وەرگیراوەو، (٢٦١و ٢٦٢و ..هتد) ژمارەی بەرگەکانی ناو پێشانگاکەن. ئەمجا ژمارەی لاپەڕەو ڕیزبەندەکانیان نووسراون.

کورتەی ناوەڕۆکی دەقەکان بەتەواوی دراوە، بۆیە ئیتر پێویست ناکات بەجیاجیا لێیان بکۆڵرێتەوە. ئەوەی کەشایانی باس بێ هەر ئەوەندەیە بڵێم:

ئەگەر بەوردی بچیتە ناو بەڵگەنامەکانەوە، ئەوا چەند خاڵێك سەرنجت ڕادەکێشن و، وات لێدەکەن ڕابمێنی. زۆربەی ئەو بیروبۆچوونانەی کەخراونەتەڕوو، ڕاپێچی بیرێکی قووڵت دەکەن و، هەندێکیشیان تا ئەمڕۆ بایەخی خۆیان هەیە.

ئەگەر ئەم بەدواداچوونە بوویێتە مایەی کەمێك ڕامان لە بابەتەکە، ئەوا ئەوە دەردەخات کەلێکۆڵینەوەکەم بێهودە نەبووە.

ب.ن.ش
لەندەن
١٩٧٢/٦/٢٨

کورتەی بەڵگەنامەکان

ژ	ڕۆژ	
١	١٩٢٤/٧/٢٣	ڕاپۆرتی ژمارە ٥٧٢ی مستەر هندرسنی کار-هەڵسووڕێنی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ ماك دۆناڵدی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل:٦٩ بارودۆخی سیاسیی تورکیا، هەوڵەکانی والیو فەرمانڕەوای تازەی ئەستەمبوڵو ئاسایش. قسەو قسەلۆکی نهێنیی ئیتیحادە کوردەکان دژی حکوومەت. وتەکەی عیسمەت پاشا دەربارەی کۆمپانیا بیانییەکانو پەیمانی لۆزان.
٢	١٩٢٤/٩/١٦	ڕاپۆرتی ژمارە ٦٨٥ی مستەر هندرسنی کارهەڵسووڕێنی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ ماك دۆناڵدی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە ل: ٨٠ بارودۆخی تورکیا. کار پێکردنی پەیماننامەی لۆزانو پڕوپاگەندەی جێبەجێنەکردنی بەندە جیاجیاکانی لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە. دەرکەوتنی جووڵانەوەی کوردی. گواستنەوەی زەکی بۆ لەندەن. تێپەڕبوونی مستەفا کەمال پاشا بە دەریای ڕەشداو، لانەدانی لە ئەستەمبووڵ.
٣	١٩٢٥/٢/٢٣	برووسکەی ژمارە ٣٧ی مستەر لیندسەیی نوێنەری دیبلۆماسیی ئینگلیز لە

		ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل: ٩١ یاخی بوونی شێخ سەعید. دەستبەرسەرداگرتنی زێدی والی لەلایەن یاخییانەوە. سەردانی عیسمەت پاشا بۆ ئەنکەرە بەمەبەستی تاوتوێکردنی هەلومەرجەکە.
٤	١٩٢٥/٢/٢٤	برووسکەی ژمارە ٤٠ی مستەر لیندسەیی نوێنەری دیبلۆماسیی ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلە ینی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل: ٩٢ یاخیبوونی شێخ سەعید. ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی لە هەندێ ناوچەی هەرێمی ئەرزرۆم و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا.
٥	١٩٢٥/٢/٢٤	ڕاپۆرتی ژمارە ١٥٤ی مستەر لیندسەیی نوێنەری دبلۆماسیی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٩٣ یاخیبوونی شێخ سەعید. ڕۆیشتنی یەکسەری عیسمەت پاشا بۆ ئەنکەرە بەم هۆیەوەو، هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی کوردی.
٥/ها	١٩٢٥/٢/٢٤	پوختەی چاپەمەنییەکان دەربارەی یاخیبوون. ل: ٩٥ هەواڵی یاخیبوونەکە لە ڕۆژنامەکانی

		تەنین، وەقت، جمهورییەت، تەوحید، وەتەن، ئەنگۆرە تێلیگرامز.
٥/٢ه	١٩٢٥/٢/٢٥	دووەم کورتەی چاپەمەنییەکان سەبارەت بەیاخی بوون. ل: ٩٨ هەواڵی ڕۆژنامەکانی تەنین، تەوحید، وەقتو وەتەن.
٦	١٩٢٥/٢/٢٥	برووسکەی ژمارە ٤٢ی مستەر لیندسەیی نوێنەری دیبلۆماسیی ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا ل: ١٠١ یاخیبوونی شێخ سەعید. هەواڵی دەست بەسەرداگرتنی خەرپووتو دیار بەکرو دەرسیم لەلایەن یاخییانەوە.
٧	١٩٢٥/٢/٢٧	برووسکەی ژمارە ٤٤ی مستەر لیندسەیی نوێنەری دیبلۆماسیی ئینگلیز بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل:١٠١ یاخیبوونی شێخ سەعید. هەواڵی گرتنەوەی خەرپووت.
٨	١٩٢٥/٢/٢٧	برووسکەی ژمارە ٤٦ی مستەر لیندسەیی نوێنەری دبلۆماسیی بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل: ١٠٢ یاخیبوونی شێخ سەعید. پیلانەکانی ئینگلیزو گوشاری تورکیا بۆ سەر ڕاپەڕینەکە. هانتەدانی بەهیچ جۆرێکی یاخیبوون لەلایەن بریتانیاوە.

		پەسندنەکردنی پارمەتیدانی نووسەرەت و ڕوونکردنەوەی ئەمە بۆ نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە ئەستەمبووڵ.
٩	١٩٢٥/٣/٣	ڕاپۆرتی ژمارە ١٧٨ی مستەر لیندسەیی نوێنەری دیبلۆماسیی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ١٠٣ فراوانبوونی یاخیبوونەکەی شێخ سەعیدو کاریگەریی لە سەر حکوومەتی تورکیا. دەست لە کارکێشانەوەی فەتحیی سەرۆک وەزیر، شیکردنەوەی چەند لایەنێکی هێنانەوەی عیسمەت پاشا بۆ ئەو پۆستە.
٩/١٥	١٩٢٥/٣/٤	ڕاپۆرتی ئار.ئی. هارێنکی پاشکۆی سەربازیی باڵیۆزخانەی ئینگلیز بۆ مستەر لیندسەیی نوێنەری دیبلۆماسیی ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ. ل: ١٠٧ یاخی بوونی شێخ سەعید. تاووتوێکردنی ئەم یاخیبوونە لە رووی سیاسیی و سەربازییەوە. جموجووڵی شێخ سەعیدو مۆڵدانی سەربازانی تورك لە ڕۆژهەڵاتدا.
٩/٢٥	١٩٢٥/٣/٣	پوختەی نووسینی چاپەمەنییە خۆجییەکان لە سەر یاخیبوونەکەی شێخ سەعید. ل: ١١٠ لێکدانەوەو هەواڵی ٢/٢٣- ٣/٣ی یاخیبوون لە بڵاوکراوەکانی تورکیادا.
٣/٢٥	١٩٢٥/٣/٣	دەقی چاوپێکەوتنی شوکری نایلی و ڕائید

		ئار. ئی. هارێنك. ل: ١١٤ زانيارييەكانى شوكرى نايلى پاشا لە مەڕ ياخيبوون بۆ ڕائيد هارێنك و هەڵسەنگاندنى ئەم مەسەلەيە لەلايەن ناوبراوەوە
٩/٤ه	١٩٢٥/٣/٣	ڕاپۆرتى هەواڵدەريى تايبەت بەبزاوتنى سەربازيى تورك لە هەرێمەكانى ڕۆژهەڵاتدا. ل: ١١٦ كۆكردنەوەى سەرباز لە ئەدەنە لەلايەن ئەركانى گشتيى توركياوە، و ئيتحتمالى هێنانيان لە ئەنكەرەو ئەزميرەوە.
١٠	١٩٢٥/٣/١٠	ڕاپۆرتى ژمارە ١٩٩ى مستەر ليندسەيى نوێنەرى دبلۆماسيى ئينگليز لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەينى وەزيرى دەرەوەى بريتانيا. ل: ١١٨ بارى سياسيى توركيا. هەڵوەشانى كابينەكەى فەتحى و بەرنامەى ئەوەى عيسمەت پاشا. دەرچوونى ياساكانى سەقامگيركردنى ئارامى و دادگاكانى ئيستيقلال. وتەى ڕەجەب بەگ دژى چاپەمەنييەكان.
١١	١٩٢٥/٣/٢٣	ڕاپۆرتى ژمارە ٢١٩ى مستەر ليندسەيى نوێنەرى باڵاى ئينگليز لە توركيا بۆ مستەر چامبرلەينى وەزيرى دەرەوەى ئينگلتەرە. ل: ١٢٢ ديدارى نوێنەرى ديبلۆماسيى بەرتيانيا و عيسمەت پاشاى سەرۆك وزيرو تۆفيق

		روشدیی وەزیری دەرەوە. کێشەی کوردو کۆمەڵەی نەتەوەکانو پەیوەندیی سیاسیو ئابووری لەگەڵ ئینگلتەرەدا. قسەلە سەر تایبەتمەندییەکانی کاڵای بۆ دەرەوە نێردراوی ئەڵمانی بۆ گومرگی تورکیاو، پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتانی تردا
١٢	١٩٢٥/٣/٣١	راپۆرتی ژمارە ٢٥٨ی مستەر لیندسەیی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە تورکیا بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل:١٣١ بارودۆخی سیاسیی تورکیا. پەرلەمانو چاپەمەنییەکان. دەست بەکاربوونی دادگای ئیستیقلالی ئەنکەرە. پەرەسەندنی یاخیبوونەکەی کورد. ئیحتیمالی هێرشی تورکیا بۆ سەر مووسڵ.
١٣	١٩٢٥/٤/١٥	راپۆرتی ژمارە ٣٠٥ی مستەر لیندسەیی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل:١٣٥ یاخیبوونی شێخ سەعید. راپۆرتی رائید هاێنك. ئیحتیمالی هەڕەشەی تورکیا لە مووسڵ. هەڵسەنگاندنی داواکانی نوێنەری باڵای تورکیا لە لەندەن.
١٤	١٩٢٥/٤/٢٢	راپۆرتی ژمارە ٣٢٢ی مستەر لیندسەیی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل:١٣٩

		باروودۆخی سیاسیی تورکیا. ڕاپۆرتی پاشکۆی عەسکەری لە بارەی یاخیبوونی کوردەوە. گیرانی شێخ سەعید. مەسەلەی بزواندنی کورد لەلایەن ئینگلیزەوە. دەستگیرکردنی حوسەین جاهیدی سەرنووسەری (تەنین)
١٤/ھ	١٩٢٥/٤/٢١	ڕاپۆرتی ڕائید هارێنکی پاشکۆی سەربازیی کونسوڵخانەی ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر لیندسەیی نوێنەری باڵا. ل:١٤٢
		یاخیبوونی شێخ سەعید. دەستگیرکردنی شێخ و، خۆبەدەستەوەدانی یاخییان. پچڕپچڕیی هەواڵەکان. درێژبوونەوەی ماوەی کاری دادگاکانی ئیستیقلال. چاکسازیی کارگێڕی لە ڕۆژهەڵات. بەڵگە گیراوەکانی سەر شێخ سەعیدو، دەرخستنی هەڵوێستی کاربەدەستانی ئینگلیز لە عێراق.
١٥	١٩٢٥/٤/٢٨	برووسکەی ژمارە ٦٦ی مستەر لیندسەیی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ١٤٤
		مۆڵدانی سەربازی تورکیا لە ڕۆژهەڵات و هەڕەشە لە مووسڵ. پاراستنی هێمنیی تورکیا بەکۆکردنەوەی سەرباز. ویستی سەپاندنی فشاری مەعنەوی بەسەر کۆمەڵەی نەتەوەکان و ئینگلتەرەدا. نەبوونی نیازی پێکدادان لەگەڵ بریتانیادا.

١٦	١٩٢٥/٤/٢٨	ڕاپۆرتی ژمارە ٣٣١ی مستەر لیندسەیی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ١٤٥ باری سیاسیی تورکیا. پشووی ئەنجومەن. کێشەی کورد. لێدوانی عیسمەت پاشا لە کۆنگرەی (ئۆجاخ)ی تورکدا. گیرانی حوسەین جاهید. لە ئایندەدا هاتنی غازی بۆ ئەستەمبوڵو، بەدرۆ خستنەوەی، لە وێوە چوونی بۆ فەرەنسە.
١٧	١٩٢٥/٦/٢	ڕاپۆرتی ژمارە ٤٣٥ی مستەر لیندسەیی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ١٤٨ بارودۆخی سیاسیی تورکیا. کاری دادگاکانی ئیستیقلالی ئەنکەرەو دیاربەکر. لە سێدارەدانی سەید عەبدولقادر. دادگایی شێخ سەعید. ئاگادارییەکی غازی پاشا.
١٧/١٨	١٩٢٥/٦/٢	ڕاپۆرتی ڕائید هارینکی پاشکۆی سەربازیی کونسوڵخانەی ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر لیندسەیی نوێنەری باڵا. ل:١٥٢ هەلومەرجی عەسکەری کەمکردنەوەی ئەو هێزانەی کە بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونی شێخ سەعید لە ڕۆژهەڵات کۆکرابوونەوە. مۆڵدانی بەردەوامی سەرباز لە باشووری ڕۆژهەڵات.

١٨	١٩٢٥/٦/٩	ڕاپۆرتی ژمارە ٤٦٨ی مستەر لیندسەیی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ١٥٤ باری سیاسیی تورکیا. داخستنی لقەکانی پارتی پێشکەوتنخواز. دەستی سوڵتان وەحیدەدین لە کاری کۆنەپەرستانەی ئەو لقانەدا کاری دادگاکانی ئیستیقلال. پەیوەندیی نێوان شێخ سەعیدی لەگەڵ تامپلینگ ناوێکی سیخور.
١٩	١٩٢٥/٦/٣٠	ڕاپۆرتی ژمارە ٥١١ی مستەر هۆری کارهەڵسووڕێنی ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ١٥٧ کۆکردنەوەی سەربازی تورک لە ڕۆژهەڵات. ئیحتمالی دژایەتیی بڕیاری دیاریکردنی سنووری مووسڵ لەلایەن تورکیاوە. پێویستی بەکارهێنانی هێز، هاوشانی هەواڵی دادگای ئیستیقلالی دیاربەکر لە ڕۆژهەڵات.
١٩/ھ	١٩٢٥/٦/٢٥	ڕاپۆرتی ژمارە ١٦ی ڕاشید هارێنکی پاشکۆی سەربازیی کونسولخانەی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر هۆری کارهەڵسوڕێنی بریتانیا. ل: ١٥٩ هەلومەرجی سەربازی. مۆڵدانی سەربازی تورک لە ڕۆژهەڵات. کێشەی کورد، ویستی تورکیا بۆ کارکردنە سەر بڕیاری تایبەت بە

		مەسەلەی مووسڵ کۆمەڵەی نەتەوەکان.
١٩/٢٥	١٩٢٥/٦/٢٠	سەرژمێرییەکی سەربازانی تورک لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. ل: ١٦١
٢٠	١٩٢٥/٧/١	راپۆرتی ژمارە ٥٢٢ی مستەر هۆری کارهەڵسوورێنی ئینگلیز لە ئەستەمبوڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ١٦٤ یاخیبوونی کورد، لە سێدارەدانی زیاتر لە ٤٠ یاخی، کەمیی ژمارەی ئەوانەی سزای زیندانییان بەسەردا سەپێنرا. گوتەی سەرۆکی دادگای ئیستیقلال دیاربەکر. گواستنەوەی ئەم دادگایە بۆ ئورفە لە ئایندەدا.
٢١	١٩٢٥/٨/٩	راپۆرتی ژمارە ٦٠٢ی مستەر هۆری کارهەڵسوورێنی بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ١٦٦ بارودۆخی تورکیا. کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجومەن. پەیوەندیی فەوزیی سەرۆکی شارەوانی دیار بەکر بە یاخبوونەکەی شێخ سەعیدەوە. چاو پێداخشاندنەوەیەکی کێشەی هەرێمەکانی رۆژهەڵات.
٢٢	١٩٢٥/٨/١٧	راپۆرتی ژمارە ١٣٨ی مستەر هۆری کارهەڵسوورێنی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ١٦٩

		كارەكانی دادگای ئیستیقلال ئەنگەرە. دادگایی ٧٠ كەس و لە داردانی (١١)ی‌تر. دادگایی كۆمۆنیستەكان. سستی ئەم ڕۆژانەی دوایی كارەكانی دادگای ئیستیقلال هەرێمی ڕۆژهەڵات.
٢٣	١٩٢٥/٩/١٦	ڕاپۆرتی ژمارە ٧١٧ی مستەر لیندسەیی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە توركیا بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل:١٧١ بارودۆخی سیاسی توركیا. نەرمبوونی حكوومەت، ئازادكردنی ڕۆژنامەنووسانی دادگاییكراو بەتاوانی هاندانی یاخیبوونی شێخ سەعید. وەزعی وەلید ئەبو زادەی سەرنووسەری (تەوحیدی ئەفكار). بابەتێكی سەیری (قلیچ عەلی) ئەندامی دادگای ئیستیقیلالی ئەنكەرە لە (حاكمییەتی میللی)دا.
٢٤	١٩٢٥/١٠/٦	نووسراوی ژمارە ٧٥٦ی مستەر لیندسەیی نوێنەری باڵای ئینگلیز لەتوركیا بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل:١٧٤ كوردەكان. نەمانی كورد لە هەرێمەكانی ڕۆژهەڵات. وتووێژ لەگەڵ تۆفیق ڕوشدی. گومانی حكوومەت لە كوردانی ناوچەی دەرسیمی بەشدار نەبوو لە یاخیبونەكەی شێخ سەعیددا، نەبوونی هەواڵی لە و جۆرە لە كۆنسوڵی تەرابزبوونەوە.
٢٥	١٩٢٥/١٠/١٦	ڕاپۆرتی ژمارە ٧٨٥ی مستەر لیندسەیی

		نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەردوەی ئینگلتەرە. ل: ١٧٥
		پەیوەندییەکانی ئینگلیزو تورک. گومانی تورکیا لە رووسیا. داوای ئاشتی‌و تازەگەری. کێشەی مووسڵ تاکە کۆسپی سەر رێی پەیوەندییەکانی تورکیاو بریتانیا.
٢٦	١٩٢٥/١٠/٢٠	راپۆرتی ژمارە ٧٩١ی مستەر لیندسەیی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ١٧٩
		هەلومەرجی سیاسیی تورکیا. بیری نەتەوەیی تورک، بینینی کێشەی کورد وەکو هەڕەشەیەك بۆسەر رژێمی کۆماریی تورکیا.
٢٧	١٩٢٥/١١/٣٠	نووسراوی ژمارە ١١٥١ی مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا بۆ سێر ئارٍ. لیندسەیی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ. ل: ١٨٤
		کێشەی کوردو پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو بریتانیا. پەیمانی بریتانیا بەبەخشینی خودموختارییەکی رێژەیی بەکوردانی عێراق. نەبوونی نیازی بەخشینی ئۆتۆنۆمیی تەواو یاخود گەڕانەوە بۆ پەیماننامەی سیڤەر. دانان بەمافی کوردانی عێراقدا، کاری خراپ نەکردنە سەر پەیوەندییەکانی تورکیا- بریتانیا.

٢٨	١٩٢٦/٢/١٧	ڕاپۆرتی ژمارە ١٢٠ای مستەر هۆری کار-هەڵسووڕێنی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە.ل: ١٨٧ درێژ کردنەوەی ماوەی دادگاکانی ئیستیقلال بۆ شەش مانگی تر. کاری دادگاکانی ئیستیقلالی ئەنکەرەو ئەلعەزیزو حوکمەکانیان. بەردەوام لێکۆڵینەوەی داواکانی زادەی پاخیبوونەکەی شێخ سەعید لەلایەن دادگای ئیستیقلالی ئەلعەزیزەوە.
٢٩	١٩٢٦/٢/٢٣	نووسراوی ژمارە ١٣٠ای مستەر هۆری کارهەڵسووڕێنی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ١٩٠ یاخیبوونی کورد. کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە لەلایەن سەربازانی تورکەوە. قوربانیدانێکی زۆر. دادگایی کردنی زیاترلە ٩٠٠ کەس.
٣٠	١٩٢٦/٦/٣٠	نووسراوی ژمارە ٣٢٨ی مستەر لیندسەیی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ١٩٢ هەلومەرجی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات. بایەخدان بەو ڕاپۆرتانەی کە بۆ ئەم مەسەلەیە لە ئەنکەرەو کونسوڵی

		تەرابزوونەوە گەیشتوون.
٣٠/١ه	١٩٢٦/٦/١٠	برووسکەی ژمارە ٢٢ی مستەر نایتی کونسوڵی ئینگلیز لە تەرابزوون بۆ ئار. لیندسەیی نوێنەری باڵا لە ئەستەمبووڵ. ل:١٩١ هەواڵی پارمەتیی ئێران بۆ یاخیبوونی کوردانی بایەزید.
٣٠/٢ه	١٩٢٦/٦/١٥	برووسکەی ژمارە ٢٤ی مستەر نایتی کونسوڵی بریتانیا لە تەرابزوون بۆ ئار. لیندسەیی نوێنەری باڵا لە ئەستەمبووڵ ل:١٩٢ راگوێزانی کوردەکان بەرەو رۆژئاوا بەهۆی گرژی‌و ئاڵۆزیی بەردەوامی ناوچەی بایەزیدەوە.
٣٠/٣ه	١٩٢٦/٦/١٦	برووسکەی ژمارە ٢٥ی مستەر نایتی کونسوڵی ئینگلیز لە تەرابزوون بۆ ئار. لیندسەیی نوێنەری باڵا لە ئەستەمبووڵ ل:١٩٣ ناردنی تیپێکی سەربازی بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوون. ڕاگوێزانی گوندەکان‌و پەککەوتنی بازرگانی. کارگەیەکی چەك دروستکردن لە ئەرزڕۆم.
٣٠/٤ه	١٩٢٦/١٩و١٧	نامەیەکی مستەر نۆکسی کارهەڵسووڕێنی ئینگلیز لە ئەنکەرە بۆ ئار. لیندسەیی نوێنەری باڵا لە ئەستەمبووڵ، ل:١٩٤ نیازی تورك بۆ چارەی خێرای کێشەی کورد. ڕێنەدان بە تێپەڕبوونی نوێنەری پۆڵۆنیا بە بایەزیددا.
٣١	١٩٢٦/٧/٥	نووسراوی ژمارە ٦٣٩ی مستەر لیندسەیی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ

		مســـتەر چامبرلـــەینی وەزیـــری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ١٩٥ پرۆســەی نیشــتەجێکردن لــە ڕۆژهــەڵات، بیرۆکــەی هێنــانی پەنابــەرانی مووســڵمانی مــەکدۆنیو نیشــتەجێکردنیان لــە شــوێنی کوردانــی بــەرەو ڕۆژئـاوا ڕاگوێــزراو. هــەوڵی حکوومەتی تورك بۆ بەستنی پەیمانێك لە ســەر پەنابــەران لـــە نێــوان وڵاتەکــەیو دەوڵـــەتانی ســـیربو کرواتوســـلۆڤیندا. دابەشکردنی زەویوزاری ئاغایـانی ڕاگوێـزراو بەسەر گوندنشینانـدا.
٣٢	١٩٢٦/١/٢٤	نووسـراوی ژمـارە ١٢١٦ی سێر جی. کلارکـی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە ئەنکەرە بۆ سێر ئێی. چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ١٩٦ ســـەردانی کۆمیســـاری بـــاڵا (مـــەندوبی سامی)ی بریتانیـا لـە عـیراق بـۆ ئەنکـەرەو چاوپێکەوتنی لەگەڵ غازیو تۆفیق روشدیدا. بیرۆکەی ڕاگواستنی کوردەکانو ڕای نوێنەری باڵای ئەنکەرەو ئینگلیز لە سەری.
٣٢/ھ١	١٩٢٦/١١/٢٢	یاداشـــــتێك دەربـــــارەی دیـــــدارو چاوپێکەوتنـەکانی ئەنکـەرەی ســێر ئێــچ. دۆبسی کۆمیساری باڵای بریتانیـا لـە عـیراق. ل: ١٩٧ دیـدار لەگـەڵ تۆفیـق روشـدیدا. سـنووری تورکیـا عـیراقو کێشـەی کــورد. مامەڵــەی

کێشــەی کــورد لەلایــەن تورکیــاوە. دڵنیاکردنــەوەکانی ســێرنێج. دۆبــس. پێشوازیی کۆمیسـاری بـاڵا لەلایـەن غـازی پاشاوە.

٣٣	١٩٢٧/١/٤	نووسـراوی ژمـارە ٢١ی سـێرجی، کلارکـی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە ئەنکەرە بۆ سێر ئێی. چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٢٠٢ کێشەی کورد، چاوپێکەوتن لەگەڵ تۆفیق روشدیی وەزیـری دەرەوەی تورکیادا. گرفتی کـوردو بـاس و شـیکردنەوەی وەزیـرو، راو بۆچوونی نوێنەری باڵا.
٣٤	١٩٢٧/١/١٢	نووسـراوی ژمـارە ٢٢ی سـێرجی. کلارکـی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ سـێر ئێـی. چامبرلـەینی وەزیــری دەرەوەی ئینگلیز. ل: ٢٠٤ راپۆرتێکـی کورتــی دادگــای ئیســتیقلالی ئەنکەرە. دادگایی ١٨٠٠ کەس بە تۆمـەتی جیاجیـاو، لــە داردانــی ١٢٥ کــەس و زیندانیکردنــی ٥٠٠ی‌تر. تێڕوانینی غازی دادگایی کوردەکان لەلایـەن دادگـای ئیسـتیقلالی ئەلعـەزیزەوە. درێژکردنـەوەی مـاوەی یاسای عەسکەری لـە رۆژهــەڵات تــا ٢٣ی تشــرینی یەکـــەم. نیشتەجێکردنی کـورد لـە ئەنادۆڵی رۆژئـاوا، بیرکردنەوە لە هێنانی پەنابەر لە بولگاریاو

		یوگوسلافیاو قوبرس و قۆقازەوە، نیشتەجێکردنیان لە ڕۆژهەڵات. بۆچوونی کۆمیساری باڵا.
٣٥	١٩٢٧/١/٢٦	نووسراوی ئێی. چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز بۆ جی. کلارکی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ. ل: ٢٠٧
		سەردانی باڵیۆزی تورکیا لە لەندەن بۆ لای وەزیری دەرەوەی بریتانیا. تاوتوێکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا- بریتانیاو ئیتاڵیاو یوگسلافیاو قەرزەکانی عوسمانیو دەستنیشانکردنی کونسوڵی تورک لە بەغداو تورکانی میسرو عیراقو گواستنەوەی نوێنەرایەتیی باڵای ئینگلیز بۆ ئەنکەرەو گلە یی لە کونسوڵەکانی بریتانیا لە ئێران کەکوردیان دژی تورک هانداوە.
٣٦	١٩٢٧/٤/٢٠	نووسراوی ژمارە ١٩٢ی سێرجی کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ سێر ئێی. چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە ل: ٢١١
		هێرشی کوردەکان لە ئێرانەوە بۆ سەر تورکیا. بارودۆخی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات.
٣٧	١٩٢٧/٦/٢٥	ڕاپۆرتی ژمارە ٣٢١ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ سێر ئێی. چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل: ٢١٣
		بارودۆخی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات.

		قەدەغەکردنی هاتنە ناوەوەی خێڵە کوردییەکانی عیراق بۆ تورکیا. ڕاگوێزانی کوردانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بۆشوێنەکانی تری وڵات. چاکسازیو چەند کارێکی تر لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات .
٣٨	١٩٢٧/٨/٩	ڕاپۆرتی ژمارە ٤١٧ سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆسێر ئێی. چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٢١٥ بارودۆخی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات. ڕاگوێزانی کۆمەڵ کۆمەڵی کورد. پڕۆژەی حکوومەتی تورک بۆنیشتەجێ کردنی پەنابەرانی قۆقاز لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات.
٣٩	٩٢٧/١١/٩	نووسراوی ژمارە ٥٥٥ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ سێر ئێی. چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٢١٩ پرۆگرامی کابینە تازەکەی تورکیا. سەرنج ڕاکێشیی وتەکانی عیسمەت پاشا لە سەر هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات.
٤٠	١٩٢٧/١١/٣٠	نووسراوی ژمارە ٣٨٨ی مستەر هۆری کارهەڵسووڕێنی ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٢٢١ دوایی هاتنی حکومی عورفیی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات. دامەزراندنی پشکنیاریی گشتیی

ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات لە دیار بەکر. دیاریکردنی ئیبراهیم تاڵع بەگ بۆپشکنیاری گشتی. ڕاگوێزانی کورد بەرەو ڕۆژئاوا.

٤١	١٩٢٧/١٢/٧	نووسراوی ژمارە ٦٠٧ی مستەر هۆری کارهەڵسووڕێنی ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ بۆمستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٢٢٣ پشکنیاریی گشتیی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵاتو سنوورو دەسەڵاتو ئەرکەکانی. دەرچوونی یاسای ئەنجومەن، تایبەت بەگەڕانەوەی هەندێ لە کوردە ڕاگوێزراوەکان بۆناوچەکانی خۆیان. نەرمبوونی سیاسەتی تورك بەرامبەر بەکورد. چەند ئامادەکارییەکی تازە. کرانەوەی ڕێگەی نێوان ئەرابزوونو بایەزید.
٤٢	١٩٢٧/١٢/١٤	نووسراوی ژمارە ٦١٨ی مستەر هۆری کارهەڵسووڕێنی بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٢٢٥ زانیاریی لە سەرکوردو ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات. شاردنەوەی لە (٩٠٪)ی چەکەکان لەلایەن کوردەکانەوە. هاندانی یاخییانی کورد لەلایەن ئینگلیزەوە. کزیی پێشبینی سەرکەوتنی سەرنجەکانی شوکری قایا لە بارەی ئاسایی بوونەوەی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتەوە.

٤٣	١٩٢٨/١/١١	ڕاپۆرتی ژمارە ١٧ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ سێر ئێی. چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل: ٢٢٦ گەڕانەوەی ٧٨١ کوردی ڕاگوێزراو بۆ ناوچەکانی خۆیان، دوای ئاگاداربوونیان لە سیاسەتە نوێیەکەی حکوومەت. پەسەندکردنی ڕەخنەکانی ناو پارتی گەل. بێ توانایی لە کۆنترۆڵکردنی کوردەکانی دەرسیمدا سەردانی ئیبراهیم تالێ بەگی پشکنیاری گشتیی هەرێمەکانی خۆرهەڵات بۆ دیاربەکر.
٤٤	١٩٢٨/٤/٩	نووسراوی ژمارە ١١٥ی مستەر نۆکسی کارهەڵسووڕێنی ئینگلیز لە ئەنکەرە بۆ مستەر چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٢٢٧ گەڕانەوەی کوردانی ڕاگوێزراو بۆ جێوشوێنی خۆیان. ڕاپۆرتی کونسوڵی تەرابزوون. گەڕانەوەی ڕاگوێزراوەکان بەلێبوردنی دەرەنجامی سیاسەتی ئاشتبوونەوەی حکوومەتی تورکیا. ڕێگە نەدان بە گەڕانەوەی دەرەبەگەکانی کورد.
٤٤/١٨	١٩٢٨/٣/٢٦	نووسراوێکی مستەر ماتیوسی کونسوڵی ئینگلیز لە تەرابزوون بۆ کارهەڵسووڕێنی بریتانیا لە ئەنکەرە. ل: ٢٢٨ گەڕانەوەی کوردانی ڕاگوێزراو. تێپەڕبوونی

		٤٠٠ کورد بەتەرابزووندا، تێکەڵ نەبوونیان بەخەڵك.
٤٥	١٩٢٨/٥/١٦	نووسراوی ژمارە ٢٣٩ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ سێر ئێی. چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٢٢٩ لێبوردنی کوردەکان. دەرچوونی یاسایەکی پەرلەمانی تورکیا بۆ لێبوردنی کوردانی یاخی‌و، ئومێدێکی زۆر بەم یاسایە، گەشتی پشکنینی ئیبراهیم تالع بۆ هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات.
٤٦	١٩٢٨/٦/٢٦	نووسراوی ژمارە٣١٢ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ سێر ئێی. چامبرلەینی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٢٣٠ لێبوردنی کوردەکان. ئاگادارییەکی پشکنیاری گشتیی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات بۆ خەڵك. باش بەڕێوەنەچوونی کاروبارەکانی ڕۆژهەڵات. باوەڕی سەرنەگرتنی سیاسەتی لێبوردن‌و دڵنیا بوون لە ئایندەدا.
٤٦/ھ	حوزەیرانی١٩٢٨	بانگەوازی تازەی ئیبراهیم تالع بەگی پشکنیاری گشتیی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات. ل:٢٣١ یاسای (٩)ی مایسی ١٩٢٨ی تایبەت بە لێبوردنی قوربانیانی نەفامی‌و، ئازادکردنی گیراوەکان. دەرچوونی یاسایەکیتر بۆ دەست

هەلگرتن لە پرسینەوەی ئەو کەسانەی وا لە سێ مانگدا خۆبەدەستەوە دەدەن و، پێویستیی سوود وەرگرتنی هاووڵاتییان لەمە. بەڵێنی سزا نەدانی ناڕەوا.

٤٧	١٩٢٨/٨/١٤	نووسراوی ژمارە ٣٨٤ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبوڵ بۆ لۆرد کوشندنی بریکاری وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٢٣٣ تەسلیم بوونەوەی شێخ عەبدولڕەحمان و شێخ مەهدی برایانی شێخ سەعید پاش بەئاگابوونیان لەلێبوردنی حکوومەت. قازانجی ئەمە بۆ بەرنامەی هێورکردنەوە. هاتنی ئیبراهیم تاڵع بۆ ئەستەمبوڵ بۆ وەرگرتنی رای غازی لەم بارەیەوە. نیگەرانی شوکری قایا لە سیاسەتی عیراق بەرامبەر بە کورد.
٤٨	١٩٢٨/١١/٨	نووسراوی ژمارە ٤٨٤ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ لۆرد کوشندنی بریکاری وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٢٣٤ سیاسەتی تورک بەرامبەر کورد. سەرکەوتنی سیاسەتی هێورکردنەوە. بەردەوام گێڕانەوەی کوردانی راگوێزراو لە هاویندا. خۆ بەدەستەوەدانی هەندێ شێخی کورد کە چووبوونە عیراق. پشکنینی وان و بدلیس لەلایەن ئیبراهیم تاڵع بەگەوە. گران دابینکردنی مامۆستاو پزیشک و فەرمانبەر

		بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات. دروستکردنی ڕێگە.
٤٩	١٩٢٨/١١/٢٦	نووسراوی ژمارە ٥٠٢ی مستەر ئەدمۆندزی کارهەڵسوڕێنی ئینگلیز لە ئەنکەرە بۆ لۆرد کوشندنی بریکاری وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٢٣٦ ڕاپۆرتی کونسوڵی تەرابزوون. هەڵاتنی حسێن پاشا بۆ سووریا. وردە وردە بەرەوپێشچوونی سیاسەتی بەتورک کردنی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات. سەرکەوتنی سیاسەتی تورك بەرامبەر بەکورد، بەڕای حکوومەتی تورکیا.
٤٩/ھ١	١٩٢٨/١١/٢٠	ڕاپۆرتی ژمارە ٤٩ی مستەر چافیی کونسوڵی بریتانی لە مەرسینا بۆ مستەر ئەدمۆندزی کارهەڵسووڕێن لە ئەنکەرە. ل: ٢٣٧ هەڵاتنی حسێن پاشای کوردی ڕاگوێزراو بۆ قەیسەرییە بەرەو سووریا. تووڕەبوونی غازی لەمەو، پەشیمان بوونەوەی لە سەردانە بڕیاردراوەکەی بۆ قەیسەرییە. ڕای بەڕێوەبەری بانکی عوسمانی لە قەیسەرییە کە: کوردەکان نابنە بەربەستی ڕێی سیاسەتی بەتورك کردن. گۆڕینی کامەرندانی بانکی عوسمانی. نواندنێکی شانۆیی لەمەڕ یاخیبوونی شێخ سەعید.
٥٠	١٩٢٩/٧/١١	ڕاپۆرتی ژمارە ٣٠٥ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ

		سێر ئێی. چامبرلەیتی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٢٣٩ ڕاپۆرتی مستەر هێلم و گەشتەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. سەختیی گەشتکردن بۆ ڕۆژهەڵاتی فورات لە یاخیبوونی شێخ سەعیدەوە. چارەی کێشەی کوردی تورکیا بەشێوەیەکی سلبی. مەترسیی ئابووریی ڕۆژهەڵات لە سەر تورکیا.
٥٠/ھ	١٩٢٩/٦/٢٩	ڕاپۆرتێکی تایبەت بەگەشتێکی ٩-١٩٢٩/٦/٢٩ی ئالیکس کەی. هێلمی کارمەندی نوێنەرایەتی باڵای ئینگلتەرە لە تورکیا بۆ ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات. ل: ٢٤١ ئاکامی گەشتە (٢٠) ڕۆژییەکەی ئەنکەرە- حەلەب- دیار بەکر- مەلاتیە- سیواس — قیرەسوون. لێکۆڵینەوەی تایبەت و هەمەلایەنەی کێشەی کورد. ترسی پێشکەوتنی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ.
٥١	١٩٣٠/٢/١٧	نووسراوی ژمارە ٨٩ی مستەر ئەدمۆندزی کارهەڵسوڕێنی ئینگلتەرە لە ئەنکەرە بۆ مستەر هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٢٧٢ کێشەی کورد. چەند داوایەکی کوردانی داگیرکەری تورکیا لە حکوومەت و بەدەنگەوە هاتنی حکوومەت بۆ ئەو داوایانە. هێمنیی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات. سیاسەتی بەردەوام بەتورک کردنی کورد.

٥١/١ھ	١٩٣٠/٢/١٣	برووسکەی کۆمیساری بـاڵای ئینگلـیز لـە بەغدا بۆ نوێنەری باڵا لە تورکیا. ل: ٢٧٣
		ڕۆژنامــەی (مســاوات)ی قاهــیرە: چــەند داوایـەکی کوردە داگیرکـەرەکانی تورکیـا لـە حکوومـەتو بەدەنگەوە هـاتنی دەوڵـەت بـۆ ئەم داوایانە.
٥١/٢ھ	١٩٣٠/٢/١٣	برووسکەی نوێنـەری بـاڵای ئینگلتـەرە لــە ئەنکەرە بۆ کۆمیساری باڵا لە بەغدا.
		ناڕاســـتیی هەوالــــە کــــە. نــــەرمبوونی حکوومـەتی تـورك لـە سیاسـەتیدا بەرامبــەر بەکورد.
٥٢	١٩٣٠/٤/١٦	نووسـراوی ژمـارە ١٥٧ی سێر ئـاڕ. کلایڤـی نوێنەری باڵای ئینگلـیز لـە تـاران بـۆ مستەر ئێـی. هندرسنی وەزیـری دەرەوەی بریتانیــا. ل: ٢٧٤
		وێنەی نوسراوێکی نـێردراو بـۆ کۆمیساری بـاڵا لـە بـەغدا سەبارەت بـە (جووڵانــەوەی کورد)
٥٢/١ھ	١٩٣٠/٤/١٦	نووســـراوی ژمــارە ٥٧ی (ئــاڕ. کلایـــڤ)ی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە تاران بـۆ ئێـڤ. هەمفریزی کۆمیساری باڵا لە بەغدا. ل: ٢٧٥
		وتووێژێك لەگەڵ وەزیری کۆشکی ئێراندا. ترسـی ئـێران لـە (بزووتنـــەوەی کـــورد)ی تورکیا. نیگەرانی لـە بیرۆکەی (کوردستـانی سەربەخۆ)و هەندێ لە کارمەندانی بەریتانی لە عیراق. هەواڵی بوونی کۆلۆنیل لۆرەنس لە

		ناو کوردانندا.
٥٣	١٩٣٠/٤/٢٩	وەڵامی ئێف. هەمفریزی کۆمیساری باڵا لە عیراق بۆ ئار. کلایفی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە تاران. ل: ٢٧٧ بەڵێنی بریتانیا بە بەخشینی چەند ئیمتیازێك بە کوردو، پەشیمان نەبوونەوە لەمە. خودموختاریی کوردانی عیراق و، نەهێشتنی بوونی ئەم وڵاتە بەمەڵبەندی پیلانگێرانی کوردو، رێگە پێنەدانیان بۆ زیان دان لە وڵاتانی دراوسێ. نەدانی پاسپۆرت بەنەتەوە پەرستانی کوردو ئەرمەن. نارەوایی گومانەکانی ئێران.
٥٤	١٩٣٠/٥/٢١	نووسراوی ژمارە ١٥٨ی مستەر ئەدمۆندزی کارهەڵسوڕێنی بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٢٧٨ یاخیبوونی ئاگری. راپۆرتەکانی کۆنسوڵی تەرابزوون لە سەر ئەم بابەتە. یاخیبوونی کۆتایی مانگی شوباتی ٥٠٠ کوردی ناوچەی ئاگری. دامرکانەوەی یاخی بوونەکە. راونانی (٥٠٠)یاخی لە چیاکاندا. هاوکاریی کوردەکانی ئێران و ئەرمەنیەکانی رووسیا. سەقامگیربوونی ئاسایشی هەرێمی کوردان.
٥٤/١ﻫ	١٩٣٠/٤/٢٩	راپۆرتی ژمارە ٤٨ی مستەر ماتیۆسی کونسوڵی بریتانیا لە تەرابزوون بۆ جی کلارکی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە ئەنکەرە.

		ل: ٢٧٩ یاخیبوونی ئاگری. سەرکوتکردنی (٥٠٠٠)کوردی یاخی. شوێن پێ هەڵگرتنی (٥٠٠) کورد. نەخشەی ئەم یاخیبوونە لەلایەن خالیسی شێخ عەبدولەجیدەوە کە (٣) ساڵ پێش هەڵگیرسانی یاخیبوون لە بایەزیدەوە راگوێزرابوو بۆ برووسە. هەڵاتنی ئەم سەرکردەیەی تاوانباران بۆ ئێران. ئیحتیمالی هاوکاریی کوردانی ئێران و ئەرمەنیانی رووسیا بۆ یاخییان.
٥٤/٢ھ	١٩٣٠/٥/٧	راپۆرتی مستەر ماتیوسی کونسوڵی ئینگلتەرە لە تەرابزوون بۆ جی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەنکەرە. ل: ٢٨٢ یاخیبوونی ئاگری. سەرپشککردنی زەکی پاشاو سالەح پاشا بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوون. مۆڵدانی ١٥٠٠٠ سەرباز لە ناوچە سنووریەکاندا. کۆچی ئەرمەنە رووسییەکان بۆ ئێران. هەواڵی هاتنی کونسوڵی ئێران لە ئەرزرۆم بۆ تەرابزوون.
٥٥	١٩٣٠/٥/٢١	نووسراوی ژمارە ١٥٩ی مستەر ئەدمۆندزی کارهەڵسووڕێنی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی. هندرسی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل:٢٨٤ راپۆرتی تایبەت بەگەشتێکی سەرەتای مانگی مایسی ئەنادۆڵی رۆژهەڵات.
٥٥/١ھ	مایسی١٩٣٠	راپۆرتێك لە مەڕ گەشتی سەرەتای مایسی ١٩٣٠ ی راوێژکاری نوێنەری باڵای بریتانیا لە

		توركیا بۆ ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات. ل:٢٨٤ كاریگەریی گەشتە جیاجیاكان بۆ مەرعەش، عەینتاب، ئۆرفە، سیوەرەك، دیاربەكر، سیلوان، غەرزان، بدلیس، مووش، وان‌و ماردین. لێكدانەوەو سەرنجی زیاتری فرە لایەنی تایبەت بەكێشەی كورد. بارودۆخی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات.
٥٦	١٩٣٠/٥/٢٣	نووسراوی ژمارە ١٦٦ی مستەر ئەدمۆندزی كارهەڵسوڕێنی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی.هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٣١٣ كوردەكان، ڕاپۆرتی كۆنسوڵی تەرابزوون لە سەر زانیاری كونسوڵی ئێران لە ئەرزڕۆم. قسەی نەقیب كۆڵۆنێل لۆرەنس لە بارەی كوردەوە.
٥٦/١٥	١٩٣٠/٥/١٢	ڕاپۆرتی ژمارە ٥٧ی مستەر ماتیۆسی كونسوڵی بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل: ٣١٤ كوردەكان. بڕێك زانیاری كونسوڵی ئێران لە ئەرزڕۆم. گرتنی چەند كوردێك لەلایەن توركەكانەوە. ئاشكرابوونی (كۆمیتەی كورد)ی نهێنیی ڕێكخەری یاخیبوون. كۆكردنەوەی سەربازی تورك. كۆچی ئەرمەنیەكانی ڕووسیا بۆ ئێران. هێنانی بەنزین لە باتوومەوەو، ناردنی لەلایەن توركەكانەوە بەرەو ئەرزڕۆم.

٥٧	١٩٣٠/٦/٣	نووسراوی ژمارە ١٩٤ی مستەر ئەدمۆندزی کارهەڵسوڕێنی ئینگلیز لە ئەنکەرە بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٣١٨ کوردو ئینگلیز. دادگایی سەلاحەدینی کوڕی شێخ سەعید لە ئەنکەرە. هەواڵی هەندێ بڵاوکراوەی تورك لە مەڕ هاندانی کورد لەلایەن ئینگلیزەکانی عیراقەوە. نارەزایی تورکیا لەم بڵاوکردنەوانە.
٥٨	١٩٣٠/٦/٣٠	نووسراوی ژمارە ٤٣و٤٤ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ سێر ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٣٢٠ یاخیبوونی ئاگری. هێرشێکی نەخشە بۆ کێشراوی تورك بۆ سەرکوردەکان. رەنگدانەوەی ئەم رووداوە لە بڵاوکراوەکاندا.
٥٩	١٩٣٠/٦/٣٠	نووسراوی ژمارە ٢٩٨ی مستەر ئەدمۆندزی کارهەڵسوڕێنی بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل:٣٢١ یاخیبوونی ئاگری. زانیاریی لە بارەی یاخیبوونەوە. سەردانی رۆبن پاشا ناوێکی ئەرمەنی بۆ تاران بۆ پرچەککردنی کوردانی تورکیا. بۆ تاران. مەزندە کردنی ژمارەی هێزی دژی کورد بەکارهاتووی تورك بە (٦٥٠٠-١٥٠٠٠) سەرباز. سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە کورد.
٥٩/ه	١٩٣٠/٦/٢٨	ڕاپۆرتێکی نەقیب کۆلۆنێل دۆدی پاشکۆی

		سەربازیی ئینگلتەرە لە تاران بۆ سێر ئارپ. کلایڤی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە و وڵاتە. ل: ٣٢٢ یاخیبوونی ئاگری. دیداری رۆبن پاشای ئەرمەنی هەوڵی ناوبراو بۆ دەستەبەرکردنی یارمەتیی ئێران وئینگلیز بۆ کوردانی تورکیا. کۆنترۆلکردنی هەرێمەکانی ئاگری و ئەرجیش. هێرشی قۆڵەکانی وان و ئەرزرۆمی تورک و، بەرەنگاربوونەوەیان لەلایەن هێزێکی گەورەوە. پێویستیی یارمەتیی کوردی ئاگری بەچەك و تەقەمەنی. ئومێدی رۆبن پاشا بە بەدەستهێنانی ئەو یارمەتییانە لە ئێران. ل:
٥٩/٢٥	١٩٣٠/٦/١٨	راپۆرتی ژمارە ١٠٨ی پاڵمەری کونسوڵی بریتانیا لە تەورێز بۆ ئارپ. کلایڤی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە تاران. ل:٣٢٥ یاخیبوونی ئاگری. جموجووڵی (١٥-١٦)هەزار سەربازی تورك دژی یاخییان و گومانی سەرکەوتن. نادیاریی ژمارەی کوردانی یاخی و مەزەندەکردنیان بە (٢٠٠٠-٢٥٠٠)کەس. هاوکاریی چەك و خۆراکی ئێران بۆ یاخییانی کورد.
٦٠	١٩٣٠/٧/٣	راپۆرتی ژمارە ٢٥٤ی جی.کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لەئەستەمبوڵ بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل:٣٢٧ راپەڕینی ئاگری. جموجووڵی سەربازیی

		تورك لە ناوچەی سنووری (ئێران- تورکیا)و فراوانیی جموجوولە کان .بەرپرسکردنی حکوومەتی ئێران و یارمەتیی ئەم وڵاتە بۆ یاخییان .بێدەنگیی تاران لەمە.
٦١	١٩٣٠/٧/٧	برووسکەی ژمارە ٤٥ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٣٢٩ یاخیبوونی ئاگری. بەشداریی(١٠٠٠٠) دەهەزار سەربازی تورك لە جموجووڵدا .لە دەستدانی ١٠٠ سەربازو سێ فڕۆکەی سوپای تورك. تاوانبارکردنی ئاشکرا تری ئێران.
٦٢	١٩٣٠/٧/٧	برووسکەی ژمارە ٤٦ی سێرجی کلارکی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل: ٣٣٠ یاخیبونی ئاگری. تاوانبارکردنی بریتانیا لە لایەن چاپەمەنییە تورکییەکانەوە . ئاگادارکردنی عێراق لەمە.
٦٣	١٩٣٠/٧/١٠	ڕاپۆرتی ژمارە ٣٦٢ی سێرجی. کلارکی نوێنەری ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر ئێی. هندرستی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٣٣١ یاخیبوونی ئاگری. ڕاپۆرتی پاشکۆی سەربازی. ڕوونکردنەوەی بڵاوکراوەکانی تورك. گرنگو فراوانبوونی ڕووداوەکان.

چالاکبوونی یاخییبیان لە شەرگەیەکی ١٥٠ کیلۆمەتریدا. پەرەسەندنی هێرشی چاپەمەنییەکان دژی ئێران. یارمەتیی بەردەوامی ئێران بۆ یاخییان. بەڵێنی سەرکوتکردنی یاخیبوونەکە.

ھ/٦٣	١٩٣٠/٧/٤	ڕاپۆرتی ژمارە ٥٠ی ڕائید ئۆلێریی پاشکۆی سەربازیی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ جی. کلارکی نوێنەری باڵا. ل: ٣٣٤ یاخیبوونی ئاگری. بەکارهێنانی (١٠٠٠٠)سەربازی تورك لە کردە سەربازییەکانی دژی کورددا. نادیاریی ژمارەی کوژراوو بریندارانن.
٦٤	١٩٣٠/٧/١٤	ڕاپۆرتی ژمارە ٣٢٨ی ئار. کلایڤی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە تاران بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل: ٣٣٦ یاخیبوونی ئاگری. وەڵامێکی ڕۆژنامەی (ئێران)ی نیمچە ڕەسمی لە مەڕ بۆچوونی تورکیا کە گوایە ئێران یارمەتیی یاخییانی داوە. ڕەتکردنەوەی ڕەسمیی بۆ چوونەکە. تاوانبارکردنی سۆڤیەتییەکان لەلایەن چاپەمەنییە ئێرانییەکانەوە. دواکەوتنی کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی سنووری تورکیا-ئێران.
ھ/٦٤	١٩٣٠/٧/١٠	وەرگێڕدراوی بابەتی (کێشەی کوردو سیاسەتی حکوومەتمان)ی ڕۆژنامەی (ئێران). ل: ٣٣٨ یاخیبوونی ئاگری. یارمەتی نەدانی

		یاخییان لەلایەن ئێرانەوە. ناڕەوایی گومان لە هەڵوێستی ئێران.
٦٥	١٩٣٠/٧/١٥	نووسراوی ژمارە ٢٧٣ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل: ٣٤١ یاخیبوونی ئاگری. ڕاگەیاندنی سەرکوتکردنی یاخیبوونەکە. چاوپێکەوتنێکی وەزیری دەرەوەی تورکیا. ڕوونکردنەوەیەکی وەزیر. هاوکاریی یاخییان لەلایەن لێپرسراوانی ناوخۆوە. وەڵام نەدانەوەی تورکیا بۆ نارەزاییەکانی تاران. بیرۆکەی دیاریکردنەوەی سنووری تورکیا-ئێران لە ناوچەی ئاگری. بارودۆخی عیراق.
٦٦	١٩٣٠/٧/١٦	نووسراوی ژمارە ٢٧٤ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٣٤٤ یاخیبوونی ئاگری. ڕاپۆرتێکی پاشکۆی سەربازی. نەتوانینی سەرکوتکردنی تەواوی یاخیبوونەکە.
٦٦/١٥	١٩٣٠/٧/١٦	ڕاپۆرتی ژمارە ١٠ی ڕائید ئۆلیێریی پاشکۆی سەربازیی بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆجێ. کلارکی نوێنەری باڵا. ل: ٣٤٥ یاخیبوونی ئاگری. ئامانجی یاخییان. جموجووڵی سەربازانی تورک. ڕێبەرانی

		یاخیبوون. چالاکیی یاخییان. سەرکەوتنی هێزی ئاسمانیی تورك. کوژرانی ١٥٠٠ یاخیو دەربازبوونی ١٥٠٠ی تر. فراوانبوونی یاخیبوون. ساڵح پاشاو زەکی پاشا. زانیاری تر.
٦٧	١٩٣٠/٧/١٦	ڕاپۆرتی ژمارە ٢٧٥ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل:٣٤٩ یاخیبوونی ئاگری. چەند زانیارییەکی سەیری خاتوو ماك گرات (ڕۆزیتا فۆربێس)ی ڕۆژنامەنووسی ناو کوردانی ئاگری. یارمەتیی ئێران بۆ یاخییان.
٦٨	١٩٣٠/٧/١٧	ڕاپۆرتی ژمارە ٢٧٦ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٣٥٣ یاخیبوونی ئاگری. هۆی یاخیبوونەکە. ئیحتیمالی چارەی کێشەی کورد. تورکیا لە ساتێکی ناخۆشدا.
٦٩	١٩٣٠/٧/٢٨	برووسکەی ژمارە ١٧٤ی ئاڕ. کلایڤی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە تاران بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل: ٣٥٥ یاخیبوونی ئاگری. ئیحتیمالی چوونە ناوەوەی هێزەکانی تورك بۆ ناو خاکی ئێران بۆ دەرکردنی یاخییان. ناردنی سەربازانی ئێرانی بەرەو سنووری تورکیا.

٧٠	١٩٣٠/٧/٣١	نووسراوی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە . ل: ٣٥٥ یاخیبوونی ئاگری. چەند هەواڵێکی کەمی ڕۆژانی دوایی. دامرکاندنەوەی یاخیبوونی ناوچەی ئەرجیش. گەمارۆدانی هەرێمی ئاراڕات. تاوانبارکردنی ئێران لەلایەن ڕۆژنامەکانی تورکیاوە. قسەیەکی عیسمەت پاشا. تێبینییەکی تورکیا بۆ ئێران. خواستی سنوور دیاریکردنەوەی تورکیا- ئێران. گرژیو ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات.
٧٤	١٩٣٠/٨/٥ ١٩٣٠/٨/٤	برووسکەی وەزیری کاروباری وڵاتە کۆلۆنیالکراوەکان بۆ کۆمیساری باڵای بریتانیا لە بەغداو، برووسکەی بریکاری کۆمیساری باڵا بۆ وەزیر. ل: ٣٥٨ هاوکاریی کوردە بارزانییەکان بۆ یاخییانی تورکیا. کۆنترۆڵنەکرانی بارزانییەکانی عیراق.
٧٢	١٩٣٠/٨/٥	برووسکەی ژمارە ٦٣ی مستەر هێلمی کارهەڵسووڕێنی بریتانیا لەئەستەمبووڵ بۆ ئێی.هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز.ل: ٣٥٩ کوردو سنووری تورکیا- عیراق. هاوکاریی کوردانی بارزانی بۆ یاخییانی تورکیا. پرسی چۆنییەتی وەڵامی عیراق بۆ نوێنەری تورکیا

		لە بەغدا.
٧٣	١٩٣٠/٨/٦	برووسکەی بریکاری کۆمیساری باڵای ئینگلیز لە بەغدا بۆ وەزیری کاروباری دەولە تە کۆلۆنیالکراوەکان. ل: ٣٦٠ وەڵامی عیراق بۆ تورکیاو، گوایە یارمەتینەدانی کورد. هاندانی ناسیۆنالیزمی کوردی جیاییخواز لە عیراقدا.
٧٤	١٩٣٠/٨/٦	برووسکەی بریکاری کۆمیساری باڵای ئینگلتەرە لە بەغدا بۆ وەزیری کاروباری وڵاتانی کۆلۆنیالکراو. ل: ٣٦١ پێکدادانی سەربازیی تورک و کوردانی ئۆرامار. یامەرتیی شێخی بارزان بۆ کوردەکان.
٧٥	١٩٣٠/٨/٦	راپۆرتی ژمارە ٢٩٨ی مستەر هێلمی کارهەڵسووڕێنی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٣٦١ یاخیبوونی ئاگری و پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران. تێبینییەکی تازەی تورکیا بۆ ئێران. دیاریکردنەوەی سنووری تورکیا — ئێران و ویستی دەرکردنی یاخییان لە ئێران. وەستانی جموجووڵی دەڤەری ئاگری. چالاکیی دامودەزگاکانی حکوومەت. راوبۆچوونی توندی عیسمەت پاشا. نەرمیی غازی بۆ چارەسەری گرفتەکە. چاوەڕێکردنی وەڵامی ئێران. خاوبوونەوەی گرژیی

		پەیوەندییەکانی تورك‌و ئێران. کۆنترۆڵەکرانی هەرێمی کوردان. ناردنی هێزی نوێ بۆ ڕۆژهەڵات. جموجووڵ بەدرێژایی سنوورەکانی تورکیا- عێراق‌و تورکیا- سووریا.
٧٦	١٩٣٠/٨/١٤	نووسراوی ژمارە ٩٣٩ی مستەر کامپێبڵی کارهەڵسوڕێنی بریتانیا لەپاریس بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە.ل:٣٦٥ یاخیبوونی ئاگری‌و پەیوەندیەکانی تورکیا- ئێران. چەند زانیارییەکی نوێنەری ئێران. چوونە ناوەوەی سەربازانی تورك بۆ ناو خاکی ئێران‌و بۆ دەرکردنی یاخییان. هاوکاریی سۆڤیەتیەکان بۆ تورکیا. خواستی ئێران بۆ بانگێشتکردنی دەولە تانی تریان کۆمەڵەی نەتەوەکان. ئاگادارکردنی فەرەنسە.
٧٧	١٩٣٠/٨/١٤	نووسراوی ژمارە ٣١٨ی مستەر هێڵمی کارهەڵسووڕێنی بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٣٦٦ کوردە بارزانیەکان. پرسی تۆفیق روشدی لە مەڕ پەڕینەوەی کوردانی بارزانی بەسنووری تورکیادا. دڵنیاکردنەوەکانی عێراق‌و بریتانیا بۆ هاننەدانی ناسیۆنالیزمی جیاییخوازی کورد. گوتەکانی جێگرانی سەرۆکی عێراق‌و کۆمیساری باڵای بریتانیا. ڕێکەوتننامەی ئەنگلۆ عێراق.

٧٨	١٩٣٠/٨/١٥	برووسکەی بریکاری کۆمیساری باڵای بریتانیا لەبەغدا بۆ وەزیری کاروباری دەوڵەتانی کۆلۆنیالکراو. ل: ٣٦٨ پێکدادانی بارزانیانو سەربازانی تورک. ناردنی هێزی تازەی ئەم کوردانە بۆ پشتیوانیی کوردانی ئۆرامار.
٧٩	١٩٣٠/٨/١٨	برووسکەی ژمارە ١٩٤ی ئار. کلاێڤی نوێنەری باڵای بریتانیا لە تاران بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل:٣٦٨ یاخیبوونی ئاگری. پێداگرتنی کونسوڵی تەورێزی بریتانیاو نوێنەری باڵای پێشووی تورکیا لە نەچوونە ناوەوە سەربازی تورک بۆ ناو خاکی ئێران.
٨٠	١٩٣٠/٨/١٨	راپۆرتی مستەر سترانگی کارهەڵسوڕێنی ئینگلتەرە لە مۆسکۆ بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل: ٣٦٩ یاخیبوونی ئاگریو هەواڵی چاپەمەنییەکانی سۆڤیەت دەربارەی پەیوەندییەکانی ئێران- تورکیا. بێ بناغەیی پروپاگەندەی سۆڤیەتیەکان بۆ تێکدانی پەیوەندیی ئێرانو تورکیا. شیاویی یاخیبوونی کورد بۆ قازانجی ئیمپریالیزمی ئینگلیز. گەڕانی لۆرەنس لە عیراقو ئێران. بێهێزکردنی تورکیا. سەرنەگرتنی نیازی تێکدانی پەیوەندییەکانی ئێران- تورکیا.
٨١	١٩٣٠/٨/٢٠	نووسراوی ژمارە ٣٢٨ی مستەر هێڵمی

		کارهەڵسووڕێنی ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٣٧١ یاخیبوونی کوردو فراوانبوونی، ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی تورکیا- ئێران. گەیشتنی وەڵامی ئێران بەئەنکەرە لە بارەی تێبینییەکەی تورکیاوەو، دانە دواوەی داواکان. هەواڵی یەکگرتنی هێزەکانی تورکیاو ئێران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یاخییە کوردەکان. هەوڵدان بۆ وەرگرتنی زانیاریی غازی لە سەر ئەو تێبینییە نوێیەکەدەدرێتە ئێران. بەتوانایی دەست بەکاربوونی کۆمیسیۆنی سنووری ئێران- تورکیا. کەمیی هەواڵی سنووری باشووری ڕۆژهەڵات.
٨٢	١٩٣٠/٨/٢٦	ڕاپۆرتی ژمارە ٤٤٥ی ئاڕ. کلایفی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە تاران بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل: ٣٧٤ یاخیبوونی ئاگری‌و بارودۆخی سنووری تورکیا- ئێران سەرنج و لێکۆڵینەوەی هەواڵی چاپەمەنییەکانی تاران. ڕاپۆرتی پاشکۆی سەربازیی. نا ڕوونیی هەلومەرجەکە. بانگکردنەوەی باڵیۆزی تورکیا لە ئێران‌و، دامەزراندنی خوسرەو بەگ لە و پۆستەدا.
٨٢/١٥	١٩٣٠/٨/٢٦	ڕاپۆرتێکی نەقیب کۆلۆنێل دۆدی پاشکۆی سەربازیی ئینگلیز لە تاران لەمەڕ بارودۆخی

حکوومەتی تورکیاو، سەیریش نییە کەتوانییان بەبێ هیچ مەترسییەکی ئەنجومەنی وەزیران بەدەستی بهێنن. لەگەڵ ئەمانەیشدا، دەشێ هیواکانی کورد وەك سەرەتایەك پەسند کرابن، هەرچەندە پەسەند کردنی دادگا شەرعییەکان و نەبوونی باج و سەربازیی زۆرە ملێ بەناچاری، ماونەوە بۆ بڕیاری داهاتووی ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی. لێبوردنی گشتی، بەهۆی ئاهەنگەکانی (دوملوپونار)ەوە، بۆ هەموو ئەو کوردانە کەبەتۆمەتی سیاسی یان کوشتن تاوانبارکراون، دەرچووە. هەمان کات، چەندین ڕاپۆرت هەن لەو بارەیەوە کەچەند کۆمەڵێکی گەورەی خەڵك بەو بڕیارانەی کۆنگرەکە رزای نین و، سەرهەڵدانێکی دژە کەمالیستیش لە ناوچەی قۆچگیریی ویلایەتی سیواس روویداوەو، حکوومەتی تورکیای ناچار کردووە هێزە دیکتاتۆرییەکان بۆ سەرکوتکردنی جەودا پاشای ئەفسەری گشتیی سوپای سیواس ببات. بەم جۆرە، مەسەلەی کورد وەکو هەر بابەتێك لەوانە دەمێنێتەوە کەبەردەوام و لە ئایندەیشدا کێشەو دڵەراوکێ بۆ کۆمارە نوێیەکە دروست دەکەن.

٨ـ حکوومەتی تورکی تائێستا ئارەزوویەکی کەمی بۆ ئاسانکردنی پالاوتنی نوێنەرانی بۆ ئەو کۆمیسیۆنە جیاجیایانەی وا بەپێی پەیمانەکە پێکدەهێنرێن، پێشانداوە. پێدەچێ چاوەڕێی گفتوگۆی پرۆسەی راستەقینەکەبن. من بەردەوام نوسرەت بەگ بۆ هاندانی حکوومەت لەم بارەیەوە بانگێشت دەکەم، بەلام تا ئێستا، جگە لە دەستی دەستی پێکردن لەسەر چەند بنەمایەك، هیچی ترم دەست نەکەوتووە. بۆ نموونە سەبارەت بەکۆمیتەی سنووری (Thrace)[1] پێی وتم، تا لەگەڵ حکوومەتی بولگارییدا لە سەر دەستکارییەکی کەم و تایبەتی سنوور رێکنەکەون، ناتوانرێ ئەندامی تورکیا دەستنیشان بکرێ. من سووربووم لە سەر نەشیاویی دواخستنی کەمترین دەستکاریی سنوور، تا ئەو ئاستەی کەناوچەی چەکداماڵراو دەگرێتەوە. ئەو راستییەش کەوا بولگاریا هەرچەندە تاڕادەیەك کاری تیکراوە، بەلام

[1] ناوچەیەکی جوگرافییە بەشی باشووری ڕۆژئاوای (ڕۆمەیلی)ی تورکیاو، باکووری ڕۆژهەلاتی یۆنان ئەگرێتەوەو، سنووری نێوان ئەو دوو دەوڵەتەی دوو کەرت کردووە. (س).

ریشەییە. بەڵام بۆ ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن جەختی لە سەرکرا. ئەنجامەکە هەرچەندە پەسندە، پێدەچێ فەتحی بەگ لە جنێڤ، وەکو گونجاوترین ڕێگە بۆ کۆتایی هێنان بەکێشەکە، پێشنیاری ڕاپرسی (استفتاء)ێك بکات.

٥- بایەخێکی زۆر تایبەت، لەم پەیوەندییەدا، بەکۆنگرەی تورکی - کوردیی (١)ی ئابی دیاریەکر دراوە. چالاکییەکان بە نهێنی هێڵراونەوەو، هیچ ئاماژەیەکیان لە بڵاوکراوەکاندا پێنەدراوە، یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی سیاسەتی تورکیا پێداگرتنە لە سەر برایەتیو لێکجیابوونەوەی تورك‌و کورد، بەوانەشەوە کە لە ئێراندان. هەروەها کاریگەریی کورد پەیوەندیی بە دوودڵیی تورکیاوە هەیە لە تەنازولکردندا لە ویلایەتی مووسڵ. نیاز وا بوو کۆنگرەکە ئەم برایەتیە، بە ڕامالینی هەرچی هۆکاری نائارامیو بێزاریی کوردان هەیە، دەستەبەربکات.

٦- هەر چەندە ناتوانم بەرەهایی شایەتی لە سەر ڕاست‌و دروستیی ئەو زانیارییانەی کەهەمن، بدەم، وا دەردەکەوێ کاتێك داوا لە نوێنەرانی کورد کرا کێشەکانیان بخەنەڕوو و پێشنیاری چارەسەرەکانیان بکەن، لە ناو هەموو شتەکاندا داوای بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتییان بۆ کوردستان کردبێ. ئۆتۆنۆمی وەك قەرەبوویەك بۆ کەمکردنەوەی نەهامەتیەکان، لێبوردنی گشتی، نەبوونی باج‌و سەربازیی زۆرە ملێ بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە کوردستان‌و، گێڕانەوەی دادگا شەرعییەکان‌و چەکە دەست بەسەراگیراوەکان لە وڵاتداو، لابردنی ئەفسەرە سەربازیو کارمەندە تورکە بێزراوەکان لە داواکارییەکان بوون، کوردان، بەرامبەر بەوە، لە گشت مەسەلەکاندا بەمووسڵیشەوەو بۆ دامرکاندنەوەی هەر سەرهەڵدانێکی هاووڵاتیان بۆ قازانجی سوڵتان‌و خەلیفە، پشتیوانیو هاوکاریی تەواوی حکوومەت دەکەن.

٧- لەوانەیە ئەم داواکارییانە بە باشی پشتیان پێ ببەسترێ. ئەوان ویستیان ببنە سەرۆکاری هەندێ لە و کوردانەی کە لە کاتێکدا کوردستان‌و تورکیایان بەیەك پارچە دەبینی، دەیانویست چوونیەك بن. لەلایەکی تریشەوە ویستیان ببنە سەرۆکاری

پێنەکردووە ئاشکرا دەری بخات ئەم دەوڵەتە پابەندی ناوەرۆك یان رواڵەتی ماددەی کەمینە نەتەوەییەکانی رێککەوتننامەکەیە، چونکە لە بەرژەوەندییدا نییە. ئێستا کەپەیمانەکە لە کاردایە، منو هەڤاڵە هاوپەیمانەکانم لە سەر ئەوە یەکدەنگین کە کاتێکی گونجاوە سەرنجی ئەم حکوومەتە بۆ ئەو مەبەستەو داگیرکارییە هەمەجۆرە تێبینیکراوەکانیشی رابکێشرێ، تا ئەو هەڵەیە نەکاتو خۆی لە رێککەوتننامەکە نەدزێتەوە. بەو پێیە، کۆمسیۆنی یاسایی هاوپەیمانان تێبینییەك لە سەر مەسەلە کە رەشنووس دەکات، تا لە هەنگاوی یەکەمدا بۆ دەوڵەتانی هاوپەیمان بەرزبکرێتەوە. دواتریش ئەمە دەکەمە بابەتی برووسکەیەکی تر.

٤. ئەنجامێکی باشی بڕیاردانی بریتانیای مەزن لە سەر پەیمانەکە، ئەوەندەی من بزانم، رەزامەندیی بێ چەندو چوونی حکوومەتی تورکی بووە لە سەر بەرزکردنەوەی کێشەی سنووری عێراق– تورکیا بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان. چاپەمەنییەکان، دوای چەند رۆژێك، دەستنیشانکردنی (فەتحی بەگ) یان وەکو وەفدی تورکیا بۆ جنێڤو بۆ ئەو مەبەستە راگەیاند. نوێنەری تورکیا لێرە بۆی دووپاتکردمەوە کەهەر چەندە باوەڕی بەڕاستیی هەواڵە کە هەیە، بەڵام هیچ پشت ڕاستکردنەوەیەکی ڕەسمیی لە لانییە. وا مەزندە ئەکەم کەحکوومەتی تورك هەستی بەئاڕاستەی کۆمەڵە کە کردبێ، بەڵام وادەردەکەوێ بیەوێ پێ لە سەر ئەو راستییە دابگرێ کەبەرزکردنەوەکەی ئارەزوومەندانە بووە، نەك بەهۆی گوشاری ئەو نێردراوە یاخود حکوومەتەکەیەوە بووبێ. فەتحی بەگو شاندەکەی، لە دواییدا، ماوەیەك لە قوستەنتەنییە مانەوەو، منیش بەوریاییەوە هیچ پەیوەندییەکم پێوە نەکردن، دەشێ بەتێپەڕبوونی کات یەکەمجار تێبینی بکرێ کەتێڕوانینی ئایندەی تورکیا بۆ کۆمەڵەکە، بەپێی بڕیاری کۆمەڵە دەبێ لەسەر کێشەی سنووری عێراقو، دووەمیش هەرچەندە ماوەی چەند مانگی پێشوو چەندین پەیوەندیی ڕەسیمیم بۆ ئەو مەسەلەیە کردووە بەحکوومەتی تورکیاوە، لە وەڵامدا، جگە لە دەمەتەقێ، هیچیترم وەرنەگرتووە. رقی تورك لە بەڵێنو قسەی نووسراو، شتێکی باو و

ئەو گەردەلوولانەدا بووە، کە دەشیا کاتی چالاکیی ئەنجومەن و داواکردنی راپۆرتی وەرزانە لە حکوومەت، هەڵبکەن.

٢- لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەوەتی برووسکەی ناویراو نووسراوە، پێشکەوتنی گرنگ هەبووە. پەیمانی لۆزان یەکەمجار لە بریتانیاو ئیتاڵیاو یابان لە (٦ئاب)ەوەو، مانگێکیش دواتر لە فەرەنسە، کاری پیکراوە. بریارەکان دەمێك بوو، بە جۆرێکی وا کە چەسپینی رێککەوتننامەکە چەند تێبینییەکی لێکەوتنەوە، دواخرابوون. بێگومان سەقامگیربوونی ئەو ئاشتییە، کە دواجار بەشێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ هێزە رۆژئاواییەکاندا هاتە ئاراوە، ئاسوودەییەك و، دواخستنێك کە دەرهاوێشتەی هیچ ئاڵۆزیی و دلە راوکێییەکی هێزەکان نەبوو بۆ گێرانەوەی پەیوەندیی ئاشتییانەو ئاسایی لەگەڵ تورکیادا، توورەیی و بێزارییان تێدا بەدی دەکرا. وا هەست دەکەم هەر بۆیە تورکیا لە پەسەندکردنی مامەلە کردن لەگەڵ پەیمانەکەدا، وەکو ئەوەی بەشێوەیەکی یاسایی کاری پێکرابێ، تا راگەیاندنێکی رەسمیی حکوومەتی فەرەنسەی بۆ ئەو مەبەستە پێگەیشت روویەکی تاڵی پیشان دا. هیچ شتێك لە ماددەی ١٤٣ی پەیماننامەکەدا نییە، ئامازە بکات کە دەبێ پرۆسەی دەستەبەرکردنی بریار لێدانەکە لە رۆژێکی دیاریکراودا بێ کەوا دەبێتە رۆژی کارپێکردنی. راستییەکیش هەیە کەلە بەر چەند هۆیەك تا ٢٩ ئاب، پەیوەندیی رەسمی بەنوێنەری پاریسی تورکیاوە نەکرا. زنجیرە هەوڵێکی حکوومەتی تورکیایش بۆ پشتگیریی پێشنیارەکەی لە و بارەیەوە، پێدەچێ لەمەسەلە جیاجیاکانی وەکو رۆژی جێبەجێ کردنی (تاریف tariff)ەکاندا، بەپێیمەرجەکانی رێککەوتننامەی بازرگانی، ئاڵۆزییەکی چاوەڕوانکراو دروست بکەن.

٣- حکوومەتی تورکی لە ئەنگۆرەوە کۆپیی ئەسڵی پرۆژە راستەقینە هەمەجۆرەکانی پێگەیشت، بەم جۆرە ئیتر هیچ پاساوێکی بۆ دواخستنی جێبەجێکردن و کاری جۆراوجۆر بۆ بەگەڕخستن، یاخود شکاندنی مەرجەکانی پەیمانەکە، نییە. بیورن، پێویستە ئەوە بدرکێنم کە تائێستا هیچ چالاکییەکم هەست

سوپاسی دانیشتوانی مەغنیسیا دەکەم کە بەباشی گوێیان لێگرتم. هیوامە لەو بەیاننامەدا، کە زۆر حەز دەکەم بۆیانی ساخ بکەمەوە، ببینن ئێمەش کەبڕیارمانداوە بەڕێگای ڕاستو پێشکەوتندا مل بنێین، هەردەم ئامادەین حیسابنامەی کارەکانمان بخەینە بەرچاوی نەتەوەکەمان. ئێمە هەموو ئەو بەربەستانە تێدەپەڕێنین کەدێنە بەردەممانو، بەئامانجمان دەگەیەنن"[1]

نێڤڵ هندرسن

وەزارەتی دەرەوە ٤٢٤/٢٦١، ل: ١٦–٢٠، ژ٢٠

ژ: ٢

لەمستەر هندرسنەوە بۆ مستەر ماك دۆناڵد- (٢٣ی ئەیلول گەیشتووە)

ژمارە:٦٨٥

قوستەنتەنییە، ١٦ی ئەیلولی ١٩٢٤

گەورەم

زووتر لە برووسکەیەکی جیاوازدا، وتەکەی مستەفا کەمالم بۆ ناردن، کە لە ڕیو ڕەسمێکی (دوملوپونار—Doumlou Punar)[2]داو، بۆ ڕێزنان لە سەربازی ونی تورکیو، هەروەها لە سەر گێژاوی تورکیا– یۆنان سەبارەت بەلێکدانەوەی وشەی "established"ی ماددەی دووی ڕێککەوتننامەی لەمەڕ ئاڵوگۆڕی دانیشتوانی تورکو یۆنانی، پێشکەشی کردبوو. ئەمانە، دوو مەسەلەی سەرەکیی شەش هەفتەی رابردوون. ئەوەتی برووسکەی ژمارە (٦٠١)ی (٨ئاب)م کە بریتیبوو لە کورتەیەکی گشتیی ڕووداوەکانی ئەم وڵاتە بۆ ناردوون، ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی پێناچێ تا تشرینی دووەم کۆببێتەوەو ، چەند مانگی کەمی پێشوو لە بارودۆخێکی ئارامی پێش

[1] ئەم برگەیە ئەرەنسییەی خاتوو شەن محەمەد بەسوپاسەوە بۆی کردمە عەرەبی.

[2] شارۆچکەیەکی باکوری شاری ئەفیون قەرەحەسارییە. (س)

" ئێمە هەموو کارێك بۆ ئەو سەرمایەدارە بیانییە ئاسان دەکەین، کەبیەوێ لە لای ئێمە کاربکات. ئەو سرووودانە کە ناحەزانمان بۆ ئەمە مەسەلە یەیان داناوە، دەبنە وێردی سەر زمانی ئەو کەسانەی وا نایانەوێ سەرمایە لە دەرەوە بێتە ناوەوە. ئێمە حەز دەکەین سەرمایەدارە چالاکەکان لای ئێمە پارەیان بخەنەکارو، ئامادەین هاوکارییان بکەین. بەڵام نامانەوێ ئەو ئیمتیازانە بدەینە هیچ کەسێك کە رێی دەدەن زێڕی دەوڵەت بماشێتەوە، ئەوان کە بەسەرمایەو زیرەکیو بەهرەی خۆیانەوە دێن شەرەفمەندانەو یاسایی کار بکەن، هەموو دەرگایەکیان بۆ دەخرێتە سەر پشت. دیارە ئێمە ناتوانین هیچ بدەینە ئەو کەسەی کەبۆ نموونە دێ ئیمتیازی کانەکانی مەغنیسیا بۆ ماوەی پەنجا ساڵ وەربگرێ، تا پاشتر دەستیان بەسەردا بگرێ. هەرکەسێك بێتەلامان یەکەمین پرسیارمان لێی ئەوە دەبێ: چەندی پێدەچێ تا دەست بەکاردەبێ؟ شتێکتان پێدەڵێم سەرسامتان دەکات. بەگشتی هەن پێیان وایە وڵاتەکەمان کانگەیەکی کەرەستەی خاوی نەبراوەی هەیەو، بۆ نەگبەتییش ئەم چینانە هێشتا بەرهەم نەهێنراون، چونکە تائێستا لەم رووەوە کارمان بۆ ئاسان نەکردوون. راستییەکەیشی شتێکیترە. هەرچینێك لە هەر گۆشەیەکی نادیاری وڵاتدا بێ، خاوەنی پێشتری خۆی هەیە. هیچ شتێك نادرێ. ئیمتیازەکان دیاریکراون، بەڵام هێشتا دەست بەسەرمایە خستنەوە نەکراوە. لە دەستێکەوە دەچێتە دەستێکیتر، ئەم حاڵتە دەبێتە هۆی پەکخستنی ژیانی ئابووری دەوڵەتو، زیان لە بەرژەوەندییەکانی دەدات. ئێمە پیاوی بەقسەو بەڵێنو دڵسۆزمان دەوێو، نامانەوێ پشت بە کاری پارە گۆڕینەوە ببەستین.

ئێمەو هەموو خەڵکانی دەست کورت وا راهاتووین ئەوپەڕی سوود لە هەڵەکانی رابردوو وەربگرین. ئێمە کارئاسانی باشتر بۆ ئەو کەسە چالاکانە دەکەین کە سەرمایەکانیانو کارو بەهری خۆیان دەهێننە ناو وڵاتەکەمان.. بەڵام هەرگیز رێنادەین پارەگۆڕکێ لە وڵاتەکەماندا بکرێ.

١٢ـ بەقسەی عیسمەت پاشا، گرنگترین مەسەلەی دەرەکی کە مابێتەوە بڕیاردانە لەسەر ڕێککەوتننامەی لۆزان. دواخستنیشی کەمو زۆر بەهۆی هەندێ هۆکاری یاسایی و ڕەواوە بووە. ئەم هۆکارانە کزدەبوون و، پێدەچوو بەشی زۆری ئیجرائاتی پێویست کرابێ. بەڵام ویستی پێ لە سەر ئەو ڕاستییە داگرێ کە تورکیا بەو ڕێککەوتنەی وا لە لۆزان ئیمزای کردووە، دڵخۆش بووەو، لە هەمان کاتیشدا چاوەڕێی جێبەجێکردنی نەکردووە، تورکیا پەیوەندیی ئاسایی لەگەڵ ئەڵمانیاو نەمساو.. هتد بەستووەو پەیوەندییەکانی دەرەویشی لە سەر بنەماکانی ڕێزی هاوبەشی نێوان دەوڵەتە هاوتاکاندا بەردەوام لە بەرەو پێشچووندا بوون. گەشەکردن و ئارامیی ناوخۆیی بەجۆرێك بوون کەوایان لە دۆست و بێگانە کردبوو بڕوا بەتوندتۆڵیی ڕژێمەکەی بهێنن و، پێویست ناکات لە ناو خۆیاندا لە ئاسایشی ناوخۆیی بدوێن، ئەم هێمنی و ئارامییەی ڕژێمە نوێیە کۆمارییەکە، هەرگیز لە وەوپێش بەرقەرارنەبوون.

١٣ـ پاشا، دوای هەندێ تێبینیی گشتی سەبارەت بە کاروبارەکانی خەڵك، کەوتە سووکایەتیکردن بەهەندێ لە هەوڵەکانی ورە رووخێن کەبێ ئومێدی لە ناو خەڵکدا بڵاودەکەنەوەو. ئەوانەیش کە بەرەخنەی تێکدەر عەقڵی گشتی دەشێوێنن. دەریشی خست کە هەوڵیداوە بەرنامەکەیان لەمەڕ پێداویستییەکانی خەڵك گەلاڵە بکات و، هیوای خواست خەڵکی وەکو یەکەم هەنگاو پێی رازیبن. ئەمە گەلێ کێشەی خستبووە روو. ئیتر هیچ شتێك نەیدەتوانی رێ لە بەردەوام بوونی بگرێ. هێزو پێزیشی نەك هەر لە نیازەکانی داهاتوو، بگرە لە کاریگەریی پێشتری بەرنامەکەوە وەرگرتبوو.

١٤ـ ئەو برگەیەی کەجگە لە دوا دەربڕینی سوپاسگوزاریی بۆ مەغنیسییەکان و چەند رستەیەکی باوەڕ، کۆتایی بە قسەکانی پاشا هێنا، تایبەت بوو بەمەسەلەی پرۆژە دەرەکییەکانی تورکیا.

شایانی ئەوەن بەدەق و فەرەنسییەکی نیمچە رەسمی بخرێنە روو، باسی مەسەلەی قەرزی گشتیی کرد.

١٢ـ پەیمانی لۆزان کێشە گرنگەکەی تری بۆ چارەسەر نەکردووین کەقەرزی دەوڵەتە. قەرزەکان بەقیست دەبن و، دەبێ ئەو بەشەی دابین بکەین کەپێویستە بیدەینەوە. بودجەی پشت پێبەستراوی ئەو ساڵە لەلایەن ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانییەوە چەند دەستکارییەکی سەبارەت بەژمارەو مامەڵەی پشتیوانانی قەرزی دەوڵەت تێدا دەکرێ. رێگای بەدەستهێنانی باجمان لە هەموو نووسینگەکانی باج سەندنی دەوڵەتەوە دیاریکردووە. پێشتر بەپێی مەرسوومی مانگی موحەرەم رامانگەیاند کە سیستمی ئیش وکارمان پێوانەیی نەبووە. ئێوە دەزانن ئێمە لە لۆزان چەند شتێکمان خرایە بەردەم تاوەکو بەپێی ئەو مەرسوومە بپشکنرێ. ئەم پێشنیارەمان، بەداکۆکیی شیلگیرانەو رەوا، رەتکردەوە. ئەو گۆڕانکارییانە کە دامانە ئیدارەی ناوەندیی قەرزی دەوڵەتی، پاساودرانەوە کە گوایە پێویستمان بەئابووری هەیە، ئەم گۆڕانکارییانە دەرەنجامی پێویستییەکانی بودجەن. ئەمە یاسای ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانییە. رازی نابین زیان بە بەرژەوەندیی موڵکداران بگەیەنرێ و، ئێمەش لەماف و بەهرەی قەرزداران و واوەتر بچین، قەرزەکانمان دوای لێکحاڵیبوون لەگەڵ پارەداراندا، پاش ئەوەی کەپێکەوە رێ و شوێنی دانەوەیان لە گەڵدا دادەنێین. دەدرێنەوە ئەمە ئەو کێشەیەیە کە هەمیشە داکۆکیمان لێکردووە. ئەوەیشی دەخەمە پاڵ، ئێمە هەستمان نەکردووە زۆر داگەییوبین. بۆیە بۆ پاراستنی بارودۆخی ئێستا سۆراخی هەمان ئیمکانیاتمان کردووە. ئێمە پێمان خۆشە، لە نزیکترین کاتدا، لەگەڵ نوێنەرانی موڵکداراندا بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بکەوینە گفتوگۆ. ئەگەر نەمانتوانی دەست بەدانوستاندن بکەین، ئەوسا کێشەکە لە وەدا دەمێنێتەوە کەهێشتا پەیمانەکە کاری پێنەکراوە[1].

---

[1] بەڕێز شەن محەمەد، بەسوپاسەوە ئەم برگەیەو برگە فەرەنسییەکانیتری کردە عەرەبی.

بوو. کردنەوەی بیناکان، تەنها دەوڵەت بەرێژەی پێویست دیاریکردبوون. بیناکردنەوەی راستەقینە لەگەڵ سەرکەوتنی رێ و شوێنە ئابوورییەکاندا هاوئاهەنگ بوو، چونکە پشتیوان (اعتماد)ە گرنگەکانی بودجە بۆ مەبەستی ئابووری وەلانرابوون، پاشا زیاتر لە سەر ئەنجامە بەدی هاتووە سەرکەوتوەکانی بانکی کشتوکاڵی و دابەشکردنی تۆو و جۆرەکانی تری هاوکاریی دەوڵەت بۆ کشتیار رۆیشت، ئەو لای وابوو زۆربەی بەرهەمەکانی ئەمساڵ باش بوون. بەڵام هێشتا لە بیری ئەوەدایە کەچۆن ئەو بەرهەمانە، ساڵانی ئایندە، بکاتە دووهێندەی‌تر. دەزگا دارایی‌و ئابوورییەکان، دەبوو گەشەیان پێبدراو، بەهێزیکرێن. بانکی کشتوکاڵی هەرگیز لەمەوبەر مەبەستێکی هێندە گەورەی پەرۆشیی حکوومەت نەبووە. قەرزی هەموو شتێکی تا ساڵی (١٩٠٨) دراوەتەوە.

١٠- عیسمەت پاشا ئاماژەی بەقەوارەی سەرمایەداری خۆماڵی کرد، کە لە بانکەکانی ئەورووپاوە گەشەیان کردووە. بە بۆچوونی ئەو، بانکی کشتوکاڵی‌و پشتیوانی نیشتمانی، شایستەی هەموو متمانە پێکردنێك بوون. حکوومەت لە هەوڵی ئەوەدابوو کە پێگەی ئەمەی دواییان بەهێز بکات‌و، دامەزراوە دارایی‌و ئابوورییەکان، کەهەن یان لە دروستبووندان، بەهەموو شێوەیەك هانبدات. پاشان ئاماژەی بەبانکی کاروبارە جۆراوجۆرەکان‌و پرۆژە هاوشێوە هەمەچەشنەکان کردو، هیواداربوو بەرهەمەکانیان ببینێ. دواتر لە سەری رۆیشت‌و، باسی هێڵی ئاسن‌و هۆیەکانی تری گواستنەوەی بەگشتی کرد. هەروەکو پاشا وتی: (١٣٠)ملیۆن لیرەی تورکی بۆ ئەوەی پێشوو خراونە لاوەو (٢٠٠)کم هێڵی ئاسن، تاکۆتایی ساڵ، جێگیر دەکرێ. دەشێ ساڵی داهاتووش زیاتری لێ ئەنجام بدرێ. گواستنەوە بەهەردوو رێگای زەمینی‌و دەریادا گرنگ بووو، کەموکوڕی، بۆ رێك‌و پێککردنی بەندەرەکان، هێشتا زۆربوون.

١١- پاشا سەبارەت بەکاروباری دەرەوەی قسەی کردو، لە برووسکەی ژمارە (١٢٧)ی (١٨)تەممووزدا ئاماژەم پێکرد. دواتر درێژەی پێداو، لە چەند رستەیەکدا کە

٧- بۆ ئەوەی ئەم راپۆرتە بەپێزتر بێ، پێم باشە ئاماژە بەکورتەی وتە گرنگەکەی ١٦ی تەممووزی مەغنیسیای[١] عیسمەت پاشا بکەم، خۆشحاڵبووم کەبەشێکی ئەو وتەیەتان لە برووسکەی ژمارە (١٢٧)ی (١٨)ی تەممووزدا بۆ دەنێرم.

٨- پاشا سەرەتا بەپیاهەڵدانی خەڵکی مەغنیسیا دەستی پێکرد. پاشان وتی: هیوادارە لە رێگەی چالاکییەکانی حکوومەتەوە قەرەبووی ئەوان و جەماوەر بکاتەوە. هەروەها لە وتەکەیدا هاتبوو کەخەڵکی هەمەجۆری لەماوەی گەشتەکەیدا بینیووەو، زانیاری لە سەر ئەو کێشانەی کەخەڵك پێوەیان دەناڵێنن، وەرگرتووە. پاشتر هاتە سەر باسی ئاوارەکان بەتایبەتی کێشەی نیشتەجێ بوونیان. هەروەکو ئاماژەی پێکردبوو، ئاوارەکان لە زۆر ناوچەدا ژیانیان ناخۆش بوو. پێدەچوو نارێك و پێکی هەبووبێ، بۆیە چاودێریی ورد پێویست بوو. جێبەجێکردنی ئەمەیش بووە مایەی کۆنترۆڵکردنی باروودۆخەکە. شتی زیادە دابین نەکرابوو، وڵات پێشوازیی ئاوارەکانی کردبوو و، سەرەڕای نائارامی خۆی ئەرکی خۆی بوو هەرچی پێدەکرێ بۆئەو کۆمەڵە هاو نیشتمانیانەی دەرەوەی سنوورەکەی کەپێویست بوو بهێنرێنەوە بۆ تورکیا بیکات.

٩- پاشا ئاوارەکانی زیاتر ئاگادارکردەوە تا زیادەڕەوی لە داواکانیاندا نەکەن. وتی: هەموو کەلوپەلی بەجێماوی یۆنانییەکان کەبەشێوەیەکی یاسایی وڵاتیان بەجێهێشتووە، بۆ ئەوان دەبن. هیوای خواست کە سەرپێچی ئەم بنەمایە نەکراو، هەموو هەوڵی خۆی بۆ زاڵ بوون بەسەر کێشەکاندا بخاتە گەڕ، ئەویش بەتاقیکردنەوەی جددیی جێگەی هاوبەشی تازەهاتووەکان و دانیشتوانە کۆنەکان. ئەمجا کەوتە باسکردنی پرۆگرامی حکوومەت بۆ بیناکردنەوەی وڵات. وەکو پاشا وتبووی: کێشەی گەورە بینای نوێ بوو. کارێکی راست نەبوو کەپایتەخت لە زیادکردنی ئەمانەدا نوقم بکرێ. چارەسەری راستەقینە لە بوژاندنەوەی ئابووریدا

---

[١] شارێکی نزیکی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیزمیری ڕۆژئاوای تورکیایە. (س)

گەلی کوردی ئاژاوە گێڕ، هەمیشە لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتدا نائارامە. ماوەیەکی کەمی پێش ئێستا نامەیەك بۆ ئەو مەسەلە یە نێردرا کەهەموو کۆمیتە ناوخۆییەکان ئامادەی بزاوتنبن و، نێردراوێکیشیان بەهەموو دەسەڵاتێکەوە بۆ وتووێژ لەگەڵ ناودارانی کوردی ئێرەدا ناردو، (مستەر رایان) داوای لێکرا پێشوازی ئەو کەسە بکات، بەڵام رەتی کردەوە. بەپێی راپۆرتێکی تر، هەرچەندە پشت راست نەکراوەتەوە، تەنانەت زوڵفی بەگی قۆمیسەری دیاریەکر، کە لە لۆزان وەکو کوردێکی جیایینەخواز پێشاندرا، یاخی بووە. هەموو ئەم ئاماژانە، هەروەکو چۆن ئاڵۆزن، نەبوونی هێمنی لە وڵاتدا دەخەنە ڕوو و، دیمەنی گەردەلوولێکی نوێی سیاسی دەنەخشێنن. ئەمە لە کاتێکدا ئەنجومەن، ئەگەر هیچ روونەداو کۆبوونەوەکانی خۆی پێش نەخات، مانگی ئۆکتۆبەر کۆدەبێتەوە. هاوکات عیسمەت پاشا بەردەوام رێگای خۆی دەگرێ و، لەو کاتەوەی کە لە فەرید بەگ دوورکەوتووەتەوە، هیچ نیشانەیەکی جەماوەریی وا نییە کە لە پۆستەکەیدا بێ هێزبووبێ. تەنها پێویست بوو گۆرانێکی تری گرنگ لە کابینەکەیدا بکات، رەفعەت بەگ لە جێی جەلال بەگ کە پۆستەکەی بۆ هاوکاریکردن لە دروستکردنی بانکێکی نوێی نیشتمانیدا بەجێ هێشتووە، بەوەزیری بیناکردنەوە دەستنیشان بکات هەرچەندە ئەمەیان بایەخدارنییە، تەندروستیی پاشا باش بووەو، سوودی لە جەژنی قوربان بۆ سەردانی سمیرنا[1] و ناوچەکانی دەوروبەری وەرگرتووە. مەبەستی ئاشکرای ئەم گەشتەی سەردانی خێزانەکەی و گێڕانەوەیان بووە بۆ ئەنکۆرە. بەڵام ئەمە ڕوویەکی سیاسیشی هەیەو، پێناچێ بۆ قسەکردن جیابەجیا لەگەڵ رەئوف بەگو رەحمی بەگدا، کە ئەو کاتە لە سمیرنابوون. هەلی لە دەست دابێ.

---

[1] ناوچەی ئیزمیری ڕۆژئاوای تورکیایە. (س)

نارەزایی لە دژی کاری دنیایی و بێ دینی فەرمانڕەواکانی ئەمڕۆ پێك دێنن، بەڵام ناکۆکن و زیاتر بەهێزێکی ڕێتێچوو، نەك ڕاستەقینە، دادەنرێن. هەموو کەسێك هەواڵی خۆپیشاندانە ناوبەناوەکانی نارەزایی جەماوەر دەبیستێ کەپشتگیریین بۆ واعیزی (سەلە فکە Selevke)[1] کەوا چوار مانگە وتارێکی کۆنەپەرستانەی داوەو، لە سەری گیراوەو، بەشێوەیەکی ئاسایی لە ئەنکورە دراوەتە دادگەو، حوکمی مردنی دراوە. وەکو هەوڵێکی بەقسەیش بۆ کردنەوەی قوتابخانە دینییەکان لە شوێنێکی کەناری دەریای ڕەشداو، هەروەها بۆ پشتیوانی خواجە(مەلا) کۆنەکانی ئەنکورە کەلە ئامۆژگارییەکانیاندا بەئامادەبوونی خودی مستەفا کەمال ١٣ی تەمموزی یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان، لە کاردانەوەی بێکەڵکیی کاربەدەستەکاندا، دەروونی خۆیان ئاسوودە کردبوو بەڕێزێکی تاڕادەیەك بێ ئاگا لە هەمان چین، ئەم دواییە، ویستی پەیوەندی بەم شاندەوە بکات. پێویستە بڵێم کەهیچ پشتگیرییەکی لێ نەکرا، بەڵام گرنگە سەرنجێك لە قسەکەی بدەین کە وتی: خواجەکان ئۆپۆزسیۆنێکیان لە سەر بنەمای گێڕانەوەی خەلیفە پێکدەهێناو، پەیوەندیی ناپاکانەیان لەگەڵ کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقیدا، کاتێك لەلایەن" قەرە کەمال بەگ"ی خیانەتکار نوێنەرایەتی دەکرد، دامەزراند هەروەها ئارەزوویان دەکرد لەگەڵ ڕەئووفدا کاربکەن، بەڵام وایان هەست دەکرد کەپێویستە لە وەی مستەفا کەمال کردوویەتی، زیاتر بکات. هەواڵی ڕاستەوخۆی چالاکییەکانی کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی، بەهیچ جۆرێك، نییە. بەڵام کەسانی وەکو جاوید بەگو ڕەحمی بەگو، لە ئاستێکی نزمتردا قەرە کەمال کەلەمەوبەر باسمان کرد، هەرچەندە لە ڕوخساردا هێمن بن، هەرگیز ناتوانن واز لە هەڵوێستەکانیان بێنن، جاوید بەگی سەرنووسەرو ڕێبەریان جارێکیتر لە ئەورووپاو لە پشوودان گەڕایەوە تابەقەلەمە جەرگبڕەکەی بکەوێتە ئازاردانی حکوومەت.

---

[1] ناوەندی ویلایەتێکی تووركیایە لە سەر دەریای سپیی ناوەڕاست، لە ڕۆژئاوای ویلایەتی مەرسینە.(س)

کاری بەهێزی فەرمانگەکانی حکوومەت دەگاتێ. ئەگەر چەند هێمایەك بۆ پێشاندانی ئەوەیش هەبێ، ئەوا هیچ ئاماژەیەکی گەندەڵی لە نـاو وڵاتـدا نییـە. پێدەچێ چـەند هەوڵێکی راستەقینە بۆ هاوکاریی بەرژەوەندیی کشتوکاڵی درابن. بـێ ئـەژمار پـڕۆژە بۆ شـتەکانی تـر بـاس دەکرێـن‌و، دەشـێ چـەند بڕیارێکی کـەمی دیاریکراو بدرێـن. کێشەی ئەو هاوڵاتیە تازانەی کەلە یۆنانەوە هاتوون، وەك دەڵێن، کـەم‌و زۆر مایـەی نیگەرانییـە. بـەکورتی، وەزیرەکـان لـە بەرامبـەر ئـەو ماوەیەدا کـە تـا کرانـەوەی ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی جارێکیتر هێرشیان دەکاتەوە سەر، نەزۆر باش‌و نەزۆر خراپ بەرێوە دەچـن. مستەفا کـەمال هەمیشـە لـە (چانقایـا)[1] پێگەکـەی بـەقایمی دەگرێ، خۆئەگەر بەڕاستی جگە لە کفتی‌و شەکەتیی ئـەو پالـە وانـە مـاندووە زیـاتر باس بکەین، ئەوا هەروەکو ناحەزەکانی دەڵێن: هەر زۆر سەری کردۆتە سـەر مـاددە بێهۆشکەرەکان.

٦ـ مەحالـە بوتـرێ ئـەم شـتانە چـەندو چیـان لـە ژێردایـە. پڕوپاگـەندەی وا لـە ئارادایە کەحکوومەت‌و تەنانەت کۆماریش بە رەئووف بەگی سـەرۆکیان‌و دەسـتەیەك ناسیۆنالیسـتی هاوپەیمانـــەوە، خواجـــە(مـــەلا) کـــانی پاشمـــاوە نـــاکۆك‌و دەستڕۆیشتوەکەی کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی‌و کوردانی بەپێشینە ڕۆژهەڵاتین‌و، لە بنەڕەتەوە بەدەوری هۆکارە زانراوو هەمە جۆرەکاندا دەسووڕێنەوە. رەئـووف بـەگ پاش چاکبوونەوەی، ماوەیەکی کەمی پێش ئێستا لە ئەورووپا گەڕایەوە‌و، بە درێژایی سـەفەرەکەی (وێمبلـی) ی لـە گـەڵدابوو. لـەم کاتـەدا سـەرنج راکێشـترین شـت لـە بارەیەوە ئەوەیە کە هەرچەندە بـەخت یـاری نییـە، بـەڵام دەشـێ کۆمـەکێکی بـاش کرابێ. تائێستا لە ڕووی سیاسییەوە دەرنەکەوتووە. دەمێکـە ئـەو ئەسپە ڕەشـەیە کەهاتنە دەری لە تەویلە کەی مایـەی سەرسـامی‌یيە[2]. خواجـەکان بەشـێکی گرنگـی

---

[1] ئەو شوێنەی باشووری ئەنکەرە کە دائیرەی سەرۆکایەتیی کۆماری لێبووە(رفیق حلمی، یادداشت، بەشی سێهەم، بغداد، ١٩٩٢، ل١٣٤). (س)

[2] ئەسپی ڕەش لە ئینگلیزیدا بە کەسێك ئەوترێ کە چارەنووسی نادیارێ.

بەلام بەرامبەر بەتازە هاتووەکان، بەیەك دەنگ پشتیوانیان لە ئیمتیازەکانیان دەکرد والی‌و فەرمانڕەوا، بەفەرماندان بەو کەسانەی کەمۆڵە تیان وەرگرتبوو بۆ حەماڵی کردن لە هەر جێیەك بێ، مانگی رابردوو گورزێکی کاریگەریان لە قۆرخکردنی گشتی‌و پاوانکارییە ناوخۆییەکان دا. چاوەڕوانی‌و پێشبینیی کێشە دەکراو، پێ بەپێ قایمکارییشی بۆ کرا. سەندیکا چ لە بەر ئەوەی کەئەندامەکانی تەواو ترسێنرابوون، یان وەکو دەهەری ماتریالیستییەکان دەیانوت: چەند گۆڕانکارییەك روویاندابوو، بڕیارێکی چاوەڕواننەکراوی بێهێزی دا. سەرکردەکان چوونە ئەنگۆرەو، بێ هیواکران. بەلام هێشتا زۆر زووە گەر بڵێین هێزو دەسەلاتی سەندیکا تێکشکاون. چەند ڕۆژێك لەمەوبەر ئاژاوەیەك لە قوستەنتەنییە قەوما. بێگومان رووداوی لەم جۆرە لە ڕابردوویشدا بەرپابووە. ئەمەیشیان کەهاتە ئاراوە پرۆتستۆیان ریسواکردنێکی ئەخشە بۆکێشراو نەبوو دژی بڕیارەکەی حکومەت، هەرچەندە زادەی ئەو نائارامییەی ئەنجامی بڕیارەکەبوو. خەڵك، هاوکات، کەوتوەتە ژێر فشاری بایەخی دەسەلاتەکەو چاکسازییەوە.

٤ـ داواکاریی خەڵك بەگشتی، سەرەڕای ناڕەزایی بەربلاویان دژی حکومەت، لە قوستەنتەنییە بەرزبووەتەوە. یەك دوو حالە تی جیاواز، دلگەرمی ئەو خەڵکە تۆقێنراوەیان پێشان دا. ریزلێگرتنی دێرینی دەسەلاتی یەك بەرگ پۆشین (یونیفۆرم) بەو شێوە باشیەی جارانی نەماوە، بەجۆرێکی وا کەلە دەوروبەری ناوەڕاستی ئایاردا رووداوێکی بێترخی دەرەوەی دەروازەی (ئەدریانۆپل) کە بریتی‌بوو لە دەمەقالە ی جەندرمەو پیاوێکی سەرخۆش، بووە مایەی کۆبوونەوەی قەرەباڵغییەکی گەورەو، سۆزیان بەلای سەرخۆشەکەدا جولا، زۆر بەرەقی لەگەڵ جەندرمەکان‌و چەند پاسەوانێکی دارستان کەبۆ هاوکارییان هاتبوون، جوولانەوە. لەم رووداوەدا پەنا بۆچەك براو، قوربانیەکانیش کەم نەبوون.

٥ـ چەند هەواڵێکی بچووکی وەك: ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی لە خولی کۆبوونەوەیدا نییە، لە ئەنگۆرەوە بەدەست دەگەن. چەندین راپۆرتمان سەبارەت بە

نوێیـەکان. حـەیدەر بـەگی واڵیو بریکـاری فـەرمانڕەوا کـەزۆر باسـی دەکرێ، پـاش شکستی فەرید بەگ، لێرە لە پۆستەکەی لادراو، کرایە فەرمانڕەوای ئەنگۆرە. لە وێ بۆچوونێکـی گومانلێنـەکراو هەیـە کـەناوبراو باشـتر بەتـەنگ داڕشـتنی پرۆژەکـانی نەخشەدانانی شارەوە نەبێ لـە چـاو قوستەنتەنییەدا کـە لـە بریـی بەخشینی نـانی پێویست بەدانیشتوانی، خـەریکی دروستکردنی شـەقامی پـانو جۆگـەی جوانکاری بـووە. زەمینـە بـۆ جیاکردنـەوەی ئۆفیسـەکانی واڵیو فـەرمانڕەوا، جـارێکیتر رەخسـێنرایەوە. رێکخستنی هاوبەشیشیان یەکێکـە لـە و مەتەلـە هەمیشـەییانەی کەسیاسەتمەدارانی تورکیای سەرسام کردووە. رەشید بەگی واڵیـی تـازە، ناوبـانگی کەمەو، زۆر بەدەگمەن شتێك لە سەرکارەکانی دەبیسترێ. ئەمین بەگی فەرمانڕەوای نوێ زیاتر دیارە، چونکە دەمەقالە ی توندو تیژی لەگـەڵ ئەنجومـەنی شـارەوانییدا هەبووە. ئەمەی دوایی کەسێکی هەڵبژێردراوەو، خاوەنی گیـانێکی رەخنـە گرانەیـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا تەنـها کارمـەندێکی حکومـی نییـە، بـەڵکو ئـەنگۆرە لـە دەرەوە هێناویەتی.

٣ـ ئەم دووکارمەندە گەورەیە، لە و بایەخپێدانە سەرنج راکێشەی دەسەڵاتدارێتی حکوومەتدا، کە لـە دوای دەرکردنـی خەلیفـەوە قوسـتەنتەنییە بەخۆیـەوە بینیـوە، هاوکاری یەکتربوون. سڕینەوەی ئیمتیازی سەندیکای حەماڵە کان، چەند هەفتەیەك لەمەوبەر ، بەم جۆرە بووە، حەماڵە کانو خاوەن بەلەمەکان دوو کۆمـەڵی بـەهێزی سەندیکا کۆنەکانن، لە مێژەوە دوو سەرچاوەی رەخنەو ناڕەزایی بوونو، یـەك لـە دوای یـەك لـە کوردەکـانو لازەکـان پێکدەهـاتن. ئەمانـە کەچـەند سـەرکردەیەکی دیـاریکراو پشـتگیرییان دەکـردن، بوویوونـە یاسـا بـۆ خۆیـانو، ئەمـەیش هاوکـات، مەبەستی رێکخراوە سیاسیەکان بـوو بـۆ لێپێچانـەوەیان. حەماڵـە کـان سیسـتمێکی چڕوپڕیـان هــەبوو کــە بەهۆیــەوە نــەك تەنــها ســەندیکایەکیان بەگشـتی وەکـو پـاوانکردنێکی حـەماڵی هـەبوو، بـەڵکو نـاوەندی تایبـەتیش بـۆ بەشـە تایبەتـەکان تەرخانکرابوو. ئەمانـە کێشمەکێشـی ناوخۆییـان هـەبوو کەسۆز بەسـەریدا زاڵ بـوو،

ژ:١

لەمستەر هندرسنەوە بۆ مستەر ماکدۆناڵد- (٢٨ی تەمووز گەیشتووە)

ژمارە ٥٧٢

قوستەنتەنییە[1]، ٢٣ی تەمووزی ١٩٢٤

گەورەم.

١- بارودۆخی سیاسیی ناوخۆی تورکیا لە دوومانگی رابردووەوە بەڕواڵەت نەگۆڕە. ئەو گەردەلوولە کەماوەیەکی درێژ دەوری (فەریدبەگ)ی وەزیری ناوخۆیدا، پاش سەرکەوتنی بەسەر رەجەب بەگدا، کەدامەزراندنەکەی لە برووسکەی ژمارە ٤٢٧ی ٢٨ی ئایاری "مستەر لیندسەی"دا هاتووە، خێرا دامرکایەوە. پاشان فەرید بەگ پشت گوێ خرایەوەو، بایەخی جەماوەریی لە بەر ڕەشە کوژیی ئەرمەن و پەنابەرە مەسیحیەکانیتر کەداوایان کردبوو بگەڕێنەوە بۆ تورکیا، کەم بووەوەو، لە دواییداو جارێکیتر بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەنجامە جۆراوجۆرەکانی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەوە بایەخی پێدرایەوە. پێویستە ئێستا ئەوە بوترێ: ئەگەر حکوومەت بڕیار بدات رێو- شوێن لە دژی ئەو کەسانە بگرێتەبەر کەبەپێی راپۆرتی کۆمسیۆنەکە تاوانبارکراون، ئەوا پێدەچێ قەتڵوعامەکە جارێکیتر ببێتەوە بەهۆکارێکی گرنگ لە بارودۆخەکەدا. خۆ ئەگەر ئەوەیشی نەکرد، ئەوا هەر کەئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی تشرینی یەکەم کۆبووەوە، دەبێتە ئەو کوتەکەی کەبۆ لێدانی ئەوان بەکاربهێنرێ.

٢- ئەنگۆرە[2] و قوستەنتەنییە هێشتا کەمێك ناکۆکن. سیاسەتمەدارانی ئەنگۆرە یەکدەنگ نین و، دەشێ گوشارێکی ناپەسەندیش کەوتبێتە سەر قوستەنتەنییە. ئەمە سەرباری کۆششی بڵاوکراوەکان بۆ بەیەکەوە بەستنی بەرژەوەندیی بوارە ئابوورییەکانی هۆکاری هەرە گەورەی ململانێی نێوان سەرمایەدارە دێرین و

---

[1] ئەستەمبووڵ.

[2] ئەنکەرە.

بۆ (٣٠) ساڵ زیندانیو كاری قورس. سەپاندنی سزای جۆراوجۆر بەسەر ٣٣ كەسی تردا.

١١٩	١٩٣٨/٩/٩	نووسراوی ژمارە ٤٥٩ی پی. لۆرەینی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە توركیا بۆ هالیفاری وەزیری دەرەوەی بریتانیا.ل: ٤٩٥ پێشكەشكردنی وێنەی ڕاپۆرتێكی پاشكۆی سەربازی دەربارەی دامركاندنەوەی یاخیبوونی تونجەلیی كوردەكان.
١١٩/ھ	١٩٣٨/٩/٥	ڕاپۆرتی نەقیب كۆلۆنێل ڕۆسی پاشكۆی سەربازیی ئینگلتەرە لە توركیا بۆ مستەر مۆركنی كارهەڵسووڕێنی ئینگلیز. ل: ٤٩٥ گەشتێكی ئەلعەزیز. شیكردنەوەیەكی جەنەراڵ عەبدوڵڵا تاڵپدۆغان. نیشتەجێ بوونی كۆچبەرانی ڕۆژهەڵات لە دیجلە و فورات. یەك بنەچەیی خەڵكی تونجەلیو تورك. تەواو سەركوتنەكرانی یاخیبوونی لە ساڵی ١٩٣٧دا. بەردەوامیی بزووتنەوەی هێوركردنەوە لە ساڵی ١٩٣٨دا. سەركەوتنی جموجووڵی توركەكان. دەستبەسەراگرتنی (١٢٠٠٠)پارچە چەك. چەند ئیجرائێكی لێپرسراوانی تورك بۆ پێشخستنی تونجەلیو، دروستكردنی ڕێگەیەكی (٤٢٠)كم-یو بۆ پرد بەدرێژایی ٦٨٤م. پەرەسەندنی تۆڕی تەلەفۆن. ڕوونكردنەوەیەكی مارشاڵ (چاكماك) لەمەر دروستكردنی بەنداوێك لە سەر موورادسو. كردنی تونجەلی بە سویزلاندی دووەم.

سەرکوتکردنی بەکردەوەی یاخیبوون. خۆ بەدەستەوەدانی (٥٠٠-٦٠٠) یاخیی ماوە. زیانی سەربازان و کوژراوێکی زۆری جەندرمە. بەشداریی سەبیحە گۆکچەن لە ئۆپەراسیۆنەکاندا. دەستگیرنەکرانی سەیید ڕەزا. چاکسازییەکانی ناوچەی دەرسیم. کۆتایی هێنانی دەرەبەگایەتی.

١١٧	١٩٣٧/٧/١٦	نووسراوی ژمارە ٣٤٢ی پی. لۆرەینی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر ئیدنی وەزیری دەرەوە. ل: ٤٩٢ دەرسیم. گفتوگۆ لەگەڵ پشکنیارێکی گەڕاوەی هەرێمەکە. بەردەوامیی پێکدادانەکان. دەسەڵاتی زیاتری جەنەڕاڵ ئالپدۆغان بۆ تەواو سەرکوتکردنی یاخیبوون. سووچی جەندرمەکان. جێگیرکردنی زیاتری سەرباز لە ناوچەکەداو کەمکردنەوەی جەندرمە لە داهاتوودا. بەرەو پێشچوونی ناوچەی دەرسیم. زیانی زیاتری پێکدادانەکانی تورك لە چاو یاخییاندا.
١١٨	١٩٣٧/١١/٢٠	نووسراوی ژمارە ٦٨٤ی پی. لۆرەینی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەنکەرە بۆ مستەر ئیدنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل:٤٩٤ یاخیبوونی دەرسیم. دادگایی یاخییان. حوکمی لە سێدارەدانی (١١) کەس و خێرا جێبەجێکردنی حوکمی سەیید ڕەزاو شەشی تریان. گۆڕینی سزای لە سێدارەدانی (٤)کەس

		یاخیبووندا، بەلام گرژبوونی پەیوەندیی تورکیا- فەرەنسی. ڕێوشوێنی سەربازی دژی یاخیبوون.
١١٤	١٩٣٧/٦/١٦	برووسکەی ژمارە ٢١ی مستەر مۆرگنی کار هەڵسوڕێنی ئینگلیز لە ئەنکەرە بۆ مستەر ئێدنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٤٨٨ یاخیبوونی دەرسیم. یاخبوونی لە وتاری ئەنجومەنی سەرۆك وەزیردا. بەکارهێنانی سەرباز دژی سەرتیرەکانی بەرهەڵستی چاکسازیەکان و، بەردەوامیی ئەم چاکسازیانە. کوژرانی ١٣و برینداربوونی ١٨ سەربازی تورك.
١١٥	١٩٣٧/٦/١٧	نووسراوی ژمارە ٣٦١ی مۆرگنی کارهەڵسوڕێنی ئینگلتەرە لە ئەنکەرە بۆ مستەر ئێدنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل:٤٨٩ یاخیبوونی دەرسیم. چەند برووسکەیەکی بلاوکراوەی چاپەمەنیەکانی تورك. بەپێی برووسکەکانی هەواڵدەرێك لە دەڤەری یاخییەوە: ئالۆزییەکان دەرەنجامی هاندانی سیخوڕانی باشوورن. ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی بەرپابوونی یاخیبوونەکە.
١١٦	١٩٣٧/٧/٢	نووسراوی ژمارە ٥٠٤ی سیرپێ. لۆرەینی نوێنەری بالای بریتانیا لەئەستەمبووڵ بۆ مستەر ئێدنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل:٤٩٠ یاخیبوونی دەرسیم. برووسکەی تەرابزوون.

		نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەنکەرە بۆ مستەر ئێدنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٤٨٤ یاخیبوونی دەرسیم. چەند هەواڵێکی کونسوڵخانەکانی مەرسین و تەرابزوون. ستەمی زۆرو زیانی ١٥٠٠ یاخی لە سەربازانی تورك. سووتاندنی سێ گوندو لە دەست دانی فڕۆکەیەکی تورك.
١١٣	١٩٣٧/٥/٢٣	نووسراوی ژمارە ٣١١ی پی. لۆرەینی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر ئێدنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل:٤٨٥ یاخیبوونیدەرسیم. ڕاپۆرتی پاشکۆی سەربازیی باس نەکردنی یاخیبوون لە چاپەمەنیەکانی توركدا. بڵاوبوونەوەی تاکە گوتارێك لە ڕۆژنامەی(Son Telegraf) داو داخرانی ئەم ڕۆژنامەیە بەم هۆیەوە.
١١٣/١٥	مایسی ١٩٣٧	ڕاپۆرتی ڕائید ڕۆسی پاشکۆی سەربازیی ئینگلیز لە ئەنکەرە لە بارەی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵاتەوە. ل:٤٨٦ دووگرفتی هەنووکەیی ئەرکانی گشتیی تورك: یەکەم ، جێگیرکردنی سەرباز لە سنووری باشوور بۆ ڕێگرتن لە و چەتانەی کەلە خاکی سووریاوە دێن. دووەم، دامرکاندنەوەی یاخیبوونی دەرسیم. نەبوونی دەستی فەڕەنسە لە

بریتانیا. ل: ٤٨٠

کوردەکانی دەرسیم. دامەزراندنی ویلایەتی تونجەلی قسەکانی شوکری قایا. پیادەکردنی ڕێو شوێنی تازە لەو ناوچەیەدا. زانیاری دەربارەی دواکەوتوویی‌و تایبەتمەندی‌و..هتدی خەڵکی هەرێمەکە.

١١٠	١٩٣٦/٣/٤	نووسراوی ژمارە ١١٩ی سێر پی. لۆرەینی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەنکەرە بۆ مستەر ئێدنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٤٨٢ دامەزراندنی چوارەم پشکنیاریی گشتی لە ئەلعەزیزی ناوەندی ویلایەتی نوێی تونجەلی. دیاریکردنی جەنەڕاڵ عەبدوڵلای ئاڵپدۆغان بەسەرۆکی ئەم پشکنیارییە.
١١١	١٩٣٧/٥/١٧	نووسراوی ژمارە ٢٩٣ی سێرپی. لۆرەینی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە ئەنکەرە بۆ مستەر ئێدنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل:٤٨٢ یاخیبوونی دەرسیم. برووسکەی تەرابزوون. کوژرانی پەنجا سەرباز بەدەستی یاخییان. کۆکردنەوەی سەرباز لە ئەرزنجان. ڕووبەڕووبوونەوەی کورد لەگەڵ ئیجرائاتی کارگێڕیی ویلایەتە نوێیەکەی تونجەلی. کەمیی هێزی بەرفرمانی ئاڵپدۆغانی پشکنیاری گشتی. هەواڵی ناردنی هێزی تازەو فرۆکەی جەنگی بۆ هەرێمی یاخی.
١١٢	١٩٣٧/٥/٢٢	نووسراوی ژمارە ٣٠٩ی سێر پی. لۆرەینی

		وڵات. خواستی یەکلایکردنەوەی ئاگری داغ وەك خاکی تورکیا بۆ دەرکردنی چەتەکان.
١٠٧	١٩٣٢/١/١٨	نووسراوی ژمارە ٣٠ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆجەی.سیمۆنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە ل: ٤٧٨
		پەیوەندییەکانی تورکیا- عیراق و کێشەی کورد. تاوتوێکردنی کێشەی کوردان و چەتەگەری لە کاتی ئیمزاکردنی کۆتایی یاداشتی پەیماننامەکانی (١٩٣٢/١/٩)ی نێوان تورکیا و عیراقدا. ڕێگریی بەرپرسانی تورك لە و بارزانیانەی کەوا سنوور دەبەزێنن و، پەسەندکردنی دانەوەیان بەعیراق. داهاتی سووتەمەنی.
١٠٨	١٩٣٤/١٠/٢٤	نووسراوی ژمارە ٥٠٣ی مستەر مۆرگنی کارهەڵسوڕێنی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ جەی. سیمۆنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل:٤٧٩
		کوردەکانی دەرسیم. ڕاپۆرتی کونسوڵی تەرابزوون ڕزگاربوونی کوردانی دەرسیم لە گوشارەکانی ڕژێمی کۆماری بەهۆی بەشداربوونیان لە یاخبوونەکانی شێخ سەعیدو ئاگریدا.
١٠٩	١٩٣٦/١/٣	نووسراوی ژمارە ٦ی سیر پی. لۆرەینی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە ئەنکەرە بۆ مستەر ئێدنی وەزیری دەرەوەی

		کارهەڵسووڕێنی ئینگلتەرە لە ئەنکەرە بۆجەی. سیمۆنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٤٧٣ پەیوەندییەکانی تورك و عێراق و کێشەی کورد. گەشتەکەی نوری پاشای سەرۆك وەزیری عێراقی بۆ تورکیا. داوای وەزیری دەرەوەی تورکیا لە نوری پاشا بۆ یەکخستنی هێزەکانی تورکیاو عێراق و ئێران دژ بە یاخیبوونەکانی کورد. بەڵێنی نوری پاشا تەنها بەچاودێریکردنی سنووری عێراق- تورکیا.
١٠٥	١٩٣١/١٢/٣٠	نووسراوی ژمارە ٤٤٧ی مستەر مۆرگنی کارهەڵسووڕێنی بریتانیا لە ئەنکەرە بۆجەی. سیمۆنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل: ٤٧٦ پەیوەندیی تورکیا- عێراق وکێشەی کورد. کۆنترۆڵی کوردە بارزانییەکان و پاراستنی سنووری عێراق- تورکیا بەبەڵێنی نووری پاشای سەرۆك وەزیر.
١٠٦	١٩٣٢/١/٦	نووسراوی ژمارە ١١ی جەی سیمۆنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز بۆ سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە تورکیا. ل: ٤٧٧ سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ ئێران. سازدانی چەند دیدارێك سەبارەت بەچاککردنی ئایندەی سنووری هەردوو

		لە سنووری ئێرانەوە بۆ ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ.
١٠٢/هـ	١٩٣١/٩/٢٢	نووسراوی ژمارە ١٠٥ی ماتیۆسی کونسوڵی ئینگلیز لە تەرابزوون بۆجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ. ل:٤٧٠ ناردنی چەند خێزانێکی کوردی ناوچەی ئاگری لە تەرابزوونەوە بۆ ئەستەمبوڵو، نیشتەجێکردنیان لە ئەنادۆڵی ڕۆژئاوا. تەرخانکردنی ٨٥ هەزار لیرەی تورکی بۆ جێگیرکردنیان.
١٠٣	١٩٣١/١١/١١	نووسراوی ژمارە ٣٨١ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆجەی سیمۆنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل:٤٧٢ ڕاپۆرتی کونسوڵی تەرابزوون لە بارەی ئەو کوردانەوە کەلە ناوچەی ئاگرییەوە بۆ ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ ڕاگوێزراون.
١٠٣/هـ	١٩٣١/١٠/٢٩	ڕاپۆرتی ژمارە ١٢٤ی (فالانگا)ی جێگری کونسوڵی ئینگلیز لە تەرابزوون بۆ سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ. ل: ٤٧٢ ڕاگوێزانی کاروانێکی تری کورد لە ناوچەی ئاگرییەوە بۆ خۆرئاوای ئەنادۆل بەڕێگەی تەرابزووندا. هێنانی ئاژەڵو ماڵاتەکانی ئەم کوردانەی خێڵی خالکانی لە دواوە. ئیحتیمالی نیشتەجێکردنیان لە بوورسە.
١٠٤	١٩٣١/١٢/٣٠	نووسراوی ژمارە ٤٤٥ی مستەر مۆرگنی

		ل: ٤٣١ بارودۆخی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات. ڕاپۆرتێکی تایبەت بەگەشتەکەی هەردوو سکرتێری یەکەم و سێیەم بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. سەقامگیرکردنی یاساو نیزام لەو دەڤەرەدا. خستنەگەڕی هێزو تواناییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری.
١٠١/ه	تەمموزی ١٩٣١	ڕاپۆرتێك دەربارەی گەشتی مستەر ڕۆبێرتسی سکرتێری یەکەم و مستەر ڕاڤێنسدەیڵی سکرتێری سێیەمی نوێنەریی باڵای ئینگلتەرە لە ئەنکەرە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. ل: ٤٣٢ ڕاپۆرتێکی هەمەلایەنی لە سەر گەشتە نەخشە بۆ کێشراوەکەی (فەوزی پاشا، مەلاتیە، ئەلعەزیز، دیار بەکر، بدلیسی، ئەرجیش، وان، قەرەکۆسە، ڤارس، ئەرزڕۆم، تەرابزوون.) کێشەکانی کوردو ئەرمەن. دەرەنجامی گشتی.
١٠٢	١٩٣١/٧/٧	نووسراوی ژمارە ٣٢٨ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ مارکویس ئۆف ڕیدینگی جێگری وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل: ٤٦٩ ڕاپۆرتی کونسوڵی تەرابزوون. ناردنی هەندێ لە خێزانە کوردەکانی خێڵی جەلالی، کە بەتورکی دەدوێن و، ٣٠٠-٤٠٠ ساڵ پێشتر لە قۆنیاوە بەرەو ڕۆژهەڵات کۆچییان کردووە،

٩٩	١٩٣١/٢/٢٨	نووسراوی ژمارە ١٠٢ی مستەر مۆرگنی کارهەڵسووڕێنی ئینگلیز لە ئەنکەرە بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٤٢٧
٩٩/أ	١٩٣١/٣/٢٤	نووسراوی ژمارە ٢ی ڕانید ئۆلێریی پاشکۆی سەربازیی بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ مۆرگنی کارهەڵسووڕێنی بریتانیا لە ئەنکەرە. ل: ٤٢٨ بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. ئاڵۆزیی هەلومەرجەکەو ئیحتیمالی سەرهەڵدانەوەی یاخیبوون. نەبوونی ئیحتیمالی سەرکەوتن. بەردەوامی کوردەکان. نەبوونی نەتەوە پەروەری تاجەنگی سەربەخۆیی بکات.بەرەنگاریی حکوومەتی تورکیا.
١٠٠	١٩٣١/٦/١٧	نووسراوی ژمارە ٢٠٤ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا ل: ٤٣٠ گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەری باڵای ئێراندا. بەڕێوەچوونی کارەکانی دیاریکردنەوەی سنووری تورکیا- ئێران بەسەرکەوتوویی. پێشبینی نەکردنی یاخیبوونەوەی کورد لەم ساڵەدا.
١٠١	١٩٣١/٦/٢٨	نووسراوی ژمارە ٢٤٨ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە.

ئێرانــەوە. ســەرهەڵدانەوەی یــاخیبوون لــە ساڵی دواتـردا. سنوورەکانی تورکیا- ئـێران و تورکیا- عێراق.

٩٦	١٩٣١/٣/١٢	نووسـراوی ژمـارە ٨٣ی مسـتەر مۆرگنـی کارهەڵسووڕێنی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی. هندرسنی وەزیـری دەرەوەی بریتانیـا. ل: ٤٢٤ حکومدانـی سـەلاحەدینی کـوڕی شـێخ سەعید بە ١٥ ساڵ و دوو تاوانباری تر یەکیان بـە ١٠ سـاڵ و ئـەویتریان مـانگێك زینـدانـی. ئیحتیمـالی نـەبوونی بەڵگـەی تـەواو بـۆ تاوانبـارکردنی گیراوەکـان، بـەهۆی سـووکیی سزاکانیانەوە.
٩٧	١٩٣١/٣/١٧	برووسـکەی ژمـارە ٤٥ی مسـتەر پـاڕی کارهەڵسوڕێنی ئینگلیز لـە تاران بـۆ ئێـی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٤٢٥ برووسکەی تەورێز. هێرشی کوردەکان بۆ سەر ماکۆ. ناردنی سەرباز لە تـەورێزەوە بۆ ماکۆ.
٩٨	١٩٣١/٣/١٧	برووسـکەی ژمـارە ٤٦ی مسـتەر پـاڕی کارهەڵسووڕێنی ئینگلتەرە لە تاران بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٤٢٦ برووسکەی تەورێز. ناردنی سەربازی ئێران بۆ ماکۆ. بـەزاندنی سنووری ئێران لەلایـەن سەربازانی تورکەوە. بڕیاری سوپای تورك بۆ داخستنی سنوور بەڕووی کورددا.

		یاخییانی کوردو ، مانەوەی تائێستای ئیحسان نووریی سەرکردەی یاخیبوون لە تاران. نەدانەوەی ئەو سەرکردەیە بەتورکیا.
٩٥	١٩٣٠/١٢/٢٩	نووسراوی ژمارە ٩٨٤ی سێرجی کلارکی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٤٢٠ ڕاپۆرتی پاشکۆی سەربازیی لە سەر کێشەی کورد.
٩٥/١ھ	١٩٣٠/١٢/٢٢	نووسراوی ژمارە ١٣ای ڕائید ئۆلێریی پاشکۆی سەربازیی ئینگلیز لە ئەنکەرە بۆ سێرجی کلارکی نوێنەری باڵا لە ئەستەمبووڵ. ل: ٤٢٠ ڕاپۆرتێکی تایبەت بەچاوپێکەوتنی لەگەڵ نەقیب کۆلۆنێل نووریی ئەرکانی گشتیی تورک سەبارەت بەکێشەی کورد.
٩٥/٢ھ	١٩٣٠/١٢/٢٢	گفتوگۆی ڕائید ئۆلێریی پاشکۆی سەربازیی ئینگلیز لە ئەنکەرەو نووریبەگی ئەرکانی گشتی لە سەر کێشەی کورد. ل: ٤٢١ زانیارییەکانی بەڕێز نوری دەربارەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ کەچەند ساڵێك تێیدا ژیابوو. دابەش بوونی کورد بەسەر سەدان خێڵدا. خۆبەکورد لە قەڵەمدانی چەندین تورك بەهۆی بەخشینی کوردانەوە لە خزمەتی سەربازی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا. هاتنی یاخییانی ئاگری لە

		بەبەرپرسانی تورك كەرێگە نادرێ عیراق وەك بنكەیەك، دژی توركیا بەكاربێ. ویستی عیسمەت پاشا بۆ كۆنترۆڵ كردنی شێخی بارزان. بایەخی دیدارو چاوپێكەوتنەكان.
٩٣	١٩٣٠/١١/٢٣	نووسراوی ژمارە ٤٤٥ی سێرجی. كلاركی نوێنەری باڵای بریتانیا لەئەستەمبووڵ بۆ ئێی.هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز. ل:٤١٧ نووسراوی كونسوڵی تەرابزوون دەربارەی جموجووڵی سەربازیی تورك دژی كورد.
٩٣/أ	١٩٣٠/١١/١٥	نووسراوی ژمارە ١٢٤ی ماتیوسی كونسوڵی بەریتانی لە تەرابزوون بۆ سێرجی. كلاركی نوێنەری باڵا. ل: ٤١٧ دوایی هاتنی شەڕو شۆڕی ناوچەی ئاگری. ڕوویەڕووبوونەوە لەگەڵ كوردانی ناوچەی دەرسیمدا.
٩٤	١٩٣٠/١٢/٣	نووسراوی ژمارە ٤٥٣ی ئەنكەرەی سێرجی. كلاركی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە توركیا بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٤١٨ سنووری توركیا- ئێران . كێشەی كورد. داوای توركیا لە ئێران بۆ گۆڕینەوەی پارچە زەوییەكەی ویلایەتی وان بەیەكێكی ناوچەی ئاگری. ئومێدی بەشداریی كارهەڵسووڕێنی ئێران لە ڕێكەوتنەكەدا. ئیحتیمالی سەرهەڵدانەوەی جووڵانەوەی كورد لە بەهاری دواتردا. نەگیرانی هەندێ لە

ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٤١٠

ڕاپۆرتی پاشکۆی سەربازیی دەربارەی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ.

٩١/ھ	١٩٣٠/١٠/٢٣	نووسراوی ژمارە ١١ی ڕائید ئۆلیێریی پاشکۆی سەربازیی ئینگلیز لە ئەنکەرە بۆ جی. کلارکی نوێنەری باڵا. ل: ٤١٠ بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. پێکدادان لە چەند جێیەكو بەتایبەتی (باشقەلعە) پاش دامرکانەوەی یاخیبوون. نەبوونی هێزێکی یەکگرتووی کوردانی ئێران‌و تورکیاو عیراق. ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی خۆییبوون بۆ تاوانبارکردنی تورکیا. بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە تا ئەمریکا.
٩٢	١٩٣٠/١١/٢٠	ڕاپۆرتی ئێف. هەمفریزی کۆمیساری باڵای ئینگلیز لە بەغدا بۆ لۆرد پاسفیلدی وەزیری کاروباری دەولە تانی کۆلۆنیالکراو. ل: ٤١٢ سەردانی کۆمیساری باڵا، لە گەڕانەوەیدا بۆ لەندەن، بۆ ئەنکەرەو پێشوازیکردنی لەلایەن غازییەوە. وتەکانی غازی. چاوپێکەوتنی لەگەڵ عیسمەت پاشای سەرۆك وەزیرو شوکری قایای جێگری وەزیری دەرەوەدا. گفتوگۆ لە سەر پەیوەندیەکانی تورکیا ــ ئێران‌و کێشەی کورد. هەرگیز هاننەدانی بیرۆکەی سەربەخۆیی کورد لەلایەن ئینگلتەرەوە. بەڵێنی کۆمیساری باڵا

بەرەو رووسیا، هاوكاریی رووسەكان بۆ توركیا. ئیحتیمالی چەك هەڵگرتنی سەرتاسەری كوردستان لە بەهاری دواتردا.

پەڕینەوەی ژمارەیەك كورد بۆ ناو خاكی ئێران و هەڵاتنی سەربازانی ئێرانی. زەرەرو زیانێكی زۆر لە هێزەكانی ئێران و كورد. سوپاسگوزاریی سەرزاریی توركیا بۆ هاوكاریی ئێران. دانە دواوەی بیرۆكەی دیاریكردنەوەی سنوور لەلایەن هەندێك لە ئێرانیانەوە، لێكدانەوەی بەپروپاگەندەیەكی بەرفراوانی پان توركی و داگیركردنی دواتر. ڕەتكردنەوەی هێرشی تورك بۆ ناوخاكی ئێران لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئێرانەوە. دانانی پێشتێنەیەكی بەهێز لە سەقزو سابلاخ.

٩٠ ١٩٣٠/١٠/٨ نووسراوی ژمارە ٣٨٧ی سێرجی. كلاركی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی.هندرستی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز.ل:٤٠٧

پەیوەندییەكانی توركیا- ئێران و گرفتی كورد. دیدارو چاوپێكەوتنەكانی سێر ئێف. هەمفریزی كۆمیساری باڵای ئینگلتەرە لە بەغدا لەگەڵ سەركۆمارو سەرۆك وەزیرو جێگری وەزیری دەرەوەی ئەنكەرەو قسەكردن لە سەر كێشەی كورد. خواستی كۆنترۆڵكردنی بارزانیەكان.

٩١ ١٩٣٠/١٠/٢٥ نووسراوی ژمارە ٤١٣ی سێرجی. كلاركی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ

٨٨/٣٥	١٩٣٠/٩/١٦	ڕاپۆرتی کارهەڵسوڕینی بریتانیا لە ئەستەمبووڵ لە سەر جموجووڵی سەربازیی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵاتو یاخیبوونی ساڵی ١٩٣٠ی کورد. ل:٤٠١ سازدانی یاخیبوونی ئاگری. پێشەواو تیرە بەشدارەکان. هەوڵی ئەرکانی گشتیی تورك بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوون. پلانی جموجووڵە کانی ساڵح پاشا. یەکەم بزاوتنی سەربازی. تەشەنەکردنی یاخیبوون. هێزی بەرەنگاریی سەربازانی تورك. هاوکاریی بارزانیەکان بۆ یاخییان. زانیاری لە مەڕ دامرکانەوەی یاخیبوون.
٨٩	١٩٣٠/٩/٢٣	نووسراوی ژمارە ٤٦١ی سێر ئاڕ. کلایڤی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە تاران بۆ مستەر ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٤٠٣ پێشکەشکردنی نامەی متمانەی خوسرەو بەگی باڵوێزی نوێی تورکیا لە تاران. باسی دیاریکردنەوەی سنووری تورکیا- ئێران لە دیدارێکی ڕۆژنامەی (ئێران)دا. دوا ڕاپۆرتی کونسوڵی تەورێز لە سەر کێشەی کورد.
٨٩/١٥	-٨/١٧ ١٩٣٠/٩/٦	هەڵبژاردەی ((ڕۆژانەی سیاسیو هەوڵی سەربازیی تەورێز))ی ڕۆژانی ١٩٣٠/٩/٦-/٨/١٧ لە مەڕ بارودۆخی کورد. ل: ٤٠٤ پرچەکیی کوردو خستنە خوارەوەی (٥) فرۆکەی تورك. ڕاوتانی سەربازانی تورك

		هەواڵە.
٨٨	١٩٣٠/٩/١٨	ڕاپۆرتی ژمارە ٣٦٤ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٣٩٨ یاخیبوونی ئاگری. سەرکوتکردنی یاخیبوون. ڕاپۆرتەکانی تایبەت بەم مەسەلەیەی پاشکۆی سەربازیی. ئیحتیمالی سەرهەڵدانەوەی نوێی ناسیۆنالیزمی کوردی. سەختیی بەئاکام گەیشتنی بەرنامەی بەتورککردن.
٨٨/١ھ	١٩٣٠/٩/١٦	ڕاپۆرتی ژمارەی ڕائید ئۆڵێریی پاشکۆی سەربازیی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ . ل: ٤٠٠ یاخیبوونی ئاگری. گەیاندنی یاخییان بەحاڵەتی بەرگری لەلایەن هێزە تورکییەکانی بەر فرمانی ساڵح پاشاوە. پیرۆزبایی مارشاڵ فەوزی پاشا لە ساڵح پاشاو ڕۆیشتنی بۆ پشکنینی ناوچەکە.
٨٨/٢ھ	١٩٣٠/٩/١٧	نووسراوی ژمارە ٩ی ڕائید ئۆلێریی پاشکۆی سەربازیی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ بۆ سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵا. ل: ٤٠١ یاخیبوونی ئاگری. ڕاپۆرتی تایبەت بەجموجووڵی هێزە سەربازییەکان بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوون.

		ڕێکخراوە کوردییەکان. (کورد تەعالی)و (خۆیبوون)و (خەڵاسکەران). هەڵوێستی کوردانی سووریاو یاخیبوونی ئاگری. هەوڵی خەڵاسکەران بۆ بەدەستهێنانی هاوکاریی ئینگلیز.
٨٦	١٩٣٠/٩/٣	نووسراوی ژمارە ٤٣١ی ئاپ. کلایڤی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە تاران بۆ مستەر ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٣٩٤ یاخیبوونی ئاگریو پەیوەندییەکانی تورکیا- ئێران چەند زانیارییەکی مەمدووح شەوکەتی نوێنەری کێشراوەی تورکیا لە تاران. خراپ نەبوونی پەیوەندییەکانی ئێرانو تورک. ڕووسەکانو ((ڕاونەکردنی ماسی لە ئاوی لێڵدا)). بەرپرسیی عیسمەت پاشا لە ڕەفتاری توندی تورکیادا. ڕەخنەکانی تەیموور تا چ لە سیاسەتەکانی عیراقو تورکیا. بەرامبەر بەکورد. مەسەلەی دیاریکردنەوی سنووری ئێران- تورکیا.
٨٧	١٩٣٠/٩/١٧	برووسکەی ژمارە ٩٠ی سێرجی. کلارکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ مستەر ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٣٩٨ یاخیبوونی ئاگری. ڕاگەیاندنی تەواو سەرکوتکردنی یاخیبوون لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە. پشت ڕاست نەکرانەوەی ئەم

		یاریدەدەر بۆ ماکۆ.
٨٣/٣٥	١٩٣٠/٨/١٩	ڕاپۆرتی ژمارە ١٥١ی پاڵمەری کونسوڵی ئینگلیز لە تەوریز بۆ ئاڕ. کلایفی نوێنەری باڵای بریتانیا لە تاران. ل: ٢٨٧ یاخیبوونی ئاگری. زانیاریی جوگرافیی تایبەت بە هەرێمی یاخی. ئامانجەکانی جموجووڵی سەربازانی تورک. سنووری ڕووسیاو بارودۆخی سنووری ئێران.
٨٤	١٩٣٠/٨/٢٧	ڕاپۆرتی ژمارە ٣٣٥ی مستەرهێڵمی کارهەڵسووڕێنی بریتانیا لە ئەستەمبووڵ بۆ ئێی.هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز.ل: ٣٩٠ قسەکانی خوسرەو بەگی نوێنەری باڵای نوێی تورکیا لە تاران. پەیوەندیی دۆستانەی تورکیا- ئێران. بەدرۆخستنەوەی هەواڵی پەڕینەوەی سەربازانی تورک لە سنووری ئێران لەلایەن کارهەڵسووڕێنی ئێرانەوە. داوای حکوومەتی ئێران بۆ چاککردنی سنوور، ڕەزامەندیی ئێران لە یەکخستنی هێزەکانی لەگەڵ ئەوانەی تورکیادا. گەمارۆدانی سێ چوار هەزار کوردی ناوچەی ئاگری. ئیحتمالی شکانی ئەم گەمارۆیە لە زستاندا.
٨٥	١٩٣٠/٨/٢٩	نووسراوی ژمارە ١٨ی میبەدی بریکاری کونسوڵی ئینگلیز لە حەلەب بۆ ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرە. ل: ٣٩٢

		کوردستان. ل: ٣٧٧
		یاخیبوونی ئاگری. سەرکەوتنی کردە سەربازییەکانی حوزەیران و تەمموزی تورك دژی یاخییانی. جووڵانەوەی سەربازی و، برواو لێکدانەوەی بابەتەکە. پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا. دیاریکردنەوەی سنوور. دووریی ئیحتیمالی شەڕی تورکیا دژی ئێران.
٨٣	١٩٣٠/٨/٢٦	نووسراوی ژمارە ٤٢١ی سێر ئاڕ. کلایڤی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە تاران بۆ مستەر ئێی. هندرسنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا. ل: ٣٨١
		یاخیبوونی ئاگری. راپۆرتی کۆنسوڵی تەورێز تایبەت بەم مەسەلەیە.
٨٣/١ھ	١٩٣٠/٨/١١	راپۆرتی ژمارە ١٤٥ی پاڵمەری کونسوڵی ئینگلیز لە تەورێز بۆ ئاڕ. کلایڤی نوێنەری باڵای بریتانیا لە تاران. ل: ٣٨٢
		یاخیبوونی ئاگری. زانیاریی چەند سەرچاوەیەك لە سەر باری یاخییان. جموجووڵیی سەربازیی تورك. یارمەتیی نەقیب کۆلۆنێل لۆرەنس بۆ کوردەکان. ناردنی سەرباز لە تەورێزەوە بۆ ماکۆ.
٨٣/٢ھ	١٩٣٠/٨/١٢	نووسراوی ژمارە ١٤٧ی پاڵمەری کونسوڵی بریتانیا لە تەورێز بۆ ئاڕ. کلایڤی نوێنەری باڵای ئینگلتەرە لە تاران. ل: ٣٨٦
		یاخیبوونی ئاگری. پێکدادانی کوردانی یاخی و هێزەکانی ئێران. ناردنی هێزی

لە لای خۆیەوە دوو دڵ نەبوە، هەم نوێنەری خۆی ناوزەدو، هەم کاری بەراستی بەردەوامی دیاریکردنی سنوور، لە وناوچەیەدا ئاسان بکات. نوسرەت بەگ هەستێکی نالەبار (نێگاتیڤانە)ی بەرگریی، پێ بەپێی دڵنیایی لە جێبەجێکردنی هەرچی زووی دەستکارییەکەی، لا دروست بوو بوو، ئەگەر بەڕاستی ئارەزوویەك بۆ ئەم مەسەلە یە، کەمن لێی ئاگادارنیم، هەبێ، ئەوا تانوێنەری بولگاریا مانگی ئاییندە نەگەڕێتەوە بۆ ئەنگۆرەو، دەست نەکاتەوەبە وتووێژە پچراوەکەی بۆ گەیشتن بەرێککەوتنی گشتی لەگەڵ تورکیا، هیچ رێکخستنێك بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام نادرێ (تکایە بڕوانە برووسکەی ژمارە ٦٣٢ی ١٩ی مانگی رابردووم).

٩- بەهەمان شێوە، هێشتا نەمتوانیوە تورك ڕازی بکەم نوێنەریان دیاری بکەن بۆ لیژنەی (Graves) {ماددەی (١٣٠)ی پەیماننامەکە}و، کۆمیتەی ناوچەی چەکداماڵراوی تەنگەلانەکان {مادەی پێنجی رێککەوتنی گەرووەکان} یان تەنانەت دەربڕینی رایەك سەبارەت بەبڕی مووچەی سەرۆکی بێ لایەن یان سکرتێری گشتیی دادگای بوارە هەمە جۆرەکان کەبەپێی ماددەی ٩٢ی رێککەوتنەکە دادەمەزرێ. لە راستیدا تاکە نوێنەر کەتائێستا وەکو سەرۆکی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتیی تەنگەلانەکان دیاری کرابێ، ئەدمیراڵ واسیف پاشایە.

١٠- لەلایەکیترەوە، نوێنەرێکی تازەی تورکی پێشتر وەزیری کشتوکاڵی، زەکی بەگ ناویان بۆلە ندەن دەستنیشان کردووە، کەپێناچێ لە کاری نوێنەرییەکەیدا پاشەکەوتێکی وەهای هەبێ، ببێتە جێنشینی یووسف کەمال بەگ، کەبەهۆی ئیلتیزاماتی ئەم دووایییەوە، نوێنەریی لە وەزیریو باڵوێزیی دەرەوە پێ باشتر بوو. ناتوانم بڵێم بەهەڵبژاردەیەکی گونجاوی دەبینم. بەراستی دڵنیانیم لە وەی کەبۆچی هەڵبژێردراوە: ئایا لە بەرئەوە بووە کە حکوومەت وای بەباشتر زانیوە لە دەرەوە بێ، یان کاندیدی تری شیاو نەبووە، یاخود پێی وابووە بەهۆی پەیوەندییەوە بەنوێنەرانی لیژنەی بازرگانیی لۆزانەوە، بۆ مەبەستێکی تایبەتی وەکو گەشەپێدانی پەیوەندیە ئابووریەکان لەگەڵ بریتانیای مەزندا، گونجاوە. هۆکارەکە هەرچییەك بێ،

بڕوا ناکەم ئەم ئیلتیزامەی ئۆفیسی لە ندەن درێژە بکێشی. ئەو بەتەواوی وەزارەتی کشتوکاڵی بۆ ئەم پۆستە بەجێ هشتووەو، شوکری قایا بەگی نوێنەری سمیرناجێی گرتۆتەوە.

١١ـ شایانی باسە بڵاوکراوەکان، سەبارەت بەمەی دوایی، بڵاویان کردەوە کە حکومەت بەنیازە پۆستی کابینەکەی بداتە ڕەحمی بەگ، یان داویەتی. ئەم نوێنەرەی سمیرنایش، وەکو یەکێك لە ئەندامانی دیاری کۆمیتەی دێرینی ئیتحادو تەرەقیو، یەکێك لەو ڕێبەرانەی کەپێیان دەوترێ بەرهەڵستکار (ئۆپۆزسیۆن)و، چونکە هاوڕێی ڕەئووف بەگ بووە، دەناسرێ. لانی کەم وەرگرتنەوەی لە حکوومەتدا گرنگەو، دەبێ هیچ نەبێ گفتوگۆی لە سەر کرابێ. بۆ ئەمەیش، دوو شیکردنەوە ڕێیان تێدەچێ: یەکەم، هەوڵێکی حکوومەتە بۆ ئاشتبوونەوەی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنداو باشتر بێهێزکردنی؛ یان دووەم: خودی مستەفا کەمال ناوی ڕەحمی بەگی پێشخستووە. زۆر کەس هەن پێیان وایە سەرۆك کۆمار، کەجێگەکەی لەو بڕوایەدام زەفەری پێنابرێ، هیچ کێشەیەکی لە مامەڵە کردنی ئۆپۆزسیۆندا نییە. پێویستە بەرهەڵستکاران، لەماوەی کاری داهاتوودا، بەتەواوی بەهێزبن و، بەسەرحکوومەتی ئێستادا سەربکەون. ڕەئووف بەگ کە ئێستا بەهێمنیو بەبێ خۆدەرخستن لە قوستەنتەنییە دەژی، دەشێ مستەفا کەمال لەم بارەیشدا داوای لێبکات حکوومەت پێکبهێنێ.

١٢ـ سەبارەت بەکێشەی زیاتر، سێ هەفتە لەمەوبەر ، چەند ڕووداوێك بوونە مایەی زیادبوونی بایەخی بەرچاوی کاروباری ناوخۆ، کەسەرنج ڕاکێشترینیان چارەنووسی ڕەشید بەگی والیی قوستەنتەنییە بوو. دە ڕۆژ پێش ئێستا لە کاتێکدا شێوی دەکرد، بەخەیاڵیدا هات فەرمان بدات: سەعات دووی پاش نیوەشەو بەشێوەیەکی سەیر سەرجەم هێزە چەکدارەکانی کۆمار لە شاردا کۆبنەوە. هەموو جموجوولە بازرگانیەکان بەو هۆیەوە وەستێنران و، تێکڕای جەندرمەو پۆلیس و تیمی ئاگر کوژانەوەو، بەلانی کەمەوە بەشێکیش لە پاسەوانی سەربازی، بەچەکەوە

هێنرانە سەرشەقامەکان‌و، چاوەڕێی سەرهەڵدانێکی کۆمۆنستییان دەکرد. هەرچەندە کەس ئازار نەدرا، بەڵام بوونە جێگەی بێزاریی دانیشتوانی ئارامی مەدەنی. لە ئەنجامی گازندەی چاپەمەنیەکانەوە، لێکۆڵینەوەیەکی رەسمی کراو، ئەوەی پشت ڕاست کردەوە کەهەرچەندە ئەو جۆش‌و خرۆشەی ڕەشید بەگ بە ڕاستی لە بناغەوە بێ پاساو نەبوە، بەتایبەتی سەبارەت بەمەترسیی پێشتر باسکراوی کۆمۆنیستەکان کە هەندێ دەنگی لەبارەوە هەبوو، دوایش چەك دۆزرایەوەو، کۆمیتەی نهێنیی کۆمۆنیستەکانیش گیرا، بەڵام تەنها بەهۆی کاری ماددەی بێهۆشکەرەوە بووە. سەرەنجام بەخێرایی لەلایەن وەزیری ناوخۆوە لە کار لابرا.

١٣ـ ئەفسەرە هاوڕێکەی کە، وەکو هەر ڕیفۆرمخوازێك، کەسێکی ویستراو نییە، پلانی داڕشتووە بەڵگەیەکی نوێ بۆ زەبر لێدانی بداتە بڵاوکراوەکان. سەبارەت بەپێویستیی بیناکردنەوەی ناوچە سوتماکەکانی شاریش، بەئاشکراو جددی ئاماژەی بەڕووخاندی دیواری وەك ناوی نابوو (Justaninan)[1] و بەکارهێنانی بەردەکانی بۆ ئەو ئامانجە سوودبەخشە کرد. دوژمنەکانی لە ئەنجومەنی شارەوانیدا، سوودیان لەم پێشنیارە نەزانانەیە وەرگرت بۆ گاڵتە پێکردنی.

١٤ـ کاریگرنگتر ، پاکسازیی دەستەی پارێزەرانی تورکییە لە قوستەنتەنییە. ئەولیژنەیە کەبۆ ئەم مەبەستە پێکهێنراوە، ماوەیەکە لێرە جێگیر بووەو، لێکۆڵینەوە لە سەر ڕابردوو و ڕەوشتی پارێزەرانی قوستەنتەنییە دەکات. زیاتر لە (٥٣٠) لە کۆی (٩٦٠) ئەندامی ئەو دەستەیە، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا، لە کارکردنی دادگای تورکی بێ بەشکراون. ئەو (٤٣٠) کەسەیش کە ڕزگارییان بووە، (٣١٣) تورك‌و (٣٩) ئەرمەنی‌و (٣٤)یان جوولەکەن. قوربانییەکان، بەنەبوونی تۆڕی

[1] بۆ توندوتۆڵی‌و قایمی شوبهێنراوە بە یۆستینیانۆسی یەکەم (٤٨٢–٥٦٥)ی ئیمپراتۆری بەهێزی بیزەنتی کە هەوڵیدا ئیمپراتۆریەکەی لە سیاسەت‌و دین‌و یاسادا یەك بخات‌و، فەرمانی دا یاساکانی ڕۆمانی بنووسرێنەوە. کڵێسەی ئەیاسۆفیای لە ئەستەمبووڵ دروستکرد. شەڕی ڤاندال‌و فارسی کردو، ئیتالیاو هەرێمەکانی ئەفریقیاشی خستنەوە ژێر ڕکێفی خۆی (المنجد ق الاعلام، ط ٩، ص ٧٥٥). (س)

فراوانی بنەما ڕەوشتیەکان، یان لـە بەرئـەوەی بەڵگـەی پێویسـتی تـەواویان نـەبوو، یـاخود خـەریکی هــەندێ کـاری وەکـو بازرگـانیو تەنانـەت سیاسـەتیش بـوون، کەبەنەشیاو لە قەلەم دراونو لەگەڵ پیشەی پارێزەریدا نەدەگونجان، تاوانبارکراون. ئەم ئیجرائاتە مفەووەزیشی گرتەوەو، ڕێی کارکردنی لە دادگای تورکیدا لێگیرا. ئـەم پاکسازییە توندوتیژەی پارێزەرانی بێ فەڕ، دەبێتـە مایەی زیـادبوونی ناڕەزاییـەکان لە شارەدا، بەتایبەتیش کەهـەندێك لـە و پـارێزەرە وەدەرنراوانـە، مـاوەی (٢٠) یـان تەنانەت (٣٠) ساڵە ، لێرە کاردەکەن. دەرکراوەکان بەپێی بڕیاری کۆمسیۆنەکە کـە دوابڕیارنییە، مافی پەنابردنە بەر وەزیری دادی ئەنگۆرەیان هەیە. پێویستە ئەوەیش بوترێ: ئەندامانی دەستە، دوای پاکسازی کۆبوونەوەیـەکی گشـتییان کـردو، لوتفـی شوکری بەگیان بەسەرۆکیان هەڵبژارد. ناوبراو، لەبەرئەوەی هەوڵی ناپـاکیی لـە دژی حکوومەت دابوو، کانوونی یەکـەمی ڕابـردوو، دادگـای ئیسـتیقلال سزای پێنـج سـاڵ زیندانی بەسەردا دا. هەرچەندە دواتر بەخشراو سزاکەی لە سـەر سووك کرا، بـەڵام خۆپاڵاوتنی بـۆ سـەرۆکایەتیی پـارێزەرانی تـورك، ئـەوە دەگەیـەنێ: کـە هەرچـەندە پاکیش بۆتەوە، نایەوێ مل بۆ حکوومەتی ئەنگۆرە کەچ بکات.

١٥ـ کورتەی ڕووداوەکان، بەبێ ئاماژەکردن بۆ کارەکـانی سـەرۆك کۆمـار، تـەواو دەرنـاچن. مستەفا کـەمال، دوای وتەکـەی دوملوپونـاری، چـووە "برووسـە". وا چاوەڕواندەکرا چەند هەفتەیەك بەهێمنی لـە نـاو ڤیللایـەکی نزیکیـدا بمێنێتـەوە، تـا بەتەواوی پشوو بداتو، بەر لـە کرانـەوەی ئەنجومـەنی مـەزنی نیشـتمانی: هەوایـەك بگـۆڕێ. وەکـو پێشـبینی دەکـرا، لـە ئاهەنگـەکانی برووسـە خۆیـدا، بەبۆنـەی سەندنەوەی لە دەست یۆنانیەکان، بەشداریکرد. کـاتێك بـەردی بناغـەی پەیکـەری سـەربازی ونـی تورکـی دانـا، وتەیەکی تاڕادەیـەك هاوشـێوەی پێشکەشـکرد، واتـە: جارێکیتر پێی لە سەر دوو ئامـانجی دەسـەڵاتەکەی داگرت، کەیەکـەمیان: بایـەخی بەهێزکردنو پشتیوانیی ڕژێمی کۆماریی ئێستابوو، لە کاتێکدا سـوڵتانو خەلیفـەکان بەرپرسـی سـەرەکیی سـەرجەم ئـەو نەهامەتیانـە بـوون کـە تورکیـا لـە ڕابـردوودا

تووشیان هاتبوو. دووەمیش: پێویستیی بنچینەیی سەرکەوتن بوو کە بریتیبوو لە پێشکەوتنی هاوشانی هێلە شارستانییە ڕۆژئاواییەکان.

١٦- ئەو پڕوپاگەندەیەی کە گوایە دەشێ ناوبراو شەشی ئۆکتۆبەری یەکەم ساڵڕۆژی چوونە ناو قوستەنتەنییەی سوپای ناسیونالیست سەر لەم شارە بدات، لێرە بەهۆی نزیکیی برووسەوە بڵاوە. ڕەتکردنەوەی داوانامەیەکی هاوشێوەی ئامادەبوونی لە (٩) ئەیلوولی دووەم ساڵیادی داگیرکردنەوەی سمیرنادا، پێدەچێ ئەوە بگەیەنێ کە خۆی ئامادە دەکات لە وەی قوستەنتەنییەیش دوورکەوێتەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا، لە بەر ئەوەی سەردانی ئێرە بەبێ کێشەی وەکو ڕێوشوێنو جێگەی تاپادەیەك نەشیاوی نوێنەرانی دەرەکی کەزۆریەیان نامەی متمانە (اوراق اعتماد)یان پێشکەش نەکردووە، نەك وەکو هەندێ کەس دەڵێن بەهۆی مەترسیی تیرۆرکردنیەوە، نابێ، وامەست دەکەم تاماوەیەکیتر سەر لێرە نادات.

١٧- سەرەڕای ئەمانە، دوایی‌و لە ڕوویەکەوە خۆی پیشانی خەڵکی کەللە ڕەقی قوستەنتەنییەدا. بەرەبەیانی هەینیی رابردوو (١٢ ئەیلوول) نامەیەکی تەلە فۆنیی مایەی بێزاریی نوسرەت بەگ خۆیم پێگەیشتو، پێی ڕاگەیاندم مستەفا کەمال، بەو نزیکانە بەپاپۆڕی جەنگیی(حەمیدییە)و لە گەڕانەوەیدا بۆ دەریای ڕەش، بە (بۆسفۆر)دا تێپەڕ دەبێو، لێم پاڕایەوە، بۆ ڕێزنان لەو، فەرمان بدەم گەلە کەشتیی بریتانی بڕازێنرێتەوە. لە ڕاستیدا کاتێکی ڕەخساو نەبوو بۆ ئەو جۆرە ئامادەکارییانە، چونکە هەر سەعاتێك پاش نامەکەی نوسرەت بەگ، حەمیدییە لەگەڵ بەلەمێکی جەنگیی بەڕواڵەت زۆر کۆنو ژمارەیەکی زۆر بەلەمی تیژڕۆ(Motor-Craft) دا بەلای باڵیۆزخانەی بریتانیادا لە (یەنی کۆی Yenikeuy) تێپەڕی. لە بەر ئەوەی کەمال دەمێك بوو لە خۆشیی بینینی بێبەشبوو، من خۆم لێرە گەورەترین ئاڵای بریتانی لای خۆمانم لە سەر بیناکە هەڵکرد.

١٨- سەرۆك، خێزانەکەیو چەند ئافرەتێکی تری لە گەڵدابوونو، بۆ تەرابزوون چوونو، دەڵێن دووهەفتەی لێ دەمێنێتەوە.من ئاگام لە ئامانجی ئەم سەردانە

چاوەڕواننەكراوە نییە، بەڵام شیاوترین مەبەست، خۆ پێشاندانیەتی لە هەرێمەكانی خۆرهەڵاتداو، بینینی بارودۆخی ئەو ناوچانەیە.

١٩- خۆشبەختییەكی كەم وێنەیە بۆ قوستەنتەنییە كە سەرۆك سەرپێی و بێوەستان بەناو گەورەترین شاری كۆمارەكەدا تێپەڕێ. ئەگەر مانۆرەكەی دووبارە بكردایەتەوە، جگە لە سووكایەتییەكی نەخشە بۆكێشراو، بەدەگمەن وەك شتێكی‌تر لێكدەدرایەوە. بۆیە تەنها ڕێتێدەچێ كەمال لە گەڕانەوەیدا گەشتەكەی لێرە رابگرێ، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو ماوەیەی كە لەسەر كەشتییە جەنگییەكە بوو، بمایەتەوە، هەندێك لە گرێ باسكراوەكانی سەرەوە دەكرانەوە.

نێڤل هندرسن.

لە گفتوگۆیەكدا، كەجارێكی تر بەجیا دەینێرم، بەڕەسمی ئاگادار كراومەتەوە: دوو ئەفسەری توركی، بەپێی ماددەی (٥)ی ڕێككەوتنی تەنگەڵانەكان، بۆ كۆمیتەی چەكداماڵینی ناوچە تەنگەڵانەكان دیاریكراون. وا ڕاگەیەندرا كەیەكێك لە و دوو ئەفسەرە، نوێنەری دەردەنێلو، ئەویتریان هی ناوچەی بۆسفۆرە. ئەمە لە خۆیدا هەنگاوێكە بەئاڕاستەیەكی ڕاست، هەرچەندە پێویستە سەرنجی حكوومەتی توركیا بۆ ئەوە ڕابكێشرێ كە، بەپێی ماددەی ناوبراو: دەبێ كۆمسیۆنەكە (لە چوار نوێنەر، كە فەرەنسەو بریتانیای مەزن و ئیتاڵیاو توركیا دیاریان دەكەن) پێكبێ. سەرەنجام، تەنها یەكێك لە و دوو ئەفسەرە دەبێتە نوێنەری توركیاو، ئەوی تر دەبێتە یاریدەدەری. نوسرەت بەگ دوێنێ لە وتوێژێكدا تێیگەیاندم: ئەم حكوومەتە، پاشترو بەم زووانە، نوێنەرێك بۆ كۆمیتەی سنووری Thrace دەست نیشان دەكات.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦١/٤٢٤، ل، ٤٤-٤٨، ژ ٦٢

ژ:٣

لەمستەر لیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین- (٢٤ ی شوبات گەیشتووە)

ژمارە: ٣٧

برووسکە راپۆرت

قوستەنتەنییە، ٢٣ ی شوباتی ١٩٢٥

ئاماژە بە برووسکەی ژمارە (١٣٤)م: ئاژاوەی کورد

راپەڕین، بەپێی (ئەنگۆرە تێلیگرامز--ANGORA TELEGRAMS)ترسناکترە، لە وەی یەکەم جار سەری هەڵدا. دوای داگیرکردنی گونـدی دارامـین " ئەناسـێنراوە"ی جێو شوێنی والیی گەنج (٢٠میل ڕۆژئـاوای مـووش)، راگەیـەندرا: شـێخ سـەعید دوو بەتالیۆنی، یەکیان بەئاراستەی لجێو[1]، ئەویتر بەرەو پیران[2] ناردووە. دەڵێن ئەو دوو بەتالیۆنە لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە شکێنراونو، هەڵاتوون بۆ دارامین، کە ئێستا تێیدا گەمارۆدراون. هاوکاریی تورك بۆ بەهێزکردنەوەی هێزەکانی، دەشێ لەم چـەند ڕۆژەدا بگاتە جێ.

شـێخ سـەعید، بـەپێی راپۆرتێـك، بـڵاوی کردۆتـەوە: کـارێکی گـەورەی بـۆ چەسـپاندنی یاسـای دینـیو موسـوڵمانان لـە تورکیـادا بەدەسـتەوەیە. بـەپێی راپۆرتێکیتـر ، داردەسـتی بریتانیایـەو، بـارودۆخی گـەنج تـەنـها گرێـدراوی رووداوی پایزی رابردووی هەکارییە. عیسمەت پاشا، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، ٢٠ی ئـەم مانگـە گەیشـتە ئـەنگۆرەو، بارودۆخەکەی لەگەڵ سـەرۆك کۆمـار، سـەرۆك وەزیـر، سەرۆکی ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانیو وەزیری ناوخۆدا تاووتوێکرد. هەروەها وەك دەرەنجامی حەتمیی پرۆپاگەندەکان، بـۆ قـەیرانێکی کابینەکـە، دەنگـی راگـەیاندنی حوکمی عورفی هەیە.

(بۆ بەغدا دووبارە کراوەتەوە. ژ:١٢)

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤، ٢٦٢،،٨٠، ژ:٨١

---

[1] قەزایەکی باکووری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی دیاربەکرە. (س)

[2] شارۆچکەیەکی ناحیەی ئاگیلی باکووری ڕۆژئاوای ویلایەتی دیاربەکرە. (س)

ژ:٤

لەمستەر لیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلە ین- (٢٥ ی شوبات گەیشتوە)

ژمارە: ٤٠

برووسکە راپۆرت

قوستەنتەنییە، ٢٤ ی شوباتی ١٩٢٥

ئاماژە بەبرووسکەی ژمارە (٣٧)م

حوکمی عورفی، بەپێی ماددەی ٨٦ی یاسای بنەڕەتی، لە سەرجەم ویلایەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵات، بەماردین و هەکاری و بدلیس و وان و دووقەزای ویلایەتی ئەرزرۆمەوە، ڕاگەیەندراوە.

((ئاڕاستەی وەزارەتی دەرەوە کراوە، ژ:٤ هەروەها بۆ بەغدا دووبارەکراوەتەوە، ژ:٨٢))

وەزارەتی دەرەوە ٤٢٤، ٢٦٢/، ل:٨٠ ژ:٨٢

ژ:٥

لەمستەر لیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلە ین -(٢ی ئادار گەیشتووە)

ژمارە: ١٥٤

قوستەنتەنییە، ١٤ ی شوباتی ١٩٢٥

گەورەم:

١- هەواڵی بانگهێشتکردنی پێنج شەممەی پێشووی عیسمەت پاشا لە هەلکییەوە بۆ ئەنگۆرەو دەست بەکاربوونی لە ڕۆژی دواییدا، کەلە بڵاوکراوەکانەوە ڕاگەیاندرا، بۆ قوستەنتەنییە سەیربوو، هەموان نوقمی چەندین بۆچوونی لەمەر هۆی گەشتەکە بوون و، رای گشتی وابوو: قەیرانی کابینەکە تەشەنەی کردووە، پاشا شەممەی ٢٥ی مانگ گەیشتە پایتەخت و، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، سەرکۆماری لە وێستگەکەدا دی و، سەرۆك خێرا گەیاندییە چانقایا بۆ کۆنفرانسێك. هەڵبەت ئامادەنەبوونی فەتحی بەگ سەرۆك وەزیرو هەندێ لە ئەندامانی کابینەکەی لە ویستگەکەدا بۆ چاوپێکەوتنی عیسمەت پاشا، هەر شتێك دەگەیەنێ.

٢- مەبەستی راستەقینە ئەوەیە: سەرۆك ویستی سەبارەت بەیاخیبوونی گەنج، راوێژ بەسەرۆك وەزیری پێشوو بکات. حکوومەت زۆر شتی لەم بارەیەوە شارۆدتەوەو، تەنها هێندەی هەواڵ بڵاوکردۆتەوە، تا بایەخێك دروست بکات و، ئەو گومانە بورووژێنێ کەباردۆخەکە لە وە مەترسیدارترە کەوا هەستی پیکراوە. هەواڵی رەسمیی سەرهەڵدانەکە بەگشتی پشت راست دەکرێتەوەو، راگەیاندراوە کە ئامادەکاریی عەسکەری لەم چەند ڕۆژەدا بەدڵنیاییەوە، یاخی بوونەکە دادەمرکێنێتەوە. حوکمی عورفی مانگێکە لە ویلایەتەکانی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیادا (گەنج، مووش، ئەرغەنی، دەرسیم، دیار بەکر، ماردین، ئورفە، سیوەرەك، سعرت، وان، بدلیس، قەزاکانی خنس و کیغیی ئەرزڕۆم و هەکاری) راگەیەندراوە بڕیاری ئەنجومەنیش لە سەر ئەم کارە، گومانی تێدا نییە.

٣ـ بزووتنەوەکە لە هەرێمێکی دوورو ناوەندی ئاسیای بچووکدا سەریهەڵداوە، ئەگەرچی زانیاریی رەسمیی بڕوا پێکراو نییە کەبزانرێ بەراستی چی روویداوە. تێبینییەك لە سەر کورتەی ئەو راپۆرتە هەمە جۆرانەی وا لە بڵاوکراوەکانی تورکیادا چاپکراون، دەنووسم. لەمانەوە دەردەکەوێ: راپەڕینی شێخ سەعید حسابی پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکانی کردووە، دامرکاندنەوەیشی لە توانستی هێزە ناوخۆییەکاندا نییە، ژمارەیەك جەندرمەیش پەیوەندییان بەیاخییەکانەوە کردووە. ڕۆژنامەکان، لەمەڕ هۆکارەکان، بەئاشکرا رادەگەیەنن: فرۆفێڵی دەرەکی، کە (مەبەست بریتانیایە)، لە ئارادایە. بەڵام لە راپۆرتەکەنیانەوە روون دەبێتەوە کە هۆکاری شەڕەکان دینو ناسیۆنالیزمی کوردن. بەسەرهاتی شێخ سەعید دەبیستم کە وتوویە: ئیسلام تاکە هاوپەیوەندیی نێوان تورکو کوردبووەو، تورك شکاندویەتی، کوردیش ئێستا پێویستە ئاییندەی خۆی مسۆگەر بکات.

٤ـ ئەمە یەکەم جووڵانەوەی ئاشکرای جەماوەرییە دژی رێبازی عیلمانیی رژێمی ئێستای تورکیاو، بەگشتی کارێکی زۆریشی کردۆتە سەر بیروڕاکان. تائێستا، هیچ نیشانەیەك نییە بۆ ئەوەی کە یاخی بوونەکە هیچ ئاکامێکی سیاسیی زامن کردبێ. دەڵێن: عیسمەت پاشا ویستوویەتی حوکمی عورفی قوستەنتەنییەو تەرابزوونیش بگرێتەوە، فەتحی بەگ دژی ئەمە بووە، بەڵام ئەو هەواڵە جێی نکوولی لێکردنە کە گوایە کابینەکە خەریکە تووشی قەیران ببێ. جیاوازیی ئەم دووانە لەمەسەلە یەکی ئاوادا، لە رەدا دەبێ کەمەسەلە کان تا چ مەودایەك دادەمرکێنرێنەوە. سیاسەتمەدارانی تورکیای نوێ، جگە لە چەند کۆنەپەرستێکی ناو ئەنجومەن، هەستی تایبەتی دین زۆر بەدەگمەن جووڵاندوویتیو، سۆزیان بەلای یاخی بوونەکەی شێخ سەعیددا نییە. دەڵێن سەرکردەکانی پارتی پێشکەوتنخواز لەگەڵ حکوومەتدا لە دانوستاندا بوونو، پێدەچێ لە هەندی رووەوە پشتگیرییان، لە ئیجرائاتەکانی حکوومەتەوە، بەدەست هێنابێ. هەروەها تێبینی دەکرێ کە ڕۆژنامەی (تەوحیدی ئەفکار– Tevhid.i - Evkiar)ی محافیزکاری ئیسلامی، هەرچەندە هەمیشە هەستی

بەلای دیندا دەبزوێ، نیگەرانە وا لە ڕێگەی یاخیبوونەوە هەوڵی دامەزراندنەوەی دەردێ. شێخ سەعید دەمێکە مایەی سەر ئێشەی حکومەتە. بەڵام ئەگەر سۆزێکی فراوانیشی بەلادا هەبێ، دەشێ بیرو بۆچوونەکانی تەنها لە ناو تاکەتاکەی خەڵکدا بن. ئاڕاستەی گشتیی سیاسەتی ناوخۆی تورکیا، تا یاخیبوونەکە فراوانخوازیی زیاتر پێشاننەداو، بێ ئەمەکیو ناپاکی لە ڕیزی سوپادا دەرنەکەون، چاوەڕێیی گۆڕانی لێ ناکرێ.

٥- ئەم برووسکەیە بۆ بەڕێز (کۆمیساری باڵا- مەندووبی سامی) لە بەغدا دەنێرم.

ئار ئێس. لیندسەی.

وەزارەتی دەرەوە/ ٤٢٤، ٢٦٢، ل:٩١، ژ:٩٢

هاوپێچی (١)ی ژ:٥
کورتەی چاپەمەنییەکان،

سەرجەم بڵاوکراوەکان (A-A)ی بڕیاری کابینە بۆ ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتدا، (ڕۆژنامە فەرەنسیەکان).

برووسکەکانی (تەنین- طنین Tanin)و (تەوحید - Tevhid) دەڵێن: توندڕەوەکانی پارتی گەل پێشنیاری ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی لە تەرابزوونو قوستەنتەنییە دەکەن، چونکە پڕۆپاگەندەی دینی سەرتاسەری یاخیبوونی گەنجی گرتۆتەوە. ناوچەی حوکمی عورفی، بەپێی برووسکەکانی (وەقت-Vakt)و (وەتەن-Vatan)، فراوانتر دەکرێ. لە کۆبوونەوەی کابینەکەدا بەئامادەبوونی مستەفا کەمالو سەرۆکی ئەرکانی گشتی، باسی ڕووداوەکانی گەنج کرا. پارتی گەل ئەم بەیانییە لە ئیجرائاتەکانی حکوومەت دەدوێو، ئەنجومەن پاش نیوەڕۆ نامەکەی سەرۆك وەزیر سەبارەت بەڕاگەیاندنی حوکمی عورفی تاووتوێ دەکات، هەرچەندە بڵاوکراوەکان دەزانن ئەم حوکمە لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا ئێستا جێبەجێ دەکرێ: وەزیری

ناوخۆ بەڕۆژنامەکانی ڕاگەیاند: پیلانگێڕەکان یاخیبوونێکی گشتییان سازداوە، کەدەبوو لە کۆتاییی ئاداردا دەستی پێ بکرایەو، بەرپابوونیشی هۆی جۆراوجۆری وەکو سەڵتەنەتخوازی، خەلافەت، شەریعەتو پروپاگەندەی کۆنە پەرستانەی کوڕی عەبدولحەمیدی لە پشتەوەن. زۆربەی چاپەمەنیەکان دەڵێن: شێخ سەعید (٧٠٠) پیاوی لە تەکدایە. برووسکەکانی تەنینو تەوحید دەڵێن: شێخ سەعید، بەهۆی فرۆکەکانی بریتانیاوە، بڵاوکراوەی بەخشیوەتەوە کەتێیدا هاتووە: حکوومەتی تورکیا ئافرەت بەرەو بەدڕەوشتی دەبات؛ بێ باوەڕی هاندەداتو. خەلیفەی دوورخستۆتەوە، شێخ شەڕی دینو رەوشت دەکات، کوردستانی سەربەخۆ پێکدەهێنرێ و، خەلیفەی پێشوو دەگەڕێنرێتەوە. وتیان: هێزەکانی شێخ پالوویان داگیر کردووە. برووسکەی وەقت دەڵێ: یاخیبوونەکە لەگەڵ تەشەنەکردنیدا، بەربەست کراوە. یەکە (وحدە) گەورەکان لە ناوچە نائارامەکە نزیك دەبنەوەو، خێلەکانی سیلوانو[1] حەزرۆ(Hazro)[2] دژی شێخ سەعید دەجەنگن، دەڵێن یاخیبوونی گەنج، زادەی پرۆپاگەندەی دەرەکییە. پیاوەکانی شێخ کە شەڕی گاردی پێشکەوتووی تورك دەکەن، چەند گرووپێکی (٣٠٠-٣٥٠)کەسین. وەقت لە سەری دەڕوا دەڵێ: ڕووداوی گەنج زۆر گرنگەو، گەورەترە لە وەی دەرکی پێکراوە. شێخ سەعید کوردی زازاو شێخێکی نەقشبەندییەو، گوندێکی زۆر پەیوەندییان پێوە کردووە.

کازم قەرەبەکر بەگو رەئوفو عەدنان بەگ، بۆ مەسەلەی یاخیبوونی گەنج، سەریان لە فەتحی بەگ دا. پارتی پێشکەوتنخواز، پاش شیکردنەوە، کۆبوونەوەو، باردۆخەکەی هەڵسەنگاند (وەتەن). ڕۆژنامەی ناوبراو دەڵێ: بارودۆخەکە مەترسیدار نییەو، مەسەلە کە بەم زووانە کۆتایی دێ. چەند مانگێك لەمەوبەر ، شێخ سەعید لە قوستەنتەنییە بوو. خەڵکی پالووەو، زۆر دەولەمەندو خاوەن جەماوەرە، بەڵام

[1] مەیافارقین، قەزایەکی باکووری ڕۆژهەڵاتی دیاربەکرە(س).

[2] شارۆچکەیەکی باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری دیاربەکرە(س).

نەزانەو، دژی نەخشـەی حکوومەتـە بـۆ دامـەزراندنی ئیدارەیـەکی جێگـیرو، لـە وناوچانەدا یاخیبووە.

(جمهوریەت– Jumhuriet)دەڵێ: بەڵگەنەویستە کە یاخیبوونەکـە دەرهاویشتەی هاندانێکی دەرەکییە، لە بەرئەوەی هێزەکانی حکوومەت لە گەیشتندان، بەم نزیکانە تێکدەشکێنرێ.

ئەنگۆرە تێلیگرامز: یاخیـەکان، بـەپێی دوا زانیـاری، گـەمارۆ دراون. نـێردراو بـۆ ناوچە نائارامەکان بەڕێدەکەوێ. یاخی بوونەکە سەرەتا سروشتێکی کۆنەپەرستانەی هەبوو. ژمارەیـەك جەندرمـە پـەیوەندییان بەیاخیانـەوە کـردووەو، وتوویانـە شـەڕی هاوڕێکانیـان ناکـەن. حکوومـەت وای هەستکرد، هـێزە خۆجێییـەکان یاخیبوونەکـە دادەمرکێننەوە، بەڵام چـەند ڕۆژی رابـردوو ژمـارەی یاخیـان بـەهۆی پرۆپاگـەندەوە زیادیکرد. سەعیدو مامۆستا فەخریو ئەورەس خەڵکی ئەقامیان لە خشتەبردووە.

وەتەن: برووسکەی ئەنگۆرە نفووزی شێخ لە کوردستاندا دەخاتەڕوو. بەشێکی هۆکاری یاخیبوونەکە خراپیی ئیدارەی خۆجییە. کاتێ سنجەقەکان بوونـە ویلایـەت، خەڵکی بێ توانا بوونـە والی، نـەیانتوانی کارەکـان بەڕێوەببـەن. شـێخ عـەبدوڵلا لـە گەنجو خالید بەگی سەرخێڵی جبران[1] پەیوەندییان بەسەعیدەوە کردووە.

سەر گوتاری تەوحید: فەتحی بەگ زۆر بێ بەخت بووە. لە کاتێکدا هەموو جـۆرە جیاوازییەك لە ناو تورکاندا بەدی دەکرا، بۆ فەتحی بەگ، بەڵێنی هێمنـیو ئاسـایش، بەرەنگاربوونـەوەی چارەنووس بـوو سەرتاسـەری وڵات لـە هەلومـەرجێکی ناسـکدا دەژی، ئارامی، لە بەردەوامیی ڕووداوە ترسناکەکانی ئەم دواییەدا، سەقامگیر نـابێ. قەیرانی ئابووری بەردەوام دەبێ. خۆ ئەگەر نائارامی بـەردەوام پـەرە بسـێنێ، ئـەوا

---

[1] ئەو دوو خالید ناوەی کە پەیوەندییان بە شۆڕشی شێخ سەعیدەوە هەیە، یەکیان جبرانییەو، ٢٠ کانوونی یەکەمی ١٩٢٤ گیراوەو زیندانی کراوەو، ئەوی تریان حەسنانییە. بۆیە ئەبێ ئەمەی دوایی یان بێ (رۆبەرت ئۆلسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٥٢–١٣٥). (س)

هەر كەبچوكترین شت روویدا، هـەموو وڵات دەكەوێتـە مەترسییەوە. بەرێوەبـەرێتیی پێویستە هەموو هەوڵێكی بخاتە گەڕ، گرنگ نییـە چۆن هێمنـی و ئاسایشـی نـاوخۆ رادەگرێ.

وەقت، سەرگوتار: دڵە راوكـێ بـەردەوام زیاد دەكات. ترسـیش كـاتێك دادگـای ئیستیقلال نێردرایە ئێرە، هەروا بوو. وڵات تەنـها پـار لـە ئارامیدابوو، بـەڵام ئێسـتا یاخیبوون لە گەنج هەیە. بارودۆخ سـبەنێ روونـتر دەبێـتەوە. ئامـانجی حكوومـەت تێكشكاندنی یاخیبوونەكەو، بەرگرتنە لە هەڵگیرساندنەوەیەكی تر.

وەتەن: سەرگوتار: فەتحیبەگ، لە بەرەو رووبەڕووبوونەوەی كێشـەی دەرەكـی و ناوخۆییدا، زۆر بێبەخت بوو. رووداوی گـەنج زادەی سیسـتمی هەڵـەی ئیدارەبـوو لـە ویلایەتەكانی رۆژهـەڵاتدا. دەبـێ لێكۆڵـە رەوانـی گشـتی، بەدەسـەڵاتێكی فراوانـەوە بنێردرێنە ئەوێ، پێویستە بتوانن هەمان فشاری والییە بەشكۆ دێرینـەكانیان هـەبێ، ئەگەرنا، رووداوی تـری وەك ئـەوەی گـەنج دەقـەومێ. ئەگـەر ئیجرائـاتی زیـادە لـە سەرتاسەری توركیا دابكرێ، بۆ وڵات باش نابێ. رووداوی گەنج جێی مەترسی نییە.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٢،٤٢٤، ل٩٢-٩٣، ژ: ١/٩٢

* * *

هاوپێچی (٢)ی ژ:٥

كورتەی بڵاوكراوەكان-٢٥ ی شوباتی ١٩٢٥

هـەموو چاپەمەنییـەكان: قسـەكردنی زیـاتر لــە سـەر یـاخیبوونی گـەنج. روونكردنـەوەی دوێنێـی حكوومـەت بۆ پـارتی گـەل. ئیجرائـاتی حكوومـەت جێـی رەزامەندییە (رۆژنامە فەرەنسییەكان). حوكمی عورفی مەڵاتیـەی گرتـەوە. دوێشـەو كۆبوونەوەی تایبەتی كابینە كراو، مستەفا كەمال و فەوزی و شەفیق و عیسمەت پاشـا ئامـادەبوون. پـارتی پێشـكەوتنخواز رایگـەیاند: پشـتیوانی سیاسـەتی حكوومـەت

دەکات. بەپێی ئەنین، یاخیەکان ناوچەکانی گەنج، پیران، لجێ، پاڵوو و خەرپووتیان بەدەستەوەیەو، Jinianli Halid [1] و حاجی موسا هاوکاریی سەعید دەکەن.

تەوحید– سەرکوتار دەڵێ: کێشەکە لە و خراپترە کەهەست دەکرا. یاخیبوون، بەتەواوی، بەهۆی بەڕێوەبردنی خراپەوەیە. بۆچی کارمەندان پیلانەکەیان لە کاتی خۆیدا بۆ دەرنەکەوت؟! پێویستە چاوەڕوانی پیلانی دەرەکی بین. بریتانیاو فەرەنسە دەوڵەتێکی ناوبژیوان بۆ نێوان خۆیان و تورکیا داوا دەکەن. ((هاونیشتمانییە کوردەکانمان کێشەمان بۆ دروست دەکەن، لە کاتێکدا یۆنانییەکان لە ڕۆژئاواوە و بریتانیای بێ بەزەییش لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە هەڕەشەمان لێدەکەن)).

حکوومەت دەبێ ڕێوشوێنی سەرکوتکاری بگرێتەبەر، بەڵام نابێ داد پەروەری و دووربینی لە یاد بکات. شەڕکردن دژی حکوومەت، ئەگەر بەهۆی ئیدارەی خراپیشەوەبێ، ناپاکییە. یاخیبوون نابێ بەکاردانەوە ناوببرێ. تورکان پێویستە یەکبگرن.

دوێنێ کابینە دەسەڵاتی تەواوی بۆ دەرکردنی حوکمی عورفی، لە هەرشوێنێکدا بێ، وەرگرت. نێردراوەکان تایاخیبوون دانەمرکێنرێتەوە، ناچنە ناوچە نائارامەکان.

وەقت– سەرکوتار دەڵێ: یاخیبوون لە ویلایەتی بدلیس تەشەنەی کردووە. پڕوپاگەندەی دینی لە پشت یاخیبوونەکەوەیەو لە ناو خەڵکی نەزاندا بڕەوی هەیە. ئێستا کاتی سەرزەنشتکردنی کارمەندانی تورک نییە. حکوومەت پێویستە هێز بەکاربێنێ. کەمترین دوودڵی دەبێتە مایەی کارەساتێکی گەورە.

ئەنگۆرە تێلیگرامز دەڵێ: بارودۆخەکە ترسناکە. یاخییەکان سەعات سێی پاش نیوەڕۆی دوێنێ خەرپووتیان داگیرکرد. یاخییەکان بەفڕۆکە بۆمباران دەکرێن.

---

[1] –هەر ئەبێ خالید بەگی حەسنانی بێ.(س)

کوردستانی باکوور بەپروپاگەندەی دەرەکی بەهەڵەدا براوە. رێی تێدەچێ ناوداری وان سەرپەرشتیی راپەرینەکە بکات، بەڵام ناوەندەکەی بدلیسە.

دەڵێن خێڵە سەرەکیەکانی مووش، سعرت و سیوەرەك نەفرەت لە شێخ سەعید دەکەن.

عیسمەت پاشا لە کۆبوونەوەی پارتی گەلدا وتی: هەلومەرجەکە سەرەتا هەر چۆنێك بووبێ، ئیستا دەستی دەرەوە لە یاخیبوونەکەدایە.

بەپێی وەتەن سەرگوتار، هیچ بەڵگەیەکی ئاشکرای هەبوونی دەستی بریتانیا لە یاخیبوونەکەدا نییە، هەرچەندە یاخیبوون رێکەوتی کاتی دەستبەکاربوونی لیژنەی عیراقی کرد.

یاخیبوونی گەنج چەند مانگێکە لە جۆشدایە. یاخیەکان باش شارەزای وڵاتن و پێناچێ پێش مانگی نیسان تێکبشکێندرێن.

جمهوریەت- سەرگوتار ئەوە بیری تورکان دێنێتەوە کەدوژمنێکی زۆری دەرەکی و ناوەکیان هەیە. کەمتەرخەمیی رابردوو دەبێ وریاکردنەوەیەك بێ بۆ بەربەستکردنی رووداوێکی تری وەك ئەوەی گەنج.

ئەنگۆرە تێلیگرامز دەڵێ: جەندرمەی ناوخۆ و فەوجەکان بەرپرسی سەرەکیی تەشەنەکردنی یاخی بوونن. فیرقە نیزامییەکانی تورکیا هێشتا نەگەیشتوونە هەرێمە یاخیەکە. کاردانەوە لە شێوازی ناپاکیدا بەردەوام زیاد دەکات. راگەیاندراوە: دیاربەکر و خەرپووت و، دەرسیم. لەلایەن یاخیەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە.

پارتی گەل مەسەلەی راگەیاندنی حوکمی عورفی لە قوستەنتەنییە و برووسە و شوێنی‌تر تاووتوێ کرد. بەڵام هیچ بڕیارێك نەدرا.

ئەنگۆرە- تێلیگرامز دەڵێ: بەرەنگاربوونەوە بەدەستپێکردنی لە ئەنگۆرەوە تێکدەشکێنرێ. کابینە خۆی کردۆتە ئەنجومەنی جەنگ. نیشانەکانی بەرەنگاری لە ئورفە.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٢/٤٢٤، ل:٩٣، ژ:٢/٩٢

ژ:٦

لەمستەر لیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلە ین- (٢٦-ی شوبات گەیشتووە)

ژمارە: ٤٢

برووسکە را پۆرت

برووسکەی ژمارە (٤٠)م

قوستەنتەنییە ٢٦ ی شوباتی١٩٢٥

دەڵێن: یاخیەکانی خەریکی داگیر کردنی خەرپووت، دیاربەکرو دەرسیمن.

بۆ بەغدا دووبارە کراوەتەوە، ژ١٥

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٢/٤٢٤، ل٨٢، ژ:٨٥

ژ:٧

لەمستەر لیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلە ین- (٢٦ی شوبات وەرگیراوە)

ژمارە: ٤٢

برووسکە را پۆرت

برووسکەی ژمارە (٤٢)م

قوستەنتەنییە ٢٥ ی شوباتی١٩٢٥

ئێستا راگەیەندرا کە گوایە خەرپووت گیراوەتەوە؛ زانیاری بەگشتی پێچەوانەی ئەمەیە.

(بۆ بەغدا دووبارە کراوەتەوە، ژ١٦)

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٢/٤٢٤، ل: ٨٢، ژ٨٦

ژ٨

لەمستەر ليندسەيەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەين- (٢٧ى شوبات گەيشتووە)

ژمارە: ٤٦

برووسکە راپۆرت

قوستەنتەنييە ٢٧ ى شوباتى١٩٢٥

دوێنێ بە نوسرەتم وت: لە چاپەمەنیو راپۆرتە رەسمییـەکاندا تێبینیـم کـردووە، دەنووسن: یاخیبوونی کورد پیلانی بریتانیایە، نازانم خاوەنی ئـەم راپۆرتانـە خۆیـان بڕوایان بەم قسەیە هەیە؟ بەڵام داوام لێکرد، حکوومەتی خاوەنشکۆ ئاگادر بکاتــەوە کە هەموو دەست پێشخەرییەکی بریتانیا، نابەدڵ، بەرەتکردنـەوەی رەهـاو پەسـەند نەکردنی هەر جۆرە یارمەتییەك وەڵام دراوەتەوە. بێگومان دەسەڵاتداران، کە لەوەدا بوون بەسـەر یاخیـەکاندا زاڵ بـبن، پشــتیوانیی راپۆرتەکـەمیان لــە لێپێچانــەوەی زیندانیەکانەوە، پێگەیشت.

نوسرەت بۆ راپۆرتە کە سوپاسی کردم، وتی: خۆی متمانــەی بەنووسـراوەکانی سەبارەت بەبریتانیا نییەو، پێشی وانییە حکوومەتی تورکیا بڕوایان پێ بکات.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٢/٤٢٤، ل: ٨٢-٨٣، ژ٨٧

(ژ ٩)

لە مستەرلیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین - (٩ی ئادار گەیشتووە)

ژمارە: ١٧٨، نهێنی

قوستەنتەنییە ، ٣ی مارسی ١٩٢٥

گەورەم ،

شەرەفی ئەوەم هەبوو لە نووسراوی ژمارە ١٥٤ی ٢٤ شوباتمدا، ڕاپۆرتی هەواڵەکانی ئەم یاخی بوونەی کوردان، کە لە گەنج سەری هەڵدا و بە خێرایی ڕووبەرێکی فراوانی گرتەوە، بەرزبکەمەوە. زۆر گرانە بڵێین بەتەواوی چی ڕوودەدات .هەموو هەواڵەکان لە ئەنگۆرەوە دەگەن و، لە بەر ئەوەی پەیامنێر لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتدا نییە، لە سەرچاوە ڕەسمیەکانەوە گەلاڵە دەبن و، بەدەگمەن متمانەیان پێدەکرێ. بێگومان بێ ژمارە پروپاگەندەیش، کە پشت ڕاستکردنەوەیان ئاسان نییە، لە ئارادان. ناوەندی یاخی بوونەکە دەکەوێتە دۆڵی مورادسۆ و، لە سەرتاسەری هەرێمە شاخاویەکانەوە بەرەو باشوور: لجێ، هەینی، پیران و ئەرغەنی درێژدەبێتەوە. باکووری دۆڵەکە: خنس و گەنج یاخی بوون و، شەڕوشۆڕ لە چەمشکەزەکی[1] خۆرئاوای دوور هەیە. دەڵێن: گوایە شێخە ناودارەکانی دەرسیم، پەیمانی ئەمەکدارییان ناردووە. . بەلام ڕاپۆرتەکە، یاخود نیازپاکی ڕیسواکردنەکە، پێدەچێ جێیگومان بێ. یاخیەکان چوونەتە ناو خەرپووتی پێچی ڕۆژئاوای مورادسۆوە و، دەسەلاتداران هەلاتوون. خێڵەکییەکان کەوتنە تالان و بڕۆ، شارنشینەکان بە سەر کردایەتیی پیاوێك کە بە توندی دژایەتیی ئەم ڕژێمەی ئێستا دەکات. داگیر کەرانیان وەدەرنا. ئەمجا بەرەو ڕۆژهەلاتی دوورتر. هەواڵەکانی مووش زۆرکەمن و هیچ هەواڵێکی بدلیس و وان نییە. پێناچێ هیچ جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ ئەو هەرێمانەدا هەبێ. دەیشزانرێ حکوومەت لە کەناری دەریای ڕەشیشدا دۆستی لە

---

[1] قەزایەکی باکووری ڕۆژاوای ویلایەتی ئەلعەزیزە لە ناوچەی دەرسیم. (س)

هەرێمی تەرابزوون نییە {بڕوانە ڕاپۆرتی مستەر نایتی هاوپێچی نووسراوی ژمارە ١٣٨ی ١٨ شوبات(٧)} سەرهەڵدان لەوێ مەسەلەیەکی زۆر ترسناک دەبێ. هەرچەندە هەواڵی هیچ ڕووداوێك نییە، بەڵام حکوومەت، بۆ ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی لەو هەرێمەدا وەکو ڕێ و شوێنێکی قایمکاری و خۆپاراستن، گوشاری لەسەر بوو .ڕاگەیاندنەکە بەهۆی گۆڕانی کابینەکەوە زیاتر ڕێپێدەچێ؛ بەڵام تاکاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتە هێشتا بڕیاری لەسەر نەدرابوو.

٢-چاپەمەنیەکان ڕۆژانە ڕاپۆرتی چالاکیی فرۆکەکان و پێشڕەویکردنی سوپا دژی شۆڕشگێڕان بڵاودەکەنەوە. پێنج فیرقە لە باشوورەوە خەریکی پەلاماردانی یاخیەکانن و لە باکووریشەوە هەر کە کەش و هەوا بواری دا، سریەکانی ئەرزنجان و سێواس دەکەونە خۆ. دەمەوێ ڕاپۆرتی (ڕائید هارینك – Harenc)ی پاشکۆی عەسکەری بۆ ئەم مەسەلەیە لێرەدا هاوپێچ بکەم. چونکە درێژەی یاخی بوونەکە و ڕێ و شوێنی عەسکەریی وەرگیراو بۆ دامرکاندنەوەیی تێدایە.

٣- هیچ هۆکارێك لەسەر سروشت وهۆکارەکانی سەرهەڵدان بۆ گۆڕینی ئەو پێشنیارەی کە لە ڕاپۆرتی ژمارە ١٥٤مدا خراوەتە ڕوو، ئێستا لە ئارادانییە. جووڵانەوەکە، دینی و نەتەوەیی و دژی کۆمارییە. سەرەڕای ئەمەیش، ناتوانین بڵێین هەریەك لەمانە تا چەند هاوکاری دەرەنجامە گشتیەکەیە. لێرە زۆر بەبڵاوی دەڵێن و لە ئەنگۆرەیش وا هەست دەکرێ کە سەلیم ئەفەندیی کوڕی سوڵتان عەبدولحەمید کەوا ئێستا لە مەنفاو لە بەیرووت دەژی، وەکو سەرۆکی بزوتنەوەکە یان تەنانەت میری کوردستانیش لەلایەن کوردانەوە پێشاندراوە. هۆکارێکی تری یاخی بوونەکە، وەك زۆرجار دەوترێ. گەندەڵیی بنەما گشتیەکانی بەڕێوەبەرایەتیی زادەی ئەو سیستەمە گۆڕاوەی حکوومەتی ناسیونالیستە. ویلایەتەکانی زوو پارچە پارچە کراون و، سنجەقەکان بوونەتە ویلایەتی سەربەخۆ و، والیەکانیان ڕاستەوخۆ فەرمانیان لە ئەنگۆرەوە پێدەگات. ناوەندخوازیی لە ڕادەبەدەر بەم جۆرە هۆکار و هەل و مەرجی ڕەخساندو، بووە مایەی دواخستن. دەڵێن: ئەم جۆرە والییانەش

ستەمکار و لێنەهاتوون و لە کۆنترۆڵکردنی خەڵکدا، بە پێچەوانەی حاکمە گشتیە کۆنەکانەوە، توانانین.

٤- یەکەم کاری حکوومەت، هاوکاتی ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی لە بواری سیاسیدا، پێشکەشکردنی ڕەشنووسی ماددەی تازەی یاسای ناپاکی بوو بە ئەنجومەن و، ئەویش بڕیاری لەسەر دا. هەرکەسێك دین بۆ ئامانجی سیاسی بەکاربێنێ، بەپێی ئەم ماددانە، بەرەو ڕووی سزاکانی مردن یا دووساڵ زیندانیکردن دەبێتەوە. ئیجرائاتی ئیداریش بۆ بەریەستکردنی توند و تیژیی چاوەڕوانکراوی زاری وتار بێژی مزگەوتەکان کراوەو، مۆڵەتی ئامۆژگاریکردن لە مەلاکانی قوستەنتەنییە وا (دەشێ شوێنی تریش) وەرگیراوەتەوەو، چاویان پێدا خشێنراوەتەوە و، هەندێ ئیمامی بەناوبانگ مۆڵەتی ئامۆژگاریکردنیان لێ سەندراوەتەوە. هەڕەشەی مامەڵەی توندیش لەتەك هەر ڕۆژنامەیەکدا، کە هەواڵی نادروست بۆ هاندانی یاخییان بلاوبکاتەوە، لە ئەنگۆرەوە هەیە. هیچ یاسایەکی نوێ سەبارەت بە بلاوکراوەکان نییە. ئەو یاسایەی ئێستایش کە هی سەردەمی حەمیدییەیە، ئەوەندە بەهێزە کە حکوومەت بتوانێ، بە شێوەیەکی کاتی و بە داخستنی هەر ڕۆژنامەیەك نووسینەکانی جێی ڕەزامەندی نەبن، کۆنترۆڵی بلاو کراوەکان بکات. بۆیە چاپەمەنیەکان خۆیان لە بلاوکردنەوەی ئەو هەوالانەی کەمایەی نیگەرانین، بەدوور دەگرن.

٥- ئاشکرایە ئەنگۆرە ٢٣ و ٢٤ شوبات لە مەترسیی یاخی بووندا بوو. باشترین بەلگەیش بۆ ئەمە لە هەوڵە ناکامانیاندا بۆ خێرا چارەسەرکردنی مەسەلەی پاتریارکی لەگەل یۆناندا، بەدی دەکرێ. لەوکاتەوە حکوومەت ئارام بۆتەوە و باس و خواسی بریتین لە سەرکوتکردنی یاخیەکان لە هەر جێیەك بن و، ئەمکداریی هەندێ لە هەرێمی کوردان و ، کۆنترۆلکردنی خێرای بار و دۆخەکە بە گەیشتنەجێی سەربازەکان. لەگەل ئەمەیشدا. سێ چوار ڕۆژی ڕابردوو چەندین گۆڕانی گرنگی سیاسی لە ئەنگۆرەدا ڕوویان دا.

٦- پارتی پێشکەوتنخوازی بەرهەڵست، لە قەیرانەکانی هەفتەی ڕابردوودا دڵسۆزیو ئەمەکداریی خۆی بەووتار پێشان داو، سەرکردەکانیشی یاخی بوونیان ڕیسوا کرد. هەرچەندە پێدەچێ ڕێبازەکانی سەرسەختیی زۆرینەی پارتی گەل ڕەتبکەنەوە، بەڵام هیچ شتێك نییە وامان لێبکات باوەڕبێنین کە گوایە هەرچۆنێك هاوسۆزی ویستی بەهێزی کۆنە پەرستانەی کوردستانن. فەتحی بەگ ماوەی سێ مانگی پێشوو، لەبەر هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی، پشتیوانی ئەوپارتەی پێگەیشتووە .وەك دەزانین، ئەم، لەلایەکەوە بەمەبەستی خۆشکردنی زەمینە بۆ چاکبوونەوەی عیسمەت پاشاو، لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی ڕێی با لە بەلەمە چارۆکە دارەکانی ئۆپۆزسیۆن بگرێ و، هەڵوەشانەوەی پارتی گەل ڕابگرێ، هێنراوەتە گۆڕەپانەکەوە، بەڵام ئەرکەکەی گران بووە، چونکە هەمیشە بۆ یارمەتیدانی پشتی بەپارتیگەل بەستووە کە سەرۆکەکەی عیسمەتی باپیریەتی و، سکرتێری گشتیشی لەم دوومانگەیدواییدا ڕەجەب بووە کە سەرەتای کانوونی دووەم، دووبەرەکیەکی دژی ئەو نایەوە. من زیاتر وا هەست دەکەم عیسمەت پاشا، وەك دەڵێن، ئامادەی کۆبوونەوەکانی کابینەکە بووەو، هاوشانی مستەفا کەمال دیفاکتۆیەکی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە بووە.

٧- فەتحی بەگ، بۆ جێبەجێکردنی کاری توند دژی یاخیەکان بە ڕاگەیاندنیحوکمی عورفی لەتەرابزوون و قوستەنتەنیۆیە و بێ گومان لەسەرتاسەری وڵاتداو، قۆستنەوەی هەل بۆ سەرکوتکردنی پارتی پێشکەوتنخواز، لەلایەن توشی فشارێکی گەورەی پیاوە دڕندەکەی پارتی گەل بووە و، پێدەچێ تا ئەوئاستەی کە داوای داخستنی لقی هەرێمەکان لە سەرکردەکانی پێشکەوتنخواز بکات، ملی بۆ ئەم گوشارە کەچ کردبێ. بەڵام داواکەی پەسند نەکراوە و، لەوانەیە ئیتر نەیەوێ پێی لەسەر داگرێ.

٨-دوێنێ، دووی ئادار، کاتێك داوای کۆبوونەوەی پارتی گەل کرا و دە سەعاتی خایاند، قەیرانەکە سەریهەڵدا. ڕەجەب هێرشی کردە سەر حکوومەت و، فەتحی

بەرگریی لەسیاسەتێکی میانڕەو کرد. تەنها زۆرینەی کابینەکەی خۆیی (٤:٦) بەدەست هێنا. بلاّو کراوەکان زۆر بە کورتی باسی ڕووداوەکەیان کرد، بەلاّم ئەوان لەڕاستیدا زۆر توند و تیژتر بوون. سەرکۆمار خۆی ئامادەبوو و، لەسەر داوای (قلیچ عەلی)ی باشترین لایەنگری، ڕازیبوو وەلاّمی پرسیاری نوێنەرەکان بداتەوەو، بیانهێنێتە قسە. سەرەنجامی دەنگدان (٩٠: ٦٠) دەرچوو و، دەقەکەی بلاّو نەکرایەوە .فەتحی ئەمەی بە سەرزەنشتکردنی خۆی زانی، بۆیە دەستی لەکار کێشایەوە .ئەمشەو ڕاگەیەندرا کە عیسمەت پاشا پۆستی سەروەزیری وەرگرتۆتەوە و، دەشێ بۆ گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوتکردنی سەرتاسەری، تا ئەو شوێنەی غازی ئارەزوویکات، ئامادەبکرێت.

ئار. ـ ئێس. لیندسەی

وەزارەتی دەرەوە: ٤٢٤/ ٢٦٢، ل: ١٠٠-١٠١، ژ ١٠٣.

*** *** *** ******

هاو پێچی (١) ی ژمارە (٩)

قوستەنتەنییە ، ٤ی مارسی ١٩٢٥

گەورەم،

خۆشحاڵم بۆزانیاریتان ئەمانە پێشکەش بکەم:

١- کورتەی هەواڵی چاپەمەنیەکانی ناوخۆ لەبارەی یاخیبوونەوە کە لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاّت و دژی حکوومەتی ئێستا بەرپا بووە.

٢- تۆماری ئەم گفتوگۆ کورتەم لەگەڵ جەنەڕاڵ شوکری نایلی پاشای فەرماندەی فەیلەقی (٣) قوستەنتەنییە.

٣- زانیاری هەمە جۆر لەسەر جموجۆڵی فەوجەکان.

٢- تا ٢٥ شوبات وایان لێ کردبووم وا هەست بکەم: کابینەکەی تورکیا کەنەک تەنها بەپارتی پێشکەوتنخواز، بەڵکو بە ناڕەزایی ناو پارتی گەلیش، ماوەیەك بوو بەرهەڵستی گەورە دەکرا، بۆ ئەوەی ئەم ئۆپۆزسیۆنە بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، ڕێگەی بەبڵاو کراوەکان داوە لەهەواڵی هێرشی سەرەتایی (١٥٠) کورددا بەسەرۆکایەتیی شێخ سەعید بۆ سەر ئەرغەنی زیادەڕەوی بکەن و، وەکو یاخی بوونێکی دژی کۆمار بڵاوی بکەنەوە.

٣-هەرچەندە حکومەت بەڕاستی بەئاگا هێنراوەتەوە و، ڕوو بەڕووی ئەم مەترسییە نوێیە کراوەتەوە، بڕیاردانی، بەپێی ئەو ڕێگەیەی کە سەبارەت بە پاتریارکێتی گرتوویە بەر، هەوڵێکە بۆ ئەوەی بە هەر نرخێك بێ ناکۆکیەکانی لەگەڵ یۆنانیەکاندا چارەسەربکات. زانیاریەکانی دوو ڕۆژی ڕابردوو، ترسناکیی بزووتنەوەکە دەسەلمێنن.

٤-پێدەچێ تا ٢٦ شوبات یاخیەکان، بەپێی ئارەزووی خۆیان، قەوارە و قورسییان بووبێ. ژمارەیەکی دیاریکراوی ئەفسەر و خەڵکی بێزار و ناڕازی پەیوەندییان پێوەکردبوون و، گەورە ترین بەشی ناوچەکانی دەرسیم، دیار بەکر، مووش، بدلیس، مەلاتییەیان داگیر کردبوو. دەشێ سەربازەکانی ئەوهەرێمانە خۆیان پێنەگیرابێ، چونکە خەرپووت، لەگەڵ ئەوەیشدا کە فەرماندەییەکانیفیرقەی ١٧ ی پیادە و میکانیزەی ٢٦ی تێدا بوون، ماوەیەك بوو بەدەست یاخیەکانەوە بوو (ئەمانە کۆتاییی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو و، پاش گەڕانەوە لەئۆپەراسیۆنی دژی نەستۆریەکان ڕاگەیاندران).

٥-لە ٢٦ مانگەوە یاخیەکان وردە وردە کز بوون و، بە گەلەکۆمەیەکی نەخشە بۆکێشراوی محەممەد بەگێکی نەیاری حکومەت لەخەرپووت وەدەرنران .ڕۆژانە و سەبارەت بەوشارانەی کەهەمان هەڵوێستی خەرپووت وەردەگرن، ڕاپۆرتمان پێدەگات. دەبێ ئەوە بزانین کە مەسەلەکە بووەتە کێشمەکێشی تەنها شارێك لەگەڵ وڵاتدا. سوپا تا ئێستا بەشداریی وەدەرنانی یاخیانی نەکردووە.

٦- حکوومەت لە ٢٦ی مانگەوە متمانەی بە خۆی کردوەتەوە و، گیانێکی هاتۆتەوە بەر. زمانی لەمەڕ مەسەلەی پاتریارکییش توند کراوەتەوە. سەربازەکان بۆ ئەوە دانراون کە هەرکاتێك هەر جموجوڵێك لەهەرێمەکارتێکراوەکاندا ڕوویان دا بەرەنگاری یاخی بوون ببنەوە.

٧- پێنج فیرقەی چاودێریی ئەدەنە، وەك ڕاگەیاندران، ئەمانەن:

فیرقەی (٢٣) لە ئیزمیتەوە[1]،

(٨) لە ئەنگۆرەوە،

(٧) لە ناو ئەدەنە خۆیەوە.[2]

دوانەکەی تریش: فیرقەکانی (٥٧)ی سیمیرناو (٤١)ی نغدە (Nighda)[3] یان (١٧)ی مەنەمەن[4] دەبن.

٨- ئەوفیرقانەی کەلە باکوورەوە دەبزوێن، ئەمانەن:

فیرقەی (٥) لە سیواسەوە،

(٩) لە ساری قامیشەوە،

(١٢) لە قارسەوە.

فیرقەکانی (١٥) یسامسۆن و(٣) ی تەرابزوونم حساب نەکردوون، چونکە پاراستنی ناوچەکانی خۆیانیان، لەکاتی هەڵایسانی ئاژاوە لەکەنارەکانی دەریای ڕەشدا، پێ سپێردراوە.

ڕائید ئاڕ ئی. هارینك

وەزارەتی دەرەوە: ٢٦٢/٤٢٤، ل: ١٠١-ژ: ١/١٠٣

****

---

١ ویلایەتێکی تەنیشتی ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی ئەستەمبوڵە. (س)

٢ ناوەندە ویلایەتێکە بەر ناوەوە لە بەری باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست. (س)

٣ ویلایەتێکی بەشی باشووری ناوەڕاستی تورکیایە خوار ئەوشەهرو سەروو مەرسین. (س)

٤ قەزایەکی ویلایەتی ئیزمیرە. (س)

هاوپێچی (٢) ی ژ: (٩)

كورتەی هەواڵی بڵاوكراوە خۆماڵییەكان سەبارەت بەیاخی بوونی گەنج

٢٣ شوبات:

یاخی بوون كە سەرەتا وا هەست دەكرا باندێكی رێكر و چەتە بەرپایان كردبێ، بەپێی دەمودووی گشتیی رۆژنامەكان، ئێستا زۆر ترسناكترە. دەركەوتووە دەستی دەرەكی لەپشت رووداوەكەدایە. هەندێ رۆژنامە گەڕانەوەی خێرای عیسمەت پاشایان بۆ ئەنكۆرە، بە مەترسیی بار ودۆخەكە لێكدایەوە.

٢٤ شوبات:

چاپەمەنیەكان كە تا ئێستاله "رووداوی گەنج" دوواون، ئیتر باس لە "یاخی بوون" دەكەن كە ویلایەتەكانی مووش، ئەرغەنی، دەرسیم، دیاربەكر، ماردین،سیوەرەك، سعرت، بدلیس،وان، هەكاری، وئورفەی گرتۆتەوە، حوكمی عورفی لەسەرتاسەری ئەو هەرێمانەدا ڕاگەیەندراوە.

٢٥ شوبات:

كابینە بەیانی بۆ كۆبوونەوە بانگهێشت كراو، بارودۆخەكە تاووتوێ كرا. پاشان وەزیری ناوخۆ لە وتەیەكیدا لەوە دووا كە: پیلانگێڕەكان یاخی بوونێكی گشتییان سازدا، كە دەبوو كۆتاییی مانگی ئادار دەستی پێ بكرایە. یاخی بوونەكە كۆنە پەرستانەیەو، كوڕی سوڵتان عەبدولحەمید بزواندوویەتی. هاندەرانی یاخی بوونەكە خەڵكی نەزان و ساویلكەیان هەڵخەڵەتاندووە تا پەیوەندییان پێوەبكەن، وتوویانە: حكومەتی توركیا هانی بێباوەڕیی داوە و، خەلیفەی دوور خستۆتەوەو، بەدڕەوشتی ژنانی بڵاو كردۆتەوە. شێخ سەعید وای پیشاندەدات كە لەپێناوی دین و ڕەوشتدا بە دەسەڵاتێكیخوایی ڕەفتار دەكات و، داوای گەڕانەوەی خەلافەت و شەریعەت و دامەزراندنی كوردستانێكی سەربەخۆ دەكات.

دەڵێن هێزی شێخ سەعید لە(٧٠٠٠) حەوت هەزار کەس پێکهاتووە و، هەموویان برنەوی ماوزەر (Mauser)یان پێیە. بەڵام ئەگەر ئەوناوەندانە نەگرن کەچەکیان تێدایە ، ئەوا ژمارەیان زیاد ناکات.

هەموو ڕۆژنامەکان پێ لەسەرئەوە دادەگرن کەبارودۆخەکە بە فیتیی دەرەوەیە. (تەنین) و (تەوحید) گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کەبڵێین: فڕۆکە بریتانیەکان بەیاننامەکانی شێخ سەعیدیان بڵاو کردۆتەوە. (وەتەن) مەسەلەکە بۆ ئیدارەی هەڵەو نەبوونی ئیدارەی لێهاتوو دەگێڕێتەوە. هەروەها دەڵێ هیچ بەڵگەیەك نییە بێ ئاگایی بریتانیا بسەلمێنێ، بەڵام هاودەنگی ئەوەیە کەوا ڕێکەوتێکی سەیرە ئەم یاخی بوونە لە کاتی دەست بەکاربوونی کۆمسیۆنی مووسڵدا سەری هەڵداوە.

٢٦ی شوبات:

سەرجەم بڵاوکراوەکان پڕۆپاگەندەی ئەوە دەکەن کە دیاربەکر، ئەرغەنی، دەرسیم، خەرپووت و مەلاتییە لە دەست یاخیەکاندان.

هێزەکانی حکوومەت دژی یاخیان نێردراون، بەڵام لەبەر سەرماو سۆڵەی سەختی وەرزی زستان و نەبوونی پەیوەندی، هێشتا نەیانتوانیوە دەستیان پێبگەیەنن، لەگەڵ ئەوەیشدا فڕۆکەکان ئەنجامی باشیان بەدەست هێناوە.

٢٧ شوبات:

ڕۆژنامەکان زیاتر گەشبینن کە هەلو مەرجەکە، هێندەی یەکەم جار هەستی پێ دەکرا، خراپ نییە. برووسکەی ئاژانسی ئەنادۆڵ دەڵێ: داگیر کردنی خەرپووت لەلایەن یاخیەکانەوە ڕاست نییە و دیاربەکر و ئەرغەنی و مەلاتییەیشیان نەکەوتوونەتە دەست.

بەپێی (جمهووریەت) هێزەکانی حکوومەت سەرەتای مانگی مارس دەست لەیاخیان دەوەشێنن و، لە دوو هەفتەدا بزووتنەوە کە دادەمرکێنێتەوە.

ئەنجومەن سوپاسی محەممەد بەگی بەگزادەی کرد کەپاش هەلاتنی والی، خەڵکی خەرپووتی ڕێکخست و یاخیانی ڕاماڵی. ئەم پیاوە کە وەك بێ لایەنێك بۆ دوا هەڵبژاردن خۆی کاندید کردبوو، ڕێکخستنەکانی پارتی گەل پشتیوانییان نەکرد. ڕۆژنامەکان دەڵێن: ئەگەر جارێکی تر خۆی بپاڵێوێتەوە،ئەواپشتگیری لێ دەکرێ. بەشێکی زۆری سەرنجی بڵاوکراوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تورکیا، ئەگەر بەرەو ڕووی مەترسیی دەرەکی ببێتەوە، بەڕاستی یەکگرتووە.

۲۸ شوبات:

هەواڵەکانی "ئەنگۆرە تێلیگرامز" دڵنیاکەرەوە بوو و، ڕۆژنامەکان ڕەزامەندیی گشتییان دەربڕی. هەروەها بەڕەسمی نکوڵی لەوە کرا کە گوایە بیانەوێ ڕەشبگیر (نفیر عام) یان ڕێوشوێنی زیادە لە قوستەنتەنییە ئەنجام بدەن.

"تەنین" لە سەر چارەی نووسینگەیەکی ئەدەنەوە ڕایگەیاند کە لەدایکبووانی ۱۸۹٤-۱۹۰۲ بۆ لیوا عەسکەرییەکان داواکراون و، سەرجەم هۆیەکانی گواستنەوەی مەدەنی کەم و زۆر بۆ سوپا قۆرخ کراون.

زۆربەی بڵاوکراوەکان خۆشحاڵییان لەوە دەربڕی کە یاخی بوون نیتر تەشەنە ناکات و، بەردەوام ڕووداوەکە بۆ دەست تێوەردانی دەرەکی دەگێڕنەوە و ئاواتە خوازن هاندەرانی ڕاستەقینە سزابدرێن.

۱ی ئادار:

ڕۆژنامەکان هەر گەشبینن، هەواڵی جیاوازیی بیروڕا لەناو سەرخێڵەکاندا و پەیمانی ئەمەکداریی هەندێ شێخ بۆ حکومەت لەئارادایە.

بڕیار لەسەر تەرخانکردنی (۲٦٥۰۰۰) لیرەی تورکی بۆ خەرجیی (نەفیری جوزئی) درا.

(وەقت) دەڵێ: فەرەنسە ڕازی بووە تورکیا بەسەر بەشی ئەو لە هێڵی ئاسنی بەغدادا سەرباز بگوێزێتەوە. بەپێی (جمهووریەت) یاخیەکان جبەخانەیەکیان لەخەرپووت گرتووە.

٢ ئادار:

چاپەمەنیەکان دەڵێن: بارودۆخەکە بەردەوام باش دەبێ. شەڕ لەنێوان جەماوەری مەدەنیی ناوخۆو یاخیاندا بەردەوام ڕوودەداو، یاخیەکان لە هەموو لایەکەوە دەشکێن.

٣ ئادار:

هەواڵی شەڕوشۆڕی بەردەوامی خەڵکی مەدەنی و یاخییان. بەپێی هەندێ ڕۆژنامە: پالوو، سیلوان، چەمشگەزەك، و وارتۆ[1]، پاککراونەتەوە،بەلاَم بەپێی هەندێکی تر، هێشتا لە دەستی یاخیەکاندان.

(جمهووریەت) دەڵێ: هێزە سەرەکیەکانی تورکیا چوار و پێنجی مانگ دەگەنە هەرێمی یاخی.

وەزارەتیدەرەوە: ٣٦٢/٤٢٤، ل: ١٠٢-١٠٣ ، ژ: ٢/١٠٢

*** *** *** ******

١ قەزایەکی باکووری ڕۆژاوای ویلایەتی بدلیسە. (س)

هاوپێچی ٣ی ژ(٩)

تۆماری گفتوگۆیەکی ٣ ئاداری ١٩٢٥ لەگەڵ جەنەراڵ شوکری نایلی پاشا

سەردانی فەرماندەی فەیلەقم کرد و ئاگادارم کردەوە کە جێگری مارشاڵی هێزی هەوایی(سێر سێفتن برانکەر – Sir Sefton Brancker) بەڕێوەیە بۆ بریتانیا و، دەیەوێ لە(٥ و ٦)ی مانگدا بگاتە قۆنیا و، لەوێوە بێتە قوستەنتەنییە.

لەبەرئەوەی ئامادەبوو قسەبکات ، باسی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتم کرد وو وتم: "هەمووشتێك ،جگە لە هاوار هاوار، ئاسایی بووەتەوە". ئەو زۆر جددی بوو و، وتی: " بەهیچ جۆرێك هیچ شتێك ئاسایی نەبووەتەوەو، زیاترە لەوەی، وەکو من وتم، مەسەلەی (١٥٠) کوردی ئاژاوە گێڕی تالانچی بێ، بەڵکو هی (٥٠٠٠) پێنج هەزار کەسی باش چەکدارکراوە کە دەیانەوێ حکوومەت برووخێنن.

من وتم: سەربازی تەواویان لەونزیکانە دا هەیە و، دەتوانن ڕێ لە (٥٠٠٠) چەتەو تالانچی بگرن. بەلام ئەو وتی: ئەوان چەتە و ڕێگر نین، بەڵکو جەنگاوەری پڕ چەکن و، ژمارەیەك ئەفسەر و سەربازی سوپای نیزامیشیان تێدایەو، بە چەند کۆمەڵە سەربازێك چاریان ناکرێ. ئەوێ هێندەی سەرباز لێ نییە و، ئەوانەیش کە لەوێن بۆ "کاری تر تەرخان کراون ". هەروەها وتی: بەم زووانە پێنج فیرقەمان دەگەنە ئەدەنە و، دەتوانین خێرا بۆ هەرێمەکانیان بنێرین: هەرکە بەفرەکەیش توایەوە، سێ فیرقەی تر لە باکوورەوە ڕەوانە بکەین.

وتی: خۆی نە خەڵك و نە ناوچەکە دەناسێ، بەلام سەرۆکی دەستەکەی شارەزایە. هەروەها درێژەی پێدا و، وتی: زۆر جێی مەترسیبوون و حەزیان لە شەڕ دەکرد. بەرەنگار بوونەوەیشیان، بە هۆی نەبوونی پەیوەندی و سروشتی ڕێگە و هەرێمەکەوە، ئاسان نەبوە. بە قسەی ئەو، ئەگەر یاخیەکان لەو شوێنانەی

ئێستایاندا گەمارۆ بدرێن، زوو لەناو دەچن. بەڵام کردەوەی نیزامیی دژی کورد، بەگشتیو دەبێتە مایەی ڕاپەڕینی هەموو کوردەکان.

کۆلۆنێل نەقیب فەیسەڵ بەگی سەرۆکی ئەرکان، لەو کاتەدا هاتە ژوورەوە .هەوڵم دا بیروڕای خۆیم پێ بڵێ، بەڵام لەبەرئەوەی جەنەڕاڵ شوکری نایلی پاشایش لەوێ بوو، واتە بوونە دووکەس، هیچی نەدرکاند.

تێبینی:

زانیاریەکان لەسەرچاوەیەکی فەڕەنسییەوە وەرگیراون. گفتوگۆکە دوو بایەخی هەبوو:

یەکەم/ جەنەرال شوکری یەکەم جارە زانیاریی عەسکەرییم ئەداتێ.

دووەم/ دەرکەوتو بەڕای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، تا ئێستا ئیجرائاتەکان ئەوانە بوون کە بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە کراون.

پێم وایە "بۆ کاری تر تەرخانکراون" ی جەنەڕاڵ ئەوە دەگەیەنێ کە خۆیان بۆ شەڕی عێراق ئامادە دەکەن، یاخود لەبەر ئەوەی کە ژمارەیەك کوردیان تێدایەو سەرکەرمی ئاگادارکردنەوەی یەکترن.

وەزارەتیدەرەوە: ٢٦٢/٤٢٤، ل: ١٠٣-١٠٤ ، ژ: ٢/١٠٣

***   ***   ***   ***   ***

هاوپێچی (٤) ی ژمارە (٩)
زانیاری لەسەر بزواتنی سەرباز بەرەو ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاّت

بەپێی زانیاریی سەرچاوەیەکی فەرەنسی، دەستەی جەنەڕاڵی تورکی (٥) فیرقـە لەئەدەنـە کۆدەکاتـەوەو، بـەرەو ڕۆژهـەلاّت (جـەرابلوس یـا ڕەئسـولعەین) بەشـەمەندەفەر و، پاشـان بـە ئاراستەی باکوور و باکووری خۆرهـەلاّت بـەپێ، بـۆ پاککردنەوەی ولاّت لەیاخیان ڕەوانەیان دەکات.

نایشیانەوێ، تا ئەو کاتـەی بەفرەکە دەتوێتـەوە، هیچ کردەوەیەکی سـەربازی لەناوچەی سەختی باکووری ڕۆژئاوای دیاربەکر دەست پێ بکەن.

برگەیـەك لەڕۆژنامەیـەکی نـاوخۆوە دەرکـەوت کـە تێیـدا هـاتووە: مۆڵـەتی دەسەلاتدارانی فەڕەنسە بۆ گواستنەوەی سـەربازەکان، بەسـەر ئـەو بەشـەی هێڵـی ئاسنی بەغدادا کە بە دەست ئەوەانەوەیە، وەرگیراوە.

ڕێبوارێك کە ٢٧ شوبات ئەدەنەی بەجێ هێشتبوو، ئەم زانیاریانەی پێدام:

١– چوار ڕۆژ پێشتر، کاتێك لە (دۆرت یۆڵ) بووە، هیچ سەربازێکی لێ نەبوە.

٢–٢٥ی مانگ عەرەبانە لەئەدەنەدا دەست نەکەوتووە. ئەوسەرکارەی کـە زووتـر ئیشی لا کردبوو، پێی وتبوو: سوپا داوای هەموو ئەسپە بە کەڵکەکانی کردووە.

٣– هـەموو تورکـەکان کـە هاتبوونـە شـارەکەوە، لەگـەڵ جەندرمـەدا تێکـەڵ بووبوون و خۆیان کۆ کردبووەوەو، خەریکی ڕێ ڕۆیشتنی عەسکەری بوون. ئـەو ڕۆژە کە ئەوێی بەجێ هێشتبوو، (٥٠٠)کەس لە وێستگەکە بوویبوون و مەشقیان کردبوو. (١٠) عەرەبانـە – بڵێـین: سێ سـەد کـەس– بـە شـەمەندەفەری قوسـتەنتەنییەوە بەسترابوون، ئەمانە لە یەنیجـەی خاڵی گەیشتن بە مارسین[1]، کە وارگۆنێك چـاوەڕێی

---

[1] ویلایەتێکی تورکیایە لەسەر باکووری ڕۆژهەلاّتی دەریای سپیی ناوەڕاست. (س)

کردبوون، وەستاون و بە هێڵی مارسینادا نێردراونەتە خوارەوە. ئەو دەیزانی کە هیچ شەمەندەفەرێکی سەربازی لە ئەدەنەوە بە رەو رۆژهەڵات نەڕۆیشتووە.

٤- پیاوەکە، لە ڕێگەی قوستەنتەنییەدا، شەمەندەفەرێکی لە ئەسکیشەهر[1] و دوانیشی لە نێوان ئەو وێستگەیە و (ئیرمی Irmi) دا بینیبوو. هەریەکەیان (٥٠ پەنجا) عەرەبانەی داپۆشراویان پێوە بووە و، نیوە بوون لە خەڵك بەجلی سەربازی و کەل و پەلەوە، لە سەربازی تازە نەچووبوون.

هێندەی بینیبووی، تەنها نیوەیان برنەویان پێ بوو بوو، چەك لە سەر شەمەندەفەرەکە نەبوو بوو، ڕەشاشیشی بەدی نەکردبوو.

<u>تێبینی:-</u>

هەر عەرەبانەیەك ئەگەر (٢٠) کەسی بۆ گەشتێکی دوور تێدا بووبێ، ئەوا دەکاتە (١٠٠٠) کەس لە هەر شەمەندەفەرێکدا. پێم وایە ئەو سەربازانە بەشێك بوون لە فیرقەی (٨)ی ئەنگۆرە و (٢٣)ی ئیزمیت. هەر فیرقەیەك (١٥٠٠)کەسە.

ناتوانم هۆی ڕۆیشتنیان بۆ مارسینا، ئەگەر بۆ مەبەستی ئاسایشی ناوخۆنەبێ، دیاری بکەم و ، هیچ زانیارییەکیشم لە بارەی نا ئارامیی ئەو ناوچەیەوە نییە.

وەزارەتی دەرەوە ٤٢٤/ ٢٦٢، ل: ١٠٤، ژ: ٤/١٠٣

*** *** *** *** ***

---

[1] ویلایەتێکی باکووری ڕۆژاوای تورکیایە (س).

ژ: ١٠

لە مستەر لیندسەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین- (١٦ مارس گەیشتووە)

(ژمارە: ١٩٩)

قوستەنتەنییە، ١٠ ئاداری ١٩٢٥

گەورەم ،

من بۆ تەواوکردنی برووسکەی ژمارە ١٧٨ی سێی ئەم مانگەم، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی کابینەکەی فەتحی بەگ، دەمەوێ پێتان بڵێم: دەقی ئەو پێشنیارەی کە لە کۆبوونەوەی پارتی گەلدا لە دژی ئەو دەنگیان لە سەر دا، ئاشکرا نەکرا. هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی وا هەست دەکرێ تاکە هۆکار کە تەرازووەکەی لە دژی ئەو لاسەنگ کردبێ، خۆ هەڵقورتاندنی بووە لە چەنە بەرچەنە وەستانەوەی مستەفا کەمال پاشادا. ئەمەش ڕووناکییەکی سەیر دەخاتە سەر باری سیاسیی تورکیا. ئەنجامی دەنگدانەکە لە ناوپارتەکەدا (٩٠) بەرامبەر (٦٠)بووە .زیادبوونی (٣٠ یان ٤٠) ئەندامی ئاشکرا کراوی ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەمەی دوایی، ڕێگە بۆ کاریگەریی سەرۆك خۆش دەکات و، ئاشکرا دەبێ کە بە ڕاستی پێویستە حکوومەتی عیسمەت پاشا تەنها کەمینەیەکی سیاسەتمەدارە قەناعەت پێکراوەکانی ئەنجومەن پشتگیریی بکەن. کەس پێی وانییە ئەم کابینەیە هیچ پشتیوانێکی ماددی و سۆزی ڕاستەقینەی دەوڵەتی بە گشتی مسۆگەر کردبێ.

٢- ئەم بۆچوونانە هیچ جیاوازییەك بۆ کردارەکەی حکوومەت دروست ناکەن، چونکە ئەندامانی پارتی گەل هەر بیروڕایەکی تایبەتی خۆیانیان هەبێ دەبێ بە پێی ڕێنوێنی کۆبوونەوەی لیژنەی ڕێکخستنی پارتەکەیان دەنگ بدەن. کابینەی ئێستا کە سەرۆك پاڵپشتیەتی، لە چاوئەوەی پیشوودا کاریگەریی زیاتری دەبێ بۆ دابینکردنی ئارامی. قەیرانەکە مستەفا کەمالی بە ئاشکرا ناچار کرد هەست بەو سڵەمینەوەیە نەکات کە چەند مانگێکە کردوویە و، پێدەچێ وەکو فەرمانڕەوایەکی ڕاستەقینەی

وڵات دەربکەوێ. ناوبراو نەک تەنها خۆی (فەتحی)ی سەروەزیری دەرکرد بوو، بەڵکو وەك لە بڕگەی چواری خوارەوەدا دەبینرێ، دەبوو بە ڕەسمی بەو ئیجرائاتانەی کە بە پێی یاسای نوێی نائاسایی بۆ بوژاندنەوەی نیزام و ڕیکو پێکی وەرگیراون، ڕازی بێ. بەم جۆرەش بۆماوەی دووساڵ بەڕێوەبەرایەتیی D.O.R.A ی تورکی[1] دەکات.

٣- بەیانیی چواری ئادار پارتەکە کۆبووەوە، بەرنامەی حکوومەتی نوێی تێدا ڕاگەیەندراو، بڕیاری لەسەر دراو ، نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ خرایە بەردەمی ئەنجومەن .عیسمەت پاشا لەبارەی خواستی سەرجەم وەزیرەکانەوە بۆ پەیوەندیی دۆستانە لە دەرەوە و چاکسازی لە ناوخۆی وڵاتدا، دوا. سەبارەت بە پێداویستی هەنووکەیش، دوو ڕێوشوێن کە بریتیبوون لە:

یەکەم: یاسای "سەقام گیر کردنی هێمنی"

دووەم: دامەزراندنی دوو دادگەی ئیستیقلال[2]، ڕاگەیەندران.

پارتی پێشکەوتنخواز بە توندی دژایەتیی هەردوو کردارەکەی کرد، بەڵام بێ هوودە بوو، هەمان ڕۆژ کرانە یاسا، ئۆپۆزسیۆن ئاماژەی بەوە کرد کە فەتحی بەگ تەنها هەفتەیەکە بەکۆی دەنگ بڕوای پێبەخشراوە و، پرسی: دەبێ چی ڕوویدا بێ کە بووبێتە هۆی لە کارلابردنی. وەڵامی عیسمەت پاشا پێچەوانە بوو، کەمێك زیاتر لەو مامەڵە بەهێزەی وا تا ئێستا لە تەك قەیرانەکەدا کراوە، بە پێویست زانی.

٤- دادگەکانی ئیستیقلال دوانن و، یەکێکیان لە ئەنگۆرەیە و، ئەویتریان شوێنی دیاریکراوی نییە، بەڵام نیازوایە لە ناوچەکانی یاخی بووندا دابنرێ. حوکمی مردن کەلەمەی دواییانەوە دەردەچێ، دەبێ خێرا جێبەجێ بکرێ، هی ئەوەی ئەنگۆرەیش پێویستە ئەنجومەن بڕیاری لە سەر بدات. یاسای بووژاندنەوەی نیزام و ڕێکو پێکی، ماوەی دووساڵ کاری پێ دەکرێ. حکوومەت، بەم پێیە، لە سەر بڕیاری

---

[1] دەبێ کورتکراوەیەکی تورکی بێت ساختەکرابێەوە.

٢ لە بەرئەوەی لە ڕۆژنامەوانیی کوردی ئەو سەردەمەیشدا، ئەو دادگایە بە (ئیستیقلال) ناوی ڕۆیشتووە، پێویست بینرا هەروا بهێڵرێتەوە. (س)

سەرکۆمار و بە فەرمانێکی کارگێڕی دەشێ هەر ڕێکخستنێك یا دوور بینییەکی کاردانەوە یاخود یاخی بوون بۆ شێواندنی سروشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئارامی و ئاسایشی گشتی قەدەغەبکات. ئەم جۆرە تاوانانەیش دەخرێنە بەردەم دادگەی ئیستیقلال.

٥– ئەنجومەن بەرهەڵستیی یاساکەی کرد، چونکە ئاڵۆز بوو. بێگومان ئاسان نییە هەست بەوە بکرێ کە چۆن تۆڕی سەر کوتکردن هەڵدەدرێ تا ڕووبەرێکی فراوانتر بگرێتەوە، لە بەرئەوەی حکوومەت بۆ ماوەی دووساڵ سەرپشك دەکات هەر نیازێکی هەبێ بە کردەوە جێبەجێی بکات. بەرامبەر کێکە، بووە تەقینەوەیەکی بەهێزی ڕەجەب بەگ بە ڕووی چاپەمەنیەکانی قوستەنتەنییەدا؛ بە قسەی ئەو، بیرۆکەی یاساکە ڕەوا بوو، ڕۆژنامەکان لانەی ماران بوون، دەبوو دەمکوت بکرێن و، لە ناو ببرێن و، پاك بکرێنەوە. تا ئەمانەیش نەکرێن، وڵات ئاشتی و ئارامی بە خۆوە نابینێ. کاریگەریی دیاری یاساکە لە سەر چاپەمەنیەکانە، حکوومەت وتبووی سانسۆر نییە، ئەوی ڕۆژنامەکان ئێستا، لەبەر ئەم یاسا نەرمەی چاوترسێنکردن بە دیمەنێکی دادگەیی و هەروەها ڕێوشوێنێکی نەرم بەر لە دانیشتنی دادگەی ئیستیقلال، لە هەل و مەرجێکی زیان لێ کەوتووی ئەنگورە دا دەبلێن، خۆ ئەگەر سانسۆرێکی توند و تیژ هەبێ، ئەوا بە دەگمەن دەوێرن بدوێن. ٦ ئادار و ڕۆژێك پاش دەرچوونی یاساکە، سێ ڕۆژنامەی قوستەنتەنییە داخران کە بریتی بوون لە (تەوحیدی ئەفکار) ی زمانی حاڵی ئیسلامیی موحافیزکار کە زۆرترین خوێنەری لە وڵاتدا هەیە و، دوو ئێوارە بڵاوکراوەی بچووکتر(سۆن تێلیگراف Son Telegraph) و (ئیستیقلال . ,Istiklal)دوو ڕۆژنامەیش لە تەرابزوون و، یەکێك لە ئەسکیشەهر و یەك لە ئەدەنە و سێ چوار بڵاوکراوە و گۆڤاریش، هەمان ڕیوشوێن لە دژیان گیرایەبەر. تا ئێستا ڕۆژنامەکان خۆیان لە بلاو کردنەوەی هەندێ گوتار بە دوور دەگرن و، دووسێ ڕۆژی یەکەم زاتیان نەدەکرد هیچ هەواڵێکی ویلایەتەکانی ڕۆژهەلات بلاوبکەنەوە. حوسەین جاهیدی (تەنین)ی تاکە ڕۆژنامەی ڕاستەقینەی تورکیا، ڕایگەیاند: ئیتر

بابەتی سیاسی بلاّوناکاتەوە و ستوونی سەرگوتارەکەی پڕبوو لە بیرەوەریی دوورخستنەوەی بۆ ماڵتا و، ئەم یادەوەریانەیش سەرزارەکی بوون و، دژی بریتانیا نەبوون.

٦- هیچ گۆڕانێکی دیاری زادەی ئەم ڕژێمە نوێیە، لە ڕووەکانی ترەوە، تێبینی نەکراوە. بەلاّم ناشێ ڕێکخستنی شارو شارۆچکەکانی پارتی پێشکەوتنخواز، ئەگەر بە تەواوی هەڵیانەوەشێننەوە، گەڕیان پێ نەکرێ. دادگەکانی ئیستیقلال دامەزرێنراون و، دادوەرەکان دیاری کراون کە هەموویان پشتیوانی توندڕەوی مستەفا کەمالن و، تەنها سەرۆك قلیچ عەلی لە برووسکەکانی پێشوودا ناوی هاتووە .تاکاتی نووسینی ئەمە، هیچ حاڵەتێك نەخرابووە بەردەم ئەم دادگە تازانە.

٧- پڕۆپاگەندەی زۆر لەبارەی یاخی بوونەکەوە هەن کە پشت ڕاستکردنەوەیەکی هێندە کەمیان هەیە ناتوانرێ متمانەیان پێبکرێ. دوو سێ ڕۆژ بوو چاپەمەنیەکان هیچیان نەبوو بیڵێن، ئەوە نەبێ کە هێزەکانی سەرکوتکردن بەم زووانە دەکەونە خۆ. ئەمڕۆ بەگشتی بلاّویان کردەوە کە (٥٠٠٠) یاخی پەلاماری دیار بەکریان داوەو، بەربەرچیان دراوەتەوە. یا ئەوەتا ئەم هەواڵە و وێنەکەیشی لەلایەن حکوومەتەوە دراون، یاخود سبەینێ هیچ ڕۆژنامەیەکی قوستەنتەنیە نابینرێ و هەموویان دادەخرێن. مستەر نایتم نارد بۆ تەرابزوون بۆ ئەوەی هەندێ هەواڵمان دەست بکەوێ.

ئەوەی کە ئێستا لە ئارادایە لە ڕاپۆرتی ڕائید (هارینك) ی پاشکۆی عەسکەریی ئەم باڵیۆزخانەیەدا هاتووە، بە خۆشحاڵییەوە لەگەڵ ئەمەدا بۆتان بەرزدەکەمەوە[١].

ئاڕ. ئێس. لیندسەی

وەزارەتی دەرەوە ، ٢٦٢/٤٢٤ ، ل: ١١٢-١١٤، ق: ١١٣

*** *** *** *** ***

---

[١] چاپ نەکراوە

ژ: ١١

لە مستەر لیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین - (٣٠ مارس گەیشتووە)

ژمارە (٢١٩)

قوستەنتەنییە ٢٣ ئاداری ١٩٢٥

گەورەم،

لەو شەش ڕۆژەدا کە لە ئـەنگۆرە بەسـەرم بـردن، سـێ گفتوگۆی سـەبارەت بـە بابەتی گشتی و تایبەتیم لەگەڵ عیسمەت پاشا و ، بەلای کەمیشـەوە سیانم لەگەڵ تۆفیـق ڕوشـدیی وەزیـری کاروبارەکانی دەرەوەدا کـرد. وەزارەتـی دەرەوە بـاش شارەزای ئەوەی پێشـوویانە و، پێویسـت بـە ناسـاندنی زیـاتر ناکـات. بـەلام تۆفیـق ڕوشـدیی وەزیـری دەرەوە، کـارێکی باشـی نـەکردە سـەرمن. بـە ڕواڵـەت خـۆش مەشرەبە، بێگومان نەویستراوترین شێوازی پیا هەڵدانی توانـج ئـامێزی هەیـە، بەلام ڕاڕایە و، بڕوای بە خۆی نییە. چەنە بازەو قسەکانیشی بێ ناوەڕۆك و واتان. لە بەڵگە هێنانەوە و پێ داگرتنە نا دڵسۆزانە کانیشیدا، بـە دڵ گەرمییـەوە دەدوێ. لەوانەیـە هەندێ لە قسەکانیتان پێ ڕاگەیـەنم. بـەلام لـە یـادم نییـە بـاوەڕم بـە هیـچ کـام لـە قسـەکانی کردبـێ. نـاوبراو خۆشـبەختانە بایـەخێکی ئـەوتۆی نییـە و، لـە ڕاسـتیدا عیسمەت پاشا خۆی سیاسەتی دەرەوە بەڕێوە دەبات.

٢- ئەو باسانەی کە لە نێوان من و هەردوو وەزیـردا وتوێژیـان لـە سـەر کرا، بـە پێی تەوەرەکان و هەر سەرنج و تێبینیەکی پێویستیشیان لە برگەکانی داهاتوودا بۆ دەنووسم. دووسێ بابەتیش بۆ ڕاپۆرتەکانی تر دەهێڵمەوە.

٣- عیسمەت پاشا لەوەلامی پرسیارە هەمە جۆرەکانمدا لە سەر ئـاژاوە و یـاخی بوونی کوردستان وتی: بە بارودۆخەکە نیگەران نییە. بە قسەی ئەو: یـاخی بوونەکـە لەو هێرشەی ئەم دواییانـەدا کـە کرابـووە سـەر دیاریـەکر و بـە تـەواوی تێکشـکابوو گەیشتبووە لوتکە. هێزە عەسکەریەکان کۆکراونەوە و، یاخی بوونەکە بە ماوەیەکی.

کورت دادەمرکێنرێتەوە. هەروەها ترسی نەبوو لە بڵاوبوونەوەی نا ئارامی بۆ وان و بدلیس، چونکە دانیشتوانی ئەو ناوچانە دڵسۆز بوون. لەوەش زیاتر قایمکاریی باشی کردبوو. پێشبینیی گیروگرفتی لەو هەرێمانەدا نەدەکرد کە کوردنشین نەبوون. دەبوو نیزام و ئارامی لە هەموو جێیەکی وڵاتدا بەرقەراربێن. ئەو هێزە تایبەتانەیش کە حکوومەت بردبوونی، ئەو دڵنیاییەیان پێ بەخشیبوو. تێبینیی ئەوەم کرد، بە پێی چاپەمەنیەکان، (٥٠٠٠ پێنج هەزار) یاخی تەنها لە دەرەوەی هەرێمی دیار بەکر بوون. دەبێ هۆکاری ریشەیی و قووڵ بۆ ئەو سەرهەڵدانە هەبن. گومانی تێدا نییە کە حکوومەت دەیتوانی زوو یاخی بوونەکە دابمرکێنێتەوە، بەڵام پێشنیاریان چۆن بوو بۆ لەبن دەرهێنانی رەگ و ریشەی موحافیزکاریی خراپ و نەتەوە پەرستی و بۆچوونی دینی یان هەرشتێکی تر، تا بەر بە درێژەکێشانی نا ئارامی بگرن؟ من ئەم پرسیارەم کرد، چونکە لە بەرژەوەندیماندا نەبوو بێ سەرەو بەرەیی ناوخۆی تورکیا لە رێی پێکهاتنەوەی ئاشتیانە لابدات.

٤- عیسمەت لەوەڵامدا وتی: هەرگیز نایەوێ دەست لە سیاسەتی پێشکەوتن، کە هەمیشە لە سەرەتاکانی پرۆگرامەکەیدا بووە، هەڵگرێ. لەلایەکی ترەوە ویستی بە پێداگرتن لە سەر ئەم سیاسەتە، کۆتایی بەو باسە بێنێ کە لە بارەیەوە دەدواین، دەیەکی ناوچەکوردنشینەکان لە لایەن سەر خێڵەکانەوە بەڕێوە دەبرێن و، بەمەش جڵەوی دەسەڵاتیان بۆ درێژە پێدانی رژێمی خێڵایەتی بە سەر جوتیاراندا گرتۆتە دەست. هەڵوەشاندنەوەی ئەمە، دەسەڵاتی سەرخێڵەکانی سەرچاوەی هەموو گرفتەکان هەرەس پێ دێنێ. کشتیار، کاتێك بەرووبوومی خۆی دەدوورێتەوە، ئیتر هەست دەکات لە زەوت و بێزار کردنەکانی رابردوو رزگاری بووە. چاکسازیی ئابووری چارەیەکی پێویستی سانا بوو، گۆڕانی سیاسیی نەویست.

٥-هەرچەندە عیسمەت ئەمەی پێنەوتووم، بەڵام هەل رەخساوە بۆ ئەوەی کە سیاسەتی تەواوکاری (تەکامول) بگیرێتەبەر. سەرۆکی دەستەکە بە پاشکۆی سەربازی ئیتالیای وت: ئێستا (٥٠٠٠٠) کورد لە تورکیادان و، بەم زووانە ئەم

ژمارەیە تەواو کەم دەبێتەوە. ئەوانەش کە دەمێننەوە، بۆ ئیشی کەرتی گشتی بەکەڵك دەبن. لە هەمان کاتدا تاکە شێخ یان ئاغایەك لە کوردستاندا ناهێڵرێ.

٦- ئەم گەشبینیەی عیسمەت، هەموو ئەو تورکانەی گرتۆتەوە کە قسەم لەگەڵدا کردوون، دیپلۆماتە ئەورووپیەکانی ئەنگۆرەیش، پێیان وایە ئەمە دێتەدی. من وتم هیوادارم تورکیا پەیوەندی بە کۆمەڵەکەوە بکات، مەسەلەکەم زۆر بە ئاسان لە قەڵەم داو، وتم: کۆمەڵە ناوەندی گشتیی کۆبوونەوە و وتووێژە کە نوێنەری هەریەك لە (٥٠) نەتەوەی جیاجیای تێدا دەتوانێ هەستێ و، ئەوەی دەیەوێ بیڵێ و ئەوانی تریش گوێی لێ بگرن. شتێکی بێ مانایە یۆنان و بۆلگاریا ئازادبن لەوەی کە هەستن و بدوێن، لە کاتێکدا کەسێك نەبێ نوێنەرایەتی تورکیا بکات و بیروڕاکانی دەربڕێ. بەلام باشترە تورکیا پەیوەندی بە کۆمەڵەکەوە بکات و، بە مەیش بچێتە ڕیزی برایەتیی نەتەوەکانەوە، نەك وەك ئێستا کە وا دەردەکەوێ دوورە پەرێزیی لە گۆشەگیرییەکی تەواودا بە پەسند تر بزانێ. بەمە یارمەتی کۆمەڵە دەدات، لە پەیوەندییە جیهانیەکانیدا بە دەوڵەتانی ترەوە، بڕوای بە خۆی زیاتر بێ. عیسمەت وتی: دوو دڵییەکی بنەڕەتی لە پەیوەندی کردنی تورکیادا بە کۆمەڵەوە هەبوە، بەلام ئەم پرسیارەی کرد کە زەکیش لە تۆی کردبوو: ئایا تورکیا ناتوانێ کورسییەکی لە ئەنجومەنەکەیدا هەبێ؟ منیش لەوەلامدا، هەروەکوو تۆ وتم: هەموو ولاتەکان ئەمەیان ویستووە و، پەسەند کردنیشیان کێشەیەکی کۆمەڵەکە بوو. ئەمجا هەندێ حەساسیەتی لەوەی کە ئەگەر تورکیا داوابکاو وەرنەگیرێ، دەربڕی. من وتم ناتوانم بە ڕاستی لێرە دڵنیات بکەمەوە، چونکە کۆمەڵەبڕیاری لە سەر دەدات، هەروەها وتم هەرگیز ڕێیتێناچێ ئەم داواکارییە ڕەتبکرێتەوە و، ڕاڕایی تورکیایش لەم بارەیەوە هیچ پێویست نییە.

٨- کاتێك ئەم گفتوگۆیەم لەگەڵ تۆفیق ڕوشدیدا دووبارە کردەوە، پاش ئاماژە کردنی بەوەی کە ڕێباز و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە چەند کاری لە ئەو خۆی کردووە، لێی پرسیم: ئایا حکوومەتی خاوەنشکۆ پشتیوانی داوای تورکیا بۆ کورسییەك لە

ئەنجومەنی کۆمەڵەکەدا دەکات؟ منیش وتم: حکوومەتی خاوەنشکۆ ئەم داوایەی پێگەیشتووە و، بەگشتی پێی باش بووە پێش وەخت هیچ هەڵوێستێك وەرنەگرێ .باشترە تورکیا بچێتە کۆمەڵەکەوە و، ئەمجا بەهۆی بەشداریی لە کارە باشەکانیدا، جێی خۆی لە ئەنجومەندا بگرێ.

٩- وا هەست دەکەم حکوومەتی تورکیا دەچێتە کۆمەڵەکەوە و، پێشم وایە دواکار تا بڕیاری موسڵ دەرنەچێ، دەستی پێ ناکرێ. وا هەست ناکەم ئەمە چوونە ناو کۆمەڵەی تورکیا بە سروشتی بڕیارەکەوە ببەستێتەوە، چونکە تا ئێستا چاودێری پەسندکردنی بڕیارەکە دەکەم کە بە کردەوە پشت ڕاست کراوەتەوە. بەڵام تورکان حەز دەکەن جارێ خۆیان نەخەنە هیچ شتێکەوە سوور نەبن لەسەری و، ئەو مەسەلانە بۆ دواکات دوابخەن. بڕیاری کۆمەڵەیش کە لە ئان و ساتدایە، هەلێکیان بۆ دەرخسێنێ تا پەیوەندیکردنەکەیان دوابخەن. ئەمەش، ئەگەر بۆ کەس نەبێ، بۆ ئەمان جێی ڕەزامەندییە.

١٠- پەیوەندی ئابووری لەگەڵ بریتانیای مەزندا:

من بە عیسمەت و تۆفیق ڕوشدیم وت: هیوادارم تورکیا هەرچی زووە بە جددی بیر لە دامەزراندنەوەی پشتیوانەکەی لەگەڵ ئەورووپادا بکاتەوە و، سەبارەت بە بریتانیای مەزنیش ڕابردوو لە یاد بەرێتەوە. ئەوەم وە بیر هێنانەوە کە تورکیا زەبرێکی کوشندەی لەئەنجومەنی بەڵێندەران (حاملی العقود) ی دەرەوە و گرووپی هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ و کۆمپانیاکانی دەستەبەر کردن و برووسکەنێری ڕۆژهەڵات داوە. هەموو پسپۆڕێکی بەناوبانگی بەڕێوە بردنی دارایی شار لەفەرمانگەکانی ئەو گرووپانەدا هەبوون و، ئێستا کە وشەی تورکیایان لا باس دەکرێ، تەنها بیرەوەریی تاڵیان دێتەوە یاد.

١١- عیسمەت بە دڵ گەرمییەوە دەیگوت: پێشنیارێکی زۆر تەواوی سەبارەت بەقەرز لە لۆزان کردووە کە ڕەتکرایەوە. تورکیایش هەژارەوو ناتوانێ قەرزەکانی بداتەوە. من پێم وت: تۆ عەرەبانەکە لە پێش ئەسپەکە دادەنێی. تورکیا پێویستە

یەکەم جار دان بە پیرۆزیی بەڵێنەکاندا بنێ، ئەمجا باس لەمەسەلەی سووککردنی بارەکە بکات. لەوانەیە تورکیا ئەمەی بەلاوە گران بێ، بەلام ئەگەر بیەوێ وەك هێزێکی توانا و سەرکەوتوو خۆی پێکبێنێتەوە، ئەوا پێویستە بیکات. هاوکات ئاگادار بووم لەوەی مەسەلەکانی برووسکەنێری ڕۆژهەلات و هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ بەم زووانە هاتوونەتە پێش. هیواداربووم تورکیا بە وریاییەوە ئاگاداری هەردوکیان بێ و، دەروازەی بڕوای لەندەن لەخۆی بکاتەوە.

١٢- تۆفیق ڕوشدی وتی: ئاشکرایە "تورکیا" بەختێکی ڕەشی لەگەڵ ئەو وڵاتە دا هەبوە. هاوکات ناوبراو ئەو باوەڕەی پەیداکردووە کە دەتوانرێ تەنها لە لەندەنەوە برێکی چارەڕێکراوی سەرمایە بەدەست بهێنرێ. حکوومەتی تورکیا بە جددی بیری لە پشتیوان (اعتماد) ەکەی دەکردەوە و، بە کردەوەیش لەسەر تازەکردنەوەی مۆڵەتەکەی لەگەڵ بانکی عوسمانیدا ڕێکەوتبوو.

١٣- شارەزایانی ئەڵمانی بۆ باجی گومرگیی تورکیا:

بەتۆفیق ڕوشدیم وت: لەوکاتەوەی هاتوومەتە ئەنگۆرە، بیستوومە ئەوو عیسمەت پاشا لەو هەنگاوە دیبلۆماسیەی کە بۆ نوسرەت بەگم نابوو "بڕوانە برووسکەی ژمارە (پەنجا و چواری) شەشی ئادار"[1] و بە تایبەتیش لە وشەی ڕیسوا کردن کە بەکارم هێنا بوو نیگەران بوون، پێم خۆشبوو بزانم لەو بارەیەوە چی دەڵێ. ناوبراو بۆماوەیەکی درێژ کەوتە قسەی پڕ باق و بریق لە مەڕ نابەجێیی ئەو شتانەی کە لەسایەی سیستمی ئیمتیازاتی بێگانە دا ڕێیان تێ دەچێ و، ئەوەیش کە لێك جیاکردنەوەی مامەڵە لەلایەن شارەزایانەوە لە سێبەری ئەم ڕژێمەی ئێستای تورکیا دا گونجاونییە. منیش وەلامم دایەوە و، وتم: دەست تێوەردانی ئەڵمانیا هاوتاو تەنانەت زیاتریشە لەوەی پێش جەنگ و، بازرگانانی بریتانی دامەزراندنی ئەڵمانییەکان بە دوا قفڵ دانی دەرگا بەڕووی بازرگانیی بەرتانیادا لێکدەدەنەوە و، کارێکی خراپیش دەکاتە سەر باری دارایی. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێمە، بۆ

[1] چاپ نەکراوە

گێڕانەوەی بڕوای هاوبەش، ئارەزووی پەیوەندی سیاسیانە دەکەین. وەڵامی بەڕێزتان ئەوەی بۆ دەرخستم کە ئەو سەرنجانەی وا دابوومن بە نوسرەت بەگ، لە بیری کردوون. وام هەست دەکرد بە ئاگادارکردنەوەی تورکیا لەو بۆچوونەی کەدەشێ بەسەریاندا تێپەڕێ، کارێکی ڕاستم کردووە. دواتر ئەم قسانەم بۆ عیسمەت پاشا دووبارە کردەوە و، زانیم لە گفتوگۆکەم بێزارە، بەڵام وەڵامەکەی لە بارەی ئەو کێشانەوە کە بۆ بەگەڕخستنی شارەزایانی بێگانە، لە چارەسەریان هیوای بڕوا بوو بوو تەنها قسەی زل بوو. پێم وایە باش نییە زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە بڕۆم. لە بڕیاری حکومەتی تورك دڵنیانیم و، دەبێ جارێ چاوەڕێ بکەین.

(پەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی تردا)

١٤– لەگەڵ بریتانیای مەزندا:

بەعیسمەت پاشام وت چاوەڕێی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکانم لە بارەی مەسەلەی موسڵەوە دەکرد و، پێشبینی ئەوەم دەکرد کە ئەم بڕیارە بێ ئومێدی هەردوو لا ناهێڵێ. هەر کە دەرچوو، هیوا داربووم لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبەینەوەو، بڕوامان بەیەکتر زیاد کات. وام هەست نەدەکرد بتوانرێ پەیوەندی ئەنگلۆ–تورکی بەم زووانە تەندو تۆڵبکرێ ، چونکە ڕۆژانێکی زۆری نزیکمان وا بەسەر بردووە، بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات پەیوەندییەکان باش دەبن و، هاوکات باشترین شت بریتییە لەگرتنە بەری سیاسەتێکی ئێجگار خراپ و، هەوڵدان بۆ بەرگرتن لە هەر گیر و گرفتێك کە لە نێوان هەردوو حکومەتماندا دروست ببێ. ئەم وتوێژەم لە دوا چاوپێکەوتنی عیسمەت پاشادا کرد، ئەویش بە وردی گوێی لێ گرتم و، تەنها یەك دوو دەستەواژەی دووبارەی هەبوو و، هیچ وەڵامێکی تری وەك تێبینی نەبوو، بۆیە چووینە سەرباسێکی تر.

١٥- لەگەڵ هەرسێ هێزی هاوپەیماندا:

بە عیسمەتم وت: هەستم کردووە تورکیا، لەوکاتەدا کە هاوپەیمانەکان دەستیان بە دانوستان لەگەڵ یەکتردا کردبوو، تا چ ڕادەیەك هەستیار بوو. تورکیا هەمیشە وا بیری کردۆتەوە ئەوان پیلان لە دژی ئەو دادەڕێژن. هەر ئەمەیش مەبەستی سەردانەکەی کانوونی یەکەمی ڕابردووی پاریس و ڕۆمات بوو. لە ڕاستیدا وتم تاکە گفتوگۆ لە سەر تورکیا ئەوکاتە کێشایەوە بۆ بڕیاری بەشان و باڵدا هەڵدانی. تورکیا بەگشتی لە ئاستی وڵاتانی هاوپەیمان کە بیریان لە شتێکی تر، واتە مەسەلەی ئاسایش. دەکردەوە، نزمتر بوو. ئەمە وای لە عیسمەت کرد پرسیارم لەسەر پرۆتۆکۆڵی جنێف لێ بکات و، منیش بەگشتی ئەوەی کە لەو بارەیەوە ئەمزانی، پێم وت.

١٦- لەگەڵ یۆنان و وڵاتانی باڵکاندا:

عیسمەت پێی وتم زووتر کە لە پۆستەکەیدا بوو، هەمیشە بۆ پەیوەندیی باش لەگەڵ یۆنان تێکۆشاوە. لەو کاتەوە چەندین ڕووداوی دیاریکراو هاتوونە ئاراوە، بەلام هێشتا جێی ڕەزامەندی نەبوونو، ئێستا هیوادارە بگاتە سەقامگیرییەکی پەسند. هەروەها وتی، ناجێگیریی کابینەی یۆنان گرفتی سەرەکی بووە.

١٧- تۆفیق ڕوشدی پێی وتم: ئاگای لە هەموو مەسەلەکانی یۆنان هەیەو، چاوەڕێی دانوستانیان دەکات کە بواری تەواوی ڕێککەوتن و ئەنجامێکی سەرکەوتووی تێدا برەخسێ. کار هەڵسوڕێن (قائم بأعمال) ی یۆنان پێی وتم کە حکومەت گۆڕا، چاککاری و پێشکەوتنی ڕاستەقینە ڕوویاندا. ئەمە لە کاتێکدا کە تورکیای سەردەمی فەتحی ئامادە نەبوو تەنانەت لەسەر مەسەلەی پاتریارکی گفتوگۆ بکات. تۆفیق ڕوشدی وتی: وەکو وەزیری دەرەوە، خۆی بۆ قسە لەسەر ئەم بابەتە ئامادەکردووە. بەلام ئەمە، چوار ڕۆژ دواتر، کاتێ والیی قوستەنتەنییە جارێکی تر داوای دابینکردنی پەساپۆرتی بۆ ئەو کەسانە کرد کە بڕیارە لە پایتەختەکاندا دابنرێن، هەڵوەشایەوە. وا هەست دەکەم وپەیوەندیی تورکیا و یۆنان باش بووە و، ئەو گوشارەی کە یاخی

بوونی ڕۆژهەڵاتی کورد خستوویەتییە سەر تین و تواناکانی حکوومەتی تورکیا، بە ئامانجی سروشتی و حەتمیی خۆی لە سنووری Thrace گەیشتووە.

١٨- لەگەڵ دەوڵەتانی باڵکاندا:

عیسمەت، بە بایەخ و کەمێك سووربوونەوە، لێی پرسیم: ئایا بەڕای من کێشە لە ناو وڵاتانی باڵکاندا هەیە؟ پێم وت: ئەوان لەوە کفت و ماندوترن گرفت دروست بکەن. لەوە دەچوو گومانی کردبێ ئەو دەوڵەتانە لەدژی تورکیا یەکیان گرتبێ، بەڵام نەمتوانی هیچی پێ بدرکێنم و، باسەکەمان کۆتایی هات.

١٩- دەستە (ستاف) ەکەم ، شان بەشانی دانوستانە سیاسیەکەی خۆم، لەگەڵ ئەندامانی ناسەرەکیی وەزارەتی کاروبارەکانی دەرەوەدا و لەسەر چەند تەوەرێکی جیاجیا سەرگەرمی وتوێژبوون. ئەوانیش زۆر بە ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردن و، هیچ هەوڵێکیان نەدا خۆیان لەمەسەلەکان بدزنەوە، هەموو کارێکیان بۆ دەستەکەم ئاسان کرد، تا کارمەندە لێهاتوو و تایبەتمەندەکانی وەزارەتەکانی تر ببینن.

هاوکات ئەو وەزارەتانە، لە نوێنەرایەتی کردندا، زۆر وریا بوون. ئەوەی ئێستا ئەزانین ئەوەیە کە تەنها بابەتێك بڕیاری لەسەر دراوە و، بۆ ئەوانەی تر نامانەوێ جارێ لەسەریان بڕۆین، چونکە پێناچێ تا دوو سێ هەفتەی تر بزانین چیمان لەو مەسەلە بچووکانە بەدەست هێناوە.

٢٠- بە کورتی، بە کەشکۆڵێك بەڵێن و پەیمان و سەرنجی بێزاری و هیچی ترەوە گەڕاینەوە بۆ قوستەنتەنییە. پێشبینی هیچ ناکامێکی خێراو بەرچاوم نەدەکرد. لە هەڵس و کەوتماندا لەگەڵ کارمەندان و ئەوانەی ئەنکۆرەدا، تێبینی گەورەترین ڕێزمان کرد کە هاوتای دوو ڕوویەکی تەواو بوو. هەمیشە، هەوڵم دەدا لە گفتوگۆکانم دا، بە ئینساف و ڕوون بم و، لەسەر بنەمای یەکسانی دانوستانیان لەگەڵدا بکەم و، دوورکەوەمەوە لەوەی کە وەك کەسێکی پایە بەرزتر قسەبکەم، چونکە تورکان نیمچە هەستیار ئاگاداری ڕاستیەکانن. هەروەها دەبوو هەر بەو جۆرە لەگەڵیاندا بدووامایە، چونکە ئەوان زۆرشانازی بەخۆیانەوە دەکەن. وا دیارە

کارەکەمان لە ئەنگۆرە بە تەواوکەر لەقەڵەم دراو، تورکەکانیش هەر بەو شێوەیە هەڵیانسەنگاند. دەبێ پێشبینی چەندین بێ هیوایی و کردەوەی بێ هۆی زیاتری حکومەت بکەین. پێم وایە: هەفتەی ڕابردوو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لە نێوان باڵوێزی خاوەنشکۆ و ئەنقەرەدا دانەمەزراند، بەڵام قۆناغێکی دیاری سەر ڕێگای گێڕانەوەی بڕوای نێوان هەردوو حکومەتی دیاریکرد.

ئاڕ ئێس لیندسەی

وەزارەتی دەرەوە ، ٤٢٤/ ٢٦٢، ل: ١٢٥– ١٢٨ ، ژ: ١٢٨

*** *** *** *** ***

ژ: ١٢

لە مستەر لیندسەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین- (٦ نیسان گەیشتووە)

(ژمارە: ٢٥٨)

قوستەنتەنییە ، ٣١ ئاداری ١٩٢٥

گەورەم،

بۆ تەواو کردنی ڕاپۆرتی ژمارە ١٩٩ی ١٠ ئادارم خۆشحاڵم پێتان ڕابگەیەنم بارودۆخی سیاسیی تورکیا سێ هەفتەی ڕابردوو لە پرۆسەی ڕەوینەوەی شەکەتی و ماندوویەتیی خۆیدا بوو. ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی بەردەوام و بە شێوەیەکی سەرەکی لە بەرامبەرکێی بودجەدایە. ئۆپۆزسیۆنێکی ئاوایش هیچ ڕۆڵێکی چ لە هۆڵی پەرلەمان و چ لە وڵاتدا نییە، جا ئەگەر بە تەواویش تێکنەشکێنرێن ئەوا هەردەمکوت دەکرێ. زستانی ڕابردوو جووڵانەوەکە کە دژی گەشەکردنی ڕژێمی پەرلەمانیی ڕاستەقینە هەستی پێ کرابوو کتوپڕ هەڵچوو و، نەتوانرا لە بەرامبەر دەسەڵاتداریێتی دەوڵەتی تاکە کەسدا بشاردرێتەوە، ئاسان نییە هەست بەوە بکەین کە چۆن ئێستا بەبێ هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی توند و تیژی بەردەوام پەرە دەسێنێ و ئەمەیش لە خۆیدا شتێکی ناکۆکە. هەرچەندە لەوانەیە خەڵك لە ڕابردوودا بە گومانەوە سەیری کۆششەکانی پێشخستنی سیاسییان کردبێ، بەڵام ناکرێ سۆزی دەرەنجامی سەرنجدانی ئەو کوێرە ڕێیە بێ ئومێدە کە ئێستا تورکیا گرتوویە بەر، ڕابگیرێ.

٢- دادگەی ئیستیقلالی ئەنگۆرە دەستی بەکارەکانی کردووە و، لەهەرێمە جیاجیاکانی تورکیا و بە تایبەتیش لە سیلسیاوە تاوانباری بۆ نێردراوە، دوو ڕۆژنامە نووسی ئەدەنە بە تاوانی نووسینی کۆنە پەرستانە و پڕوپاگەندەی نا دڵسۆزانە لە ناو سەربازاندا یەکیان بەسێ و ئەویتریان بە حەوت ساڵ زیندان حوکمدراون، ئەمەو والیش بە بیانووی ئەوەی کە لە شایەتیدا کەمتەرخەمیی کردووە، بە ٢٥٠ لیرەی

تورکی سزادراوە. ئەو دادگەیەی هەرێمەکانی ڕۆژهـەڵاتیش هێشتا نەکەوتۆتـە گـەڕ، بەڵام خاڵێکی گومانلێکراو لە کۆبوونـەوەی پـارتی گـەلدا، بۆ ئـەوەی کـات بـە فـیڕۆ نەدرێ، بڕیاری لەسەر دراوە. بەو پێیە: ئەو حوکمی مردنانەی وا دادگەی سـەربازی لـە هەرێمـەکانی یـاخی بوونـدا دەریاندەکـات، دەشـێ بـە ڕەزامـەندیی فەیلەقـە عەسکەرییەکان و فەرماندەی فیرقەکان جێبەجێ بکرێن.

٣–سەرنجی جددی لە کـارو بـارە گشتیەکان لـەم هـەل و مەرجـە خنێکێنـەرە و چاپەمەنیەکاندا بـە تـەواوی‌ئیفلیج کـراوە، حوسـەین جـاهیدی (تـەنین) تەنانـەت لـە قسەی باشیش خۆی دوور دەخاتـەوەو، ستوونەکەی تـەرخاندەکات بۆ بیرەوەریی دەستگیرکردنی لە مالتـاز بە داخەوە دەڵێم: بە شێوەیەکی سەرەکی گلـەیی و گازەندەی توندوتیژی تێدایە دژی ئەو گەماڕۆیانەی کە لەو دوورگانەدا بەسەر خۆی و هاوڕێ زیندانیەکانیدا سەپێنرابوون. ڕۆژنامەکانی تر باس لە فڕینی فڕۆکە و شـانۆی تورکی و ڕۆژووی ڕەمەزان و هەموو شتێکی جگە لە سیاسەتی ناوخۆ دەکەن. تەنـها نوێنەری قوستەنتەنییە ماوەیەکی نا ئاسایی بێ ڕەخنەو هێرش بەسەردەبات.

٤– دوو ڕاپۆرتی ڕائید هارێنك، بە کورتەی زانیاریی ئـەو ڕووداوانـەوە کـە ئێستا سەبارەت بە یاخی بوونی کوردستان ئێستا لەبەردەستدان، هاوپێچ دەکەم. هـەندێ ئاماژەی تایبەت هەن ئەوە پێشاندەدەن کـە شـتەکان، بـە پێچەوانـەوەی ئـەوەی وا پڕۆپاگەندە ڕەسمییەکان دەیانەوێ قەناعەتمان پێ بکەن، بە باشـی بـەڕێوە نـاچن. شەڕ لە وارتۆ– باکووری خۆرهەلات – و سیلوانی باکووری ڕۆژهەڵاتی دیاریەکر بەرپا بـووەو، وا دەردەکـەوێ یاخیـەکان کوشـتارێکی بـەرچاوی خەڵکـە هاوسـۆزەکانیان کردبێ. ڕۆژێك هـەواڵی دەسـت بەسـەردا گرتنـی مەلازگـەرد لەلایـەن کوردانـەوە و نەمانی پەیوەندیی نێوان مووش و بدلیس بڵاوکرایەوە، دوێنێ هاوکـارە ئیتاڵییەکـەم برووسکەیەکی بریکاری بەرپرسی قونسڵخانەکەی کە تایبـەت بـوو بـە پڕۆپاگـەندەی ناوخۆ، لە تفلیسەوە پێگەیشت. بە پێی ئەو برووسکەیە یاخی بوون ئەرزڕۆم و وانـی گرتۆتـەوەو، سـوپای ڕووس بـۆ هاوکـاریی تـورك بـەرەو سـنوور جـولاوە، بـەڕای

بریکارەکە بۆلشەفیکە ئەرمەنیەکان دەستیان لە یاخی بوونی کورداندا هەیە بۆ "ئەوەی دەربیخەن دیاریکردنی سنووری تورکیا رووسیا پێویستە"، ئەمانە تەنها پروپاگەندەن و جێی متمانەنین، لەوانە گرنگتر بابەتێکی (حاکمیەتی میللی) ی نیمچە رەسمییە کە لە ئەنکورە دەردەچێ. دەڵێ: یاخیەکان لە نێوان دیاربەکر و سیوەرەکدا چالاکن و رێبەرە دینییەکان کاریان تێکردوون و بارودۆخەکەش هەرنا ئارام دەبێ، کۆمارەکە هەموو رێ و شوێنێکی پێویستی بۆ دامرکاندنەوەی یاخی بوونەکە گرتۆتە بەرو سەریش دەکەوێ، بەڵام نابێ ئەرکی زیاتر بۆ ریشە کێشکردنی پەتاکە ئە ئیجواشاتی ژیرانەی چاکسازی ئیداری و کۆمەڵایەتی، پاش گەڕانەوەی سوپای سەرکوتکردن، لە یاد بکرێ و گومانیشی تێدا نییە کە نەخشەو پلان بۆ ئەو مەسەلەیە درێژراون، ئەم بابەتە بەبێ رەزامەندیی حکوومەت نەنووسراوە و، بایەخێکی تایبەتی هەیە، بە پێچەوانەی پرۆپاگەندەی رۆژانەوە کە هەمیشە ئەمە دەگەینن: پاش ئەوەی هێزی پێویست کۆکرایەوە ئێستا یاخی بوونەکە خەریکە دادەمرکێنرێتەوە، رەشبینی دەرەوێتەوە و، جەماوەر بۆ چاکسازی- بێگومان مۆڵەتی حکومیش بۆ خواستی ناوخۆ کە سروشتەکەی نە لە (حاکمیەتی میللی) و نە لە هیچ رۆژنامەیەکی تردا باس کراوە- ئامادە دەکرێ.

٥- گومانێکی کەم لەمەترسیداریی یاخی بوونەکەو ئەوەیش کە گوشارێکی زۆری خستۆتە سەر دەوڵەتی تورکیا، دەکرێ دەنگ لەسەر (١٠٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن، لیرەی تورکی بۆ سەرکوتکردنی دراوە و، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بودجەی ساڵی ١٩٢٥ و بەدواوە بۆ (٣٠٠٠٠٠٠٠) سی ملیۆن لیرە دابەزێ. دەیشبیستم ژمارەیەك کاری گشتیی گرنگی وەك دانانی هێڵی ئاسن ڕاگیراون. ئەگەر سەرهەڵدانەکە بە خێرایی دانەمرکێنرێتەوە، ئەوا دەبێ بڕی پارەی تەرخانکراو زیاد بکرێ، هەر کە کۆنترۆڵ و دەستیش بە چاکسازی کرا، وەك (حاکمیەتی میللی) دەڵێ، خەرجیی زیاتر پێویست دەبێ، ئەم گرفتە داراییانە و کارە عەسکەرییەکەیش بە پلەی یەکەم دەبێ لە بێهێزکردندا کاریگەر بن. ناشێ وا هەست بکرێ حکوومەت خۆی نەخشەی

یاخی بوونەکەی لە پێناوی ئامانجەکانی خۆیدا کێشابێ، سەبارەت بە هاندانی دەرەکیش، پێم وایە پێویست ناکات بە دوایدا بگەڕێین. گومان بەهۆی گوتاری (Cuibono[1]) وە تەنها لە سەر رووسەکان بوو. تاکە پشتگیریش بۆ ئەمە تەنها برووسکە بێ ماناکەی تفلیسی ئیتاڵیا بوو کە لەسەرەوە باسم کرد.

٦- تورکەکان، کە ئێستا یاخی بوون بەرپابووە، بۆ هارینی ئۆپۆزسیۆن کەوا لە سەرتاسەری وڵاتدا دژی خواستە عیلمانی و ڕادیکالییەکانی ڕژێم پەرەیان سەندووە و هەروەها بۆ بەهێز کردنی دیفاکتۆی تاك دەسەلاتیی (ئۆتۆکراسی)ی مستەفا کەمال قۆستوویانەتەوە، ئەمە ئەو قازانجە کەم و نەویستراوەیە کە لە هەلو مەرجێکی نالەباریان کردووە. ئایا هەر کە یاخی بوون تێکشکا، بۆ هەلگێڕانەوەی سوپاکەیان بە مەبەستی هەڕەشە کردن لە سنووری باکووریی عێراق، یان وەك لە دوا بڕگەی برووسکەی ژمارە پێنجی هاوپێچکراوی ڕاپێد هارینکدا هاتووە بۆ هەوڵی کودەتایەکی سەربازی دژی موسل، ئەم هەلە زیاتر دەقۆزنەوە؟ تورکیا بۆ ئەم دووهەڕەشەیە پێویستە یەکەم جار و هەرچی زووە یاخی بوونی کوردستان تێکشکێنێ و، زانیاریشمان ئێستا چ لەسەر فراوانیی سەرهەڵدانەکەو چ لە سەر کاریگەریی ئەو ئیجرائاتانەی کە لە دژی وەرگیراون هێندە کەم و گومان لێکراوە، دوو دڵم لەوەی باسی هەر فەرمانێکی بڕیارلێدراو بکەم. ئەگەر تەواو دامرکاندنەوەی یاخی بوون، هاوکاتی بڕیاردانی مەسەلەی مووسل بێ دژی تورکیا و، سەربازی پێویستیش کۆکرابنەوە، پێم وایە کودەتا دژی مووسل لە ڕوانگەی عەسکەرییەوە ڕێتێدەچێ، بۆیە دەشێ پێویست بێ پێش وەخت لە بەرچاو بگیرێ، سەرجەم بارەسیاسییەکانی مەسەلەکە دژی ئەم ئیحتیمالانەن، چونکەپێویست دەبێ تورکیا بە تەنها خۆی بکەوێتە دژایەتی کۆمەڵەی نەتەوەکان و، دوژمنایەتی بریتانیای مەزنیش بکات. ئەمە لە کاتێکدا وەك خۆی دەزانێ تەنها ڕووسیا پشتیوانیی دەکات و خۆیشی ڕەزایەکی گرانی هەیە. هەرچەندە لەوانەیە هەندێ تورك بەم قسە زلانە

[1] ئەم وشەیە نە ئینگلیزییەو نە فەرەنسییە، ڕەنگە ناو بێ

ئاسوودە بین، بەلاّم باوەڕم نییە فەرمانڕەواکانی ولاّت بە جددی بیر لە مــە بکەنـەوە و، ئەم ڕێگا ترسناکە بگرنە بەر.

ئاڕ. ئێس لیندسەی

وەزارەتی دەرەوە ، ٤٢٤/ ٢٦٢، ل: ١٣٨– ١٣٩، ژ: ١٣٨

*** *** *** *** ***

ژ: ١٣

لە مستەر لیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین- (٢٠ نیسان گەیشتووە)

(ژمارە: ٣٠٥)

قوستەنتەنییە، ١٥ نیسانی ١٩٢٥

گەورەم ،

خۆشحاڵم لێرەدا ڕاپۆرتێکی تــری ڕائیـد هـارینکی پاشـکۆی عەسـکەریی ئـەم باڵوێزخانەیەتان لەسەر بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی یاخی بوونی کوردســتان پێشکەش بکەم.

٢– دەبێ بزانین کە هەموو هەواڵە دیـاریکراو و پـەیتا پـەیتاکانی هــەرێمی یـاخی بوون لە ئۆفیسـەکانی ئـەنگۆرەی حکومەتـەوە دەگـەن، بۆیـە دەشـێ گومانیـان لێ بکرێ. زیاتر لە دووهەفتەیە زنجیرەیەك سەرکەوتن بـە دەسـت هـاتوون و، هێزەکـان شوێنەکانیان یەك لە دوای یـەك داگیر کردۆتـەوە، باوەڕناکـەم هیـچ هۆکـارێك هـەبێ وامان لێ بکات گومان لەم ڕاستیە بکەین، چونکە کوردە یاخیەکان هـۆی گواسـتنەوە و خزمەتی قۆمیسارێتییان نییـە و نـاتوانن هێزەکانیـان ماوەیـەکی زۆر بـۆ بـەرەنگار بوونـەوەی هـێزە نیزامیـەکان کۆبکەنـەوە. کەواتـە دەبێ هێزەکـانی دەوڵــەت بــە شێوەیەکی بەرچاو پێشڕەوی بکەن بۆ ناو هەرشار یـان گوندێك کـە قومـانداری بـالاّ فرمانی گرتنی بدات. ئێستا پرسیار ئەمەیە: ئایا یاخیەکان دەتوانن پارێزگـاری لـە

تین و توانەکانیان بکەن و، درێژە بەشەڕی پارتیزانی بدەن؟ ئەگەر بەڵێ، ئەی لە داهاتوودا تا چەند دەتوانن حکوومەتی پێ بێزاربکەن؟ من هیچ زانیارییەکی ووردم لەم بارەیەوە نییە. ڕۆژنامەکان یەك دوو هەواڵی شەڕی پارتیزانیان بلاو کردۆتەوە و ، عیسمەت پاشایش هەفتەیەك لەمەوبەر لە ڕوونکردنەوەکەیدا بۆ ئەنجومەن (برووسکەی ژمارە ٢٨٩ی ٨ نیسانم) وتی: کردەوە عەسکەرییەکان هێشتا دوایی نەهاتوون. هەروەها پێشبینیی گواستنەوەی شەڕ و شۆڕی بۆ شاخەکان کرد.

٣- مەسەلەکە بۆ حکوومەتی خاونشکۆ بایەخی هەیە، چونکە ئەو پرسیارەی لەسەر دروست دەبێ کە ئایا تورکان دەتوانن هێزەکانیان بگێڕنەوە و، هەڕەشەی پێ بکەن لە عێراق؟ ئەم پرسیارەم لە بڕگەی شەشی برووسکەی ژمارە ٢٥٧ی ٣١ی ئاداردا باس کردووە. زانراوە زۆرێك لە تورکانی نامەسئوول ئەمەیان لە خەیاڵدایەو، وا دەردەکەوێ بابەتی سەرەکیی باس و خواسی ئەفسەرەکانیش بێ. ئەم ئاڕاستەیە دووهەفتەی ڕابردوو زیاتر تێبینی دەکراو، زاڵتر بوو بوو. چەند ڕۆژێك بوو هێرشێکی کەم دژی بریتانیا، بە تایبەتی لە مەڕ موسڵ لە چاپەمەنییەکاندا بەدی دەکرا .ئەمەش بەهۆی گەڕانەوەی جەواد پاشای یاریدەدەری لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە بوو لە عێراق و، ڕێی قسەی بۆ ڕۆژنامە نووسان خۆشکردبوو، ڕۆژنامەکان کە ناتوانن باس لە سیاسەتی ناوخۆ بکەن، خۆشحاڵن مافی هێرشکردنە سەر ئیمپریالیزمی ئێمە بە خۆیان بدەن، هێرشەکان زۆر توند نەبوون، بەلام بە بێ ئەژمار برووسکەی یەکپارچەیی خوازی پڕکرابوونەوە و، باسیان لە ئیجرائاتی سەرکوتکردنی تورك دۆستەکانی ویلایەتی موسڵ دەکرد. ڕاگەیەندرا کە چەند کاربەدەستێکی تورکی بێزار و دوورخراوەی (لیڤان – Livan) کۆدەکرێنەوە و لە عێراقەوە دەنێردرێنە هەرێمی یاخی بوو. ڕێگەیش بە نەستۆرییەکان لە عێراق دەدرێ لە نزیك چاڵ (Chal) ەوە بکەونە پەلامار..

٤- قسەی ڕەجەب بەگ بۆ فەرماندە نەیرەوان (بڕوانە برگەی پێنجی نووسراوی ڕائید هارنێك کە لێرەدا هاوپێچ کراوە[١]) بایەخی خۆی هەیە. ڕەجەب لە ناو جەرگەی حکوومەتدایە و ئەوەی دەیڵێ نا مەسئوولانە و بێ پێزنییە. هاوکات لەوە ئاگادارە کە لەوانەیە قسەکانی بۆ باڵوێزخانەی بریتانیا بگێڕدرێنەوە. لە ڕاستی قسەکانشیەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەسەڵاتدارانی تورك بەلایانەوە گرنگ نییە حکوومەتی خاوەنشکۆ بەوە بزانێ وا ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە کە هەڕەشە لە عێراق بکەن.

٥- سەبارەت بەمە ئەوەمان دێتەوە یاد کە زەکی بەگ داوای کردووە ڕاستەوخۆ کێشەی سنووری عێراق چارەسەربکرێ. باوەڕ ناکرێ بە جددی ئەم داوایەی کردبێ، چونکە هەرمانگێك پێشتر خۆت بەزەکیت وتبوو کە ئەمە پەسەند ناکرێ. پێدەچێ حکوومەتی تورکی ئەوەی لە ناو خۆیدا تاوتوێ کردبێ کە ئەگەر داواکەیان بخەنە ڕوو ئەوا هیچ زیانێك بەمەبەستەکەیان ناگەیەنێ؛ ئەگەر دواتریش ویستیان سیاسەتێکی دوژمنکارانە دژی موسڵ جێبەجێ بکەن ئەوا بۆ ڕای گشتیی تورکی سوود بەخشە ڕاستیی داواکەیان بڵاوبکەنەوە. کە داواکاریەکە کرا، لەبەرئەوەی کە لە (دەیلی مەیل- Daily Mail) دا چاپکرا بوو، هەواڵەکە لە برووسکەکانی لەندەنەوە گەیشتە ئێرە. پێم وایە باڵوێزخانەی تورکی لەوێ بڵاوی کردبووەوە.

٦- دواجار تورکان ئەوەیان دێتەوە بیر کە پاییزی ڕابردوو خواستەکەیان لە باشووری ئامێدی Amadia و چاڵ بەسەرکەوتوویی جێبەجێ بوو و، گەورەترین بەشی دەستکەوتیان بە بەرچاوی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە هەبوو و لەلایەن حکوومەتی خاوەنشکۆیشەوە بۆ دواجار ئینزار کران.

٧- ئەم ئیحتیمالانە شایەنی بایەخ پێدانن. ئەگەر تورکە جددییەکانیش بیری لێ بکەنەوە، تەنانەت بەو هیوایە نەخشە بکێشن، هێشتا ئەوە ناگەیەنێ، کە

---

[١] چاپ نەکراوە

بڕیاریانداوە بکەونە هێرشبردن یان هەڕەشە لە عێراق بکەن. وا هەست دەکەم ئەمە تەنها گەمەیەك بێ، چونکە وڵات لە هەل و مەرجێکدا نییە پاساو بۆ سیاسەتێکی سەرکێشی بهێنێتەوە.

گومانم هەیە لەوەی کە هێرش دژی عێراق، وەك سیاسەتێکی بێ هوودە، بێزاری کەم بکاتەوە،لەگەڵ ناپاکەکاندا بۆهاوکاریکردنی حکوومەت یەکبگرێ.

ئار. ئێس لیندسەی

وەزارەتی دەرەوە ، ٤٢٤/ ٢٦٢ ، ل: ١٤٩– ١٥٠ ، ژ: ١٥١

*** *** *** *** ***

ژ: ١٤

لە مستەر لیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین - (٢٧ نیسان گەیشتووە)

ژمارە: ٣٢٢

قوستەنتەنییە، ٢٢ نیسانی ١٩٢٥

گەورەم،

خۆشحالم لە تەواوکاریی راپۆرتی ژمارە ٣٠٤ی ١٥ی ئەم مانگەمدا پێتان رابگەیەنم کە شێخ سەعیدی سەرکردەی یاخی بوونی کوردستان و چەندشێخێکی تر و بیس کەسێك لە شوێنێکەوتووانی گیراون و، بۆ وارتۆ نێردراون. دەڵێن ناوبراو لە دادگەی سەربازی خنسی زێدی باوباپیری و دادگەی ئیستیقلالی دیاربەکر، دادگەیی دەکرێ و، لە سێدارە دانیشی بەوهۆیەوە جێی گومان نییە. حکوومەت دەستگیرکرانی ئەو بەنیشانەی کۆتایی وادەی یاخی بوون دەزانێ و، راپشگەیەندرا کە ئیتر هیچ راپۆرتێکی رەسمی لە بارەی کردەوەی عەسکەرییەوە دەرناچێ. تاکە هەواڵی تایبەت بەم مەسەلەیە کە هەفتەی رابردوو لە رۆژنامەکانەوە بلاو بووەوە، پەرەوازە بوونی چەند باندێکی یاخیەکان بوو لە دەورووبەری سیلواندا حوکمی لەسێدارە دانی داداگای سەربازی زۆر جار باسی لێوە دەکرێ و، دادگەی ئیستیقلالی دیار بەکریش ئامادەیە دەست بەکاربێ. لێرەدا راپۆرتی رووداوەکانی هەفتەی رائید هارینکی پاشکۆی سەربازیی ئەم باڵوێز خانەیەتان بۆ بەرزدەکەمەوە.

٢- ئەنگۆرە تێلیگرامز بە ئاشکرا دەڵێ هاندانی بریتانیا لە یاخی بوونی کوردستاندا بەهۆی بەلگە نامە بەدەست هێنراوەکان و قسەی چەندشایەتێکەوە ئێستا سەلماوە. بەلام ئەم تاوانبار کردنە، ئەگەر تاڕادەیەك وردبین بین، بۆ سالانی ١٩١٩و ١٩٢٠ی دەمێك کە ئۆتۆنۆمی کوردستان ئێجگار لە ئارادا بوو، دەگەڕێتەوە. هیچ راستییەکی خێرایی ئەم هەلگیرسانەی دوایی ئێستا لەبەردەستدا نییە.

لەلایەکی ترەوە هەواڵی ئــەوە هەیە کە ئێستا بریتانیـا ئەستۆری و ئەرمەنیـەکانی هانداوە تا لە باشوورەوە بچنە کوردستانەوە.

٣-هەمیشە پێشبینی ئەوەم دەکرد کە سیاسەتێکی سەرکوتکاری پێدەچــێ لــە سەرتاسەری تورکیا دا بەردەوام بێ ١٦یمارس قوستەنتەنییە پێــی سـەیر بــوو بڵاو کـراوەی (تـەنین)ی حوسـەین جاهید تـا کـاتێکی نادیـار ڕاگـیراوە و، ســێ کەسـی دەسـتەکەی بۆ ئـەنگۆرە ڕاپێچکـراون. کـاتێك دادگـەی ئیسـتیقلال لێکۆڵینــەوەی لەگەڵدا کردوون و وتویانە ئەوان تەنها لاوەکی بوون و فەرمانیان لە حوسەین جـاهید وەرگرتووە. ئەمجا ئەم دەستگیرکراوە و یەکسەر ڕەوانەی ئەنگۆرە کراوە کە ئێستا بەزیندانی چاوەڕێی دادگەیی دەکات. ئەزانم هاوڕێکانی لــە چارەنوسـی دڵنیـا نـین. هێشتا هیچ هۆکارێکی قەناعـەت پێکـەر بۆ داخسـتنی (تـەنین) لـە بەردەسـتدانییە، چونکە چەند هەفتەی ڕابـردوو چاپەمەنیـەکان بـە وریاییـەوە خۆیان لـە هـەر جۆرە بابـەتێکی سیاسـی، وەك مـانگرتنێکی ڕۆژنامـە نووسـی کــە دەشــێ کاریەدەســتان بورووژێنـێ، بـە دوور گـرت. لــە ڕاسـتیدا ئــەو بــەهۆی بۆچوونـە دژە حکوومیــە ناسراوەکانیەوە حوکم دەدرێ، بەڵام گومانی تێدا نییە هەر کە دادگەییەکـە دەسـتی پێکرا هەندێ بەڵگەنامە بەردەست دەکەون کە دەتوانرێ لە سەریان تاوانبار بکرێ.

٤-بیستی نیسان و دوای کۆبوونەوەی ئاسایی کۆمیتەی ڕێکخسـتنی پارتییەکـە، ئەنجومەن کەوتە تاووتوێی مەسەلەی ڕژێمی ئایندەی ویلایەتـەکانی ڕۆژهـەڵات. بـە ئاشکرا بڵێین: سیاسەتەکە سەرکوتکاریی هاوشانی سڕینەوەی نەریتی بەخشینی دە یەکە بەو ڕێژەیەی وا عیسمەت پاشا لە گفتوگۆی ئەنگۆرەمدا دیاریی کرد. حوکمـی عورفـی لــە ٢٤ی نیسـانەوە حــەوت مــانگیتر بـــەردەوام دەبــێ و، دادگـــەکانی سەربەخۆیش شەش مانگ زیاتر لەوەی بڕیارداریوو دەمێننەوە.

حوکمەکانی دادگەی ئەنگۆرە بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەن ، کە پێدەچــێ ئـەمڕۆ دوابخرێ ، جێبەجێ دەکرێ.

پێشکەوتنخوازەکانی ئەنجومەن دژایەتی ئەو دوو بڕیارەیان کردو، دوازدە بەرامبەر هەژدە دەنگیان هەبوو. ئەنجومەن حکومەتی بە شێوەیەکی گشتی بۆ چاککردنی ئیدارەی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات سەرپشك کرد. هیچ شتێك نییە ئەوە پێشان بدات کە چۆن پێشنیاری بەکارهێنانی ئەو فراوانییەیان کردووە. ئەمە لەبەر ڕۆشنایی وتەکەی جەمیل بەگی وەزیری ناوخۆدا کە پێشبینی یەکخستنی ویلایەتە بچووکەکانی بۆ یەکەی گەورەتر و دەست نیشانکردنی یەك پارێزگاری گشتی یان زیاتری بە دەسەڵاتێکی فراوانترەوە لەوەی والییەکانی ئەمڕۆ هەیانە کردبوو.

ئار. ئێس لیندسەی

وەزارەتی دەردوە ٤٢٤/ ٢٦٢، ل: ١٥٣– ١٥٤ ، ژ: ١٥٦.

****

هاوپێچی راپۆرتی ژمارە (١٤)
لە رائید هارێنکەوە بۆ مستەر لیندسەی
قوستەنتەنییە، ٢١ نیسانی ١٩٢٥

گەورەم،

خۆشحاڵم لێرەدا چەند کورتەیەکی هەواڵی رۆژنامەکان سەبارەت بە سەرهەڵدانی ویلایەتەکانی رۆژهەلات، بۆ زانیاریتان، بخەمە بەرچاوتان[1]. داوای لێبوردن ئەکەم لەبەر ئەوەی کە ئەم هەفتەیە لە سمیرنا نەبووم نەمتوانی زانیاری زیاتر لە سەر ئەم مەسەلەیە کۆبکەمەوە..

٢- دوا راگەیاندنی رەسمی (١٥)ی مانگ دەرچوو، دەڵێ: شێخ سەعید و چەند سەرکردەیەکی تر کە لە هەوڵی هەلاتندا بوون، بەرەو رۆژهەلات، لە باشووری وارتۆدا دەستگیر کراون. بەڵگەنامەی گرنگ و برێکی زۆر ئاڵتون لە کورتانی بار هەڵگرەکانی شێخ سەعیدا دۆزراونەتەوە. (گەنج)ی ناوەندی یاخی بوون لەلایەن هێزەکانمانەوە گیراوەتەوە. دەسەلاتی کۆمار لە سەرتاسەرەی هەرێمی ئاشارامدا سەقامگیر بووەتەوە. ئەو یاخیانەی کە بێ سەرکردە ماونەتەوە، خۆیان بە دەستەوە دەدەن، لەبەرئەوەی بەرگری کۆتایی هاتووە و، کردەوە عەسکەرییەکان راگیراون، ئیتر هیچ ئیعلانێکی رەسمی دەرناچێ.

٣-لەو رۆژەوە هەواڵەکان کەم بوونەتەوە، هێشتا چەند دەستەیەکی کەمی پەراگەندە لە ناوچە ئێجگار سەختەکاندا بەرگری دەکەن، بەلام چاپەمەنیەکان جەخت لە سەر ئەوە دەکەن کە ئەمانە بەزووترین کات چارە دەکرێ. رۆژنامەکان خۆیان چالاکی دادگەکانی ئیستیقلال و عەسکەری و ناوی دادگەیی کراوان و لە سێدارە دراوان تەرخان دەکەن. کاربەدەستان وتوێژ لە سەر چاکسازیی ئیدارەی

---

[1] چاپ نەکراوە

ئەو هەرێمانە دەکەن. چەند کۆمسیۆنێکیان بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخەکە و راپۆرت بەرز کردنەوە لەسەری ناردووە. پێویستە خێرا بڕیار لەو ریفۆرمانە بدرێ و .ئەنجومەنیش رازی بووە دادگەکانی ئیستیقلال شەش مانگ زیاتر لەو ماوەیەی مەبەست بوو، درێژە بە کارەکانیان بدەن.

٤- ئاشکرایە ئەو بەڵگەنامانەی کە لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بە دەست کەوتوون. ئەوە دەگەیەنن کە دەسەلاتدارانی بریتانی لە عێراق ئەگەر بە راستی هاوکاریی سەرهەڵدانەکەیان نەکردبێ، پێی رازی بوون. ئەمانە هێشتا بە تەواوی سەیر نەکراون، بەلام کورتەکانیان کە ئێستا بلاوکراونەتەوە جگە لە خودی کوردەکان کەسی تر تاوانبار ناکەن. تووڕەییەکی زۆریش بەرامبەر کاری دەسەلاتدارانی عێراق، بۆ جێگیر کردنی نەستۆریەکان بە درێژایی سنووری تورکیا لە ئارادایە.

٥- دەکرێ وا دابنرێ کە سەرهەڵدانە رێکخراوەکان لەم کاتەدا دواییان هاتووە. بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە خواستی سەرکردەکانی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ نەماوە. یاخود بنەبرکراوە. ئەوەندە ماوە ببینرێ کە ئایا تورك دەتوانێ ئەو چاکسازییانە بکات کە کورد پێیان رازی بێ؟

ئار. ئی. هارێنك

وەزارەتی دەرەوە: ٢٦٢/٤٢٤، ل: ١٥٤-١٥٥، ژ١٥٦/١

ژ: ١٥

لە مستەر ليندسەيەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەين __ (٢٩ نيسان گەيشتووە)

(ژمارە: ٦٦)

قوستەنتەنييە، ٢٨ نيسانی ١٩٢٥.

گەورەم،

باڵيۆزی ئيتاڵيا پێم دەڵێ لە سەرچاوەيەکی بڕوا پێکراوی ئەنگۆرەوە بيستوويە کە ناوەندەکانی حکوومەت زۆر لە کاروباری هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات ڕازين .ژمارەيەکی زۆر سەربازيان لەو ناوچانەدا کۆکردۆتەوە. (دەڵێ ٦٠٠٠٠ هەزار چەکدار دەبن). ئەمە جگە لە ڕێکخستنی ناوخۆ گوشارێکی گەورە دەخاتە سەر نەك تەنها حکوومەتی خاوەنشکۆ بەڵکو کۆمەڵەيش. کە وەك هيوادار بووين، بەم جۆرە ناچار دەکرێ بڕيارەکەی بەقازانجی توورکيا بدات. من بڕوام بەو قسانەی سەرەوەی باڵوێزیئتاڵيانييە، پشتگيرشم نەکردوون. ئەو ئەوەيشی لەسەرچاوەيەکی بڕواپێکراوەوە وەرگرتبوو کە سەرۆوەزير لەکاتێکدا دەيويست ئەم فشارە بەردەوام بێ، بە تەواوی دژی هەرکارێك بوو ببێتە مايەی کێشەی ترسناك لەگەڵ حکوومەتی خاوەنشکۆدا.

وەزارەتی دەرەوە: ٢٦٢/٤٢٤ ، ل: ١٥٥، ژ: ١٥٨

***   ***   ***   ***   ***

ژ: ١٦

لە مستەر لیندسەیەوە بۆ مستەر چامبرلەین - (٤ مایس گەیشتووە)

(ژمارە: ٣٣١)

قوستەنتەنییە، ٢٨ نیسانی ١٩٢٥

گەورەم،

بۆ تەواو کردنی برووسکەی ژمارە ٣٢٢ی ٢٢ی ئەم مانگەم، ئەمەوێ پێتان ڕابگەیەنم کە ٢٣ی مانگ کۆبوونەوەی ئەنجومەن بۆ کۆتاییی مانگی تشرینی یەکەم دواخرا. بڕیاری بودجە لە کاتی گونجاو دا درا، بەڵام هێشتا دوا ڕادەی ئاشکرا نەکراوە. چاوپێکەوتنێکی وەزیری دارایی لەچاپەمەنیەکانەوە بڵاو بووەوە، ئەمە بەشێکی قسەکانیەتی بەفەڕەنسی.

"ناکرێ بە تەواوی باسی کورت هێنانی بودجە بکرێ. تیوریە کۆنەکان وبۆچوونە کلاسیکیەکان سەبارەت بەبودجە چیتر بیانووی مانەوەیان نەماوە"

"کەم و کوڕی لە بودجەماندا لە چ ئاستێکدایە؟"

"هیچ ژمارەیەك لەبارەی ئەم بابەتەوە نازانم تا بتدەمێ"[١]

هەوڵ ئەدەم درێژەی ئەم بابەتە بە دەست بخەم و، بۆ بەڕێزتانی بەرزبکەمەوە .بەڵام بە قسەکانی وەزیر و بەهۆی بێدەنگیی ڕۆژنامەکانەوە، لەوانەیە کارێکی هەروا ئاسان نەبێ.

٢–سەبارەت بە یاخی بوونی کوردستان شتێکی وا نییە شایەنی باس بێ،ئەوە نەبێ کە بارودۆخەکە خەریکە ڕێچکەی ئاسایی خۆی دەگرێتەوە. تاقمی یاخیی دەوروبەری سیلوان تێکشکاون و، دەیشڵێن لە هەموو لایەکەوە شێخ و کشتیاران بە

---

[١] ئەم برگەیە فەڕەنسییە.

پەلە خۆیـان بـە تەسلیم دەکـەن و، بـەڵێنی ئەمـەکداری دەدەن. ژیان بـەرەو ئاسایی بوونـەوە دەچـێ و، ڕۆژنامەیـەکیش نووسیویەتی بەشـێکی هێزەکـانی دامرکاندنـەوە دەکێشـرێتەوە، بـەڵام ئەمـەیان دەشـێ جێـی گومـان بـێ، دەسەڵاتدارانی تورك پێناچێ تەنها ساتێکیش نە واز لـە و دەستکەوتانە بێنن کە پێیـان وایـە بـە درێژەپێدانـی گوشارەکانیان بـۆ سـەر سنووری عێراق لـە ڕێگـەی ئـەم مۆڵدانـە عەسـکەریەی ئێسـتاوە بەدەسـتیان دێنـن ن و، نـە دەیشیانەوێ ئەم هەلەی ئێستای سڕینەوەی ڕەگەزنامەی کورد لەدەست بدەن پێناچێ پێوەرێکی بڕواپێکراومان لـە بـارەی ئـەوەی وا چـەند هەفتەیەکە لـەو هەرێمانـەدا ڕوودەدا، یـان ڕێ و شـوێنەکانی سزادانی وەك لەسـێدارەدان کـە ئەمەیان بە دڵنیاییەوە تەواو زۆرەو، هەڵبەت پێویستیشی بەهێزی زیاتر دەبێ، چنگ بکەوێ .

٣- ئەم سیاسەتەی سەرکوتکردن دەبێ پەیڕەو بکرێ و، بەڵگەیش بۆ ئەمە لە قسەکانی دوێنێی عیسمەت پاشادا دەردەکەوێ کـە لـە کۆنگرەی (ئۆجـاغی تورك)ی یانەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆشنبیریی تورکیدا وتبووی:

(ئێمـە بـە ئاشـکرا نەتـەوە پەرسـتین. . . ناسـیونالیزم تاکـە هۆکـاری یەکێتیمانەو، هیچ ڕەگەزێکی تر جگە لە زۆرینەی تورك، نفووزی نییە. ئەبێ بـە هەر نرخێك بێ هاونیشتمانییەکانمان بکـەین بـەتورك و، ئەوانـە لەناوببـەین کـە دژایەتیی تورك و تورکایەتی دەکەن. ئەمانەوێ ئەوانەی خزمەتی وڵات دەکـەن، تورك و تورك پەرست بن، ئەڵێن گوایـە ئێمـە گرووپـە دینییـەکانمان فـەرامۆش

کردووە، بەڵام ئێمە هەرکەسێك لەڕووماندا ڕابوەستێ و دین بکاتە ئامێرێك بۆگەیشتن بەئامانجەکانی، لەناوی دەبەین).

ئەم قسەیە بۆ ئەم کاتە سروودێکی سەیری سەرکەوتنە.

٤- حوسەین جاهید کە لەلایەن دادگەی سەربەخۆی ئەنگۆرەوە دەستگیر کراو، لەبڕگەی سێی ڕاپۆرتی ژمارە ٣٢٢ی هەفتەی پێشوومدا پێم ڕاگەیاندن، دوێنێ دادگەیی کرا، بەڵام کێشەکەی دواخرا. بە پێی ئەوەی کە ئەمڕۆ لەسەری بڵاوکرایەوە، وا دیارە یەکێك لە تاوانەکانی ڕۆژنامەکەی بووە کە لە سەردێڕی هەواڵی کارێکی پۆلیسدا دژی نوسینگەی قوستەنتەنیەی پارتی پێشکەوتنخواز ڕووداوەکەی بە "پەلامارێکی سەیر" لەجیاتی "ڕاست کردنەوەیەکی پێویست" ناوبردووە من پێشتر ئەمەم بیستبوو، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر بێ مانا دیار بوو نەمویست بۆتانی بنووسم. سەرەڕای ئەوەی کە جاهید لە هەر ڕەخنە و باسێکی ئازاردەری سیاسی خۆی بواردبوو، ئەمە بۆ پاساوی دادگەیی کردنی بەسە.

٥- ڕاپۆرتێکی گرنگم لەم بارەیەوە بیستووە کە بەوپێیە حوسەین جاهید لەئەنجامی داوایەکی سەرۆکی دادگەی ئەنگۆرە دا بۆ غازی پاشا فەرمانی گرتنی دراوە و، تا ڕوودانی کارەکەیش عیسمەت پاشا لەمە بێ ئاگا و، پێشی ناخۆش بووە. ئەمەیش بێ گومان بە شێوەیەکی گشتی بێ سەرە و بەرەیی کاری سیستەمی حکومەت و دەسەڵاتی فراوانی سەرۆك پێشاندەدات. هەروەها دەشێ ئەوە بگەیەنێ کەعیسمەت پاشا دەسەڵاتی خۆی لەدەست داوە، بەڵام باشترە جارێ حوکم لەسەر ئەمە نەدرێ.

٦–زۆر ڕێتێدەچێ مانگی ئایندە غازی پاشا بێتە قوستەنتەنییە و، چەند هەفتەیەك لەکۆشکی بەگلەربەگ ، بەری ئاسیا، کە دەتوانرێ بە ئاسانی پاس بکرێ، بمێنێتەوە. لەمەوبەر چەند ڕاپۆرتێك لەسەر ئەم سەردانە لە ئارادا بوون، بەڵام ئەمڕۆ دەمو دوویەکی نوێی شیاو و ڕاستیان لە خۆگرتووە. مانگی ڕابردووکە لە ئەنگۆرە بووم (لە تیفەخانم) پێی وتم: ئەوو پاشا خوازیان ئەم هاوینە سەردانی قوستەنتەنییە بکەن. ئەمەیش لە خۆیدا پشت ڕاستکردنەوەیەکی ئەم هەواڵانەیە، سەرەتا دەوترا سەرۆك لێرەوە بۆ فەرەنسە دەچێ، بەڵام چەند ڕۆژێك پێش ئێستا ئەمە بەدرۆ خرایەوە.

ئار ئێس. لیندسەی

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤ / ٢٦٢، ل: ١٥٦– ١٥٧ ، ژ: ١٦٠

*** *** *** *** ***

ژ: ١٧

لە مستەر لیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین - (٨ مایس گەیشتووە)

ژمارە: ٤٣٥

قوستەنتەنییە، ٢ حوزەیرانی ١٩٢٥

گەورەم ،

بۆ تەوارکردنی برووسکەی ژمارە ٣٨٦ی ٢٠ مانگی مایسم، پێتان ڕادەگەینم کە دادگەکانی ئیستیقلالی ئەنگۆرە و دیاربەکر بێ پسانەوە لەچالاکیەکانیاندا بەردەوامن. کێشەی سەرەکیی دووهەفتەی ڕابردوو هی سەید عەبدولقادری سیناتۆری پێشووی کورد بوو کەساڵانی ١٩١٩–١٩٢١ پەیوەندییەکی باشی بە بزوتنەوەی ئۆتۆنۆمیی کوردستانەوە هەبوە. ناوبراو چەند مانگێك بوو لە قوستەنتەنییە دوور نەکەوتبوەوە، بەڵام لەگەڵ شەش کەسی تردا خرانە بەردەم دادگە و، دادگەیش بۆی

دەرکەوت کە ئەم بە ڕاستی دەستی لەم هەڵگیرسانەی دواییدا هەبوە. هەر بۆیە لەگەڵ هاوڕیکانیدا لە سێدارە درا. ئێستا باس باسی دادگەیی کردنی خودی شێخ سەعید و بیست کەسێکە کە لە گەڵیدا گیرابوون. ئەمانە چەند ڕۆژێك پێش ئێستا خرانە بەردەم دادگەی دیاربەکر.

٢- ناکرێ ئەم دادگەییانەت بەدرێژی بۆ بنوسم. هەرچەندە ئەوانەی دادگەی دیاربەکر تاڕادەیەکی زۆر چاپەمەنیەکانیان داگیر کردووە، بەڵام هێندە پچڕ پچڕن، پشتیان پێ نابەستریٚ و، خوێنەریش ناتوانێ بیرێکی یەکگرتوو لە بارەی ڕووداوەکانەوە گەڵاڵە بکات. بە پێی ڕۆژنامەکان بە گشتی چەند خاڵێك دەردەکەون:

أ- چاپەمەنیەکان شێخ سەعید بەکەسێکی توند و تیژ و نیمچە نەفام و شایستەی پێ ڕابواردن لە قەڵەم دەدەن. قسەکانی کە نووسراون لە هی کەسێکی سادە دەچن و، بە کاریگەیی هەڵسوڕاوێکی دینی مامەڵەی کردووە، بینیویەتی ویستەکانی حکوومەت هەڕەشە لە ئیسلام دەکەن و، بێگومان بە ئەرکی خۆی زانیوە هەستێ و بجەنگێ.

ب- تاوانباران بەدەستەی پێنج شەش یان بیست سی کەسی دەهێنرێنە دادگە. وا دیارە زۆر بەتوندی یەکتر تاوانبار دەکەن. هەریەکەیان دەیەوێ ئەوە بخاتە ڕوو کە کەسێکی تر زۆری بۆ هێناوە تا چەك هەلگرێ، ئەم یەکتر تاوانبارکردنانە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕن و، تەنها دادگە دەخەنە پێکەنینن و ڕێی ئاشکرا بوونی بڕیارەکانی تاوانباری بۆ خۆش دەکەن. .

ج- شتێکی سەیرە وا تەنها کەمێك لەسەر دەست تێوەردانی بریتانیا لەجووڵانەوەی کورددا وتراوە یان هێلراوە بوترێ. ئاماژە بە تامپلی Tampli یان تامپلین Tamplin ناوێك کراوە کە وامەست کراوە وەکیلی بریتانیا بووبێ، بەڵام ئاشکرا بووە کە کاری سیخوڕیی بۆ تورك کردووە و نازانم ئەم پیاوە کێیە. دەڵێین شێخ سەعید ویستوویەتی پاش گرتنی دیاربەکر لە ڕیگەی جزیرەوە پەیوەندی بە

دەسەڵاتدارانی بریتانیاوە بکات. ئەمانە هەموو ئەوانە بوون کە لە بارەی کارەکانی بریتانیاوە تا ئێستا لە ڕۆژنامەکانەوە بلاّو کراونەتەوە.

٣- ٢٦ی مانگی مایس قسەیەکی ڕەجەب بەگی وەزیری بەرگریی نیشتمانی لەسەر هەڵوەشانەوەیسووکە ڕەشبگیری (نفیر جزئـی) و گێڕانەوەی ژمارەیەك هێزی یەدەگ بە لیواکانیانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان بلاّو بووەوە، بە پێی قسەی ناوبراو هاوکات دەبێ شوێنی ئەمانە بەو سەربازە نوێیانەی وا لە باری ئاسایی‌و هەرێمەکانی خۆرئاوادا بانگ کراون و ئێستا بەرەو ڕۆژهەلاّت دەهێنرێن، پرپکرێتەوە بۆ ئەوەی سەربازی ئەم ناوچانە زۆر کەم نەبنەوە، بەم جۆرە ئەم بارودۆخە هێشتا ڕوون نییە، لێرەدا برووسکەی ڕائید هارێنکی پاشکۆی عەسکەریی ئەم باڵوێزخانەیەتان لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە پێشکەش دەکەم.

٤-دوێنێ ڕاگەیاندنێکی غازی پاشا لەسەر ئەم بابەتە بلاّو کرایەوە کە بەخۆشحاڵییەوە پێتانی ڕادەگەیەنم. تکایە سەرنجی ئەو ذەمو دووە هەڕەشە ئامێزە سەیرە بدەن کە ڕاگەیاندنەکەی داگیر کردووە. لەبڕگەی یەکەمدا دەڵێ: سەربازە تازەکان بۆ (تەواو کردنی) فیرقە کاتییەکان کە بەهۆی تەسریح بوونەوە بێ هێز بوون، بەکاردێن. غازی ئەوەی یادی جەماوەر هێنایەوە کە دادگەکانی عەسکەری و ئیستیقلال هەر لە کاردا دەبن و، پاش پیرۆزباییکردنی لە سوپاو سەرۆکی ستافەکە، هەمیشە زۆر ڕێزی فەوزی پاشا دەگرێ، سێ جار زیاتر ئەوەی وتووەتەوە کە یەکەم ئەرکی سەرشانی سەربازانی یەدەگی تورك ئەوەیە کە بە خێرایی و خۆشحاڵییەوە بە پیر بانگێشتی چەك هەڵگرتنەوە بچن.

٥-ئەم شێوە زمانە هەڕەشە ئامێزە لە ئاستی ئەم کێشە ناوخۆییەدا قازانجی خۆی هەیە. هەروەها ئاراستەی بریتانیا بە پلەی یەکەم و فەڕەنسەیش، کە حکوومەتی تورك دەشێ حەزبکات لێی دڵنیا نەبن، کراوە. تورك تەنانەت بۆ هێشتنەوەی یەدەگەکان لەڕیزەکانی سوپادا، پارە خەرج دەکەن. دواخستنی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکانی تایبەت بە سنووری عێراق ئەو فشارەی کە لە سەر

سەرچاوەکانی تورکیایە و بەشداریهێنشتنەوەی ئەو هێزە زۆرەی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتە، سێ مانگی تر درێژ کردووەتەوە. پێدەچێ تورکیا پێی باش بێ ئەم گوشارە لە سەرخۆی لاببات، بەڵام بە پێویستی نازانێ هیچ دڵە ڕاوکێیەك کە دەشێ دراوسێکانی باشووری هەستی پێ بکەن، بڕەوێنێتەوە.

ئاڕ ئێس لیندسەی

وەزارەتی دەرەوە ، ٤٢٤/ ٢٦٢، ل: ١٦٨ ، ژ: ١٧٥

*** *** *** *** ***

هاوپێچی راپۆرتی ژمارە ١٧
لە رائید هارینکەوە بۆ مستەر لیندسەی
قوستەنتەنییە، ٢ حوزەیرانی ١٩٢٥

گەورەم ،

دەمەوێ ئەوە بە بەڕێزتان رابگەیەنم کە نەمتوانیوە هیچ زانیارییەك بۆ سەلماندنی بەڕاستی کەوتنە تەسریحکردنی سەربازە یەدەگەکان بەدەست بێنم.

٢- ئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی ئێرەوە دەست کەوتوون دەڵێن: ٢٤ی مایس جموجۆڵێکی بەرچاوی سەربازی لە ناوچەی سمیرنا بەدی کراوە و ، ٢٤-٣٠ مانگ دوو شەمەندەفەری سەربازی کەوا مەزەندە دەکرێ (١٠٠٠ هەزار) کەسێکیان گواستبێتەوە، ڕۆژانە بە نێوان داریسیە و موسلیمیەدا تێپەڕیون، بەڵام بە پێی زانیارییەکی قونسڵی حەڵەبی بریتانیای خاوەنشکۆ ئەو شەمەندەفەرانە بەتاڵ بوون و ، بۆ بەرەو ڕۆژئاوا گواستنەوەی ئەو یەدەگانە تەرخانکرابوون کە لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات پێویستیان پێیان نەمابوو. ئەم قسەیە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی وەزیری جەنگی تورکیدا کە وتی ، ئەو یەدەگانەی (وا بەدەم داوای لیوای ناوچەکانی خۆیانەوە هاتبوون و کۆبووبوونەوە) ئێستا بۆ هەرێمەکانی خۆیان دەگێردرێنەوە، یەکدەگرێتەوە. لەلایەکی ترەوە باڵیۆزخانەی فەرەنسی هیچ زانیارییەکی لەسەر بارودۆخەکەوە نەبووە، کەچی ئێستا پاشکۆی عەسکەریی فەرەنسە لە هەرکەسێکی تری قوستەنتەنییە زیاتر زانیاری لە سەر جموجۆڵە عەسکەرییەکان هەیە. بۆیە ئەگەر حکوومەتی تورکی بەڕاستی ویستبێتی یەدەگەکان تەسریح بکات، ئەوا ئەمە لە فەرەنسە شاراوەنییە.

٣-زانیاری سەرجەم ئەم قوتابخانە عەسکەرییانەی کە هەفتەی ڕابردوو سەرم لێدابوون، دەریانخست ژمارەی بەتالیۆنەکانی فەوجێکی پیادە لە دووەوە کراون بەسێ، ئەو پۆلە بە سەربازگیراوەی ئەمساڵ و ١٩٢٣ تا پایز دەمێننەوە، هەر

فـەوجێك بـەلای کەمـــەوە (٢١٠٠) و هــەر فیرقەیـەکیش (٦٣٠٠)ســـەربازیان هەیــە .فیرقـــەکانی: ٢، ٥، ٧ ، ١٢ ، ١٧، ٤١ و فــەوجی ٢٨ لەویلایەتـــەکانی ڕۆژهـــەلأت جێگیرکراون. بەم جۆرە، سەرجەمیان دەکاتە (٢٧٨٠٠) نێزەدار و (٣٠٠٠) شیروەشێن .خۆ ئەگەر فیرقەکان هەموو تۆپەکان (واتە ١٩٢ تۆپ) یان نزیکەی (٤٦٥٠٠) پیاویان هەبێ ...[١]

٤- ئەگەر ئەو یەدەگانــە کە بۆ دامرکاندنـەوەی شۆڕشـی کـورد بـانگ کرابـوون تەسریحیش بکرێن، هێشتا نیوەی لەشکری تورك لە سێ گۆشەی دیاربەکر -بدلیس- جزیـرەی ئیـبن عومـەر[٢]دا هـەر لـە حاڵـەتی شـەڕدا دەمێننەوە. ئـا لــەم کاتەیشــدا هاوشێوەی ئەیلوولی ١٩٢٣ لە خۆیان ڕازین.

ئاڕ ئی. هارینك

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤، ٢٦٢، ل: ١٦٩ ، ژ: ١/١٧٥

*** *** *** *** ***

[١] ئەم ڕستەیە بە ناتەواوی چاپکراوە

٢ مەبەست ناوچەی " جزیرا بۆتان"ە. (س)

ژ: ١٨

لە سێر ئار. لیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین- (١٥ حوزەیران گەیشتووە)

(ژمارە: ٤٦٨)

قوستەنتەنییە، ٩ حوزەیرانی ١٩٢٥

گەورەم،

لەدووی حوزەیرانەوە كە برووسكەی ژمارە ٦٣٥ م ناردووە سەرنج ڕاكێشترین ڕووداو فەرمانی ڕەسمیی داخستنی ئۆفیسی سەرەكی و لقەكانی پارتی پێشكەوتنخواز بوو، ئەم بڕیارە ٣ی حوزەیران دراو، ڕۆژی دواتر بڵاوكرایەوە، دادگەكانی ئیستیقلال بۆیان دەركەوت ژمارەیەك پێشكەوتنخواز، بە سوود وەرگرتن لە بڕگەی (ڕێزگرتنی بیروڕای دینی و داب و نەریت)ی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتییەكە كاری كۆنە پەرستانەیان ئەنجامداوە، ئەمانە لەلایەن پیاوەكانی سوڵتان واحیدەدەین(Vahideddin)[1] ی پێشووەوە بزوێنراون و، ئێستایش حكومەت دەبێ دەست لە میانڕەویی خۆی هەڵگرێ و، دوایی بە ڕێكخستنەكانی ئەو پارتییە بێنێ، حكومەت هاووڵاتیانی كۆمار لە بەكارهێنانی دین (ڕێگەی پەیوەندیی ڕۆح و پەروەردگار) وەك ئامێرێكی سیاسی بۆ بەدی هێنانی ئامانجی تایبەتی ووریا دەكاتەوە،ئەم پێناسە عیلمانی و نوێیەی دین جێی سەرنجە و، دژی قسەكانی دادگەی دیاربەكری شێخ سەعیدە كە لە چاپەمەنییەكانەوە بڵاویووەوە، شێخ، بۆ پاساوی ڕاپەڕینەكەی، وتوویە: بەر لە هەموو شتێ بە پێی ئەو نامیلكەیەی كە خوێندوویەتیەوە ناسیونالیستەكان وەك ئاژەڵ سەیری خەلیفەیان كردووە،

---

[1] مەبەست سوڵتان محەمەدی شەشەم (١٨٦١-١٩٢٦)ی دواهەمین سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانییە لە (١٩١٨-١٩٢٢) كەخەلافەت لەسەردەمی ئەودا هەڵوەشێنرایەوە.(المنجد ق الاعلام، حكومەتی ٦٣٨). (س)

خواجەیەك كە لە ئزمید بێ ئەدەبانە لە بارەی پێغەمبەرەوە دوواوە و سەرەنجام بە باجی (١٠٠سەد) لیرەی تورکی سزادراوە، ئەنگۆرە حوکمەکەی هەڵوەشاندووەتەوە .هەروەها شێخول ئیسلام لە قوستەنتەنییە راپێچ کراوەتە قوتابخانەیەکی کچان کە پیانۆی تێدا لێدراوە و، سەماکراوە.

٢- دادگەکانی ئەنگۆرە و دیاریەکر لە کارەکانیان بەردەوامن، بەلآم دادگەیی شێخ سەعید تەنها کەمێك چووەتە پێش و، کێشەکانی تر ناوکێش دەکرێن .رۆژنامەکان دەڵێن دەسەلآتداران سەرگەرمی دۆزینەوەی رێکخستنێکی فراوان و نهێنین کە کاریان بۆ واحیدە دین کردووە و دانگەیی کردنیشیان هەندێ راستی دەخاتە روو.

٣-رۆژنامەکان هەندێ وردەکاریی باشیان لەسەر هۆکانی تاوانبار کردنی سەید عەبدولقادر و هاورێکانی بلآو کردووەتەوە. پارچەیەکی (ئاکشام Aksham) کە ئەم ئاشکرا بوونانەی تێدایە و، وێنەی لە سێدارە دانێکی بەوردی جێبەجێکراوی لە پێشەوەیە، هاوپێچ ئەکەم، (لە برووسکەی ژمارە ٤٣٥ی ٢ی ئەم مانگەو بڕگەی یەکەمدا ئاماژەم بەم بابەتە کردووە، وەکیلێکی (کور سەعدیKeur Sadi) ناوی سەید عەبدولقادر پەیوەندیی بە (تامپلینگ – Tampling) ەوە هەبووە. تامپلینگ بە ناوی وەکیلی بریتانیاوە کاری کردووە، بەلآم لە راستیدا ئیشی بۆ پۆلیسی تورك کردووە) .ناوبراو کور سەعدیی لە خشتە بردووە و، چەند پێشنیارێکی نووسراوی شێوە رێککەوتنی ئاست بەرزی لێ وەرگرتووە.

٤- دەزانم تامپلینگ سەرەتا لێرە پۆلیسی هاوپەیمانان بووە، بەلآم وازی هێناوە و وەك ئەندامێك بووەتە هەواڵدەر (مخابر) ی (Hulse)ناوێك. دەسەلآتدارێتیی بریتانیا بە چاوێکی زۆر جیاوازەوە سەیری ئەمانەی کردووە، چونکە زانیویەتی دەیانەوێ کار بۆ بێگانە بکەن، بەلآم هەندێ جار (سێر ئەی. بلۆك Sir A .Block) لە

سەرچەکی ساختەی بانك کاری پێ کردوون. ئەمانە بە دڵنیاییەوە پەیوەندییان بە پۆلیسی تورکەوە هەبوە. پێناچێ تامپلینگ لێرە مابێ، بەڵام (Hulse) هێشتا لێرەیە، کار بۆ بۆڵشەڤیکە ڕووسەکان دەکات و، مووچەکەیشی لەوان وەردەگرێ.

ئار. ئێس لیندسەی

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٢/٤٢٤. ل: ١٧٣ ، ژ: ١٨٠

ژ: ١٩

لە مستەر هۆرەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین — (٧ تەمموز گەیشتووە)

(ژمارە ٥١١- نهێنی)

تیرا پیا، ٣٠ حوزەیرانی ١٩٢٥

گەورەم ،

خۆشحاڵم ئامـاژە بـە برووسـکەی ژمـارە ٨٧ی ١٧ی ئـەم مانگـەم سـەبارەت بـە جموجۆڵی عەسکەریی تورك، راپۆرتی پاشكۆی عەسکەریتان بـۆ بـەرز بکەمـەوە کـە تێیدا هاتووە: بە پێی ئەو زانیاریانەی کە توانـراوە دەسـت بخرێن، زیاتر لـە (٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار) سەرباز لە ویلایەتەکانی رۆژهەلاتدان.

٢- رائید هارێنك دەڵێ: بـاوەڕی وایـە ئەگـەر بڕیـاری موسـڵ بـە قـازانجی عـێراق بدرێ، ئەوا تورکەکان بۆ هەڵگێڕانـەوەی کاریگـەری بڕیارەکـە، بـیر لـە دروسـتکردنی چەند دەستەیەکی بەهێزی (چەتە) دەکەنـەوە و، پێشـدەچێ لـە سـەربازانی نزیکـی سنوور کە بۆ ئەو مەبەستە تەسریح دەکرێن پێکبهێنرێن. بێگومـان ویژدانـی سیاسـی تورك هێنـدە لاوازە دەیـەوێ لـە رێگـەی ئـەو باندانـەوە، بـە شـێوەیەکی نـارەسمی، عـێراق داگیر بکـات، ئەمـە لـە تێبینـی هـاوپێچراوی راپۆرتـی ژمـارە ٤٦٩ی ١٠ی حوزەیرانی سێر ئاڕ لیندسەیدا زۆر بە ڕەهایی پشت راست کراوەتەوە.

٣- سەرەڕای ئەمانەیش هێشتا زۆر زووە بڵێین خواستێکی هەڕەشە یـان جـەنگ دژی عێراق لە ئارادایە. ڕەوتی دادگەی ئیستیقلالی دیاریەکر و حوکمی دڕندانەی تورك لە بەرامبەر شێخانی کوردی تاوانبار بە بەشداری لەم ڕاپەڕینەی دواییدا بیانوویان بۆ مانەوەی هێزەکان لەو بەشەی وڵاتدا دروست کردووە، دواتر ڕاپۆرتێکی جیاتـان لـە سەر حوکمدانی شێخانی کـورد لەلایـەن تورکـەوە بـۆ بـەرز دەکەمـەوە ئەگـەر چـەند

هەفتەی ئاینده هیچ لە کوردستان ڕووی نەداو سەربازانی سەر سنووری عێراق کەم نەکرانەوە، دەبێ داوای بەڵێنی بەهێزتر، نەك دۆستانە، بکەین. بەڵام ئێستا پێم وایە تاکەمتر لە سەری بڕۆین باشتر بێ.

٤- پێویستە ئەوەیش بڵێم کە ماوەی دووهەفتەی ڕابردوو چاپەمەنیەکان دووجار ناردنەوەی بەرەو ڕۆژهەلاتی سەربازانیان بۆ تەسریح کردن ڕاگەیاندووە. ڕێ بە هیچ نیشانەیەکی گواستنەوەی سەرباز نەدراوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەم نوسینانە دڵسۆزانە و بۆ بەرژەوەندی ئێمە چاپ نەکراون.

٥- کۆپییەکی ئەم ڕاپۆرتە بۆ بەغدا و بەیرووت دەنێرم.

ئار. ئێچ. هۆر

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٣/٤٢٤. ل: ١ ، ژ: ٢

*****

هاوپێچی (۱)ی ژمارە ۱۹
لە ڕائید هارێنکەوە بۆ مستەر هۆر

(ژمارە ١٦)

تیراپیا، ۲٥ حوزەیرانی ۱۹۲٥

گەورەم،

خۆشحاڵم ژمارەی هێزەکانی تورکتان لە ۲۰ی ئەم مانگە و ئەو جێیانەدا کە بە ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاَت ناسراون، پێ ڕابگەیەنم. زانیاریەکانی پێش یاخی بوونی کوردستان لە وەزارەتی جەنگی فەیلەقەکانی سوپای تورك لەو ناوچانەداو هی ئەو یەکە جۆراوجۆرانەیشەوە کە لە سەرهەڵدانەکەوە بۆیان نێردراون، لە چەند سەرچاوەیەکی بڕواپێکراوەوە وەرگیراون. ئەمە فەیلەقی پێنجیش دەگرێتەوە کە ڕۆژنامەکان دەڵێن گوایە نێردراوەتەوە بۆ شوێنی‌پێشووی. بەلاَم تا ئێستا بەو بەشەی هێڵی ئاسنی بەغدادا کە دەکەوێتە ناوچەی ماندەیت (ئینتیداب)ی فەرەنسەوە نەپەڕیوەتەوە.

کۆی گشتی بریتی‌یە لە ۱۷٥۰ شیر و ٤۹۰۰۰ تفەنگ و ۱۰۸ تۆپ. لە ڕاپۆرتەکانی ژمارە (٥، ١٤، ٧)مدا بۆ باڵوێزی بریتانیای خاوەنشکۆ لە قوستەنتەنییە، باسی بەکارهێنانەکانی ئەم ژمارە گەورەیەی سەربازانم کردووە، ئەو ئەنجامەم دەستگیر بووە کە تورکان پێیان وانییە کێشەکە شایستەی ئەوە بێ ئەمان هێرش بکەنە سەر عێراق.

هێشتنەوەی ئەو سەربازانەیش دوای یاخی بوون، لە سەرێکەوە بۆ ئەوە بووە کە دەستیان بە چاکسازی کرد هێزێکی زۆریان لە ولاَتدا جێگیر کردبێ، پەیوەندیەکان بە گشتی باشکراون و، ولاَت مەدەنی کراوە، هەروەها لەوانەیە دەسەلاَتدارانی تورك ئەوەیان لە خەیاڵدا بێ کە کاتی بڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەو هێزە زۆرەیان لە نزیك سنووری موسڵ هەبێ.

کاتێك ڕاپۆرتەکانی (٥ ، ٧)م لە سەر ئەم مەسەلەیە نووسی، چاپەمەنیەکانی تورکیا کە کەم و زۆر شتەکانیان لە حکوومەتەوە وەردەگرن، باوەڕی تەواوی خۆیان لە چەند بابەتێکدا سەبارەت بە بڕیاری کێشەی سنووری موسڵ بە قازانجی تورکیا پێشان دا، بەڵام دوێنێ لە سەرچاوەیەکی تەواو بڕواپێکراوی ئێرەوە زانیم، ئەو بەرپرسانەی کە ئاراستەی سیاسەتی تورکیایان بە دەستە، نەك هەر لە ئاکامی کێشەکە دڵنیا نین، بەڵکو بە کردەوە باوەڕیان بەوە هێناوە کە بڕیارەکە بە قازانجی عێراق دەبێ.

ئەگەر ئەم زانیارییە ڕاست بێ، ئەوا ئەمە چارەسەرێکی باشە بۆ گرفتەکە .فەرماندەیی بالآی تورك پێی وایە هێزە گەورە تورکیەکەی نزیك (چاناك Chanak)[1] بوو کە زۆری بۆ دانوستانەکانی (مودانیە) هێنابوو کە مالەدین سامی پاشا وتی ئێمە لە دەرەوەی چاناك ترسێنراین. ساڵی ١٩٢١ فەرەنسییەکان بە تاکتیکی تورك بە دروست کردنی باندێکی زۆری چەتە و، دابینکردنی ڕەشاش و بڕنەوو تەقەمەنی بۆیان و، بێ دەنگکردنی ئەفسەرانی نیزامی لە ئاستیانداو، پشتگرتنیان لەلایەن هێزێکی توانای تورکەوە ناچارکران لە (مەرعەش Marash و عەینتاب Anitab) بکشێنەوە. وا دەردەکەوێ ئیحتیمالێکی کەمی ئەوە هەبێ کە فەرماندەیی بالآی تورك، بەم دووکارە، بیەوێ بیر لە دوو بارەکردنەوەی هەمان مانۆڕی، بەڕای خۆی، سەرکەوتووی ساڵانی ١٩٢١ و ١٩٢٢ بکاتەوە.

پێم وایە ئەگەر هیچ هەواڵێکی ناردنەوەی فەیلەق و فیرقەی پێنج نەبێ، ئەوا زۆر ڕێیتێدەچێ تورك شالآوێکی چەتەیی هاوشێوەی ئەوەی کە بردییە سەر سیلسیا، بکاتە سەر عێراق.

ئار. ئی. هارێنك

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٦٣، ل: ٢ ، ژ ١/٢

****

---

[1] ڕەنگە مەبەست چەناق قەلعە بێ. (س)

هاوپێچی (٢)ی ژمارە (١٩)

ژمارە سەربازانی تورك لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاتدا

٢٠ حوزەیرانی ١٩٢٥

هێزەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەلات –١٥ی شوباتی ١٩٢٥: –

فەیلەقی (٧):	شیر	تفەنگ	تۆپ
تیپی (٨)ی سوارە	٥٠٠	---	٨
فەوجی (٢٨)ی پیادە	---	٥٠٠	---
تیپی (١)ی سوارە	٥٠٠	---	٨
تیپی (١٤)ی سوارە	٥٠٠	---	٨
تیپی (٢)ی پیادە	٥٠	٣٠٠٠	٢٤
تیپی (١٧)ی پیادە	٥٠	٣٠٠٠	٢٤
سەرجەم	١٦٠٠	٦٥٠٠	٧٢

ئەو هێزانەی کە بە شەمەندەفەر بۆ ئەو هەرێمە نێردراون:

أ- فەیلەقی پێنج	شیر	تفەنگ	تۆپ
تیپی (٧)ی پیادە	٥٠	٦٧٥٠	٢٤
تیپی (٤١)ی پیادە	٥٠	٦٧٥٠	٢٤
سەربازانی فەیلەق	---	١٥٠٠	---
سەرجەم	١٠٠	١٥٠٠٠	٤٨

ب–بەهێز کردنەوەی فەیلەقی (٧)

	شیر	تفەنگ	تۆپ
کۆکردنەوەی فەوجەکانی پیادە بۆ بەرگری	--	٩٢٥٠	---
بۆ فیرقەی (1) سوارە کەسەرەتای یـاخیبوون	٥٠٠	----	---
تەفروتونا بوو بوو هەمووی	٥٠٠	٩٢٥٠	--
سەرجەمی أ+ ب	٦٠٠	٢٤٢٥٠	٤٨

ئەگەر دەستەیەکی تۆپخانە ١٠٠ کەسەبێ. کۆی گشتی ئەو هێزانەی کە بە سەر هێڵی ئاسنی بەغدادا هێنراون، بە زیاد کردنی ١٢٠٠ بۆ دەستەی تۆپخانە، دەکاتە ٢٥٤٥٠، ئەمەیش نزیکی ئەو ژمارەیەیە کە ئەفسەری پەیوەندیەکان لە بەیرووت داویەتی.

گومانی تێدا نییە کە فیرقەی (٥) لە هەرێمی تۆقاتەوە بەشداریی ئۆپەراسیۆنەکانی کردووە، کەواتە هێزەکان کاتی شەڕ بەم جۆرە بوون: –

	شیر	تفەنگ	تۆپ
فەیلەقی (٥)	١٠٠	١٨٥٠٠	٤٨
فیرقەی (٥)	٥٠	٦٧٥٠	١٢
فەیلەقی (٧)	١٦٠٠	١٥٧٥٠	٤٨
سەربازی فەیلەقەکان	---	٣٠٠٠	---
سێ بەتالیۆنی بەرەی شەڕ	---	٣٠٠٠	---
جەندرمە	---	٧٠٠٠	---
سەرجەم	١٧٥٠	٤٩٠٠٠	١٠٨

کۆی گشتی بە زیاد کردنی ٢٧٠٠ ی تۆپخانە دەبێتە (٤٩٤٥٠)[١].

ئەم ژمارەیە، بە شێوەیەکی بەرچاو، کەمترە لەوەی جەنەراڵ[٢] (سەرایل – Sarrail) (برووسکەی ژمارە ٢٨٧ی ٤ حوزەیرانیکۆمیساری باڵا لە بەغدا، بۆ سکرتێری وڵات بۆ کۆلۆنییەکان و هەروەها بە ژمارە ١٩٥ بۆ قوستەنتەنییە) وا هەست دەکەم دەزگای هەواڵگری (مخابرات)ی فەڕەنسی ژمارەی یەکە پیادەکانی فەیلەقی (٧) ی زۆر زیاتر داناوە.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٣/٤٢٤ ، ل: ٢-٣، ژ ٢/٢

*** *** *** *** ***

---

[١] هەڵە لە ژمارەکانی ئەم خشتەیەدا هەیە.

ژ: ٢٠
لە مستەرهۆردەوە بۆ مستەر چامبرلەین- (٧ی تەمووز گەیشتووە)
(ژمارە/ ٥٢٢)

تێراپیا، ١ی تەممووزی ١٩٢٥

گەورەم، بۆ تەواو کردنی راپۆرتی ژمارە ٤٦٨ ی ٩ی مانگی رابردووی سێر ئار .لیندسەی ئەمەوێ ئەوەتان پێ رابگەیەنم کە ٢٣ی مانگی پێشوو دادگەیی ی شێخ سەعید و ئەوانەی وا لە یاخی بوونی کورددا دەستیان هەبوو، پاش ئەوەی مانگێکی خایاند، کۆتایی هات. درێژەی هیچ بایەخێکی گشتیی ئەو بەڵگانەی کە لەماوەی ئەو دادگەییانەدا خراونەتە روو، بڵاونەکراوەتەوە، شێخ سەعید و چل کەسی تر بە مردن و ژمارەیەکی کەمتریشیان بە زیندان و کاری قورس سزادران. رائید قاسمی خێڵەکی کە لەماوەی دادگەییەکەیدا بەڵگەی بە دەوڵەت دابوو لەگەڵ ١٥-٢٠ کەسی تردا ئازاد کران. لەگەڵ ئەمانەیشدا دادگە فەرمانی دا خانەقاو خەڵوەتکەی ویلایەتەکانی رۆژهەلات. بە بیانووی ئەوە کە گوایە شێخەکان بۆ سەپاندنی دەسەلاتێکی ئەفسانەیی بێ مانا بەسەر خەڵکی نەفامدا بە کاریان هێناوە دابخرێن.

٢- ئاژانسی ئەنادۆڵ رایگەیاند کە سەرۆکی دادگە پاش دەرکردنی حوکمەکە بەم جۆرە لەگەڵ تاوانباراندا دوواوە:

" ئێوە هەندێکتان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆتان کۆبوونەوە، ئەوانی تریشتان دوای پرۆپاگەندەی بێگانە و ئارەزووی سیاسی کەوتن و هەمووتان بۆ هەمان ئامانج کە بریتی بوو لە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ کارتان دەکرد، ئێوە بە رێکخستنی سەرهەڵدانێکی گشتی کە چەند ساڵێك بوو بیرتان لێ دەکردەوە، ئەم هەرێمەتان تووشی شەرکرد، یاخی بوونەکۆنە پەرستانەکەیشتان بە هۆی کاری بەهێزی حکوومەتی کۆمار و زەبری کەمەر شکێنی سوپای کۆمارییەوە بە زوویی دامرکێنرایەوە. ئێوەیش هەمووتان گیران و هێنرانە ئێرە، تا لە سایەی یاسا و داد

پەروەریدا حسابتان لەگەڵدا بکرێ، دەبێ هەمووان ئەوە بزانن کە حکومەتی ئەم کۆمارە ساوایە هیچ جۆرە ئاژاوەو کارێکی خراپ دەرنابات و، بە هیچ شیوەیەکیش ڕێ بەم تاوانانە نادرێ خەڵکی بێ بەخت و دەرفەتی ئەو هەرێمانەی کە چەندین ساڵە لە ژێر ستەمی شێخ و ئاغاو بەگەکاندا هاڕدراون و سەرو ماڵیان کراوەتە قوربانیی ئەو کەسانە و، دواجاریش لە دەسەڵاتی شەڕەنگێزی ئێوە ڕزگار کراون، بە درێژاییی ڕێگەی خۆشگوزەرانی و بەرەوپێشچوونی کۆمارەکەمان لە ئاشتی و بەختیاریدا پێشدەکەون. هاوکات ئێوەیش لە بەرامبەر ئەو خوێنەی کە ڕشتووتانە و ئەو خانوانەی کە وێرانتان کردوون، ئەبێ پەتی سێدارەی دادپەروەری بکەنە ملتان، بەڵێ ئەم ەحوکمی یاساکانی کۆمارە".

٣-حاکمی گشتی دادگەی ئاگادار کردەوە: ڕازی نییە جێبەجێکردنی حوکمەکە سێ ڕۆژ دوابخرێ، بۆیە پێش بەرەبەیانی ٢٩ حوزەیران ئەو سزادراوانە بە مردن ، لە شوێنێکیئاوەلای نزیك دەروازەی کۆنی حەڵەب لەدیار بەکر لە سێدارە دران.

٤-ڕۆژنامە ناوخۆییەکانی تورکیا لە هەواڵی سزا توندەکانی لە سێدارەداندا کە پەیامنێرە تایبەتییەکانیان دەیاننارد، بە شێوە زمانی توندی خۆشحاڵی پیشاندەدا کە چۆن ئەو ڕۆژنامە نووس و پیشەکارانە و خەڵکانی تریش لەکێ بەرکێدا بوون بەشداریی تایبەتیان لە لەسێدارە دانەکاندا هەبێ و، بە درێژیش تێبینی و هەڵس و کەوتی تاوانبارانیان بلاو کردەوە. چاپەمەنییەکان سەبارەت بە لەسێدارە دانی ئەو سەرکردانەی ئاژاوەکەی کورد، گەیاندیانە ئەو پەڕی و هیچیان نەهێشتەوە. ئەمەیش لە برووسکەی ژمارە ٤٣٥ ی ٤٢ حوزەیرانی باڵوێزی خاوەنشکۆدا ئاماژەی پێکراوە.

ئاڕ. ئێچ. هۆر

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤، ٢٦٣، ل: ٣-٤ ، ژ/٢

*** *** *** *** ***

ژ: ٢١
لە مستەر هۆردوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین — (١٠ ئاب گەیشتووە)
(ژمارە ٦٠٢)
تێراپیا، ٩ ئابی ١٩٢٥

گەورەم،

خۆشحاڵم پێتان ڕابگەیەنم: ٢٣ی مانگی ڕابردوو کۆبوونەوەیەکی نا ئاسایی لە تەلاری ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی لە ئەنگۆرە کراو، سەرجەم نوێنەرەکانی سەر بە پارتی گەلی بە نامەی بەپەلە بۆ داواکران و، سەرکۆمار و سەروەزیر و ئەو وەزیرانەی کە لە ئەنگۆرە بوون بەشدارییان تێدا کرد و، تا نیوەڕۆی خایاند. عەلی سائیب بەگی نوێنەری (کۆزانKozan) و ئەندامی دادگەی ئیستیقلال بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەلات و، فەیزی بەگی نوێنەری دیاربەکر و وەزیری کەرتی گشتی کابینەکەی فەتحی بەگی پێش ئەم کابینەیە، ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. لەبەرئەوەی ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی ئێستا لەوەرزی پشوویەکی درێژدایەو، لەم حاڵەتەیشدا کەس لە ئەنگۆرە نامێنێتەوە، هەرچەندە ئەتوانن ئەمە نەکەن، ژمارەی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە تا ڕادەیەك کەم بوو

٢- مەبەستی کۆبوونەوەکە، بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی وا گەیشتوونەتە قوستەنتەنییە.، وتوویژ بووە لە سەر، بە شێوەیەکی گشتی، ئەو ڕێبازەی کە دادگە دەیەوێ بۆ چارەسەرکردنی دەرەبەگایەتی بیگرێتە بەر و، بە تایبەتیش ئەو مەسەلەیەی کە لە ئەنجامی بەڵگەیەکی بەرچاوی دانیشتنی ڕۆژی ٢٢ حوزەیرانی دادگەی سەربەخۆی دیاربەکردا هاتبووە ئاراوە.

٣-ئەمە کورتەیەکە سەبارەت بەو مەسەلەیە کە (ئۆغڵوو حوسەین) ی تاوانبار بە بەشداری لە یاخی بوونی کوردا، ورووژاندوویەتی. کاتێك ناوبراو هێنراوەتە بەردەم دادگەی ئیستیقلال و، عەلی سائیب بەگ پرسیاری لێ کردووە، ئاشکرای کردووەکە

فەیزی بەگ گفتوگۆی لەگەڵ گوندنشینێکی هەرێمی دیاریەکردا هەبوە. هەروەها لەوەڵامی پرسیارێکدا لەسەر ڕژێمی نوێی کۆمار، وتوویە: دین لە دەوڵەت جیاکراوەتەوە، غازی پاشا نوێژ ناکات و ، دەخواتەوە. پرسیارەکانی تری عەلی سایب بەگ بۆ ئەوە بوون کە تێوەگلانی فەیزی بەگی لە یاخی بوونەکەوە بۆ پشت ڕاست ببێتەوە. (٢٤) حوزەیران فەیزی بەگ ڕەتکردنەوەی ئەم پڕۆپاگەندانەی بڵاوکردەوە، ئیتر مەسەلەکە ماوەی مانگێك دامرکایەوە. پێم وایە لەو مانگەدا حکوومەت لە گفتوگۆی ئەوەدا بوو بێ کە ناوبراو دادگەیی بکرێ یان نا؟ بە ئاشکرا بڕیاردرا: لە بەرئەوەی دانیشتووی دیاریەکرە باشترین ڕێگە ئەوەیە کە هەلێکی شیاوی بۆ بڕەخسێنرێ تا دان بە ئەمەکداریی خۆیدا بنێ و، پێشانی بدات نوێنەری دیاریەکر پشتیوانی ئەو بیر و ڕایانەی نەکردووە کە بوونەتە مایەی یاخی بوونی کورد، لە بەرئەوە، بانگهێشت کرا تا لە کۆبوونەوەکەدا قسە بکات. ئەویش لە وتەیەکی درێژدا جارێکی تر تۆمەتەکەی ڕەتکردەوەو ڕێزی خۆی بۆ سەر کۆمار و عیسمەت پاشا دەربڕی.

٤–ئەمجا کەوتنە باسی بارودۆخی ویلایەتەکانی ڕۆژهەلات و ، ڕاگەیاندرا کە بەکۆی دەنگ بڕیاری ڕیشەکێش کردنی (پاشماوەی دەرەبەگایەتی) یان لەو بەشەی وڵاتدا داوە.

٥–(وەقت) ی ٢٩ و (ئاکشام) ی ٣٠ تەمووز سەرگوتارەکانیان بۆ ئەم بابەتە تەرخانکرد بوو، ئەوەی پێشوو ڕایگەیاند ئەگەر حکوومەت بیسەلمێنێ جگە لە یاساو دادپەروەری هیچ دەسەلاتێکی تر لە وڵاتدا نییە، ئەوا دەرەبەگایەتی لە ڕووی چاکسازیدا هەرەس دێنێ. ئەوەی دوایش دەری خست: بەگ و ئاغا و شێخەکان نەك هەر زیادەن، بەڵکو سەرچاوەی تێکدانی سیستەمی کۆمەلایەتین، ڕزگار بوون لە دەست ئەمانەکارێکی ئاسانە و ، شۆڕشی تورکی پاشماوەی گرنگتری وەك خەلافەتی سڕیوەتەوە. ڕۆژنامەکە دەستخۆشیی بڕیارەکەیشی لە حکوومەت کرد.

٦- لەم بارەیەوە دەڵێم: هەفتەی یەکەمی مانگی تەمووز، جەمیل بەگی وەزیری ناوخۆ لەگەڵ ڕەفیق بەگی وەزیری تەندروستی گشتێکیدا بە گەشتێك ئەنگورە ی بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەلات بەجێهێشت. ١٧ تەمووز کۆنفرانسێکی لەگەڵ والییەکانی هەرێمەکەو، زەکی بەگی فەرماندەی جەندرمە و مدحەت بەگی توێژەری کۆمەلایەتی کە لە شیاوترین شێوازی دابەشکردنی هەرێمەکەی دەکۆڵییەوە بۆ مەبەستی ئیداری، سازدا. ٢ ی ئەم مانگە جەمیل بەگ گەڕایەوە ئەنگورە و بە دڵنیاییەوە هەرکە ئیجراائاتەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەلات، وەك عیسمەت پاشا لە قسەی ٧ نیسانی ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانیدا پێشبینیی کردبوو، بڕیاریان لە سەردرا، ئەوا ڕاوبۆچونەکانی، بە دڵنیاییەوە، جێی خۆیان دەگرن (برووسکەی ژمارە ٢٨٩ی نیسانی سێر ئاڕ لیندسەی).

ئاڕ. ئێچ. هۆر

وەزارەتی دەرەوە ، ٢٦٣/٤٢٤ ، ل: ١٦، ژ: ١٦

*** *** *** *** ***

ژ: ٢٢

لە مستەر هۆرموە بۆ مستەر چامبرلەین (٢٤ی ئاب گەیشتووە)

ژمارە: ٦٣٨

تیراپیا/١٧ای ئاب ١٩٢٥

گەورەم،

خۆشحاڵم، ئاماژە بەڕاپۆرتی ژمارە(٦٢٣)ی (١١)ی ئەم مانگەم بدەم، پێتان ڕابگەیەنم کە دادگای ئیستیقلالی ئەنگۆرە (٧) کەسی، بەتاوانی پێڕەویی "تەریقەتی سەلاحیە"و ئاراستەکردنی دژی کۆمار، دادگایی کردووە. بڕیاری دادگاکە خوێندرایەوە، لەدواییدا باسی بەرهەڵستییەکانی "تەریقەتی سەلاحیە"ی کردو، جەختی لەسەر ئەو ڕاستییە کردەوە کەتەنها تاوان‌و ناپاکیی دوای ڕاگەیاندنی لێبوردنی پاش ڕێکەوتنی لۆزان، ڕەچاو کراون. نامەکەی مستەفا کەمال پاشایش کەبۆ دادگا نێردرابوو وتێیدا هاتبوو: خۆی دەستی لەداوای دادگای لوتفی فیکری بەگ هەڵگرتووە، خوێندرایەوە، سەرجەم چاپەمەنیەکان بەگەرمی پێشوازییان لەم بڕیارە کرد. سەرەڕای لوتفی فیکری بەگ، (٣٥) کەس لە تاوانبارکراوەکان ئازادکران. دادگایی موزەففەر ئەمین بەگ (کە لە بەغداو موسڵ دژی تورکیا درێژە بەکارەکانی دەدات)، ئاراستەی دادگای ئیستیقلالی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات کرا. موستەفا بەگی نوێنەری پێشووی یەمەن، ڕەگەزنامەی تورکیی لێ سەندرایەوە، حەوت کەس بە (٥)و شەشیش بە (١٠) ساڵ زیندانی‌و حەوت بە (١٦) ساڵ زیندانی‌و کاری قورس‌و زیادە بەمردن سزا دراون. هەروەها دادگا بڕیاری‌دا (بکوژانی دکتۆر ڕەشید پاشا) بەجیا دادگایی بکرێن.

٢- یازدە کەسە حوکمی مردن بەسەردا دراوەکان، بەیانی(١٦)ی ئەم مانگە لە باخێکی بەرامبەر ئەو بینایەی کە پێشتر شوێنی کۆبونەوەی ئەنجومەنی

مەزنی نیشتمانی بوو و ئێستایش سەرکردایەتیی پارتی گەلە، لەسێدارە دران‌و، ئەمانە کەمال بەگی سەرۆکی شارەوانیی"یەنی کۆی"و عیسمەت بەگی ئەفسەری ئەرکانی جەنگی (قیراز-kiraz)و حەمدی پاشاو نووری عوسمان‌و داوەری فرۆشیاری دەرمانی نەخۆشی-dystol- یان تێدایە.

٣- هەفتەی رابردویش، دادگای ئەنگۆرە کۆتایی بەدادگایی بیست کەسی‌تر بەتاوانی پڕۆپاگەندەی کۆمۆنیستی هێنا. سێ کەس لەمانە ئازادکران‌و، ئەوانی تر بە(٧-١٥) ساڵ زیندانی حوکم دران. ئەمانە تەنها دکتۆر شەفیق حوسەینییان ناسراو تێدایە کە چەند مانگێك لەمەوبەر نامیلکەیەکی بەناوی(یەکی ئایار) چاپکردووەو، هانی کرێکارانی تورکیای تێدا داوە تا یاخی ببن‌و، بەمیش ناوبانگی دەرکردووە. شەفیق حوسنی، لە پاشملە، حوکمی پازدە ساڵ زیندانیی بەسەردا درا.

٤- هەفتەی پێشوو، دادگای ئیستیقلالی هەرێمەکانی رۆژهەڵات چەند دانیشتنێکی کەمی هەبوون‌و، لێکۆڵینەوەیان تێدا لەگەڵ رۆژنامەوانان: فەوزی لوتفی‌و سەدری ئەدهەم‌و عەبدولقادر کەمالی‌و وەلید بەگدا کرابوو. دادگاییەکان کەلە چاپەمەنییەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە، تەواو جێی سەرسامین، بەڵام مەبەستی سەرەکی دیارەو، دەیانەوێ هەروەك حوسەین جاهید کەلەراپۆرتی ژمارە(٣٨٦)ی ٢٠ مایس "سێر رۆلاند لیندسەی" دا هاتووە، رێوشوێنێکی بەرپرسانەیان لەسەر راپەرینی کورد لەتەکدا بگرنەبەر.

ئار. ئێچ. هۆر

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٣/٤٢٤، ل: ١٩، ژ: ١٩

ژ: ٢٣

لەسێر ئاڕ. ليندسەيەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەين(٢١ى ئەيلوول گەيشتووە)

(ژمارە ٧١٧)

تيرا پيا، ١٦ى ئەيلوولى ١٩٢٥

گەورەم،

ڕۆژانی ڕابردوو چەند نيشانەيەكی ئەوە هەبوون كە حكومەتی تورك توندیی سياسەتە سەركوتكارييەكەی تاڕادەيەك كەم كردووەتەوە.

٢- پێش هەموو شتێ، ئەو ڕۆژنامەوانانەی كە بەتاوانی هاندانی كوردان بەنووسينەكەيان خرانە بەردەم دادگای ئيستيقلالی ويلايەتەكانی ڕۆژهەڵات(بڕوانە راپۆرتی ژمارە(٦٢٣)ی ١١ ئابی مستەر هۆر[1] يەكێكيان نەبێ، هەموويان ئازاد كران. ئەو كەسەيش سەرنووسەری (تۆك سەوز- Tok Seuz) ی ئەدەنەيە كە دادگا درەنگانێك بڕياری دا ڕەوانەی دادگای ئەنگۆرەی بكات، ئێستا كێشەكەی حەواڵەی ئەوێ كراوە. سەبارەت بەڕۆژنامەوانەكانی تريش، وابڵاوە كەچوار لەسەركردەكانيان، ڕۆژانی سەرەتای گيرانيان، داوايەكی درێژيان بۆ سەركۆمار ناردووە كەشێوە دان پێدانان (ئيعتيراف) ێكی لەخۆگرتووەو، جگەلە پياهەڵدانێكی دوو ڕووانەی غازی، نارازی بوون لەوەی كەهەستی كۆمار خوازیو ئەمەكدارييان بۆ حكوومەت خاوێن نەبووە. هەروەها دانيان بەسروشتی لەڕێلادەری هەندێ لەنوسينەكانياندا ناوەو، وتيان ئەگەر كاتی خۆی ڕاستييەكەيان بزانيايە، ئەوانەيان نەدەنووسی. ئەوەيشيان خستووەتە ڕوو كەنيازيان

---

[1] چاپ نەكراوە

وایە دەست لەڕۆژنامەوانی هەڵگرن. ئەم بروسکەیە هیچ بایەخێکی پێنەدراوەو، دادگاییەکە چەند ڕۆژێکی‌تر بەردەوام بووە. تاوانبارەکان ئاسایی پرسیارو لێکۆڵینەوە لەوەڵامەکانی پێشوویان وبیروڕاو نووسینەکانیان کراوە. لەکاتێکدا دادگاییەکە بەرەو کۆتایی چووە، ڕۆژنامەوانەکان بروسکەی دووەمیان بۆ غازی ناردووەو، ئەمجارەیان هەردوو لایان ئیمزایان کردووە. ئەمەیان لەوەی زوو زۆر کورتترەو، دان پێدانانێکی کەمتریشی پێوە دیارەو، لەڕوویەکەوە پێچەوانەی ئەوی پێشووە: ڕۆژنامەوانەکان خۆیان بەخزمەتکارو ئەمەکداری کۆمار ناوبردووەو، داوای لێبوردن‌و میهرەبانیی سەرۆکیان کردووە بۆ ئەوە کە بەوریایی‌و نیاز پاکییەوە بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان. نووسیویشیانە کە ئازادکردنیان بێ فەزڵ‌و لێبوردنی بەرێز بەس نییە. ئەمجا هەردوو ئازادکران.

٣- وەلید ئەبو زیازەیدی سەرنووسەری" تەوحیدی ئەفکار"ی ڕۆژنامەی ئیسلامی‌و نەتەوە پەرست‌و موحافیزکاری لەپێشدا داخراو، بەگرنگترین کەسی ئەو ڕۆژنامەوانانە دادەنرێ. ناوبراو کەسێکی کەللە ڕەقەو ناکۆکییەك لەنێوان ئەو سەرۆکدا هەیە، چونکە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٤ کە مستەفا کەمال ویستی خەلیفە دوور خاتەوە، سەرجەم ڕۆژنامەوانانی بۆ چاوپێکەوتن لە سمیرنا بانگ کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کەوەلید ((قایل نەبوو داوای بەپیرەوەچوونی ئەم کارە لەخەڵك بکات))، بەشداریی ئەو کۆبوونەوەی نەکردبوو. ناوبراو تەنها بروسکە کورتەکەی دووەمی ئیمزا کردووە. وامەزەندە دەکەم حکومەت لەئازادکردنی ئەو ڕۆژنامەوانانە دوو دڵ نەبووبێ‌و، وەك هەنگاوی یەکەم پێی لەسەر پەشیمان بوونەوەیان داگرتبێ. برووسکەی یەکەم، چونکە ئیمزای وەلیدی پێوە نەبوو، بەناتەواو لەقەڵەم دراوە. ناوی ئەم ڕۆژنامەوانە، لەوی

دووەمدا، هاتووەو، حکومەتیش بەپەرۆشەوە چاوەڕێی ئەمەبوو. بێگومان دیارە وەلید نەیویستووە، بەهۆی سەرسەختی ئەوەوە، هاوەڵە گیراوەکانی دووچاری هەمان چارەنووسی ئاشکرایی خۆی بکات.

٤- دادگایی ئەندامانی کۆمەڵەی خێرخوازی عەرەبیش، بەهەمان شێوە، بەئازادکردنیان دوایی‌ی هات. درێژەی ئەمەیش، هەروەك ئەوانی‌تر، لێڵ‌و ناڕوونەو، هەرچەندە رۆژنامەکان چەندین ستوونیان بە پرسیارو وەلام پڕکردووەتەوە، ئێمە لێرە تێیان ناگەین. ئەوشتانەی کەزۆر جێی بایەخ بوون، رێی بڵاوبوونەوەیان نەدراوە.

٥- قلیج عەلی بابەتێکی سەیری لە" حاکمییەتی میللی"دا بڵاوکردووەتەوە. ئەم، دۆستێکی سەرکێش‌و شانازیکەری مستەفا کەمال پاشاو ئەندامی دادگای ئیستیقلالی ئەنگۆرەیەو، بە(پاڵەوانی عەینتاب) ناسراوە. هەرچەندە پێم وایە، نەك بەشمشێر، بەڵکو بەسێدارە خەڵکێکی زۆری لەناو بردووە. ئێستایش دەنەرێنێ‌و بەچاپەمەنیەکانی تورکیا دەڵێ: ئەوان درێژە بەدڵەڕاوکێیەکی نەخوازراو دەدەن. پێویستە لەپارە وەرگرتن‌و کەسایەتی‌و شوێنی ژیانی کارگێڕی‌و کۆمەڵایەتیی وڵات دوورکەونەوەو، لادانەکانی کارمەندانی حکومەت بخەنەڕوو. ئەبێ دادگاکان بزانن رێگەی پێشکەوتن دانەخراوە، بەڵکو ئەوە رۆژنامەکانن کە لە بارودۆخ‌و کاروباری رۆژ بێدەنگن.

٦- میانڕەویی حکوومەت تەواو ئاشکرایەو، دەکرێ باس بکرێ، بەلام ئێستا نازانرێ بایەخی چەندە. پێم وایە بارودۆخەکە پێویستە زیاتر هێور بکرێتەوەو، ئەمان لەم کاتەدا دوژمنەکانیان ببەخشن بۆ ئەوەی کاتێك ئەنجومەن دەیبینێ بڕیاری دادگایی‌ی سەرکردەکانی پارتی جوانە مەرگی پێشکەوتنخواز دەدرێ، زۆر هەوڵی تۆڵە سەندنەوە نەدرێ.

ئاڕ.ئێس. لیندسەی

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٣/٤٢٤، ل: ٢٨-٢٩، ژ: ٣١

ژ: ٢٤

لە سێر ئاڕ. لیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین(١٢ی ئۆکتۆبەر گەیشتووە)

ژمارە: ٧٥٦

قوستەنتەنییە، ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٥

گەورەم،

برووسکەی ژمارە (١٢٥) ی یەکی ئۆکتۆبەری بەڕێزتان ، کە ئاماژەتـان تێدا بۆ هـەواڵی یاخی بوونـەوەی ئـەم دواییـەی کوردان کـردووەو، پرسـیوتانە ئایـا هیـچ زانیارییەکم لەمەڕ راست و دروستی ئەم هەواڵە هەیە،پێم گەیشـت. بەداخـەوە ئـەڵێم هیچ هەواڵێکی تایبەت بەم مەسەلەیە نییە ، ئەویش چونکە ئەورووپیـەکان زیاتر لـە شاری سەر کـەناراوەکاندان و ، لـەو ناوچانـە دوورن و ،ڕۆژنامـە تورکیـەکانیش هیـچ پەیامنێرێکیان لەو هەرێمانەدا نییە ،تەنانەت هەواڵەکانی کاتی گـەرم وگوڕیی یـاخی بونەکەیش ، حکومەتی ئەنگۆرە دەیداتە ڕۆژنامەوانانی ناوخۆ .

٢-زۆرجـار لێرە دەبیسـتم، دەڵێـن: دەسـەلأتدارانی تـورك هێشـتا گومانیـان لـە بارودۆخی کورد هەیە ،تۆفیق ڕوشدی بەرلەوە بچێتە جنێڤ ،لە گفتوگۆیەکدا دڵنیای کردمەوە کە حکومەت پێویستە چاودێری وردی گشت یاخییەکان بکـات . ماوەیەکـە ،لەسەرچاوەیەکەوە کەپێم وایە بڕواپێکراوبێ ، لەبارەی کوردەکانەوە بیستوومە کـە دۆخەکە بەم جۆرەیە : تەنیا چەند خێڵێکی کەم بەشـداریی یاخیبونەکـەیان کـردووە و،تـیرەو سـەرۆکە بەناوبانگـەکان‌و، بەتاییـەتیش ئەوانـەی ناوچـەی دەرسـیم، دوورەپەرێزبوون . بۆیە لەسەرکوتکاری پاش شکانی شێخ سەعیدو شوێن کەوتوانی قوتار بوون، بەڵام هەمان تووڕەیی‌و بێزاریی یاخییەکانیان هەبووە. دەڵێن حکومەتی تـورك نـاوێری هـەوڵی تێکشـکاندنی تـین‌و توانـی ئـەو خێڵـە بەهێزانـە بـدات، نـەبا سەرهەڵدانێکی ترسناکتر لەسەر دەستی ئەمان‌و لەم کاتە ناسکەدا بقەومێ.

٣- دیـارە هیـچ زانیارییەکیشـم لـە مسـتەر نـایتی کونسـوڵی تەرابزوونـەوە پێنەگەیشـتووە. ئـەو لـەوە ئاگـادارە کەحکومـەتی خاوەنشکۆ ئـەبێ ئاگـای لــەم مەسـەلەیە هـەبێ‌و، وابزانم لـەکاری ئـەم وەزیـرەدا چـەند زانیارییـەکی ئـەرزڕۆم کۆدەکاتەوە.

ئاڕ. ئێس. لیندسەی

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٣/٤٢٤، ل: ٣٧-٣٨، ژ: ٤٦

ژ: ٢٥

لەسێر ئار. لیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین-(٢٦ی تشرینی یەکەم گەیشتووە)

(ژمارە: ٧٨٥)

قوستەنتەنییە، ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٥

گەورەم،

تورك هەرگیز لەوە ماندوو نابێ کەبڵێ موسڵ تاکە کۆسپی رێی دۆستایەتیی ئەنگلۆ- تورکییەو، ئەم دەستەواژەیەش، تەنها زاوەزاوی تووتیی نییە، بەڵکو تارادەیەك ڕاستە. ئەمەیش رێیتێدەچێ، چونکە چەند ساڵی ئایندە هەلومەرجی گشتی سیاسەتی جیهانی، بۆ گێڕانەوەی بڕواو پەیوەندیی ئارەزوومەندانەی نێوان تورکیاو بریتانیای مەزن لەباردەبێ.

روسیا :

٢- تورکیا سەرباری خواستو پەرۆشیی دوای ساڵی (١٩٢٠)و پەیوەندیی توندوتۆڵی ئەمڕۆ، ئاگاداری چالاکیەکانی روسیایە بەرامبەر بەباشوورو، گۆڕانکاری لەدروشمەکاندا دەکاتو، پەی بەوە دەبات کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەتو ئیمپراتۆریەتی کۆندا هەیە. هیچ هیوایەکی ئارامی لە داهاتوو بەدی ناکرێ، چونکە پێشبینی ناکرێ بیری سیاسیی رووس، لەکاتێکدا بەلای راستدا دەڕوات، بەرەو چەپ بگۆڕێ. ئەگەر ئینتەرناسیونالیزمی ئاشکرای ئێستا نەمێنێ، ئەوا تەنها بەدەستکەوتە دیارەکانی رۆژانی زوو جێگەکەی پڕدەکرێتەوە. ئاوابوونی ئەڵمانیاو لەبەریەك هەڵوەشانی ئیمپراتۆریەتی هەنگاری- نەمسایی، لە لایەکیترەوە، دوو دەستکەوتیان لەناوبرد کە رووسیا سەبارەت بە تورکیا مەبەستی بوون.

بەریتانیای مەزن:

٣- پەیوەندی تورکیاو بریتانیای مەزن، دەبوو بەهەمان شێوە تارادەیەك سیمای جارانی وەرگرێتەوە. پێشبینییەکانی نوێنەرانی ئینگلیز لەقوستەنتەنییەوە تا (ڤلادیڤۆستۆك- Vladivostok)[1] ، هەروەك هی ئەوانەی زووە. ئەوە بەقازانجی ئیمپراتۆریەتە کە هاوکاریی دەوڵەتانی بێلایەن بکات. ئەو دەوڵەتانەیش، بەهەرەشەو گورەشەو دەست بەسەرداگرتن و بەگژیەکداکردنی بێسنووری باکوورو باشوور، ئەوە دەسەلمێنن کەنفووزی بریتانیا لەسەربوونی نەتەوەیی ئەوان خۆپارێزی دەگەیەنێ، هی رووسیش واتە داخوران. دامەزراندنی پەیوەندییەکی باشی ئەنگلۆ-تورکی، لەوانەیە بۆ بریتانیا ئاسانتربێ، چونکە کێشەی کەمینە مەسیحیەکان کەم بووەتەوەو، ئەو کاریگەریەی جارانی نەماوە. لەلایەکی تریشەوە، پێویستی ئەمە، لەبەربوونی ناسیۆنالیزمی سیاسی- دینی لەهندستان و چەند شوێنێکی تری موسوڵمان نشیندا، زیاترە.

تورکیا:-

٤- ئەمڕۆ کۆماری ساوای تورك لەگەڵ سەرتاسەری جیهاندا، پاش دەرس و پەندی پازدە ساڵی جەنگ، ئەیەوێ پشوویەك بداتو، گەورەترین قازانجی لێوەرگرێ. تازەگەری، ناوەرۆکی سیاسەتیەتی و، ناسیونالیزم و عیلمانییەت دوو خزمەتکاری پێویستین. شێواندنێکی زۆر لەمانەی کە تورك لەوێ دەیانکات، هەن و هەردەشبن، بەڵام بۆ چوونیان راستەقینەیەو، بەسۆزو عاتیفە لەشتەکان دەڕوانن. ئەمان لەبەشی تازەگەریی بەرنامەیاندا، نموونەی ژاپۆنیەکانیان خستووەتە بەرچاوی خۆیان و، نایەنەوێ تەنها بەوانە ئاشنابن کە بەرهەمی هەڵم و نەوت و کارەبان، بەڵکو مەبەستیشیانە دەستوورو دەزگا کۆمەلایەتی و کارگێرییەکانیان سەرلەنوێ دابرێژنەوە. نابێ عیلمانییەت، وەك دەست دانە بێ باوەڕییەکی تەواو وەرەها، تەماشا

[1] شارێکی ئەوپەری رۆژهەلاتی رووسیایە لەسەر دەریای ژاپۆن.(س)

بکرێ. ئەمە وەك کارێکی خۆویستی وڵات، بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامی تازەگەری دانراوە، چونکە نووسەرە ئەورووپییەکان بەمە گوێیان پڕکردوون و، تورکەکان تێگەیشتوون کە ئیسلام بەرگێکی تەسکەو، چاکسازیی تێدا تاسێنراوە بیری نەتەوەیی چەند ساڵێکە لەئارادایە، بەڵام رووداوەکانی ئەم دواییە لەدڵی خەڵکدا کردیانە هیوایەکی زیندوو. ئەمە بەگشتی، ئێستا، بووە هێزی هەڵسووڕانی پرۆگرامەکەی حکومەت. لەمەیش گرنگتر ئەوەیە کەخەڵکی ئاسیا چییان لەرێگەی عیلمانییەتدا لەدەست چووبێ، هەندێکیان بۆ قەرەبوو دەکاتەوە. ئامانجی سەرەکی حکومەت: دروستکردنی دەوڵەتێکی پتەوی لاکێشەی ئەنادۆڵە کە ئامێز بۆ هەر کشتیارێکی بەتورکی قسەکردوو لەجیهاندا بکاتەوە، هاوپەیمانانی ناوێ، بەڵام کوردەکان بەخراپەکارێکی پێویست دەزانێ، ئومێد وایە بەم پرۆگرامە، کەبەندەکانی بەتوندی پێکەوە بەستراون، تورکیا لە چەند ساڵێکی کەمدا وای لێبێ بەتەواوی بڕوا بەخۆبوونەوە بتوانێ بەرەنگاری هەر هەڕەشەیەکی باکوور یان باشوور ببێتەوە. ئێستا هیچ دوژمنکارییەك لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیادا نییە، جانەگەر حکومەتی خاوەنشکۆ دەزانێ لەئایندەی ئەم خاڵە دڵنیاکراوەتەوە، ئەوا لەقازانجیدایە ئەم هەوڵەی تورك سەربگرێ.

کوردستان:

٥- یاخیبوونی بەهاری کورد زەبرێکی ترسناك بوو بۆ ئەم سیاسەتە. هەستێکی نەتەوەپەرستی لەکوردستاندایە، بەڵام کوردییە نەك تورکی. ناسیۆنالیزمی تورکی، کە حکومەت حسابی بۆ نەکردووە، هێندە تەسك و بەسیفەت تیرەگەرە، ناتوانێ کوردە کۆنەپەرستەکان بەبەرنامە بێزراوەکەی عیلمانییەت رازی بکات. بۆیە گەلێ کەمن ئەوانەی کەیاخی بوونی خێڵەکییەکانیان پێسەیرە. حکومەت، بۆ زیاتر قەناعەت پێکردن، کەوتووەتە چاکسازیی دارایی ((واتە: هەڵوەشاندنەوەی دەیەك)). هەروەها هەست دەکات ئەم جۆرە شەڕو شۆڕانە هەموو پرۆگرامەکەیان خستووەتە مەترسییەوە، ئەبێ بەهەرنرخێك بێ ناسیۆنالیزمی کورد سەرکوت بکات. دەیشزانێ

حكومەتی خاوەنشكۆ نەخشەی دامەزراندنی نیشتمانی نەتەوەیی‌ی كورد لەوبەری سنووری باشوری ئەواندا دەكێشێ ، ئەمەیش هەڕەشەیەكی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر سیاسەتی توركیا. دورەپەرێزی حكومەتی خاوەنشكۆ، بەگوێرەی توانای ، كەم ڕەفتاركردن لەگەڵ توركیادا شتێكەو ، ناڕاستەكردنی گوڕزی كاریگەریش لەمەبەستەكە شتێكی ترە . لێرەدا دەچینەوەسەر ئەوخاڵەی سەرەتا كەمەسەلەی موسڵ تاكە كۆسپی ڕێی دۆستایەتی بریتانیاو توركیایە. پاش دڵەڕاوكێی یەك دوو مانگی پێشوو، تۆپەكە، وادەردەكەوێ ، لەدەستی حكومەتی خاوەنشكۆدابێ و ، ئەتوانێ‌چۆنی بوێ ، هەڵیسوڕێنێ ، بەڵام باشترە ئەوە بزانێ كە نەك هەر مێڵی سنوور ، بەڵكو زیاتریش لەمەترسیدان . بێگومان ، حكومەتی خاوەنشكۆ بەناچاری بیری نەتەوەیی (ناسیونالیزم)ی كوردستانی باشووری پەروەردەكردووە ، ئەگەرنا ! هۆكاری بەهێزتر هەن كە بمانەوێ كۆمەڵەی نەتەوەكان هیچ مەرجێك بەسەرمێزی دەسەڵاتداردا نەسەپێنێ .كۆپییەكی ئەم ڕاپۆرتەم بۆ كۆمیساری باڵای حكومەتی خاوەنشكۆ لە عێراق ناردووە .

ئار.ئێس لیندسەی

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٣/٤٢٤/ل: ٤١-٤٢،ژ:٥٠

ژ:٢٦

لەسێر ئار. لیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبێر لەین (٢٦ی ئۆکتۆبەر گەیشتووە)

(ژمارە: ٧٩١)

قوستەنتە نییە ، ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٥

گەورەم ،

چەندتێبینیەکم لەسەر پەیوەندیەکانی داهاتووی تورکیا– بریتانیا کە تا مەودایەکی دیاریکراو بەسیاسەتی ناوخۆی ئەم وڵاتەوە بەستراوە، لەراپۆرتی ژمارە(٧٨٥)ی (١٦)ی ئەم مانگەمدا بەرزکردەوە. وا لە راپۆرتێکی جیادا،بەتایبەتی درێژە بەورایانە دەدەم کەلێرە سەبارەت بەناسیونالیزمی تورکیی، ئەمڕۆ، لەئارادان.

٢– خەریککردنی مێشکی خەڵکی بەلەخۆپرسینەوەوە، زیاتر کارەساتە وەك لەوەی خۆشگوزەرانیو سەرکەوتن بێ، بێسەرەو بەرەییو نائارامیی کاروبارە نیشتمانییەکان، باشترین هەلی داماڵینی گەندەڵی لەجەستەی دەوڵەت بۆ ریفۆرمخواز دەرەخسێنێ. ئەم بیست ساڵەی دوایی، ئەو بیرانەی کەدەشێ پێیان بوترێ ناسیونالیزمی رۆژهەڵاتی ، چەندین وڵاتیان گرتەوە. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا کەئەوانیتر ژیانێکی سەلامەتیان بەسەربرد، تەنها تورکیا لەدەمی گوشارەکاندا کەوتە بەرکاریگەری ئەم. ئەمە جگە لەوە کەسیاسەتو توانایی تورك، لە پشتیوانیی چاکسازیی خاکی رۆژهەڵاتدا، لە ریفۆرمخوازەکان زیاتر دەستیان رۆیشتووەو، تەنانەت لێرە، پێش جەنگی گەورە، شتیوا کراوە کە بۆ نموونە لە میسری ئەرتۆدۆکسیدا هەرگیز رێی تێنەچووە. کاتی شەڕ، تەنها تورکیا لە وڵاتانی موسوڵمان، پشتگیریی لایەنە چەوتەکەی کرد. ئەو نەهامەتیو چەرمەسەرییانەی کە لە داگیرکردنی قوستەنتەنییە لەلایەن هاوپەیمانانەوەو ئەنادۆڵی رۆژهەڵاتیش لەلایەن یۆنانییەکانەوە کەوتنەوە، بەشێوەیەکی فراوان هاندەری پێکەوە بەستنی میللەتو

کارناسانیی تازەکردنەوەبوون. هاوکات تورک هێندە کەم هەست کرابوو، سەرەڕای ناچالاکی و کارلەسەرکراویی خۆی، هیچ هەستی بەو زەبرە کاریگەرانە نەدەکرد کە رژێمەکانی دووریان دەمەژاند. ئەبێ ئەوەیشمان لەبیربێ کەئێستا ئەم، لەچاو هاودینە سەرکەوتووەکانی ناوچە بەختەوەرەکانی تردا، ئەتوانی زیاتر خۆی ڕاگرێ.

٣- رۆژانی زوو دەوڵەت وەکو موڵکی تایبەتی خێزانی عوسمانی سەیردەکراو، سەربازی تورک بۆ سەربەرزیی بنەماڵەی فەرمانڕەواو ئەو دینەی کەسەرۆکەکەی سەرکردەیەکی دان پێدانراو بوو، دەجەنگی. واقیێرکرابوو بەخۆی بڵێ عوسمانی و، وشەی (تورک) یەکێك بوو لە نەنگییەکان. ئەمانەیش کاری بەربەری و کۆنەپەرستانەبوون. هیچ شتێکی نەتەوەیی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا نەبوو، بەڵکو لەڕاستیدا دژە نەتەوەیی بوو. چەند ساڵێك پێش ئێستا پرۆسەی دژ بەعوسمانیچێتی لەڕێچکەیەکەوەو لەشێوەی جوولانەوەیەکی ئەدەبیدا دەست پێکرا. هەرچەندە دەستەی کۆمسیۆنی سەرەکیی ئیتیحادو تەرەقی ناسناوی عوسمانییان بۆ خۆیان هەڵگرت، بەڵام وشەی (تورک)یان بەپلەو پایەیەکی نوێوە، سەرەڕای بەرزکردنەوەی نەتەوە، نەك ڕێبەرە خەیاڵییەکەی، وەك ئامانجێك کەتازانجی سەرجەم هەوڵە نیشتمانییەکانی لەپێناودا بخرێتەگەڕ، خستەناو سروودە نیشتمانییەکانیانەوە. ولاتانیتر بەسەرکەوتوویی بنەماڵە شاهانەکانیان بەتەواوی بەگەلەوە بەست، بەڵام هیچ هەوڵێکی بەم ئاراستەیە لەتورکیا نەدراو، ئەمەیش هۆکەی ئازادەیەك بۆ سیفەتی بێکەڵکیی شازادەکانی عوسمانی دەگەڕێتەوە، چونکە خەلیفە بەشێوەیەکی سەرەکی وەك سەرکردە دینێکیتوندوتیژ چاوەڕێی لێ نەدەکرا رابەریی جوڵانەوەیەکی چاکسازیی وا بکات کەخەسڵەتێکی عیلمانیی هەبێ. بەڕاستی، ڕێی پێچەوانە، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، گیرایەبەر. هەموو کۆششێك لەپێناوی نزمکردنەوەی شانوشەوکەتی بنەماڵەی عوسمانیدا دراو، بەئاسانیش سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. چ میرێك لە ڕووداوەکانی ئەم دەساڵەدا کە نەتەوەیان لە بناغەوە بزواند، بچووکترین پلەو پایەی تایبەتی دەستکەوتووە؟

ڕۆژنامەیەك وێنەیەکی شازادەی بچووکی وەك شتێکی تەنز ئامێز بڵاوکردووەتەوەو، لەژێریدا نووسیویەتی ((ئەمەیە نەوەی سەلیمی مۆن؟)). سڕینەوەی عوسمانیچێتی ڕێگەیەکی زۆری بڕیو، خێزانی عوسمانی لە قوڕدا نوقم کران و، شان و شکۆیان لە دەست داو، هیچ دۆستێکیان لە ڕۆژهەڵاتدا نەبوو. لەلایەکی ترەوە، ((تورکیزم)) هەروەکو پێی دەڵێن، بەپێچەوانەوە بەرزکراوەتەوە. فەرمانڕەواکانی ئەمڕۆ هەموو هەلێك بۆ خۆناساندنیان بەمیللەت دەقۆزنەوە. تەنانەت لادێییەکانی ئەنادۆڵ دەزانن مستەفا کەمال یۆنانی فڕێدایە دەریاوەو، شارنشینەکانیش هەر ئاگادارن عیسمەت ڕێکەوتنی لەگەڵ هاوپەیمانانندا ئیمزاکردو، بەهۆیەوە هاوڵاتییەکانیان لەدەرەوە ئیمتیازە بێزراوەکانیان لەکۆڵ بووەوە.

ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەڵات ئامانجی دیاریکراوو خاسیەتی ڕاستەقینەی نیشتمانپەروەریی زیاتری لەتورکیا، لەچاو وڵاتانی تری ئیسلامیدا، دەستەبەرکرد. بناغەی پتەوی وا دانرا کە بتوانرێ بەشەکانی سەرەوەی لەسەر هەڵبچنرێ.

٤- پێویست ناکات ئەوە بێنینە بەرچاومان کە پرۆگرامی ئەو بەعیلمانی کردن و نوێکردنەوە بە بەرباڵوی جێبەجێکراوەی ئێستا، تورکیا دەکاتە دەوڵەتێکی بەهێز، چونکە هەرچەندە دەشێ ڕای سەرەکیی حکومەتی ئێستا بناغەی پتەوی بێ، بەڵام هێشتا تورك بەوەناسراوە کە ئامانجی ڕوون نییەو، شێواوی و ئیدارەی خراپ و گەندەڵییش وەك هەمیشە زۆرن. پەیامبەرێکی چاکسازی لەجیاتی قسەی پڕوپووچی لەڕاددەبەدەر، باشتربوو هاوار لەخەڵك بکات و بڵێ: ((دڵتان بدرن، نەك جلەکانتان)).

٥- کەس جەخت لەسەر ئەوە ناکاتەوە کە ریفۆرمە توندو تازەکان، لەخۆیاندا، ئاشکراو زانراون. بچووکترین و دیاریترین بێزارییە بۆ خەڵکی هەژار کەپێویستە پارە لەجلوبەرگی تازەدا بەخەرج بدەن. زۆرێکیش هێشتا هۆگری تەکیە بەزۆر داخراوەکانن. بەڵام عەقڵانییەت یاخود بێدینی لەوچینەدا، کەلەبەر نەبوونی نەخشەیەکی باش لەوانەیە پێی بوترێ((ڕووناکبیری))، بەجۆرێك بڵاوبووەتەوە کە

دۆزینەوەی سەرکردەیەکی بۆ کاردانەوەی دینیی دژی سیاسەتی توندی سەپاندنی ئەم حکومەتەی لە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵدا سەخت و گران کردووە. هەروەها پێدەچێ یاخیبوونی ئیسلامی، بەهۆی ئالۆزیی تێکەڵیی بەبنەماڵەی ئیمپراتۆریەتی پێشووەوە، ئاستەنگی خراپیتەرێ. شازادەی عوسمانی ئەمرۆ، جگە لە کوردستان، لەهیچ جێگەیەکی‌تر نرخی نییە. هاوکات خولی ئێستای پرۆگرامی تازەکردنەوە هیچ گۆڕانێکی لە سوپادا نەکردووە، بەڵکوو چ ئەفسەرو چ سەربازەکانی دیارترن و،لەئاست پڕۆپاگەندە نەتەوەیی و نیشتمانیەکاندا هەستیارترن. ئەفسەرەکان، لەچاو کارگوزارەکانی تری حکومەتدا، مووچەی زیاتریان پێدەدرێ و هیچ هۆیەك نییە تاوا دابنێین دوو دڵن لە لەناوبردنی داواکەرانی یاسای شەرعی، وەك ساڵی (١٩٠٩) کردیان. مردنی سەرۆکی دەوڵەت، بەدڵنیاییەوە، ئەبێتە مایەی بێهێزیی کۆمارەکە. ئاسان نییە ببینین چۆن کاردانەوەیەکی دینی، هەرچەندە عەقڵ نایبڕێ، تەنها وەك دەرەنجامی چەند کارەساتێك کە وڵاتیان گرتبووەوە، توانیویەتی بێتە ئاراوە. ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی سووربوونی کاربەدەستانی ئەنگۆرەو ئەو شێوازەی کەبەهۆیەوە سەربازو ئەفسەرەکانیان بەسەرکەوتوویی لەدەوری ئاڵا نوێکەیان کۆکردەوە.

٦- کوردستان ترسناکترین هەڕەشەیە بۆ سەر ئەم رژێمە. عەبدولحەمید بەشێوەیەکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورددا دەکرد بۆ کشکردنی [١] ئەرمەنیەکان، بەڵام لە ڕێی سوارەی حەمیدییەشەوە هەوڵی ئەدا کوردان بۆخۆی ڕاکێشی و، خێڵ و سەرە ناکۆکەکان بەگژیەکدا بکات. تورکەلاوەکان، تەنانەت بەر لەکۆتاییی فەرمانڕەواییی عەبدولحەمید لەگەڵ ناسیونالیزمی کورددا هەر لە کێشمەکێشدا بوون و، هەر کە ئەرمەنییەکان نەمان، دوا هۆکارەکانی تەحەممولکردنی کوردیش رەوینەوە. حکومەتی ئیسلامی لەوەبوو حسابی بۆ بکردایە، بەڵام ئەم و کۆماری ساوای عیلمانی، جگە لەدوژمنایەتیی شەڕخوازانە هیچی‌تر لە نێوانیاندا

[١] کشکردن: زاراوەیەکە لە یاریی شەترەنجدا بۆ ترس خستنەبەر دێ.

نییە، تاکە پرسیار ئەوەیە: ئایا لەبارێکدا کەکۆمار بەردەوام بێ‌و هیچ شتێکی واڕوو نەدات لەبناغەوە لەگەڵیدا ناکۆک بێ، زنجیرە یاخی‌بوون‌و سەرکوتکردنێکی‌تر ئەبینین؟ یان وەزعەکە بۆ ئیمکانیەتی حکومەت زۆر گەورەیەو، کوردستان بەتەنیا لەگەڵ ئیدارە ناوخۆییەکەی‌و شێخ‌و بەگەکاندا، وەك ئەلبانیای زوو، دڵڕەقانە فەرامۆش دەکرێ؟

٧- کۆپییەکی ئەم نووسراوە بۆ کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لەعێراق دەنێرم.

ئار. ئێس. لیندسەی

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٣/٤٢٤، ل: ٤٢-٤٤، ژ: ٥٢

ژ: ٢٧

لەمستەر ئۆستن چامبرلەینەوە بۆ سێرئار. لیندسەی(قوستەنتەنییە)

(ژمارە: ١١٥١)

وەزارەتی دەرەوە، ٣٠ی نۆڤەمبەری ١٩٢٥

بەڕێز،

ڕاپۆرتـی ژمـارە(٧٨٥)ی (١٦) ئۆکتۆبـەرتم پێگەیشـت کـە لـەدوا بڕگـەیدا نووسـیبووت: هـۆی بـەهێز هـەن وا لەئەنجومـەنی نەتـەوەکان دەکـەن بـۆ پەروەردەکردنی ناسیۆنالیزم لە کوردستانی باشووردا، بەهیچ جۆرێـك تـەنگ بـەهێزی ئینتیدابی سەر عێراق هەڵنەچنێ.

٢- من بەتـەواوی ئـەو قسـەیەت هەڵئەسـەنگێنم کـە دەڵێـی: پەیوەندییـەکانی بریتانیا- تورکیا ، ئەگەر ڕێگەی نەمێشتنی((هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بۆسەر ناوەندی سیاسەتی تورکیا)) کە لە پرۆژەی دامـەزراندنی جۆرێك لـە نیشتمانی نەتـەوەیی ی کوردیدا لـە باکووری عێراق و بەرامبـەر بـە سنووری باشـووری ڕۆژهـەڵاتی تورکیـا هاتووە، بدۆزرێتەوە، ئەکرێ لەسەر بنەمایەکی پەسەند دابنرێ.

٣- حکومەتی خاوەنشکۆ، تاڕادەیەکی دیارو بەرچاو، لەم مەسەلەیەوە گلاوە. ئـەو لیژنەیـەی کـە ئەنجومـەنی کۆمەڵـە دیـاری کـردووە، لـەدوا ئەنجامـەکانی ڕاپۆرتەکەیدا وەك مەرجێکی بنەڕەتی بۆ یەکگرتنی هەموو هەرێمی باشـووری هێڵـی Brusel [1] لەگەڵ عێراقدا ، ئەوەی چەسپاند کە ((ئەبێ خواستی کوردەکان بۆ دانـانی

---

[1] برۆکسیل کە هێڵی سنووری باکووری نێوان عێراق و تورکیایە. سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عـێراق، دوای چەندین کێشـەی ئـەو دوو وڵاتـە لـەو بەشـەی سـنووردا، ئەنجومـەنی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان بـە بەشـداریی نوێنەرانی ئیسپانیاو ئوروگوای ١٥ تشرینی دووەمی ١٩٢٤. بڕیاری یەکجاریی لێدا(الدکتور فاضل حسین، مشکلە الموصل، ط٢، مطبعة اسعد- بغداد ، ١٩٦٧، ص ٥٥-٥٨). (س)

کارمەندی کورد لەفەرمانگەکانی ناوچەکەیانداو، دابەشکردنی دادوەری‌و خوێندنی قوتابخانەکان‌و، بەکوردی بوونی زمانی رەسمیی ئەو دەزگا خزمەتگوزارییانە)) رەچاو بکرێ. کۆمسیۆنەکە پێی داگرت کەئەگەر ئەو مەرجە جێبەجێ نەکرێ، یان پێویست بێ ساڵی(١٩٢٨) و کۆتایی رێکەوتننامەی ئێستای ئەنگلۆ عێراقی، کۆنترۆڵی کۆمەڵەی نەتەوەکان دوایی بێ، باشترە ناوچەکە لەسایەی سەرداریی تورکیادا بمێنێتەوە. ئاشکرایە، ئەنجومەنی کۆمەڵە نایەوێ رێنوێنییەکانی لیژنەکە کە بۆمەبەستی ئاشکرای خستنەرووی ((هەرزانیاری‌و پێشنیارێکی یاریدەدەری گەلاڵەکردنی بریارێك))دەست نیشانی کردووە، فەرامۆش بکات . بەوپێیە مستەر ئێمری (AMERY) سێی ئەیلوول ئەنجومەنی ئاگادارکردەوە : ((حکومەتی خاوەنشکۆ بە خۆشحاڵییەوە دوپاتی دەکاتەوە: ئەم سیستەمەی ئێستا کە تا ئاستێکی‌باش فەرمانی کۆمسیۆنە کە جێبەجێ ئەکات، بەردەوام وئایندەش کاریگەر تردەبێت.))رۆژی‌دوایش (٤ئەیلوول) بەهەمان جیدێتییەوە وتی ((ئێستا گەلی کورد ئۆتۆنۆمییەکی نەژادییان پێبەخشراوە و، ئەمانەوێ فراوانی بکەین .)) تێبینی ئەکەم نوێنەری لەهیچ کام لە قسەکانیدا نەیوتووە:ئەگەر ئەو ناوچەیە بدرێتە تورکیا ئەوا ئەم وڵاتە ئەو ئیمتیازانە دەداتە کوردان . بۆیەپێویست بوو بپرسم :ئایا حکومەتی تورکیا ئامادەیە کۆمەڵە دڵنیا بکاتەوە لەوەی ئێمە چیمان بەکوردبەخشیوە) ئەوەیان بداتێ (ئەوانەی کەلە تورکیان یادەشێ بێنە تورکیاوە)؟ تۆفیق رۆشدی لە دوا وەڵامیدا ئەم خاڵانەی رەتکردەوە .

٤-ئێستا حکومەتی خاوەنشکۆ ناتوانێ لەم پەیمانانە پاشگەزبێتەوە و، بێگومان دیارە گەر ئەمە بکات ، یا راگەیاندنی جنێڤ رەتکاتەوە ، ئەوا وا لە ئەنجومەن دەکات ئەو ناوچەیەی ناکۆکییە ، بەپێی رێنوسیی کۆمیتەکە وەك لەسەرەوە باسکرا ، بداتە تورکیا .

٥-قازانجی تایبەتی بریتانیا ، لەروانگەی دیپلۆماسییەوە ، لە کەمکردنەوەی ئەو کوردانەدایەکە کاربەدەستانی عێراق بەرپرسی بەرێوەبردنیان و، لەرووی

کارگێڕیشەوە، دەستەی تێکدەری کوردی باکووری عێراق بەردەوام سەرچاوەی گیروگرفتن. هێشتنەوەی هەرێمی کوردان کەزۆرترین بەشی ویلایەتی موسڵ پێکدێنێ ، مەرجێکی پێویستی هەرعێراقییەکە. ڕاگوێزانیشیان ئەو بارو دۆخە ئەخوڵقێنێ کە مستەر ئێمری لە جنێڤ بەرچاوی خستووە:

((هەر سنوورێك عێراق لەناوچەی دانەوێڵەو بەشی پێویستی داهاتیو باشترین ماددەی مرۆیی بۆ هێزەکانی بێبەش بکات و، لەڕوی عەسکەریو داراییەوە بە لاوازی و لە کێشەی پارێزگاری ئەوسنوورەدا کە لەڕووی ستراتیجییەوە بەرگریکردنی گرانە ،بهێڵێتەوە ،ئەوا شتێکی بەسەردا ئەسەپێنێ کە لە وزەی ئەم بەدەرە . بۆئەمەش کۆمەڵە نەیتوانیوە پێشبینی ئەوە بکات کە حکومەت یان باجدەری بریتانی خۆیان بەلێپرسراوی بزانن)).

٦-بێگومان دۆزینەوەی ڕێگەچارەی هێورکردنەوەی ترسی تورك لە کوردستانی نیمچە ئۆتۆنۆمی بۆ سەر سنوورەکەیان، چ بۆپەیوەندیەکانی تورکی بریتانی بەگشتی و چ دەستەبەرکردنی ئارامییەکی پەسەندی سنووری ناکۆکی عێراق ، مایەی قازانجە . پێم وایە سەبارەت بەو پرۆژەو پێشنیارانەی کە حکومەتی خاوەنشکۆ بۆ بەرپرسیارێتی عێراق بەکۆمەڵەی نەتەوەکانی داوە ، ناشێبەسەندنەوەی ئۆتۆنۆمیی بەخشراو بەکوردی عێراق یان فراوانکردنی بەپێی ڕوونکردنەوەکەی جنێڤی مستەرئێمری ، ئەم ئامانجە بپێکین .سەرەڕای ئەوەش ، هیچ، بیرێك بۆدروستکردنی شێوە دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمیی کورد لە هەرێمی کوردنشینی عێراقدا یاخود ژیاندنەوەی ئەو بەرنامەیەی کەلە ڕێکەوتننامەی سیڤەردا بیری لێکرابۆوە، لەئارادانیە .وابزانم هیچ بیانوویەك نییە، لەکاتێکی شیاودا ئەمە بۆ تورك ڕوونەکەیتەوە.

ئۆستن چامبرلەین

وەزارەتی دەرەوە،٤٢٤/٢٦٣،ل: ٦١-٦٢،ژ:٦٣

ژمارە : ٢٨

لەمستەر هۆرەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین-(٢٢ی ئادار گەیشتووە)

(ژمارە: ١٢٠)

قوستەنتەنییە، ١٧ی مارسی ١٩٢٦

گەورەم،

خۆشحاڵم پێتان ڕابگەیەنم، (٢٨) ی مانگی پێشوو، ئەنجومەن خێراو بێ‌دوو دڵی پێشنیاری حکومەتی بۆ درێژکردنەوەی ماوەی دادگاکانی ئیستیقلالی بۆ شەش مانگی‌تر پەسەند کرد. ئەم دادگایانە کە ئێستا لە ئەنگۆرەو ئەلعەزیزن، بەردەوام ئەرکەکەیان بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە بەرهەڵستییەکی دژی حکومەت جێبەجی ئەکەن.

٢- تشرینی یەکەم کاتێك لە قوستەنتەنییە بووم، دادگای ئیستیقلالی ئەنگۆرە ڕایگەیاند: لێرە پیلانێکی بۆ دەرکەوتووە کە لق‌و پۆپێکی فراوانی لە ئەرزرۆم‌و مەرعەش‌و چەند شوێنێکی‌تر هەن. قەشەیەکی پیری ئەستەمبووڵ کە وەك لەڕاپۆرتی ژمار (٩٣٩)ی ٣٠ کانوونی یەکەمی سێر ئاڕ. لیندسەیدا ئاماژەی پێکراوە، چەند ساڵێك لەمەوبەر نامیلکەیەکی دژی بیری ڕۆژئاوایی بڵاوکردبووەوە، لەگەڵ موفتییەکدا کە لە چەند ڕوویەکەوە هاوڕای‌بووە، لە سێدارە درا. چەند کەسێك، بە بەهانەی ئاژاوەگێڕی: هاندانی کڵێسەو مزگەوتەکان بۆ دەرپەڕاندنی فەرمانبەرانی خۆجێیی‌و شکاندنی زیندانەکان‌و کۆنترۆڵکردنی شارەکەیان، لەمەرعەش دەستگیرکران‌و، بیست کەسیان خنکێنران. بەهەمان شێوە، ژمارە یەکیش لە برووسە گیران‌و، چواریان بەتاوانی((کۆنەپەرستی)) لەسێدارەدران.

.... کە دەڵێن دوژمنی هەرە دیاری مستەفا کەمال پاشایە لەوێ، کتوپڕ بۆ دادگایی نێردرایە ئەنگۆرە، بەپێچەوانەی ئەوەی کەچاوەڕێ دەکرا، فەرمانی دوور

خستنەوەی لەتەرابزوون درا [1] . نفووزی ئەم لەو ناوچەیەدا دادگای خستبووە گومانەوە، ئایا لەوێ وازی لێبێنێ یا لەسێدارەی بدات. هەروەها هۆی ئازادکردنی عەبدولقادر کەمالی بەگی ڕۆژنامەوانی ئازادیخوازی ئەدەنەو ژمارەیەکی تری هەمان شار، نادیارە. ئاشکرابووە بەکر سامی بەگ کەزووتر وەزیری کاروباری حکومەتی کەمالی بووەو ئێستاش نوێنەرێکی نەناسراوە، بەشداری هەوڵی دامەزراندنی حکومەتێك بووە کە کەم‌و زۆرنوێنەرایەتی خەڵك بکات. تەنها هەفتەیەك پێش ئێستا، سەرۆکی شارەوانیی گوندی میلاس((Milas)) ی ئەوپەڕی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ‌و چەند کەسێکی تری ئەوێ خنکێنران‌و، هۆکەیشی ئاشکرانییە، بەڵام وادەردەکەوێ ناڕەزاییان دژی ڕۆژئاواییبوون‌و ڕژێمی کەمالی بەگشتی دەربڕیبێ.

٣- ئەوکەسانەی وا پەیوەندییان بەتورکە دوورخراوەکانی دەرەوەی وڵاتەوە هەبوو، ئیجرائاتیان لەگەڵدا کرا. چەند ئەفسەرێکی خانەنشینی کۆتایی‌ی کانوونی دووەم، بەهۆی پیلانگێڕان لەتەك ئەدهەم چەرکەسیی نەیاری کەمالیی بەناوبانگدا کەئێستا لەئەسینایە، لەسێدارە دران. هەفتەی دواتر، ڕایگەیەندرا دووان لەناپاکەکانی میسر، قوبروس، یۆنان، سووریاو... هتد (موفتی‌و نوێنەرێکی پێشوو) بێئاگا گەڕاونەتەوە بۆ تورکیاو گیراون، چونکە نامیلکەیەکی ((دژی کۆمار)) یان لەمیسر بڵاوکردبووەوە جارێ ئاکامیان نادیارە.

٤- ... لەم خنکاندنە ناو بەناوانەی ناڕازیانی، سەرجەم چینەکان لەئەنگۆرە هێزیان لەو ئیجرائاتانەوە وەرگرت کەپێیان وایە بۆ قازانجی نەتەوەن... [2]. نوێکردنەوەی زیاتر کەئێستا لەچاپەمەنیەکاندا تاووتوێ دەکرێ، لەئەلفوبێی ئەورووپی‌و تورکی‌و قورئانی تورکییەوە، نەك لەنوێژکەرانی عەرەبی ناو

[1] ئەم ڕستەیە ناتەواوە.

[2] ئەم ڕستەیە ناتەواوە.

مزگەوتەکانەوە، وەرگیراوە.قورئانەکانی تورك هەردەم لە کڕین و فرۆشدا بوون و، ئەوەش ڕاگەیەندرا کە نوێژکردن بەتورکی، هەرچەندە بەزۆرنییە، بەڵام ڕێی پێدراوە.

٥- دزێوترین کوشتنی یاسایی دادگاکانی ئیستیقلال، ئەوی" نیکۆلا یەڤگینۆ پاولۆ"ی ڕووس بوو کە نووسینگەیەکی زانیاریی بازرگانیی لەغەڵەتە (Galata)[1] هەبوو و، زیاد لەپێویست زانیاریی لەسەر مەسەلەی قازانجی ئابووری و یاسایی و مێژوویی بۆ بازرگان و ڕۆژنامەوان و کەسانیتر دابین کردبوو. ئەم پیاوە بێزیانە، وەك پەندێك بۆ تاوانبارانی ڕاستەقینە، بەتاوانی سیخوڕی لەسێدارە درا. دادگای ئیستیقلال، لە هەوڵێکدا بۆ پینەکردنەوەی ئەم کارە نابەجێیەی خۆی، میهرەبانییەکی زۆری لەئازادکردنی دوو یۆنانیی تری تاوانبارکراودا تەنها بە ڕەخنەگرتن لەخاپوورکردنی کڵێسەیەك لەلایەن شارەوانییەوە، نیشان دا.

٦- لەکاتێکدا یەکێك لە دادگاکان بەم جۆرە لەئەنگۆرە سەرقاڵە، ئەویتریان لە ئەلعەزیز سەرگەرمی دەرەنجامەکانی یاخیبوونی پاری کوردە. فەرمانی خنکاندنی ناوبەناو دەردەکرێ. ڕۆژێك (١٨) کورد کە زیانی گەورەیان لە فەوجێك دابوو، لەسێدارە دران. حکومەتی تورکیا پێویستیی بەم دادگایە بۆ ئەوەی کورد بەئارامی بهێڵێتەوە، بەهەمان شێوەیش ئەوی ئەنگۆرەی بۆ سەرکوتکردنی بەرهەڵستیی تورکان مەبەستە.

٧- کۆپییەکی ئەم نووسراوە بۆ جێگری کۆمیساری باڵا لەعێراق دەنێرم.

ئاڕ. ئێچ. هۆر

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٤/٤٢٤ ، ل: ٤٤-٤٥، ژ: ٤٥

---

[1] غلگە، ناوچەیەکی ناو ئەستەموولە.(س)

ژ: ٢٩

لەمستەر هۆردوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین-(٢٩ی ئادار گەیشتووە)

(ژمارە: ١٣٠)

قوستەنتەنییە، ٢٣ی مارسی ١٩٢٦

گەورەم،

پێم خۆشە، ئاماژە بە برگەی پێش کۆتاییی راپۆرتی ژمارە(١٢٠)ی (١٧)ی ئەم مانگەم ، ئاگادارتان بکەمەوە کە، ئەوەی وائاشکرایەو لەسەر دەستی کوردان بەسەر سەربازانی تورکدا هاتووە، بەپێی چەند زانیارییەکی بەرچاوخراو، کارەساتێکی مەترسیدارە. وادیارە ئەمە دەورویەری دوایی‌ی کانوونی دووەم یان (٥) شوبات روویداوە. بەڕەسمییش نکوڵی لەوە کراوە کە (٢٠٠) کەس تیاچووبن. لەگەڵ ئەمەیشدا ئەوە کە کوردەکان لە باتمان (نزیك حەزۆ)ی نیوەی رێی نێوان بدلیس — دیاربەکر، داویانە بەسەر قەوجێکداو، فەوجەکە چەکەکانی لەدەست داوەو، ژمارەیەك کوژراوو برینداری هەن‌و، زیاد لە (١٠٠) کەسیش لەئاودا خنکاون‌و، دانی پێدانراوە. وەك دەردەکەوێ تەفرو توونا بوون. کەواتە هەرچۆنێك بێ لەوکاتەدا جۆرە بەرەنگارییەکی رێکخراو لەکوردستاندا هەبوە. حکومەت، بە دڵنیاییەوە، دەسەڵاتی ئەو هەرێمەی وەرگرتووەتەوە، چونکە دادگای ئیستیقلال رایگەیاندووە: زیاد لە (١٠٠٠ هەزار) کەس گیراون‌و، هەروەها دەیەوێ بەو ناوچانەدا بگەڕێ بۆ چارەکردنیان. ئەوەیش کە دوو مانگ‌و نیو پێش (١٥)ی شوبات، زیاتر لە (٩٠٠) کەس، نیوەیان بەبێ ئامادەبوونی خۆیان دادگایی کراون‌و (٥٧)یش لەسێدارە دراون، دانی پێدانراوە. بێگومان حکومەت ئەبێ بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەتوندی کۆنترۆڵی ناوچە کوردییەکان بکات.

٢— کۆپییەکی ئەم راپۆرتە بۆ کۆمیساری باڵا لەعێراق دەنێرم.

ئار. ئێچ. هۆر

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٤/٤٢٤، ل: ٤٩، ژ:٥٢

ژ: ٣٠

لە سێر ئار. لیندسەیەوە بۆ سێر ئۆستن چامبرلەین..(٥ی تەمموز گەیشتووە)

(ژمار: ٣٢٨)

نوێنەری قوستەنتەنییەی خاوەنشکۆ بەشی تەواوکەری ئیشەکەی دەخاتە بەردەم وەزیری بۆ کاروباری دەرەوە، هەروەها کۆپیی برووسکەیەك و دوو راپۆرتی کونسوڵی تەرابزوونی خاوەنشکۆ و کورتەی نامەیەکی ئەنگۆرەی مستەر نۆکسی سەبارەت بەبارودۆخی ئەنادۆڵی رۆژهەڵات ناردووە.

قوستەنتەنییە، ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٦

**** **** **

هاوپێچی(١)ی ژ: ٣٠

کۆپیی بروسکەیەکی تەرابزوون بۆ قوستەنتەنییە.

(ژمارە: ٢٢)

٢ی حوزەیرانی ١٩٢٦

لەسەرچاوەیەکی بڕواپێکراوەوە بیستوومە: (١٠) رۆژی پێشوو کوردانی بایەزید کە هاووڵاتیانیان لە ئێرانەوە هێزیان بۆ دەنێرن، یاخیبوون، تۆپخانەیەکیان تێکشکاندووە، فەوجێکی ناوخۆیان پەرەوازە کردووە.

* * * *

هاوپێچی (٢)ی ژ: ٣٠
لەکونسوڵ (نایت)ەوە بۆ سێر ئار. لیندسەی

(ژمارە: ٢٤)

ئەرابزوون، ١٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦

گەورەم،

هەموو ئەفسەرە بڕوا پێنەکراوەکانی پێشوو کە بوونەتە هاووڵاتی تورك، لە قارس و ئیغدیر(Igdir)[١] و شارەکانی تری سەر سنوورەوە کە زووتر هی ڕوسیا بوون بۆ قەستەمونی (Castamuni)[٢] دوور دەخرێنەوە. ئەڵێن نزیکەی دوازدە خێزان گەیشتوونەتە ئەو جێیەو، هەندێکی تریش بەڕێوەن و، ئەوانەی کەماون ئەبێ پێش تەمموز ئەو ناوچانە جێبێڵن. ئەم ڕاگوێزانە کە لە هەلومەرجێکی ئێجگار سەختدا بەڕێوە دەچێ، دەرهاویشتەی ترسی تورکەکانە لە فرۆفێڵی بۆڵشەڤیکەکان، یان بەپێچەوانەوە، لەژێر فشاری سۆڤیەتدایە.

ئاشکرایە شۆفێرانی روسیای سپی، لێرە ڕێیان دەدرێ بێنە ناوەوە، بەڵام ئەوانەی کە پارێزکاریی سۆڤیەتیان پەسەند کرووە، مۆڵەتیان نادرێ. هەرچەندە کەشتیارانی رووسیای سپی بەئازادی لە "سامسون" دادەبەزن، کەچی رووسی هەڵگری پەساپۆرتی سۆڤیەت، لە ڕێگەیاندا بەرەو "باتووم" [٣] ، نەمێڵرا لەوێ لابدەن.

دەبلیوو. ئێڵ. کەی. نایت

* ****** *

---

[١] قەزایەکی باکووری ویلایەتی بایەزیدە، نزیکی چیاکانی ئاگری. (س)

[٢] ویلایەتێکی بەشی سەرووی ناوەڕاستی تورکیایە لەسەر دەریای ڕەش. (س)

[٣] شارێکی گورجستانە لەسەر دەریای ڕەش نزیکی سنووری تورکیا.(س)

هاوپێچی (٣)ی ژ: ٣٠
لەکونسوڵ(نایت)ەوە بۆ سێرئار. لیندسەی

(ژمارە:٢٥)

ئەرابزوون، ١٦ای حوزەیرانی ١٩٢٦

گەورەم،

ئاماژە بەبرووسکەی ژمارە(٢٢)ی ١٠ حوزەیرانم، راپۆرتەکان لە بایەزیدەوە ئەوە ئەگەیەنن کە گرفتەکە هێشتا ماوە، بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆ لەمەڕ رووداوەکان نییە. دەڵێن: فیرقەیەك لە قارس و ئەرزرۆمەوە، لەگەڵ (١٢) تۆپی (٦)و(٨)ی (١٢)گریێ (ئینچ)ی بەجێهێڵراوی روسەکاندا، بۆ دامرکاندنەوەی ئەو یاخیبوونەی کە بۆ بەرەنگاریی راگوێزان بەرپابووە، نێردراوە. ئەم ئیجرائاتە جێی نارەزاییە، چونکە کوردەکانی بایەزید بەشدارییان لە یاخیبوونی پاردا (نە؟) کردووە. گەشتیاران رایانگەیاند ژمارەیەکی زۆر کوردیان بەخاوو خێزان و ماڵاتیانەوە ، کە دەشێ بەرەو ئەنگۆرەو ئەنادۆڵی رۆژهەلات چووبن، بەدرێژایی رێگەی ئەرزرۆم– ئەرزنجان بینیوە. سەرجەم گوندەکان راگوێزراون و، بازرگانی لەهەرێمێکی فراواندا پەکی کەوتووە.

لەسەرچاوەیەکی بڕواپێکراوەوە زانیومە، کارگەیەکی دروستکردنی گوللەی تفەنگ و تۆپ لە ئەرزرۆم هەیە.

دەبلیو. ئێڵ. کەی. نایت

* *******

هاوپێچی (٤)ی ژمارە: ٣٠
کورتەی نامەی ئەنگۆرەی مستەر نۆکس

١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٦

نوێنەری پۆڵەندی پێی وتم لەزمانی((سووریتز Suritz)) ەوە بیستوویە: لێپرسراوانی تورك لە ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکەوە گفتوگۆیەکی باشیان بۆ چارەیەکی خێرای مەسەلەی کەمینەی کورد بەڕێگە تەقلیدیەکان لەناو خۆیاندا کردووە. بەیدەر(Bader) خۆی داوای مۆڵەتی بۆ چەند کەسێك لە کۆمسیۆن(مفوضیة) ی پۆڵەندی لە تاران کردبوو کەبە بایەزیددا بۆ ئەورووپا بچنەوە، بەڵام راستەوخۆ "لەبەر هۆی سەربازی" رەتکرابووەوە.

١٩ی حوزەیرانی ١٩٢٦

دوێنێ، کە وتووێژێکی کورتم لەگەڵ" سووریتز" دا کرد، بوارم بۆ رەخساو لێم پرسی: ئەزموونەکەی لەکاری عەمەلیی کێشە خێڵایەتیەکانی سەرسنووری تورکیا-روسیادا چۆن بووە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: جێی خۆشحاڵی نەبوە. کۆمیتەی دیاریکردنی سنوور، پێناچێ هیچ پێشکەوتنێکی بەدەست هێنابێ و، سەرەڕای رێکەوتنی ئێستای لەوەڕگاکان کە هێشتا وادەردەکەوێ پێشێلکرابێ، یاخرابێتە لاوە، بەردەوام لەسەر ئەو زەویانە ناکۆك بوون. قسەکانی زۆر بەسوود بوون، بەڵام بەداخەوە گفتوگۆکەیان پێبڕین.

ژ: ٣١

لە سێر ئار. لیندسەیەوە بۆ سێر ئۆستن چامبرلەین (١٢ تەمموز گەیشتووە)
(ژمارە: ٣٣٩)

قوستەنتەنییە، ٥ تەممووزی ١٩٢٦

گەورەم،

خۆشحاڵم، ئاماژە بەڕاپۆرتی ژمارە(٣٢٨)ی ٣٠ حوزەیرانم، تایبەت بەمەسەلەی کورد، رایبگەیەنم: مستەر نۆکس ئاگاداری کردوومەتەوە کە لە ئەنگۆرە لە نوێنەری ئەلبانیای بیستووە، حکومەتی تورکی لە هەوڵدایە لەگەڵ حکومەتی سرب- کروات- سلۆڤینیدا رێك بکەوێ بۆ گواستنەوەی موسوڵمانە ئەلبانی نەژادەکانی هەرێمی کۆسۆڤۆ بۆ تورکیا.

٢- مەبەست لەمە ئەوەیە: ئەم پەنابەرانە جێی ئەو کوردانە بگرنەوە کە بڕیارە بۆ ئەنادۆڵی رۆژهەڵات رابگوێزرێن. ئەمە لە کاتێکدایە کە، وەك دەوترێ، زەویی بەگە راگوێزراوەکانیتر بەخۆڕایی بەسەر جوتیاراندا دابەش کراون.

٣- کۆپیی ئەم نووسراوە راستەوخۆ بۆ کۆمیساری بەغدای خاوەنشکۆو نوێنەری خاوەنشکۆ لەتاران ئەنێرم.

ئار. ئێس. لیندسەی

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٦٥، ل: ٥، ژ: ٤

**** ****

ژ: ٣٢

لەسێرجی کلارکەوە بۆ سێر ئۆستن چامبرلەین(٦ی دیسەمبەر گەیشتووە)

(ژمارە: ٦٢١)

ئەنگۆرە، ٢٤ی نۆڤەمبەری ١٩٢٦

گەورەم،

ئاماژە بەراپۆرتی ژمارە(٦٢٠)ی ئەمڕۆم، یادداشتێکی سێر هنری دۆبسی کۆمیساری باڵای عێراقتان لەسەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەو سەرکۆماردا بۆ دەنێرم.

٢- ئەترسم قسەکەی پاش نانخواردنی دوێنێ شەوی تۆفیق روشدی بۆ سێر هنری دۆبس، زۆر جێی بەو هاوسێیەتییە باشە لەق کردبێ کە ڕەنگ بوو ئەم گفتوگۆیانە هاندەری بوونایە. قسەکەی تۆفیق لەو بارەیەوە بووە کە حکومەتی تورکی سوورە لەسەر ڕامالینی کورد لە دۆڵەکانیدا کە ئەمڕۆ دەوڵەمەنترین بەشی تورکیان و، جێگیرکردنی کشتیارانی تورك لەجێی ئەوان. بەڕێزی هەروەها وتوویەتی بەهەمان شێوەی ئەرمەنیەکان مامەڵەیان لەتەکدا دەکرێ.

٣- پێناچی کورد هەروا بێدەنگو دەست بەستە ئەمە قبوولّ بکات، بەڵام ئەگەر لە وڵاتی خۆیان وەدەربنرێن، بەئەستەم دەتوانن بەسەلامەتی خۆیان بگەیەننە عێراق یان ئێران. ئەو کێشەیەی کە لەم جووڵانەوەیەوە بۆ ئەو دوو وڵاتە دروست دەبێ، ئەگەرچی نازانرێ چەند کاریگەری دەبێ، دەشێ پێشبینی بکرێ. ڕەنگە تۆفیق روشدی ئەم قسانەی بەجیددی کردبێ، بەڵام لەوەناچێ بتوانرێ ئەم نەخشەیە بەو فراوانییە جێبەجێ بکرێ. ئەگەر دەرفەت هەبوو، هەوڵ ئەدەم وەزیری کاروباری دەرەوە زیاتر لەم مەسەلەیە ئاگادار بکەمەوە.

٤- پێویستە ئەوەیش بڵێم کە سەردانەکەی ئەنگۆرەی سێر هنری دۆبس، سەرکەوتووبووە، تورکەکان خۆشحاڵ بوون پەیوەندیی شەخسیی پێوە بکەن و،

هەموو تین‌و توانێکیان بخەنە گەڕ، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەڕاشکاوی نەك هەر کارێکی باشی کردووە، بەڵکو بناغەیەکی دۆستانەی وای دامەزراندووە کە پەیوەندیی داهاتووی عێراق –تورکیا کەهەلومەرج ئاڵۆزی کردووە، وەك ئومێد دەکرا، بەنیاز پاکییەوە لەلایەن هەردولاوە دانوستانی لەسەربکرێ.

٥– کۆپییەکی ئەم نوسراوە بۆ بەغدا دەنێرم .

جۆرج ئاڕ. کلارك

وەزیری دەرەوە، ٢٦٥/٤٢٤، ل: ٥٠، ژ: ٤٦

* * *

هاوپێچی ژ : ٣٢

یاداشت

نیوەڕۆی ٢١ی تشرینی دووەم بەر لەوەی سەرۆك ببینم، وتووێژێکی کورتم لەگەڵ وەزیری دەرەوەدا کرد.

تۆفیق بەوە دەستی پێکرد کە بەپەرۆش بووە بۆ ناسینم، چونکە چەندین ڕووداو بەردەوام لەسەر سنووری عێراق – تورکیا دەقەومێن‌و، دیارە هێورکردنەوەی بارودۆخێکی لەم جۆرەش، ئەگەر کەسێتی ئەو دیوو پەیوەندییەکە بناسرێ، ئاسانترئەبێ. هەروەها هیوادار بوو ئەو ڕووداوە بچوکانە، هەرچی زووە، کەم ببنەوە، حکومەتی تورکی فەرمانێکی توندوتیژی لە پێناو کۆنترۆڵکردنی خێڵەکاندا بۆ کارمەندەکانی خۆی دەرکردبوو و، لەو زانیارییە گەیشتووانەی عێراقیشەوە زانیبووی کەئیدارەی ئەوێ دەسەڵاتی تەواویان بەسەر خێڵەکاندا هەیە. خۆزگەی خواست من دەرك بەوە بکەم کە وەزعی حکومەتەکەی ئەو قورسترە لەوەی ئیدارەکەی عێراق، چونکە حکومەتی تورکی سیاسەتی مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تاك‌و تێکشکاندنی هێزی سەرۆك هۆزەکانی گرتووەتە بەر، بەڵام عێراق توانیویە

مامەڵە لەتەك سەرۆکەکانداو بکاتو دەسەڵاتیان بەسەر تیرەکانیاندا بەکاربێنێ. تورکیا بۆیە ئەم سیاسەتەی ئێستای گرتووەتەبەر کە ڕێی پڕۆپاگەندەی ڕووسەکان لە وڵاتەکەی بگرێ. هەڵبەت ئەوە بەئارەزوو دژی دەسەڵاتداریتیی ئەم وڵاتە دەیانکرد، بەڵکو ئەگەر بەسیاسەتی لیبراڵو دیموکرات کاریگەریی سیستمی سۆڤیەتیی لەخۆی دوور نەخستایەتەوە، ئەوا تەنها ڕۆڵی پروپاگەندەیەکی شۆڕشگێڕانەی لەسەر سنوورەکەی دەبینی.

ئاشتی قازانجی هەرە گەورەی تورکیایەو، ناوبراو لەوە دڵنیابووە کە هی بریتانیای مەزنیشە کەوا ئێستا خواستی سەرەکیەتیو، ئەتوانێ بەرژەوەندییەکانی ئەم کاتەی پتەوبکات، ئەو سەرنجی بۆ ئاکامە نایابەکانی باش لێکگەیشتنی تورکیاو فەرەنسە، سەبارەت بەسنوور، ڕاکێشام، لەو کاتەوە کەئامادەکاری لەگەڵ مسیۆ دوژفونێڵ (de Jouvenel)دا کراوە، تورکیا ئەرکەکانی خۆی لەسەر سنووری سووریا دەزانێو، سەرەنجام ئێستا حەڵەبو باشووری سووریا تاکە ناوچەن کەفەرەنسییەکانیان تێدا ئارامە.

لەوەڵامدا وتم: خۆشحاڵبووم ئەم خواستو ئاواتە دۆستانەیەمان بۆ ئایندە دەربڕیو، وتووێژمان لەسەرکردن، زانیم دڵە ڕاوکێیەك، لەبارەی سیاسەتی ئیدارەی عیراقەوە بەرامبەر بەکورد، لەدامو دەزگاکانی حکومەتی تورکیا هەستی پێ دەکرێو، من بەشێوەیەکی تایبەتی ویستم لەم مەسەلەیە دڵنیای بکەمەوە. بەڕێزی لە ڕێنوییەکانی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان سەبارەت بەو کوردانەی کەخرابوونە سنووری کارگێڕیی عیراقەوە، ئاگاداربووە، عیراق ئەبێ، بەهەموو تینو توانێکەوە، ئەو ڕێنوێنیانە جێبەجێ بکاتو، هەروەها بەرنامەی دامەزراندنی فەرمانبەری کورد، تابکرێ لە ناوچە کوردنشینەکانو، ڕێدان بەبەکارهێنانی زمانی کوردی، پێڕەو بکات.

بەڵام ئیدارەی عیراق دژایەتیی هەموو جۆرە ئۆتۆنۆمی یان ڕەگەزنامەیەکی جیایی خوازی کوردی، جا ئێرانی بێ یا تورکی، کردووەو ، تەئکید دەکاتەوە کە

کوردان ناتوانن یەك بگرن و، سەربەخۆیشیان دەبێتەمایەی چەتەیی و تاڵانچییەتی لە هەرێمە سنوورییەکاندا.

تۆفیق وتی بەم دڵنیاکردنەوەیە دڵخۆشەو، ئێستا حکوومەتی تورکیا گومانی لە کوردی عیراق نییە، بەڵام ترسی لە کوردەکانی ئێران جێی هەڕەشەیە بۆ سنووری شەمزینان کە کۆنترۆڵی ئێرانی تێدا زۆر کزە، ئەمجا لەبارەی ژێرخانی سوپای ئێرانەوە درێژەی بەقسەکانی داو، پێی وابوو ناتوانێ ئاسایشی ناوخۆ سەقامگیرو کەمترین بەرگری لە بەرامبەر هێرشی دەرەکیدا بکات. هەروەها وتی: نەتەوەیەکی وەك فارس نەیتوانیوە دەرك بەو قوربانییە ترسناکانە بکات کە سوپای نوێی سێیەکی داهات تێدا خەرجکراوی تورکیا بەهۆی زیادە پارێزییەوە دەیاندا.

پاشان پرسیم، ئایا بە وتووێژەکانی لیژنەی هەمیشەیی سنوور کە لە زاخۆیە، رازییە، وتی: بەڵێ. دەرەنجامی نایاب بەدەستهاتووەو، نوێنەری تورك رایگەیاندووە کەنوێنەری عیراق زۆر دۆستانە هاتووە پێش. بەقسەی ئەو، تەنها یەك شت بەناجێگیری مابووەوە، ئەویش هەرچەندە زۆر روونی نەکردەوە، بەڵام خۆم تێگەیشتم کەمەسەلەی بازرگانیی ترانزێتیی نێوان تورکیاو ئێرانە بەناو عیراقدا، هەروەها وتی: ئەبێ جارێ چاوەڕێی بکەین، تاعیراق و ئێران لەسەر ئەم مەسەلەیە رێك دەکەون.

من وتم: چارەی ئاوارە کوردەکانی (گۆیان) بۆ عیراق زۆر گرنگە، ئاسان نییە ئەم وڵاتە بەزەبری هێز ئەو ژمارە زۆرە لەسنوور راماڵێ و، بوونیشیان لەوێ هەڕەشەیەکە بۆ ئاسایشی سنوور، ئێمە بێ هیوابووین، چونکە تورکیا نەیدەویست وەریانگرێتەوە، تۆفیق وتی: (بەداخەوە ناتوانین خۆزگەکانتان بۆ ئەم مەسەلەیە بێنینەدی)و، هیچ پاساوێکیشی نەهێنایەوە، بەڵام دڵنیا بوو لەوە کە باری ئابووری وردە وردە ئاوارەکانی گۆیان ناچار دەکات دوور لەسنووری تورکیاو لە دەشتەکانی عیراقدا بژێویی خۆیان پەیدا بکەن، بەم جۆرەیش، پێدەچێ کێشەکە نەمێنێ. من وەڵامم

دایەوەو وتم: لەوانەیە ئەمە ڕاست بێ، بەڵام پرۆسەیەکی خاوەو، هاوکات، ئەترسم ببنە مایەی سەر ئێشەی هەردوو حکومەت.

جالەبەرنەوەی کە ئەمزانی خۆیان بەبێ ئاگاداریی ڕەسمیی دەسەڵاتدارانی تورك کەم کەم دەکەونە گەڕانەوە بۆ تورکیا، ئیتر زۆر لەسەر ئەمە نەڕۆیشتم.

لەتۆفیقم پرسی: کەهێڵی ئاسنی عێراق گەیشتە موسڵ، ئایا هیچ کارئاسانییەك بۆ بازرگانیی نێوان قوستەنتەنییەو نسێبین دەکرێ؟

ئەمە پرسیارێکی گرنگ بوو وتی: پەرەپێدانی هێڵی ئاسنی نسێبین - حەلەب، بەهۆی کێشەی دارایی ئەو کۆمپانیا فەرەنسییەی وا ئەو بەشەی هێڵەکە بەڕێوە دەبات، تەواو سست بووە.

ئەمجا تۆفیق بەرقێکی زۆرەوە لەویستی هارچەرخی عەرەب دووا، بەقسەی ئەم، ئەوان هێشتا سروودەکانی سەردەمی عومەر دەڵێنەوەو، پێیان وایە ئەتوانن شکۆی هاروونە ڕەشید بگێڕنەوەو، دەست بەسەر ئاسیادا بگرن، ئەوان چەندین سەدە لەدواوەن، تاکە فەرمانڕەوای عەرەب (ئیبن سعوود Ibn Saud)ە کە ئەم پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵدا هەیە، ئیبن سعوود ئەزانێ هێزەکەی لەبەرامبەر سوپای نوێدا کەڵکی نییە، بۆیە ئەبێ تێنو توانی خۆی بۆ نیوە دورگەکەی کەم بکاتەوە. سیاسەتیشی، بەهۆی شوێنی جوگرافیی لەگەڵ بریتانیای مەزنداو کاری ماددیو مەعنەویی تورکیاوە کە تائێستا لەو ناوچانەدا هەیەتی، بریتییە لە دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ ئەم دوو وڵاتەدا.

دوایی تۆفیق بە ئۆتۆمبیلەکەی بردمی بۆماڵی سەرۆك، بەوی ناساندم. سەرۆك بەتورکیو منیش بە فەرەنسی قسەم دەکردو، تۆفیق ڕۆڵی وەرگێڕی دەبینی. دانیشتنەکەمان نزیکەی دوو سەعاتی خایاندو، هەر سەرۆك قسەی دەکردو، منیش جارجار بەقسەی کورت هەڵمدەداییو دەمبزواند.

سەرۆك زۆر دڵخۆش دیاربوو و، ناوبەناو زەردەخەنەیەکی دەگرت، ئەویش، وەك تۆفیق، بەباسی قازانجی ئاسینی شەخسی دەستی پێکرد.

پاشان تۆفیق ناوەڕۆکی قسەکانی تایبەت بەسیاسەتی کوردی بۆ دووپات کردەوە، سەرۆك وتی: ((خۆشحاڵم ئەمە ئەبیستم)). ئەکرێ زۆر لەسەرمافی چارەنووس و مافی کەمینەکان بڕۆین، بەڵام ئەبێ لە مافەکانی زۆرینە جیا بن، کورد، بەقسەی ئەو، بۆ چەند نەوەیەکی تریش ناتوانێ خۆی بەڕێوەببات، ئەمجا هەمان ترسی تۆفیقی لەمەڕ مەترسیی کوردانی ئێران بۆ سەر سنووری شەمزینان دەربڕی، لێرەوە کەوتە نیشاندانی سیاسەتەکەی. سەرۆك پێی وابوو هەڵەی ڕۆژهەڵات ئەوەیە باوەڕی بەتیۆری هەیەو لەراستییەوە دوورە، ئیمپراتۆریەتی تورکی بە باوەڕە خەیاڵییەکەی کە کۆکردنەوەی هەموو گەلانی موسڵمان بوو لە یەکێتییەکی سەرتاسەریی ئیسلامیدا، هەرەسی هێنا، ئەمەیش گومانی لای هێزەکانی تر دروستکرد. جا بۆ ئەوەی ئەم بێ عەقڵییە دووبارە نەبێتەوە، خەلافەتی هەڵوەشاندەوە. هەمیشە زۆر لە پێش شەڕەوە وتوویە: پێویستە تورکیا لە ئەلبانیو بولگاریو عەرەب دوور کەوێتەوەو، زیاتر خۆی بگونجێنێ، ئەم پێشکەوتنانەی دوایی زادەی سیاسەتەکەی ئەمن، بەڵام ئەمە وەزعێکی روو لە هەورازو سەختە. مێژوو نووسێکی ئینگلیزی وتوویە: ئیمپراتۆریەتی تورکی هێندەی ماوەی نێوان مەسیحو محەمەد لە دواوەی گەلانی رۆژ ئاوایە، ئەو کاتە لەدەست چووەیش، ئەبێ ئێستا قەرەبوو بکرێتەوە. ئەمە مەسەلەی هێڵی ئاسنو کارگەو تەلەگراف نییە، بەڵکوو هی گۆڕانی ریشەیی بیروهۆشی خەڵکە. سەرۆك پێی وابوو تورکیا ئەو یارمەتییە خێر خوازییەی بریتانیای ، بەو برە زۆرەی کە داوا دەکرێ، پێدەگات.

من وتم: دەکرێ بەڕێزی هەڵویستی بریتانیای مەزن لەزاری باڵوێزی ئینگلیزەوە بزانێ، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم بەپچڕانی پەیوەندیی کۆنی ئەنگلۆتورکی زۆر نیگەرانو، بەم بووژانەوەیەی دواییش دڵخۆش بووم.

ئەبێ، ئەوەندەی بکرێ، هەموو هەلێك بۆ پتەو کردنی ئەم دۆستایەتییە بقۆزمەوە.

پاش چەند قسەیەکی تر مۆڵەتم خواستو بەجێم هێشت.

ئێچ. دۆبس،

کۆمیساری باڵا لەعیراق، ئەنگۆرە، ٢٢ی نۆڤەمبەری ١٩٢٦

وەزیری دەرەوە، ٤٢٤/٢٦٥، ل:٥٠-٥٢، ژ ١/٤٦

ژ: ٣٣

لەسێرجی کلارکەوە بۆسێر ئۆستن چامبرلەین - (١٧ی کانونی دووەم گەیشتووە)

(ژمارە: ٢١)

ئەنگۆرە، ٤ی کانوونی دووەمی ١٩٢٧

گەورەم،

لەراپۆرتی ژمارە (٦٢١)ی (٢٤)ی نۆڤەمبەردا، لە راگەیاندنی ئەو سیاسەتە توندەی. دژ بە کوردان کەوەزیری کاروباری دەرەوە لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ کۆمیساری باڵای عیراقدا باسی کردبوو، ئاگادارم کردنەوە.

٢. دوێ شەو لە دیداری تۆفیق روشدیدا ئەمەمان خستە بەرباس، وەك ئەوکاتەی کە قسەی لەگەڵ سێر هنری دۆبسدا کردبوو، هەرئامادە نەبوو. تەنازول بکات. ئەو ئاماژەی بەتیۆریی فەلسەفە مێژووییەکەی کرد: میلی بەندۆڵە کە لە نێوان سەردەمی ئیمپراتۆریەتی یەککگرتوو (فیدرالی)و هی نەتەوەو رەگەزە سەربەخۆکاندا دێو دەچێ، تەنها ئیمپراتۆریەتی بریتانیا لە مێژوودا لە ڕووی سیاسییەوە ژیربووەو، لەگەڵ گەشەکردنی هێزە جیایی خوازەکاندا خۆی گونجاندووەو، بەمەیش پێکهاتەی خۆیی پاراستووە، ئێستا بەندۆڵەکە لەوپەڕی گوژمیدا بەرەو نەتەوە تاكو جیاکانو، ئەگەر ئیمپراتۆریەتەکان نەبن، تێبینی گەڕانەوەیشی بۆ لای گرووپەکان دەکرێ، پرۆسەکەیش شتێکی حەتمییە، بەڵام ئەبێ چەند یەکەیەکی بچووکی نیشتمانی لەم ڕێیەدا تیا بچن، یاخود بەشلۆقی رزگاریان بێ، چونکە بەکارهێنانیان لەلایەن یەکێ لە هاوسێ بەهێزەکانیانەوە واتە شەڕ لەگەڵ ئەوانی تردا. بۆیە لێرەدا سەربەخۆیی

میللەتە بچوکە یەك دوو ملیۆنییەکانی وەك ئەلبانیا هەرگیز شیاو نییە. کەواتە کوردەکانیش بێ بەش دەبن، سەرەڕای ئەمەیش ئاستی رۆشنبیرییان هێندە نزمو عەقڵیان وا لە دواوەیە کە ناتوانرێ لە بنیاتی سیاسیی گشتیی تورکیادا بەشدار بکرێن، خۆ ئەمانیش، وەك بەڕێزی وتی((هندۆسەکانی ئەمریکا) کە دیار بوو مەبەستی هندییە سوورەکان بوو، دەبڕینەوە، لەرووی داراییەوە لە کێبەرکێی تورکە رووناکبیرو پێشکەوتووەکاندا کە لە هەرێمە کوردییەکاندا جێگیر دەکرێن، شەڕی مانەوەیان پێ ناکرێ. دوای هەموو ئەمانیش ئەمرۆ کەمتر لە (٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار) کورد لە تورکیادان کە دەتوانرێ زۆرترین ژمارەیان لێ بنێردرێنە عیراقو ئێرانو، ئەوانی تریشیان بەپرۆسەی سڕینەوەی لایەنە نەشیاوەکانیاندا تێدەپەڕن.

٣ـ سەختە بڕوابکرێ کە ئەمە راوبۆچوونی وەزیرێکە، بەڵام من باوەڕم وایە. سەیرتر لە کەم عەقڵیی ئەمانە، ئەوەیە کە بەسووکی سەیری گرفتەکانی تورکیا ئەکەن، (٥٠٠٠٠٠) کوردەکەی تورکیا لای تۆفیق روشدی، بەهەموو پێوەرێکی بڕوا پێکراو، زۆر لە ژمارە راستیەقینەکە کەمترە، رۆژانی رابردوو فەرمانڕەوایەکی قەیسەری پێی وتم پێش شەڕ بەلای کەمەوە (٢،٥) ملیۆن کورد لە تورکیا دابوونو، ئێستاش ناشێ (١،٥) ملیۆن کەمتری تێدابێو، تورك هەرگیز ناتوانێ کۆتاییان پێبێنێ. ئێمە لەوەی وا لە کوردستاندا روو دەدا، بێ ئاگاین، بەڵام ئەزانین تورکیا سوپایەکی لەوێ مۆڵداوەو، رێژەیەکی زۆری داهاتی تێدا خەرج دەکاتو، هیچ نیشانەیەکی لەناوچوونی کوردیش نییە.

کۆپیی ئەم نوسراوە بۆ بەغداو تاران دەنێرم.

جۆرج ئار. کلارك

*** *** ***

ژ: ٢٤

لە سێرجی. کلارکەوە بۆ سێرئۆستن چامبرلەین (١٧ی کانونی دووەم گەیشتووە)
(ژمارە : ٢٢)

قوستەنتەنییە ، ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٢٧

گەورەم ،

پێتان ڕادەگەیەنم دادگای ئیستیقلالی ئەنگۆرە بەم دواییە ڕاپۆرتێکی کورتی سەرژمێریی کارەکانی بڵاوکردەوە کە جێی بایەخ پێدانە . ئەمە خوێندنەوەیەکی توندە و، پێدەچی وا هەست بکرێ تاوانکارانی سیاسی زۆر زیاترین لەوەی کە دانی پێدانراوە.

٢- ڕاگەیەندراوە لەسەرەتای ئازاری (١٩٢٥) ەوە کە دادگاکە کەوتووە گەڕ، زیاتر لە(١٠٠٠هەزار) کەس بەگوناهی سیاسیو (٨٠٠) یش بەدزیو جەردەیی تاوانبارکراون ، بۆ یە ئەشێ هاوڵاتییەکی ئاسایی دڵخۆش بێ بەوەی کە ئەم دادگا تەمەن کورتە کارێکی بۆ کەمکردنەوەی جەردەیی ، کە برینێکی تورکیای زوویش بووە، کردووە، بەڵام، بەهەمان شێوە، ترسیشی لە لێکۆڵینەوەو بەدوادا چونە سیاسیەکان هەبێ.ئەمیش چونکە ئاسایشی ڕۆژئاوای تورکیا، هەرگیز وەك ئێستا باش نەبوە بەڵام هەرچەندە ئەندامانی دادگای ئیستیقلال بۆ هەرشوێنێك چووبن خەڵك بە هەموو جۆرێك مل کەچیان بوون ، بەڵام خەڵك خۆشیان ناوێن .زۆربەی خەڵك ، ئەگەر وەك تورکیش (سلبی)بن، لەوانەیە تازەگەرییان بەڕێگەی خۆیان پێباشبێ. دادگای ئیستقلالی ئەنگورە بۆ ئەوە هاتووەتە گۆڕێ کە بزانی ئایا تورك لەسەر شێوازەکەی غازی، ئەو پرۆسەیەی کە ئەمساڵ خنکاندنی (١٢٥)و زیندانیکردنی زیاتر لە (٥٠٠) کەسی بەپێویست زانی، خۆیان چاك دەکەن؟

٣- ڕای تایبەتی غازی ئەوەیە کە وڵات پێویستی بە فەرمانڕەوایەکی ستەمکاری چاكو پێداگری حکومەتێکی کۆماری هەیەو، ئەوشتانەی سەرەوەیش کە دەشێ

بەکەم بگیرێن، دەرهاویشتەیەکی ئەم بۆچوونەن. ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێ کە شتێك نییە بۆ ئەم سیاسەتەی بوترێ. ئەگەر وڵات بەدەستێکی بەهێز بەڕێوە نەبرێ، ئەوا ڕێیتێدەچێ ململانێیەك کە هەردوولای تێدا زەرەر مەندبن، خۆ ئەگەر بێگانەیش نەهێنێتە وڵاتەوە، هەروەك دادگاکانی ئیستیقلال، ببێتە مایەی نەهامەتییە راستەقینەکانی مرۆڤ.

٤- دووری وای کردووە هیچ شتێك لەبارەی کارەکانی دادگای ئیستیقلالی ئەلعەزیزی نزیك خەرپووتەوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی کوردنشینە، نەزانین. دان بەوەدانراوە کە کاری هێورکردنەوە هێشتا زۆری ماوەو، تا کوردە نادڵسۆزەکان ریشەکێش دەکرێن، دادگاکە پێویست دەبێ. لەبەریەك هەڵوەشاندنی خێڵەکان‌و چەککردنی هەموان‌و، هەرچۆنێك بێ، راگوێزانی سەرۆك تیرەکان هەر بەردەوامە. یاسای عەسکەری لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا بۆ (٢٣)ی تشرینی دووەمی داهاتوو درێژ کراوەتەوەو، نزیکەی نیوەی سوپا بۆئەم بەرنامەیە تەرخانکراون. مانگی رابردوو چاپەمەنیەکان، بۆ لێدانی خێڵی (قۆچ- ئوشاغی، K0tch- Ushaghi)ی دەرسیم کەبەئاشکرا بەرەنگاری هەوڵەکانی لێپێچانەوەی کاریەدەستە عەسکەریەکان بووبوونەوە، دەستخۆشییان لە سوپا کرد.

٥- لیستێکی تایبەت بەجێگیرکردنی خێزانە کوردە راگوێزراوەکانی بایەزیدو ناوچەکانی‌تر، دا ئەوانەیان کە لە پرۆسەی راگوێزاندا ماون، لە ئەنادۆڵی رۆژئاوا، پێشکەشی ئەنجومەن دەکرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە تەنها ٢٠٠٠ کەس لە خۆدەگرێ، ئەوە دەگەیەنێ، یان سەربازەکان نەیانتوانیوە زۆرێك لە کوردە ئاژاوەگێڕەکانیان چنگ بکەون، یاخود ئەوانەی کە هەر جۆرە پەیوەندییەکیان بە یاخیەکانەوە هەبووەو رزگاریان بووە، لە گیراوان زیاترن.

٦- نیشتەجێکردنی پەنابەران بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە ڕاماڵینی کورد لە هەرێمە کوردیەکاندا دروستی کردووە، بیری لێ‌کراوەتەوە، بەهیوان پەنابەری

موسڵمانیان لە یۆگۆسلاڤیاو بولگاریـاو دۆبروجا (Dobruja)[1] و قوبروس و قۆقـازەوە دەست بکەوێ. بەڵام ئەگەر حکومەتی ئەو وڵاتانە فشـاریان نەخەنـە سـەر، پێنـاچی ئـەم هیوایـە بێتـە دی، لەوانەیشـە خوێنێکـی زۆری تێـدا بـڕژێ. تاقیکردنـەوەی نیشتەجێکردنی موسڵمانانی یۆنان لە تورکیا، هاندەرنین. پێناچێ ئـەو کشـتیارانەی کە لـە زەویی گاورەکاندا گوزەرانیـان باشـەو، رەنگـە فێسـەکانیان لەسـەر بنێن و، بێهیچ سووکایەتی پێکردنێك نوێژەکانیان بکەن، بۆ دەست پێکردنی ژیانێکی نـوێ و لـە بـەرگێکی رۆژئـاواییدا، خوازیـارین لـە هـەرێمی سـەختی کوردسـتاندا نیشـتەجێ بکرێن. تورکیا ئێستا ناتوانێ، وەك داروڵئیسلامەکەی زوو، خەڵك بۆخۆی رابکێشێ.

٧- کۆپییەکی ئەمە بۆ کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لەبەغدا دەنێرم.

جۆرج ئار. کلارك

---

[1] ناوچەیـەکی رۆمانیـاو بۆلگاریایـە لـەنێوان دەریـای رەشو رووبـاری دانوویـدا (المنجد فـی الاعـلام، گ٩، ص٢٨٩). (س)

ژ: ٣٥

لە سێر ئۆستن چامبرلەینەوە بۆ سێرجی. کلارک-(قوستەنتەنییە)

(ژمارە: ٧١)

وەزارەتی دەرەوە، ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٧

بەڕێز،

ئەمڕۆ باڵوێزی تورکیا بۆ یەکەمجار دوای گەڕانەوەی لەئەنگورە، سەری لێدام ئەو، خۆشحاڵیی حکومەتی تورکیی بۆ دامەزراندنی بەڕێزت و ئەو پەیوەندییەی کە کردووتە پێیانەوە بەگەرمی باسکردو، کەسەرنجیدا: دەزانم چەند بەپەرۆشەوە حەز بەدەست پێکردنی دۆستایەتی ئەنگلۆ- تورکی دەکات، دەربڕی دڵی بەو نیشانانەی هەستی تورك بەرامبەر بەئێمە خۆشە کە بە وتووێژ لەگەڵ سەرکۆمارو سەرۆکی ئەنجومەن و وەزیری دەرەوەدا بۆی دەرکەوتبوون.

ئەمجا داوای لێکردم داواکانی تورکیا بۆ هەڵگرتنی قەرزەکان کە ڕوون بووەتەوە پەسەندکردنیان بەڕاستی لەقازانجی بەڵێندەرانی ئینگلیزدا نییە، وەرگرم. هەروەها بەگفتوگۆکانی پاریسیدا زانیبووی، ئێستا کێشەکان لە"سێر ئادەم بلۆك_ Sir Adam Block"ەوەن، نەك لە فەڕەنسەوە کە گەورەترین قازانجی دەست کەوتووە. ئەو تەواو دانی بەوەدانا کە سێر ئادەم بلۆك نە کارمەندی حکومەتی بریتانیاو، نە کۆنترۆڵی بەدەست ئێمەیە، بەڵام جەختی لەسەر کردەوەو کە حکومەتی تورکی تا ئێستا داوای بەڵێندەرانی پەسەند نەکردووەو، زۆر جێی داخ دەبێ ئەگەر ڕێك نەکەون. ئەوەیشم بەبەڕێزی وت: تۆ شتێکت لەسەر ئەمە بۆ نووسیمو، منیش داوایەکم هەبووەو، بۆ ئەوەی کە لە شوێنی خۆیدا دڵنیا بکرێتەوەو بزانرێ ئاخۆ ئەتوانین بەشێوەیەکی بەسوود هیچ ئامۆژگارییەك بکەین، لەگەڵ گەنجینەدا ڕاوێژی لەسەر کراوە.

پاشان باڵوێزەکە داوای زانیاریی لەبارەی جیاوازییە دەرکەوتووەکانی نێوان حکومەتەکانی یۆگۆسلاڤیاو ئیتاڵیاوە لەسەر رێککەوتنی تیارنا کرد. ئەمجا چووە سەرباسی سەردانی مستەر چەرچڵ بۆ رۆماو دانوستانی لەگەڵ سینیۆر (مۆسۆلینی)دا. گفتوگۆکانی ئەمان، بیرو هۆشی خەڵکێکی زۆریان لە تورکیا وروژاندووەو، ترسێکیان هێناوەتە ئاراوە کە قسەی جارجاری سینیۆر (مۆسۆلینی) لەمەڕ پێویستی بوارێك بۆ فراوانکردنی دانیشتوانی ئیتالیاو، ئیشارەتدانی بە ((ئاسیا یان ئەفریقا)) بۆ ئەم مەبەستە، دروستیان کردووە. ئەم قسانە، نائاسایی، حکومەتی تورکیایان وریا نەکردەوە کە ناچاربوو ئامادەکارییەکی دیاری عەسکەری بکاتو پارەیەکی زۆر لەم مەرامەدا بەخەرج بدات، کە دەشیا بۆ ئامانجێکی بەسوودتر تەرخانی بکردایە. من بە باڵوێزەکەم وت: گەشتەکەی مستەر چەرچڵ تەنها پشووەو، لەسەر داوانامەی هاوڕێیەکی دێرین بووە کە ئێستا فەرماندەیی گەلەکەشیتی بریتانیانی لەدەریای ناوەڕستدا دەکات . مستەر چەرچڵ کارێکی سیاسیی نەکردووەو ، هەرچەندە کە گەڕایەوە لەم بارەیەوە قسەم بۆدەکات ، بەڵام قسەکانی ئەسیناو ڕۆمای لەوجۆرەنین کە هیچ ڕاپۆرتێکم لەسەریان بۆ بنێرێ . ئەوەندەی کە من لە قسەکانی ڕۆمای بزانم ، هی چاوپێکەوتنی چاپەمەنیەکان بووە کە لە ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیادا ڕایگەیاندووە . باڵوێزەکە وتی ،بێ‌هیچ داوایەکی ڕەسمی ، خۆشحاڵە بزانێ ئایا رازی ئەبین کونسڵی گشتی تورکیا لە بەغدا دەستنیشان بکرێ ؟ پێیشی لەسەر ئەو ڕاستیە داگرت کەنایەوێ لە موسڵ دایبنێ ، چونکە وتی : کارێکی لەو جۆرە ، پێدەچی‌گومان دروست بکات و ، ئاکامی سیاسی خراپی لێبکەوێتەوە . تورکیا قازانجی ئیش و کاری لەبەغدادا هەیە . بەردەوام دەیپرسی : ئایا هیچ میکانیزمێکی گونجاو نییە کاری پێبکرێ ؟ هیواداریش بوو پێی بڵێم ئایا ئەگەر داوای ڕەسمی هەبێ ، پەسەند دەکرێ؟ بەڵێنم دایە لەم بارەیەوە لە ئۆفیسی کۆلۆنییەکان بپرسم ، کە بێ گومان پەیوەندی بەحکومەتی عێراقەوە دەکات و ، دواتریش وەڵامەکەی بدەمەوە.

باڵویز وتی : دوو سێ شتی تر هەن ، لەبەر ئەوە کارێکی خراپیان کردووەتە سەر مێشکی حکومەت ، دەیەوێ نارەسمیو بەگیانێکی دۆستانەوە ئاماژەیان پێبکات . ئەو کاتە داوای هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر ئەم مەسەلەیە نەکرد ، بەڵکو تەنها ویستی سەرنجم بۆ ئەم خاڵە بچووکانە ڕابکێشێ : یەکەمیان ئەوەبوو کە کاتێک حکومەتی فەرەنسی بەیەك چاو سەیری بیانی (رعایا) ی هێزەکانی ئەورووپاو تورکیای لە سوریا دەکرد، ئەم ڕێککەوتنە بۆ میسرو عێراق کە بریتانیا دەسەڵاتی تێیاندا هەیە ، ڕەتکرایەوە. من وتم زانیاریم لەم بارەیەوە نییە ، بەڵام لێی ئەکۆڵمەوە.

خاڵی دووەم کە بەڕێزی باسی کرد، ئەوەبووکە تورکیا دەخوازێ باڵویز خانەکەمان لە ئەنگۆرە بێ. من لە وەڵامدا وتم : گرفتی ماددیمان لەڕێی ئەم گۆڕانەدا هەیە. ئەنگۆرە جێیەکی پەسەند نییەو، گوزەرانی باڵوێزیش دیاریکراوە. بەڕێزیشت وتت ئەتەوێ زیاد لەئاسایی جاران لە ئەنگۆرەبیو، منیش وام حەزدەکرد. ئەشێ سالانی ئاییندە چەند چاکسازییەك لە گوزەرانی تۆدا بکرێ، بەلام ئێستا باری دارایمان، بەهۆی کێشە پیشەسازییەکانی دوازدە مانگی ڕابردووەوە، زۆر خراپەو، گەنجینە هەموو ڕادەکانی بۆ کەمترین ئاست دابەزاندووە.

دیسان باڵوێزەکە پرسیی: ئایا بەم کێشە ماددییانەوە، لەم بارەیەوە هیچ ڕێککەوتنێك لەنێوان ئێمەو حکومەتی فەرەنسەدا نییە؟ وتم : بێگومان وایە ، بەلام ڕێککەوتنێکی وا کە هەردوولا هەتاهەتایە پێکەوە ببەستێ، لە ئارادانییە. ئەو بەپێویستی زانی پێش ئەوەی هەر گۆڕانێك ڕوویدات، ڕاوێژ بەحکومەتی فەرەنسە بکەم. بەپێویستی نازانم لەسەر هۆکانی بەگوڕ کردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە، وەك هەنگاوی یەکەم، بدوێم. پێم وایە باشتروایە ئێستا لەهەر گۆڕانێکدا جەخت لەسەر گرفتە ماددییەکان بکرێتەوە.

دواجار وتی: زانیویەتی چاپکراوێك بلاوی کردووەتەوە کە کارمەندانی کونسلخانەمان لەڕۆژئاوای ئێران، هانی بیری دژی تورکیان لە ناو کورداندا داوە. من

وتم: ئەم گومانە هیچ بنچینەیەكی نییەو، بەپێچەوانەوە، ئەزانم كارێكی لەم جۆرە پەیوەندییە دۆستانەكانمان كەلەپەیماننامەی موسڵدا دامەزراوەتەوە، دەخاتە بەر مەترسیو، لەجیاتیی كێشە نانەوە لەناو كورداندا، ئەمانەوێ بەئاشتیو بەختەوەری لەسایەی فەرمانڕەوایی‌ی توركیادا بیانبینین، چونكە دەزانین توركیا چەند بەم بابەتە حەساسەو، چەندیش لەسەر پێیە كە هەر تەنگو چەڵەمەیەك رووی‌دا لێمان بەگومانبێ‌و، ئەم گومانەیش چەند زیان لەو پەیوەندییە باشانە دەدات كە مەبەستمانە بیانپارێزین. بەباڵوێزم وت: ئەتوانی ئەم دڵنیا كردنەوەیە، بەڕەسمی وەك سیاسەتی حكومەتی خاوەنشكۆ، بۆ حكومەتەكەی دووپات بكاتەوە.

ئۆستن چامبرلەین

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٦/٤٢٤، ل: ٢٢-٢٤، ژ: ٧.

ژ: ٣٦

لەسێرجی. کلارکەوە بۆ سێر ئۆستن چامبرلەین(٢٥ نیسان گەیشتووە)

(ژمارە: ١٩٢)

قوستەنتەنییە، ٢٠ی نیسانی ١٩٢٧

گەورەم،

خۆشحاڵم لە ڕاگەیاندنێکی ئەمڕۆی ڕۆژنامەی" وەقت" ئاگادارتان بکەمەوە کە دەڵێ حکومەت داوای لە حکومەتی ئێران کردووە هێرشەکانی سمکۆ لە ئێرانەوە بۆ سەرخاکی تورکیا ڕاگرێ.ئەگەر ئەمە ئەو ڕاپۆرتەی گوشاری تورک نەبێ کە پاشکۆی عەسکەری ئێران لەلای ڕائید هارێنك (بڕوانە نووسراوی ژمارە(١٢٢)ی (٥)ی مانگی رابردووی ڕائید هارێنك) [1] گازندەی لە سەرکردبوو، وادەردەکەوێ تورکەکان هەوڵ بدەن فارسەکان هانبدەن بۆ شەڕی کورد.

٢- ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات هێشتا بەڕووی گەشتیاراندا داخراون، هەواڵی سەرکەوتنەکانی سیاسەتو ڕێبازەکانی تورك بۆ هێمنکردنەوەی کوردستان، زۆرکەمن. "میللییەت" لەسەر گوتاری (١٧)ی ئەم مانگەیدا، زۆرکەم لەسەر ئەم بابەتەی نووسیبوو، بەڵام لەکاتێکدا شتەکان ((لەچاو ساڵانی پێشوودا)) زیاتر پشت ڕاستکەرەوەن، نەیتوانیبوو بارو دۆخی گشتیی ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاتبداتە ناسین. ئەمەیش ئەو گومانەی من نیشاندەدات کە لە هەلومەرجەکەم هەیە. واتە: ناوچەکەیەکی بەرفراوان هەیە کە حکومەت سەرەڕای کۆششەکانی، نەیتوانیوە دەسەڵاتی خۆیی بەسەردا بسەپێنێ. دەڵێن: (١٢٠٠٠) کەسی ئەندامی ئەو بنەماڵانەی کە یاخی بووبوون، نێردراونە هەندێ شوێنی ڕۆژئاوای دوورترو، (٣٠٠) یتریش

[1] ئەم نووسراوە چاپ نەکراوە.

دەنێردرێن. ئاسـاییە بڕیارێك هـەبێ– وەك بەئاشـكرا هـەبوو– بۆ ئـەوەی کـە هیـچ فەرمانبەرێکی کورد لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات کاری پێنەکرێ. چاپەمەنیەکان بڵاوی دەکەنەوە: ئەبێ ئۆجاغ(یانە)کانی تورك کەڕۆڵی گەورەیان لە تازەگەریی کـوردان خۆیـاندا هـەبوو، کوردیش بکەنـە هـاووڵاتیی بـاش. سـێ مــانگ لەمەوبــەر دەنگـی لێبوردنێـك بـۆ کوردسـتان لـەئاوەدابوو، بـەڵام هیــچ لەئەنجومەنــەوە دەرنــەدەچوو. بێگومان وادەست دەکەن هێشتا ئەم جۆرە کارە زووبێ.

٣– پێویسـتە تێبینیـی ئــەوەبکرێ کەسـەر گوتـاری لەسـەرەوە باسـكراوی "میللیەت" ، گلەیی لە سـنوور بڕین بەگشـتیو، بەتایبەتیش هـی سنووری سـوریا کردووە.

٤– کۆپیـی ئـەم راپۆرتـە بـۆ کۆمیسـاری بـاڵای خاوەنشـکۆ لەبـەغداو بـاڵوێزی خاوەنشکۆ لەتاران دەنێرم.

جۆرج ئاپ. کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٦/٤٢٤، ل: ٥٥، ژ: ٣٢

ژ: ٣٧

لەسێرجی. کلارکەوە بۆ سێر ئۆستن چامبرلەین-(٢٧ی حوزەیران گەیشتووە) (ژمارە: ٣٢١)

تیرا پیا، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٢٧

گەورەم،

ئەو برگەیەی(٢٠)ی حوزەیران رۆژنامەیەکی تورکیا لەسەر بریاری حکومەتی تورك بۆ داخستنی سنوور بەرووی خێڵەکانی عێراقدا(وەك لە راپۆرتی ژمارە(٢١٣)ی(٤) مایسمدا ئاماژەم پێکردبوو، کە لێرەدا هاوپێچیم کردووە[1] ، شایەنی گرنگی پێدانە.

ئەم یاسایە، بەکردەوە ئەو دەسەڵاتە بەحکومەتی تورکیا دەبەخشێ کە ژمارەیەکی نەزانراو کوردو رەگەزی تری بەسەرپێچیکەری کاریەدەستانی ئەنگورە دانراو، لەویلایەتەکانی رۆژهەلات راگوێزێ، واتە حکومەت، بەپێی ئەم یاسایە، (٢٠٠٠) خێزانێکی یاخی لەناوچەکانی کوردستان بەگشتیو، بایەزید (نەك دەرسیم کە لە رۆژنامەکە بەهەڵە نووسیویە) بەتایبەتی، رادەگوێزێ. حکومەتی تورکی وەك لەراپۆرتی ژمارە(١٩٢)ی(٢٠) نیساندا هاتووە، کەوتووەتە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە، دژی کوردەکان، کە ساڵی ١٩١٥ بەسەرکەوتوویی لەدەست ئەرمەنیەکان رزگاری کردو، ئەمەیش شەرکردنە دژی ئەو کوردانە. ئەمە فێڵێکی سەیری چارەنووسە کە دەبێ کوردەکانی بزوێنەرو هاندەری سەرەکیی راگوێزانی ئەرمەنیەکان، پاش دوازدە ساڵ، بەرەو رووی مەترسی هەمان چارەنووسی ئەوان

---

[1] ئەم راپۆرتە چاپ نەکراوە.

بنەوە. هیچ هۆیەك نییە کە واهەست بکەین حکومەت هەوڵ ئەدات، بەهەمان پێوەری ساڵی (١٩١٥)، بکەوێتە راگوێزان.

٣- ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی یاسایەکی دەرکرد کە مافی داواکردنی حسابی موڵکەکان دەداتە راگوێزراوان، بەڵام کەمیی ئەو ماوەیەی کە پێیان دراوە، بەهای ئەم ئیمتیازەی پووچەڵ کردووەتەوەو، ناشتوانم بڵێم ئایا داواکان تاچەند گوێیان لێدەگیرێ؟

٤- هیچ ئاماژەیەك نەکراوە کە بۆ چ هەرێمێك دەنێردرێن‌و، دەیشکرێ بپرسین: ئایا چەند لەهەزارەکان دەگەنە جێوشوێنی دیاریکراویان؟

٥- مانگی پێشوو رۆژنامەی حکومەت، جارێکیتر لە باسی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا، ئەوەی رەتکردەوە کەکەمیی بودجەی دیاریکراو، جێبەجێکردنی پرۆگرامی چاکسازییەکەی راگرتبێ. هەموو ئەم شتانە، هەر لەرێکخستنی دەستەی پشکنیاران‌و دەست بەسەرداگرتنەوەی چەك‌و رێکخستنەوەی دادگا یاساییەکانەوە تاسەرژمێری‌و دامەزراندنی تۆمارگەی زەویەکان‌و هەڵوەشاندنەوەی تیرەو هۆزەکان، کە بێگومان بەئارەزووی حکومەت دەکرێ، پارەیان دەوێ. بۆیە مەحموود بەگ وتی: ئاساییە وا هەست بکرێ کە رێفۆرمەکە بە هێواشی بەرێوە دەچێ. سەرەڕای ئەویش کەئاژاوە لەناوەوەو دەرەوەی تورکیا پێش‌و دوای دامەزراندنی رژێمی ئەنکۆرە بەرپابووە، هەستێکی نەتەوەپەروەری جێی لێدوانی وا، ئۆفیسی دەرەوە تورکی بێ یان کوردی، لەناوچە کوردییەکاندا نییە، لەبەر ئەوە پێشوازیی خواستی وەزیری پەروەردەی کرد بۆ بەرێوەبردنی قوتابخانەکانی رۆژهەڵات بەو مامۆستایانەی کە مێشکیان بەبیری نوێی تورکی زاخ دراوە.

٦- لیستی لێبوردنی کوردان بۆ ماوەیەك بەدەست کۆمسیۆنی یاسایی پەرلەمانەوەبوو، بەڵام ئێستا وادیارە تەنها بۆ تاوانەکانی پێش یاخیبوونە. ئەمە بەگشتی ئەوە دەگەیەنێ کەحکومەت زیاتر سەرگەرمی دەست بەسەرداگرتنەوەی

چەکەکان‌و ریشە کێشکردنی بنەماڵە دەستڕۆکانە، نەك تواندنی هەندێ لەنەرمی وەك مەسەلەی قوتابخانەکان‌و دادگا یاساییەکان‌و تۆماری زەوییەکان.

جۆرج ئاڕ. کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٦٦، ل: ٨٥-٨٦، ژ: ٤٩

ژ: ٣٨

لەسێرجی. کلارکەوە بۆ سێر ئۆستن چامبرلەین(١٥ ئاب گەیشتووە)

(ژمارە: ٤١٧)

تیراپیا، ٩ی ئابی ١٩٢٧

گەورەم،

وەك لەو نوسینانەم ئاگادارن کە بە ڕاپۆرتی ژمارە(٣٢١)ی(٢٢) حوزەیران دواییان هات، دووساڵەحکومەتی تورکی پابەند کراوە، کوردو ئەو ڕەگەزانەی تر کە لە دامەزراندنی ئەم ڕژێمەوە بەردەوام سەرچاوەی کێشەبوون، لەهەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی فوراتەوە بۆناوچەکانی تری تورکیا بگوێزێتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە تا دوو مانگ لەمەوبەر ئەم گواستنەوانە بەپێوەرێکی دیاریکراو ئەنجامدەدرا، بەڵام ئێستا ئاشکرایە دوای پەسەند کردنی ئەو یاسایەی کە لە ڕاپۆرتی ناوبراودا زانیاریم لەبارەوەدابوو، کار بەپێوەرێك دەکەن کە تاڕاددەیەکی زۆر لە ڕاگوێزانی بەکۆمەڵی ساڵی (١٩١٥)ی ئەرمەنیەکان دەچێ.

٢- هەموو دەڤەری کێشەکە تەواو لە جیهانی دەرەوە دابڕاوەو، چاپەمەنیەکانیش هەر لە مەسەلەکە بێدەنگن، بۆیە هیچ ڕێگەیەك نییە تادڵنیابین ئایا ئەو ڕاگوێزانە زۆرە ملێیە هیچ کارێکی کردووەتە سەر بارودۆخی ئێستا یاخود

ژمارەی خەڵکەکە؟ پێناچێ زیادە ڕۆیی بێ، گەربڵێم زیاد لە (٢٠٠٠) پیاو و ژن و منداڵ پێش کۆتایی‌ی ڕاگواستن بەزۆر لەخاکی خۆیان هەڵکەندراون.

٣- تەنها یەك ڕاپۆرتی کونسوڵی تەرابزوونی خاوەنشکۆم سەبارەت بە چارەنووسی ئەو خەڵکە بێبەختەو هەلومەرجی ڕاگوێزانیان پێگەیشتووە، کە بەو پێیە چەند ڕۆژی ڕابردوو (٦٠) پیاوی کوردی دەست بەستراو دوو دوو زنجیرکراو بەپێ بەناو تەرابزووندا براون و، وباوەڕدەکرێ خرابنە سەر کەشتییەکی هەڵمیی تورکی و بەرەو قوستەنتەنییە ڕاپێچکرابن. ئەمانە بەپێ و لەڕێی ئەرزرۆمەوە برابوون، بەڵام مستەر نایت نەیتوانیبوو بزانێ لەکوێوە هێنرابوون. هیچ ڕاپۆرتێك لەمەڕ گەیشتنی ئەم کوردانە لێرە بڵاونەکرایەوە، بەڵام ڕێی تێدەچێ بۆ سمیرنا یا پشت کە ناراوەکان گوێزرابنەوە .ساڵی ڕابردوویش، ژمارەیەکی بەرچاوی خێزانی دەستڕۆی کورد بۆ ئەم جێیە ڕاگوێزراون.

٤- ئەم بڕگەیەی خوارەوە کە لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕاستەوخۆ لە ڕاپۆرتەکەی پاشکۆی عەسکەرییەوە تایبەت بە دوا گەشتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی ناوەڕاست دەنووسمەوە، تیشکێك دەخاتە سەر شێوازی ڕاگوێزانەکە:

((سێ‌قافڵەی جیای کوردم لە پرۆسەی ڕاگواستندا بینی،یەکیان لەنێوان (نیغدە- Nigde) و(دەڤەلی قەرەحەسار- Develi Kara hissar)[1] دابوون، لە(٣) پیاو و نزیکەی (١٥٠) ژن و منداڵ پێکهاتبوو. کەلوپەلەکانیان لەسەر عەرەبانەی بە گاڕاکێشراو بوون و، زۆربەیان بەپێ‌دەڕۆیشتن و، تەنها یەك دووئافرەتی پیر لە سەر گوێدرێژو ئەسپ و عەرەبانە بوون و، (١٠) جەندرمە پاسیان دەکرد. دووەمیشیان، هەر بە پێ، لەنێوان قارەمان وقۆنیادا بوو، بەهۆی گەشتیارێکی ترەوەو لەسەر شەمەندەفەرەکە پێم زانی و، نزیکەی (٣٠٠) کەس دەبوون. لە(چومرە- Chumrah)[2]ی نزیك قۆنیایشدا، کامپێك هەیەو، نزیکەی (٦٠٠) کەسی تێدایە.

---

[1] ناحیەیەکی باشووری ڕۆژئاوای ویلایەتی قەیسەرییە لەبەشی خوارووی ناوەڕاستی تورکیا. (س)

[2] قەزایەکی باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری قونیەیە.(س)

بەیاریدەدەری بنکەکەم وت: قەرەج لەم ناوە زۆرن. ئەو بۆی ڕاستکردمەوەو وتی: ئەوانە کوردی ڕاگوێزراون. هەرلەوێ بەتالیۆنێکی پیادەو نیو دەستەی ئەندازە هەن، بەپێی قسەی یاریدەدەرەکە، دووهەفتەیە گەیشتوون و،بۆپاسەوانیی کوردەکان نێردراون.))

((ئەوانەی کەلەقافڵەی سەر ڕێگەکەدا بوون، وادیاربوو دڵخۆش بوون. هەرچەندە جەندرمەکان، لەکاتێکدا قسەم لەگەڵ یەکێك لەپیاوەکاندا دەکرد، دووریان خستمەوە، بەلاَم لەوە نەدەچوو بە ناهەمواری ڕاپێچکرابن یان مامەڵەی ئەرمەنیەکانیان لەتەکدا کرابێ.))

٥- ئەگەر وەك ڕانید هاێنك وتوویەتی، شوێنی داهاتووی ئەم کوردانە دەشتی بەپیتی قۆنیابێ، ئەوا دەشێ بە تێپەڕبوونی کات خۆیان بەژیانێکی کشتیاری ئارامەوە خەریك بکەن و، واز لە بێزارکردنی دەوڵەت بێنن. ئەمانە ناوچەیەکی بەتاڵ لەدوای خۆیان جێدێڵن کەهەرگیز پڕدانیشتوان نەبوە. چەند نیشانەیەکیش هەن کەوا ئیدارەی ناوەندی بەشوێن ڕێگەیەکدا دەگەڕێ، تائەو جێیانە پڕکاتەوە. یەکەمجار هەوڵیان دا، بەنیشتە جێکردنی هەزاران موسوڵمانی ئاڵوگۆڕکراوی یۆنانی، ئەم کارەبکەن، بەلاَم ئەمە شکستی خواردو، حکومەت ناچار دەستی لێ هەڵگرت.

٦-جێگرەوەی ئەمە، خۆی لە و(٤٠-٥٠) هەزار موسڵمانە قۆقازیەدا دەبینێتەوە کە لە ڕاپۆرتی ژمارە (٣١٠)ی(١٦) حوزەیراندا ئاماژەم پێکردبوون. ئەمەش هەر گرفتی لەڕێدایە، چونکە چەند ڕۆژی پێشوو ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئەم هەواڵە گرنگەیان بلاَوکردوەو: ئەو شارەزایەی پەنابەران بۆ چاوپێکەوتنی خەڵکی جێی مەبەست نێردراوەتە دەوڵەتانی قۆقاز، بەوەزیری ناوخۆی ڕاگەیاندووە: هەندێکەس ئامادەن لەسایەی ڕێککەوتنامەیەکیتورکیا-ڕوسیا دا ڕەگەزنامەی تورکی هەڵگرن، بەلاَم هەندێکی تریان ڕازی نین، بۆ چارەسەری ئەمانەی دوایی، بۆڕێککەوتنێکی تازە لەگەڵ ڕوسیادا گفتوگۆ بکرێ. لێرەوە دەتوانین بڵێین کاری شارەزاکەی پەنابەران،بە پێچەوانەی ئەوەوە کە ئومێد دەکرا، سەرکەوتوو نەبوە.

٧– لەکونسوڵی تەرایزوونی خاوەنشکۆوە زانیومە، حکومەتی سۆڤییەت زۆر حەز بە دوا داوای حکومەتی تورکیا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ویلایەتە راگوێزراوەکانی رۆژهەڵات ناکات. بەپێی قسەی هاوکارە رووسەکەی مستەر نایت، حکومەتی تورکیا هێشتا داواکەی نەخستووەتە بەردەم سۆڤییەتیەکان کەپێیان وایە قازانجێکی ئەوتۆی نییە. هاوڕێ(ئێتینگۆف– Etingoff) ئەورایەی پێ سەیربوو کە (٤٠,٠٠٠) هاوڵاتیی ئازادو خۆشگوزەرانی یەکێتی سۆڤیەت، بەختو بەشی خۆیان بەئاوارەکانی خاکێکی بێپیت کەوا رێژەیەکی تری گەورەی پەنابەری موسڵمانی تێدا لەناوچوون، بگۆڕنەوە. ئەو بەگومان، بوو لەوەی کەزیاتر لە (٠.١٠/.) ی ئەو ژمارەیە بەڕاستی لەخشتەبرابن، تائەم ئەزموونە چارەنووسازە ئەنجام بدەن.

٨– کاتیك دەستم کردە نووسینی ئەم راپۆرتە، گوتارێکی عەلی سائیب بەگی تائەم دواییە ئەندامی دادگای ئیستیقلالی رۆژهەلاتم لەرۆژنامەکاندا لەسەر بارودۆخی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات خوێندبووەوە. بەقسەی ئەم، ئەم کاریەدەستە دەسەڵاتدارەی هەرێمەکە کەتازە ئەوێی جێهێشتووە، نیزامو ئاسایش دامەزراونەتەوەو، چەندین خێزانی نیشتەجێ بەهۆی یاسا نوێکەوە بۆ ئەنادۆڵی رۆژئاوا راگوێزراون. ئەو ریفۆرمەش کە حکومەت بڕیاری لەسەر دابوو، بەوریایی‌و بەردەوام جێبەجێ دەکرێ. درۆی سەرەتاکانی ئەم گوتارە، هی‌بەردەوامیی حوکمی عورفی‌و هێزە زەبەلاحە پرچەکەکانەو، خوێندەوار پێویستی بەهاوێنە(عدسە)ی گەورەکەر نییە تا ئەوڕاستییە بدۆزێتەوە کە دەکرێ لە دێڕەکانی دوابەشی ئەم گوتارە بێ‌مانایەدا بخوێنرێتەوە.

٩– کۆپییەکی ئەم راپۆرتە بۆ بریکاری کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لە عێراق دەنێرم.

جۆرج. ئار. کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٧/٤٢٤، ل: ٦٣–٦٤، ژ: ٢٤

ژ:٣٩

لەسێرجی. كلاركەوە بۆ سێر ئۆستن چامبرلەین-(١٤ نۆڤەمبەرگەیشتووە)
(ژمارە:٥٥٥)

قوستەنتەنییە، ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٢٧

گەورەم،

ئەمەویٚ ئاگـادارت بكەمـەوە كەسـەرۆكی ئەنجومـەن، (٥)ی تشـرینی دووەم، سیاسەتی گشتیی كابینە نوێكەی لە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیدا راگەیاند. دەقی قسەكانی عیسمەت پاشا كەلە ((میللییە))دا بلاوبووەوە، لێرەدا هاوپێچ دەكەم[1] .

٢- عیسمەت پاشا سەبارەت بەسیاسەتی گشتی، چ ناوخۆیی یا دەرەكی، تەنـها كەمێكی خستەسەر راگەیاندنی دوایی‌ی پرۆگرامی پارتی گـەل. تێبینییـەكانی لەمـەڕ بارودۆخی ویلایەتـەكانی رۆژهـەلات جێـی سـەرنجن، ئەگـەر بـۆ حوكمـی هەڵـە(-mis statement)یش بـن، بـۆ چاككردنی هەلومەرجەكە بەپێویسـتی زانـین. لەڕاسـتیدا ناڕەزایی‌ی زۆر دەربڕی‌و، بە پێداگرتنەوە بێ خەمییەكی تەواوی نیشان دا، ئەمـەش كاریگەرییـەكی پێچەوانـەی هـەبوو. برووسـكەی ئـەم دواییـەی كونسـوڵی حەڵـەبی خاوەنشكۆ دەڵێ: شاندی توركی بەدوای كارناسـانیی زیـاتردا دەگـەڕێ، تـا سـەرباز بـەرێی ئاسـندا بنێرێتـە كوردسـتان. ئەمـە تێبینییـەكی گرنگـە لەسـەر پـێ نـازینی عیسمەت پاشا بەوەی كە پۆلیس‌و پاسەوانانی نـاوخۆ تـەواو پێ‌بـەپێی بارودۆخەكـە دەجووڵێنـەوە. لەباسـی سەرژمێرییەكەیشـدا، وەك كـارێكی ئاسـایی‌ی حكومـەت لـە شوێنە دوورە دەست‌و نەزانراوەكانی وڵاتدا، خۆشحاڵ نەبوو. لای هەمووان ئاشكرایە كە كاری سەرژمێریی ناوچەكانی رۆژهەلات، مەحاڵە.

---

[1] دەقی ئەم قسانە چاپ نەكراوە.

٣- ئەم بابەتە لەڕاپۆرتێکی جیادا زیاتری لەسەر دەنووسم و، لێرەدا سەرنجتان بۆ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان لەلایەن سەرۆک وەزیرەوە و، پێشوازیی گەرم و دەستخۆشانەی (١٤) ملیۆن کەس ڕادەکێشم.

٤- عیسمەت پاشا بەچەند تێبینیەک، لەبارەی دارایی و ئابوورییەوە، کۆتایی بەقسەکانی هێنا. ئەوەی شایانی باس بێ، بانکی دەوڵەتە. حکومەت بەنیازە، لە دوازدە مانگی داهاتوودا، ئەم دەزگایە دامەزرێنێ.

٥- دوایی ئەنجومەن، بەگوێ ڕایەڵییەوە، بەکۆی دەنگ متمانەی خۆی بە حکومەتە تازەکە بەخشی.

جۆرج ئار. کلارک

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٦٧، ل: ١٠٩-١١٠، ژ: ٥٥

ژ: ٤٠

لە مستەر هۆرەوە بۆ سێر ئۆستن چامبرلەین-(٥ دیسەمبەر گەیشتووە)

(ژمارە: ٥٨٨)

قوستەنتەنییە، ٣٠ نۆڤەمبەری ١٩٢٧

گەورەم،

ئەمەویٚ پێتان ڕابگەیەنم (٢٢)ی ئەم مانگە حوكمی عورفیی ویلایەتەكانی ڕۆژهەڵات دوایی هات، چاپەمەنییە ڕەسمییەكان بڵاویان كردەوە: هەرگیز جارێكیتر بەوشێوەیەی زوو تازە ناكرێتەوە. دەڵێن فەرمانی دامەزراندنی پێشنیارێكی گشتی بۆ ویلایەتەكانی ڕۆژهەڵات كە لە دیاریەكردا دابنیشیٚ، خەریكە دەردەچیٚو، حكومەت ئیبراهیم تالَی بەگی نوێنەری لە دامەزرێنانی پارتی گەل‌و ماوەیەكی كورتیش باڵوێز لەوارشۆی بۆئەم پۆستە هەڵبژاردووە. واڕادەگەیەنریٚ: دەشیٚ حوكمی عورفی بۆ ناوچەیەكی دیاریكراو دەرچیٚو، ئیبراهیم تالَ بەگو ڕاوێژكارەكانی هەلی لێكۆڵینەوەی هەلومەرجەكەیان بۆ بڕەخسیٚ. هاوكات ئەگەرچی حوكمی عورفی لەڕووی یاساییەوە نەماوە، گومانی تێدا نییە كە هێشتا هەركاری پێدەكریٚ. تاكەكاری ناوازە كە ئێستا دەكریٚ، پێی دەڵێن((یاسای سەقامگیركردنی هێمنیی گشتی)). ئەم یاسایە، بەڕەزامەندیی غازی‌و بیٚ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەن، بەهەموو شێوەیەك حكومەت واڵێدەكات هەموو جۆرە كاردانەوەو ئاژاوەیەك دامركێنێتەوە. ئەمە لەسەرتاسەری توركیا پێڕەو دەكریٚ.

٢ـ پێشكەوتنی ڕاستەقینەی حكومەت لە هێوركردنەوەی ئەو ناوچەیەدا كەڕازی نییە پێی بڵیٚ كوردستان، گرانە حوكمی لەسەر بدریٚ. هەر (١٠٠)كەس لە خێزانە ڕاگوێزراوەكانی كوردە یاخییەكان، لێرە بۆ شوێنی وەك سیمرنا ومەغنیسا (Manissa) كە بە پارێزراو دا دەنرێت، دەگوێزرێنەوە، بێگومان ئەمانە دەبیٚ لەویٚ شەری نەبوونی‌و بێبەشی بكەن، نەخشەی كردنەوەی چەند هەزار خانوویەك

لەویلایەتەکانی رۆژھەڵات بۆ پەتابەرانی قۆقازی کە ھەرگیز پێناچێ بگەنەجێ، داڕێژراوە. (١٥٠) مامۆستا کە ئامادەکراون، دەنێردرێنە ناوچە کوردییەکانو، یانە تورکەکان، (ئۆجاغ) بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی شیاو لە کوردەکان بەکار دەھێنرێن. بەڵام ئەبێ وا دابنێین کە ئەم رێو شوێنانە تەنھا لە قەراغەکانی کوردستان جێبەجێ دەکرێن. رەنگە پشکنیاری گشتی لەدیار بەکر تەواو سەلامەت بێ، بەڵام حاڵەتەکە لەناوجەرگەی کوردستاندا، جیا دەبێ. ئابلۆقەی توندی سەرگەشتەکانو، ھێرشی یەك لەدوای یەکی یاخییان بۆ سەر بایەزیدو، ئەوڕاستیەی کە نزیکەی نیوەی سەربازان لە کوردستاندان، ئاشکراو بەڵگە نەویستن، پێدەچێ کێشەی کورد بۆ ماوەیەکی درێژتر لای ئێمە بمێنێتەوە.

٣ـ کۆپیی ئەم نووسراوە بۆ بریکاری کۆمیساری باڵا لە عیراقو باڵوێزی خاوەنشکۆ لەتاران دەنێرم.

ئار. ئێچ ھۆر

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٧/٤٢٤، ل: ١١٨-١١٩، ژ:٦٣

ژ: ٤١

لەمستەر هۆرەوە بۆ سێر ئۆستن چامبرلەین (١٢ی کانوونی یەکەم گەیشتووە)
(ژمارە: ٦٠٧)

قوستەنتەنییە، ٧ی دیسەمبەری١٩٢٧

گەورەم،

ئاماژە بەنووسراوی ژمارە(٥٨٨)ی (٣٠) تشرینی دووەمم، خۆشحاڵم پێتان ڕابگەیەنم کە پشکنیاری گشتی تازەی ویلایەتەکانی ڕۆژهەلات، دەبێتە سوپەر-والی و، جگە لە دەسەلاتی ئاسایی بەسەر جەندرمەو پۆلیسدا، هێزە سەربازییەکانیش بەر فەرمانی دەبن. هێزە سەربازییەکانی سنووری دەسەلاتی ئەو،بۆ باری ئاسایی کەم دەکرێنەوە، بەلام جەندرمەکان دەکرێنە دوو ئەوەندەو، ویلایەتەکانی ئەلعەزیز(خەرپووت)، ئورفە، بدلیس، هەکاری، سعرت، ماردین، وان و دیاربەکر، هەرێمی ئەو دەبن. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە بەشی باکووری ناوچەی نائارام لە سایەی فەرمانڕەوایی سەربازیدا دەمێنێتەوە. هاوکات ئەنجومەن یاسایەکی دەرکردووە کە یەکەم:ڕێ بە ڕاگوێزراوەکان دەدات بگەڕێنەوە بۆ خاکی خۆیان و، دووەم: مۆڵەتی سێ مانگ بەیاخییان دەدات بێنەوە بۆ ناوخێزانەکانیان. مستەر ماتیۆس لەتەرابزونەوە ڕاپۆرتێکی لە بارەی ڕاگوێزانەوە ناردووەو، دەڵێ: ژمارەیان تەنها (١٥٠٠) کەسە کە هەموویان ژن ومناڵ و بنەماڵەی ئاغا وبەگە کوژراوەکانن.

٢- ئەم سیاسەتە نوێیە، بەکردەوەی ئاشت بوونەوە (مصالحە) کەیدا وادەردەکەوێ، داننانێك بێبەوەدا کە ئەو دڵڕەقی و بێ ڕەحمییەی پێش ئێستا، نوشوستیان هێناوە.پێم وایە دەست نیشانکردنی شوکری قایا بەگ بۆ پۆستی وەزیری ناوخۆ، کەتا درەنگانێك زیاتر خەریکی کاروباری دەرەوە بووە وەك لەناوخۆ، بۆئەوە یەکە کەمێك ژیریی سیاسیانە لە بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستاندا بخرێتە گەڕ. (٥)ی ئەم مانگە شوکری قایا بەگ ڕێو شوێنە تازەکانی لە ئەنجومەن

ئاشکرا کردو، جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە یاخی بوون لە ناوچەی پشکنیاری نوێدا تەنها هێرش و پەلاماری ڕەشەوڵاغ بوون وهیچیتر. ڕژێمی دەرەبەگایەتی سەرکوتکراوەو، ئێستایش کاتی ئیدارەیەکی ئاساییتر هاتووە. بەردەوامیی ڕژێمی سەربازی، نیشانەی لاوازییە. ئێستا شتەکان ئاسایی بوونەتەوە، بەڵام پێشبینی کێشەی تر لە بەهاردا دەکرێ. هەنگاوە تازەکان قۆناغی گواستنەوە بوون لەنێوان یاخیبوون و تەواو ئاسایی بوونەوەدا.

٣- (٥)ی ئەم مانگە، جێگری وەزیری کاروبارەکانی دەرەوە سەرنجە جێی بایەخەکانی خۆی لەسەر ئەم سیاسەتە تازەیە بۆ مستەر هێلم دەربڕی. وتی: حکومەت بڕیاری داوە حوکمی عورفی هەڵوەشێنێتەوەو، ئێستا زیاتر سەرقاڵی جێبەجێکردنی سیستمی نوێی کارگێڕییە. ناوبراو نەیدەتوانی هیچ وردەکارییەکی هێشتا بڕیاری لێنەدراوی مەسەلەکە، بدرکێنێ، بەڵام بەقسەی ئەو: ئیبراهیم تالع بەگ دەبێتە فەرمانڕەوای گشتیی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات و، دەسەڵاتێکی یەکجار فراوانی دەبێ. ئەو کەسێکی تواناو لەسەرخۆیەو، کاتی خۆی پزیشکی سەربازی و، دواتر دیپلۆمات بووە. سیاسەتی ڕاگوێزان، ئەبێ دەستکاری (تعدیل) بکرێ و، گۆڕانەکانی ئایندەیش بۆ تورکیاو عیراقی هاوسێی خوارووی ڕۆژهەڵاتی بەسوودبن. ئەو نەیوت ئابڵووقەی گەشتکردن بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات خێرا هەڵدەگیرێ، بەڵام درەنگو زوو کەوتووە. تورکیا گیرۆدەترین لایەنی ئەم بنەمایانەیە کە دەمێکە زاڵن. حکومەت سوورە لەسەر کۆنترۆڵی ڕێگەی تەرابزوون- بایەزید کە بایەخێکی ئابووریی بۆ تورکیا هەیە. ڕژێمی سەربازی زۆر باشە، هەرچەندە، ئەو پێیوایە، کارە باشە لەژمارە نەهاتووەکانی لەلایەکەوە، هاوتای زیانەکانین لەلایەکی ترەوە. سەربازەکان بەهۆی مەشقەکانیانەوە زۆر بیرتەسکن.

ئار. ئێچ. هۆر

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٧/٤٢٤، ل: ١٢١، ژ: ٦٧.

ژ:٤٢

لە مستەر هۆرەوە بۆ سێر ئۆستن چامبرلین (١٩ی دیسەمبەر گەیشتووە)

ژمارە (٦١٨)

قوستەنتەنییە، ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٧،

گەورەم،

زۆر بەدەگمەن ئەتوانرێ زانیارییەکی ویلایەتەکانی رۆژهەلات دەستبخرێ، بۆیە گرنگە راپۆرتێك لەسەر گفتوگۆیەك کە لەسەرچاوەیەکی بڕواپێکراوەوە زانیومە، بەرزیکەمەوە. راثیدێکی جەندرمە کە پشوویەکی کورتی لە دیاربەکرەوە وەرگرتبوو، بەهاورێیەکی وتووە: بێز لەو کارانە دەکاتەوە کە دەبوو بیانکات، دەیەوێ بگوێزرێتەوە، ئەو، بەدرێژایی ماوەیی هێورکردنەوە کە لەویلایەتەکانی رۆژهەلات بووەو، کوشتو بڕی پیاوو ژنو منال ماندووی کردووە، ولات ئێستا تۆقێنراوەو، ئەگەر ئەوهێزە گەورە عەسکەریەی ئەوێ لابرێ، ئەوا هەرگیز ئارام نابێ، کوردەکان (٩٠٪)ی چەکەکانیان شاردووەتەوە.

٢ـ راثیدەکە درێژەی بەقسەکانی داوەو، وتوویەتی: لێکۆلینەوەی لەگەل زۆر زینداندا کردووەو، بەتاوانی هاندانیان لەلایەن ئینگلیزەوە حوکمی داون، بەلام ئەوان هەمیشە ئەم تۆمەتەیان رەتکردووەتەوەو، وتوویانە ئینگلیزیان خۆش دەوێ، وەك خەلکی عیراق لێی تێگەیشتوون، بەلام ئەوان هانیان نەداون، بەلکو، بەر لە هەموو شتێ، ئەوان چەکیان دژی حکومەتی عیلمانیی ئێستای تورکیا هەلگرتووە.

٣ـ ئەگەر هەلسەنگاندنی راثیدەکە بۆ عەقلییەتی کورد لەراستییەوە نزیك بێ، ئەوا ئیحتیمالو پێشبینییەکەی شوکری قایا بەگ بۆ گێرانەوەی باری ئاسایی بۆ ویلایەتەکانی رۆژهەلات (بڕوانە راپۆرتی ژمارە (٦٠٧)ی (٧)ی ئەم مانگەم) کزن.

ئار. ئێچ. هۆر

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٦٧،ل:١٦٥، ژ٧٢

ژ: ٤٣

لە سێرجی. کلارکەوە بۆ سێر ئۆستن چامبرلەین (١٦ کانوونی دووەم گەیشتووە)

(ژمارە: ١٧)

قوستەنتەنییە، ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٨

گەورەم،

پێتان رادەگەیەنم: حکومەتی تورکی بۆ درێژەدان بە سیاسەتە نوێیەکەی کە لە نووسراوی ژمارە(٦٠٧)ی (٧)ی مانگی رابردووی مستەر هۆردا هاتووە، ناوی (٧٨١)کوردی ڕاگوێزراوی بڵاوکردەوە کە ئێستا ئەتوانن بەماڵو منداڵەوە بگەڕێنەوە. بۆ ماڵەکانیان لەویلایەتەکانی بایەزید، مەلاتیە، ماردین، ئورفە، سعرت، ئەرزنجان، بدلیس، ئەرزرۆم، وان و دیاربەکر. زۆربەیان لەمانە، وەك ئەفسەرو سەرۆکی شارەوانیو نوێنەری زووترو، هەندێکیشیان وەك نەوەی سەرتیرەکان، ناویان لەم لیستەیەدا هاتووە.

٢- ئەزانم ئەم سیاسەتە نوێیە، بەهۆی بزووتنەوەیەکی رەخنەگریی ناو پارتی گەلەوە، بەسەر عیسمەت پاشادا سەپێنراوە، لەسەرنجەکانی شوکری قایا بەگەوە بۆ وەزیری دادی عێراق دەردەکەوێ: وەزیر خۆی باوەڕی بەم سیاسەتە نەبێ کە پێویستە جێبەجێی بکات. سیاسەتی پێشووی سەرکوتکاریی، بەپێی راو بۆچوونی دەرەوەی دامودەزگاکانی حکومەت، کوردی بەجۆرێك بێزار کردووە کە ئەم سیاسەتە تازەیەی ئاشتبوونەوە ئێستا سەرنەگرێ. هەندێکیش پێیان وایە سەرکوتکردن دەسەلاتی حکومەتی، بەپێچەوانەی زووەوە، بەسەر کوردەکاندا بێهێز کردووە. دەڵێن کوردەکانی دەرسیم، لە هەر کاتێکیتر زیاتر، لە کۆنترۆل دەرچوون. هاوکات ئەنجومەن دەنگی لەسەر تەرخانکردنی (١٥٠٠٠٠٠) لیرە بۆ زیادکردنی ژمارەی جەندرمە لە ویلایەتەکانی رۆژهەلات داوە، ئیبراهیم تالێ بەگ کە وەك پشکنیاری گشتی موعجیزەی ئاشتبوونەوەی لە ئەستۆدایە، (٨)ی ئەم مانگە چوو بۆ دیاربەکر.

٣- کۆپییەکی ئەم راپۆرتە بۆ کۆمیساری باڵا لەبەغدا دەنێرم.

جۆرج. ئار. کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٨/٤٢٤، ل: ٣٠، ژ: ٨

ژ: ٤٤

لە مستەر ئۆکسەوە بۆ سێر ئۆستن چامبرلەین(١٦ی نیسان گەیشتووە)

(ژمارە: ١٨٥)

ئەنگۆرە، ٩ی نیسانی ١٩٢٨

گەورەم،

خۆشحاڵم لێرەدا کۆپیی راپۆرتێکی کونسوڵی تەرابزوونی خاوەنشکۆتان بۆ بەرزیکەمەوە کە تایبەتە بەگەڕانەوەی چەند سەد کوردێك، کەوا بەهۆی رووداوەکانی پێش‌وپاش یاخیبوونی ئاداری (١٩٢٥)ی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتەوە راگوێزرابوون.

٢- گەڕانەوەی راگوێزراوەکان یەکەم بەرهەمی ئەو گۆڕانی سیاسەتەیە کە مستەر هۆر لە نووسراوی ژمارە(٦٠٧)ی (٧) دیسەمبەری پاردا پێی راگەیاندبوون. سێ‌مانگی رابردوو رۆژنامەکانی تورکیا لیستی (٢٠٠٠) ناوێکیان بڵاوکردەوە، کە مۆڵەتیان دراوەتێ بگەڕێنەوە کوردستان، ئەوانەی کە ئەم دواییە بەتەرابزووندا تێپەڕبون، دەشێ پێشڕەوی ئەو کۆمەڵە هەڵبژاردەیەی کوردە ئەمەکدارەکان بووبن. ئەو کوردانەی کە دەگەڕێنەوە، بەپێی راپۆرتەکەی مستەر ماتیوس، واتێبینی دەکرێ تەنها خەڵکی ئاسایی‌بن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە من لە لێکۆڵینەوەی لیستە بڵاوکراوەکاندا هەستم پێکردووە، واتە: حکوومەتی تورکیا لە کاتێکدا دەیەوێ میهرەبانییەك نیشان بدات، هێشتا ئامادەنییە رێی گەڕانەوەی بنەماڵە رێبەرەکانی کورد کە بەدەرەبەگ ناویان دەبات، بەکۆسپی راستەقینەی رێی جێگیرکردنی رژێمی کۆمارییان لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا ئەزانێ، بۆ کوردستان بدات.

٣- هاوکات تەنها نیشانەیەکی کەم هەن کە بەرنامەی هێورکردنەوە تا ئێستا ئەنجامی زۆر گرنگی بووبێ. بەم دواییە پشکنیاری گشتی لەگەڵ کارمەندە گرنگەکانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا لەماردین کۆبوونەوەو، بەپێی چاپەمەنییەکان کە کۆنفرانسەکەیان بەرز نرخاند: بڕیاری بایەخدار بۆ ئیدارەو پێشخستنی هەرێمەکانی رۆژهەڵات دراون. بارودۆخە راستەقینەکە هێشتا هەر

تەمومژاوییەو، ئـەو راپۆرتانـەش کـە دەگەنـە دەسـتم، یەکـەڵ نـین. هـەروەها هیچ ئاماژەیەکی هەڵگرتنی ئابڵووقەی هاتوچۆ، کەسێ ساڵە فوراتـی کردووەتـە سنووری خاکی قەدەغەکراو، لەئارادا نییە.

جی. جی. نۆکس

* * *

هاوپێچی ژ: ٤٤

لەکونسوڵ ماتیۆسەوە بۆ مستەر نۆکس

(ژمارە: ٢٩)

تەرابزوون، ٢٦ی ئاداری ١٩٢٨

گەورەم،

واڕادەگەیـەنن چـەندین کۆمـەڵو دەسـتە کـورد، چـەند مـانگی رابـردوو، کـە بەڕێوەبوون بۆ سەر خـاكو ئـاوی خۆیـان لەویلایەتـەکانی رۆژهـەلات، گەیشـتوونەتە ئێرە. دەڵێن یەکـەم دەسـتە دوا دواییـەکانی کـانوونی دووەمو، دوا کۆمـەڵ نزیکـەی هەفتەیـەك لەمەوبـەر، بەکەشـتیەکی هـەڵمیی کۆمپانیـای (Seir-I-Sefain) گەیـەنراون. وامەسـت دەکرێ ئەمانـە هـەموویان کەنزیکـەی (٤٠٠) کـەس بـوون، بەتەرابزووندا تێپەڕیبن. دەڵێن ئەو کوردانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ نیشـتمانی خۆیـان، بەپێچەوانـەی ئەوانـەوە کـە سـاڵی رابـردوو بـەم شـارەدا راگوێـزراونو لـە راپۆرتـی ژمارە(٥٣)ی (٢١) نۆڤەمبەردا ئیشارەتم پێدابوون، لە خـەڵکی ئاساییـن. هـەندێکیان هیچ سەرچاوەیەکی ژیانیان نییـەو نـاتوانن گەشتەکەیان تەواویکـەن، تـا حکومـەتی مەرکەزی مافی دابینکردنی خەرجی بەدەسەلاتە خۆجێییەکان نەبەخشێ.

دەبلیوو. دی. دەبلیوو. ماتیۆس

ژ: ٦٨-٦٩، ل: ٢٦٨/٤٢٤، وەزارەتی دەرەوە،

ژ: ٤٥

لە سێرجی کلارکەوە بۆ سێر ئۆستن چامبرلەین-(٢١ی مایس گەیشتووە)
(ژمارە: ٢٣٩)

قوستەنتەنییە، ١٦ی مایسی ١٩٢٨

گەورەم،

ئاماژە بەنووسراوی ژمار(١٨٥)ی(٩) نیسانی مستەر نۆکس، پێم خۆشە پێتان رابگەیەنم (٧)ی ئەم مانگە ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی یاسای لێبوردنی بۆ کوردە یاخییەکان دەرکرد، بەمەرجێ لەماوەی سێ مانگدا لە ویلایەتەکانی دیاریەکر، ئەلعەزیز، وان، بدلیس، هەکاری، ماردین، ئورفە، سعرت، بایەزید، مەلاتیەو سێ قەزای خنس[1] وکیغیی[2] وبەهەسنی[3] خۆیان بەدەستەوە بدەن. واتە یاساکە سەرجەم ناوچە کوردییە نائارامەکان دەگرێتەوە.

٢- ئەم هەنگاوە نەنراوە پێشبینی دەکرێ، وەك بەشێك لە بەرنامەی ئاشت بوونەوە، ئومێدی بەرچاوی لە پشتەوەن. وا راگەیەندرا کە ئیبراهیم تالع بەگی پشکنیاری گشتی گەشتێکی پشکنینی قەراغی باشووری ناوچەکە بەناو میدیاتو ماردینو جزیردا دەست. ئەمە، ئەگەر بتوانی زیاتر بەرەو سەر بڕوات، کاریگەرتر دەبێ.

٣- کۆپییەکی ئەمە بۆ کۆمیساری باڵا لەبەغدا دەنێرم.

جۆرج ئار. کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٨/٤٢٤، ل: ٩١، ژ: ٦٠

---

[1] قەزایەکی باشووری رۆژهەڵاتی ویلایەتی ئەرزرۆمە.(س)

[2] قەزایەکی باشووری رۆژهەڵاتی ویلایەتی ئەرزنجانە.(س)

[3] قەزایەکی باشووری رۆژهەڵاتی ویلایەتی غازی عێنتابە.(س)

ژ: ٤٦

لە سێرجی کلارکەوە بۆ سێر ئۆستن چامبرلەین (٢ ی تەمووز گەیشتووە)

(ژمارە: ٣١٢)

قوستەنتەنییە، ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٢٨

گەورەم،

خۆشحاڵم، ئاماژە بەنووسراوی ژمار(٢٣٩)ی(١٦) مایسم ، لێرەدا وەرگێڕدراوی ڕاگەیاندنێکی بڵاوکراوەی ئەم دواییەی پشکنیاری گشتیی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات، کە وەك ئاماژەیەکی تایبەت بەڕاگەیاندنی لێبوردن لەلایەن حکومەتی تورکیاوەو وەك زادەی ئەو یاسایەی کە (٩)ی مایس دەنگی لەسەردرا، بۆ بەڕێزتان بنێرم.

٢- ئەم ڕاگەیاندنە هەرکاتێك بێ، بەڵام بەتایبەتی ئێستا بایەخی هەیە، چونکە بۆ بێگانە نییە هەواڵی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی فورات کۆبکاتەوە، لەبەرئەوەی وادیارە شتەکان وەك پێویست بەڕێوە ناچن. لێبوردنەکە زۆر سەرکەوتوو نەبوەو، تەنها کەمێك لەو کوردانەی کە بۆ ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات ڕاگوێزرابوون، لە شوێنە کۆنەکانی خۆیان نیشتەجێ بوونەتەوە. پێویستە ناڕازییەکان بەقسەی خۆش وایان لێبکرێ خۆیان تەسلیم بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بکەن. ئەمەی دوایی، لەم بەڵگەنامەیەدا، دان نانێکی بێپەردەیە بەوەدا کە ئەگەر بەخشراوەکان لەئایندەدا جارێکیتر لەڕێ لابدەنەوە، ئەوا بەرەو ڕووی سزایەك دەبنەوە کە لەگەڵ قەوارەی تاوانی لێبوردن بۆ دەرچووی ئێستادا بگونجێ. بەم جۆرە قسانەدا دەردەکەوێ، ئایندە جێی بڕوا نییە، بۆیە سەیر نییە کە وەزیری ناوخۆ دەیەوێ گەشتەکەی، وەك بەڵێنی دابوو، بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی بکات، بۆ ئەوەی خۆی بارودۆخەکە هەڵسەنگێنێ.

٣-کۆپیەکی ئەم ڕاپۆرتەم بۆ کۆمیساری باڵا لەبەغدا ناردووە.

جۆرج ئاڕ.کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٦٩، ل: ٧، ژ: ٢

هاوپێچی ژ: ٤٦[1]

ڕاگەیاندنێکی نوێی ئیبراهیم تالع بەگ بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات

ئیبراهیم تالع بەگی پشکنیاری گشتیی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات ئەم بەیاننامەیەی بۆ دانیشتوان دەرکردووە:—

هاووڵاتیانی بەڕێز،

حکومەتی تورکیا کەئامانجی هەر ئەوەیە ببینێ دانیشتوان سەرگەرمی کاری خۆیانن، بێ ئەوەی دەستدرێژی بکاتە سەر شەرەفو ژیانو خێرو بێریانو وڵاتەکەی ببێتە مەڵبەندێکی پێشکەوتوو و دڵخۆشکەر بۆیان، لێبوردنی بۆ قوربانیانی نەفامیو ساویلکەیی دەرکردو، هەلی بۆ ڕەخساندن بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیانو بەئارامی بژین.

ئەو خەڵکانە کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات ڕاگوێزرابوون، گەڕاونەتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیانو، هەموو مافو ئازادییەکی نیشتمانییان هەیەو، سەرجەم ئەرکەکانی هاووڵاتی جێبەجێ ئەکەن.

کۆماری تورکیا (٩)ی ئایاری(١٩٢٨) یاسای ڕاگرتنی ڕاوەدوونانی بەرپرسانی کاری توندو تیژیی ماوەی حوکمی عورفی تێدا ڕاگەیەندراوی ئەو ناوچانەی دەرکرد. گیراوەکان ئازاد کرانو، ئەو تاوانبارانەش کەمتمانەیان پێبەخشراوەتەوە، ئێستا هەموو مافو ئازادییەکی تایبەت بەگەلەکەیانیان هەیەو، لەئازادییەکی تەواودا دەژین.

جا حکومەتی کۆماری بۆ زیاتر فراوانکردنی ئەو بڕیارەی کە(٩)ی ئایاری (١٩٢٨) دەرچووبوو، بڕیارێکی تری لەپێناو ڕاگرتنی ڕاونانو دەستگیرکردنی ئەوانەی واهاندەری کاری توندو تیژی بوون، یان ئاگرەکەیان خۆشکردووە، دەرکردووە کە تا (٣٠) ئایاری (١٩٢٨) بێنەوە هۆش خۆیانو خۆبەدەستەوە بدەن. حکومەتەکەمان

[1] ئەم ڕاگەیاندنە فەرەنسییە.

ویستی لەڕێی ئەم یاسایەوە ئەوپەڕی پەرۆشیو سنگ فراوانیــی خۆی بۆ رۆڵـەكانی وڵاتەكەی بسەلمێنێ.

هاوڵاتیانی خۆشەویست،

ئەو ماوەیەی كە حكومەت بۆ ئەم لێبوردنـەی كـاری تونـدو تیژیی دانـاوە، سـێ مانگەو، لە (١٤) ئایاری (١٩٢٨)ی رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانەوە دەست پێدەكـات. داواكارم لەو هاوڵاتییانەی كەخۆیان تەسـلیم بـە دەزگـا تایبەتمـەندەكان نـەكردووە، سوود لەم دەرفەتە وەرگرن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ نـاو خێزانو ژنو منداڵـەكانیان كە چاوەڕێیان دەكەن. بێگومان بەهێمنی دەژیـنو، سـەرقاڵی كـارو پیشـەی خۆیـان دەبن.

پێویسـتە هـەمووان دڵنیـابن كـە كـەس، بـەهیچ شـێوەیەك، بـەگوێ رایـەڵیی فەرمانەكانی حكومەت ناگیرێو زیندانی ناكرێو سزا نادرێ. بەڵام ئـەبێ بشـزانن كـە سزای بچووكترین سەرپێچی یاسا، بەلە بەرچاوگرتنی هەڵەو كارە خراپەكانی پێشـتر بەخشراو، زیاد دەكات.

پێویسـتە هاووڵاتیانمـان خـێرا بچنـە لای نـاوەندە بەرپرسـەكانو شـوێنی خۆیـان لـەتۆمارەكانی بـاری شارسـتانێتدا بچەسـپێننو، بەمـەیش قــازانج لــەم ســەلماندنە تازەیەی میهرەبانیی حكومەتەكـەمان وەرگـرن. ئـەبێ هـەموو كـارێكی پێویسـت بـۆ رێكخستنی دۆسـیەكان، كـاتی داوای دادگاكـان یـان قازییـەكانی لێكۆڵینـەوە، تـەواو بكـەن، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی بتوانـن مافـــەكانیان تــەواو وەربگرنـــەوەو، ســەربەرزو شەرەفمەندانە لەتەك هاووڵاتییەكانی تریاندا بژین.

ئێمە، بـە تێكدانـی ژیـان یـان رووخـاندنی مـاڵی هیـچ هاونیشـتمانییەك، هیچمـان دەست ناكـەوێ. كـاری لـەم جـۆرەش، شایسـتەی پیـاوی مـەردو شۆڕەسوار نییـە. ئەركی سەرشانی هەر هاووڵاتییەكی توركیـا، لـەوەدا خـۆی دەبینێتـەوە كـە نـاو و یـادەوەریی سـەرۆك خـێزانێكی بەڕێزو پیاوچــاك، ئـــەویش خزمـــەتی ســـوودبەخش لەنیشتمانەكەیدا كە توركیایە، بەبنەماڵەو منداڵەكانی ببەخشێ.

بەم جۆرە، لەجیاتی گرتنە بەری ڕێگای پیلانگێڕیی کەسانێکی دیـاریکراو، هەوڵبدەن بەخاوەندارییی کێڵگەی کشتوکاڵی و خانوو ومـاڵ خۆتـان دەوڵەمەندو ماڵو منداڵتـان بەختیارو خۆشگوزەران بکەن. باشترین شت مرۆڤ بتوانێ لـەم جیهانەدا بیکات، ئەوە نییە کە ئەوەی هەیە بیڕووخێنێ، بەڵکو ئەوەی نییە دروستی بکاتو بەرهەمی بێنێ.

پشکنیاری گشتی

ئیبراهیم تاڵع

وەزارەتی دەرەوە،٢٦٩/٤٢٤،ل: ٨-٩، ژ: ١/٢

ژ: ٤٧

لەسێرجی. کلارکەوە بۆ لۆرد کوشندەن (٢٠ ی ئاب گەیشتووە)

ژمارە: ٢٨٤

قوستەنتەنییە، ١٤ ی ئابی ١٩٢٨

گەورەم،

خۆشحاڵم، ئامـاژە بـەڕاپۆرتی ژمـارە(٣١٢)ی (٢٦) حوزەیـران،م ئاگـادارت بکەمەوە کە کاربەدەستانی حکومەت لە مـاردین، بـەپێی هـەواڵێکی چاپەمەنیەکان، پێشوازیی خۆ بەدەستەوەدانی شێخ عـەبدولڕەحیمو شێخ مـەهدیی برایانی شێخ سـەعیدی ڕێبـەری سـەرەکیی یـاخیبوونی ١٩٢٥ یـان کـردووە. دەڵێـن ئـەم دوو سەرکردەیە بەپێی مەرجەکانی لێبوردنەکە بەخشراونو، مۆڵەتیان دراوە بگەڕێنـەوە بۆ ماڵەکانیان.

٢- سەختە لێرە حوکم لەسەر بایەخی ئەم ڕووداوە بدەین، بـەڵام دیـارە ئەمـە دەستکەوتێکی باشە بۆ بڕوای سیاسەتی ئاشتبوونەوەکە. هەروەها ئەگەر هەواڵەکـە ڕاست بێ، ئەوا دەبێتە نیشانەی پێشکەوتنێکی ڕەوشتی سیاسی، چونکە سەردەمی

سوڵتانەکان ئەوانەی وا لە سایەی پەیمانی لێبوردنـەکاندا خۆیـان بەدەستەوە دەدا، هەمیشە لە دڵە راوکێدا بوون.

٣- ئیبراهیم تالع بەگی پشکنیاری گشتیی ناوچە کوردیەکان چـەند رۆژێك لێرە بوو، پێدەچێ بۆ ئەوە بووبێ کەفەرمانی غازی لەم بارەیەوە وەربگرێ.

٤- ئیبراهیم تالع بەگ، لە وتووێژێکدا لەگـەڵ کارهەڵسووڕێنی عێراق، وتـی: بە سیاسەتی بەرامبەر بە کـوردی عـێراق تـەواو دڵخۆشـە. بـەڵام سـەبیح بـەگ پێـی وتم وەزیرەکان هەموویان وەك شوکری قایا بەگی وەزیری ناوخۆ نـین و، برِوایـان بـەنیاز پاکیی و کردەوەی عێراق و حکومەتی خاوەنشکۆ نییە. هەرچەندە پێـی وابـوو غـازی برِوای بەئەمەك و دڵسۆزی ئێمە هەیە.

٥- وێنەیەکی ئەم نووسراوە بۆ کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لەبەغدا دەنێرم.

جۆرج ئار. کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٦٩، ل: ٢٠، ژ: ١٣

ژ: ٤٨

لە سێرجی کلارکەوە بۆ لۆرد کوشندەن(١٢ ی تشرینی دووەم گەیشتووە)

ژمارە: ٤٨٤

قوستەنتەنییە، ٨ نۆڤەمبەری ١٩٢٨

گەورەم:

لە تێبینیی ناوبەناوی چاپەمەنیەکانەوە دەردەکەوێ کە بەرنامەی لەمەرِ کـوردی حکومـەت، وەك لـەراپۆرتی ژمـارە (٣٨٤)ی (١٤) تـابمدا بـاسمکردووە، هـەندێك سەرکەوتنی بەخۆوە بینیوە.

٢- کاربەدەستان بەدرێژایی هاوین بـەردەوام ئـەو خێزانانـەیان بـۆ کوردسـتان دەگێڕایـەوە کـە بـۆ رۆژئـاوای ئـەنادۆڵ راگوێـزراون. دواتـر، وەك بـەرێزتان لـە زانیاریەکانی بەغداوە ئاگادارن، دوو کوڕی شێخ سەعیدو برایەکی سەید تەهاو چـەند

سەرکردەیەکی تری کوردی پەنابەر لە عێراق هاتوونەتەوە ئەم دیو سنووری، خۆیان تەسلیمی دەسەڵاتدارانی تورکیا کردووە. گەشتەکەی باکوور تا (وان و بدلیس)ی ئیرامیم تالێ بەکی پشکنیاری گشتی، کە ساڵێك لەمەوبەر زۆر جێی مەترسی بووە، نیشانەیەکی تری باشتربوونی بارودۆخەکەیە.

٣- ئێستا راگەیاندنەکانی حکومەت، لەجیاتیی هێمنیو ئاسایی بوونەوەی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات، گرفتی دەستکەوتنی مامۆستاو پزیشكو کارمەندیتر کە بۆ ئەو ناوچانە بنێردرێن، باس دەکەن. دروستکردنی رێگەوبان بەشێکە لە چاکسازیی ژێرانەی دەستپێکراو. رێگەیەك ئێستا لە خەرپووتەوە، بەناوچەی دەرسیمدا، بۆ ئەرزنجانو، یەکێکیتر لەئایندەدا لەنێوان(ئۆڤاجك Ovajik[1] وخۆزات –Hozat)[2] دروست دەکرێن. پشکنیاری گشتی روونیکردەوە کە سەرجەم سیستمی نوێی رێگەوبان، سێ چوار ساڵی تر تەواو دەبێو، وان تەنها (٥) رۆژ لە ئەنکۆرەوە دوور دەبێو، ئەوە تەنها سەختیی کوردستان بووە کە هەمیشە بووەتە کۆسپو تەگەرەی رێی کارگێرانی تورکیا. کە رێگەوبان گەیشتنە رۆژهەڵات، ئیتر کورد باشتر کۆنترۆڵ دەکرێو، کارمەندانی تورکیش راستەقینەتر لە کێشە تایبەتەکانی هەرێمی کوردان تێدەگەن. هەڵبەت مافی موڵکایەتی یەکێکە لەو گرفتانەو، حکومەت بۆ چارەسەری ئەمە، بەنیازە زۆر پارچە زەوی بەسەر خێڵەکیەکاندا دابەش بکات.

٤- وێنەیەکی ئەم راپۆرتە بۆ کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لە عێراق دەنێرم.

جۆرج ئار. کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ٢٦٩/٤٢٤، ل: ٤٢، ژ: ٣٦

---

[1] شارۆچکەیەکی باکووری رۆژئاوای تونجەلیە.(س)

[2] شاری (تونجەلی) ی ئێستایە لە ناوچەی دەرسیمی باکووری ویلایەتی ئەلعەزیز (ئەلازیگ). (س)

ژ: ٤٩

لە مستەر ئەدمۆندزەوە بۆ لۆرد کوشندەن(٣ی کانوونی یەکەم گەیشتووە)

ژمارە: ٥٠٢

ئەنگۆرە، ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨

گەورەم،

خۆشحاڵم کۆپییەکی نووسراوی ژمارە (٤٩)ی (٢٠)ی تشرینی دووەمتان لێرەدا بۆ هاوپێچ بکەم کە لە کونسوڵی مەرسیناى خاوەنشکۆوە سەبارەت بە هەڵاتنی میر لیوا حوسەین پاشا لە قەیسەرییەوە بۆ سووریا پێم گەیشتبوو. ئەم رووداوە کرابووە بابەتی راپۆرتی ژمارە (٤٥)ی (١٧)ی ئۆکتۆبەری حەڵەب بۆ کۆمیساری باڵا لە عێراق. مستەر مۆنك مەیسن وێنەیەکی ئەم راپۆرتەی دوایی‌ی یەکسەر بۆ نووسینگەی دەرەوە ناردبوو.

٢- کەزانیاریی مستەر چافی لەبارەی هەڵاتنی حوسەین پاشاوە بێبایەخ نەبێ، حەز ئەکەم سەرنجی بەڕێزتان بۆ دوا برگەی راپۆرتەکەی رابکێشم. سەرەڕای سەختیی هاتوچۆ بۆ رۆژهەڵاتی تورکیا بەهۆی کاری ئەو ئابڵووقەیەی ئێستاوە، بەڕێوەبەرانی ناسەرەکیی بانکی عوسمانی کە سەرچاوەی هەمە جۆری زانیارییان هەیە، زیاتر شارەزای بارودۆخی ناوخۆن. بۆیە گرنگە زانیاریی لەم جۆرە سەرچاوەیەی بۆ چوون، کە لە نووسراوی ژمارە (٤٨٤)ی (٨)ی تشرینی دووەمی سێر جی. کلارکدا ئاماژەی پێکراوە، وەربگیرێ. بەپێی ئەم سەرچاوەیە ئەم سیاسەتەی حکومەتی تورکیا بەرامبەر بە کورد تاڕادەیەك سەرکەوتووە، بەتورککردنی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات وردە وردە بەرەو پێش دەچێ. یاخیبوونەکەی شێخ سەعید کەسێ ساڵ لەمەوبەر هەڕەشەی لە ئارامی‌و سەقامگیری حکومەتی تورکیا دەکرد، ئەمڕۆ دەبێ تەنها وەك پەندێك بێتە بیرۆکەی نواندنێکی شانۆیی لە تورکیا و، ئەمەش بایەخی خۆی هەیە. رای چەند سیاسەتوانێکی کورد لە عێراق: کە کوردی ئەمڕۆی تورکیا شکستی ئومێدبڕی خواردووە، بەشێوەیەکی گشتی دژی ئەو

بۆچوونە نییەكە، بەڕای حكومەتی توركی: ئەو سیاسەتە لەوەیە سەربگرێ. ئەمە لە ڕاپۆرتێكدا كە دڵنیام بە بەڕێزتان گەیشتووە، باسكراوە، بەڵام كۆپییەك هەر هاوپێچ دەكەم.

وێنەیەكی ئەمە بۆ كۆمیساری باڵای بریتانیا لەبەغدا دەنێرم.

دەبلیو. ئێس. ئەدمۆندز

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٦٩، ل: ٤٧، ژ: ٤١

هاوپێچی ژ: ٤٩
لەكونسوڵ چافییەوە بۆ مستەر ئەدمۆندز

ژمارە: ٤٩

مەرسینا، ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨

گەورەم،

ئاماژە دەدەمە ڕاپۆرتی مستەر مۆنك مەیسنی كونسوڵی حەڵەب لەسەر هەڵاتنی میر لیوا حوسەین پاشای كوردی دوورخراوە لە قەیسەرییەوە بۆ سووریا كە چەند كۆپییەكی بۆ باڵوێزخانەی قوستەنتەنییەو ئەم كونسوڵخانەیەو، بەژمارە (٤٥)ی (١٧)ی مانگی ڕابردوویش، بۆ كۆمیساری باڵای خاوەنشكۆ لەعێراق نێردراون.

٢- دوو مانگ پێش ئێستاو كاتێك لە قەیسەرییە بووم، هەواڵی هەڵاتنی پاشایەكی گرنگی دوورخراوەی كوردم بیست كە پێم وایە ئەم كابرایە بووە.وادەردەكەوێ ڕانەكردنی دابێ، بۆیە ڕێگەی درابوو بەئازادی لەشاردا پەیمانی بێتوبچێ. ئەویش بۆ ئەوەی كە گومانی لێنەكرێ، بەشێوەیەكی نموونەییەهەڵسوكەوتی كردبوو و،ئەمجا كتوپڕ سەد مەترێك ڕایكردبوو، لەگەڵ دەستە هاوەڵێكی هەڵبژێردراودا ئەمجا كتوپڕ سەد مەترێك ڕایكردبوو و،

لەگەڵ دەستە هاوەڵێکی هەڵبژێردراودا بەسەرکەوتوویی دەرباز بـوو بـوو. پێیـان وتم غازی زۆر لەمە تورە بـوو بـوو و، وەك ناڕەزاییـەك، سـەردانە بڕیاردراوەکـەی بۆ قەیسەرییە راگرتبوو و، سەرۆکی پۆلیسی لەکار لادابوو.

٣- دەڵێن پێشتریش چەند کوردێکی دوورخراوە لـەم شـارە، مۆڵـەتی چوونـەوە مـاڵی خۆیـان پێـدراوە. بەڕێوەبـەری بـانکی عوسمـانی کـە زووتـر لـە ئورفـە بـوو و، کوردباش دەناسێ، رای وایە کە کێشـەی راسـتەقینە لەکوردسـتاندا نـەماوەو، خێڵـە کوردەکان کە لەناوخۆدا ناکۆکن، هەرگیز ئێسـتا نـاتوانن یەکبگرنـەوەو، بـەرەنگاری بەتورککردن ببنـەوە. بـەڵام زانیـاریی لـەبارەی گرفتـی ئـەم دواییـەی کوردسـتانەوە نەبوو.

٤- بەڕێوەبـەری بانکەکـە ئەوەشـی پـێ وتم کـە باڵوێزخانەکـە دەیزانـێ. واتـــە: ســـەرجەم ئـــەو کارمەندانـــەی کـــە تـــورك نـــەبوون، بـــە بەڕێوبـــەرو نیمچـــە بەڕێوبەرەکانیشەوە، لە لقەکانی ناوچە سنوورییەکانی تورکیا (ئـەرزرۆم، بایبورت، ئەلعەزیز، دیاربەکر، ئورفە، عەینتاب)ی بانکی عوسمانی لە کار لابراون.

ئەمجا وتی: سەرەنجام خەریکە کاری ئەو ناوچانەی بانکەکە کز دەبێ.

٥- ئەوەی وا حکومەتی تـورك باوەڕی پێیـە، یان دەیـەوێ وا لـە خـەڵك بکـات باوەڕی پێ بکەن، ئەوەیە کە: یاخیبوونی کـورد ئێسـتا کۆن بـووەو بەسـەرچووەو، ئەمیشیان لە نواندنێکـی پڕوپاگـەندەیی یـەکجار بێمانـای پـێرێ شـەوی کۆمـەڵێك شانۆکاری گەڕۆکی قوستەنتەنییە لە مەرسینا نیشان داو، منیش بینیم. ئـەم کـارە هونەرییە منداڵانەیە، یاخیبوونی شێخ سەعید بەچیرۆکێکی مێژوویـی شیاوی پـەندو عیبرەت دادەنێ. ئەمانە خانوویەکیان، لەنواندنەکەدا، بـۆ خنکـاندن دانـابوو و، وەك پێویست گاڵتـەیان بەنەریتـە رۆژهەڵاتییـە نامۆکـانی ئـەو یاخیبوونـە کۆنـە گاڵتــە جاڕانەیـە دەکـردو، قاقایـان لێـدەداو، کـاتێك کـە یاخیبوونەکـە بەچـەند لـەرزینێکی میلۆدرامی زیانی پێکەوت، لە خۆشـیدا هاواریـانکردو، دواجـار لاشـەی شـێخ سـەعید

(کەبەشاراوەیی دامێنانێکی فیڵاویی هیت رۆبنسن[1] ، لەکەمەرەوە راگیرابوو)، بە بەرچاوییانەوە بە سێدارەکەیدا هەڵواسرا. کاربەدەستان دڵخۆش بوون، کاتێك دییان گوند نشینو جوتیاران کە ژمارەیەکیان کورد بوون، لەناخەوە خۆبەخۆ بەم کارە رێکخراوە سانایە پێدەکەنین.

ئار.ئی. دەبلیو. چافی

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٦٩، ل: ٤٧–٤٨، ژ: ١/٤١

ژ: ٥٠

لە سێرجی کلارکەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (١٥ ی تەمموز گەیشتوە)

ژمارە: ٣٠٥

قوستەنتەنییە، ١١ی تەمموزی ١٩٢٩

گەورەم،

خۆشحاڵم لێرەدا کۆپیی راپۆرتێکی مستەر هێلم لەمەڕ گەشتەکەی بۆ رۆژهەڵاتی تورکیا کە لەنامەی (٦)ی مایسی نووسینگەی سەرکاتبدا راگەیاندراوە، پێشکەشی بەرێزتان بکەم.

٢– لەیاخیبوونی ساڵی ١٩٢٥ی کوردەوە، بۆ بێگانە نییە بچێتە رۆژهەڵاتی فورات. بۆیە راپۆرتەکەی مستەر هێلم بایەخێکی زۆری هەیەو، ئەو راستییەیش کە حکومەت مۆڵەتی گەشتەکەی داوەن نیشانەی بەرێزیو سەنگینییەتی لە ئەنکۆرە. هەلومەرج بواریان نەدایە مستەر هێلم، کە گەیشتە دیاربەکر، مەبەستی سەرەکیی خۆی بۆچوونە رۆژهەڵاتی دوورتر جێبەجێ بکات. بەڵام منیش لەوەدا لە گەڵیدا

[1] هیت رۆبنسن– Heath Robinson نووسەرێکی کۆمیدیی بریتانی بووەو، ساڵی ١٨٧٢ لە لەندەن لەدایك بووە، لە خێزانێکی هونەرمەند بووە. رۆبنسن خاوەنی رێبازێکی تایبەتی نووسینو نواندن بووەو، کارەکانی هاوتای ئەوانی Rube Goldbergی ئەمریکین. ساڵی ١٩٤٤ کۆچی دوایی کردووە.
(http: //www. wikipedia . com / wiki / heath+ robinson)

یەکدەگرمەوە کەئەو ڕێگەیەی (دیاربەکر– مەلاتیە– سیواس– گیرەسون[1]) وائەو گرتیەبەر هەرچەندە دەکەوێتە ناوچەیەکی زۆر نزیکترەوە، ئەنجامی بەدەستهاتووی بەنرختری لەچاو هی ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی تورکیادا هەبووە.

٣– مستەر هێلم دەڵێ جوڵانەوەی کورد، وەك حکومەت هەمیشە جەختی لەسەر دەکاتەوە، چیتر نەماوە. سەرانی کورد بەڕاستی بێهێزو کەم تین کراون. دەستکەوت هەرچەندە سلبییە، بەڵام شتێکە سوڵتانەکان هەرگیز پێی نەگەیشتوون، چونکە مەسەلەی کورد هەمیشە لەگەڵ ئەواندا بووە. بەڵام ئێستا کە حکومەتی تورکیا پێویستی بەکاری بنیاتنان و دامەزراندن هەیە، وەك پێشبینی دەکرا، وادیارە باش بەڕێوە ناچێ. مستەر هێلم پێی وایە گوشاری ئابووری و کشتوکاڵیی، ڕۆژهەڵاتی تورکیا هێندە زۆرە، بووەتە هەڕەشە بۆسەر بەردەوامی ڕژێمی ئەنگۆرە. ئەوە گەشتیارانی سەرلێداوی ئەو هەرێمە سەرسام دەکات کە حکومەتی تورکیا کەمتەرخەمە کەوا نایەوێ هەوڵی بەدەست هێنانی هاوکاری و ڕاوێژی بیانی بدات بۆ چاککردنی بەرووبوومی بێکەڵکی ئەو دانیشتوانە دوور لەیەك نیشتەجێیە.

جۆرج ئار. کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٧١، ل: ٢٨، ژ: ١٠

---

[1] ویلایەتێکی باکووری تورکیایە لەسەر دەریای ڕەش، لە ڕۆژئاوای ویلایەتی تەرابزوونە.(س)

هاوپێچی ژ: ٥٠

سەرنج لەسەرگەشتێکی ٩-١٩٢٩/٦/٢٩ لە ئەنگۆرەوە بۆ حەڵەب، دیاربەکر، مەلاتیە، سیواس، کەناری دەریای ڕەش.

ئەو گەشتەی کە ئەمڕۆ تەواوم کردو، سەرجەم ناوەڕاستو ڕۆژهەلاتی تورکیای گرتەوە، کارێکی زۆری، لەچەند ڕوویەکەوە یەکجار ناکۆکی، کردە سەرم. هەوڵدەدەم یەکەمجار لەم تێبینیانەوە هەستو تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانەی خۆم باس بکەم، ئەمجا بەلەبەر چاوگرتنی هەموو شتێکو، پاش لێکۆڵینەوەی خێراو سەرپێی ئەو بارودۆخەی وا ئەمڕۆ باڵی بەسەر ویلایەتەکانی تورکیادا کێشاوە، دوا ئاکامەکان پوختە دەکەم.

٢- گەشتەکەم بە ئاگاداریو ڕەزامەندیی حکومەتی تورکیابوو و، بۆیە هیچ ڕێگرییەکم لەسەرداتی ئەو ناوچانەدا، کە چەندین ساڵ بۆ بیانی قەدەغەن، نەهاتەڕێ. گەشتەکەم زۆر فراوان نەبوو، چونکە ڕێگەکانی تورکیا سەختو، هەندێکیان تەواو نالەباربوون، لەلایەکیترەوە، هەمان ئەم هۆیە، ڕووی ئەم وڵاتەی زیاتر خستە بەرچاو. ئەمە جگەلەوەی مانگی مایس باران لەسەرتاسەری تورکیادا، بەبڕێکی زۆرو نائاسایی، دەباری. جا لەبەر ئەمە، کێڵگەو لەوەڕگاکان لە باشترینو ڕێگەکانیش لە خراپترین باردابوون. دەسەڵاتدارانی تورک لە هەموو شوێنێك پێشوازیی گەرمیان لێکردمو هاوکارم بوون.

٣- لەئەنگۆرەوە بۆ حەڵەبو لەوێشەوە تا ماردین، بەشەمەندەفەر چووم. لە ئەنگۆرەوە بۆ حەڵەب، ئەوی شایەنی باس بێ، کەمی بەرووبومە. ئەمە ئەو ناوچەیەبوو کە بەدەست وشکەساڵی ١٩٢٨ەوە زیاتر دەیناڵاندو، دەرەنجامەکانیشی تەواو ئاشکرابوون. کاربەدەستانی تورك خۆیان دانیان بەوەدانا کە ئەمساڵ تەنها (٢٥٪)ی ڕووبەری ئاسایی ناوچەکانی سەروو ئاستی ئاوەکان (دێم) چێنراون. ئەو

ناوچە داچێنراوانە بەرهەمیان باشە. قۆنیاو قارەمان[1] کە هەرێمێکی دەوڵەمەندی دانەوێڵەیەو دووساڵ لەمەوبەر بینیبووم، کشتوکاڵی باشی تێداکرابوو، ئێستا کێڵگەکان ئەبینرێن زۆر کەم بەرهەمن. بەچاوی خۆم قسەی نوێنەرێکم بۆ دەرکەوت: گوند نشینەکان، پاش ئەوەی سەرجەم ئاژەڵو ماڵاتەکانیان لەدەست دابوو، دەرکیان بەوەکردبوو کە ئەبێ، بۆ خۆپاراستن لەبرسێتی، خۆشیان بۆ قۆنیاو شارۆچکەکانیتر کۆچ بکەن، گوندەکانیان هەموو چۆڵ کردبوو. کشتوکاڵو بەروبوومی باش تەنها لە ئەرەگلی[2] بەدیدەکرێن، پێم وایە ئەمەیش بەسۆنگەی سیستمی پێشکەوتووی ئاودێرییەوەیە. خۆ ئەگەر ئەم سیستمە لە شوێنەکانی تر بخرایە گەڕ، بێگومان ئەمەش دەشێ، دەکرا لە کاریگەریی چوار وەرزی وشکی یەك لەدوای یەك زیاتر بەدوور بوونایە.

٤- تاریکی نەیهێشت دەشتی سیلسیا ببینم، بەڵام بۆ بەیانی کە چووینە سوریا، بەپیتیی خاکەکەو کشتوکاڵی چڕوپڕو ئەو ژمارە گەورەیەی خەڵك کە لە کێڵگەکاندا کاریان دەکرد، زۆر سەرسامیان کردم. فڕۆکەخانەیەکی فەرەنسی نزیك موسلیمییەیەو[3]، هەردوو جارەکەش سێ فڕۆکەم لەکاتی فڕیندا بینی.

٥- زۆر نیشانەی پێشکەوتن لەحەڵەبدا هەن. شەقامەکان ، بەتایبەتی سەرەکییەکانیان، چاککراونو، دووکانەکان پڕ لەکەلوپەلنو، بژێوی ئاسانە. فەرەنسە لە دروستکردنی ڕێگاوباندا زۆر چالاکەو، ئەمەش وەك کارێکی خێرا بووەتە مایەی گەشەی وڵات. کونسوڵی خاوەنشکۆ، بە پێچەوانەی خەڵکەوە، پێی وانیە حەڵەب لەبەر نزیکیی لە سنووری تورکیاوە بێ ئومێد بووبێ. ئەو دەڵێ: بازرگانی وردە وردە گەشە دەکات. بەم دواییە، هێڵی ترانزێتیش، بەهۆی تێپەڕبوونی کەلوپەلی بێ باج هێنراوی ئەسکەندەرونە بۆ ڕۆژهەڵاتی تورکیا بەڕادەیەکی بەرچاو

---

[1] قەزایەکی باشووری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی قۆنیەی ڕۆژئاوای تورکیایە. (س)

[2] قەزایەکی ئەوسەری باشووری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی قۆنیەیە.(س)

[3] شارۆچکەیەکی نزیکی باکووری شاری حەڵەبە.(س)

بووژاوەتەوە، هەرچەندە رەنگە ئەم بازرگانییە تەنها کاتی بێ، لەگەڵ دانانی هێڵی ئاسنی دیار بەرکر- قەلەر (Keller)دا نەمێنێ، سەرەڕای ئەمە، مەرسینا مونافیسێکی بەهێزی ئەسکەندەروونەیە، حکومەتی تورکیاش هانی ئاڵوێر لە بەندەرەکانی تورکیا دەدات، ئەمە، لەم حاڵەتەی ئێستادا، واتە گواستنەوەی درێژو گرانبەهای تری هێڵی ئاسن، بەپێی سەرچاوە تورکیەکانیش، دواخستنی زیاتر، چونکە کاربەدەستانی فەرەنسی یان سوری بەهانەیان بۆ راگرتنی ئەو کەلوپەلانەی وا بەشەمەندەفەر لەمەرسیناوە بەناو حەڵەبدا بۆیان دەهێنرێن یان دەبرێن، دۆزیوەتەوە، لە ڕاستیدا بازرگانیی تورکیا لەڕێی حەڵەبەوە تاڕادەیەك وەك یەك لەنێوان ئەسکەندەرونەو مەرسینا دابەشکراوەو، ئەوی پێشوویان کەلوپەلی نێردراو ئەمیان هی هێنراوی زۆرە.

٦- بەپێی قسەی کونسوڵی خاوەنشکۆ لە حەڵەب، ئەلفو بێی نوێی تورکیا سنجەقی ئەسکەندەروونە بەرەو پێشتر دەبات، پڕوپاگەندەی تورکیایش، بە دڵنیاییەوە، بەم شێوەیە دەردەکەوێ، مستەر مۆنك مەیسن پێی وایە هیچ جۆرە پڕوپاگەندەیەکی ئیتاڵی لە دەڤەرەکەدا نییە.

سنووری سووریا

٧- هێڵی ئاسنی رۆژهەڵاتی یەنیجە کەلە "چۆبان بەگ"[١]ـەوە تا دەرباسییە[٢] (نزیك ماردین) سنووری تورکیاو سووریا پێکدێنێ، لەدەست فەرەنسیەکاندایەو، هەرچەندە هێواشەو، ٤١١ کیلۆمەتری حەڵەب بۆ ماردین هەژدە سەعاتی دەوێ، باش بەڕێوەدەبرێت، وارگۆنی شەمەندەفەر پاكو خاوێنەو، جێی رەزامەندییە. لەلایەکی ترەوە، تورکان گلەیی ئەوەیان دەکرد کە فەرەنسیەکان هێڵە ئاسنەکەیان پشتگوێ خستووەو، چییان دەست دەکەوێ دەیبەنو، هیچ خەرج ناکەن، چونکە دەزانن ئەبێ، بەتێپەڕبوونی کات، بۆ حکومەتی تورکیای بەجێ بێڵن. ئەگەر پایز

---

[١] ناحیەیەکی باشووری رۆژهەڵاتی ویلایەتی غازی عێنتابە لەسەر سنووری سووریا. (س)

[٢] شارۆچکەیەکی سووریایە لەسەر سنووری تورکیا لە ئاستی ویلایەتی ماردین. (س)

خزمەتگوزاریی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کەجێی نووستنیان هەیە، بگاتە نسێبین، لەوانەیە گەشتیاران بیزوێنێ، بەڵام سەفەر مایەی ماندوویی و بێزارییەو، گەرمەو، ناکرێ خەڵکی بۆمان بدرێ.

٨ـ خاکەکە لە موسلیمییەوە تا جەرابلوس سوورەو، بەدیمەن بەپیتە، کرێکاران (کە زۆربەیان ئافرەتن) زۆرن، بەڵام بەرووبووم کز دیارە. هێڵە ئاسنەکە جارێکیتر لە "غۆبانی بەگ"دا دێتەوە ناو تورکیا، ئەفسەری گومرگەکە بەئەدەب بوو، بەڵام هاوکارەکەی کە تایبەت بوو بە پاسپۆرت، سەری لە ڤیزەکەم سوڕماو، دۆش داما، پاش ئەوەی چەند دەقیقەیەك پاسپۆرتەکەمی ئەم دیو و ئەو دیو کردو، ویستی (سەرەوژێر) چەند لاپەڕەیەکی، کە جگە لەڤیزەی تورکی هەموو شتێکیان تێدابوو، بخوێنێتەوە. داوای کرد شوێنەکەی بۆ بدۆزمەوەو، ئەوی نووسراوە بۆی بخوێنمەوە.ئەمجا لەوەیش زیاتر، نووسینی ناوەکەم لەلیستەکەیدا، بە هەزار بێنەو بەرە، نزیکەی دە دەقیقەیەکی تری خایاند.

٩ـ کاتێك لەجەرابلوس بەڕێی پردێکی بەهێزی ئاسندا لە فورات دەپەڕیتەوە، ئیتر ناوچە بەپیتەکە دوایی دێ،تا عەرەب پینار (Arappinar)[1]ی نزیك ئۆرفە، کەوا هەستدەکەم مەڵبەندی ناوچەیەکی گرنگی بەرهەمی دانەوێڵە بێ، جگە لە چەند رەشماڵێکی کوردان، شتێکی تر لەو زەوییە رووتەدا نابینرێ، ئەمە ئەگەر چی دەشتێکی بەپیت بەدرێژایی١٠ میل لێرەوە دەست پێدەکات.

هێڵەکە بە جێییەکدا تێدەپەڕێ کە لە بەراوی سەوزە دەچێ و، ئاوێکی زۆری هەیەو، رووەکی زۆری تەماتەیشم تێدا بەدیکرد، هەر لێرە، چەندین دێی لە قوڕ دروستکراو هەن و، خانوەکان لە شێوەی گومەزدان و، لە دوورەوە تەنها لە لۆدە دەچن.

١٠ـ هەر لەو کاتەدا واقم وڕما، کە لەبەری سووریای هێڵە ئاسنەکەدا، کە لەخەیاڵ دەچێ، کشتوکاڵی باشتر کرابوون و، ئاژەڵ و مەڕ، ماڵات و بەتایبەتی رەشەوڵاغ

[1] شارۆچکەیەکی باشووری رۆژاوای شاری ئورفەو لەسەر سنووری سووریایە. (س)

هەبوون، هاوکات تەنها مەڕم لەدیوی تورکیا بینی، دوای گوڵەپە کە نە گرد هەیەو نە گوڵێك ڕوواوە، هەرچەندە دەتوانرێ ئاوێکی باش لەبیرەکانی دەربهێنرێ، جگە لە وێرانە هیچی تر نییە، کەس تێیدا نە نیشتەجێ بووەو نە کشتوکاڵی کردووەو، بەدەگمەن زیندەوەرێکی تێدا دەبینرێ، تەنها سێچوار مەتر لە خوارووی هێڵەکەوە بێ کۆتا، بەردی سنووری دانراون کە تا لە شوێنێکی ڕۆژئاوای "رەئسولعەین"دا تاریك داهات، نۆسەدو سیو چواریانم ژمارد.

١١ـ گەشتی ناخۆشی ئەو چەند ڕۆژە، تەنها خۆراکێکی بەمێشکم دا: پاسەوانانی تورك لەسەرجەم بنکەکانو، جارجاریش لەنێوانیاندا دەبینران، گاردە فەڕەنسیەکان لە پۆستێکی بەهێزی ئاقچەقەلعە بەدەر، لەجێیەکی تر بەدی نەدەکران، هەرچەندە ئەمیش ئەوە ناگەیەنێ کەلەوێ نەبوون. لەهەردوولای هێڵەکەدا تێبینی ڕێگە دەکرێو، ئەفسەرێکی تورکیش دانی بەوەدانا کەئەوەی بەری سووریا ڕۆژانە لە لایەن دوو لۆرییەوە بۆ ئامادەکردنی پۆستە فەڕەنسییەکان بەکاردێت، بەڵام هی دیوی تورکیا تەنها جارجار ئۆتۆمبیلێکی بەرەو ماردین پێدا تێدەپەڕێ. ڕاستە تورکیا یەمەنی لەدەست داوە، بەڵام سوپا هێشتا یەمەنی خۆی لەسنووری سوریا دا هەیە، زۆر کات خۆراكو پێداویستی بەناڕێکوپێکی دەگەنو سەربازانی تورکیش بەوەدڵیان ئاو دەخواتەوە باڵندە تەریوەکانی تاکە نیشانەی ژیانی جگە لەخۆیان، دەدەنە بەر گولله. گوێم لە ئەفسەرێك بوو، بە هاووڵاتییەکی دەوت: نوێنەرەکان کە لە ئەنگۆرە خۆش بژینو، هەر مووچەیەکیان بوێ بە خۆیانی ببەخشن، کەی دەتوانن لەبرسێتیی ئەم سنوورە چۆڵەدا بژین!!!

١٢ـ سنوورەکە عەقڵ نایبڕێ. پێناچێ کێشەی ئەوتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ئاقچەقەلعەدا هەبێ، چونکە بەڵگەیەکی نیشتەجێ بوونی تێدا نییە، بەڵام سنووری ڕۆژئاوای ئەم جێیە تەواو ناسروشتییە. گوندەکان کە تەنها ١٠٠ سەد یار لەیەکەوە دوورنو، دەکەونە هەردوو دیوی هێڵە ئاسنەکەوەو، دانیشتوانەکانیان یەك زمانو دابو

نەریتییان هەیە، لە دوو دەوڵەتی جیاوازدان. لەمەیش زیاتر، زەوییەکە بەدرێژاییی سنوور تەواو تەختە، ئەمەیش وا دەکات کاتی کێشەو ئاژاوە بەرگریی تێدا نەکرێ.

١٣. بەداخەوە بۆم دەرکەوت کە گیروگرفت لەماردین‌و دیاربەکر ماون. رۆژانە رووداوی بچووك سەرهەڵدەدەن. قاچاخچێتی بڵاوە. لە قاوەخانەیەکی دیاربەکر بتڵێك شەمپانیایان بەپێنج شلنگ دامێ. هەوڵەکانی تورکیایش بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەمە، زۆر سەرکەوتوو نەبوون. دانیشتوانی هەردوو دیوەکە چەکدارن‌و، خێڵەکان زوو زوو پەلامار دەدەن‌و، کێشەی خوێن لە زۆر شوێندا لەئارادایە. هەموو ئەو تورکانەی کە باسی سنوورم لاکردوون، ئەگەرچی دەڵێن ڕەنگە هەردوولا هەڵەیان هەبێ، زۆر بەڕەقی دواون. بێگومان پێدەچێ جۆرە ئاگربەستێك بۆ تاوو توێکردنی بارودۆخی ئێستای سنووری سوریا بێتەکایەوە.

ماردین‌و سنووری عێراق

١٤. ڕێگەکە لەبنکەی ماردینەوە، بەدرێژاییی شەش میل، بۆ شارۆچکەیەکی تابلۆ ئاسای ژێر لوتکەی گردێکی قووچەکیی لەبەردی کلسی ساف پێکهاتووە، کە ماڵەکانی چین چین لەسەر یەك هەڵچنراون، ١٢٠٠ پێ بەرزدەبێتەوە. قەڵایەکی دێرین لە لوتکەی ئەم گردەدایەو، پێی دەڵێن: Shubha . باوەڕوایە ئەم قەڵایە بەمێژوو هی سەردەمی رۆم بێ، عەرەبەکانیش بەزەبری هێز نەیانتوانیبی بیگرن. کوردێکی بەتەمەن چاوساغی کردم بۆ قەڵاکەو، بەخۆشییەوە دەیگێڕایەوە چۆن کاتێ ئیمانداران گرتوویانە، شازادە مەسیحیەکە لە جێی بەرگریی سەر قەڵاکەو فڕێدراوەتە خوارەوەو، پاشان براوە بۆ شاخێکی چەند میل دوورتر. شوێنەکەوتووانی ئەم شازادەیە هەموویان یا بەشمشێر لە ناوچوون، یاخود بەسەر دیوارەکاندا خراونەتە خوارەوەو مردوون. ئەمجا دەمێکی تەقاندو، وتی: چارەنووسێکی شیاوبوو بۆ هەموو گاورەکان. کەتەنیابووم پشوویەکم دا، بەڵام هەرزوو خزمەتکارە تورکەکەم هاتەلام‌و، لێی تێکدام.

١٥. دانیشتوانی ماردین نزیکەی ٣٠ هەزار کەسن، هەشت هەزاریان یەعقووبیی سوورین کە پاتریارکەکەیان لە ماردینە، (٢٠٠) نەستوری و (١٢٠) پرۆتستانت و (١٠٠٠) یشیان کاتولیکی ئەرمەنین. هەروەها والی پێی وتم دانیشتوویەکی زۆری مەسیحی لەمیدیات دەژین، زۆرینەی دانیشتوان کوردنین، بەڵام زمانەکانی کوردی و عەرەبی لەهی تورکی زیاتر قسەیان پێدەکرێ. شارۆچکە کە پاک و خاوێنەو، خانوەکانی لەبەردن و، میوانخانەکەیشی لەسەروو ئاستی ناوەندیی ئەوانی تورکیاوەیە. شوێنەکە بەگشتی کۆنترۆڵ دەکرێ، چونکە ئەم شارۆچکەیە دەشتەکەی بەرەو باشوور گرتووەتەوە. چۆل " Chul" ی زوو کە ناوچەیەکی گرنگی بەرهەمهێنانی لۆکەو دانەوێڵە بوو، ئێستا بەروبوومەکەی تەنها بەشی ناوخۆ دەکات و، بووەتە لەوەڕگا. شەوانە، رووناکی پۆستێکی فەرەنسی، لەدووریی چەند میلێک لەمیوانخانەکەوە، دەبینرێ. پێیان وتم: نسێبین دوور ترو لەباشووری رۆژهەڵاتدا گیان ئەدات و، شارۆچکەیەکی تازەی سوری لەودیو سنوورەوە جێیگرتووەتەوە. ئەمڕۆ ماردین بۆی لواوە، چونکە قافڵەکانی بازرگانیی خوارووی رۆژهەڵاتی تورکیا، بۆ ئەوەی بگەنە هێڵی ئاسن، پێویستە بەوێدا بڕۆن. بەڵام بەدڵنیاییەوە، هەرکە هێڵی ئاستی دیاریەکر تەواو بوو، ئەوا چارەنووسی ئەمیش وەک هی نسێبین دەبێ.

١٦. ماردین، دوا چارەنووسی هەرچییەک بێ، ئێستا بایەخێکی گەورەی سیاسیی هەیە، چونکە جیا لە بازرگانیەکەی، ناوەندێکی پێشکەوتوویشە کە تورکیا کۆنترۆڵی سنوورەکانی رۆژهەڵات، سوریا و عێراقی خۆیی لێوە دەکات. جێی سەرسوڕمان نییە کەتۆفیق هادی بەگی والی تورکێکی قوتابخانە نوێیەکەیەو، گەنج و توانایەو، تەواو قەناعەتی پێکراوە کە تورکیای تازە شتی باش دەکات. ئەوی تایبەتبێ بەویلایەتەکەی، ئەوەیە کە چەند نیشانەیەکی رواڵەتیی گەشبینیم هەست پێکرد. نیزام و رێکوپێکی زۆر باشن و، دانیشتوان بەگشتی خاوێنن. خوێندەواری بەرەوپێش دەچێ و، شەقام دروست دەکرێ و، یەکێک لە شتە سەیرەکانی تورکیا، لە هەموو

لادانێکی رێگە سەرەکیەکاندا، هەرچەندە کەمن، تابلۆی ناوی شوێن‌و دوورییەکانیان دانراون. بەڵام هەرکەس بێتە شارەکە، یان لێی دەربچێ، لەجێیەکی تری خۆرهەڵاتی فورات رادەگیرێ‌و داوای ناسنامەی لێدەکرێ‌و، کۆنترۆڵی سەربازیش ئاسان دەرکی پێدەکرێ. لەگەڵ ئەمەیشدا، تێبینیی ئەوەم کرد کە ئەفسەرەکان، تەنانەت لەو پارچە دوورانەدا، دیمەنێکی زۆر تایبەتیان هەیە. هەموو بەیانییەك ریش ئەتاشن‌و پووت‌و پشتێنەکانیان پاك دەکەنەوە. وام هەست دەکرد ئەمانە پەرۆشن تا بنەمایەك دابنێن. خۆ ئەگەر یەکێك لەمیش سەرسام نەبێ، لەو بەڵگەیەی پێشکەوتن رادەمێنێ کە فۆتۆگراف[1] لەهەموو جێیەکدا هەیەو، ماردین بووەتە ڤالنسیا [2]. فۆتۆگراف لەئەنادۆڵ زۆرەو، سەرەڕای بەهاکەیان، ئەوانە نەبن کە لە میدڵسێکس دروستکراون، هەرگیز شتی وام لە سەرتاسەری تورکیا بەدی نەکردووە.

١٧. تۆفیق هادی بەگ، وەك هەرکەسێکی تر، بەهەستێکی زۆر، بەڵام بەگیانێکی ملکەچانەوە، باسی سنووری سوریای کردو، دانی بەوەدانا کە ئەمە لەم بارەی ئێستادا شتێکی حەتمییەو، بەچارەیەکی هەمیشەیی دانەنا. والی توانیی قسە لەسەر سنووری عێراق بکاتو، وتی ئێستا هەموو شتێك جێی رەزامەندییە (بڕوانە پاشکۆی أ)[3]. ئەو عێراقییانەی کە پەساپۆرتەکانیان رێکوپێکن، ئێستا دەتوانن بۆ ئەوەی بچنە جەرابلوس، لەهەر خاڵێکی رەسمیی سنوورییەوە بپەڕنەوە. کۆچی خێڵەکانی ئەو دیو سنووریش کە لەگەڵ سوریادا گرفتی زۆری دێتە رێ، بەرێکوپێکیو بێ هیچ رووداوێك بەڕێوە دەچێ. ئەو خۆشحاڵبوو کە هەردوولا زیاتر متمانەیان بەیەك کردووەو، هیواشیی خواست هەرزوو بازرگانیی عێراق‌و تورکیا پەرەبسێنێ.

---

[1] گرامەفۆن.

[2] شارێکی گەورەی رۆژهەڵاتی ئیسپانیایە لەسەر کەنداوی ڤالنسیای سەر دەریای سپیی ناوەڕاست. (س)

[3] ئەم پاشکۆیە چاپ نەکراوە.

دیاربەکرو کوردستان

١٨. ڕێگەی ماردین بۆ دیاریـەکر (پاشکۆی ب[١])، سـەرەتا بەجێیـەکی رووتـەن‌و چۆڵدا دەڕوات، بەڵام ئەم ناوچەیە سەخت نییە. هەندێ دارو درەختی کـورت لەسـەر گردەکانن‌و، دۆڵێکیش کە ڕێگەکەی پێدا تێدەپەڕێ، داری تێدایەو کشتوکاڵیشی تێدا کراوە. جەندرمە جارجار دەبینرێ‌و، نیشـانەی هـاتوچۆی مـاتۆڕیش بەدی دەکرێ. دەڤەرەکە لە نیوەی رێدا فراوان دەبێ‌و، کشتوکاڵیشی سەرکەوتووترە، بـەڵام تەنـها بەشێکی کەمی ئاسانە. پێناچێ قازانج لە دیجلـە بکرێ، چونکـە لـێرەدا جێـی هیـوا نییەو، مرۆڤ دەتوانێ لێی بپەڕێتەوە. دواتریش ئاگادارکرام کـە ناوچەیـەکی فـراوان کشتوکاڵی تێدا نەکراوە، چونکە کەسی تێدا نیشتەجێ نەبوە. پێیان وتم ئەوەی کە ئینگلتـەرە پێـی وایـە بەرهـەمێکی باشـی گیـا هەیـە، نـەچێنراوەو، دیـارە ناشیدوورێتەوەو، ئەمەیش سەرسامی کـردم. سـاڵی رابـردوو دەبـوو بـایی نزیکـەی چوار ملیۆن لیرەی تورکـی دانەوێڵە بهێنرێتـە هـەرێمی دیاریـەکر کـە رۆژانـی پێـش جەنگ ناوچەی ناردنە دەرەوەی دانەوێڵـە بـووە، کـەچی ئەمسـاڵ سـەرەڕای بـارانی زۆر، رەنگە بەهۆی کەمی چاندنەوە بەروبوومی زیادەیان نـەبێ. بەرهـەمی سـەرەکی جگە لەدانەوێڵە، بریتییە لەمەڕو بزن‌و خوری‌و پێستەو برنج.

١٩. دیاربەکر لە دووریی بیست کیلۆ مەترەوە دەبینرێ‌و، گەشتیار کـە دەیگاتـێ سـەری لەدیمـەنی دەسـوڕمێ. پردێکـی کۆنـی رۆمـەکانی دوو کیلۆمـەتری باشـووری شارۆچکەکە، سەرنجی مرۆڤ رادەکێشێ. ئەم پردە یەکێکـە لەوانـەی کـە ئـەمڕۆ لـە رۆژهـەڵاتی تورکیـا مـاون‌و، رێگـەی بدلیـس بەسـەر رووبـاری دیجلـەدا دەبـات. شارۆچکەکە کەوتووەتە بەرزایی ٤٠٠چوار سەد پێی سەرووی دیجلـەوەو، باخچـەی لێژاییی خوار دیوارەکـانی جێـی سـەرنجە. کـاتێك دەگەیتـە دیـوارە لـەبازڵتی رەش دروستکراوەکان، ئیـتر شـارۆچکەکە نـابینرێ. بەڕاستـی، سیفاتی زۆرن. ئەگـەرچی حـەزم نـەدەکرد تێیـدا بمێنمـەوە، بـەڵام پـاش دوو رۆژ مانـەوە یـەکجار سـەرنجی

ڕاکێشام. ئەم لەسەرجەمی ئەو شارۆچکانەی تری تورکیا کەبینیومن، تەواو جیاوازەو، پێناچێ شێوەی بۆ چەند سەدەیەك گۆڕابێ. بەپێی قسەی والی، هەرچەندە بەدێی کوردان دەورەدراوە، بەڵام کورد لەناوەوەی دیوارەکاندا نییە، پێدەچی ئەمەش زیادە ڕۆیی بێ. ئەم شارە، بەپێچەوانەی ڕاپۆرتەکانی پێشووەوە، کێشەو تەنگو چەڵەمەکانی ساڵانی ڕابردوو زیانیان لێ نەداوەو، جگە لە دەروازەی باکوور، یان (ئەلعەزین)، دیوارەکان وەك خۆیان ماون. بەداخەوە کاولکاریی‌و دەروازەی سەروو سەرەتای کۆتاییە، چونکە پێیان وتم دیوارەکان بۆ دروست کردنی خانوو ورێگە بەکار دەهێنرێن. ئەم وێرانکردنەی شوێنەوارەکان تاوانە. بەڵام وادیارە ناڕەزایی قازانجی نییە. شەوانە دەرگاکان داناخرێن، بەڵکو بەوردی پاس دەکرێن.

٢٠. ئەم شارە لە ناوچەیەکی بچووکتردایەو، لە ژمارەی دانیشتوانیشدا لەدوای ماردینەوەیە، کەچی پیس‌و چەپەڵ دیارە. شەقامەکان خراپ قیرتاو کراون. دووکانەکان، ئەگەرچی شتی زۆرو باشیان تێدایە، بەڵام بچووك‌و پیسن. خانوەکان لەسەر شەقامی تەسکن‌و، دیوارەکانیان بێ دەرگاو پەنجەرەن‌و، ناخۆشن. بەڵام ناوەوە زۆر جیاوازە. ئەوانەی کە بینیمن، حەوشەی خۆش‌و پڕگوڵ‌و گوڵزارو نافوورەیان هەیەو، دیوارو ناوفەرشی ژوورەکانیان بەردن‌و پاك‌و خاوێنن. وادیارە بژێوی‌و خۆراکی خەڵکەکە باشن‌و، تەنها چەند سواڵکەرێك لەو ناوەدان.

٢١. سەرباز کۆنترۆڵی هەموو شارەکەی کردووە، چونکە دیاربەکر مەڵبەندی کارگێڕی سەرجەم ڕۆژهەڵاتی فوراتی تورکیایە، بۆیە لە چەند ڕوویەکەوە، دوای ئەنگۆرەو قوستەنتەنییە، بە گرنگترین شار دادەنرێ. تەنانەت مێزی سەربازی لەدەست پشکنیاری گشتیدایە. شەقامەکان پڕ لە ئەفسەرو سەربازن‌و، بەهۆی کارمەندێکی زۆری مەدەنی‌و خێزانەکانیان‌و خانەوادەی ئەفسەرانەوە کە لە قوستەنتەنییەوە هاتوون، خەڵك ڕەنگە بۆچوونێکی خراپی بۆ شوێنەکە لا دروست بێ. ئەمەیش لەوانەیە لەئەنجامی ئەوەوە بێ کە ماتگی ڕابردوو کارەبای بۆ ڕاکێشراوەو، کارگەی سەهۆڵی تێدا دامەزراوە. بەم جۆرە، هێما ڕاستەقینەکانی

پێشکەوتن، بەدی دەکرێن. جا ئەگەر بۆچوونەکەم تەنها لەسەر دیاریەکر بنیات بنێم، ئەوا گەشبینیەك لەدەرەوە هەیەو، پێویستە بێ دوو دڵی بڵێم تورکیای نوێ کاری باش دەکات.

٢٢- زۆر ڕێی تێدەچێ شارەکە، بەدرێژایی زەویە بەرزەکە، بەرەو باکوور بکشێ. بەمەش بەسەر دیمەنی جوانیو بەپیتیو پڕ کشتوکاڵیی دۆڵی تەسکی دیجلەدا دەڕوانێ. دوو قوتابخانە لە لێژاییی دەرەوەی دیوارەکەدا دروستکراونو، دوو کیلۆمەتر دوورتریش فرۆکەخانەیەكو سێ دەستەی عەسکەرین. ئەو بەیانییە کە جێم هێشت، حەوت فرۆکەم لەئاسماندا بینی. هەروەها نەخۆشخانەیەکی تێدایەکە هێڵی ئاسنی قەلەر- دیاریەکری لەنزیکەوەیە، ئەمە جگە لە پارکێك کەنزیکەی ٢٠٠ دوو سەد یاردی چوارگۆشەیەو، بەتەلی دڕکاوی دەور دراوەو، سەکۆیەکی نواندنو مۆسیقا لەناوەڕاستیدایە. شەوی هەینی، تیپێکی عەسکەری ئاهەنگێکی ڕۆژهەڵاتیی لێرە پێشکەشکرد کە هەموو خەڵکی خۆشحاڵ کرد. مۆسیقاکە هێندە باش لێدەدرا، منیش، وەك ئەو ژمارە گەورەیەی ئەفسەرانی ئامادە، واقم وڕما. زۆربەی ئافرەتان ڕووبەندیان پێوە نەبوو. دەشتێکی فراوان لەدەرەوەی دیواری ڕۆژهەڵات، بەرەو باشووور ڕۆژهەڵاتیش، باخو باخاتو ئاوی زۆر هەن. دیسان هەر لێرە، ئاشی ئاردو برنج هەن، بەڵام هەموویان کۆنن؛ سەرەڕای ئەمە، ژمارەیان پێداویستیی ئامێرو کەرەستەیانیان قەرەبوو کردووەتەوە. زیاد لەپازدە ئاش ئەو ئاوە بەکاردێنن کە لە شارەکەوە بۆ دیجلە دێتە خوارێ. دووکارگەی ئاوریشمیی لە شاردان، بەڵام بایەخیان نییە.

٢٣- هەموو ئەو خەڵکە کارمەندو ناکارمەندانەی وا قسەم لە تەکدا کردن، کۆکبوون لەسەر ئەوەی کە باری ئابووری مەترسیدارە. ساڵی ڕابردوو هەموو شوێنێك کارەساتبار بووەو، پێشبینی لەوە خراپتریشیان دەکرد. سنووری سوریاو نەبوونی پەیوەندی، هەلومەرجەکەیان ئاڵۆزتر کردووە، خۆشبەختانە بارودۆخەکە ئەوەندە بەخراپی نەماوەو، ئەگەر، بۆ نموونە، بازرگانیی لەگەڵ عیراقدا پەرەی

پێبدرێ، ئەوا شتەکان باش دەبن، ئەمڕۆ بازرگانی لە دیجلەوە ناکرێ، کەچی بەرلەجەنگ هەمیشە بەلەم هاتوچۆی پێدا دەکرد.

سالآنی داهاتوو، ڕێگەی نوێی ئاسن قازانجی بۆ ئەم مەسەلەیە دەبێ، بەڵام هێشتا زۆری ماوە یەکەم شەمەندەفەر بگاتە دیاریەکر.

٢٣ . دەمویست لەدیاریەکرەوە بۆ بدلیس و لەوێوە بە دەریاچەی وان و قەرەکۆسە[1]دا بچمە ئەرزڕۆم، بۆ ئەمەیش مۆڵەتی پێویستم لە ئەنکورە وەرگرتبوو ڕێگەکە ڕاستەوخۆ بەوناوچانەدا دەیبردم کە سالآنی رابردوو جێی کێشە بوون. ئەم ڕێگەیەش گرفتی زۆربوو، بەڵام گرنگییەکی یەکجار زۆری دەبوو. تەنانەت لە ماردین گومانم لە جێبەجێبوونی ئەمە دەکرد، والی ساردی کردمەوەو، هەروەك ئەو ئەفسەرو شۆفێرانەی کە لێم پرسیبوون، پێی وتم: بارانی خوڕ ڕێگەی ئەو دیو دەریاچەی وانی تەواو تێکداوە، بەداخەوە کە لە دیار بەکریووم پشکنیاری گشتی لەوێ نەبوو، بەڵام مومتاز بەگی جێگیریم بینی. ئەمیش هەر دووپاتی کردەوە کە ڕێگەکە تەواو سەختە. ئەمتوانی تا بدلیس، یان تەنانەت ئەرجیش بەئۆتۆمبیل و، پاشان بەئەسپ بڕۆم، جالەبەرئەوەی ئەو هەرێمانە بەگشتی هێمن بوون، ئەو بەچوونم ناڕازی نەبوو. لەگەڵ ئەمەیشدا ڕێیتێدەچوو، ئەگەر پاسەوانیشم لەتەکدا بوایە، تووشی هەندێ مەترسی بهاتمایە، چونکە بەدڵخەوە ، پێشبینی ڕووداوی بچوك دەکرا، بۆیە ئامۆژگاریی کردم ڕێگەیەکی تر بگرم، منیش زۆر بەمە ناڕازی نەبووم، هەروەها لەبەر ئەوەی زانیاریی تاڕادەیەك باشم هەبوو، بڕیارم دا شوێن قسەکانی مومتاز بەگ بکەوم، بە ئەلعەزیزو مەلاتیەو سیواسدا، بچمە دەریای ڕەش و، ئەرزڕۆم کە ساڵی پار کونسوڵی خاوەنشکۆ لە تەرابزوون سەری لێدابوون، واز لێ بێنم. بەم جۆرە توانیم چەند شتێك لە ناوەڕاستی تورکیا ببینم، پێشدەچێ لەوەی کە لە دەستم چووە، زیاترم دەستکەوتبێ.

---

[1] قەزایەکی رۆژاوای ویلایەتی بایەزیدی رۆژهەلاتی تورکیایە. (س)

٢٤ـ بێگومان ئارامی باڵی بەسەر ڕۆژهەڵاتی فوراتــدا کێشاوەو، ئاشکرایشە ئەم هێمنییە پشت ئەستوورە بەهێز. بەشی گەورەی سوپای تورك لەو هەرێمانەدایەو، سروشتی شاخاویی ناوچەکەو دووریی نێوان شارو گوند، وا لـەمرۆڤ دەکـەن ئاسان دەرك بەو تەنگوچەڵەمانە بکات کـە تورکـەکان بـۆ دامرکاندنـەوەی یـاخیبوونو چارەکردنی ئـاڵۆزیو نائـارامی هاتووتـە ڕێیان، یـەك لـەو چەکـە گرنگانـەی کـە بەکارهاتوون، ڕاگوێزانی بنەماڵە بەهێزو دەوڵەمەندەکانی کورد بووە. هەندێك لەمانە لەسایەی لێبوردنـدا گەڕاونـەوە، بــەڵام ســەرجەم موڵــكو ماڵیـان لــەم پرۆسـەیەدا لەدەستداوە.

پێشییان وتم: ئەمڕۆ تاکە کوردێکی دەوڵەمەندو بەهێز. لە کوردستانی تورکیـادا نییە.

٢٥ـ یەکەم هەنگاو چەککردنی گوندنشینەکان بووە. ئـەم بەرنامەیـە چـوار ساڵە لەئارادایـە، بـەڵام هێشـتا چـەك زۆرەو، بـۆ ئەمـەیش گلـەیی لـــە ســنووری ســووریا دەکرێو، چەتـەیش جارجـار ڕوو دەدات، هێشـتا ناوچـەکانی مـووشو بایـەزید هێـور نەبوونەتـەوە. گرنگـە بیستنی هـەندێ لەئەفسـەرەکان بـەزەییان بـــەو گوندنشـینە چارەڕەشـانەدا، کـە دەڵێـن بەکولەمـــەرگی دەژیــن، دێتـــەوە. ســاڵانی شــەڕو بــێ سەروبەرەیی وڵاتیان وێران کردووەو، ئیتر ئەمانیش دەبێ یا چەتـەیی بکـەن، یاخود لەبرسـاندا بمرن. بۆیــە ئەمانــە زۆرجــار، لـەبێ هیواییــدا، ناچــار دەبــن تەقەلــە جەندرمەیەك بکەنو کاروانێك تاڵان بکەن، هەرچەندە دەشێ دوایـیش تووشـی سـزای توونـد ببن. دڵنیایان کردمەوە کە ئەمە ئاکامی گشتیی بـێ سـەرەو بـەرەیی ئێسـتای ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتەو، منیش پێم وایە ڕاست بێ.

٢٦ـ ئەوی مایەی. خۆشحاڵییە، لێرە بەرنامەیەکی بنیاتنەر هەر کە ئەگەر پــێڕەو بکرێ، دەشــێ ســەرکەوتووبێ، بنــەمای ئــەم بەرنامەیــە دروســتکردنی ڕێگــەو بانــە، ڕێگەیەکی تازە لە دیاربەکرەوە بـۆ سـعرت ڕاکێشـراوەو، ئـەم سـاڵیش تـا بدلیـسو، لەوێوە بۆ باکوور تەواو دەکرێ، دەڵێن بدلیس تەواو کاول بووەو، وانیش کەمێك لـەو

باشترە، کە لە دیاریەکربووم، ئیبراهیم تاڵع لە وان بوو. ئەویش، لەبەر رێگەکە، زۆر بەگران گەیشتبووە ئەوێ، ئاگاداریش کرامەوە کە گشت دەستەو دایەرەکەی، جگە لە جەندرمە، ورد پاسی رێگە سەرەکییەکانی رۆژهەڵاتی فوراتیان کردووە.

٢٧ـ جۆرێك ئاسایش لەئارادایە، بەڵام پێویستە کاری زیاتر بکرێ تا جێگەکە پەسەندبێ. هەروەها دەبێ رێبازە چاککراوەکانی پەیوەندی یارمەتیدەربن و، یەك دوو بەروبوومی باش قازانجییان هەبێ، بنیاتنانی هێواش و لەسەرخۆ سەردەکەوێ، نەك ستەمکاری، چونکە کوردستان دەڤەرێکی جیاوازە.

زمانی کوردی، تا فورات، لەتورکی زیاتر بەکاردێ و، سەیرە کە مامەڵە تا سیواس تەنها بە دراوە زیوە کۆنەکان دەکرێ و، سواڵکەرێکی مەڵاتییە دراوێکی کانزایی نوێی وەرنەگرت. بەڕێوەبەری بانکی عوسمانی پێی وتم هەر خێرا پارەی کاغەز دەگۆڕنەوە بەئاڵتوون کە زووتر هاوشانی دراوی زیوی تورکیی تاکە دراوی سوریا بووە، هێشتا تا ئاستێکی دیار لە رۆژهەڵاتی تورکیا مامەڵەی پێدەکرێ.

٢٨ـ بۆ تورکیا جێی خۆشحاڵییە کە، وەك ئەفسەرانی سوپا ئاماژەیان پێکرد، مومتاز بەگ سۆزێکی بەرچاوی بۆ دانیشتوانی ناوخۆ هەیە، ئەو وتی: هێورکردنەوەو پێشخستنی کوردستان، کاری سەرەکیی ژیانی ئەوە. پارەنییەو کەرەستەیش کەمە، بەڵام سەرکەوتن هەر بەدەست هاتووە. خوێندن خێرا گەشە دەکات و، هێڵی ئاسن و رێگەوبان گۆڕانی گەورە دێننەکایەوە و، ئومێدی زیاتر بە سەرنج و ئامۆژگارییەکانی شارەزای کشتوکاڵیی هەنگاری بەدی دەکرێ، کە ئەم دواییە دەست نیشانکرا بۆ ئەوەی سەر لێرە بدات و، راپۆرت لەسەر ئەو شتانە بدات کە ئەکرێ لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بکرێن. بەکورتی لە دیاریەکر، نەك هەر لەودیو دیوارەکانەوە، بەڵکو لەفەرماندەیی سوپاو فەرمانگەکانیشەوە، هەستم بەهەمان ئەو گیانی کارو پێشکەوتنە کرد کەئەمڕۆ ئەنگورە دەبووژێنێتەوە.

دیاربەکر تا فورات

٢٩- ڕێگەکە لە دیاربەکرەوە تا ٤٠ کیلۆمەتر بەدەشتێکی بەپیتی چێنراودا تێدەپەڕێ کە بەتایبەتی گەنمەشامیی وەك رووەکی سەرەکی خۆراك تێدایە. ئەمەیش بەڵگەی باشیی بەروبوومی ئەم ساڵە. لەوەدوا ڕێگەکە، کە وەك زۆرینەی جادەکانی تری تورکیا باش دانراوە، بەڵام ریکخستنی لاوازە، دەچێتە ناوچەی شاخاوییەوە، نزیك ئەرغەنیو مەعدەن زۆر باش دەبێ، کانە مسەکە ئێستا کاری تێدا ناکرێ، بەڵام ئەندازیارێکی ئەڵمانی ماوەیەکە لەوێیەو، ئامادەکاری بۆ ئەوە دەکرێ کەهێڵی ئاسنی قەلەر-دیاربەکر گەیشتە ئەرغەنی[1]، کانەکە بخرێتەوە گەڕ، لەم بارودۆخەی ئێستادا، ناکرێ هیچ هەلێك بەسەرکەوتوویی بقۆزرێتەوە، چونکە گواستنەوە ئاسان نییە. بەڕێکەوت خەڵك دەرك دەکەن کە دامەزراندنی هێڵی ئاسن وەزیری دەرەوە لێهاتووییەکی گەورەی ئەندازەییە. نیشانەکانی سەر رووی شاخەکان دەریدەخەن کە نەخشەی هێڵە ئاسنەکە کێشراوە، بەڵام لەبەرئەوەی هەرێمەکە تەنها لە چیاو دەربەند پێکدێ، دەربەندەکان، بەهۆی کووڕیو لێژیی دیوەکانی دیجلەوە، بەهەزار حاڵ بواری ڕێگەیەکی تەسك دەدەن، ئەم پرۆژەیە زۆرترین خەرجیی تێدەچێ. دەزانم هێڵە ئاسنەکە لەمەلاتییەوە بۆ (١٧) کیلۆمەتری باشووری ئەلعەزیز دەڕوات، لقێکی بەموورادسۆدا درێژ دەبێتەوە بۆ مووشو وان. ئەمجا لەوێیشەوە، بەبەری دەریاچەی قەشەنگی " گولجك"[2]دا بۆ ئەرغەنیو مەعدەن[3] و شارۆچکەی بچووکی " عوسمانییە"ی چوار پێنج کیلۆمەتری سەر ڕێگەی سەرەکیی باشووری ئەرغەنی کە ئێستا شوێنەوارێکی نەماوە، بۆ دیاربەکر دەکشێ. ئەم ڕێگە ئاسنە بەهرەیەکی خوایە بۆ دیاربەکرو ئەرغەنیو مەعدەن، بەڵام پێویستە مەبەستەکەی زۆر ستراتیجی بێ.

---

[1] قەزایەکی باکووری ڕۆژاوای ویلایەتی دیاربەکرە. (س)

[2] دەریاچەیەکی بچووکی نزیکی باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری ئەلعەزیزە.(س)

[3] قەزایەکی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەلعەزیزە.(س)

٣٠- ڕێگەکە لەناو کێوەکاندا ترسناکە. ماوەیەك لەمەو پێش جەردەی زۆر بوو، بەڵام ئێستا باشە. جارێکی تر جەندرمە لەو بەشانەدا زیاد کراونەوە، لەکاتێکدا دەرکم بەوە دەکرد کەپێدەچێ هەموو جموجووڵکانم لەو بەشەنەدا چاودێری بکرێ، چاودێری ئەگەر هەبووبێ، زۆر هەستی پێنەدەکراو، منیش پێی نیگەران نەبووم، هەستم بەوە نەدەکرد کەبەلای کەمەوە چەند جەندرمەیەك، بۆ سەلامەتیی من، لەوێ بن، بەڵام کە لەلای جۆگەیەکی بچووك بۆ خواردنی نیوەڕۆ وەستاین، دووان بێ ئەوە کە بزانم لەکوێوە پەیدابوون و، ماوەیەك دواتریش دووانی تر ئۆتۆمبێلەکەیان ڕاگرت و، پرسییان: چی لەسەر باڵوێزەکەی ئینگلیز کە ئەو بەیانییە ئاگادار کرابوونەوە چاودێریی بکەن، دەزانن؟ ئەمەش زۆر سەرسامی کردم.

٣١- پاش ماوەیەکی زۆر شاخەکانمان جێ هێشت و، ڕوومان کردە دەشتی بەپیتی مورادسۆو، دوای بڕینی چەند میلێك باخ و باخات و گوندێکی زۆری لەقوڕ دروستکراوی دڵفڕێن، گەیشتینە ئەلعەزیز. کە دانیشتوانی سیازدە هەزار کەسە، مەڵبەندی فەرمانڕەوایی ی قەرەباڵغترین و یەکێك لە گەورەترین ویلایەتەکانی تورکیایە، ئەم تاڕادەیەك تازەیەو، وەك دیاریەکریش ناخۆشە، چونکە سادەو بێ ڕەنگ و ڕووەو، هەمووی لەدارو تەختە دروست کراوە. تادرەنگانێك ئەم شارە بچووك بووە، بەڵام ئەو دانیشتوانەی خەرپووتی سەرگردێکی لێژی باکووری کە لەتەنگ و چەڵەمەکان ڕزگاریان بوو، ئێستا هاتوونەتە خوارەوە، بۆشارە نوێیەکەی سەر دەشتەکە.

٣٢- ڕۆژانی زوو خەرپووت شارێکی ئاوەدان بووەو، دانیشتوانی بەزۆری ئەرمەنی بوون، هەروەها کۆلێجێکی ئەمریکیی تێدا بووە کە بەباخ و بێستان دەورە درابوو. بەڵام ئەمڕۆ نە ئەرمەنی و نەباغ و بێستان ماون و، سەربازان کە زۆر شڕو شێواون، لە بینای کۆلیجە ئەمریکییەکەدا جێگیرکراون و، شارەکەیش کەم و زۆر بەهەمان چارەنووسی گوندە ئەرمەن نشینەکانی تورکیا چووە. بەدەگمەن ئەبینرێ بەردێك بەسەر یەکێکی ترەو مابێ.

٣٣ـ لەگەڵ ئەمانەدا، گرنگە ئەو راستییە بزانین کە ئەو قسانەی وا ئەرمەنییەکانی خەرپووت کردوویانە، ئێستا تورکەکانی ئەلعەزیزیش دەیانکەنەوە. زۆرێك لە ئەرمەنیەکان چوونەتە ئەمریکاو، جارجار لەوێوە پارە بۆ خزمو کەسوکاری ئێرەیان دەنێرنەوە. ئەمڕۆ کاری سەرەکیی بانکی عوسمانیی ئەلعەزیز، گەیاندنی حەواڵەی تورکە پەنابەرەکانی وەك ئەرمەنیەکانی نیشتەجێی ئەمریکایە بە کەسوکاریان. خۆ ئەگەر ئەمە نەبێ، ئەوا پارە کەمە. کشتوکاڵو چاندن بەهۆی نەبوونی پەیوەندییو دووریی ماردینەوە ٢٦٠ کم– کە دەروازەی ئێستایە،تەنها بەشی ناوخۆ دەکەن. پار ئەمە نەبوو. دەبوو دانەوێڵە لەدەرەوە بهێنرایەو، ئەمڕۆیش باری ئابووری هەر خراپە. هەرچەندە ئاو زۆرەو خاکەکە بەپیتە، بەڵام پارەو کەمێ کۆششی پێویستن. سەرەڕای ئەمەیش، دووکانەکانی ئەلعەزیز کەلوپەلی باشیان تێدایە. بەرهەمی ناوخۆ، وەك هی هەرشوێنێکی تری ئەم بەشە، زۆر هەرزانبەهایەو، سێچوار هێلکە بە پێنییەك دەکرِدرێن.[1]

٣٤. گرنگترین خاسیەتی رێگەی ئەلعەزیز– {مەلاتیە پاشکۆی د }[2]، ئەوەیە کە بەسەر فوراتدا تێپەڕ دەبێ. لەئەلعەزیزەوە تا فورات، شتێکی وانەبوو جێی سەرنج بێ، ئەوە نەبێ کە (٣٠) کیلۆ مەتری سەرەتا دەشتێکی بەپیت بوو. لەخانکۆڤ (Hankov)[3] کە (٢٠) کیلۆمەتر لە ئەلعەزیزەوە دوورە، باشترین بەرووبوومی دانەوێڵە هەیەو، تائێستا شتیوام لەسەرتاسەری تورکیا نەبینیوەو، ئەمەیش دیارە بەهۆی پەینەوەبووە. هەروەها تێبینی بەرووبوومێکی کزوکەم دەکرا، هۆیەکەیشی ئاشکرایە، چونکە هیچ ناوچەیەك کە من پێیدا تێپەڕیبم، بی ئاو نەبوە.

٣٥. دواتر هەستم کرد رێگەکانی رۆژهەڵاتی فورات، سەرەڕای باری خراپیانو نەبوونی پرد، لەچاو ئەوانی تردا باشتربوون. ئەمەیش زادەی ئیدارەی دیاربەکر بوو.

---

[1] و[2] چاپ نەکراون.

[3] مادام لەسەر رێی ئەلعەزیز– مەلاتیەیە، رەنگە (خان کەندی) بێ. (س)

بەداخەوە(٢٠) کیلۆمەتری دوایی ڕێگەکە، بەر لە گەیشتن بە ڕووبارەکە، هێندە خراپە بڕوا ناکرێ! ئەمەیش زیاتر بەهۆی بارانی خوڕەوەکە سەرەنجام فورات سەرڕێژی کردووەو، ڕێگە زۆر نزیکەکانی ڕامالیوە. دوایی گەیشتینە ئەو شوێنەی کە پێش لافاوەکە گوندی ئیسۆغلوو بووو، سەیرمانکرد نە گوندەکەو نە پردەکەیش ماون. تەنها (١١) خانوو لەکۆی (٢٠٠) ڕزگاریان بووبوو. خۆشبەختانە، لەشەش هەفتەی دوای لافاوەکە، قەیاغ(بەلەمی بچووك)ی بەهێز دروست کرابوون‌و، ئەم کارەیش وەك خاوەنەکانیان دەیانوت: مانگێکی خایاندبوو. ئەو ماوەیە، گواستنەوەی نێوان ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوا وەستابوو و، لۆریەکان بۆ پەڕینەوە، دەبوو سێ ڕۆژ بمانایەوە. بەلام بەهۆی نامەکەی والیی ئەلعەزیزەوە، من چاوەڕێم نەکرد. دوای سەعاتێك ناڕەحەتی، خۆم‌و ئۆتومبێلەکەم بەسەلامەتی گەیشتینە بەری ڕۆژئاوای ڕووبارەکە کە بەخێرایی دەڕژا. بەم جۆرە مالئاواییم لەو هەرێمە قەدەغەکراوە کرد کە زۆر لام خۆشبوو و، ئەو پرسیارە هەمیشەییەی لادرووستکردم کەبۆچی ئەبوو ناوچەیەکی قەدەغەکراو بێ.

فورات تا کەنارەکانی دەریای ڕەش

٣٦. ڕێگەیەکی باش لەفوراتەوە دەچێتە مەلاتیە، ئەمە ئەگەرچی باران وایکردووە کە چەند جارێك ناچار دەبێ بەفراوانی لە ڕێگەکە لابدەی. مەلاتیە نۆزدە هەزار کەسی تێدا نیشتەجێن‌و، بەمیوەکەی‌و، دۆستایەتی عیسمەت پاشا ناسراوە. ناوبراو سالانە سەری لێدەداتو، ڕەنگە ئەمەیش لەبەر بینا گرنگو بەکارنەهاتوەکانی دەرەوەی بێ. ئەم شارە پارکێکی تێدایەو، کارەباشی هەیە، بەلام کە من لەوێ بووم، کارەباکەی ڕێك‌و پێك نەبوو. بازاڕەکانی گەورەن‌و، دووکانەکانی شتی باشیان تێدایە. باخ‌و بێستان لە هەر چواردەوری شاردا هەن‌و، جگە لە میوە، خواردەمەنی‌و ئەفیونی تێدا چێنراون.

٣٧. زۆرم پێ سەیر بوو کە بینیم مەلاتیە سەختترین شاری تورکیایە. مرۆڤ ئەتوانێ لە باکوورو کێوەکانەوە، یان وەك من لەڕۆژهەلاتەوە، بچێتە ئەم شارە.

ڕێگەکە بەرەو باشوور زۆر خراپە. پێیان وتم نامەی قوستەنتەنییە بەشەش مانگ دەگات. مەلاتیە لە وەرزی میوەدا ماوەیەکی کەم دەژێتەوەو، پایزان دەگەڕێتەوە سووری درێژی متبوونی. ئەکرێ دانەوێڵەو ....هتد بۆ ناردنە دەرەوە بەرهەم بهێنرێ، بەڵام گواستنەوە بەسەر ڕێگە خراپەکاندا، ئەگەر شتێکی ڕێتێنەچوویش نەبێ، هیچ نەبێ لێرە وەك شوێنەکانیتر ڕێگرە. هەمان ئەو قسەیەم بیست کە نەهاتیی بەرو بوومی پار، بووەتە مایەی کە مو کورپیی ناوخۆ وپێویستی کالای لە دەرەوە هێنراوو قەیرانی توندی ئابووری. هەروەها گازندە لەدەست دەسەلاتداران کرا کە ڕێگەی باشتریان دروست نەکردووە. بەهۆی کرانەوەی هێڵی ئاسنەوە، هیوای هاتنی ڕۆژانێکی گەشتر دەخوازرا. هاوکات خەرجیی گواستەوە بۆ ئەم جۆرە پێداویستیانە کەدەتوانرێ لەناوخۆ بەرهەم بهێنرێ، نرخی هەموو شتێکی گران کردووە، بۆ نموونە پاوەندێك شەکر، لەچاو قوستەنتەنییەدا، ٥٠٪ گرانترە.

٣٨. لە مەلاتیە، بۆ یەکەمجار، تێبینی نیشانە ڕاستەقینەکانی ناسکیی بارودۆخەکەم کرد. جەردەییو چەتەیی لەشوێنەکانی تر کەمو زۆر خۆبەختییەو، تووشی پێکدادان دەبنو، مەسەلەیەکی زۆر ترسناکیش لە نزیك مەلاتیەدایە. دزیو جەردەیی سەر ڕێی قەلەر (Keller) ماوەیەك بوو ڕۆژانە ڕوویاندەدا، بەلام ئێستا هەندێ کەس دەستگیرکراون. کارێکی چەتەیی، چەند ڕۆژێك بەر لە گەیشتنم، لەسەر ڕێگەی سیواس کرابوو و، تەقەو چەند کوژراوێکیشی لێ کەوتبووەوە. تێکچوونی پردەکان، بەهۆی بارانەوە، هەلی زیاتری بۆ ئەم چەتانە ڕەخساندووە. بەڕێوەبەری بانکی عوسمانی وتی: بەگشتی بەبردنی پارەکە قەناعەت دەکەن، بەلام جێی بێزارییە کە دەبینی کاتێك دەزانن تالانییەکە بەس نییە، بەڕێگەیەکیتر قەرەبووی دەکەنەوە. من بەپارەیەکی زۆر کەمەوە سەفەرم کرد.

٣٩. پێشبینی دەکرا ڕۆژی دواتر وەزیری ناوخۆ لەسیواسەوە بگاتە مەلاتیە، ئەمەش لە زانیاریەکانی هێزێکی گەورەی جەندرمەوە زانرا کە بۆ پارێزگاریی بەڕێزی دەرچووبوون. منیش بۆ ئەوەی لە ڕێگە پێی بگەم، بەرەبەیان بەرەو باکوور سەفەرم

کرد. لەڕاستیدا، وەك دەرکەوت، شوکری قایا بەگ دواسات پلانەکانی گۆڕیبوو. چونکە ڕێگەیەك (پاشکۆی هـ[1])ی بینیبوو وئەبلەقی کردبوو. سەرباری ئەمە، جەندرمەکان هەر لەو ناوەدابوون. هیچ لەوە سەیرتر نەبوو کە (١٤) سەعات بەردەوام بەخراپترین ڕێگە لەژیانمدا دیبێتم، ڕۆیشتم و، ڕێگەی سەرەکی(باکوور–باشوور)ی ناوەڕاستی تورکیام گرت. تەنها یەك پردی بەهێزی ڕەنگ تازەی بەردین لە هەرێمی شاخاویی ناوەڕاست بەسەلامەتی دەرچووە. بەڵام ڕێگە لەدیوەکەی ترەوە نییەو، ئەبی شۆڕبیبێتەوەو، بەهەمان شێوە جۆگەکان ببڕی.

٤٠. لێرەبوو، چەند کاروانێکی گەورەی حوشتری لەخوری بارکراوم بینی: ناوبەناو پەڵە جۆ دەبیران، بەڵام بەگشتی گوندەکان ئاژەڵداران، چونکە هەرچەندە ناوچەکە شاخاوییە، کەچی هێندەی هەرێمە بەرزەکان رووتەن و سەخت نییەو، زۆر رانی مەڕو بزن لەوناوچانە بەخێو دەکرێن. قەنگال– Kangal[2] مەڵبەندی سەرەکیی ئەمانەیەو، نزیکەی (٢٣) کیلۆمەتری ڕێگەکەیش لەوێوە زۆر جێی ڕەزامەندی بوو و، ئەمجا بۆ سیواس(٦٠کم) لەوپەڕی خراپیدابوو. زۆر ناخۆشە لە لاوە سەیری ئەو ڕێگە تێکچووە دەکەی. پیادەو گوێدرێژ بەملاو ئەولایدا دەڕۆن و، گەشتیاری کەم بەختیش لەقوڕو چاڵی تایەکاندا نوقم دەبێ. دوایی دڵنیابووم لەوەی وا والیی ئێستای تەرابزوون کە زووتر لە سێواس بووبوو، دەستی کردبووە دروستکردنەوەی بەشی سیواسی ڕێگەی مەڵاتیە. ئەم، لە پاش (٢٣کم) ەوە، لەکار لادرابوو و، والییەك کە لە قوستەنتەنییە بەویلەیە نەگەیشتبوو، جێی گرتبووەوە. بێگومان ئەم لە سیواس ئەوە ناکات و، ئەبێ تورکیا بەنەفامی و لە دەستدانی ئابووری، بەهۆی نەبوونی پەیوەندییەوە، باجەکەی بدات. سەیرە! ئەمرۆ لە جادەیەکی سەرەکیی ئەم جیهانەدا دوو پیاو، لەکاتی نزیك بوونەوەی ئۆتۆمبیلدا، جڵەوو چاوی گوێدرێژەکەیان بگرن و بیترسێنن، چونکە سێ گوێدرێژ کەم و زۆر

---

[1] ئەم پاشکۆیە چاپ نەکراوە.

[2] قەزایەکی باشووری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی سیواسە.(س)

رووداوێکیان خوڵقاندبوو. بەڵێ بەڕاستی ئەمە لـە ڕێگەیـەکی نزیـك سیواس رووی‌دا. دیمەنێکی‌تر هی ئەو جێیەبوو کەزوو گوندی گەورەی (ئۆلاش-Ulash)[۲] بـوو. ئـەم گوندە لەبارێکدا بوو، هـەروەك شـۆفێرو خزمـەتکارە تورکـەکانم، وام هەسـت دەکـرد بوومەلەرزە لێیدابێ. ئەوان لەڕێبوارێکیان پرسی‌و، ئـەویش لـەوەڵامێکی کـورت‌و پـڕ واتادا وتی:" ئەمـە گوندێکـی ئەرمـەنی بـوو." لـێرە بـەدواوە، چـەندین دیمـەنی وام بینی.

٤١. سیواس (٢٩٠٠٠) دانیشتووی تێدایەو، شارێکی بچووکی دڵگیرەو، ئەگـەرچی کارەبای نییە،بەشێوەیەکی ناوازە (ایستثنائي)، بـارودۆخی بـاش بـوو.شـارۆچکەیە وشکە ساڵی پاری نەچێشتبوو و، دەیتوانی لەهـەموو لایەکـەوە دانەوێڵـە بـەنرخێکی باش بفرۆشێ. هەروەها ئەمساڵ چاندنێکی باش بووەو، قەناعەت وایە بەرووبوومیشی زۆربێ. بـەهۆی نزیکیشـی لەسامسـوونەوەو لەبـەر ئـەوەی ڕێگـەی بـاش بـەم‌و قەیسەریشییەوە دەبەستێ، هـەمووکات بەرهەمـەکانی سـاغ دەکاتـەوەو، لـەمیش زیاتر، لـەئایندەدا، پەیوەندییـەکان زیـاتر پێش دەکـەون، چونکـە پێیـان وتم هێڵـی ئاسنی قەیسەری، حوزەیرانی ١٩٣٠ و، هی سامسون ساڵی دواتر دەکرێنەوە. ئێستا پرۆژەی هێڵی ئاسنی ئەرزنجان و یەنیکـەوی‌و، گرێدانـی بـەهێڵی تەسکی ئـەرزرۆم‌و سنووری رووسیاوە، مەسح دەکرێ.

٤٢. ڕێگەی سیواس بـەرەو دەریـای ڕەش، بەقەرەحەسـاری رۆژهـەڵاتدا چوومـە گیرەسوون، لەڕاپۆرتەکانی پێشووی پاشـکۆی عەسـکەری‌و کونسـوڵی خاوەنشـکۆدا لەتەرابزوون، تەواو باسکراوەو، ئیتر پێویست ناکات زیاتری لەسەر برۆم. بەسە بڵێـم ڕێگەکە، بەپانتایی‌ی ویلایەتی سیواس، یەکجار خراپە. لـە سـیواس بیسـتم وەزیـری ناوخۆ بڕیاری داوە بەرەو سووشـەهر (Enderos)[۱] لـە ڕۆژهـەڵات، کـە ئـەم دواییـە

---

[۲] ناحیەیەکی نزیك بە باشووری شاری سیواسە. (س)

[۱] قەزایەکی باشووری ویلایەتی (شەرقی قەرە حیسار) بووەو، ئێستا سەر بە ویلایەتی سیواسەو لە باکووری رۆژهەڵاتیدایە. (س)

بوومەلـەرزە لێیدابوو و، لەوێشـەوە بۆ ئـەرزرۆم، بڕوات. دەبـوو ئـەو ڕۆژە کـەمن لەسیواس دەرچووم، ئەویش بڕۆیشتایە، بـەڵام بیست و چوار سـەعاتی دواخست و، جەندرمەکانیش زۆر درەنگ لەمـە ئاگادارکرانەوە. بۆیـە بـاش پـارێزرام و، بێ ئـەژمار سڵاوم وەرگرت کە بەدڵنیاییەوە بۆ ئەو بوون و، شتێکی خۆشتریش ئەوەبوو کە والی خۆی ئامادەکردبوو تەماشایەکی ڕێگەکە بکات، بۆیە هەر کـە لـە سیواس دەرچووم کەوتبوونـە چالاکییـەکی بـەرفراوان. ئـەو بەردانـەی کـە چـەند مـانگێک بـوو ئامـادەکرابوون، خێرا خرابوونە سـەر ڕێگەکـەو– ئەگـەر سـەرەتا هـەروا نـەبووبێ، چونکە تاکە مەکینەیەکی ڕۆڵەم لە (٨٠٠کم)ی نێـوان قەرەحەسارو دیاریـەکر نـەدی، لەدوا قۆناغدابوون. هەندێ جاریش تورک تەواو بێئومێد دەبێ. ئەو بەیانییە ڕێگەکـە لە شوێنێکدا بـەدرێژیی میلێک، بەوانـەی سـەرگەرمی دروستکردنی جادەکـەبوون، داخرابوو، بۆیـە دەبـوو ئوتۆمبێلەکـەم، هـەروەك ئـەوی شوکری قایا، ئەگـەر لـەوێ بوایە، بەکێڵگە کێڵراوەکاندا بڕوات.

بێگومـان کـە شـوکری قایا گەڕایـەوە ئـەنگۆرە، ڕاگـەیاندنێك لەسـەر بـەرەو پێشچوونی دروستکردنی جادەکانی تورکیا دەداتە چاپەمەنییەکان.

٤٣. کـاتێك بەناوچـەی پرنـاو و بـەپیتی زارادا [1] کەچـەندین جەلـەبی گـەورەی ڕەشەوڵاغ و ئەسپ و ڕانەمەڕی تێدابوون، تێپـەڕیم، ڕێگەکـە زۆرخـراپ بـوو و، هێنـدە لێژبوو، جێـی مەترسـیبوو. ئەمـەیش وایکرد، پێـش ئـەوەی بگەمـە سووشـەهر، شـەودابێت. خـان، بەپێچەوانـەی ئـەوەی کـە پێشبینیم کـرد، خـراپ بـوو. ناچـار چوومەلای قایمقام و، ئەویش بەڕێزەوە چادرێکی لەوانـە دامـێ کـە لەبێسـتانێکدا بـۆ وەزیری ناوخۆ و تاقمەکەی دابینکرابوون و، ئاوی زۆرو مانگەشەوی پڕو شاخی بەرزی باشوور کردبوویانە جێیەکی قەشەنگ و دڵفڕێن.

٤٤. سووشـەهر لە کەناری دەریای ڕەشدایەو دارسـتانی سـنەوبەری هـەن. پێـش جەنگ ئێرە شارێکی کشتوکاڵی ئاوەدان بووەو، زۆربەی دانیشـتوانی ئـەرمـەنیبوون.

---

[1] قۆچگیری، قەزایەکی ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی سیواسە. (س)

ئەمیش بوومەلەرزە لێیدابوو و، خانووەکانی تەواو وێران کردبوو. نزیکەی دوو هەزار ماڵی قوڕ رووخابوون، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم رووداوە رۆژی رووناک قەومابوو، تەنها چوارکەسی کوشتبوو. ئەو کاتە کە من لەوێ بووم، خەڵك هەموو لە دەرەوەی ماڵەکانیان دەژیان.

کەناری دەریای رەش

ئەوەی گەشتێکی درێژ بەئۆتومبیل بەسەر رێگاکانی ئێستای تورکیادا بکات، هەمان خۆشییەکانی دەهەزار شەرکەرەکەی زەینەفوونی تەواو بەنسیب دەبێ. شتێکیتر، هێندەی دیمەنی دەریاکە لە گیرەسوون، سەرنجی رانەکێشاوم. گەشتی رۆژانی دوایی لەسووشەهرەوە خۆش بوو، چونکە لەجیاتیی وشکیو بێپیتی، دارستانی سنەوبەرو، نزیك دەریاکەیش دارگوێز هەبوون، ئێرە لەقەرەحەسارەوە زۆر دڵگیربوو، بەڵام زۆر کاولیش بوو، چونکە رێژەیەکی بەرچاو ئەرمەنیی تێدا نیشتەجێ بووبوونو جێو شوێنێکی سەختیان دروستکردبوو. ئەگەرچی رێگەکە تەسكو هەورازو ترسناك بوو و، (٦٥٠٠) پێ بەرز دەبووەوە، پێچاوپێچو تیژاییی دەرپەڕیوی زۆربوون، ئەوەندە نەبێ کە پردێکی گرنگی سەر رووبارێك نەماوە، ئیتر بەگشتی باش بوو. خانووەکانی گوندێکی ناخۆشیان دروست نەکردبوو، بەڵکو بەجۆرێك بەسەر گردەکەدا بڵاوبووبوونەوە کە مرۆڤ وای هەستدەکرد لەسویسرا بێت نەك تورکیا. بەڕای من ئەم هێمایەی ئاسایشو سەقامگیریو سەوزایی، خاسیەتە سەرەکییەکانی کەناری دەریای رەش بوون. هەروەها سیفەتێکی تری ئەو ناوچەیە، ئەو رێبازەیە کە هەر گرێیەکی بەری گردەکەی بەچڕوپڕی پێچێنراوە. ئەمە ئەگەرچی ئەو هەرێمە کەندەلانی زۆرە، بەڵام دۆڵ نییە.

٤٦. گیرەسوونی ٨٠٠٠ کەسیی پێگەی چالاکیەکانی کاتی ئاگریەستی عوسمان ئاغای بەدناو، جوانترینو گۆشەگیرترین شاری بەندەرەکانی دەریای رەش بوو. هەرچەندە بەرهەمی میوەی هەبوو، بەڵام پشتی بە بەروبوومی گوێز بەستبوو. گوێز،

لەساڵێکی هاتدا، پێنج ملیۆن لیرەی تورکی بۆ شارەکە پەیدا دەکات. بەرهەمی ساڵی رابردوو تەواو خراپ بوو و، ئەمساڵ ئومێد زیاتربوو، بەڵام سەرماو سۆڵەی دوایی زیانی گەورەی داوەو دیسان بەرهەم کەم دەبێ. ئەم شارە هەرچەندە تەنها گۆشتی مەڕو مانگاو ئاردی لە دەرەوە دەهێنا، کەچی باری ئابووری باش نەبوو. لەوێ تاکە ئینگلیزێك کە ئەندازیاربوو و، دەبووە وەکیلی ئوتومبیل کارەکەی وەستابوو، لەگەڵ ئەمەیشدا هێشتا سووربوو لەسەر ئەوە کە:

ئەتوانرێ لەڕێی دەرهێنانی کانزاوە پارە لەتورکیا پەیدابکرێ.

٤٧. باری ئابووریی تەرابزوون وەك هی گیرەسوون خراپەو، ئەمەیش چەند هۆیەکی هەن، لەوانە: رۆیشتنی کارگەی میوەی یۆنان‌و نیشتەجێبوونی بازرگانانی موسڵمان لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی دانیشتوان‌و بوونیان بەخاوەنی دارگوێزەکان‌و، دابەزینی بەرهەم بەهۆی وەرزی نەهاتییەوەو، کەمبوونەوەی بازرگانیی ترانزێتی ئێران کە ئێستا تەنها پێنج یەکی هی ساڵی ١٩٢٤ دەبێ. ئەگەر ڕێگەکە لە باتووم‌و هەمەدان درێژتریش بێ، بازرگانەکان وایان پێباشترە، ئەگەر ژیرانە رەفتاریان لەتەك بکرێ، کەلوپەلەکانیان بەتەرابزووندا ببەن، بەڵام تورکەکان هەموو کۆسپ‌و تەگەرەیەك دەخەنە ڕێگەکەو، هەموو بالەکان لە تەرابزوون‌و جارێکی تریش لە سنووری ئێران دەکرێنەوە. ئەم ڕێگەیە، بەقسەی کونسوڵی ئێران، زۆرکات نائارامە. تەنها چەند رۆژێك پێش گەیشتنی من، کاروانێك تاڵان کرابوو.

٤٨. هەروەها ئەو بازرگانە تورکانەی کە قسەم لەگەڵ کردبوون، رەخنەی زۆریان لەئیدارەکە هەبوو. نموونەیەك لەبەرهەمی گوێز وەرگیرابوو. خۆشبەختانە بەرووبومی گوێزی دەریای رەش، وەك بازرگانێك دەریخست، ساڵانە ١٤ ملیۆن لیرەی تورکی پەیدا دەکات. هەڵمەتێکی حکومەت دژی مێروو ومشەخۆر دەبووە هۆی زیادبوونی داهاتی ساڵانی ئایندە بەرامبەر بە خەرجییەکی کەم، بەڵام بەداخەوە حکومەت هیچ بۆ ئەمە ناکات. واڵیرەداو لە تاقیکردنەوەی خۆمەوە، نموونەیەکی ڕێگری‌و گرفت نانەوەی تورك دەنووسم. بەکەشتییەکی بچووك لەقیرەسوونەوە گەیشتمە

تەرابزوون. کەشتی‌تر لەبەندەرەکە نەبوو، کەلوپەلی گەشتیارانی تر بێجیاوازی دەپشکنران.

٤٩. جادەکانی دەوری تەرابزوون باش بوون. حەفتا کیلۆمەترێك بەدرێژیی ئەرزرۆم ڕۆیشتم، بینیم ڕێگەکە فراوان بوو، لە بارێکی باشدابوو، هاتوچۆی باشی لە سەر بوو. بەڵام کاروانێکی حوشتریشم بینی. ئەو دیمەنانەی کە زۆر دووبارە دەبوونەوە، هی گوندو کڵێسەو خەڵوەتگە وێرانەکانی زووی یۆنانییەکان بوون.

٥٠. لەو سەردانە کورتەدا کەهەر بەسەر کەشتییەکەوەو لە بەندەرەکەدا بۆ سامسۆنم کرد، پێچەوانەی قسە ناخۆشەکانی زووم بۆ دەرکەوت کەلەبارەی ئەم شارۆچکەیەوە کرابوون. ئەمەیش بۆمن سەیربوو. لێرە خەڵك بەهۆی تووتنەوە ژیانی خۆش بوو. هێڵە ئاستە نوێیەکە ناوچەی پشت کەناراوەکانی دەبووژاندەوە، پارە زۆر بوو، گوندی نوێ لەجێی گوندە رووخاوە یۆنانیەکاندا خێرا دروستکرابوون. والی بەدەسەڵات‌و تواناو، خەڵکیش کامەران بوون. ئەم گەشەکردنەی تورکیا زۆر خێرایەو، بەڕێوەبەری بانکی عوسمانی ئاگاداریکردمەوە کە شەپۆلێکی گەورەی بازرگانی لە ئارادایەو، بانکە تازەکانی تورکیا بێ بەڵێن‌و گەرەنتی ئامادەن پارەبدەن‌و هاوکاریی بکەن. پرۆژەی دابینکردنی ئاویش وەکو ئەوەی دەزگایەکی ڤینسیایی کە ماوەیەك بەر لەتەواوبوونی چاوەڕێی پارەکەی لە شارەوانی کردبوو، جێبەجێبووبوو. نوێنەری دەزگاکە پێی وتم چەند پرۆژەیەکی هاوشێوە لە تورکیا بەدەستەوەن، بەڵام بەهۆی ئیجرائاتی یاساییەوە راگیراون. بەڕاستی جێی گوڵەکانی باخچەیەکی دەرەوەی گۆڕستانێك کە دەشێ هی مەسیحیەکان بووبێ، زۆر جوان بوون‌و، سامسۆنیان رازاندبووەوە.

چەند سەرنجێکی گشتی:

٥١. لەهەندێ تێبینی گەشتێکی دووساڵ پێش ئێستامدا بۆ هەرێمە بەرزەکانی ناوەڕاستی تورکیا، نووسیبووم: ئاسایش‌و هێمنیی تەواو مۆرکی ئەوکاتەبووە، بەڵام ئەم تێبینیانەی ئێستام، شتێکی جیا لەم گەشتە فراوانەمدا پێشاندەدەن. هەڵبەت

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئاسایش نییە، بەڵکو هەیە، بەڵام خەڵك واهەست دەکات، بێئەوە کە وریابکرێتەوە، تیادەچێ‌و لەناو دەبرێ. سنووری سوریا، ئەگەر هەندێ رووداوی بچووك نەبن، ئارامە، کەچی رێتێدەچێ پریشکێك ببێتە هۆی هەڵگیرسانی ئاگرێك. ویلایەتەکانی رۆژهەڵات کۆنترۆڵکراون، بەڵام پێم وایە پێویستە ئێستاو داهاتوویش بەوردی مامەڵەو رەفتاریان لەتەکدا بکرێ. ناوەراستی تورکیا بەقەیرانێکی زۆر توندی ئابووریدا تێدەپەرێ، چەتەییش لەزۆر ناوچەدا کەم روو دەدات.

٥٢. تەنگژەی ئابووری‌و جەردەیی، تەنها پشت بەیەك دەبەستن. چونکە حکومەت کۆنترۆڵی باشی وڵاتی کردووە،دەنگی هیچ بەرهەڵستییەك لە ئارادا نییەو، غازی لەو دەڤەرەیشدا، وەك هەموو شوێنەکانیتر، ناسراوە. بەڵام سکی خاڵی مایەی نارەزاییەو، دەرمانی ئەم دەردەی تورکیایش زنجیرەیەك بەروبوومی باش‌و گەشە کردنە. بۆچوونی ئاشکرای من وایە: ئەگەر بەرهەمێکی خراپ یاخود خراپتری بەدوادابێ، رەنگە بارودۆخەکە ترسناك بێ. هەمان ئەم قسەیە لەهەموو جێیەك دەبیسترێ کە: سوڵتانەکان رۆژهەڵاتی تورکیایان پشتگوێ خستبوو، بۆیە ئەمیش گوێ پێنەداو. ئەمرۆ گلەیی‌ی ئاشکرا لەم رووەوە نییەو، زوو دەرهاویشتەو قازانجی ئەمیش دەردەکەون. رژێمی ئێستا لەم بەشانەدا کەسەرەتای جووڵانەوەی ناسیونالیستییان بەخۆوە بینیوەو، هەمیشە لە بیری نیشتمانپەروەریدا ژیاون، لە تاقیکردنەوەدایەو. خۆشبەختانە جوتیاری تورك بۆ ژیان کەمی دەوێ، بەڵام خۆنەگەر ئەم کەمەیش ماوەیەکی زیاتر، وەك ئەوی پار، هەرنەبێ، ئەوا تورکیا بەرەو رووی کێشەو گرفت دەبێتەوە.

٥٣. راستە هەلومەرج یارمەتیی حکوومەتیان نەداوە. پارە کەمەو وشکەساڵی پاریش کارەسات بووە. بەڵام بەداخەوە نیشانەیەك نییە دەریبخات هەنگاویان بۆ ئەوە نابێ کە لە ئایندەدا چاوەروانی کارەساتێکی هاوشێوە نەکەن. رێگەکانی ئاسن بەخەرجییەکی بەرچاو دروست دەکرێن‌و، هەرچەندە درەنگ بەهای ئابوورییان

دەبێ، زۆر ستراتیجین. جادەکان زیاتر پێویستن، بەڵام مەخابن لە ڕۆژهەڵاتی فوراتدا نەبێ، بایەخیان پشتگوێ خراوە. مۆتۆرسوارێك کە لە ڕێگەی سەنگافوورە- لەندەندا بەئەنگۆرەدا تێپەڕیبوو، پێی وتم: ئەگەرچی ئەفغانستان و ئێرانی بڕیبوو، بەڵام ڕێگەکانی تورکیا خراپترینی ئەوانە بوون کە بینیبوونی. دەزانم ڕێگەی سیواس- مەلاتیەیش کە جادەیەکی سەرەکیی گرنگە، لەوانەی وا ئەو بینیبوونی، زۆر خراپترە. ئەگەر ئەمڕۆ بڕی باجی کۆکراوەی ڕێگاکانی تورکیا ژیرانە لە قۆنتەراتی دروستکردن نەك چاککردنەوەی جادەکان خۆیاندا، کەبەش ناکات، خەرج بکرێ، ئەوا کاریگەریی باشی دەبێ. گوندو شارۆچکە دوورە دەستەکان پێش دەکەون و، کشتوکاڵ و بازرگانی خێرا گەشە دەکەن و، بنەما گشتییەکانی وڵات هەڵدەچنرێن.

٥٤- چاکسازییەکانی تورکیا، لەو بەشە دوورانەدا، تەنها کەمێك بەرەو پێش چووە. مەلایەکم نەدیوەو، مزگەوتەکان وادەردەکەوتن فەرامۆش کرابن. تەنها جارجار کەسێکم ئەبینی نوێژ بکات. هەمیشە ئاماژەم بەو ڕاستییە کردووە کەدراوە ئاڵتوون و زیوەکان پەسەندن و، کوردییش زمانی ڕۆژهەڵاتی فوراتە. زۆربەی ئافرەتانی دیاربەکر بێ پەچەن، بەڵام وەك هەموو جارێك وتوومە، دیاربەکر شارێکی جیایە. ئافرەتی شوێنانی‌ترو، بەتایبەتی کەناری دەریای ڕەش، بەدەگمەن بێ ڕووبەند دەبینران. هەرکە ئوتومبێل یان پیاوێك دەبینن، خێرا ڕوخساریان دادەپۆشن. هەموو ئەمانە هێمای بنەما بێ هێزەکانی ژیانن. خانووی لادێکان لەقوڕن و، ئەوەی لەوانەوە دێتەدەر، زۆر پیس و پۆخڵ دیارە. خۆ ئەگەر هەندێ شوێن لەمە دەربکرێن، ئەوا گوندەکانی کەناری دەریای ڕەش و ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتن، چونکە بەڕای من خەڵکی ڕۆژهەڵاتی فورات خاوێنترن و، بنەماکانی ژیان هێندەی ئەوانی ڕۆژئاوای ڕووبارەکە نزم نین. نەخۆشخانەیەکی پاك لە گشت شارێکدایە، بەڵام وەزارەتی تەندروستی، بەهۆی کێشەی بنەبڕکردنی نەخۆشی و

زیادبوونی لە ڕادەبەدەری دانیشتوانەوە، ڕێگەیەکی سەختی بۆ کۆنترۆڵکردنی بارو دۆخەکە لەبەردایە.

٥٥ـ قوتابخانەی تازە لەهەموو جێیەك دروستدەکرێ و، خوێندن بەردەوام گەشە دەکات، بەڵام ئەمانیش زۆر هێواشن. بێگومان کاتێك ئەلف و بێی نوێ تەواو دەچەسپێ، کە ئەم نەوەیەی ئێستای قوتابخانەکان پێدەگات. خەڵك هەموو حەزدەکەن پیتە کۆنەکان بەکاربێنن و، کارمەندانی وەزارەتی دەرەوەیش لەو خەڵکە جیانین و، ئەمەش سەیر نییە. بەڵام کەمێك جێی سەرنجە کە لە لیستی خواردنەکانی باشترین چێشتخانەی سامسۆندا، وەك هەر شوێنێکی تر، جگە لە کیرەسوون کە مرۆڤ ئازادە کام ڕێنووس هەڵدەبژێرێ، دەبوو بەڕێنووسی کۆن بنووسرێ. کارمەندێکم نەبینی بتوانێ ڕێنووسە تازەکە ئاسان بخوێنێتەوە. بەڵگەی تێکچوونی سیستمەکە کە زادەی بەکارهێنانی زۆرە ملێیە، لە یەکی ئایارەوەی ئەو ڕاستییەیە کە ئێستا بروسکەکان لەشارێکەوە بۆ یەکێکی تر سێ چوار ڕۆژ دەخایەنن. بەڕێوەبەری بانکی عوسمانی لەمەلاتیە پێی وتم: بروسکەیەکی لقی ئورفە لە ڕێگەدە ڕۆژی پێچووەو، چەند ڕۆژێك دوای ناردنی پشتگیرییەکە بەپۆستەدا، گەیشتووە. بەڵام پێویستە ئەوەیش بڵێم کەبروسکەیەکم لەگیرەسوونەوە بۆ تەرابزوون بەپێنج سەعات ناردووە. خۆ ئیش و کاری بەشە ئیدارییەکان، ئەگەر بەهۆی کۆبوونەوەی نووسەرانی بروسکەکانیشەوەبێ، بێسەرەوە بەرەن.

٥٦ـ بەڵام ڕەنگە شتەکان، وەك دیارن، زۆر خراپ نەبن، چونکە بەلای کەمەوە نیشانەیەکی پەسەندییان هەیە. سەربازی نوێ تەنها لەم وەرزەدا بۆ خزمەتی سەربازی داوا دەکرێن. کۆمەڵی (٢٠-٣٠) کەسیی ئەم سەربازانەم لە هەرێمە زۆر دوورەکان بینی. ئەمانە نیگەران دەرنەدەکەوتن و، بەفەرمانی تاکە سەربازێك بوون. دەزانم کە دیمەنێکی وا هەرگیز پێش شەڕ نەدەبینرا، چونکە یەکە سەربازییەکان بۆ دەرکێشانی سەربازی تازە دەنێردرانە لادێکان، پاسەوانی بەهێز بۆ بەرگرتن لە هەڵاتنی ئەو گوندنشینانە کۆدەکرانەوە.

٥٧- ئەوەی لەم گەشتەدا زۆر سەرنجی راکێشام، لێک دووریی دانیشتوان بوو. لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا، کەم و زۆر سەردانی گشت پارچەکانی تورکیام کردووە. پێم سەیرە! لەکوێ زیاتر لە چواردە ملیۆن کەس توانیویانە خۆیان بشارنەوە!! بەڵام وەك مستەر جاکوۆرت (Jacquart) وتی، هەر لەوێبوون. بەپێی قسەکانی ئەو، ویلایەتی ئەلعەزیز چڕترین دانیشتوانی هەیە. خۆ ئەگەر بڕوانینە نەخشەی ڕێگەکانیش، ئەوا دەردەکەوێ لادێیەکانی ئەوێ و جێیەکانیتریش چەند کەمن، هەرچەندە ئەمە راست بێ یان نا، بایەخێکی ئەوتۆی نییە. ئەو ڕاستیەی کە ماوەتەوە ئەوەیە: کەم بوونەوەی بەرچاوی ناوچەی چێنراو، سەرەڕای وشکە ساڵی ١٩٢٨، دەدرێتە پاڵ کەمیی دانیشتوانیش. لەهەلومەرجێکی وەهادا، پێدەچێ بیرورا وابووبێ کەتواناییی مرۆڤ تا ئەوپەڕی بەگەڕ بخرێ. ئەمەیش لەڕاستییەوە دوورە، چونکە تواناییی مرۆڤ جگەلە کەمی، بێهێزیشە و، دووسێ پیاو لە تورکیا بۆکردنی کارێك بانگ دەکرێن کە لە شوێنەکانی تر بەکەسێك دەکرێ. هەروەها نابینرێ پیاو لە کێڵگەکانی کەناری دەریای رەش کار بکات. ئەم ئیشە ئافرەت دەیکات و، پیاوانیش لە قاوەخانەی گونددا، بەلەش گرانی، رۆژ بەسەر دەبەن. کشتوکاڵ کەسیستمی گومرکیی تورکیا تائەم ئاستە و چەند سەدەیەکە وای لێکردووە، زیاد لە پێویستی، بەرهەمی نەبێ، خودی جوتیارانیش بەهۆی چارەڕەشیی ئێستایانەوە، لێی بەرپرسن.

٥٨- حکومەتیش بەشی خۆی بەرپرسە. ناتوانم بڵێم دەکرێ سامانی کانزاییی تورکیا قازانجی ئابووریی لێبکرێ یان نا، بەڵام بەپێی تاقیکردنەوەکانی ئەم گەشتەم، بێ دوودڵی دەڵێم: تورکیا دەیتوانی ببێتە وڵاتێکی ئاوەدانی کشتوکاڵی. هەڵبەت مەبەستیشم لەمە ئەوە نییە کە ببوایەتە باخێکی هاوشێوەی ئەوانەی بەشە بەپیتەکانی کەنار دەریای رەش. ئەمە مەحاڵە، چونکە ناوچەیەکی فراوانی بێ پیتی شاخاویی هەیە، کە بە چاندنی دارستان نەبێ، کەڵکی نابێ. کەم و زۆر سەرجەم ئەو جێیانە کە من بۆیان چووم، دۆڵ و دەشتی پان و بەرین و بەپیت و ئاوی زۆریان هەبوو.

بیستم دەیانوت: شتێك نییە لەسەر زەمین هێندەی خاك پیرۆزبێ. دەشێ ئەمە راست بێ، بەڵام پێویستیشە هاوکاریی ئەم دیارییەی خوا بکرێ. ئەگەر تورکیا بیەوێ پێش بکەوێو بەختیاربێ، ئەبێ رێگە کۆنەکانی کشتیاری وازلێبێنێو، جووتیاران دەست لەتەمەڵی هەڵگرنو، حکومەت ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات.

٥٩ـ غازی لای خۆیەوە هەموو هەوڵێکی خستوەتەگەڕ بۆ خستنەرووی رێبازە هاوچەرخەکانی کشتوکاڵی. خۆ ئەگەر ئەمە لەجێیتریش بکرێ، بەڵام بوار نەدرێتە جوتیار بەرهەمەکانی بەکرێیەکی گونجاو بێنێتە بازاڕ، ئەوا ئەم رێبازە قازانجێکی ئەوتۆی نابێ. هەربۆیە مەسەلەی رێگەکان، لای من، بایەخی گەورەیان هەیەو، دڵنیاشم زۆرکەسی ناو حکومەتو هەندێ فەرمانڕەوای ویلایەتەکانیش دەرکیان بەم راستییە کردووە. هەندێ لە فەرمانڕەوا نیشتمانپەروەرە راستەقینەکان زۆر کاردەکەنو ئاکامی ئیشەکانیان دیارە، بەڵام جێی داخە هەندێکیتریان ناتوانن یاخود خۆیان لەقەرەی بنیاتنانو بووژانەوە نادەن. ئەمان سەر بەقوتابخانە کۆنەکاننو، تاڕادەیەك لە ئەنگورە دەترسن، بەڵام هزرو تینو توانیان نییەو، گەرەکیانە کشتیاری بدەنە دەست خواو، ئەگەر پارەیەکیان لەڕێگەو قۆنتەراتەکانی ترەوە دەست کەوت، ئەوا کارێکی وەك چاککردنی(١٠)میل رێگەی دەرەوەی سنووری دەسەڵاتیان بکەنو، بەرتیل وەرگرن. بەکورتی بەرژەوەندیی تاك، لای ئەمان، لە پێش بەرژەوەندیی نیشتمانییەوەیە.

٦٠ـ راستییەکە ئەوەیە: حکوومەتی تورکی، هەرچەندە جەخت دەکاتەوە، پارەو مرۆڤی کاراو دەستی کارگەری نین. کەمی ئەم مرۆڤانە تاڕادەیەك باشتربووە، چونکە ورەیەکی نوێ لەناو رۆشنبیرانی ئەمرۆی تورکدایەو، هەر کە بەرتیلو گەندەڵی لەبەین بران، ئەوا رێیتێدەچێ پێشکەوتنی راستەقینە سەربگرێ. تەنگوچەڵەمەی ترانزێتی تەرابزوون، بریتییە لە وەرگرتنی بەخشیشی زۆر. کارمەندانی حکومەت کاتێ ئەتوانن بەدڵسۆزیو بێ بەرژەوەندیی خۆیان خزمەت بکەن کە پارەیان

بدرێتیو، ئەمەیش ئەو کاتە دێتە دی کە حکومەتی تورك پارەی هەبێ. هەروەها سووڕی گەندەڵییەکە بەوجۆرە تەواو دەبێ کە: تا بەرەو پێش تەچن، پارەنابێ.

٦١- بەپێی ئەو راستییەی کەحوکمی تاك سەپاندن بەسەرگشتدا لە تورکیا، لەچاو شوێنەکانیتردا، ترسناکترە، بەهێزترینو دواسەرنجم لەسەر ئەم گەشتە گەڵاڵە کرد: ئەگەر سەرەڕای هەموو نیازە باشەکانی جیهان، هاوکاریی تورکیا نەکرێ، ئەوا ناتوانێ شێلگیرانەو لەهیچ چەرخێکی نالەبارو ناخۆشدا خۆی بەرەو پێش بەرێ. بەڕای من، پێویستە یاریدەدەرانی زانستیو رێگای نوێی کشتوکاڵی بەکار بێنێ. ئەبێ ئامۆژگاریی شارەزا وەرگرێو، کاری پێبکاتو، لەسەروو هەموو شتێکیشەوە پارە پەیدا بکات. پسپۆرە داراییەکان پێنج ساڵی رابردوو دەستیان بە ئاگردا چزاوەو، مارانگازن. ئێستایش شەرم ئەیانگرێو، ئەگەر تورکیایش مەبەستیەتی، ئەبێ لە کەلی شەیتان بێتە خوارەوەو، بەرەو رووی ڕاستییەکان بێتەوەو، ژیرانە سەرمایەی دەستکەوێو، مامەڵەی شیاوی پێوە بکات، ئەمجا دەشێ دەزگاو دامەزراوە ناودارەکانی بازرگانی، وەك ئەم دەیەوێ، هاوکاریی بکەن. بەمە، هەرکاتێ ئەو گیانە نوێیەی هێنایە ناوەوە کە لە دەرەوەی وڵات لەبرەودایە، لەوانەیە بتوانێ خێرا سامانە شاراوەکەی گەشەپێبداتو، ببێتە وڵاتێکی شارستانیی خۆشگوزەران. بەپێچەوانەوە، ناشێ گەشبین بین. تورکیای کۆن هاوژیانێکی تایبەت بووەو، دەیتوانی کەم یا زۆر بمێنێتەوە. تورکیای نوێیش زووتر شکاوە. ئێستا پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کەدەوڵەتێکی مۆدێرنە، بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەیشی، پێویستە هەنگاو بەرەو پێش بنێ، چونکە وەستان بۆ ئەم، واتە شکستە. ئەم وڵاتە هەوڵی داوە بەتەنها بەرەو پێش بچێ، بەڵام خۆ هەوڵەکانی، ئەگەر لەسەریشیان سووربێ، شتێکی ئەوتۆی بۆناکەن. ماوە ببینن ئایا دەرك بەبەرژەوەندیە راستەقینەکانی وڵات، پێش بەسەرچوونی کات، دەکرێ؟ یان ئایا کۆششە جێی مەبەستەکانی فەرمانڕەوایانی تورکیا کە وڵاتەکەیان تاوانبارکراوە بەوەی وا هەرچی

دەیکەن دەیخۆن و، زۆرکات بەهەمان شێوە هەڕەشەیە بۆسەر خۆی و جیهانیش، نوشوست دێنن؟

ئالێکس کەی. هێلم

قوستەنتەنییە ،۲۹ ی حوزەیرانی ۱۹۲۹

وەزارەتی دەرەوە ،٤٢٤،٢٧١، ل: ٢٣–٤٠، ژ: ١/١٠

ژ: ٥١

لە مستەر ئەدمۆندزەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن_ (٢٤ی ئادار گەیشتووە)

ژمارە: ۸۹

ئەنگۆرە، ۱۷ی ئاداری ۱۹۳۰

گەورەم،

خۆشحاڵم کۆپیی دوو برووسکەتان لەگەڵ کۆمیساری باڵای بریتانیادا لە عێراق بۆ بنێرم کە تایبەتن بەڕاپۆرتی رۆژنامەیەکی قاهیرە لەمەڕ داواکانی شۆڕشگێڕانی کوردی تورکیا لە حکومەت و، بۆ رەچاوکردنیان لەلایەن ئەم حکومەتەوە نووسراون.

٢. تەنها کەمێك سەبارەت بەو برووسکەیە هەیە کەبۆ (سێر ئێف هەمرین)م ناردووە. رێکخراوە کوردییەکان هەرچەندە لە دەرەوەی تورکیا چالاك بن، بەڵگەیش هەیە کە چالاك نین، زۆر بە گومانم ئەو کوردانە کە لە تورکیادا ماونەوە، یەکێتی و سەرۆکایەتی یاخود دەسەڵاتێکی وایان هەبێ تا ئەمڕۆ ئەم جۆرە داوایانە لە حکومەتی تورك بکەن. پێم وایە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات کە مستەر هێلم کۆتاییی مانگی حوزەیرانی ساڵی رابردوو سەری لێدابوون (راپۆرتی ژمارە ۳۰۵ی ۱۱ تەمموزی ۱۹۲۹ ی مستەر جی. کلارك) وەك خۆیان ماون.

۳. ماوەیەك هەندێ هەواڵی ئەوناوچانە دزەیان دەکرد. حوزەیرانی رابردوو شەڕی نێوان سەربازو کوردی هەرێمی قەرەکۆسە– بایەزید بە کونسوڵی خاوەنشکۆ

لە تەرابزوون راگەیاندراوە. هەر ئەو مانگە، ئیبراهیم تاڵع بەگ لەغەرزانی نزیك سعرت هەواڵی خۆبەدەستەوەدانی کوڕانی لە قەیسەرییەوە هەڵاتووی حەسەن پاشای پێگەیشت. چاپەمەنیەکان سەرەتای تشرینی یەکەم بڵاویانکردەوە کە دەستەیەك کوردی بەفەرمانی زادۆ(یادۆ؟)[1] لە ناوچەی دیاربەکر– ئەلعەزیز سەرکوتکراون. کۆتایی ساڵی ١٩٢٩ ئیبراهیم تاڵع بەگ سەردانی ساڵانەی خۆی بۆ ئەنگۆرە کرد. حکومەتی تورك متمانەی پێبەخشیوە، لەجێبەجێکردنی دەسەڵاتە فراوانەکەیشیدا، ئەتوانێ ناوبەناو ئەو جۆرە سەرکەوتنانەی وەك: دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیارانی گوندەکانی نزیك ئەلعەزیزو کردنەوەی ئۆجاغێك لە پاڵووی نێوان ئەلعەزیزو مووش یان پڕۆژەیەك بۆ گواستنەوەی سەرمایە لە ویلایەتی بدلیسەوە بۆ مووش، رابگەیەنێ. لەبەر نەبوونی هەواڵی پێچەوانە، وامەست دەکەم دەکرێ وای دابنێین کە پرۆسەی مەحکەمو توندو تۆڵ، بەڵام نەك بێسۆزو عاتیفەی بەتورککردنی رەگەزی کورد لە تورکیادا، بەرێکوپێکی سەردەکەوێ.

٤. کۆپیی ئەم نووسراوەم بۆ نوێنەری باڵای بریتانیا لەبەغدا ناردووە.

دەبلیوو. ئێس. ئەدمۆندز

* * *

هاوپێچی (١)ی ژ: ٥١

بروسکەی کۆمیساری باڵای بریتانیا لە بەغدا، بۆ نوێنەری خاوەنشکۆ لە قوستەنتەنییە.

١٣ ی ئاداری ١٩٣٠

راپۆرتێك گەیشتە ئێرە کە لە رۆژنامەی ((مساوات))ی قاهیرەدا بڵاوکرابووەوە، دەیوت: شۆڕشگێڕانی کورد لە تورکیا چەند داوایەکی تایبەتیان لە حکومەت کردووە، ئەمیش رەچاویان دەکات.

---

[1] یادۆ، پێشتر بەشداری شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانیش بووە (د. نوری دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، وەرگێڕانی د. ئەحمەد فەتاح دزەیی، چ١، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی– هەولێر، ٢٠٠١، ل ٢١١) .(س)

حەزئەکەم بزانم ئایا ئێوە هیچ زانیارییەکتان هەیە لەو بارەیەوە کە حکومەتی تورك، بە لە بەرچاوگرتنی ڕێتێچوونی کاردانەوەی کوردانی عێراق، بەنیازێ سیاسەتی خۆی بەرامبەر بەکورد بگۆڕێ؟

* * *

هاوپێچی (٢)ی ژ: (٥١)

لە نوێنەری خاوەنشکۆوە، ئەنگۆرە، بۆ کۆمیساری باڵا لەبەغدا

١٣ی ئاداری ١٩٣٠

ئاماژە بەبروسکەی ڕۆژی ١٣ی ئادارتان.

ئەو هەواڵەم نەبیستووە، پێم وایە شتی وانییە، سیاسەتی گشتیی حکومەتی تورکیا بەرامبەر بە کورد هەر بەئاشتیخوازانەی ناوەندگر (معتدل) دەمێنێتەوە.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل:٨٧، ژ: ٤٢

ژ: ٥٢

لە سێر ئار. کلایڤەوە بۆ مستەر هندرسن- (٢٩ ی نیسان گەیشتوە)

ژمارە: ١٥٧

نوێنەری خاوەنشکۆ تەواوکەری ڕاپۆرتەکانی پێشکەشی وەزیری دەرەوەی خاوەنشکۆ دەکات. لێرەدا وێنەی ڕاپۆرتی ژمارە ٥٧ی ١٦ ی نیسانی ١٩٣٠یتان بۆ دەنێرم کە لە مەڕ دڵە ڕاوکێی حکومەتی ئێران لە (جووڵانەوەی کورد) بۆ کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆی لە عیراق ناردووە.

تاران، ١٦ی نیسانی ١٩٣٠

* * *

هاوپێچی ژ: ٥٢
لە سێر ئار. کلایڤەوە بۆ سێر ئێف هەمفریز

ژمارە: ٥٧

تاران، ١٦ی نیسانی ١٩٣٠

گەورەم،

وەزیری داد لە چاوپێکەوتنێکدا کە دوێنێ لە گەڵمدا کرد، نائارامیی خۆیی لەو مەسەلەیەی کە بە (جووڵاندنەوەی کورد)ی ناوبرد، دەربڕی، ئەو وتی: بیرۆکەی کوردستانێکی یەکگرتوو ئەرمینیای سەربەخۆ، دیسان قسەیان لەسەرکراوەتەوە، ئەو باوەڕی وا بوو کوردانی ئێران، تائێستا، تەواو لە دەرەوەی ئەم بزووتنەوەیەدا بوو، بەڵام سیاسەتی تورك بەرامبەر بەدانیشتوانی کورد هەمیشە سەرچاوەی نیگەرانیی حکومەتی ئێران بووە، ئا لەم کاتانەدا وتراوە حکومەتێکی کوردی کەتەنانەت خاوەنی وەزیری دەرەوەیشە، لە نزیك شاخی ئاراراتدا هەیە.

٢ـ هاوکات بیستبووی کارمەندانی بریتانی لە عیراق لەگەڵ جووڵانەوەکەدان کە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆیەو، سەرکردەکانی بزووتنەوەکە، بۆ ئەم مەبەستە، داوایان لە شێخ مەحموود کردووە. چاپەمەنییەکانی تورکیا بەم دواییە رایانگەیاند: کۆلۆنێل لۆرەنس لە کوردستان بووە. هەروەها وەزیر نەیزانی ئەم هەواڵە لە چاپەمەنیەکانی عیراقدا بڵاوبووەتەوە. پاشان وتی: سوپاسگوزار دەبێ ئەگەر من بتوانم هەر هەواڵێك لەسەر ئەم بابەتە لەبەغداوە وەربگرم. پێم وت: من لە بیستنی ئەو حیکایەتانە تەواو ماندوو بووم کە ئەڵێن گوایە کۆلۆنێل لۆرەنس لە بەشە جیاجیاکانی رۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئاسیادایە. لەو بارەیەیشەوە کە گوایە کارمەندانی بریتانی لە عیراق سۆزیان بۆ جووڵانەوەی کورد بەگشتی هەیە، بەراشکاوی، بڕوام بەمە نییە، ئەگەر کۆمیساری باڵا لە بەغدا بیەوێ سەرنجی قسەکەی ئەو بدات، بۆی ئەنووسم.

٣ـ (تەیموور تاچ – Teymour tache)یش لەوتووێژەکەیدا ئامـاژەی بـۆ {پـارتی موسـاوات (Mussouat) بـۆ قۆقـازێکی سـەربەخۆ} کـرد کـە ئێسـتا سەرکردەکانی لەقۆستەنتەنییەن، بەرنامەی ئەم گرووپە دژی ئێرانە، چونکە ئامانجی ئازربایجانی (یەکگرتوو)ە کە هەموو ئەو بەشـەی ئـێران تـا زنجـان دەگرێتـەوە، ئـەو وتی: پێویست ناکات ئەم پارتە زۆر بەجددی تێ بخوێنرێتەوە، بەڵام گرنگە بزانرێ چ پەیوەندییەکی، ئەگەر هەبێ، بە بزووتنەوەکانی ئەرمینیای سەربەخۆ، کوردستانی یەکگرتووە وە هەیە.

٤ـ وێنەیەکی ئەم راپۆرتە بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی خاوەنشکۆو سـکرتێری دەرەوە بۆ حکومەتی هندستان نێردراوە.

ئار. ئێچ. هەمفریز

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل:١١٠-١١١، ژ:٦٢

ژ:٥٣

لە سێر ئێف. هەمفریزەوە بۆ سێر ئاپ. کلایڤ- (لە ئۆفیسی کۆڵۆنیەکانەوە ١٧ی مایس ئاڵوگۆڕکراوە).

بەغدا، ٢٩ی نیسانی ١٩٣٠

بەڕێز،

حەز ئەکەم ئاماژە بە نووسراوی (ژمارە ٥٧ی ١٦ نیسانی ١٩٣٠)ت بکەم کە تێدا هەم لەو گفتوگۆیەی کە لەسەر چالاکیی نەتەوە پەرستانی کورد لەگەڵ بەڕێز وەزیری داد دا سازت دابوو، هەم لە گومانی بەڕێزی کە گوایە کارمەندانی بریتانیا لە عیراق سۆزیان بۆ جووڵاندنەوەی کوردستانێکی سەربەخۆ هەیە، ئاگادارت کردبوومەوە.

٢- پێشنیار دەکەم، ئەگەر بەڕێزی جارێکیتر باسی ئەم مەسەلەیەی کرد، پێی بڵێ: حکومەتی خاوەنشکۆ، لە ئەنجامی ڕێنوێنیەکانی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە، کاتێك بڕیار لەسەر ناکۆکیی سنووری مووسڵ لەگەڵ تورکیادا درا، مەرجێکی هەبوو کە بەو پێیە چەند ئیمتیازێکی تایبەتی وەك بەکارهێنانی زمانی زگماك بەرەسمی، بدرێنە کوردانی عیراق. کەواتە شتێکی ئاساییە کارمەندانی بریتانی لە عیراق چاودێریی جێبەجێکردنی ئەم مەرجە بکەن‌و، بزانن ئایا بەشێوەیەکی شیاو بەڕێوە دەچێ یان نا.

٣- لەگەڵ ئەمەیشدا، دوور لەهاندانی بیرۆکەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان کە لە لایەن چەند ناسیۆنالیستێکی توندڕەوەی کوردەوە، بەدی دەکرێ، کامەرندانی بریتانیا لە عیراق بەهەردوو کۆمیساری پێش خۆشمەوە، وەك ئاگاداریت، زۆر وریا بوون، نەیانهێشت عیراق ببێتە ناوەندی نەتەوەپەرستانی پیلانگێڕی کورد کە دەیانەوێ ئاڵۆزی‌و نائارامی لەناو کوردانداا بەرپا بکەن. درێژەی ئەو ڕێوشوێنانەی ساڵی ١٩٢٨، کە بۆ ئەم مەسەلەیە گیراونەبەر، لە هاوپێچی ڕاپۆرتە نهێنیەکانی ژمارە

١٦٣٣ی ١٤ی تەمموزو ١٨٢٥ی ١٢ ئابی ١٩٢٨ی سێر هێنری دۆبسدا بۆت نێردراون، دەکرا بەتایبەتی ئەو رووداوەی کە لە برگەکانی ١١و ١٢ی نووسراوی ژمارە ١٦٦٣ی ئامارەپێکراودا باسکراوە، بیری وەزیری داد بهێنرایەوە، لەویش زیاتر، ئەوە دەرەنجامی راستەوخۆی نوێنەرایەتیی کۆمسیۆنی باڵا بوو کە حکومەتی خاوەنشکۆ مانگی شوباتی ساڵی ١٩٢٩ لیستێکی تایبەتی ئەو ناسیۆنالیستە کورد- ئەرمەنییانەی بۆ ئەفسەرانی پەساپۆرت نارد بۆ ئەوەی ڤیزەکانیان بۆ عیراق بدرێنە دواوە.

٤ـ وا هەست دەکەم ئەگەر بەرێز وەزیری داد ئەو راستییانەی بهێنرێتەوە یاد، بیانوو و پاساوی لەباری نامێنێ بەرامبەر بەو گومانانەی کە لە بۆچوونی دەسەڵاتدارانی بریتانیادا لە عیراق بۆ بزووتنەوەی کوردستانێکی سەربەخۆ دەربڕیبوون.

٥ـ کۆپییەکی ئەم راپۆرتە بۆ وەزیری کاروباری وڵاتە کۆلۆنیالکراوەکان دەنێرم.

ئێف. ئێچ. هەمفریز

کۆمیساری باڵا لەعیراق

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل:١١٤، ژ:٦٦

*** *** ***

ژ:٥٤

لە مستەر ئەدمۆندزەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن_ (٢٦ی مایس گەیشتووە)

ژمارە: ١٥٨

قوستەنتەنییە، ٢١ی مایسی ١٩٣٠

گەورەم،

خۆشحاڵم وێنەی دوو راپۆرتی کونسوڵی تەرابزوونی خاوەنشکۆتان لەسەر یاخیبوونی کورد لە هەرێمی چیای ئاراراتدا بۆ بنێرم. بەکورتی، پێنج هەزار کوردێکی سەر سنوورەکانی روسیا- ئێران کۆتایی مانگی شوبات راپەریبوون،

زۆربەیان لەلایەن سەربازانی تورکەوە کوژرابوون، نزیکەی ٥٠٠ کورد هەڵاتبوونە کێوەکان، بەڵام تورکەکان چالاکانە شوێنیان کەوتبوون. ئەم تورکانە لەوە دەترسان ئەمەرنییەکانی روسیاو کوردەکانی ئێران هاوکارییان بکەن.

٢- مستەر ماتیوس نووسیویە: ئاسایشی گشتیی ویلایەتەکانی ئەرزڕۆم و ئەرزنجان و گوموشخانە[١]، جێ رەزامەندییە، بەڵام لە قارس و بایەزید و بدلیس و وان بەپێچەوانەوەیە. نیزام، وەك لەراپۆرتی ژمارە ١٥٩ی ئەمڕۆمدا دەبینرێ، باڵی بەسەر گەورەترین بەشی ویلایەتە کوردییەکانی باشووردا، بە بەدلیس و وانیشەوە، کێشاوە. بۆیە دەشێ وا دابنرێ کە کاربەدەستان بارودۆخی باکوور و باشووری کوردستانیان کۆنترۆڵکردووە. راپۆرتەکانی مستەر ماتیۆس پیشانی دەدەن کە تورك بەچ خێرایی و توانایییەکەوە رەفتار لەتەك هەر هەوڵێکی ئاژاوەو یاخیبووندا دەکات.

دەبیلو. ئێس. ئەدمۆندز

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل:١١٥، ژ:٦٧

* * *

هاوپێچی (١) ژ: ٥٤

لە کونسوڵ ماتیۆسەوە بۆ سێر جی. کلارك

ژمارە:٤٨

تەرابزوون، ٢٩ی نیسانی ١٩٣٠

گەورەم،

ئاماژە بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٤٧ی ٢٨ی ئەم مانگەم لەسەر یاخیبوونی پڕۆپاگەندە بۆ کراوی کورد لەناوچەی وان و بایەزید و بدلیس، ئەم زانیارییانەتان لەیەکەمی ئەو دوو سەرچاوەیە کە لەو راپۆرتەدا نووسیومن، پێ رادەگەیەنم.

---

[١] ویلایەتێکی باکووری رۆژهەڵاتی تورکیایە، لەخوار ویلایەتی تەرابزوونی سەر دەریای رەش. (س)

٢ـ یاخیبوونەکە دوو مانگە لە ویلایەتــە سنووریەکانی نزیك کۆمــاری ئــەرمینیای روسیاو ئێران بەرپابووە. چەند شەڕو شۆڕێك لەنێوان سەربازانی تــورك‌و ٣٠٠٠-٥٠٠٠ چەکداری کورددا هەڵایساون‌و، کوردان شکستییان تێدا هێناوەو، زۆریان کوژراون‌و، دەستگیرکران‌و، بە بەندکراوی بروانە ویلایەتــەکانی تر. پێنج ســەد کەسیش کــە رزگاریان بووە، ناچار کراون هەڵبێنە چیاکان‌و، لەوێوە پەلاماری گوندەکان بــدەن‌و، دزی بکــەن‌و، هــەندێ جــاریش هاووڵاتییــان بکــوژن. جەندرمــە بــۆ لــەناوبردنی رزگــاربووان‌و ســـەربازیش بـــۆ یارمـــەتیدانی جەندرمـــە، لـــەکاتی پێویســـتدا، تــەرخانکرابوون. ئاسایشـــی گشـــتی لـــە ویلایەتـــەکانی ئـــەرزڕۆم‌و ئـــەرزنجان‌و گومووشخانەدا، باڵادەستە. بەڵام گەشتی ویلایەتەکانی وان‌و قارس‌و بایەزیدو بدلیس مەترسیدارە.

٣ـ ئــەم زانیاریانــەی خوارەوەیــش لەســەرچاوەی دووەمــی ئــەو دووانــەوە کــە لــە برگەی یەکەمی سەرەوەدا ئاماژەم بۆ کردوون، وەرگیراون. کوردێکــی خــالیس نــاوی کوڕی شێخ عەبدولمەجیدی ناوداری کورد، کەســێ ســاڵێك پێش ئێستا لــە هــەرێمی بایەزیدەوە بۆ برووسە راگوێزرابوو، یاخیبوونەکەی لەناو ئەندامانی تیرەکــەی‌و خێڵــە دۆستەکانی نیشتەجێی دەوروبەری شاخی ئاراپات رێکخستبوو. خالیس، دوای چەند شەڕێك کە دوو مانگی رابردوو روویان دا، دەستگیرکرا. بەڵام کــاتێك دەیانویست لــە ئەرزرۆمەوە بیبەنە تەرابزوون، هەڵات. ئەمجا چووە خاکی ئێرانــەوەو، ئــەڵێن ئێستا لەوێ کوردان بۆ ئەوە هاندەدات، کەدژی حکومەتی تورکی درێــژە بەبــەرگری بــدەن. عاسم پاشای ئەفســەری فــەرماندەی ســەربازانی ناوچــەی بایــەزید،پاش گەیشتنی بروسکەی فــەرمانی ئــەنگۆرە بــۆ لــەناوبردنی کوردانــی رزگــاربوو، بەهــەرنرخێك بــێ، رایگەیاند: بەهۆی سروشتی هەرێمەکەوە، ئەم جۆرە فەرمانانە، تەنانەت بە دوو سێ فەیلەق سەربازیشەوە، ناتوانرێ جێبەجێ بکرێن. دەســەڵات دارانــی تــورك، چونکــە رێیتێدەچوو ئــەو کوردانــەی وا ئاســایی لــەخاکی ئــێران جێگــیربوون، پــەیوەندی بــەکوردانی تورکیــاوە بکــەن‌و، لەبــەر ئــەو بۆچوونــە بــڵاوەش کــە گوایــە کوردەکــان

یارمەتیی ئەرمەنیەکانی روسیایان پێگەیشتووە، بەدوو دڵنیەوە لە بارودۆخەکەیان دەڕوانی. کۆمەک و یارمەتی لە فەیلەقی هەشتەوە نێردراونە ناوچەی سنوور، سەربازگەی سنوورەکانی ئێران و ئەرمەنستان توندو قایم کراون.

٤- لێرە تێبینیی هیچ جموجۆڵێکی فەیلەقی هەشتم نەکردووەو ئەو سەربازانەیش کە لەو فەیلەقەوە نێردراون و فەرماندەییەکەیان لە تۆقاتە، لەرێی ئەرزنجانەوە بروان. بەپێی راپۆرتێک کە بۆ یەکەمجار لە هاوکارە ئەڵمانییەکەمەوە بیستم و بڵاوبووبووەوە، سوداد پاشا بەهۆی هەلومەرجی هەرێمەکەیەوە بانگکراوەتەوە بۆ فەرماندەیی فەیلەقی نۆ. بەڵام پشت راستکردنەوەی ئەم هەواڵەم پێنەگەیشتووە. تێپەڕبوونی سەرەتای ئەم مانگەی فەسیلەکانی جەندرمە بەناو تەرابزووندا، وەک لە نووسراوی ژمارە ٢٨ی ٢ی ئەم مانگەمدا هاتبوو، وا دەردەکەوێ بووبێتە کەرەستەی راپۆرتەکانی تایبەت بە ئاڵۆزی و نائارامی تەرابزوون کە بوونە بابەتی بەدرۆخستنەوەیەکی رەسمیی ١٥ی نیسان. پێم راگەیاندرا: ئەم راپۆرتە، پاش ئەو بروسکانە، لەناوەوە بڵاوکرایەوە کە بۆ ریسواکردنی ئەمەک و پشتیوانیی دانیشتوانی تەرابزوون بۆ کۆماری تورکیا، نێردرابوونە ئەنگۆرە.

٥- ئاژاوەی ئەرمەنییەکان، بەپێی سەرچاوەیەکی دەرەکی کە رەنگە باش ئاگاداری رووداوەکانی قۆقاز بێ، لەوێ لە ئارادایە، بەڵام هیچیتر لەو بارەیەوە نەزانراوە.

دەبلیو.دی. دەبلیو، ماتیۆس

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل١١٥-١١٦، ژ: ١/٦٧

* * *

هاوپێچی (٢)ی ژ: (٥٤)
لە کۆنسوڵ ماتیۆسەوە بۆ سێرجی. کلارک
تەرابزوون، ٧ی مایسی ١٩٣٠

گەورەم،

ئاماژە بە نووسراوی ژمارە ٤٨ی ٢٩ی مانگی پێشووم، ئەزانم عاسم پاشای ئەفسەری فەرماندەی سەربازانی لە ناوچەی بایەزیدەوە گواستراوەتەوە قۆنیەو، زەکی پاشای سەرۆکی پێشووی جەندرمە کە لە راپۆرتی ژمارە ٢١ی ١٠ شوباتی رابردوومدا ئاماژەم بەدەستنیشانکردنی بۆ فەرماندەی فیرقەی ١٥ کردبوو، لە بایەزید جێی گرتوەتەوە. ساڵح پاشای ئەفسەری فەرماندەی فەیلەقی ٩ کە هاورێی خودی غازییەو، پێشتر لەسەرەوەی ئەرکاندا بووە، چالاکییە سەربازییەکانی ئیغدیر بەرێوە دەبات، پێیان راگەیاندم: دوا ئامادەکاری کراوەو، ئۆپەراسیۆنەکانی دەستپێکراون، یان چەند رۆژی داهاتوو ئەنجام دەدرێن.

٢ـ نزیکەی ١٥٠٠٠ سەرباز کە لە هەرێمەکانی ئەرزنجان و ئەرزرۆم و بایبورتەوە هێنراون، لە ناوچە سنووریەکان کۆکراونەوە. ئەمەیش پێدەچێ هێزێکی زۆر گەورە بێ بۆ کۆنترۆڵکردنی چەند سەد کوردێك.

٣ـ زانیاری دوو سەرچاوەی سەربەخۆم پێگەیشت کە ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنی ویستوویانە سۆڤیەت جێبهێڵن، مۆڵەتیان نەدراوە بێنە ئەم وڵاتە، بۆیە دەچنە ناو خاکی ئێران. ئەم کۆچە زادەی برسێتیی ناوچەی قۆقازەو دەست بەسەراگرتنی کەلوپەلەکانیانە لە لایەن روسیاوە، وەك بەرێزت ئاگاداری، ماوەیەك موسڵمانانی جۆرجی و ئاجار (Ajar)[1] لەقۆقازەوە بەردەوام پەنایان بۆ ئێرە دەهێنا.

---

[1] ئاجار ئەو رەوەندە جۆرجیانەن کە سەدەی ١٧ موسڵمان بوون، هەژارەکانیان خاوەنی زیاتر لە ٥٠٠ سەر مەڕو بزنن، ئۆتۆنۆمییان پێدراوە. ئەمانە بەشێکیان لە تورکیا دەژین.
(-http: // www. ourworld. compuserve. com/ home pages/ usazerb/ 4B. htm

٤- پێشبینی دەكرێ حەسەن خان ئەختەری كونسوڵی گشتیی ئێران لە تەرابزوون، چەند ڕۆژێكیتر لە ئەرزڕۆمەوە بگاتە ئێرە.

دەبلیو.دی. دەبلیو. ماتیۆس

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل:١١٦،ژ ٢/٦٧

***   ***   ***

ژ:٥٥

لە مستەر ئەدمۆندزەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن

ژمارە: ١٥٩

قوستەنتەنییە، ٢١ی مایسی ١٩٣٠

گەورەم،

خۆشحاڵم تێبینییەكانم لەسەر گەشتێكی سەرەتای ئەم مانگەم بۆ دیاربەكر، بدلیس و مووش هاوپێچ بكەم.

٢- وێنەیەكی ئەم نووسراوە بۆ كۆمیساری باڵای خاوەنشكۆ لەبەغدا دەنێرم.

دەبلیو. ئێس. ئەدمۆندز

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل:١١٦، ژ: ٦٨.

***   ***   ***

- http: // www. swat valley. com/swat/cs/swat5.shtml
- http:// www. osgf.ge/all/ika/people-of- georgia. htm)

هاوپێچی ژ: ٥٥
تێبینی لەسەر گەشتێکی دیاربەکر، بدلیس مووش

مەرعەش،

مەرعەش شارێکی ئاوەدانە. شوێنەکەی کەوتووەتە سەر شاخێك و بەسەر دەشتێکدا دەڕوانێ کە تا ٣٠میل بەرەو باشوورو(فەوزی پاشا) درێژ دەبێتەوە، بەڵام ئەم دەشتە تاڕادەیەك وەك زەلکاوی مەلاریا هەڵهێنان وایە. هەرچەندە لێژاییەکانی دەوروبەری کشتوکاڵی تەواویان تێدا کراوەو، دەشتی فراوانی ئەلبیستان (Elbistan)[1] یش بەرەو ژوور زۆر دەوڵەمەندە، کەچی بازرگانی لەم شارەدا وەستاوە. تەنها لەبەر شتێك گرفتی دراو هەیە. مامەڵە تەنها بەدراوە زیوو زێڕە کۆنەکان دەکرێ و، پڕۆپاگەندەی ڕۆژانەیش دژی ئەم دراوانە، لەسەر سنووری سوریا، ئەم جۆرە پارانەی لەکار خستووە. دووەمیش بە دەگمەن کەسێك ئەبینرێ پارەی هەبێ و، کەسیش متمانەی نییە قەرز بداتە کەسێکی تر. وەکیل نەماوەو، وەکیلەکانی زوو ئەرمەنی بوون. بەرووبووم باشن، بەڵام ترسی ئێرە، وەك هی هەر شوێنێکی تر، بریتییە لەوەی کە جووتیاران نەتوانن بیانفرۆشن. دیسان وەکیل بۆ ئەمەیش نەماوە. جگە لەمانەیش کشتیارە باشەکان ئەرمەنی بوون و، ئەم بۆشاییەی کە دروست بووە، کاری نەك هەر لە چەندایەتی بەڵکو لەچۆنایەتیی بەرووبوومیش کردووە.

مەرعەش لە کەللەرەقیدا هاوشانی قەیسەرییە. قەیسەریە کە هێڵی ئاسنی ئەنگۆرەی لەسەرە، تاڕادەیەك بووژاوەتەوە. مەرعەش هێشتا بەبیرە کۆنەکانەوە نووساوە. هێڵە ئاسنەکە ئەبێ ئەمساڵ بگاتە مەلاتیەو، نزیکەی ١٥ میل دوور لە مەرعەش تێدەپەڕێ و، ئەگەرچی ئەو پاس و ئۆتومبیلانەی کە بەسەر ڕێگەیەکی

---

[1] قەزایەکی باکووری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی مەرعەشە.(س)

سەرەکیی زۆر باشدا دەڕێن، لەگەڵ شەمەندەفەرێکدا کە هەفتـەی سـێجار دەڕوات، پەیوەندییەکی باشیان درووست کردووە، هێشتا ئەم شارە لەخولیای نوێ بوونەوەدا سستو خاوو دابڕاوە. خـاوەن زەویەکانی نـاوخۆ زۆر دەسـەڵاتدارن‌و، جووتیـاران وەکو "رەعییەت" وان. لەوە دەچوو شتێکی کەم بـۆ هەڵوەشاندنەوەی موڵکایـەتی کرابێ. وادیاربوو والی کەوتبووە بەر دەسەڵاتی بنەماڵەکانی ناوخۆ. ئۆجاغێکی تـورك لەشارەکەدایە، بەڵام هەستم کـرد پێشکەوتنی ئـەوتۆی دژی داب‌و نەریتـە کۆنـەکان بەدەست نەهێناوە. زۆرجار والی ئۆجاغ هانی سەما دەدەن، بەڵام مەرعەش زۆر کـەم پەسەندی دەکات. مامۆستایەکی قوتابخانە دەستی لـەکار کێشـابووەوە بـۆ ئـەوەی ژنەکەی، وەك داواکرابوو، نەبات بۆ سەماکردن. ئەڵێن مەرعەش، ئەگەر بوێرێ، ئـەوا وەك مـەرد راپـەڕێ. بـەڵام ئێرە سەربازگەیەکی لێیـەو، لـە راپۆرتـی مامەڵـەی توندوتیژی کوردانەوە، دەردەکەوێ کە ئەم دوو هۆکارە شارەکەیان سەرکوتکردووە.

لەبەر ئەوەی بەر لەڕاگواستنی ساڵی ١٩١٥ سێ‌یەك‌و بـەڵکو زیاتری دانیشـتوانی ئەم جێیە ئەرمەنی بوون، ناوچەیـەکی فراوانـی ئـەم شـارە وێـران بـووە. گـەندەڵیی یاسـایی، بەتایبـەتی سـەبارەت بـە موڵکـە جێماوەکـان، یـەکجار زۆرە. پەنابـەران لەبۆسـنەو جێی‌تـرەوە هێـنراون بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییەو، هـەمان دەردی بەشخوراوییان چێشـتووە. ڕۆژانـی هـەینی مـانگ‌و ئەستێرەیەك لەسـەر کڵێسـەی " فرانسیسـکان– Franciscan"[1] کە ئێسـتا قوتابخانەیـەکی تورکییـە، دادەنرێـن. پێدەچێ حکومەتی فەڕەنسە نەیـەوێ، بـەلابردنی قەتماغـەی برینـە کۆنـەکان، یـادە تاڵەکان ببزوێنێ. جا ئەگەر فرانسیسکیەکان وەریشیان بگرتایـەوە، بەهۆی نـەمانی مەسـیحییەکانەوە پێویسـتییان پێـی نـەدەما. دوو مامۆسـتای ئـەمریکیی دینـی

[1] رەهبانییەکە قەشە فەرەنسیس ئەسیزی دایمەزراندو، هـەژاریی کردە بنچینەیـەکی ژیانی خۆی. لەسـەر سواڵ ئەژی. راهیبەکانی رووبانکردە فـێرکردن‌و مژدەدان لـە شـارەکاندا‌و، ژیانی گیـانیی عەلمانیـەکانیان بووژانـدەوە. لـە ڕۆژهەڵاتـیش (پاسـەوانی خاکە پیرۆزەکـانن)، لـە قـودس‌و دمیـات‌و قاهـیرە‌و بـەیرووت‌و حەڵەب‌و تەرابولس‌و ناسیرە‌و سەیدا دابەزین (المنجد فی للاعلام، حکومەتی ٥٢٦).(س)

مەسیحی، هێشتا هەر لەقوتابخانەیەکی چۆڵدا ماون. چەندین ئافرەتی تری مەسیحییش تا ئێستا خۆیان بۆ ئەو کەمینەیەی کەماوەتەوە، تەرخانکردووە.

عەینتاب

دیمەنی عەینتاب، یاخود وەك لەبەرنەخشی لە دوژمنایەتی سالانی ١٩١٩و ١٩٢٠ی تورك– فەرەنسیدا پێی دەڵێن‌و بەرەسمیش ناونراوە (غازی عەینتاب)، زۆر تێکچووە، بەڵام لەچاو مەرعەش کە دژیەتی، گوزەرانی خۆشترە. ئەم شارە هەشت مانگ لە دوژمنایەتیی فەرەنسەوە گلابوو، نزیکەی سی مانگیش گەمارۆیان دابوو، بۆیە ئەمەکی خاکی رزگارکراوی هەیە. دوو کۆمەڵی سیاسیی لێن؛ یەکێکیان شوێنکەوتووی قلیچ عەلی بەگو، ئەویتریان هی عەلی جەنیانی بەگەو، هەردوو نوێنەری شارەکەن. لەوکاتەوە کە عەلی جەنیانی وەك وەزیرێکی بازرگانی نەیتوانیوە جیاوازی لە نێوان پارەی دەوڵەت‌و هی خۆیدا بکات، تاقمەکەی کەڵ بێ هێزبووە، بەڵام هەردوولا دڵسۆزی کۆمارو رێبازەکانین. ئۆجاغێکی تورکی چالاکی تێدایە کەمانی خوێندن‌و یاری‌و سەماو هتد دەدات‌و، رووبەند وردە وردە خەریکە نامێنێ. ئەو کچانەی کە واز لە خوێندن دێنن، جگە لەشەپقە لەسەرکردن، بیر لەشتێکی‌تر ناکەنەوە، بەڵام ئافرەتە پیرەکان، ئەگەر رووبەندیش نەپۆشن، سەریان هەر دادەپۆشن. ئەو ئافرەتانەی کە لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەون، ژنی ئەفسەرو کارمەندەکانی خەڵکی ئەنگۆرەو قوستەنتەنییەو ناوچە پێشکەوتووەکانی ترن. دانیشتوان خۆیان بەتورك ناودەبەن، بەڵام زیاتر عەرەبن. گومانی تێدا نییە، خوێندنی چڕوپڕو داخستنی سنوور بەرووی هاتوچۆ و پەیوەندیی باشووردا، وا لە قسەو تێڕوانینی ئەم ناوە تازەیە دەکات کەزیاتر تورکی بن. شتێکی سەیرە کە عەلەوی (شیعە) کانی ناوخۆ ئەم رژێمە نوێیەیان بەدڵەو، بەهۆی زیادبوونی دەستڕۆیی(نفوز)ی پیاوانی دینییەوە، هەست ناکەن ئیتر کەمینەیەکی بێزراوبن.

عەینتاب لەرووی بازرگانییەوە باش دەردەکەوێ. سنوورە تازەکە کۆتایی بەو بازرگانییە ترانزیتە هێناوەکە عەینتابی پێش دەخست. بەڵام عەینتاب سەروەت‌و

سامان لە هەرێمێکی دەوڵەمەندی نێوان خۆیو سنووری سوریاوە دێنێ. فستقو زەیتوونو سابوون، لە ڕێگەی ئەدەنەو مەرسینەوە بەرەو ڕۆژئاوای تورکیا، یان دەرەوەی وڵات، دەنێردرێن. خەڵك دەڵێن: زۆر حەزیان لە سەروەتو سامانە، هەڵبەت ئەمەیش دەرهاویشتەی راگوێزانی ساڵی ١٩١٥ی ئەرمەنییەکانە کە ژمارەیان سی هەزار بەرامبەر بە پەنجاهەزار موسڵمان بووە. کەچی کۆی گشتیی ئەمڕۆی دانیشتوان لە (١٥–٢٠) هەزار تێناپەڕێ، بەڵام ئەم شارە کە بێ سەروبەر فراوان دەبێ، دەرفەتێکی باشی بۆ رەخساوە. بیناى خانوەکان باشنو، ناوچە وێرانەکانی راگوێزرانو شەڕو شۆڕش بنیات دەنرێنەوە، یاخود پاك دەکرێنەوە. پرۆژەیەکی کەمی شارەوانی، وەك باخچەو قاوەخانەو سینەماو.....هتد هەن. میوانخانەیەکی زۆر ساکار، بەڵام خاوێنیشی لێیە. کڵێسەی فرانسیسەکان کەوەك ئەوی مەرعەش دەستی بەسەردا گیراوە، کراوەتە قوتابخانەی ((غازی مستەفا کەمال)). مامۆستایانی ئەمریکی نەخۆشخانەیەکی بەناوبانگ بەڕێوەدەبەنو، چاوەڕێی ڕۆژێك دەکەن جارێکیتر قوتابخانە بەبۆمبی فەرەنسی رووخاوەکەیان دروست بکەنەوە.

ئورفە

مرۆڤ بە بەلەمێکی کۆن دەپەڕێتەوە بۆ" بیرەجیك"ی بەری ڕۆژهەڵاتی فوراتو، دەچێتە ویلایەتی ئورفەوە کەوا یەکێکە لەنۆ ویلایەتی پێکهێنی هەرێمی پشکنیاری گشتیی مەدەنی دیاربەکر، یان باشتر بڵێین نۆ ویلایەتەکەی نیوەی باشووری کوردستانی تورکیا. کەمێك گیاو کوردی گوند نشینو رانە مەڕەکانیان، ئەو دەمەی ساڵ لەشاری ئورفە بەدی دەکرێن. لێرەو لەوێ چەند زەوییەکی نزمی چێنراو درێژ دەبنەوەو، لادێیش هەن کە خانووەکانیان لە قوڕ دروست کراون. ئورفە خۆی دەکەوێتە هەورازەکانی شاخێکەوەو، بازاڕی ساغکردنەوەی بەرووبومی دەشتێکی کشتوکاڵیی فراوانە کە دەگاتە باکوورو (٥) میلی باشوور بۆ پشتی حەڕان. ئەم دەشتە بیست هەزار دانیشتووی ئەم شارەی لەگوزەرانێکی مام ناوەندا راگرتووە. دەڵێن لێرە بەپێچەوانەی شوێنەکانی تری تورکیاوە، کەموکوڕیو نەبوونی پارەو

متمانەو پشتیوان (اعتماد) لەئارادانییە. ئەم شارە، لەچاو ئەوەی وا لە دەرەوە دەیهێنێ، زیاترو بەشێوەیەکی بەرچاو دانەوێڵەو مەڕ لەمەرسیناو ئەدەنەو قوستەنتەنییەوە دەنێرنە دەرەوە. هەڵوەشاندنەوەی دەیەك، کشتوکاڵ چاندنی زیادکردووە. جوتیارێکی زۆر، هەروەك بەگەکان، بوونەتە خاوەنی زەوی. زۆر کشتیار زەوی لەسایەو بەپێی یاسای نەهێشتنی موڵکە گەورەکان، وەردەگرن. بەگشتی گوزەرانی ناوچەکە باش دیارە. ئەم شارە، لەجەنگەکانی دەرەوەو یاخیبوونەکانی ناوخۆ دوور بووە. دین لێرە، لەچاو ئەنگۆرەو قوستەنتەنییە، زیاتر پێڕەو دەکرێ. شوێنەکەیش، وەکو چۆن پێم وانییە بێوەفابێ بۆ کۆمار، بەهێواشی ڕێبازەکانی ڕۆژئاوا دەگرێ. ئافرەتان بەگشتی ڕوویەند دەپۆشن. بەڵام ئەم نەوەیەی کەتازە پێدەگات، پاش تەواوکردنی قوتابخانە کڵاو لەسەر دەکات. سەما، بەتایبەتی لە قوتابخانەکاندا، دەستی پێکراوە، بەڵام زانیم والی زۆر لە ئافرەتانی ناوخۆ بۆ ئاهەنگەکانی نابات. تۆپی پێ و یاریی‌تر لەئاودان و، ئۆجاغی تورك زۆر هانی خەڵکیان بۆ دەدات. هەروەها دوو سینەمای سادە ویانەیەك هەن و، زۆرکات ئەفسەرانی فەوجی سوارەی جێگری ئێرە، هاتوچۆیان دەکەن. خەڵك لێرەیش، وەك عەینتاب، بەخۆیان دەڵێن تورك، بەڵام ڕێژەیەکی زۆریان کورد یاخود عەرەبن.

ئەتەم بەگی والی کە تورکی قوستەنتەنییەو میوانداریییەکی باشی کردم، پیاوێکی چکۆلەی توانایەو، وادەردەکەوێ باش شارەزای هەرێمەکەی بێ. کارمەندە سەرەکییەکانی ویلایەتەکەیش کە لەسەر شەرەفی من بۆ نانخواردن داوەتی کردبوون، هەموو پیاوی چاك بوون.

سیوەرەك

سیوەرەك دێیەکی گەورەیەو، لەسەر گردێکی پڕ کەندولەندی نزمی ناوەڕاستی ڕێی دیاریەکرو ئورفەدایە. قایمقامەکە پێی وتم گوزەرانی شارەکەی باشە، لەسەر ئەو میوەو سەوزەیە دەژی کە لە دەشتێکی بچووکی تەنیشتی بەرهەم دێن. جگە لەم گوندە، ئیتر هەر (٩٠) میلەکەی نێوان دیاریەکرو ئورفە، وێرانەیە. زۆر بەدەگمەن

لادێو، تەنانەت زەویی بچووکی کشتوکاڵی، دەبینرێن. گردەکان جگە لەکەمیی گژوگیا کەئالیکی رەشەوڵاخو ئەسپو بزنی چەند کوردێکی نیشتەجێی ئەم وەرزەی ئەو دەوروبەرە دابین دەکەن، هیچی تریان لەسەر نەڕواوە. زەویی نێوان سیوەرەکو دیاربەکر بەردەڵانە وەك بڵێی((خوا تەنها بەردی باراندووە)).

دیاربەکر

ئێستا پێنج ساڵ بەسەر یاخیبوونی شێخ سەعیدا تێپەڕیوەو، دروشمی دیاربەکر ((کاری ئاسایی))یە، هەرچەندە بەداخەوە ئەوکارە لەچاو ڕۆژانی زوودا کەمە. ئێرە شوێنی پشکنیاری گشتییە کە وەك جۆرێك لە جێگری پاشا خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا بەڕێوە دەبات، نۆ ویلایەتو هێزی سەربازیو جەندرمە بە فرمانین. هەروەها ئەم شارە سەرکر دایەتیی فەیلەقی سەربازی دەکات، بۆیە، وەك مەبەستمانە، بووەتە نموونەیەکی ئەنگۆرە، ئومێد وایە نەك هەر لەڕووی کارگێڕییەوە، بەڵکوو لە ئەزموونو پەیوەندییشدا کار لەناوچەکە بکات. ئەفسەرو سەربازو کارمەندو ژنەکانیان کە هەموویان لە تورکە چاکەکانی خۆرئاوای تورکیان، لە شەقامە تەسكو قەرەباڵغەکانی شاردا کێبەرکێی گوندنشینو دانیشتوانی شار دەکەن. ئەمانی دواییش، ئەگەرچی خۆیان ناڵێن، بەڵام بەزۆری کوردن. ئەمڕۆ((مەدەنییەت))، وەك((مەشرووتییەت))ی ساڵانی ۱۹۰۸-۱۹۰۹، بووەتە ویردی سەر زمانی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا. مەبەست لەمەیش بریتییە لە کڵاو بۆ هەردوو ڕەگەزو، خواردنەوەی ئەلکهوولو سەماو بۆینباخو پاژنەی بەرزو، جلوبەرگی شەو بۆ خاوەن سامانەکانو، کەم چوونە مزگەوتو کەم بەڕۆژووبوونو، پیتاککردن بۆ کۆمەڵەی فڕۆکەوانی لەبریی خێرکردنو، تۆپیپێو پیتە تازەکانو، هەموو ئەو شتانەی کەتایبەتی گاورە ڕەزا گرانەکان بوون. ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە شارستانی بوون، ((وەك بەتورکی لێکدراوەتەوە)) بەشێوەیەکی دیار لە دیاربەکر بەرەو پێش دەچێ، بەڵکو هێشتا لەجموجووڵدایەو، ئەفسەرو کارمەندو خێزانەکانیان کە لە ڕۆژئاوای تورکیاوە هاتوون، سەرکردایەتیی دەکەن. بنەماڵەکانی ناوخۆ زۆر

خاو دەڕۆن. مناڵان، ئاسانتر کاریان تێدەکرێ؛ چونکە هەموویان لە قوتابخانە حکومییەکان دەردەچن، بەڵام ئەم کارە بۆ ئافرەتان زۆر سەختە. خانمانی ناوخۆ جارجارو، تەنانەت بێسەرداپۆشین، لە ئاهەنگەکاندا دەردەکەون. ئافرەتانی چینی هەژاریش کەشەوانە بۆ هەوا گۆڕینێك دەچنە دەرەوەی دیوارەکانی شار، روویان داناپۆشن. یانەیەك لەم شارەدایە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی سەربازییە. (ئۆجاغی تورك) چالاکەو، سەدان ئەندامی هەیەو، کارەکانیش، زیاتر، هەر ئاساییەکانن. کارەکانیان خولی زمان و سازدانی ئاهەنگ و هۆڵی خوێندنەوەو کتێبخانەو ماندان بۆ یاری دەگرنەوە. یاریی تۆپی پێ بڵاوەو، پاڵەوانێتیی جامی ویلایەتەکانی کە پشکنیاری گشتی پێشکەشی دەکات، لەم شارە ساز دەکرێ. هەردوو رەگەز دەستیان بەیاریی تێنس کردووەو، بۆکسێنیش بیری لێکراوەتەوە.

خەڵکێکی زۆر لەمزگەوتی سەرەکیدا دەبینرێن و، زۆربەی مزگەوتەکانی تر بۆ ئامانج و گەنجینەی سەربازی بەکار دەهێنرێن. کڵێسەکە لێرەیش، وەك جێیەکانی‌تر، دەستی بەسەردا گیراوە. بێگومان دەسەڵاتی حکومەت لە دیاربەکر هێندە بەهێزە، دەتوانێ هەنگاوەکان خێرابکات، بەڵام وادیارە سیاسەتەکە دەیەوێ واز لە شتەکان بێنێ تا خۆیان وردە وردە گەشە دەکەن.

شار باش بەڕێوە دەبرێ.لێرە سیستمی ئاوەڕۆ هەر کۆنە.ئاو زۆرەو هەموو ماڵێك حەوشەو حەوزی ئاوی خۆی هەیە. شارەوانی سەرگەرمی راکێشانی ئاوی خواردنەوەیە لەدووری دەمیلەوەو، هەروەها دەستی کردووە بەپرۆژەی کارەباو سەهۆڵ. ئەو شوێنانەی کەبینا دەکرێنەوە، بانە تەختە خۆڵەکانیان دەکرێنە بانی ئاسنی رووکەشکراوی شێوە هەرەمی و، چەتری کۆنی داریـنی دووکانەکانیش بەچەتری ئاسنی رووکەش کراو. جادەکان، سەرەڕای ئالۆزییان، باش پاك دەکرێنەوە. کاولکارییەکی شوێنەوارە کۆنەکان کە جێی نیگەرانییە، ئەوەیە کە سەرۆکی شارەوانی داوای لە سوپا کردووە دیواری کۆنی دەروازەکانی نزیك باکوور و باشوور بتەقێننەوە. بێگومان هەواگۆڕکێی شارەکە لە هاویندا زۆر خراپەو، جا

چونکە سەرۆکی شارەوانی زۆر بە هەر رەخنەیەکی لەم بابەتە ناڕەحەتەو، دەڵێ تەنها ئەو بەشانە وێران دەکات کە((بایەخی مێژوویيان نییە))، ئومێد دەکرێ ئەم کاولکارییەی شوێنەوارەکان زیاتر پەرە نەسێنێ. باخچەیەك لە دەرەوەی دیوارەکە دروست دەکرێ، بەڵام تا ئێستا ئەو شارۆچکە تازەیەی کە بڕیاربوو لە دەرەوەی دیوارە کۆنەکە دروست بکرێ، هیچ بەرەو پێش چوونێکی بەخۆوە نەدیوە. میوانخانەکەیش شوێنێکی ناخۆشە.

((نەخۆشخانەی نموونەیی))ی خۆشەویستی وەزیری تەندروستی، دەزگایەکی زۆر جێی شانازییە. تەنها سێ نەخۆشخانەی تری نموونەیی لە تورکیا، سیواس و ئەرزروم و ئەنگۆرە، هەن. ئەم نەخۆشخانەیەی دیاریەکر جێی حەفتا نەخۆشەو، پاك و خاوێنەو، چەند پزیشکێکی لێهاتوو باش بەڕێوەی دەبەن. نەخۆش لەهەر تۆ ویلایەتەکەوە دەنێردرێنە ئەم نەخۆشخانەیە، بەڵام کەسانی تووشی حاڵەتە ترسناکەکان، بەهۆی هەڵبەزین و دابەزینی ئەو ڕێگە دوورو خراپانەوە رزگاریان نابێ. ئەم نەخۆشخانەیە کەلوپەلی باشی تێدان و، ئامێرێکی تەواوی تیشکی ئێکسی (X-Ray)ی هەیەو پزیشکی نەشتەرگەر(جراح) بەکاریش هاتووە. مەلاریا بڵاوترین نەخۆشییە، بەڵام هەرزوو بە دابەشکردنی دەرمانی مەلاریا، وەك هەنگاوی یەکەم، لەم شارە کۆنترۆڵ کراوە بۆ قۆناغی دووەمیش، بەنیازن زەلکاوی هاوشانی رووباری دیجلە وشك بکەن.

قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لەم شارەدا زۆرن، بەڵام نزیکترین دواناوەندی (سانەوی) تەنها ئەوەی قەیسەرییەیە، قوتابخانە ناوەندییەکە، وەك زۆرینەی قوتابخانەکانی ئەمڕۆی تورکیا، زۆر ڕێك و پێکە. کێشەی کەمیی مامۆستا کە باڵی بەسەر هەموو وڵاتدا کێشاوە، وایکردووە سێ مامۆستاو جارجاریش یاریدەدەر وانەی (٢٥٠) قوتابیی کوڕو کچ بڵێنەوە، قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان ئێستا تێکەڵن. بەڕێوەبەرەکە مووچەی باشی پێ دەدرێ، بەڵام وا دەردەکەوێ ئەرکی زۆربێ. هەروەها وا دیاربوو بەسەیری پەیکەرێکی غازی کە لەسەر مێزی ژووری

خوێندنەوەکەیدا بوو، هەموو ماندوویەتیی لەبیردەچووە. لێدان و گوێ ڕاکێشان نەماون و، ڕێیان پێ نادرێ. ئەگەر کوڕێک یان کچێک نەبێ بتوانێ داوای هاوکاریی نوێنەری شار بۆ تۆڵە سەندنەوە لە مامۆستایەك بکات، ئەوا مەشق و پەروەردە باش بەڕێوە دەچن.

قوتابخانەیەکیش بۆ ڕاهێنانی مامۆستایانی سەرەتایی لە دیاربەکردایە. ئەمیش نیشانەی جووڵانەوەیەکی سوودمەندە. نزیکەی بیست قوتابخانەی وەها لەسەرتاسەری وڵاتدا یەکێکیش لە ڕۆژهەڵاتی فورات (وان) هەیە. ئامانجی ئەم قوتابخانانە زیادکردنی ژمارەی مامۆستایانی سەرەتاییە، کە پێویستییەکی سەرەکیی پەروەردەیی وڵاتن. خولەکە خۆڕاییە و خواردن و جێونوێن، تەنانەت بەپێی ئاستی ناوخۆیش، باش نین و، قوتابیانیش لەو چینانەی شار و لادێکانەوە دەهێنرێن کە گوزەرانیان زۆر باش نییە. جا ئەمانە کاتێك ئامادەکران، دەبێ هەشت ساڵ لە قۆناغی سەرەتاییدا ببنە مامۆستا. پاشان، ئازادن، ئەگەر توانییان، خۆیان بۆ کاری مامۆستایەتیی قوتابخانە بەرزترەکان، ئامادە بکەن، یاخود واز لە پیشەکە بێنن. دەڵێن سیستمی پێگەیاندنی مامۆستای لێهاتوو بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان، سەرکەوتووە. ئەو بینایانەی کە لە دیار بەکر بینیمن، یاخود شتێکم لەبارەیانەوە بیست، تەنها دوو شارەزای بواریکشتوکاڵیی هەنگاریبوون لەبینایەکی دەورەدراو بە کێڵگە و بێستانی زۆر ناشیرین کە پێیان دەوت (کێڵگەی نموونەیی). بێگومان ئەمانە گرفتی یەکجار زۆریان سەبارەت بە هاوکاری و گەنم هەیە. وەك خۆیان ڕایانگەیاند: بەلای کەمەوە بەرهەمێکی زۆر باشی گەنم، لەسایەی چاندنێکی بەهرەمەندانەدا، بەپیتیی خاکەکەی نیشانداوە. کاربەدەستان لەهەوڵی ئەوەدان وردە وردە کاربکەنە سەر کشتیاران تا هەوجارە سادە دارینەکانیان بگۆڕن بەهی پۆڵا. هەندێ لەجوتیارانی کورد، لەم کێڵگە نموونەییەدا، فێری بەکارهێنانی گاسنی پۆڵاین بوون. هەروەها دەسەڵاتداران دەیانەوێ پەروەردەی ئەسپ بۆ یارمەتی کێڵان باش و زیاد بکەن، بۆیە تەویلەیەکی ئەسپ لە هەمان کێڵگەدا دروست دەکرێ.

وتیان دیاریەکر بەرهەمی بۆ دەرەوە نێردراوی زۆرە، بەڵام من تەنها چەند کێلگەیەکی کەمی بەرهەمهێنان و ناردنە دەرەوەم بەچاوی خۆم بینی. پێویستە بڵێم ویلایەتی دیاریەکر تەنها کەمێك زیاد لەپێویستی خۆی بەرهەمی کشتوکاڵی (دانەوێڵەو میوەو ئاژەڵ) بەرهەم دێنێ، پیشەسازییش مردووە. ئەمە بۆ هەرێمەکەیش، تا بدلیس و وان، کە دیاریەکر بازاڕی ساغ کردنەوەیەتی، هەر ڕاستە. بەپێی نووسراوی ژمارە ٣٠٥ی ١١ تەمموزی ساڵی ١٩٢٩ی سێرجی. کلارك، مستەر هێلم لە ڕاپۆرتی پاریدا پێی لەسەر خراپیی باری ئابووری هەرێمی دیاریەکر، مەلاتیە، سیڤاس داگرتووە. دیاریەکر شەڕی رووس و راگوێزانی مەسیحی و جیاکردنەوەی خاکی عێراق و سوریاو، دواجاریش یاخیبوونی شێخ سەعیدی بەخۆوە دیوە، تازە خەریکە دێتەوە سەر خۆی. جا بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکمان لەسەر لەناوچوونی ئابووری هەبێ، پێویستە بۆ ڕاپۆرتەکانی پێش جەنگی کونسوڵ بگەڕێینەوە. بازرگانیی ویلایەتی دیاریەکر لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەو پارچەکانی تری تورکیادا، ساڵانە خۆی لەشەش سەد هەزار ئیستەرلینی[1] دەدات. کەلوپەلی بۆ دەرەوە نێردراو بریتیبوون لە ئاژەڵ و پێستەو خوری و مس و جەوت و دانەوێڵەو کەرەو برنج و بەنی ڕستراو جلوبەرگ. ئێستا، لەهەموو ئەمانە تەنها ئاژەڵ دەنێردرێتە دەرەوە. شاری دیاریەکر گوزەرانی خراپ نییە، چونکە جگە لەوەی کە پێداویستی خۆی دابین دەکات، ژمارەیەکی زۆر کارمەندو ئەفسەرو سەربازیشی لێن و، چەند شلینگێکیان[2] پێیەو، مووچەکەی ئەنگورەیشیان لێرە خەرج دەکەن. بەڵام ئەمە یارمەتی باری کۆمارەکە نادات. بازرگانێکی بەتەمەنم بینی کەزۆر پەرۆشی ڕۆژانی پێش تۆکەندی سوێس بوو: کاتێك دیاریەکر کەم و زۆر لەسەر کاروانە ڕێیی هەلەب- بەغدا دا بوو. هیوای خواست کەهێڵی ئاسن گەیشتە مەلاتیە، گوزەرانی زووی دیاریەکر بگەڕێتەوە. بەداخەوە تەنها یەك شت هەیە کەڕاپۆرتەکانی

---

[1] دراوی بریتانییە. (س)

[2] بیست یەکی جونەیهی ئیستەرلینییە.(س)

کونسوڵی زوویش، وەك هۆکاری پەککەوتنی بازرگانی ئاماژەیان پێکـردووە، ئـەویش نائارامیی وڵاتەکەیە. کۆمار لـەپێناوی دوایـی هێنـاندا بەمـە، دەتوانـێ پشـتیوانییەك بۆخـۆی مسـۆگەر بکـات. ئێسـتا نـیزام بـاڵی بەسـەر وڵاتـدا کێشـاوە، تەنــها چـەند ناوچەیـەکی کـەم نـەبێ کـە یاخییـان جارجـار، دەیانشـێوێنن. جوتیـاران گوێدرێــژو حوشتر بەدانەوێڵە بارکراوەکانیان رادەکێشن. ژنە کەشتیارەکانیش، بـێ پارێزگـاریی پیاوو کەسوکاریان و بەلیرەی ئاڵتوونی گـەردن و ملیانـەوە، بـەوناوەدا دێـن و دەچـن. پاسی شرۆڵە بە گەشتی سەدان کیلۆمەتری دەردەچێ و، لەو دەشت و دەرە هێمنــەدا دەشکێ. چەند ناوچەیەکی کەم نەبێ کە هێشتا باندو جەندرمەیان بـەهێزی گـەرۆك و تەلەفۆنەکانیانەوە لێن، ئیتر سەرتاسەری باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا تەواو کۆنترۆڵ کراوە.

زۆربەی مەسیحیەکانی دیاربەکر (یەعقوویی Jacobites)ن و، کڵێسەیان هەیـە، بـەڵام نەئـەمان و نەکەمینـەکانی تریش قوتابخانـەی خۆیـان نییـە. سـەرباری ئەمــە، سیاسـەتی تـورك بەرامبـەر بـە مەسـیحیەکان، ئـەم دواییـە، تاڕادەیـەك نـەرم بـووە. کڵێسـەیەك دراوەتـەوە بەپرۆتسـتانت و گریگۆرییـە ئەرمەنییـەکان و، یـەکێکی تریـش بەکاتۆلیکە سووری و ئەرمەنیەکان. هـۆی کوژرانـی قەشـەیەکی کـاتۆلیکی ئەرمـەنی، نیسانی ١٩٢٩، تایبەت بووە، بەڵام گومانی ئەوە هەیە کە دەسەڵاتدارانی حکوومەت بە تیرۆرکارییـەکی وەهـا نیگــەران نــەبووبن، هەڵبــەت ئەمــەیش زیــاتر خواســتی کۆچکردنی ئەرمەنیەکان هــان دەدات. وەك ئەرمەنیـەکان دەڵێـن، رەنگـە تاوانبـاران تورك بووبن، بۆیە جگـە لـە شـایەتێکی ئەرمـەنی کـە، تـا ئەوکاتـەی دان بـەزانیاریی خۆیدا دەنێ، زیندانی کراوە، کەسێکی تر لەسەر ئەم تاوانە سـزا نـەدراوە. چیرۆکی هاوشێوەی کوژرانی قەشەیەکی ئەرتۆدۆکسی لە ماردین (نووسراوی ژمارە ٤٦١ی ٢١ نۆڤەمبەری ١٩٢٩ی سێر جی. کلارك)، هێنـدەی مـن بـزانم، لـەوی پێشـوو جیـاوازە، بەڵام زۆر لەمە دڵنیایش نیم.

سیلوان

تابلۆیەکی سەر ڕێگەکە هێما بۆ ((بدلیس)) دەکات، ڕووی لەپردی سەر دیجلەی دیاریەکرو ئەو ڕێگە سەرەکییە (٩٠) کیلۆمەترییەیە کە زۆریەی یەکجار خراپەو، بەرووبوومی کشتوکاڵی هەتا سیلوان یا (فارقین Farkin) دەڕوات. ئێرە جێی قایمقامەو، گوندێکی گەورەیە. زۆربەی ژمارەی خانووە رووخاوەکانی، ئەمانی دانیشتووە ئەرمەنی‌و مەسیحیەکانی‌تر ئەسەلمێنێ. کوردانی دەشتەکەی دەوروبەری زۆر کاردەکەن. دەڵێن کشتوکاڵی سالانی رابردوو دوو هێندە بووەو، گوزەرانی گوندەکەیش وادەردەکەوێ زۆر باش بێ. قوتابخانەی سەرەتایی‌و (نیشتمانی)ی ((بۆ فێربوونی پیتە تازەکان– بۆ گەنجان))ی لێن. سێ‌ساڵە ئۆجاغێکی تورکی زیندووی هەیەو، بەتورککردن خێرا بەڕێوەدەچێ. ئەگەرچی ئەم شارە لە بەرزایی‌ی چیاکاندایە، کەچی تووشی مەلاریا هاتووە.

غەرزان

کاتێك مرۆڤ دەگاتە ئەم شارەی جێی قایمقامێکی‌تر، کشتوکاڵ‌و ئاوەدانی روو لە کەم بوون دەکەن. خانووەکانی ئەم گوندە کاول‌و وێرانن، بەلام قوتابخانەو ئۆجاغێکی تێدان. دەڵێن سەمایشی تێدا دەکرێ کە ئەفسەرانی بەتالیۆنە جێگیرەکەی ئێرەو خێزانەکانیان ئامادەی دەبن. کەسێك خوێندەوارییەکی هەبێ، سەختە لە جێیەکی وادا بمێنێتەوە، بەلام قایمقام کەسێکی چالاك‌و هەستیار دیاربوو. ئەرمەنی لێرەیش نیشتەجێ بوویوو، بەلام قایمقام پێی وتم دانیشتوانی دووگوندی یەعقووبی، تەنها ساڵێك دەبێ(سەرەڕای ناڕەزایی‌ی ناوەندە ناوخۆییەکانی دەسەلات)، بەسەر سنووری سووریادا کۆچیان کردووە.

بدلیس

هێماکانی ژیان، کاتێك بەرەو بدلیس‌و ناو شاخ دەڕۆی، کەم‌و کەمتر دەبنەوە. دارتوو وەی تر هی گوندە ئەرمەنیەکانن لەهەورازی گردەکاندا ڕواون، ئێستایش

پشتگوێ خراون. ڕێگەکە بەرەو جۆگەی(بدلیس سۆ) بەڕێڕەوێکی زۆر کووڕدا دەڕواتو، لێرەیش تاچەند میلێك درەختی میوەی فەرامۆشکراو لەخاکە کەمتر لێژەکاندا دەبینرێن، بەڵام تاکە شت کە بجولێتەوە زیاتر لە دەهەزار سیسرکو چەند لۆرییەکی کەمی سەربازییە، کە لەڕێگەیاندا بەرەو وان، بەبدلیسدا تێپەڕن. بدلیس خۆی دیمەنێکی تراژیدیی هەیە. گشت خانووەکانیو ئەوانەی هەردوو بەری جۆگەکە بەسەر یەکدا ڕماون. خانووی ئاوەدان، بەدرێژاییی جادەی سەرەکیو لێرەو لەوێ، هەن. ئەوە کە زوو شارێکی چل هەزارماڵەبووە، ئێستا بووەتە گوندێکی پێنج هەزار ماڵ. لیرەیش دوورخستنەوەو دەرکردنی ئەرمەنیەکان گورزێکی کوشندەیان لە ژیانی ناوچەکەداوەو، ئەوی ئەم پرۆسەیەیش تێکی نەدابوو، داگیرکاریی رووسەکان لەناوی بردووە. ئەگەرچی بدلیس پێش شەڕ ژیانێکی ساکاری شك بردووە، بەڵام کەمێك بەرهەمی بۆ دەرەوە نێردراوی هەبوە و، بازرگانیشی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا کردووە. ئەمڕۆ ئاسان نییە بڵێین لەسەر چی دەژی، چونکە لەناوخۆیدا داڕماوەو، دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەریشی یەکجار کەم بوونەتەوە، یان هەر نەشماون.

بڕێك کاری دیاریکراوی بنیاتنان ئەنجامدراون. کازم پاشای والیی سمیرنا، کە هێشتا مەڵبەندەکەی شاری بدلیسە، ناوێکی باشی هەیەو، مزگەوتو قوتابخانەیەکی نوێ کردووەتەوە. خانوو بەشی ئەو کەمە هاوڵاتیانە وردە وردە چاك کراونەوەو، چالاکییەکانی حکومەت هەر ئاساییەکانن.

قوتابخانەی نیشتمانی(بۆ لاوان)و سەرەتاییو ناوەندیی تێدانو، شارەوانییشی هەیە. هەروەها ئۆجاغێك هەیە کە هانی تۆپیپێ دەداتو هەنگاوی شارستانانەی سەما، هەرچەندە کەم کەمو بۆ ئەفسەرو خێزانەکانیان ساز دەکرێ، نراوە. ئۆرهان سامی بەگی قایمقام کە بەڕێزەوە ڕێوشوێنو خواردنی دووشەوی بۆ دابینکردم، پیاوێکی ڕۆشنبیرو کارمەندێکی بەتوانایە. ئەم زۆر، لەسەر ڕێبازو چەکی تورکیای نوێ پێ دادەگرێ. ئەمەیش بۆ ئەوەی گوشاری دەوروبەری بۆی نەبنە مەترسی. ناوبراو، هیچ کێشەیەکی ئاشکرای لەگەڵ ویستی سیاسی دانیشتواندا نییە.

ڕووداوەکانی پێشتر نەریتەکانی ناوخۆیان بەجۆرێك وردوخاش کردووە کە ناتوانن بەرەنگاری کۆمارەکە ببنەوە. بدلیسیش وەك مووش‌و وان ساڵی ١٩٢٥ ڕانەپەڕی، بەڵکوو لە ڕاستیدا خەڵکانی خۆبەخشی لەدژی شێخ سەعید ناردە بەرەکانی جەنگ.

مووش

ئەگەر یەکێك لە بدلیسەوە بچێتە مووش، ئەوا بە قەراغی نیوەی دەشتی بەرزی مووشدا دەڕوات کە بە پیت‌و بەرهەم هێن ناوی دەرکردووەو، ئەمڕۆ کەمێك لە گوند نشینانی کورد بەجێ ماون. لەوانەیە گوزەران‌و ژیانی ئەمان لە هی کوێرە لادێ قوڕینە دڵتەنگەکان باشتربن، بەڵام دەستیان تەنها بەزەوییەکی بچووکی کشتوکاڵی دەگات. ئەمە لەکاتێکدایە کە گردەکانی دەورووبەری، شوێنەواری ڕەزوباخ‌و بێستانە خۆشەکانی ئەرمەنیەکانیان پێوە دیارە.

دیمەنی مووش زۆر لە هی بدلیس دڵتەزێنترە. مووش لە شارێکی سی هەزارییەوە، بووەتە گوندێکی وێرانەی سێ‌هەزار کەسی. هۆکانی ئەم کاول بوونەیش، دەدرێنە پاڵ داگیرکاریی یەك ساڵەی ڕووسەکان‌و هاتنەوەی ئەرمەنیەکان لەگەڵیاندا بۆ تۆڵە سەندنەوە. دانیشتوانی موسوڵمان، کە ڕووسەکان هاتن، هەموو هەڵاتن‌و، ئێستا زۆریان ناتوانن، یاخود نایەنەوێ بگەڕێنەوە. مووش، بەهۆی پێگەی ناوەندی (مرکزی)یەوە، بەم دواییە لەجێی بدلیس بووە پایتەختی ویلایەت. عابدین بەگی والی کەداوەتی کردم بۆ خوانی نیوەڕۆ، پیاوێکی چاك‌و بەتواناو هەستیارەو، بەشێوەیەکی کاتی لە بینایەکی ناخۆشدا نیشتەجێ بووە. دەزگا ئاساییەکانی وەك قوتابخانەو شارەوانی‌و ئۆجاغ، زۆر باش نین. سەرەڕای ئەمانەیش، بەسەرکەوتوویی ویلایەتەکەی بەڕێوە دەبات، چونکە لەو شوێنانە سەرباز دەگیرێ‌و باج دەسەنرێ کە بەر لەشەڕ مەحاڵ بوو مل بۆ شتی وابدەن. کوردەکان، ئەگەر لەترسەوە نەبێ، باش کۆنترۆڵ کراون، نیشکەریشن. میوەو دانەوێڵە بەرهەم دەهێنرێن، بەڵام خەڵکێکی زۆر کەم بەکشتوکاڵەوە کە سەرچاوەی سامانی شارەکەیە، سەرقاڵن. ئەم جۆرە بازرگانییە، وەك جێیەکانی‌تر، لە ئەرزڕۆمەوە یەك دوو ڕۆژ بەئۆتومبیل‌و لە کەش‌و

هەوایەکی لەباردا، نەك لەڕێی دیاریەکرو بدلیسەوە، دەکرێن. خەڵکی مووش لەڕابردوودا چەرمەسەریی زۆریان دیوە، ئێستا نایانەوێ لەگەڵ حکومەتدا تووشی کێشە ببن. دەشێ دەرك بەوەبکەن کەدەوڵەت هەندێ خزمەتی دیاریکراوی وەك دروستکردنی ڕێگەوبان و خوێندن و هاوکارییان لەبواری کشتوکاڵ و... هتد دا پێشکەش دەکات.

وان

ئیبراهیم تاڵع بەگ حەزی نەدەکرد بچمە وان، بەڵام پێویست بوو من کات بەفیڕۆ نەدەم. دەڵێن وان زۆر لە مووش و بدلیس وێرانترە. بۆیە دەکرێ تەنها کەمێکی لێ بەدی بکرێ، بەڵام تا ئێستا هەر پایتەختی ویلایەتی وانەو، بەئاشکرا، ناوەندێکی گرنگی سەربازیشە. لەڕاستیدا سێ ویلایەتەکی مووش و بدلیس و وان، هەرچەندە تەواو ملکەچی یاساکانی کۆمارن، لەڕووی ئابوورییەوە مردوون، بەڵام ئەوەندە هەیە: دانیشتوانێکی کەم لەو هەرێمانەدا دەژین.

ماردین

ماردین کەوتووەتە سەر بەردو، ٣٠٠٠ پێ لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزەو، بەسەر دەشتێکی فراوانی کشتوکاڵیدا دەڕوانێ کە تۆفیق هادی بەگی والی بە((دەریایەکی بێ شەپۆل)) ناوی دەبات و، تا ئەودیو سنووری سوریا درێژ دەبێتەوە. دەشت و خەڵکی شارەکەیش دڵخۆش دیارن. دەڵێن ناوچەکە میوەو پێستەو خوری، لە شتی بۆ ناوەوە هێنراو زیاتر، دەنێرێتە دەرەوە. سەرباری ئەمە، بازرگانی لەچاو ساڵانی پێش شەڕدا زۆر کەمەو، ئەمەیش دەرەنجامی ڕەوی مەسیحیەکانە کە کاتی خۆی باشترین کشتیارو وەکیل بوون.

ماردین وەك سعرت هەرگیز مۆرکی توندڕەویی نەبوە. موسڵمان و مەسیحی بەگشتی، هەمیشەو ئێستایش، پێکەوە دەژین، بەڵام مەسیحیەکان کە بەشێوەیەکی سەرەکی یەعقووبین و تائەمڕۆ ماونەوە، بەختەوەر نین، چونکە وادەست دەکەن بارودۆخ لە قازانجیاندا نییەو، گوشاری بەردەوام، ئەگەرچی کەمیشە، ناچار

بەکۆچیان دەکات. مافەکانیان بەسەر زەویەکانیانەوە پرس و نکۆڵییان لێ دەکرێ. پاتریارکە یەعقووبییەکەیان بەشێوەیەکی کاتی چووەتە موسڵ و، ساویلکەیی و کەمتەرخەمیی ئەو ئەرمەنیانەیش کە چوونەتە ئەودیو سنووری تورکیا-سوریا، کارێکی خراپیان کردووەتە سەر ئەوانەی وا ماونەوە.

موسوڵمانەکانیش هەر دڵخۆش نین. بنەماڵە گەورەو دێرینەکان موڵکەکانیان هەڵوەشاوەتەوەو، خانوە دڵگیرەکانیان دەفرۆشن و، خۆیان دەدەنە دەست چارەنووسێکی دیارو زانراو. ماردین، بەکاری فشار، هەوڵ دەدات زمان و رێبازە عەرەبیەکان لە یاد بکات و، ببێتە تورک و، ئەلف و بێی نوێ بخوێنێتەوەو بنووسێ. ئۆجاغ و قوتابخانەکان بۆ ئەم مەبستە دەخرێتەگەڕ. والی کە وەك شاندی سەرەکیی لیژنەی سنوری تورکیا- عێراق دەیناسین، پیاوێکی توانایەو، وادیارە سیاسەتە رەسمییەکەی بەبێ توندو تیژییەکی زۆر بەرامبەر بەمەسیحی و موسڵمانەکان پێڕەو دەکات.

جگە لە دوو خانمی مامۆستای مەسیحیی ئەمریکی، بیانیەکی تر لە ماردیندا نییە.

بەگشتی

بێ گومان سیاسەتی ئێستای پێکهاتنەوە(مصالحە) کە ئەرکی ئیبراهیم تالع بەگە، وەك پشکنیاری گشتی لە بەشی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیادا جێبەجێ بکات، سەرکەوتووە. ساڵێکە نۆیەم ویلایەت پێش(بایەزید) خراوەتە سەر ئەو هەشتەی کە دوو ساڵ لەمەوبەر کرانە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ناوبراو. ئەو پێی وتم پێشبینی ناکات هیچ ناوچەیەکی تر بۆ سنوورەکەی زیاد بکرێ، چونکە ئاسایش و ئارامی لە هەرێمی ئەرزرۆم بەرقەرار بوونەتەوەو، پێشی وابوو مەبەست لەمە دامەزراندنی پشکنیارێکی گشتیی ترە لەوێ. سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی ساڵی ۱۹۲۵، بەدڵنیاییەوە، بەهەمان ئەو دڕندەییە بووە کە لە کوشتاری ئەرمەنیەکاندا پێڕەو کراوە. گوندەکان هەموویان سووتێنراون و، تەخت کراون و، پیاو ژن و منداڵ

کوژراون. ئەفسەرانی تورك دانیان پێدانــاوە کەبەم کردەوانە رازی نەبوون، بەڵام ناچاربوون ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن. هەروەها گومان لەوەدا نییە کە هەر هەولێکی یاخی بوون، لە هەر کاتێکدا بێتە ئاراوە، گورزی کاریگەری لیٚ دەدریٚ. بەڵام وادیارە ئیبراهیم تاڵع بەگ ناوچەکەی بێ هیچ تەنگوچەڵەمەیەك بەڕێوە دەبات. هێزی سەربازییش دەسەڵاتی ناوبراوی بەتەواوی سەپاندووە. (پرسیم ئایا فڕۆکەی زۆری بۆ هێورکردنەوەی ناوچە سەختەکان بەکارهێناوە؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی: وڵاتەکە یەکجار شاخاوییە). سەربازی تازەو باج، هەرچەندە کەمن،کۆدەکرێنەوەو، سەربازەکان لەنسێبین دەخرێنە شەمەندەفەرەوەو، بەرەو رۆژئاوای ئەنادۆڵ رەوانە دەکرێن. گەشتیاران بەبێ پاسەوانیی گەشتەکانیان دەکەن. هێندەی من بینیم، جەندرمە، نەك سەرباز، دوو دوو پاسەوانی جادەکانیان دەکرد. ئۆتۆمبیل‌و پاس بەئازادی بە هەموو لایەکدا(دیاریەکر– سعرت، مەلازگرد، بدلیس‌و دیاریەکر بەڕێگەی ئەرجیشی باکووری کەناری دەریاچەی وانـداو، بایەزید– قەرەکۆسە) هاتوچۆ دەکەن. من پاسەوانم نەبوو. گاردی سەربازیم(٢٠کەس لەهەر خاڵێکدا) تەنهالە هەردوو سەری ئەو جۆگەیەدا کە بدلیسی کەوتبووە سەر، بینی. ئیبراهیم تاڵع بەگ، لەگەڵ داوای لێبوردندا، ئاماژەی پێدا کە کاتێك چوومە وان دەبوو پاسەوانێکی بۆ دابین بکردمایە، چونکە باندێك لەوناوەدایە. لەبەر ئەوەی نەمدەویست پرسیاری مایەی بێزاری بکەم، نەمزانی ئەو باندە لە باکوور یان خوارووی دەریاچەی واندایە، بەڵام واهەست دەکەم لە باشووری دەریاچەکەدا بووبێ. ئەگەر ئەمە وابێ، ئەوا پێم وایە لەگەڵ ئەو زانیارییەی عێراقدا یەك دەگرێتەوە کە لەبارەی برینداربوونی سەربازێکی تورکەوە بووە. سەربازەکە، بەپێی ئەو هەواڵە، لە نسێبین خرابووە شەمەندەفەرەوە.

وادەردەکەوێ ئیبراهیم تاڵع بەگ بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی پێکهاتنەوەو بنیاتنان، پشت بەسێ شت ببەستێ. یەکەم خاڵ بریتییە لەکشتیاری‌و، گرنگترین کاریش بۆ ئەمە هەڵوەشاندنەوەی موڵکی گەورەی بەگەکان‌و، دابەشکردنیانە بەسەر

جوتیاراندا،بۆ ئەم مەبەستەیش یاسای (٨)ی حوزەیرانی ١٩٢٩ پێڕەو دەكرێت. خاوەن موڵك ئەگەر بە فرۆشتنی زەویەكەی رازی نەبێ، ئەوا لێیدەسەنرێ. خاوەن زەوی دەتوانێ تەنها (٥٠٠) دۆنمی هەبێ. كشتیار بەدوازدە پشك (قیست) ی ساڵانە پارەكە دەدات، دەڵێن خۆشحاڵە زەویی خۆی هەبێو بەتەكنیكی پێشكەوتووی پیشەسازی كار بكات. ئیبراهیم تاڵع بەگ هەوڵیش دەدات پشتیوان (اعتماد) بۆ شارەزایانی كشتوكاڵی دابین بكات. ناوبراو راوێژكارێكی دارایی‌ی راهێنراوی فەرەنسەی تایبەتمەندی ئەم بوارەی هەیە. جالەبەر دواكەوتوویی‌ی دانیشتوان، ئەو كۆمەڵانەی هاوكاریی كشتوكاڵی كە حكومەت گەرەكیە لە سەرتاسەری وڵاتدا دروستیان بكات، لێرە لەچاو جێیەكانی تردا، كەمتر جێبەجێ دەبن. بەڵام لە یەك دوو شوێنی وەك مووش، بیستم، بانكی كشتوكاڵی سوودی هەبوە. دەسەڵاتدارانی ویلایەتە جیاجیاكان، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان كشتیاران واز لە هەوجارە دارینەكۆنەكانو گاسنە قورسە رووسیەكانی دەوری مووش بێننو، گاسنی سووكی ئاسن بەكار بێنن بەقووڵییەكی شیاو زەوی دەكێڵنو، بەروبوومی باشتری دەبێ. ئەم گاسنە سووكانە، بەهەرزانو پێنج پشكی ساڵانە، بە جووتیار دەفرۆشرێن. جووتیاران بایەخی پەینكردن نازانن. بەهای ئەم كۆششە رەسمیانە هەرچییەك بێ، كشتیاری كورد بەروبوومی باش بەرهەم دێنیو خۆی، وەك ئیبراهیم تاڵع بەگ پێیوابوو، لەبارێكی باشدا دەژیێنێ. پێدەچێ بتوانێ كەمێك لە پێویستیی ناوخۆ بەرهەم بێنێ، بەڵام لەبەرنەبوونی پەیوەندیو وەكیل، رووبەڕووی گرفتی خستنە بازاڕ دەبێتەوە.

دووەم، ئیبراهیم تاڵع بەگ پشت بەدروستكردنی رێگەوبان دەبەستێو، مافی خۆشیەتی وابكات. نیوەی تەنگو چەڵەمەكانی زوو، زادەی سەختیی كوردستان بوون. نەك تەنها كوردان لەگەڵ پێشكەوتنی سیستمی رێگەوباندا باشتر هەست دەكەن لەیاساوە نزیكن، بەڵكوو كارمەندە توركەكانیش دەرفەتی زیاتریان بۆ دەڕەخسێ تا لە كوردەكان نزیك ببنەوەو، لێیان تێبگەنو، لە چاری

گیروگرفتەکانیاندا یارمەتییان بدەن. ئیبراهیم تالّع بەگ چەند مانگێك لە گەشتی هاوینەی پشکنیارییەکەیدا بەسەر دەبات. والی وقایمقامەکان، بە پێچەوانەی ئەوانی پێش خۆیانەوە، سەر لە هەرێمەکانی سنووری دەسەلاتی خۆیان دەدەن. هەرکە کێشەیەك لە شوێنی دوورە دەستدا رووبدات، ئەمان، وەك ئەرکی هەر بەڕێوەبەرێکی پەرۆش، دەچن و لێی دەکۆڵنەوە.

پێم سەیرە، لەگەڵ ئەو هەموو پێداگرتنەدا لەسەر دروستکردنی رێگەوبان، رێگەی باشتر و زیاتر دروست نەکراون. بەلام عەلی فوئاد پاشای ئەفسەری گشتی فەیلەقی (٧)ی دیاربەکر، ئاماژەی پێدا کە دووری (مسافە)ی زۆر ئەم کارەی گەلێ سەخت و بەخەرجی کردووە. ئەم کێشەیە ئاسان نییە. چونکە گوند نزیکی ئەو رێگایانە نییە تاکرێکاران لێوە بهێنرێ و، ماوکات ئاو و هێزی کار و مەکینەی رۆڵەی هەڵمی و.....هتد دەست ناکەون. بۆیە وردە وردە سیستمی رێگەوبان تەواو دەکرێ. بەهەرحاڵ، جۆرێك جادەی تازە روو بە رۆژهەلات: لە دیاربەکرەوە بۆ ئورفە و سعرت و هەکاری و بدلیس و وان و مووش هەن و، رێگەی باکوور، باشوور: ئورفە، دیاربەکر، ئەلعەزیز ئەمساڵ و بەم زووانە دەگاتە ئەرزڕۆم و، دەیبووژێنێتەوە. بارودۆخی چەند رێگایەك دواتر باسی دەکەم.

سێیەم خاڵی سیاسەتەکەی ئیبراهیم تالّع بەگ هەموو جۆرەکانی خوێندنە، کە بەواتایەکی تر مەبەست بەتورککردنە. ئەم خاڵە بایەخێکی زۆری پێدراوە. دەزگاکانی خوێندن لە هەموو ویلایەتەکانی تردا، جگەلە هەکاری، تەواون. قوتابخانەی ناوەندی لە پایتەختی ویلایەت و، هی سەرەتایی و نەوجەوانان لەسەرجەم شارۆچکە و گوندە گەورەکانداو، یەکێکی راهێنانی مامۆستایانی سەرەتاییش لە دیاربەکردان و، خەریکن یەکێکی تریش لە وان دروست بکەن. پرۆسەی خوێندن تەنها لە گوندە بچووکەکاندا کە ژمارەیەکی زۆر کوردیان تێدا دەژی، کۆسپی هاتووەتە رێ. چارەیەکی گونجاو ئەوەبوو قوتابخانە لە شوێنێکی نزیکی چەند گوندێك دروست بکرێ، بەلام ئەم پرۆژەیە لەوجێیانەدا کە بەفری

زستانیان زۆرەو، منداڵ ناتوانێ پێیاندا تێپەڕێ، کەڵکی نەبوو. کارێکی شیاوی تر ئەوەبوو کە منداڵان بەخۆڕایی بخرێنە بەشە ناوخۆییەکانەوەو، ئەمەیش نیشانی دەدات کە کاربەدەستان سوورن لەسەر بایەخ پێدانیان، بەڵام دایكو باوکیان مۆڵەتیان نادەن، چونکە ئیش‌و کاریان لە کیس دەچێ. ئیبراهیم تالع بەگ، وەك هەل ڕەخساند بۆ کاروچالاکیی گەنجان، سوورە لەسەر هاندانی خەڵك بۆ یاری‌و، ئەم کارەیش لە ڕێگەی ئۆجاغەکانەوە دەکات. تۆپی پێ بڵاوترین یارییە، بەڵام کەس ناتوانێ بڵێ گەیشتووەتە گوندەکان. بۆکسێن‌و تێنسیش بەکەمی دەستیان پێکراوە. ئۆجاغ لە شارۆچکەو گوندە گەورەکاندا هەیەو، ئەرکیشیان، وەك هی هەموو پارچەکانی تری تورکیا، بڵاوکردنەوەی ((شارستانێتی))یە. هەرچەندە زۆربەی ئەندامانی ئەم ئۆجاغانە پیاون، بەڵام مەبەستیانە ئافرەتانیش بێنە کۆمەڵەکەوە. ئەمانە لە هەرکوێ بن دابونەریتی میللییان چەسپاندووەو، بێگومان زۆر کاریگەریشن.

سوپا ئەمڕۆ قوتابخانەیەکی گەورەیە، سەربازی کورد بۆ ئەوەی ببنە تورکی چاك، دەنێردرێنە رۆژئاوای ئەنادۆڵ. ئەمانەش، وەك سەربازانی تری سوپای تورك، مامەڵەی باشیان لەتەکدا دەکرێ‌و، فێری خوێندنەوەو نووسینی تورکی دەکرێن. کاتێکیش دەگەڕێنەوە باشترینیان، وەك پاداشتێك، لەپۆستی وەك موختاری گەڕەکدا دادەنرێن. جا لەبەرئەوەی هەموو پیاوێك، وەك چۆن گشت منالان بەقوتابخانەدا تێدەپەڕن، ئەبێ خزمەتی سەربازی بکات، ئاشکرایە تەنها دەساڵی ئەم پرۆسەیە جیاوازییەکی یەکجار زۆر و دیار لە تێڕوانینی ئەو خەڵکانەدا دەکات کە هیچ ئامۆژگارێکی دینی‌و ئەدەب‌و سەرکردەیەکیان نییە تا لەسەر ڕێبازەکانی خۆیان بیانهێڵنەوە.

فەرمانبەرێك لای من ڕەخنەی ئەوەی گرت کە پشکنیاری گشتی، بێ‌ئەوەی پێویست بێ، وەك والییەکی باڵا (سووپەر والی) بەسەر والییەکاندا کە دەتوانن کارەکانیان ڕاپەڕێنن، سەپێنراوە. بەڵام پێم وانییە ئەم ڕەخنەیە لە جێی خۆیدابێ،

هیچ پاسارێکی هەبێ، بەڕای من سیستمی پشکنیاریی گشتی سەرکەوتووە. کاتێك سەربازان کاری بۆ گەنی سەرکوتکردنیان دەکرد، پشکنیاری گشتی بە بەرنامەی ئاشتبوونەوەو کۆنترۆڵکردنی سوپارە هاتە مەیدان، بەڵام هێندە بەس بوو کە دڵنیا بێ رێزی تەواوی فەرمانڕەواییەکەی دەگیرێ. ناوبراو بڕوای بەخۆیو پشتیوانیی ئەنگۆرەی هەبوون، ئەیتوانی متمانەو پشتیوانییەکی وا بەکارمەندانی هەرێمی بەرفرمانی خۆی ببەخشێ کە ئەگەر راستەوخۆ پشتیان بە پایتەختی دوور ببەستایە، هەرگیز نە یاندەبوون، لەلایەکی ترەوە، ئەیتوانی خواستو داوای ناوخۆ بگەیەنێتە ئەنگۆرەو، بەهۆی دەسترۆییشیەوە مامەڵەی ژیرانەو بەسۆزیان بۆ دەستەبەر بکات . پشکنیارێکی گشتی ئەوە دەگەیەنێ کە یەك سیاسەتی سەرتاسەری بۆ کوردەکانی باکوور، بڵێین نێوەی کوردان لە تورکیا، کە ئێستا کێشەی سەرەکیی ناوخۆی ئەم وڵاتەن، پێڕەو دەکرێ. سوڵتانەکان چەندین سەدە، هەروەك دەساڵی کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی، نەیانتوانی کێشەی کورد هێوریکەنەوە، چونکە لە قوستەنتەنییە لێی دووربوون، ئەم تورکە تازانە سەرکەوتوون، چونکە پیاوی خۆیان ناردووە بۆ ئەوەی لەکاتو شوێنی شیاودا خێرا کۆنترۆڵی بکەن. ئیتر فەرمانبەران بۆ دوورخستنەوە نانێردرێنە کوردستانو، هەڵوێستیان وەك هی ئەو کاتانە نییە کە دەگەڕێنەوە. هەست دەکەن کارکردن لەکوردستان ئەگەر چی ئاسانییە، بەڵام کارێکی جددییە بۆ دەوڵەتو، دەشێ ئەگەر باش جێبەجێ بکرێ، ئومێدی پێ ببەخشرێ.

دەسەڵاتدارانی تورك باش دەزانن، ئەگەر واز لە کورد بێنن، ئەوا گەلێکی لەسەرخۆو پیشەکارە. هەروەها دەزانن پێویستیان پێیەتی بۆ پڕکردنەوەی ئەو زەوییە فراوانو چۆڵانەی کە تیایاندا دەژی. جا چونکە ترساندوویانە، دەکرێ متمانەیان پێبکرێو، بەئومێدیشن لەبری ئەوەی کە بە کۆچەری بژی، بیکەنە تورکێکی چاكو کشتیارێکی جێگیر. رێی تێناچێ جارێکی تر کورد یاخی ببێتەوە.

رەنگە جارجار وەك ئێستا گێروگرفت روویدەن، بەڵام گەر کوردستانی باکوور (ئەرزڕۆم و ئەرزنجان و ..هتد) لەمە دەربکەین، ئەوا دەکرێ بڵێین تورکەکان وڵاتیان تەواو پاککردووتەوەو، بۆ نەهێشتنی سەرهەڵدان کۆنترۆڵی تەواویان کردووە. چەند بەگێکی کورد، پاش دەربڕینی ئەمەکداری و زیان نەدانی لەوە بەدوای دەستەو دایەرەکانیان، رێیان دراوە لە مەنفا (رۆژئاوای ئەنادۆل) بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. بەگێکی کوردی راگوێزراوی نزیك سیوەرەك چەند فڕۆکەیەکی پێشکەش کردبوو بۆ ئەوەی مۆڵەتی گەڕانەوەی لە ئەدەنە بدرێ، بەڵام دووساڵ زیندانی کراو، گوندەکانیشی بەسەلامەتی هێڵرانەوە. ئیبراهیم تالع بەگ بەخۆشحاڵییەوە، باسی چەند بەگێکی بۆ کردم کە لە مەنفا گەڕابوونەوەو، ئەمیش تا فێری خوێندنەوەو نووسینی پیتە نوێیەکان بوویوون، لە میوانخانەیەکی دیار بەکر داینابوون. پاش نۆزدە رۆژ کارەکەیان ئەنجام داو، رێیان درا بگەڕێنەوە سەر شوێن و رێی خۆیان.

ئیبراهیم تالع بەگ دەستەیەك راوێژکاری هەن و، گشتییان پیاوی چاکن. ئەمانە بریتین لە: راوێژکارێکی سەرەکی (مومتاز بەگی والیی پێشوو شارەزای ئەودەفەرانە)، کە کاتی گەشتی پشکنیاری گشتی جێی دەگرێتەوەو، راوێژکارێکی سەربازیی (جەنەراڵ کاکری روستو پاشا راهێنراوی ئەڵمانیاو شارەزا) کە پەیوەندیی بەقوماندانی فەیلەقی سەربازییەوە دەکات و، راوێژکارێکی یاسایی (تەڵعەت بەگ)و، هەروەها یەکێکی لاوی دارایی راهێنراوی فەرەنسە.

ئیبراهیم تالع بەگ زوو پزیشکی سەربازی بووەو، غازی کاتێك ساڵانی ١٩١٦و ١٩١٧ فەرماندەی دیاربەکر بووە، ناسیویەتی. ئەو سیاسەتی رەسمیی داناوە، ئەگەرچی خۆی هێڵە سەرەکییەکانیشی دانەڕشتبێ. ئیبراهیم تالع بەگ کرێکارەو، خۆی دەچێت شتەکان ببینێ، ناوبراو کەسێکی لێهاتوو و نەرم و نیان و بەخشندەو بیرفراوان و نۆرزانەو خەریکی خوێندن (دراسە)ی کارگێڕیی ئەنگلۆ هندییەو، پێویستیش بوو بچێتە بۆمبای. کاری کارمەندانیشی سەعات حەوت و نیوی بەیانی دەست پێدەکات و یەکی پاش نیوەڕۆ کۆتایی دێ. ئەو کەسێکی رۆشنبیرەو،

فەرەنسیو کەمێکیش ئینگلیزی دەزانیو، لە باتووم کونسوڵو لە وارشۆ نوێنەر بووە. ئەگەر پێویست بکات بیگۆڕن، ئەوا دەبێتە باڵوێزێکی باش.

دواجار ئەکرێ تەنها پێ لەسەر ئەو راگوێزانە دابگرم کە پار کارێکی زۆری لە مستەر هێلم کردبوو. تەنانەت بەدرێژایی ئەو رێگایانەی وا بە ئاوەدان لە قەڵەم دەدرێن، کەس بە دووریی چەندین میل زیندەوەرو نیشانەیەکی کشتوکاڵ نابینێ. سەرجەم شارەکان، بێ جیاوازی، گوندنو، گوندەکانیش تەنها چەند کۆختەیەکن.

تێبینیم لەسەر دینو ئاودێریو رێگەویان نووسیوە

دەبلیوو. ئێس. ئەدمۆندر

دین

زۆرجار دین بووەتە بابەتی لێدوان. ئەو سیاسەتە نوێیەی کە لە تورکیا پێڕەو دەکرێ زۆر بیروبۆچوونی لەمەڕ دین هێناوەتەگۆڕێ. هەندێ تورکی روناکبیر بڕیاری ئازادنو، خۆیان دینیان وەلا ناوەو، هێندەی بەستە بەبەرژەوەندیی وڵاتەکەیانەوە، ئیسلام لە گۆڕدەنێن.

هەندێ بەڕاستی دەڵێن: دەشیا تورکیا ئامێزی بۆ مەسیحییەت بکردایەتەوە. هەروەها ئیسلام بەرێگر دەزاننو، راست بێ یان هەڵە، دواکەوتوویی تورکیای پێوە دەبەستنەوە. بەڵگەیەکی بچووکیشیان بۆ ئەمە کارەساتی رۆژوو سەپاندنە بەسەر دایكو کۆرپەدا پێشو پاش منداڵبوون. ئەمان رێزی دابو نەرێتی دینی مەسیحی دەگرن، بەڵام بێگومان، لە پەسەندکردنی پێغەمبەرێتیی مەسیحیدا، دوو دڵن. پێناچێ ئارەزووی کاتولیکی بکەن، چونکە بینویانە پەیوەندیی بەفەرەنسەوە هەیە. پێیان وایە پرۆپاگەندەی سیاسیی ئیتاڵیو تەمسایی، کلێرکێتیی[1] دەگەیەنێ. وا

---

[1] دینداریی مەسیحی، پابەندبوون بە بنەماکانی دەسەڵاتی کلێرکی لەسیاسەتدا. (س)

دەردەکەوێ زیاتر مەیلی پرۆتستانتیزمی ئەمریکی بکەن، بەڵام وا دیارە هێندەی ئارەزووی چاکەت لەبەرکردن دەکەن، هی دین ناکەن. دەرەنجامی ئەم بۆچوونانە، بەدڵنیاییەوە، رۆژێك دێ ببێتە شتێکی زیادە بۆ یەکتاپەرستی.

هەڵبەت هەندێ کەسیش هەن، ئاهەنگو بۆنە ئیسلامیەکان تێکەڵ بە ژیانی نوێ دەکەنو، لەوانەیشە زۆربەیان تێدا هەبێ کە لە ئەنگۆرەو ناو تورکە خوێندەوارەکانی شوێنەکانی تر جێی متمانەبن. رۆژوو وچوونە مزگەوتو پێنج نوێژو دەستنوێژی رۆژانەو وازهێنانو دوورکەوتنەوە لەخواردنەوە، ئەو شتانەن کە تورکی نوێ بەکاری نەکردە یان نەشیاویان دەزانێ، بەڵام هێشتا هەمان بیروباوەڕی باوانی هەیە، بۆیە حەز دەکات یادو ئاهەنگە دینییەکان بەشێوەیەکی هاوچەرخ ساز بدرێن.

بێگومان ئافرەتان بۆ ئەمە موحافیزکارن. زۆر سەیرە، دەبیستم ئافرەتانی چینە هەژارەکان، لە چاو ئەوانەدا کە لە بارێکی باشتردان، زۆر کەمتر موحافیزکارن. ئافرەتانی هەژار کەمتر بە ژیانی گۆشەگیریو دوورە پەرێزی راهاتوون.

ئاودێری

بیرۆکەیەك لەناو دەزگاو ناوەندەکانی حکومەتدا هەیە کە: ئەگەر پارە پەیدا بکرایە، زۆرباش دەبوو گەر بەشێکی لە ئاودێریدا خەرج بکرایە. کەس ناتوانێ گەشت بەناو تورکیادا بکاتو، ئەو پرسیارەی لا دروست نەبێ کە، کەئایا ئەم بیۆرکەیە راستە؟ لەکاتێکدا مەودایەکی فراوانی زەویی کشتوکاڵی، چۆڵو کەم دانیشتوانە، کێشەکە نەبوونی زەوی نییە، بەڵکو کەمیی دانیشتوانە. تورکیا تەواو پێچەوانەی یۆنانە. ئەو جێیانەی کە پاساوی خەرجیی ئاودێرییان بۆ دەهێنرێتەوە، ئەوانەن کە بەرێكو پێکی ئاودابینکردن کاری چاندنو بەرهەمهێنانی هەندێ بەروبوومی بەنرخیان بۆ ئاسان دەکات، بەڵام پێش ئاودێری، لێکۆڵینەوەی زۆر وردی پسپۆرانی کشتیاری کارێکی پێویستە. ئەوەندەی من بزانم: هیچ توێژینەوەیەکی شارەزای کشتوکاڵی لەم جۆرە نەکراوە.

هەروەها پێدەچێ ئەمە بەبیانوو بۆ ئـەو گونـدو شـارانە بهێنرێتـەوە کـە گۆمـاوە بۆگەنەکانی سەرچاوەی مەلاریا ژیانیان لێ تاڵکردوون. ئەمـە دیاردەیـەکی بـەرچاوە، بەڵام ئەوی وا لێرە پێویستە، وشککردنە، نەك ئاودێری.

دیسان ئەبێ پارە بۆ پاراستنی هەندێ ناوچـەی دیاریکراوی بـەپیتی وەك دۆڵـی (Meander)، لە داخوران بەو ئاوە خـوڕەی کـە لـە جۆگـەکان سـەر ڕێـژ دەبـێ و، کێڵگـەکان بەبـەردولم داتەپۆشـێ، خـەرج بکـرێ. بـەڵام دانیشـتوانی زۆرینـەی ئـەو شوێنانە، چونکە مەسیحیەکان چۆڵیان کردوون، بۆ نیوەی جارانیان کەم بوونەتەوە. بۆیـە گومـان لـەوە هەیـە کـە ئـەو زەوییانـە، پـاش تـەواو چـاککردن، سـوودیان لێ وەربگیرێ؟

لەکاتێکدا ئەنگۆرە بەخۆشحاڵییەوە باسی ئاودێری ئەکات و، پێویستی بە پارەیە بۆی، کارێکی ژیرانەیە بزانرێ قازانجە ڕاستەقینەکانی چی ئەبن.

ڕێگەوبان

ڕێگەکان بەگشتی خراپن و، لەتەڕو توشیدا گەشتیان پێداکرێ. شۆستەکان، وەك شوێنەکانی تری تورکیاش، تەنها (١٠) میل دەچێتە دەرو، پینەیەکی زۆری ئەوانـەی دواتری کراون و، دواجار ئەمەیش نامێنێ، تا نزیك دەبێتەوە لە شارێکی ترو، ئـەمجا حاڵەتە کە پێچەوانە دەبێتەوە. جادە سەرەکیەکان، زۆر کـەم، لەڕێگـە خۆڵینـەکانی تەنیشتیان باشترن.

* ڕێگەی ئولوو قشلە– ئەدەنە	پشـتگوێ خـراوە، بـەڵام هێشـتا بەکەڵکی بەکارهێنان دێ.
* ئەدەنە– جەیهان	جادەیـەکی سـەرەکیی فەرامۆشـکراوە و، جێـی تایـەی قووڵـی زۆرن.

*جەیهان– عوسمانییە	خۆڵەو، پردی نییەو، چەمەکە لەوەرزێکی خۆشدا بە کەڵکی پەڕینەوە دێ
عوسمانییە– دامێنی گاورداغ	خۆڵەو، لەسەر جادەیەکی پشتگوێ خراوە. پردەکانی بەزۆری رووخاون.
*مەورانی رۆژئاوای گاورداغ	رێگەیەکی ئەندازەیی فەرامۆشکراوی خراپە.
* لوتکەی گاورداغ– فەوزی پاشا	رووکاری دەرەوەی باشە. پردەکەی لە بنەوە تێکچووە.
* فەوزی پاشا– لقی عەینتاب	باشە.
* لقی عەینتاب– باکووری ئەل– ئۆغلوو	مرۆڤ سەری لێ سوردەمێنێ.
* باکووری ئەل ئۆغلوو– مەرعەش	زۆر باشەو، لقێکی وێستگەی هێڵی ئاسنیشی هەیە.
* سەعات٦:١٥ لەئەدەنەوە بە فۆردێکی نوێ دەرچووم، ٣:٣٠ گەیشتمە مەرعەش،و، لەرێگەش سەعاتێك پشووم دا.	
* مەرعەش– دووڕییانی جادەی فەوزی پاشا	جادەیەکی سەرەکیی بەردرێژە. رووکاری دەرەوەی، جگە لە چەند ماوەیەکی پچڕ پچڕ، زۆر خراپە. ماوەی دارینی پردی، بڵێین، (پێنج) میلی دەرەوەی مەرعەش رووخاوەو، هەروەها ئەوی بیست میلی دەرەوەیشی بەرەو نەمان دەچێ.
* فەوزی پاشا– عەینتاب	بۆ هاتوچۆی ناوخۆ باشە.

* دوورییـــانی ڕێگـــەی فـــەوزی پاشا– عەینتاب	زۆر باشـترەو، چـەند کیلۆمـــەترێکی تـەواو چاککراوە. مەرعـەش– عـەینتاب سێ سەعاتە ڕێیە.
* عەینتاب– نزیب (Nizib)	دروستکراوەو، ڕووەکەی نارێکە. پـرد نییە،بەڵام لە وەرزی وشکیدا، چەمەکان بوارن.
*نزیب– جەرابلووس	ڕێگەیەکی خۆڵینە.
* جـــەرابلووس– بـــیرەجیکی بەرامبەر	خۆڵینە.
*عەینتاب– بیرەجیکی بەرامبەر	دەڵێن دروستکراوە، بەرزونزمی زۆرن.
*بیرەجیك	بەلەمی ساکاری پەرینەوە.
* بیرەجیك– ئورفە	سەرەکییەو، زۆریەی چاڵو چۆڵـەو، لێرەولـەوێ هـەر نامێنـێ. پردەکـان، بـەزۆری، روو لـــە چاککردنـــەوەن،و، نزیکەی سێ سەعاتە ڕێیە.
* ئورفە– سیوەرەك	دروسـتکراوە. هـەندێ جـار تـەواو نامێنێ. زۆرجار نارێکەو، چەند میلێکی کـەمی باشـن. بینـای پـردی سـەر ڕووبارەکە (بڵێـن پـازدە میل خـوارووی سـیوەرەك) باشـــە. سـەرجەم کەڵـەپردەکانی پـــردی (دوو میلـــە باشووری سـیوەرەك) قـورو بـەردن،و، سەرەکەیشی دراینە.
* سیوەرەك– دیاربەکر	دروستکراوەو، زۆریـەی چاڵو چۆڵـە،

	بەڵام دە میلی دوایی‌ی باشن.
* ئۆرفە- دیاربەکر	شەش سەعاتە ڕێیەکە.
* دیاربەکر- حاسلۆ	دروستکراوەو، بەردرێژە. لە دوای شەش کیلۆمەترو بەلای ڕاستدا دەچێتەوە بۆ سعرتو، لە پەنجاو هەشت کیلۆمەترو لای چەپدا دەچێتە حەزۆ.
* حاسلۆ -سیلوان(هەشتاو پێنج کیلۆمەتر)- باتمان سۆ	بەرد ڕێژو باشە.
* باتمان سۆ	پردێکی لەقورو بەرد دروستکراوی یەك کەوانیی هەیە.
باتمان سۆ- حەزۆسۆ	بەکەڵك نەماوە.
* حەزۆسۆ	پردێکی لە بەردو قورکراوی هەیە.

ڕێگەیەکی تر کە لە وەرزی خۆشیدا پەسند بێ، ڕێگەی خۆڵی شەش کیلۆمەتری دەرەوەی دیاربەکرە بەرەو غۆبان. لێرە ڕێگەیەك دەچێتەسعرتو حەزۆسۆ.

* حەزۆسۆ- غەرزان	ڕێگەیەکی خۆڵینی باشە.
* غەرزان- بدلیس سۆ	ڕێگەیەکی ئەندازەیی‌ی سەرگردەکانەو، ڕووەکەی بەرزو نزمە.
بدلیس سۆ- بدلیس	ڕێگەکە لە بەری جۆگەکەدا بڕاوەو، نارێکوپێك بۆ لۆرییە عەسکەریەکان چاککراوەتەوە. جێی دوو لۆری لە زۆربەی شوێنەکاندا دەبێتەوە.
* دیاربەکر- بدلیس بەفۆردی	سەعات٦:٠٠ی بەیانی دەرچووم،

نوێ	٦:٣٠ی ئێوارە، گەیشتمە جێ. سەعاتو نیوێك بۆ پشوو لامدابوو. بە هەمان ئۆتۆمبیل سەعات ٧:٣٠ی بەیانی لە بدلیس دەرچووم، بەغۆباندا، ٤:٣٠ ئێوارە گەیشتمەوە دیاربەکر، بەڵام سەعاتێك پشووم دا.
* بدلیس– مووش	نەوەد کیلۆمەترە. سی کیلۆمەتری یەکەم دروستکراوەو، چاڵوچۆڵی زۆرن. سی کیلۆمەتری ناوەڕاست بەقەراغی دەشتی مووشدا دەڕواتو، چەمێکی گەورەی بێ پردیشی لەڕێیە، کە لە وەرزی وشکانیدا ناوەڕاستەکەیشی بواری پەڕینەوە دەدات. دوا سی کیلۆمەتر دروستکراوەو، ڕووەکەی بەرزو نزمە. کاتی پێویست بۆ بڕینی، بە فۆردێکی تازە، سێ سەعاتە.
* بدلیس –وان	١٠ میل لەدەرەوەی بدلیس دەبێتە ڕێی لاوەکی (فرعی). ئەڵێن ڕێگەی دەوری باکووری دەریاچەکە، لەکەشو هەوای تالەباردا نەبێ، لۆریی بەسەردا دەڕوات، بەڵام هی باشووری، تا دەوریەری. کۆتایی‌ی مانگی مایسی ئەمساڵ بەکەڵك نایەت.

* مووش پرۆژەی تەواوکردنی سێ ڕێگەی بەرەو دیاریەکرو بدلیس‌و بایەزید هەیە.	
ڕێگەیەکی دروستکراوی نەوەد کیلۆمەترییە. بەشێکی زۆر باشەو، ئەوانی تری کەڕێگەی لاوەکییان نییە، یەکجار خراپن. سێ سەعاتە ڕێیە.	* دیاریەکر- ماردین

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٧٢، ل١١٧-١٢٧،ژ:١/٦٨

ژ:٥٦

لە مستەر ئەدمۆندزەوە بۆ مستەر هندرسن.

ژمارە:١٦٦

قوستەنتەنییە، ٢٣ی مایسی ١٩٣٠

گەورەم،

ئاماژە بە نووسراوی ژمارە (١٥٨)ی (٢١) ئەم مانگەم، خۆشحاڵم لێرەدا کۆپیی نووسراوێکی تری کونسوڵی تەرابزوونی خاوەنشکۆتان تایبەت بە بارودۆخی کورد بۆ بنێرم. ئەم نووسراوە بریتییە لە زانیاریی وەرگیراو لە کونسوڵی ئێرانەوە لە ئەرزرۆم سەبارەت بە پیلانێك کە لە ئەرزرۆم هەڵوەشێنراوەتەوەو، شەڕێکی نزیك بایەزید لەگەڵ یاخییاندا، کە لە ڕاستیدا بەشێك بووە لەو یاخیبوونەی کەوا مستەر ماتیۆس باسی کردووە(بڕوانە نوسراوی ئاماژە پێکراوی سەرەوە)و، کۆبوونەوەی سەرباز نزیك سنوورەکانی رووسیاو ئێران کە ڕەنگە ئامانجیان گەمارۆدانی ژمارەیەکی زۆر یاخیی پەنابردوو بۆ چیاکان بێ.

٢ـ گومانی تێدا نییە، زانیارییەکانی کونسوڵی گشتیی ئێران لەسەر کۆڵۆنێل لۆرەنس. تەنها قسەو قسەڵۆکی بەردەوامی ئەرزرۆمەوە، پێدەچێ لە هاوکارە سۆڤەتییەکەیەوە وەریگرتبێ. هەست ناکەم حکومەتی تورک باوەڕ بەو پرۆپاگەندە بێ مانایانە بکات.

دەبلیوو ئێس. ئەدمۆندز
وەزارەتی دەرەوە ٤٢٤/٢٧٢،ل:١٣٠ژ:٧٣

* * *

هاوپێچی ژ: ٥٦
لە کۆنسوڵ ماتیۆسەوە بۆ سێرجی. کلارک
تەرابزوون، ١٢ی مایسی ١٩٣٠

ژمارە:٥٧
گەورەم،

خۆشحاڵم ئەم زانیارییانەی خوارەوەتان بۆ بنێرم کە(١٠)ی ئەم مانگە لە کەسی ئاماژە پێکراوی برگەی (٤)ی راپۆرتی ژمارە (٥٤)ی (٧)ی ئەم مانگەم وەرمگرتوون.

٢ـ دوومانگە، دەسەڵاتدارانی تورک نەوەد کوردیان لە ئەرزروم دەستگیرکردووەو، کوڕێکی شێخ سەعیدو مۆرهەڵکەنێکیان لە ناودایە. ئەو گیراوانە. کۆپیی بەرنامەی (کۆمیتەی کوردستان) بۆ راپەڕینو لیستی ناوی کەسانێکیان، کە کۆمیتەکە فەرمانی کوشتنی داون، پێگەیشتووە. جا دەبوو سەرهەڵدانەکە، بەپێی بەرنامەی ئەو کۆمیتەیە، هاوکات لەچەندین شوێنی جیاجیای ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتو باشووری رۆژهەڵات بەرپابیوایە. ئیبراهیم بەگی سەرۆکی دادگای تاوان (Agir Ceza

Raisi) کە سێ ساڵ لەمەوبەر شەست کوردی بەتاوانی جێبەجێ نەکردنی یاسای کڵاووشەپقە بەمردن حوکم دابوو، یەکەم ناوی لیستەکە بووە. خالیسی کوڕی شێخ عەبدولمەجید[1]، وەك لە راپۆرتی ژمارە (٦٨)ی (٤) ئەیلوولی (١٩٢٨)مدا ئاماژەم پێکردبوو، بەشداریی هێرشی پایزی ساڵی ١٩٢٨ی بۆ سەر کاروانێك کە فەرشی لە تەورێزەوە بۆ تەرابزوون گواستبووەوە، کردبوو، و پێشدەچێ یەکێك لەو سەرکردە وکوردانە بووبێ کە ئەم دواییە دەستگیرکراون. زانیاری لەبارەی ناوی کوڕی شێخ سەعید یاخود مۆرهەڵکەنەکە (حکاك Hakak)وە نییە کە گیرابن، لەبەر وردەکاریش هیچ پرسیارو لێکۆڵینەوەیەك نەکراون، مۆر هەڵکەنەکە بە تاوانی دروستکردنی مۆر بۆ (کۆمیتەی کوردی) تاوانبارکراوە. دوازدە لەو کووردە دەستگیرکراوانە ناوەڕاستی مانگی نیسانی رابردوو نێردراونە ئەنکۆرە بۆ دادگایی. دوا شەڕو پێکدادانی کوردو سەربازانی تورك، کە خاوەنی ئەم زانیارییانە بیستبوونی، چەند هەفتەیەك لەمەوبەرو لەسەر رێگەی بایەزیدی– قەرەکۆسە روویان دابوو، قوربانییەکی زۆریان لێکەوتەبووەوەو، کوردەکان پێنج ئەفسەری تورکیان بەدیل گرتبوو، دواتر پارچەی لەشیان بڕیبوون، و کوشتبوونیان. تورکەکان باوەڕیان وابوو، کە کوردەکان نەخشەی راپەڕینێکی سەرتاسەرییان بەڕێنوێنی کۆلۆنێل

---

[1] خالیس بەگ (١٨٨٩–١٩٧٧) بە تۆپزتورك ناسراوەو لە هۆزی سپیکییە. باوکی قوماندانێکی سوارەی حەمیدی بووەو، شەڕی رووسی کردووەو، ١٩٣٠کۆچی دوایی کردووە. خۆی پێشتر خەریکی کشتوکاڵ بووە. ١٩٢٨ ئەندامێکی وەفدی شۆڕشی ئاگری بووە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتدا. دوای شۆڕشەکە، چووەتەوە ناو ئێران. دواتر بەلێبووردنی گشتی گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا. سێ جار بە نوێنەر لەسەر پارتی دیموکرات هەڵبژێردراوە. لەمەڕای ١٩٦٠دا دوورخراوەتەوە بۆ (یاسسی ئەدە)و مەحکەمەکراوەو، مارەیەك گیراوە. پاشان لەئەرزرۆمەوە براوە بۆ تەرابزوون، و، هەڵاتووە (ئیحسان نوری بیتلیسی، شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، وەرگێڕانی م. جەمیل رۆژبەیانی، بغداد، ١٩٩٣، ل١٩؛ رۆمات ئالاکۆم، خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری، وەرگێڕانی شوکور مستەفا، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٥٥، ٦٢، ٧٥–٧٦) . (س)

لۆرەنس[1] کێشابوو. هەواڵ لە ئەرزرۆم هەیە کە ناوبراو مانگێك پێش ئێستا لە قەرەکۆسە بینراوەو، دواتر پۆلیس فەرمانی چاودێریی پێدراوە. هەوڵدەرەکەیش هاودەنگم بوو کە ئەم قسەیەی سەبارەت بە کۆلۆنێل لۆرەنس، سەیرە. سەرباری ئەمە، تورکان باوەڕیان وابوو کە کۆلۆنێل لۆرەنس لە ڕاستیدا لەناو وڵاتی کوردانا نەبوە، بەڵکو زیاتر لە سنوورەوە نزیك بووە. فەوزی بەگ والیی ئێستای ئەرزرۆمو ئیبراهیم بەگی سەرۆکی دادگای تاوان، ناکۆکن. ئیبراهیم بەگ، بەئامادەبوونی هەواڵدەرەکە، وتبووی والی، چونکە بەرەچەڵەك کوردە، ناتوانێ مەترسی بارودۆخەکە هەڵسەنگێنێ.

٢. هەواڵدەرەکە پشت ڕاستی کردەوە کە سەربازی فەیلەقەکانی (٧)ی دیاربەکرو (٨)ی تۆقات[1]– بەپێی قسەی ئەو سیواس و (٩)ی ئەرزرۆم بەدرێژاییی سنوورەکانی ئێران و ئەرمەنستان لە ئیغدیری باکوورەوە بۆ کەڤەر یان گەوەری مەکاریی دووسەعات لەدزە (Diza)[2] وە دوورەو ورمێ یاخود رومییە (Rumye)ی سەرسنووری ئێران لەباشوور بەرەو ڕۆژئاوا کۆکرانەوە. ئەو پێی وابوو ژمارەی سەربازە کۆکراوەکانی سەر سنوور لە (١٥٠٠٠)چەکدار زۆر زیاتر بووە و، زۆریەیان هی هەرێمی بایەزید بوون. تورکەکان وتوویانە گوایە ئەو سەربازانە بۆ مانۆڕ کۆکراونەوە. مۆڵدانەکە دەوروبەری (٢٤)ی مانگی مارس دەستی پێکردووە کەچوار فەوجی سوارەو ٢٠٠ حوشتری بارکراو، لە تەقەمەنی لەدیاربەکرەوە

---

[1] مەبەست تۆما لۆرەنس (١٨٨٨–١٩٣٥)ە کەئەفسەرو نووسەرێکی ئینگلیزییە، متمانە پێکراوی زۆر بەرزی وڵاتەکەیبووە لەلای سەرانی عەرەب و، بەتایبەت شەریف حسێن لەیەکەم جەنگی جیهانی، ولەوەودوادا. سالانی ١٩١٦–١٩١٨ هانی عەرەبیدا بۆ شۆڕش دژی تورکو لایەنگیریی کرد. ڕۆژنامەوانی ناسناوی(مەلیکی تاج لەسەر نەتراوی عەرەب)ی لێناوە(المنجد فی الاعلام، حکومەتی ٦١٥)(س)

[1] ویلایەتێکی بەشی باکووری ناوەڕاستی تورکیایە.(س)

[2] قەزایەکی نزیك بە سنووری ئێرانو لە ڕۆژهەلاتی ویلایەتی حەکارییە.(س)

گەیشتبوونە قەرەکۆسەو، هەر لەوماوەیەدا، چوار فەوجی تری سوارە بە ئەرجیشدا بەرەو وان پەڕیبوونەوە. جگە لە سەربازە هەزاران جەندرمەیش گەیشتبوونە سنوورەکان. زەکی پاشای سەرۆکی پێشووی جەندرمە فەرماندەیی ی فیرقەی جێگیری قەرەکۆسە کردبوو، دواتریش سالّح پاشا هی فەیلەقی نۆی سەربازیی لە سوداد پاشا وەرگرت.

٤- زانیاریدەرەکە نەیتوانی باسی کۆبوونەوەکە بکات. قسەکانی ئەرزرۆم هی کوردەکانن، بەلاّم کاربەدەستانی تورکیش دەیانەوێ رێ لە هاتنە ناوەوەی کەسانی وەك ئەرمەنیو سەربازانی ئاژاوەگێڕی سۆڤیەتی لەسەرتاسەری قۆقازەوە بۆ ناو وڵاتەکەیان بگرن. ناوبراو بیستبووی پێنج فیرقەی رووسی چوویوونە ناو خاکی ئێرانەوە. تورکیایش پەنابەرانی ئەرمەنیی دزە کردووی بۆ ناو خاکەکەی دەستگیرکردووەو، دوانیەوە دەست رووسەکان، ئیتر ئەمەرنیەکان ملی رێگەیان گرتوو بۆ ناو خاکی ئێران.

٥- لەنووسراوەکانی ژمارە (٥٦)ی (١٤)ئابی (١٩٢٨)و (١٦)ی (١١)ی تەمموزی (١٩٢٩)مدا ئاماژەم بەو هەواڵدەرە داوە کە (٩)ی ئەم مانگە لەگەڵ ژنە ناساغەکەیدا، هاتنە ئێرەو، (١٥)ی مانگ بە تەنیا گەڕایەوەبۆ ئەرزرۆم.

٦- زانیم کەشتیی هەڵمیی هێڵی سدیق زادە، کۆتاییی نیسانی رابردوو، بە باری (٥٠٠ پێنج سەد) تەن بەنزینەوە لە باتوومەوە گەیشتووەتە ئێرە. دەسەڵاتدارە سەربازییەکان دەستیان بەسەر بەنزینەکەدا گرتووەو ، بە لۆریو حوشتر روویە ئەرزرۆم دەیگوێزنەوە. تفەگو تەقەمەنیش بە برێکی زۆرو بەرچاو، لە چەند هەفتەی رابردوودا، نێردراون.

دەبلیو.دی. دەبلیو. ماتیۆس

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٧٢، ل: ١٣٠-١٣١، ژ:١/٧٣

ژ:٥٧

لە مستەر ئەدمۆندزەوە بۆ مستەر ئێی، هندرسن (١٠ی حوزەیران گەیشتووە)

ژمارە:١٩٤

ئەنگۆرە،٣ی حوزەیرانی ١٩٣٠

گەورەم،

پێم خۆشە ئاگادارتان بکەمەوە کە گەنجێکی کوردی سەلاحەدین[١] ناوی کوڕی شێخ سەعیدی ڕێبەری سەرهەڵدانی ١٩٢٥ی کوردستان لێرەیەو، بە تاوانی پیلانگێڕان لە ئەرزڕۆم، کە کونسوڵی خاوەنشکۆ لە تەرابزوون ئاماژەی پێکردووە (نووسراوی ژمارە ١٦٦ی ٢٣ مایسم)، چاوەڕێی دادگایی دەکات.

٢ـ ڕۆژنامەی (مللییەت)ی نیمچە ڕەسمی، ٢٦ی مانگی ڕابردوو، نووسیبووی چۆن کاتێك سەلاحەدین لە بەغدا پەنابەر بووە، نێردراوەتە قوتابخانەی سەربازی ئەوێ، دانی پێداناوە کە خەرجیی، خوێندنەکەی، بەڵام نەك دژی تورکیا، لە سێر هاملتۆن[٢] (سێر ئی. ئێلینگتۆن؟) وەرگرتووە. ئەم زانیارییە هەڵەو بێ زیانە لەژێر سەردێری "کۆمەڵێ ناپاك"دا نوسراوەو، دەڵێ: "پرۆژەی ئایندە دژی کەسانی سەر بەو ڕێکرو

---

[١] دوای تێك شکاندنی شۆڕشی شێخ سەعید هەڵاتە دیوی عیراق. نووری سەعیدی سەرۆك وەزیری ئەو کاتەی حکومەتی پاشایەتی، پاراستیو خستییە کۆلیجی عەسکەریی بەغدا.ساڵی ١٩٣٠ گەڕایەوە بۆ تورکیا (روبرت اولسون، البیرانیون نسبا، مناصب، سیاسات، مقاتل، مناف الخ،" کوردنامە" (مجلە دوریە)، دمشق، ...ددان ٢-٣، تموز ایلول ١٩٩٥) - (س)

[٢] مەبەستی (ئەی. ئێم. هاملتۆن)ی خاوەنی کتێبی طریق ڤ کردستان، ترجمە جرجیس فتح الله، بغداد، ١٩٧٣)ە کە ئەوکاتە سەرپەرشتیی کردنەوەی ڕێگای نێوان ڕەواندز- حاجی ئۆمەرانی کردووە بۆ سەر سنووری ئێران.(س)

چەتانە دەبێ کە یارمەتی‌و پارەی مستەر هامڵتۆنیان لە بەغداوە پێ دەگات‌و، کێشەو ئاژاوە لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات دەنێنەوە"[٣]

ڕۆژنامەیەکی تەنزئامێز کە خوێندەوارێکی زۆری هەیەو، بەقازانجی حکومەت دەردەچێ، یەکەم پەڕەی بۆ وێنەی کوردێکی یاخی تەرخانکردبوو کە حکومەت گرتبوویەو، پاوەنی ئینگلیزیی لێ داکەوتبوو.

٣ـ من پاش ئەوەی راوێژم بە نوێنەری عێراق کرد، نەشیاوی مەبەستی ئەم جۆرە بۆچوونە بێ مانایانەم بۆ ئەو بەشەی کە تایبەتە بە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، روونکردوە. ئەو ویستی بیانوو بۆ هەڵوێستی نابەرپرسانەی ڕۆژنامەنووسانی ناوخۆ بێنێتەوەو، ئەمە ناچاری کردم، بیری بێنمەوە کە هەردوو ڕۆژنامەکە پەیوەندیی تایبەتیان بە حکومەتەوە هەیە. هەرچۆنێك بوو، ڕێنوێنی (تعلیمات)ی بۆ ڕاگرتنی ئەو پێشبینییە زیانبەخشانەی لەمەڕ ئاکامی دادگاییەکە دەرکرد.

٤ـ دوێنێ دەرفەتم بۆ رەخساو، سەبارەت بەمەسەلەکە قسەم لەگەڵ وەزیری دەرەوەدا کرد. ئەو، بەخۆشحاڵییەوە، رازی بوو بەتەواوی واز لەو تێبینیانە بهێنرێ، چونکە بێ بناغەو زیانبەخشن، ناوبراو پەیمانی دا ئیتر شتی لەو بابەتە بڵاو نەبێتەوەو، خۆبەخۆ وتی ئەو سیاسەتەی پێ پەسەندە کە حکومەتی خاوەنشکۆ لە عیراق پێڕەوی دەکات.

٥ـ وێنەی ئەم نووسراوە بۆ کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لەبەغدا دەنێرم.

دەبلیوو. ئێس. ئەدمۆندز

وەزیری دەرەوە،٤٢٤/٢٧٢، ل:١٣٢-١٣٣، ژ: ٧٧

---

[٣] ئەمە فەرەنسییە.

ژ:٥٨

لە سێر جی. کلارکەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن -(٣٠ حوزەیران گەیشتووە)

ژمارە: ٤٣و٤٤

برووسکە

قوستەنتەنییە، ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠

وەڵامی نووسراوی ژمارە (١٦٦)ی مستەر ئەدمۆندز.

بەم دواییە هەواڵی هێرشێکی سازدراوی تورك بۆسەر کوردەکانی هەرێمی ئاراراتی بڵاو بووتەوە.

چاپەمەنییەکان رایانگەیاندووە:١٠ی حوزیران و رۆژانی دواتر لەئارارات هێرشێك کراوەتە سەر چەتەو رێگری لە ئێرانەوە هاتوو. ئەو چەتانە تا ناوخاکی ئێرانی، شوێنی ئامادەکردنیان، راونراون، هێرشی دووەم (١٩)ی حوزەیران نزیك بە خانك Hanik روویداوەو، بیر لەکردەوەی سزادان بەئاشکرا بۆ رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ و باشووری خانك کراوەتەوە. (کۆتایی وەڵام.)

بێگومان چەتەکان کوردن، بەڵام رەنگە دەسەڵاتداران ئامادەنەبن دان بەسیاسەتی لێك تێگەیشتنی ئاشتیانەدا دابنێن.

(بۆ تاران دووبارە کراوەتەوە.)

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل:١، ژ:٢

ژ: ٥٩

لە سێر. ئار. کلایڤەوە بۆ مستەر ئێی هندرسن-(١٠تەمووز گەیشتووە)
ژمارە: ٢٩٨، نهێنی و تایبەتی

گولحەق، ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠

گەورەم،

خۆشحاڵم نووسراوی پاشکۆی سەربازیی هاوپێچ بکەم کەتایبەتە بەلێدوان لەسەر کێشەی ئێستای کوردستانی تورکیا لەگەڵ رۆبن پاشا ناوێکی ئەرمەنیداو، دەیشڵێ گوایە ساڵی ١٩١٤ لە ئەرمینیا وەزیری جەنگ بووە. هەروەها نووسراوی کونسوڵی خاوەنشکۆ لە تەورێز، سەبارەت بەهەمان بابەت، هاوپێچ دەکەم.

٢. ئامانجی راگەیەنراوی سەردانی رۆبن پاشا بۆ تاران دەست خستنی چەکە بۆ کوردانی تورکیا. لەکاتێکدا، بەمەزندەی ئەو، ژمارەی سەربازانی سوپای تورك (٦٥٠٠) چەکدار دەبێ، جەنەراڵی ئێرانی لە تەورێز مستەر پاڵمەری ئاگادار کردووەتەوە کە سوپای تورك (١٥٠٠٠) سەربازی هەیەو، فڕۆکەو تۆپی قورسیش پشتیوانییاندەکەن.

٣. لەبارەی بڕگەی (٨)ی راپۆرتی مستەر پاڵمەرەوە کەتێیدا هاتووە: بەپێی رای ئەمیر عەللام، سیاسەتی ئێران هاوکاریکردنی یاخییانی کوردە بە خۆراك و تەقەمەنی، بێگومان زیادە رۆییە. ڕاستەکە تەیموور تاج دەڵی کوردان هەموویان داردەستی ئێرانن. ناوبراو بەڵگەی ئەوە دێنێتەوە کە پەیوەندیی مێژوویی و دینییان بەئێرانەوەیە، نەك تورکیا، بۆیە هەمیشە سیاسەتی ئێران بەرامبەر بەکورد لەسەر بنەمای دۆستایەتی و لێکگەیشتن بووە. هاوکات بیرۆکەی کوردستانی یەکگرتوو لای حکومەتی ئێرانیش قەدەغەیە، لەبەر ئەوە " مافی چارەنووسی و مافی تایبەت بۆ کەمینەکان" ی ویڵسن کە حکومەتی خاوەنشکۆ بێ ئاگایانە پێیوابوو بەکەڵك دێت، گومانی زۆری لەسەرە.

٤. هەفتەی پێشوو لە وەزیری دەرەوەم پرسی: ئایا نائارامی ئێستای کوردستانی تورکیا هیچ دڵە راوکێیەك بۆ حکومەتی ئێران دروست دەکات؟ بەڕێزی کە تا چەند مانگی رابردوو باڵوێزی ئێران بووە لە ئەنگۆرە، مەسەلەکەی روونکردەوەو، وتی بڕیارە کۆمسیۆنی سنووری تورکیا- ئێران رۆژی (١٠)ی تەممووز، بۆ دیاریکردنەوەی سنوور دەست بەکاربێ‌و، پێشبینیکرد بەر لەکۆتایی وەرزی هاوین، دۆخەکە سەقامگیر ببێ.

٥. وێنەی ئەم راپۆرت‌و هاوپێچە بۆ کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لە بەغداو کونسوڵی خاوەنشکۆ لە تەورێز نێردرا.

ئار. ئێچ. کلایف

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣،٤٢٤، ل: ٧، ژ: ١١.

* * *

هاوپێچی (١)ی ژ(٥٩)

لە نەقیب کۆلۆنێل دۆدەوە بۆ سێر ئار. کلایف

گولحەق، ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٣٠

گەورەم،

خۆشحاڵم کۆپی راپۆرتێکتان لەبارەی چاوپێکەوتنێکی رۆژی (٢٦)ی حوزەیرانی ١٩٣٠ مەوە لەگەڵ رۆبن پاشا ناوێکدا بۆ بەرزیکەمەوە. وێنەی ئەم نووسراوە راستەوخۆ بۆ فەرماندەی هەواڵگری‌و کارە سەربازییەکان وەزارەتی جەنگ‌و سەرۆکی ئەرکانی گشتیی فەرماندەییەکانی سوپا لە هندستان دەنێرم.

پی. سی. ئار. دۆد

پاشکۆی سەربازی

" راپۆرتی چاوپێکەوتنی رۆژی (٢٦)ی حوزەیران لەگەڵ رۆبن پاشا ناوێکدا."

(٢٦)ی حوزەیران، بەپێی وادەیەک، لەگەل رۆبن پاشا ناوێکدا کۆبوومەوەو، ناوبراو پێی راگەیاندم کەساڵی ١٩١٤ لەئەرمینیا وەزیری جەنگ بووەو، ئێستاش بەکارێکی نهێنی هاتووەتە تاران. ئەو، بەنیازبوو هاوکاریی حکومەتەکانی بریتانیاو ئێران بۆ کوردانی تورکیا لەئارارات بەدەست بێنێ.

زانیم ئەمانە سێ چوار ساڵە لەهەوڵی ئەوەدان کە لەژێر دەستەیی تورک رزگاریان بێ و، لەڕاستیشدا ئێستا، سەرەڕای کۆششەکانی تورک بۆ ئەوەی بیانخەنەوە ژێر رکێفی خۆیان، تاڕادەیەک سەربەخۆن.

تورکەکان دەوروبەری (١٠)ی حوزەیران دەست پێشخەری تاوانێکی نەخشە بۆکێشراو بوون دژی کوردانی ئارارات. رۆبن پاشا پێی وابوو سوپای تورک (١٥٠٠) نیزامی و نزیکەی (٥٠٠٠) نانیزامی دەبێ و، ئەمەیش زۆر لەژمارەی راگەیەندراوی سەرچاوەکانی تر کەمترە. کوردەکان دوو ناوچە، یەکیان بەرەو باکووری ئەرجیش و، ئەوی تر هەرێمی چیای ئارارات و بەرەو رۆژئاوایان کۆنترۆڵ کردووە. دەیانەوێ پانتایی نێوان هەردوو دەڤەرەکە بگرن و، بیکەنە هەرێمێکی شۆرشگێر. سوپای تورک کراوە بەدوو بەشەوە: گروپێکیان لە باشووری ئەرزرۆمەوە بەرەو ئارارات و، ئەوی دی باکووری رۆژئاوای گۆلی وان بەرەو ئەرجیش و بایەزیدی پێ سپێردراوە. شوێنی ئەم کردەوە سەربازییە بۆ سەربازانی نیزامی زۆر سەختەو، تورکەکان بەهێشتنەوەی هێزەکانیان لەو هەرێمانەدا گرفتیان زۆرە.

سۆڤیەت رێ بەتورکیا دەدات بۆ پێویستیەکانی سوپاکەی بەرێگە ئاسنەکانی سۆڤیەت و بەناو کۆماری یەکێتی سۆسیالیستیی سۆڤیەتیدا دابین بکات.

کوردانی تورکیا بەدەست کەمو کوڕیی ئاسایی تەقەمەنییەوە کە تاکە داوایانە بۆ درێژە پێدانی بەرگری دژی تورک، دەناڵێنن. تەنها داوای رۆبن پاشایش دابینکردنی نارەسمیی تەقەمەنی بوو بۆ کوردەکانی ئارارات.

ناوبراو پێشنیاری ئەوەی لاکردم کەئەگەر حکومەتی بریتانیا رازی بێ، ئەوا ئەم دەتوانێ تەقەمەنی زۆر بەنهێنیو لەرێی عێراقەوە بۆ کورد بگوێزێتەوە. بۆیە پێویست بوو پێی رابگەیەنم کە ئەم داوایەی بێمانایەو، ناتوانم ئەم مەسەلەیە بەجددی بگەیەنمە وەزیری خاوەنشکۆ. ئەو، بەهیوابوو لەگەڵ حکومەتی ئێراندا سەرکەتووتربێ.

قسەکانی رۆبن پاشا ئەوەیان دەگەیاند کە سۆڤیەت تورک وەك داردەست بەکاردێنیو، نارەسمی یارمەتی تورك دەدات بۆ کۆنتۆڕلکردنی کوردەکان، تاپاشتر خۆیان بەشێوەیەکی ئاشتیانە دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن. بەمەیش گەرەکیانە دەسەلاتی خۆیان بەرەو خۆرهەلات تا خوارووی کەناراوەکانی دەریای قەزوینو بەرەو باشوورو عێراق فراوان بکەن. ئەمە ترسی رۆبن پاشایە، بۆیە هیوادارە ئامانجی ئەم کارەی ئێستای لەتاران دەستەبەر بکات.

" نەقیب کۆلۆنێل پێرسی سی. ئار. دۆد"

پاشکۆی سەربازی

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ٨، ژ: ١/١١

*** ******

هاوپێچی (٢)ی ژ: (٥٩)

لەکونسوڵ پالمەرەوە بۆ سێر. ئار. کلایف.

ژمارە: ١٠٨ نهێنی

تەوریز، ١٨ی حوزەیرانی ١٩٣٠

گەورەم،

خۆشحاڵم پێتان رابگەیەنم کە جەنەراڵ ئاگاداری کردمەوە: (١٢)ی حوزەیران‌و دوای بۆمبارانکردنێکی سێ رۆژەی مەترێزەکانی پێشەوەی یاخییان، سوپای تورک کە وامەزەندە دەکرێ(١٥–١٦) هەزار چەکداربووبن، بەتۆپی قورس‌و پێنج فڕۆکەوە شاڵاویان بردە سەر کوردەکان لە شاخی ئاراڕات.

هێرشەکە لە ئیغدیرەوە دەستی پێکردو، بەرەو دیواری پارێزگاریی نیمچە ڕووخاوی (سەردار بولاق– Sardar Bulak)ی باشووری رۆژهەلات کە دەکەوێتە نێوان هەردوو ئاراڕاتی گەورەو بچووك، پێشڕەویی کرد.

٢. رەنگە ئەو خاڵە کۆنترۆڵ کرابێ، کەچی جەنراڵەکە پێیوابوو کۆششی تورکەکان شکست دێنێ، چونکە ئەو دیواری پارێزگارییە لەزستاندا گەلێ سەخت‌و لەبڕین نەهاتووە.

٣. هەڵبەت دەتوانرا گوندو کۆختەکانی بناری ئاراڕات بسووتێنرانایە، بەلام دەڵێن یاخییەکان هێندەیان خۆراك پێیە کەدەتوانن تاماوەیەکی درێژ بمێننەوە. دەشێ یاخییان خێزانەکانیان ناردبێ یان بنێرنە لای کوردانی ئێران.

٤. جەنەراڵ رایگەیاند: هەموو هەوڵێکی دەخاتەگەڕ بۆ چەککردنی هەرپەنابەرێك، بۆیە داوای لە تورکەکان کردووە چوار مانگ پێش دەست پێکردنی هەر هێرشێکی نەخشە بۆکێشراو، ئاگاداری بکەنەوە. جالەبەر ئەوەی چەند رۆژێکی کەمیان داوەتێ‌و (پەلاماری رووسەکانیش لەئارادایە)، نەیتوانیوە هەنگاوی پێویست بنێ‌و، مادام ئاگادار نەبووە، رازی نییە بەرپرس بێ.

٥. ئەو پێیوابوو دەشێ باشتر بێ تورکان هێزەکانیان بکەنە چەند ستوونێکی تێکەڵی چوارهەزار کەسی. ئەمجا لەچەندین قۆڵی جیاجیاوە هێرش بکەنەسەر چیای ئاراڕات‌و، لەڕێگەی بێتەلیشەوە پەیوەندیی بەردەوامیان پێکەوە هەبێ.

تێبینی:

هەربەم شێوەیەبوو ئیتاڵیەكان ساڵانی ١٩٢٧و ١٩٢٨ لەشاخی بەرقە (Cyrenaican Jebel)[1] سەركەوتن،بەڵام ئەم چیایە لەگەڵ ئاراراتدا بەراورد ناكرێ.

٦. ئاسان نییە ژمارەی یاخیبانی كورد دیاری بكرێن. ساڵی رابردوو دەیانوت دوو هەزار چەكدار دەبن، بەڵام ئێستا باوەڕوایە، بەهۆی پەنابەرە موسڵمانەكانی رووسیاوە، ژمارەیان (١٥٠٠)ی‌تر زیادی كردبێ.

٧. (١٥)ی مانگ بەڕێوەبەری بانكی میللی (Bank Milli) بۆ نانی ئێوارە داوەتی كردم، تا ئەمیر عەللام ببینم كە (١٧) ی مانگ دەچووە تاران.

سەردار ئینتیسار (Sardar Intisar)ی هەشت ساڵ لەمەوپێش رەئیس نیزام (Rais Nizam)و پارێزگاری گشتیی تەورێزو ئێستا پارێزگاری گشتیی باشووری ئێران، وەك سەرۆكی وەفدی ئێران بۆ مەسەلەی سنوور دەست نیشانكراوە، بەم نزیكانە لەڕێگەیدا بەرەو ماكۆ دێتە ئێرە.

٨. ئەمیر عەللام لای خاتوو ماك گرات كە (١٦)ی مانگ چاوی پێی كەوتبوو، دانی پێداناوە كە بەرنامەو سیاسەتی ئێران بریتییە لەهاندان یاخود یارمەتیدانی یاخیبانی كورد بەخۆراكو تەقەمەنی دژی تورك.

٩. ئەمەیش لەگەڵ بۆچوونی بەرچاوخراوی خۆمدا كەلەگەڵ خاتوو ماك گراتدا لێی دوام، لەسەرچاوەی تریشەوە بۆم دەركەوتبوو، یەكدەگرێتەوە.

١٠. وێنەی ئەم نووسراوە بۆ باڵوێزخانەی ئەنكۆرەی خاوەنشكۆ نێردراوە.

ستانهەوپ پاڵمەر

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٧٢، ل: ٨-٩، ژ: ٢/١١

---

[1] شاخێكە لە ناوچەی بەرقەی باكووری رۆژهەڵاتی وڵاتی لیبیا (المنجد في الاعلام، حكومەتی ١٢٦). (س)

ژ ٦٠٤

لە سێر جی کلارکەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (٧ی تەمووز گەیشتووە)

ژمارە: ٢٥٤

قوستەنتەنییە، ٣ی تەمووزی ١٩٣٠

گەورەم،

خۆشحاڵبووم، لەبرووسکەی ژمارە (٤٣)ی (٣٠)ی مانگی رابردوومدا، لەچەند راپۆرتێکی ئاژانسی ئەنادۆڵ لەمەڕ کردەوەی سەربازیی نزیک سنووری تورکیا-ئێران دژی چەتەکانی کورد، ئاگادارتان بکەمەوە.

٢- ئەم راپۆرتانە بۆ چەند رۆژێکو دوای بڵاوبوونەوەی رۆژنامە ئەورووپییەکان کە زانیارییان لەسەر کارە سەربازییەکانی سنور تێدابوو، دواکەوتن، و، کە دەریشچوون، ئاشکرابوو مەبەستیان بچووککردنەوەی قەوارەی شەڕەکەیە.

راستە، ئاماژە بەبۆمبابارانی ئاراڕات لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیاوە کراوە، بەلام بەپێی راگەیاندنی رەسمی، ژمارەیەکی کەم سەرباز بۆ بەرەنگاریی پەلامارێکی بێ بایەخی سەرسنوور بەکارهێنراوە. دوا برووسکەی وان کە تێیدا هاتبوو: ژمارەیەکی زۆر پەلاماردەری کۆبووەوە لە (یەکمالان Yakmalan)ی ئێران لە(گەوەری سامیان Gevirisamyan)ەوە سنووریان بڕیوە، پەیوەندییان بەهۆزی حەیدەرانلییەوە کردووە، هێرشیان کردووتەسەر چەند رەبییەیەکی جەندرمەو، هەوڵی یاخیبوونیان داوە لەنزیک زیلان[1]، ئەوەی نیشاندا کە دۆخێکی ترسناکتر بەڕێوەیە، برووسکەکە بەکورتی ئاماژەی پێکردبووکە کارکراوە بۆ بەرگرتن لە گەڕانەوەی هێرشکەران بۆ ئێران.

٣- سێ رۆژە راگەیاندنی رەسمی دەرنەچووە، بەلام باری سەرسنوور تاڕادەیەکی زۆر بابەتی لێدوانی چاپەمەنییەکان بووەو، ئێستایش ئاشکرایە کەکاری سەربازی

[1] ناحیەیەکی نزیکی باکووری شاری ئەرجیشە لە ویلایەتی وان. (س)

بەشێوەیەکی بەرچاو لە ڕۆژئاوای گۆلی ورمێو نزیک ئاراراتی شوێنی ڕاپەڕینی خێڵی بەهێزی کوردی جەلالین دژی حکومەت، دەستی پێکردووەو، بەپێی نووسینەکانی ئەمرۆی (میللیەت)ی نیمچە رەسمی، یاخییان گەمارۆدراونو، تەواو دامرکاندنەوەیان تەنها مەسەلەی چەند ڕۆژێکی کەمە.

٤ـ وەك چاوەڕوان دەکرا، چاپەمەنییە هاوکاریکراوەکانی حکومەت هاودەنگی حکومەتن بۆ چارەسەری (مەسەلەی سنووری ڕۆژهەلات) چونکە ئیتر هێزی گەورەی تورك لە هەرێمی ئارارات بەدی ناکرێ. هێورکردنەوەی بەزەبری هێزی ئەو بەشانە، لەئانو ساتدایەو، گوندەکانیش کە زۆر بەفراوانی بڵاوبوونەتەوە، لەگەڵ زەویدا تەخت دەکرێنو، ئەمجا دوای وێرانکردن، دەسەڵاتە مەدەنییەکان بەرەو رووی بنیاتنان دەبنەوە.

٥ـ دوورنییە حکومەتی ئێران بەرپرسی ئەم ڕووداوانە بێ، چونکە یەکجار لەسنوورییەوە نزیکن، دەڵێن سەرکردەکانی یاخیبوون، ئەگەر بکرێ بەوە ناوببرێن، بەژمارەیەکی کەمەوە لەخاکی ئێرانەوە هاتوونو، لەوێ چەكو تەقەمەنیی بەشی خۆیانیان هێناوە. دەسەڵاتدارانی ئێران هیچ هەوڵێك نادەن بۆ ڕاگرتنی هێرشەکانو، چاپەمەنییەکانیش دەپرسن: ئایا ئەمە هەڵوێستێکی ڕاستە بۆ دەوڵەتێکی دراوسێ کە تورکیا ڕێککەتننامەی دۆستانەی لەگەڵدا هەیە؟ کونسوڵی ئێران وەڵامی ئەم پڕوپاگەندەیەی دایەوە کە گوایە ئێرانیش هاوشێوەی تورکیا بەدەست پەلاماردەرانەوە دەناڵێنێ، بەڵام دەنگ ناکاتو، حکومەتی تورکیایش ئارازی نییە چاپەمەنییەکان دەوارێك لەئێران هەڵدەن، چونکە ناتوانن هیچ زیانێك بدەن، بێگومان ئومێدیان وایە، ئەمە بەدواداچوونی ئامانجی سەرەکیی کردەوە سەربازەکان کە دوایی هێنانە بە گێچەڵی یاخیبوونی ساڵی ١٩٢٥ی کوردان، نەهێڵێ.

وێنەی ئەم نووسراوەم بۆ نوێنەری خاوەنشکۆ لە تاران ناردووە.

جۆرج. ئار. کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل٤-٥، ژ:٧

ژ:٦١

لەسێر جی کلارکەوە بۆ مستەر ئێی هندرسن (٧ی تەمووز گەیشتووە)

ژمارە:٤٥

برووسکە،

قوستەنتەنییە، (٧)ی تەمووزی ١٩٣٠

ئاماژە بەنووسراوی ژمارە (٢٥٤)م، هەواڵی ئەوە هەیە کە شاڵاوێکی نوێی هێرشکارانی نزیك چیغلی کەوی (Chiglikeuy)[١] کە ژمارەیان (١٠٠)کەس دەبێ، دەستی پێکراوە. دیسانەوە گازندەو گلەیی لە حکومەتی ئێران دەکرێ، دەڵێن نوێنەر بۆ ئێران نێردراوە.

پاشکۆی سەربازی زانیویەکە دەهەزار سەربازی تورك لەشەڕدان و، سەد قوربانییان هەیەو، سێ فرۆکەیشیان لەدەستداوە.تاویراو زیانەکانی بەکەم دەزانی.

ئەم نووسراوە بۆ تارانیش نێدراوە.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل:٧، ژ:٩

---

[١] رەنگە هەر (چیغلی)ی شارۆچکەیەکی باکووری رۆژهەلاتی ویلایەتی وان بێ نزیك بە سنوور. (س)

ژ:٦٢

لەسێرجی کلارکەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (٧ی تەمووز گەیشتووە)

ژمارە: ٤٦

قوستەنتەنییە، ٧ی تەمووزی ١٩٣٠

برووسکە

ئاماژە بەبرووسکەی خێرای پێشووم، چاپەمەنییەکانی تورکیا کەوتوونە ئیشارەتدان بەوەی کەڕێتێدەچێ بریتانیای مەزنی خوازیاری هەمیشەیی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ لە باکووری عیراق، پەیوەندیی بەم جووڵانەوەیەی نزیک چیای ئاراراتەوە هەبێ.

هەروەك وەزیری کاروباری دەرەوە، بەم دواییە، هەمان بۆچوونی بۆ وەزیری عیراق دەربڕیوە، من بەڕێزی لەهەڵوێستی راستەقینەی خۆمانو، وەك لەهاوپێچی راپۆرتی ژمارە (٣٦٧)تاندا هاتبوو، ئاگاداردەکەمەوە.

ئەم نووسراوە بۆ بەغدایش نێردراوە.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل:٧، ژ:١٠

ژ:٦٢

لەسێرجی کلارکەوە بۆ مستەر نیی. هندرسن (١٤ی تەمووز گەیشتووە)

ژمارە: ٢٦٢

قوستەنتەنییە، ١٠ی تەمووزی ١٩٣٠ قوستەنتەنییە

گەورەم،

ئاماژە بەنووسراوی ژمارە(٢٥٤)ی سێی ئەم مانگەم، وێنەی راپۆرتێکی پاشکۆی سەربازیی باڵوێزخانەی خاوەنشکۆ هاوپێچ دەکەم کەتایبەتە بەکردەوە سەربازییە تازەکانی تورک دژی یاخییانی کوردی دەوروبەری شاخی ئاراڕات.

٢. هەفتەی رابردوو مۆڵەت درایە چاپەمەنیەکانی ناوخۆ تا بەدرێژی لەسەر رووداوەکانی کوردستانی باکوور کە ئێستا زۆر گرنگترو فراوانتر دەبینرێ، وەك لەوەی سەرەتا بەگشتی دەرکی پێدەکرا، بدوێن. هێزێکی بەرچاوی سەرباز لە شەرگەکاندان، دەڵێن باندەکانیش کە زووتر بە (١٠٠) کورد دانرابوون، سەدان کەسیان لێکۆژراوە. پۆستە سەربازییە تورکەکانی سەر سنووریش، وەك ئەوی بولاقباش(Bulak Bazi)[1]، کەوتوونە بەر هێرشی هێزی پێشکەوتوو، هەواڵی بۆمبارانی فڕۆکەیش رۆژانە لەئارادایە. سەرەڕای ئەمە، ئاشکرایەیاخییان لەسنووری (١٥٠) کیلۆمەترێکدا چالاکن. کەسانێك کە کێشەکەیان جووڵاندووە، لە ئاراڕاتەوە تا خۆشاب (Khoshab)[2] ی رۆژهەلاتی وان کە ئێستا بەئاشکرا دەنگی یاخیبوون و سەرهەڵدان و بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی تێدایە، بەدرێژاییی ئەرزرۆم و مووش و ئەلعەزیز دەستگیر کراون و، بڵاوکراوەکانیش کوژرانی ژمارەیەك سەرکردەی کورد لەپێکدادانێکی نزیك ئەرجیشی سەر کەناری سەرووی رۆژئاوای گۆلی وان

[1] ناوچەیەکی سەر سنووری تورکیا– ئێرانە نزیکی رۆژهەلاتی شاری بایەزیدە.(س)

[2] ناحیەیەکی نزیکی باشووری رۆژهەلاتی شاری وانە.(س)

رادەگەیـەنن. ڕۆژانـە خـەڵك دڵنیـا دەکرێنـەوە کـە حکومـەت بـاش کۆنـترۆڵی بارودۆخەکەی کردووەو، یاخییان تەواو گەمارۆ دراون و، تەفروتوونا کردنیان کە تاکە خەیاڵی تورکیایە، تەنها مەسەلەی پێنج و دوو ڕۆژێکە.

٣. بابەتی گرنگی هەفتەی ڕابردووی بڵاوکراوەکـان، جگـە لـە چـەند زانیارییـەکی کـەم لەسـەر کـارە سـەربازییەکان، پەرەسـەندنی بـەردەوامی هێرشـی دوژمنکارانـەو جنێودانیان بە ئێران بوو. چاپەمەنیەکان بەوەندە نەوەستاون کـە حکومـەتی ئێران بەڕێگـەدان بـە پەڕینـەوەی یاخییـان لـە سنوور تاوانبـار بکـەن، بـەڵکوو بەئاشـکراو بێپـەردە ئـەڵێن: ئێران چـەك و خـۆراك بـۆ یاخییـان دابـین دەکـات و، بـەهێزیان دەکاتەوەو، لەپشت جووڵانەوەکەوەیە. جا هەروەك بەڕێوەبەری

چاپەمەنییەکان دوێنێ پێی ڕاگەیاندم، توندو تیژیی ئەم تاوانبارکردنانە، تەنانەت لەباری ئێستای پەیوەندیی تورکیا– ئێراندا، جێگـەی سەرسـوڕمانە، چونکـە دیـارە هەموو هەواڵەکانی لەمەڕ یاخیبوونەکـە کۆنـترۆڵ دەکرێن. دەڵێن تـاران نـاڕەزاییی زۆری لەمـە پێشـانداوەو، خـودی وەزیـری دەرەوە بـە پـەیامنێری چاپەمەنیـەکانی ڕاگـەیاندووە: هـەردوو حکومـەت، لـە هەڵگیرسـانی یاخیبوونەکـەوە، لـە پـەیوەندیی توندو تۆڵدان. بەڵام ئاماژەی بەوەیش کرد کـە هیـچ گفتوگۆیـەکی "گرنـگ" ئـەنجام نـەدراوە. ئێران پـاش لێدوانێکـی کارەهەڵسووڕێنی وڵاتەکـەی کـەتێیدا وتـی: هیـچ هەواڵێکی تارانی نییە، تا ئێستا شتێکی‌تری بڵاونەکردووەتەوە.

٤. گومان نییە حکومەتی تورکیا سوورە لەسەر تێکشکاندنی مەسـەلەی کـوردو، هاندەرێکی دوورتریش لەپشت شاڵاوی توندی دژی ئێرانـەوە هەیە. بـەردەوام ئـەوە ڕەت دەکرێتـەوە کەحکومـەتی تـورك نیـازی لێدانـی یاخییـانی لـەناو خـاکی ئـێراندا هەبێ، ئەگەرچی کونسوڵی خاوەنشکۆ لەتەرابزوون دەزانێ هـەنگاوێکی لـەم جـۆرە، بەوپێیەکە سنوور شکاندنێك شـتێکی وا لەمەسـەلەکە نـاگۆڕێ، بـیری لێکراوەتـەوە. ڕۆژنامەی (وەقت) زیاتر دەچێتـە پێش و دەڵـێ: ئەگـەر ئێران نـەتوانێ لەسـنووری خۆیـەوە چـاری یاخییـان بکـات، ئـەوا حکومەتەکـەی پێویسـتە یـان ڕێگـە بداتـە

سەربازانی تورك لەناو ئێراندا شوێن پێیان هەڵگرن، یاخود رازی بێ بە دیاریکردنێکی وەهای سنوور کە دوایی بە پەلامارەکان بێنێ. ئەگەر ئەم دوو چارە یەیش شکستیان هێنا، پێویستە تورکیا بەئازادییەکی تەواوەوە هەر رێو شوێنێك پێڕەو بکات کەئاسایشی خۆی پێویستی بن. ئەمە پێدەچێ ئەوە بگەیەنێ کە تورکیا دەیەوێ هەلومەرجی ئێستا بۆ قازانجی خۆی بقۆزێتەوەو، دیفاکتۆی سنوور بەجۆرێکی سوود بەخشتر لەوەی وا سالآنی دوایی هۆکاری زۆر ناکۆکی بوون، بسەپێنێ.

٥. پێویستە پێی لەسەر دابگرمەوە کە پێشڕەویکردن خەیاڵە، چونکە تورك بەدناوو جێی گومانەو، سەرچاوەی بڕوا پێکردنی نییە. کارەکانی حکومەتی ئەنگۆرە شاراوەن‌و، دەشێ چەند هەواڵێکی کەم لەئەنگۆرە دەست بکەوێ. سەرباری ئەمە، کۆتایی ئەم هەفتەیە دەچمە پایتەختو، پێدەچێ بتوانم وتووێژ لەگەڵ وەزیری دەرەوەدا بکەم.

جۆرج. ئار. کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ١٠، ژ: ١٣

هاوپێچی ژ: ٦٣
لەڕائید ئۆلێرییەوە بۆ سێرجی. کلارک

ژمارە: ٥

قوستەنتەنییە، ٤ی تەمووزی ١٩٣٠

گەورەم،

خۆشحاڵم ئەم ڕوونکردنەوانەی لای خوارەوەتان پێشکەش بکەم کە هاوکارێکم لێیان ئاگادار کردوومەوە. سەرچاوەی ئەم زانیارییانە یۆنانییە.

ا. حکوومەتی تورکیا مانگی نیسانی رابردوو خۆی بۆ هێرشێکی سەر یاخییانی کوردی نزیک بایەزید ئامادەکرد.

ب. دوو فەیلەقی تایبەتی سەربازی، یەکیان لە یەکەکانی فەیلەقی نۆ لە باکوورو، ئەویتر لە یەکەکانی فەیلەقەکانی شەش‌و حەوت، دروست کراون. هەریەک لەم دوو فەیلەقە لە (٤٠٠–٥٠٠) سەرباز پێکهاتووە.

ج. فەیلەقێکی یەدەگ لە ویلایەتەکانی رۆژئاوا پێکهێنراوە[١].

د. فیرقەیەکی سوارەو هەندی تۆپی شاخ‌و چوار پۆل فڕۆکە لەگەڵ دوو فەیلەقی ئامادە پێکراودا، خراونەگەڕ.

هـ. ئۆپەراسیۆنەکان مانگی مایس‌و حوزەیران دەست پێکراون‌و، تاڕادەیەک سەرکەوتووبوون.(١٠٠سەد) قوربانی هەبوون‌و، یاخییان سێ فڕۆکەیشیان خستە خوارەوە.

و. لەبەر ئەوەی فەیلەقی باکوور، بەر لەئامادەبوونی فەیلەقی باشوور، کەوتە پەلامار، ژمارەیەک لە دوژمنان توانیان بەرەو باشووروو گۆلی وان هەڵبێن‌و، لەوێ چەند گوندێکیان وێرانکرد.

---

[١] ئەم خاڵە لێی پەڕیوە.

ز. گوشاری باشتری سەربازی تورك، ناچاریکردن بە گۆلی سنووردا بەرەو گۆلی ورمێ بپەڕنەوە.

ح. واهەست دەکری جەندرمە بتوانی چاری ئەم پاشماوەیەیش بکات.

٢. دەکری ئەم خالانەی سەرەوە لەگەڵ زانیاریەکانی لەمەڕ ئەم بابەت کە زووتر گەیشتبوون، یەك بگرنەوە. ئەمانە بەشداریی (١٠٠٠٠) دەهەزار سەرباز لە هێزە حکومییەکانو هۆی گواستنەوەی ئاژاوە بۆ باشووری هەرێمی چیای ئاراڕات دەخەنە روو.

٣. ئەرکانی گشتی گەرەکی نییە فەیلەقەکانی هەشتو نۆ، وەك بەشێوەیەکی ئاسایی دامەزراون، بێنێتە گۆڕەپانەکەوە، بەڵکو پێکهاتەی تێکەڵ لە ناوچەیەکی فراواندا دروست دەکات. ئەم راستییە کارێکی گرنگی ئەم کردەوە سەربازییانەیە.

٤. پێم وایە ژمارەی قوربانیان لەوەزیاترە کەپێشاندراوە. کوردەکان کە لە هەرێمێکی باشی شیاو بۆ پارتیزانیدا دەجەنگن، سەختە توانرابێ بە قوربانییەکی هێندە کەم وەدەر نرابن. راپۆرتێکیش بەم دواییە گەیشتووە کە شەمەندەفەرێك (٣٠٠) بریندارى هەڵگرتووەو، بەناو جەرابلوسدا بەرەو رۆژئاوا رۆیشتووە.

ئۆلێری

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ١١، ژ: ١/١٣

ژ: ٦٤

لەسێرنار. کلایڤەوە بۆ مستەر نێی. هندرسن(٢٢ی تەمووز گەیشتووە)

ژمارە: ٣٢٨

گوڵحەق، ١٤ی تەمموزی ١٩٣٠

گەورەم،

ئاماژە بەنووسراوی ژمارە(٢٩٨)ی (٣٠) حوزەیرانم، وەرگێڕراوی بابەتێکی(١٠)ی تەمووزی رۆژنامەی "ئێران"تان بۆ دەنێرم کە هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی تورکیا دەسەلمێنی سەبارەت بە هاوکاریو هاندانی کوردانی تورکیا لەلایەن حکومەتی ئێران بۆ تێکۆشان دژی حکومەتی تورك.

٢. کاتێك دەزگاکانی ئێران بیانەوی بۆچوونێك بەجیددی بخەنەڕوو، رۆژنامەی "ئێران" لەهەر رۆژنامەیەکی تری ئەم وڵاتە زیاتر بەکار دێنێ. ئەم رۆژنامەیە دەکرێ وەك نیمچە رەسمی سەیر بکرێو، بابەتەکەیش بە جیددی نووسراوە.

من دڵنیام تێڕوانینی رەسمیی حکومەتی ئێران بۆ کێشەی کوردی تورکیا تەواو بەوجۆرەیە کە "ئێران" باسی دەکات، بەڵام نازانم ئایا کاربەدەستانی سنوور کار بەم تێڕوانینە رەسمییە دەکەن؟ ئێرانو تورکیا هێندە جیاواز مامەڵەی کوردی لای خۆیان دەکەن کەئاسان نییە باوەڕبکرێ رای تایبەتی ئێران تەواو لەگەڵ راگەیاندنە رەسمییەکەدا یەکبگرێتەوە. دەشێ تێبینییەکانی ئەمیر عەللام(کەلەبڕگەی (٣)ی نووسراوی لەسەرەوە ئاماژە پێکراومدا ئیشارەتی پێکراوە) وەك نمونەیەك بۆ بۆچوونی تایبەتی ئێران لەئاستی کێشەی خێڵە کوردەکاندا وەربگیرێ.

٤. سەرنجی دواتری چاپەمەنیی تاران، تاوانبارکردنی سۆڤیەتیەکانە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە، پیشاندانی ئێران وەك دراوسێیەکی خراپو، پاساو هێنانەوە بۆ هێرشە سەربازییەکانی ئەم دواییەیان لەنزیك خوداڤەرین_ Khudafarin. ئەم بەیانییە پرسیارم لەسەر ئەم بابەتە

لەوەزیری دەرەوە کـردو، بۆم دەرکـەوت بـەڕێزی پێـی وایـە: حکومـەتی سۆڤیەت، بەتاوانبارکردنی ناڕاستی حکومەتی ئێران بەهاوکاریکردنو هاندانی یاخییـانی کـورد، هـەوڵدەدات کێشـەو گرفـت لـەنێوان هـەردوو حکومـەتی ئێرانو تورکیـادا بنێتـەوە. بـەڕێزی لەسـەری ڕۆیشـتو، بەتووڕەییـەوە لەسـەر نەشیاویی مامەڵەکردن لەگـەڵ حکومـەتی رووسدا، جـا قەیسـەری بـێ یـان کۆمۆنیسـت، دووا. بەقسـەی ئـەو، هەردوکیان شایانی متمانە پێکردن نەبوون.

٥. هاوکـات بـۆ کۆمسیۆنی سـنووری ئێران کـە بڕیـاربوو (١٠)ی تـەمووز بـۆ دەستپێکردنەوەی دیاریکردنی سنووری ئێران– تورکیا لەگەڵ تورکـاندا کۆببێتـەوە، هێشـتا هــەر لەتارانـەو، هـۆی دواخستنیشـی شـەڕو شـۆڕی بەردەوامـە لەگـەڵ کوردەکاندا. ئەمە هەرچەندە دەڵێن تورکەکان دەستیان بەکار کردووە.

ئـەندامانی شاندەکە لەسـەرگرتنی کارەکـەیان بـێئومێدن، چونکـە ڕاوبۆچوونـی هەردوو لیژنەکە لەسەر دیاریکردنی سـنوور، بـەپێی ئـەنجامی بەدەستهێنراو، سـاڵی رابـردوو هێنـدە لەیـەك دووریـوون کـەدەبوو سـەرەتا مەسـەلەکە بەشـێوەیەکی دیپلۆماسیانە لەتاران یـان ئـەنگورە گفتوگۆی لەسـەر بکرایـە. دەسـەڵاتە باڵاکـانی ئێرانو تورکیا ئەم هەستەیان نەبوو، بەڵکو لـەڕێی ئـەندامێکی لیژنەکـەوە زانیـم کـە ڕاستە. وادەردەکـەوێ(فـەرووغی_ Feroughi)ی بـاڵوێز لـە ئـەنگورە، تـەرکیزی کردبێتە سەر گوندەکانی ناوچەی ناکۆکی لەسـەرو، مەسـەلەی بڕیـاردان لـەڕێگاکانی پەیوەندیکردنو رووبارەکانی بۆ کاتێکیتر هێشـتبێتەوە. یەکلاییکردنـەوەی رووبـارو ڕێگەوبانەکان، گەورەترین کێشەی ئەندامانی کۆمسیۆنەکەیە.

٦. وێنەی ئەم نووسراوەو هاوپێچەکەی بۆ باڵوێزی خاوەنشکۆ لە قوستەنتەنییەو جێگری کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لەعێراق دەنێرم.

ئار. ئێچ. کلایف

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل: ١٨، ژ: ٢١

*** ******

هاوپێچی ژمارە:٦٤

هەڵبژاردەیەك لە ژمارەی ڕۆژی"١٦"ی تەمووزی (١٩٣٠)ی ڕۆژنامەی "ئێران"

"کێشەی کوردو سیاسەتی حکوومەتمان"

ڕۆژنامەکە لەسەر گوتارداو بەم ناونیشانە دەڵێ:

تورکیای دراوسێمان، دەمێکە تووشی کێشەی کورد بووە. ئێمە پێشترو ئێستایش لەبەر پەیوەندیی دۆستانەی ئێران– تورکیا بەمە دڵگرانین و، بەجیددی هیوادارین ئەم گرفتەیش، وەك هەموو ئەو تەنگوچەڵەمانەی تر کەحکومەتی تورکیا بەسەرکەوتوویی بەسەریاندا زاڵ بووە، تەواو چارەسەر بکرێ.

وابۆ هەفتەیەك دەچێ هەواڵێکی کورتی وەرگێڕدراوی ڕۆژنامەیەکی بیانیمان لەسەر ئاژاوەکانی کوردانی تورکیا بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێزمان بڵاوکردەوەو، ئیتر پێویست ناکات جارێکیتر لێرەدا دووبارە بکەینەوە. بەڵام ئاژانسی ئەنادۆڵ بەم دواییە راپۆرتێکی لەم بارەیەوە بڵاوکردووەتەوە کە لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکانی تارانەوە وەریگرتبوو. ئەمەیش ناچاری کردین ئەم گوتارەی لەسەر بنووسین.

راپۆرتەکە دەڵێ:

((خالید ئاغاو (١٠٠) کەس چوونە ئێران و، چەکیان وەرگرت و، ئەمجا پەلاماری خاکی تورکیایان دا. یاخییان، بەپێی چەند هەواڵێکی بڕواپێکراوی گەیشتوو، لە ئێران بەئاشکرا کاریان بۆ ئاسان کراوەو، لە (ماکۆ)یشەوە خواردنیان بۆ دابین دەکرێ)).

بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتەی ئاژانسی ئەنادۆڵ، زۆر جێی نیگەرانییە، چونکە رای گشتیی تورکی دەشێوێنێ و، تورکانی پشتیوانی بەهێزکردنی پەیوەندیی سیاسیی تورکیا– ئێران پاشگەز دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی ئێمە حەز ناکەین کەمترین بەهەڵە لێکگەیشتن لەنێوان حکومەتی ئێران و تورکیادا هەبێ، بەپێویستی دەزانین ئەم هەواڵەی سەرەوە رەتبکەینەوەو، گلەیی لە ئاژانسەکە بکەین کە ئەم راپۆرتەی بێ

لێکۆڵینەوەی شیاو، چ بۆ متمانەی خۆی یان هەرشتێکیتر، بڵاو کردووەتەوە، چونکە لەکاتێکدا هەردوولا پەرۆشی پەیوەندیی دۆستانەی هاوبەشین، بەهەڵە لێکحاڵیبوونمان لەنێواندا پەیدا دەبێ.

ئێمە لە زۆر سەرچاوەی بڕواپێکراوی ناوخۆوە، کەهەواڵەکانیان جێگەی سەرسوڕمانو نیگەرانی بوون، لێکۆڵینەوەی تایبەتمان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە چونکە حکومەتی ئێران نەك هەر پشتیوانیی یاخییانی کوردی نەکردووە، بەڵکو چەندین ڕێوشوێنی بەقازانجی حکومەتی تورکیا گرتووەتەبەر. ئەو ڕێوشوێنانەیش بەم جۆرە بوون:—

١. حکوومەتی ئێران بۆ هاوکاریی حکومەتی تورکیا، ئەوکاتەی کێشەی یاخییانی کورد لەتورکیا کۆتایی دێ، پێشنیاری پێڕەوو جێبەجێکردنی سیاسەتێکی کردووە.

٢. حکوومەتی ئێران پەیوەندیدارانی ئاگادار کردووەتەوە کەسنووری کوردستانی ئێران دابخەن، بۆ ئەوەی نەکوردانی ئێران بتوانن یارمەتیی کوردانی تورکیا بدەنو، نەکوردانی تورکیایش کراوەیی سنوور بەهەل بزانن، پێیدا لەدەست هێزە تورکەکان هەڵبێن.

٣. حکوومەتی ئێران بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێوشوێنانە، ، فەرمانی بەخێڵە کوردە ئێرانیەکان داوە لەسنوور دووریکەونەوە بەرەو ناوەوە، ئەمەیش بۆ ئەوەی نەتوانن پەیوەندی بەکوردانی تورکیاوە بکەن.

٤.کاتێك چەند کوردێك کەپێشتر لەخاکی تورکیاوە هاتبوونە ناوخاکی ئێرانو سەرپێچیی ئەم فەرمانەیان کردبوو، حکومەتی ئێران...... وپاشان ڕایگواستن.[1]

٥.سەبارەت بەو بایەخەیش کەحکومەتی ئێران بە کوردان وڵاتەکەیی دەداتو، بەڕەعیەتی ئاساییی خۆییان دەزانێ، کوردانی ئێران ڕێیان پێ نادرێ هاوکاریی کوردانی تورکیا بکەنو، هان یاخود پەنایان بدەن.

---

[1] ئەم ڕستەیە ناتەواوە.

٦. حكوومەتمان ڕێنوێنیی (توجیە) ی بۆ بەرپرسانی سنوور ناردووە، تا هاریكاریی دامو دەزگای سنووریی توركیا بكەنو، متمانەی تەواو لەنێوان هەردوولادا بێننە ئاراوەو، دەزگاكانی هەردوو حكومەت بەگوڕ بكەن، تابەوریایی‌و زانیاری تەواوەوە لەسەر هەلومەرجەكە بكەونەگەڕ.

بەكورتی، حكوومەتی ئێران دڵسۆزانەو، وەك برایەك لەم مەسەلەیەدا مامەڵەی لەتەك توركیادا كردووە. جا بۆیە پێمان وایە ئاژانسی ئەنادۆڵ، بێ چوونەوەی پێش وەختی بۆ سەرچاوە بڕوا پێكراوەكانی ناوخۆ، راپۆرتەكەی بڵاوكردووەتەوە.

ئێمە كەپشتیوانی ناوەندخوازیین‌و، چەند ساڵێكە لەولاتماندا پێڕەوی ئەم سیاسەتە دەكەین، ئێمە كەهەمیشە دژی هەرجۆرە هاندان‌و وروژاندنێكی ناوخۆیین‌و، بوار نادەین كەس ئەم كارانە دژی بەرژەوەندی دەوڵەت بكات، ئێمە كەدەزانی‌ون باوەڕمان بەو راستییە هەیە، كەوا هەر وڵاتێك دەبێ یەكەم هەنگاو ئاسایشی ناوخۆ سەقامگیربكات تابتوانێت چاكسازیی‌تر بەجێ بهێنێ‌و، چەند ساڵی دوایی هەموو كۆششێكمان كردووەو تا بەهەوڵی ماندوویی نەناسانەی خاوەنشكۆ، بەئامانجمان گەیشتووین‌و، ئێران بووەتە وڵاتی ئاسایش‌و ئارامی. ئێمە كەباوەڕمان بەپرنسیپی پاراستنی دۆستانە هەیە لەگەڵ برا توركمانەكانمانداو بۆ ئەمەیش چەندین بەڵگەمان هەیە، ئێستا چۆن دەبێ خەڵك باوەڕبكات كەئێمە پەنا یان یارمەتیی ژمارەیەك كوردی یاخیمان دابێ؟!!

ئەم كارانە لەبناغەدا، جگە لەمەسەلەی پەیوەندیی دۆستانە، دژی ئەو سیاسەت‌و بۆچوونانەیشن كەحكوومەتمان هەیبوون. سیاسەتی حكومەتی ئێران سیاسەتێكی روونی شەرەفمەندانە بووەو، هەرگیز بەم جۆرە كردەوانە بەدناو نابێ. بۆیە ئەو بابەتەی كە ئاژانسی ئەنادۆڵ بڵاوی كردووەتەوە، بێ بناغەیەو، هیوامانە ئاژانسی ناوبراو هەواڵەكەی لە چاپەمەنییە توركییەكاندا راست بكاتەوەو، دەست لە دروستكردنی ناحاڵیبوونی بێ هۆ هەڵبگرێ.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل: ١٩–٢٠، ژ: ١/٢١

ژ: ٦٥

لە سێرجی. کلارکەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن(٢١ی تەمووز گەیشتووە)
ژمارە: ٢٧٣ "نهێنی"

قوستەنتەنییە، ١٥ی تەمووزی ١٩٣٠

گەورەم،

ئاماژە بەنووسراوی ژمارە (٢٦٢)ی (١٠) تەممووزم، ئاگادارتان دەکەم کە ڕۆژنامەکانی تورکیا (١٣)ی ئەم مانگە بەڕەسمیی دامرکانەوەی ڕاپەڕینی کوردیان ڕاگەیاند.

٢. شەوی (١٢)ی مانگ کە وەزیری دەرەوەم لەئەنگۆرە بینی، بەڕێزی پێی وتم: هەواڵ لەسالح پاشای فەماندەی گشتیی کردەوە سەربازیەکەوە گەیشتووەو، بڵاوکراوەتەوە. ئەو نەك هەر بەسەرکوتکردنی سەرکەوتووانەی ئەو تێکدەرانەی ئارامیی تورکیا، بەڵکوو بەپاککردنەوەی (٢٥) میلی سنووری تورکیایش دڵخۆش بوو. بەقسەی ئەو، باندەکان بێ هیچ هەوڵێکی ڕێکخستنیان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، یان ئاگاداریی دەزگاکانی ئێران و حکومەت خۆیشی، لەو ناوچانەدا دزەیان کردبووە ناوەوە. گلەییەکان لەئێران بێسوود بوون، بێ وەڵام مانەوە، بۆیە جەنەڕاڵی تورك فەرمانی پێدرا، بەهەر نرخێك بێ، تەنانەت ئەگەر پێویست بەتێکشکاندنی خێڵەکانی سەر سنووریش بکات، سەرهەڵدانەکە دابمرکێنێتەوە. هەروەها تۆفیق ڕۆستوو، بەر لە دوا ناڕەزاییی ئێران دژی داگیرکردنی سنوور، نامەیەکی بۆ مۆسکۆو واشنتۆن ئامادە کردبوو، داوای پەیماننامەکانی (لیتڤینۆڤ و کێلۆگ)[١] ی تێدا کردبوون، لەبەر ئەوەی بەڕای ئەو، لێرە حاڵەتێکی دەست

---

[١] ڕێکەوتننامەی ئاشتی (Kellogg-Briand) ١٩٢٨/٨/٢٧ لە پاریس لەنێوان ئەڵمانیاو ئەمریکاو بەلجیکاو فەرەنسەو بریتانیاو هندستان و ئیتاڵیاو یابان و پۆڵەندەو چیکۆسلۆڤاکیادا ئیمزا کراو، ٢٤ی تەممووزی–

درێژکردن روویدابوو، ئەویش چونکە پێی وابوو ئەو کوردانەی کە تورکیایان داگیرکردبوو، بەشێك بوون لەسوپای ئێران. هەربۆیە بەڕێزی سوپاسی خودای کرد کە ئێستا پێویست ناکات تێبینییەکانی بنێرێ، لەبەر ئەوەی بەقسەی ئەو، چەتەکان گەمارۆ دراونو (٢٥) میلی ناو خاکی تورکیایشیان لێ پاك کردوونەوە. بەلام بەڕێزی هێشتا کێشەی ئارامبوونەوەی بارودۆخەکەی لەگەڵ حکومەتی ئێراندا هەبوو. هەرکە دیدارەکەمان کۆتایی هات، بەڕێزی چووە ئەنجومەنی وەزیران، هاوڕێکانی لەوێ داوایان دەکرد بۆ ئەوەی پرسیاری لەمەڕ بەرنامەی ئایندەیەوە لێ بکەن. ئەویش دانی پێدانا کەهیچ بیرۆکەیەکی لەسەر چۆنییەتی وەلامدانەوەیان نییە.

رای وابوو کە لە پرۆتستۆ رەسمیو بێ سوودەکان بێزار نەبنو، بەئێران بڵێن یا بەجیددی پاسی سنووری خۆی بکات، کە مەبەست لە جێگیرکردنی سەربازە بەدرێژایی سنوورەکەو، ئەمەیش لەگەڵ باری دارایی ئەو وڵاتەدا ناگونجێ، یا ئەوەتا رازی بێ سنووری هەرێمی ئارارات بەقازانجی تورکیا دیاری بکرێو، لەبەرامبەردا قەرەبوویەك لە تورکیا وەرگرێ. بەڕێزی بەهەڵی زانیو دووپاتی کردەوە کە حکومەتی کۆمار هەرگیزو ئێستاش رێککەوتننامەی ساڵی ١٩١٣ی سنوور کە پەرلەمانی تورکی بڕیاری لێ نەداوە، پەسەند ناکاتو، دان بەرەواییدا نانێ.

بەڕای ئەو، ئەگەر چی مەسەلەی سەرهەڵدانەکە لەپێناوی دەرفەتی دیاریکردنی سنووردا نەورووژێنراوە، بەلام هەلێکی باشی بۆ جەختکردن لەو دیاریکردنە هێناوەتە گۆڕێ.

٣ـ کاتێك وەزیری دەرەوە بەتوندی پێی لەسەر پشتیوانیی حکومەتی ئێران بۆ کورد داگرت، لە بەڕێزیم پرسی: ئەگەر بتوانێ ئەو سیاسەتەم بۆ روون بکاتەوە کەمن بەبێ سوودم دەزانیو، نەك هەر پێم وانەبوو ئێران قازانجێك لە تووڕەکردنی تورکیادا بکات، بەڵکو ئەو وڵاتە خۆیشی گرفتی بەرچاوی لەگەڵ حکومەتی سۆڤیتدا

-١٩٢٩ جێبەجێکرا. پەیمانی (Litvinov)یش ١٩٢٩/٢/٩ لەنێوان رووسیاو پۆڵەندەو رۆمانیاو لاتڤیاو ئیستۆنیادا لە مۆسکۆ ئیمزا کراو، شەرعیەتی رێککەوتنی کێلۆگی لەو پێنج دەوڵەتەدا سەلماند.

هەیەو، هیچ دەستكەوتێكی لەزیانكردنی تەنگوچەڵەمەكانی خۆیدا نابیێ. تۆفیق ڕۆستوو ئەو هەواڵەی بەتوندی ڕەتكردەوە كە كێشە لە سنووری ڕووسیادا هەبێ. ئەو لەمۆسكۆی بیستبوو كەجگە لەهەندێ ڕووداوی تەواو بێ بەهای سەر سنوور، شتێكی ئەوتۆ لەئارادانییە. بەڵام بەڕای ئەو، ئێران ویستوویەتی بێ هێزیی خۆی بەرانبەر بەهەرسێ دراوسێكەی (عیراق و ڕووسیا و توركیا) بەهەل بزانێ و، ئەوان بەگژیەكدا بكات. ئەم شیكردنەوەیە هەندێ زانیاریی پێ بەخشیم، بەتایبەتی دوای ئەوەی دوو ڕاپۆرتی كونسوڵی تەورێزی خاوەنشكۆم خوێندەوە كەبە ڕوونی دەریان دەخست: أ- ئێرانییەكان بەهانەی خۆیان هەیە كەبەرامبەر بە دوژمنكاریی ڕووسەكان لەباشووری ڕۆژئاوادا هەستیار بن (ئەمەیش قسەكانی تۆفیق ڕۆستوو دەسەلمێنێ). ب- ئێرانییەكان تارادەیەك پشتگیریی كوردیان كردووە (ئەمەیش پاساوی تاوانبار كردنەكانی تۆفیق ڕۆستوو بەدەستەوە دەدات). ڕەنگە ڕاستی ئەوە بێ كە ئێرانییەكان بەهیوابن سەرهەڵدانێكی كورد وا لە تورك بكات نەتوانێ بەئاسانی پێ لەسەر داواكانی بۆ دیاریكردنەوەی سنووری هەرێمی ئاراڕات دابگرێ.

٤- هەر كە بەڕێزی باسی عێراقیشی كرد، بە دەرفەتم زانی و، لەسەر مەسەلەی زمانی كوردی لە عیراق، وەك لە برووسكەی ژمارە (٤٦)ی (٧)ی ئەم مانگەمدا ئاماژەم بۆ كردووە، گفتوگۆم لەگەڵدا كرد. بەڕێزی خێراو لەوەڵامدا دانی پێدانا كەئێمە لەو مەسەلەیەدا دڵسۆزین، ئەمە هەرچەندە توركیا بەشێوەیەكی ڕەسمی دان بەدەسەڵاتی عیراق، نەك بریتانیادا، دەنێ لەو وڵاتەدا.

٥- كۆپیی ئەم ڕاپۆرتە بۆ نوێنەری خاوەنشكۆ لەتاران و بریكاری كۆمیساری باڵا لەبەغدا دەنێرم.

جۆرج ئار. كلارك

وەزارەتی دەرەوە،٢٧٣/٤٢٤، ل:١٣-١٤،ژ:١٧

ژ: ٦٦

لە سێرجی کلارکەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (٢١ی تەمووز گەیشتووە)

ژمارە:٢٧٤

قوستەنتەنییە، ١٦ی تەموزی ١٩٣٠

گەورەم.

ئاماژە بەنووسراوی ژمارە (٢٧٣)ی دوێنێم، وێنەی ڕاپۆرتێکی ڕائید بی. جی. ئۆلێریی پاشکۆی سەربازییتان بۆ دەنێرم کەبۆ باڵوێزەکەیی ناردووە، هەواڵی دوا ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژی کوردی تێدایە.

٢ـ چاپەمەنییە تورکییەکان بەردەوام سەرکەوتنی یەکجاریی لەشکری تورک دەڵێنەوە، بەڵام ئاشکرایە شەڕوشۆڕ، بەتایبەتی لە هەرێمی کێوی ئاراڕات، درێژەیان هەیە، هەرچەندە گومانی تێدا نییە کە تورک بارودۆخی کوردستان هێوردەکاتەوە، بەڵام هێشتا زۆرکاری تریش ماون، جێبەجێییان بکات.

٣ـ وێنەی ئەم نووسراوەم بۆ نوێنەری خاوەنشکۆ لەتاران و بریکاری کۆمیساری باڵا لە بەغدا ناردووە.

جۆرج ئار. کلارک

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل:١٤–١٥، ژ: ١٨

*** *** ***

هاوپێچی ژمارە (٦٦)

لەرائید ئۆلێرییەوە بۆ سێرجی. کلارك

ژمارە:٦

قوستەنتەنییە، ١٦ی تەمموزی ١٩٣٠

گەورەم،

لە درێژەی راپۆرتی ژمارە (٥)ی (٤)ی تەمووزی (١٩٣٠)مدا، خۆشحاڵم ئەم هەواڵەی ئۆپەراسیۆنەکانی دووهەفتەی رابردووی گۆڵ(وان)تان بۆ بەرزبکەمەوە.

٢- ئەم هەواڵانە بەشێوەیەکی سەرەکی، لە راپۆرتی چاپەمەنییەکانەوە وەرگیراون کە راستن‌و لەقازنجی هێزی تورکییەکاندان، بەڵام زانیارییە وەرگیراوەکانی سەرچاوەکانی‌تر، نیشانیدەدەن کە لە خاڵە سەرەکییەکاندا لەگەڵ راستییەکاندا یەکدەگرنەوە.

٣- وا دەردەکەوێ کۆشش‌و ئامانجەکانی ئەم دواییەی یاخییان، لەچاو ئەوانەی شەڕەکانی پێشووتری ئاگری داغ دا، زیاتر بووبن. بەکورتی ئەمە زەوتکارییەکی خێڵەکی بوو لەسەر سنووری ئێران‌و، تاقمە رق ئەستوورەکانی خەڵکیش بە مەبەستی راماڵینی ئەو سەربازانەی وا لە هەرێمی ئاگری داغ جەنگابوون، بەرەو دیاربەکر بزوابوون‌و، یارمەتیی یاخییانیان دابوو.

٤- ئاشکرایە، وا پێشبینی دەکرێ یاخییان هاوکاریی دانیشتوانی ناوخۆ، بەتایبەتی بەرەچەڵەك کوردەکان‌و، کۆنەپەرستانی ناڕازی لە رژێمی ئێستایان وەرگرتبێ. بەڵگەی پڕۆپاگەندەی دینی بە راگەیەندراوی (بەلاغ)و قسە هەیەو، دەڵێن ژمارەیەکی زۆر گوند یارمەتیی کوردیان داوە. راگەیاندنیی ئیبراهیم تالع بەگ ئەمەکداریی زۆربەی خەڵك بۆ حکومەت بەرز دەنرخێنێ‌و، ئاماژەیش بەوە دەکات کە خەڵکێکی زۆر بە ئارەزووی خۆیان لە هێزەکانی حکومەتدا ناونووس کراون.

٥- هێزەکانی ئەم داگیرکارییە لەسەر سنووری ئێران کۆکراونەوە، جەخت لەسەر ئەوەیش دەکرێ کەدەزگاکانی ئێران هاوکارییان کردوون، پێداویستییان دابینکردوون. ئەم هێزانە دووتەشکیلەبوون. یەکەمیان لەلایەن رەسووڵ[1] بەڕیوەبراوە، کوڕانی کۆر حوسەین[2] و ئەمین پاشا فەرماندەی تەشکیلەی دووەم بوون.

ناوی رائید محەمەدی ئەفسەری هەڵگەڕاوەی تورك، وەك سەرکردەیەکی چەتەو رێگرەکان هاتووە.

٦- ئەو باندانە، ناوەڕاستی مانگی حوزەیران، لە گەوەری سامیان (Achigiran)ەوە لە سنوور پەڕینەوە، بەرەو ئەرجیش پێشڕەوییان کردو، هەندێ کوردی ئەو دەڤەرەیان لە هێزەکانیاندا ناونووس کرد؛ ئەو گوندانەشیان ویرانکرد ، کە بەرهەڵستییان کردن، ئەمانە هێرشییان کردە سەر ئەرجیش[3] و موردایە[4] و پاتنۆس (Patnos)[5] و، سەرکەوتوو نەبوون و، لەباکووری ئەرجیش لەگەڵ هێزی سوارەی بەرفەمانی یەشار بەگ کەوتنەشەڕ، لێرەش شکستیان خوارد.

---

[1] سەید رەسووڵ بەرزنجی کوڕی حاجی برۆیە. دوای شۆڕشی شێخ سەعید دوورخرایەوە بۆ ئیزمیر، لێی هەڵات. سەردەستەیەکی گەورەی فیداییەکانی شۆڕشی ئاگریش بوو (شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، ل١٩،٢٠؛ خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری، ل٧٧،٧٨،٧٩). (س)

[2] حسێن پاشای کۆرە سەرۆکی هۆزی حەیدەرانی بەدەسەڵاترینی ناوچەکانی دەوری وان و بایەزید بووە. مەمۆ و نادری کوڕانی لە سەردەستە فیداییەکانی شۆڕشی ئاگری بوون. بەماڵ و منداڵەوە دوورخرایەوە بۆ رۆژاوای ئەنادۆڵ. لەگەڵ حاجی مووسا بەگدا هەڵاتە سووریا لای حاجۆ ئاغای هەڤێرکی. ١٩٢٨ کاتێ بەرێوەبوو بۆ چوونە پاڵ ئاگری، بەدەستی مەدەنی حاجی مووسا بەگو بەفیتی کاربەدەستانی تورک خافلکوژکرا (شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، ل٣٨،٣٩؛ خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری، ل٤٧،٤٩،٥٠،٦٤،٧٧،٧٨،٧٩). (س)

[3] قەزایەکی باکووری ویلایەتی وانە لەسەر گۆلی وان (س)

[4] ناحیەیەکی نزیکی رۆژهەڵاتی قەزای ئەرجیشە. (س)

[5] ناحیەیەکی بەشی باکووری رۆژهەڵاتی ویلایەتی بدلیسە. (س)

٧ـ پیادەی فەیلەقی باشوور، وەك لە نووسراوی ژمارە (٥)مدا ئاماژەم پێکردووە،، (٥)ی مانگی تەمووز لەدۆڵی زیلانی سەرووی ئەرجیش لەگەڵ یاخییاندا بەیەك گەیشتن و بەپشتیوانی چەند فرۆکەیەك پەلاماریان دان. شەڕەکە بۆ (٩)ی مانگ و تا لەناوبردنی کوردە رزگاربووەکانی ئەو ناوچانە درێژەی کێشا. زۆر لەیاخییان کەکوڕی کۆر حوسەینیشیان تێدایە، خۆیان بەدەستەوە داوە، کوژراوانیش بە (١٥٠٠) کەس مەزەندە دەکرێن. فەسیلێکی تریش لەبەرزاییەکانی سوپحان داغ[1] خۆی بەدەستەوەداوە، ئێستا بێ سەرو شوێنە.

٨ـ فرۆکەوانەکان دەڵێن لەم شەڕەدا، لەبۆمببارانکردن و تەقاندنی شەستیرەکانیاندا لەبەرزاییەکی کەمەوە، بەجەرگییەکی زۆریان نیشانداوە. دەڵێن ئەمە کاری زۆری لەخێڵەکیەکان کردووە. لەلایەکی تریشەوە، لانی کەم، سێ فرۆکە بەئاگری تفەنگ و چەکەکان خراونە خوارەوە، کوردەکان فرۆکەوانەکانیان کوشتووە و شێواندویانن.

٩ـ زوو خۆ بەدەستەوەدانی هەڵاتوانی ئەم هۆزانە پێشبینی دەکرێ، بەلام دانی پێدادەنرێ کەزیاتر لە(١٥٠٠)کەس لەئاگری داغ ماون، ساڵەح پاشا فەرماندەیی کاری تەفرو توناکردنیان دەکات.

١٠ـ دیارە ئەم راپەڕینە پەلی هاویشتووە، مەبەستیان لێی ئەوە بووە کەببنە خاڵی ئاژاوەو نائارامی لەسەرتاسەری هەرێمەکانی رۆژهەڵاتدا. پێم وایە رێی تێدەچوو سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنرایە، ئەگەر لەگەڵ یاخیبوونی زووتری ئاگری داغدا کەپێش وەخت بەرپابوو، هاوکات بوایە.

١١ـ لەلایەکی ترەوە، ئاشکرایە حکومەتی تورك گەرەکیەتی مەترسیی کوردی دابمرکێنێتەوە. هێزەکانیان چەند مانگێکە رێکخراون و، دەبوو جموجۆڵی هەردوو فەیلەقەکە، لەگەڵ هی سوارە، هاوکات بوایە. دەستبەکاربوونی فەیلەقی باکوور بەر لە گەیشتنی ئەوی باشوور بۆ ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکە، بەقازانجی حکومەت

[1] ناحییەکی باکووری رۆژهەڵاتی ویلایەتی بدلیسە. (س)

کەوتەوە، چونکە بواری دایە ژمارەیەکی زۆری هێزی کورد کە نزیک بە گۆلی وان کۆببنەوەو، ئەمەیش شکستی تەواویانی بەدوای خۆیدا هێنا. گرفتی شەڕکردن دژی پارتیزان، لەوەدایە کە ناتوانرێ دوژمن راپێچی دوا قۆناغەکانی شەڕبکرێ.

١٢ـ زانیاری دروست، لەبارەی قوربانیانی تورکەوە، لەبەردەستدا نییە.

١٣ـ ئاگادارکرامەوە کە فەوجی (٢٨)ی ئەرزرۆم رازی نەبووە شەڕ دژی کورد بکاتو، یاخی بووە، بەڵام ئەم قسەیە پێویستی بەپشت راستکردنەوە هەیە.

١٤ـ قوماندانە تورکەکانی ئەم کردەوە سەربازییە، سالح پاشاو زەکی پاشا بوون. بەڵام نەمتوانی ئەرکی هەریەکەیان بەتەواوی بزانم. ئەکرەم بەگی بەرپرسی ئەم دواییەی پۆلیسی قوستەنتەنییەیش سەرۆکی ئەرکانە.

بی.جەی. ئۆلێری

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل:١٥-١٦، ژ:١/١٨

*** *** ***

ژ: ٦٧

لە سێرجی کلارکەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (٢١ی تەمموز گەیشتووە)

ژمارە: ٢٧٥

قوستەنتەنییە، ١٦ی تەمموزی ١٩٣٠

گەورەم،

ئاماژە بەنووسراوەکانی ژمارە (٢٧٣ی دوێنێ و ٢٧٤ی ئەمڕۆم، خاتوو (ماك گرات) کە زیاتر بە(رۆزیتا فۆربێس) ناسراوە، هەینیی رابردوو لەرێگەدا بۆ حەڵەب و لەندەن بەئێرەدا تێپەڕی، ئەم زانیاریبانەی خوارەوەی دامێ و، بەبەراوردکردنیان لەگەڵ قسەکانی دوازدەی ئەم مانگەی تۆفیق رۆستوودا، تاڕادەیەك گرنگن.

٢ـ خاتوو ماك گرات راستەوخۆ لە سنووری تورکیا– ئێرانەوە کە(١١) رۆژی پێش (٢٣)ی حوزەیرانی تێدا بەسەربردبوو، هاتبوو، ئەو بەگەشتێك لەئێران بووبوو و، ویستبووی بچێتە رووسیا، بۆیە نامەیەکی وەزیری دادی بۆ زەفەروددەولەی جەنەڕاڵی ئێرانی فەرماندەی هێزەکان لەئازربایجان، پێگەیشتبوو. خاتوو ماك گرات کە گەیشتبووە تەورێز بۆی دەرکەوتبوو کە، بەپێچەوانەی ئەو قسانەی وا تۆفیق رۆستوو بە منی وتبوون، ئێران لە سنووری قۆقازدا گرفتی گەورەی لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتدا هەیە. ئەوخۆی ژمارەیەك پەنابەرکە رۆژانە هاتبوونە ناوەوەو، یازدە بریندارێکی رزگاربوویشی لەو (١٠٠–٢٠٠)کەسەی کە وەك بڵاوکراوەکان رایانگەیاند؛ ویستبوویان رووبارەکە بەمەلە ببڕن و، سەربازانی سۆڤیەت لەناو ئاوەکەدا تەقەیان لێکردبوون، بینیبوو. ئیتر بەم جۆرە وازی لە چوونە ناو رووسیا هێنابوو. بەڵام کە بیستبووی کێشە لە سنووری تورکیادا هەیەو، دەرفەتی چوونیشی بۆ رەخسارە، ئارەزووی رۆژنامەوانی پاڵی پێوەنابوو هەوڵێك بۆ ئەم ویستەی بدات.

٣ـ بەهۆی چاوساغێکی تـرەوە، پـەیوەندیی بەکوردێکـەوە کردبـوو. خـاتوو مـاك گرات لەگەڵ کوردەکەدا تەورێزی بەجێ هێشتبوو و، لەرێگەی (خۆی)یەوە چووبوونە باشووری ماکۆو، ئیتر لەوێ ئۆتۆمبێلەکەیان بەجێ هێشتبوو و، خۆیان ڕۆیشـتبوون. ئەمجا بەسـواری ئەسپ کەوتبوونـە رێو، یـازدە ڕۆژ لـەناو کوردەکـاندا مابوونـەوە. خاتوو ماك گراتو کوردەکە، بەپێی نەخشەیەکی زۆر ناتەواو و، ناوی ئەو شـوێنانەی بیسـتبوونی، کـەمێك لـە سـنووری تورکیـا پەڕیبوونـەوەو، لەشـەڕەکان نزیـك نەبووبوونەوە. ئەو خاتوونە سێ ڕۆژی لـەگوندەکانی سـەر ئـاراپات بەسـەربردبوو و، لەوێ وێنەی فڕۆکە تێکشاوەکانی گرتبوو، بەڵام داگیرکەرە بەدبەختەکانی نەبینیبوو کە کوردەکان کوشتبوویانن‌و، بە داریانەوە بەسـتبوونەوەو، لەسـەریان نووسـیبوون: ((ئەمە ئەو چارەنووسەیە کـە چـاوەڕێی فڕۆکـەوانانی تـورك دەکـات)). هـەر لـەوێ تۆپێکی دەست بەسەرداگیراوی تورکەکانیشـی بینیبـوو کـە کوردەکـان نـەیانزانیبوو بـەکاری بـهێنن‌و، داوای تۆپچییـان لـە زەفەرودەولـە کردبـوو، جەنـەڕاڵ، جـا لەبەرئەوەی بووبێ کەئێرانییەکانیان بۆ رازی نـەکراوە، یـاخود کـەمێك دوو دڵ بـووە لایەنگرییان بکـات، هیـچ کـام لـە تۆپچییـەکانی خـۆی نـەناردبوو، بـەڵام چـەند ئەرمەنییەکی چارە رەش کە دەترسان ئەگەر تۆپـەکان بتـەقێنن، ئـەوا تورکـەکان‌و، لەکاتی نەکردنیشیدا، کوردەکان بیانکوژن، داوایان لەخاتوو ماك گرات کردبوو لەتەك خۆیدا بیانباتەوە تەورێز. ناوبراو ناوبەناو گوێـی لەتەقـەی تفـەنگ بـوو بـووو، چـەند بریندارێکشی دیبوو و، سەرەڕای برێکی زۆر کەم یۆد کە لایان دەستکەوتبوو، کاری پزیشکیی بۆ کردبوون.

کـوردان کـە ژنـەکانتیان کۆرپـەکانیان بەکۆڵـەوەو برنـەویان بەدەسـتەوە بـوو، وادیاربوون کە شەڕ زیاتر بەمایەی رابواردن‌و خۆشی، وەك لە هەر شتێکی تر، سـەیر

بکەن. سەرکردەکەیان لە ئاراپات کوردێکی باڵا بەرز بووەو، ناوی (تەلۆ– Telo)[1] بووە.

٤ـ ئەمجا خاتوو ماك گرات، بەنیازی ئەوەی کە لە بدلیسەوە بێتە ناو تورکیا، بەرەو باشوور بەدیوی تورکیای سنوورەکەدا کەوتبووە ڕێ. کاتێ: لەگەڵ چاوساغەکەیدا گەیشتبوونە شاخەکانی نزیك (ئارجك– Archag)[1] کە بەسەر گۆلی واندا دەڕوانن، بیستبوویان شەڕێکی قورس لە بدلیس‌و مووش‌و ساسۆن‌و[2] نۆرسان (Norsan)[3] قەوماوەو، ناتوانن تێپەڕن، ناچار بەرەو ڕۆژهەلات وەرگەڕا بوون، بەئاراستەی سنوور تا (زینودۆلا– Zinudola)[4] ملی ڕێیان گرتبوو. پاشان لەوێوە بە دیانەدا[5] کە فەسیلێکی سەربازیی ئاشوورییەکانیان تێدا بینیبوو، چووبوونە خاکی عیراقەوەو، تا ڕەواندوز ڕۆیشتبوون.

٥ـ خاتوو ماك گرات، لەسەرتاسەری گەشتە سنوورییەکەیدا، هیچ نیشانەیەکی کارمەندو سەربازانی تورکی بەدی نەکردبوو، زۆرکەمیشی لەبارەی شەڕو شۆڕەوە بیستبوو. ئەو لەیارمەتی‌و هاوکاریی ئێران بۆ یاخییەکان دڵنیابوو، چونکە شایەتی ئەوەبوو کە چاوساغە کوردەکەی لەگەڵ جەنەراڵدا لە تەورێز کۆبووبووەوەو، دەیزانی تەقەمەنی‌و کەلوپەل بەشێوەیەکی ڕێکوپێك‌و بەردەوام لەئێرانەوە بەسنووردا دەپەڕنەوە.

---

[1] لەمیرانی مەزگرتە، ئەڵقەیەکی پەیوەندیی نێوان ئاگری‌و ناوچەکانی‌تری کوردستان بوو (شۆڕشی نەتەوەیی کورد، ل٢٤). (س)

[1] ناحیەیەکی باکووری ڕۆژهەلاتی نزیکی شاری وانە. (س)

[2] قەزایەکی باکووری ڕۆژهەلاتی شاری دیاربەکرە. (س)

[3] ڕەنگە (نورشین)ی ناحیەیەکی باکووری ڕۆژئاوای نزیکی شارە بدلیس بێ. (س)

[4] مادام ناوی دیانە هێنراوە، دوور نییە دۆڵی زینۆی شێخی نێوان ڕەواندزو شنۆ بێ. (س)

[5] یەیەکی ئێستای سەر بە قەزای ڕەواندزە. (س)

٦. وامەست دەکەم چاوساغەکەی خاتوو ماك گرات هەوڵی باشی دابوو بۆ دوورکەوتنەوە لەهەر سەربازێکی تورك. سەرباری ئەمەیش، گومانی تێدا نییە، خاتوو ماك گرات سەلامەتی خۆیو پەیوەندیی ئێمەو تورکیایشی لەو شاخو کێوەدا خستبووە مەترسییەوە. بۆیە هیوامە ئەم نهێنیانەی بپارێزرێن، ئەگەر نا چاوساغەکەی کە گەشتەکەی بۆ سازکردبوو، ئەگەرچی بەپارە کردوونی، بەڵام زۆر دڵسۆزو بەوەفابووە، تووشی سزای قورس دێ. جا لەبەر ئەمە پێی وتم: ناتوانێ هیچ زانیارییەك لەم بارەیەوە، بە چاپەمەنیە ئینگلیزیەکان بدات.

٧. کۆپیی ئەم راپۆرتەم بۆ نوێنەری خاوەنشکۆ لەتارانو بریکاری کۆمیساری باڵا لە بەغدا ناردووە.

جۆرج. ئار. کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ١٦-١٧، ژ: ١٩

****

ژ: ٦٨

لە سێرجی. کلارکەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (٢١ی تەمووز گەیشتووە)

ژمارە: ٢٧٦

قوستەنتەنییە، ١٧ی تەمووزی ١٩٣٠

گەورەم،

لەڕاپۆرتەکانی ژمارە(٢٧٣و ٢٧٤، ٢٧٥)مدا، هەوڵمداوە چەند هەواڵێکی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستانتان بۆ بنووسم، هەرچەندە زانیاریی جگە لە پڕۆپاگەندەو راپۆرتی پەیامنێری چاپەمەنیە تورکیەکان، دەست ناکەوێ.

٢. سەختە ئەوئەنجامە بەدەست بهێنن کە ئایا ئەم شەڕە لە زنجیرە هێرشی کوردەکانەوە بۆ سەر بنکەکانی پێشەوەی سوپای تورك، وەك لە راپۆرتی مانگی نیسانی کونسوڵی تەورێزی خاوەنشکۆدا هاتووە، سەرچاوەی گرتووە، یاخود ئەو هێرش و پەلامارانە زادەی کارە سەرکوتکاریەکانی تورك بوون کە لە پشتەوەی گۆلی وان دژ بەکورد دەستیان پێکردبوون.

٣ـ چاودێرێکی بلیمەت، پاش دامرکانەوەی ساڵی ١٩٢٥ی کورد، وتی: ئەمانە هەرگیز خۆیان بەدەستەوە نادەن، بەڵکو پێنج ساڵی تر، کاتێ لەم شکستەیان هەڵدەسنەوە، جارێکی تر رادەپەڕن. لەلایەکیترەوە، سیاسەتی (کۆنترۆڵکردنی ئاشتییانە)ی ئیبراهیم تالع بەگی پشکنیاری گشتیی ویلایەتەکانی ڕۆژهەلات پێشکەوتنی بەرەو ڕۆژهەلاتی دیاریەکری بەخۆوە نەدیوە، بۆیە دەشێ بڕیار لەسەر ڕێوشوێنی توندوتیژتر بدرێ. چونکە وەك لە دووتوێی لاپەڕەی ڕۆژنامەکانەوە دەردەکەوێ، بەئاشکرا ترسی ئەوە لەئارادایە کە ڕەنگبێ نائارامیی پەرەسەندووی کوردستان، ئەگەر دانەمرکێنرێتەوە، تەشەنە بۆ ناوچەکانیتر بکاتو، ببێتە مایەی سەرهەڵدانی ناڕەزایی و بێزارییە شاراوەکان.

٤ـ ڕێی تێدەچێ حکومەتی تورك لەبەرئەوە بڕیاری دابێ ئەمساڵ کێشەی کورد بەباشی چارەسەر بکات بەگشتی بەخت یاری تورکەکان بووە، ئەگەرچی خەرجی لەوەی وا پێشبینی دەکرا، زیاتری تێچووە. ئەمە بەقازانجی تورك شکایەوە کە شەڕوشۆڕ بەرلەدەستپێکردنی لە ئەرجیش، وەك ڕائید ئۆلێری ئاماژەی پێدەکات (بڕوانە ڕاپۆرتی ژمارە ٢٧٤م) لە دەوروبەری چیای ئاراڕات بەرپابوو، پشتگیریی ئێرانیش بەڵگەو بیانووی ڕەوای بەدەسەڵاتدارانی تورکیا بەخشی تا خۆیان چۆنیان مەبەستە پێ لەسەر دەستکاریی‌و دیاریکردنەوەی سنوور دابگرن دواجار ئەم یاخیبوونە دەبێتە بیانووی حکومەت بۆ لەناوبردنی کوردستان‌و خەڵکەکەی‌و، سەرکوتکارییە کاریگەرەکەیش گشت ناڕەزاییەکان لەجێیەکانی تر لەناو دەبات. تۆفیق ڕۆستوو پێی وتم: پێویستە هەرێمەکە بە پەنابەرانی تورکی شوێنەکانی‌تر ئاوەدان بکرێتەوە.

٥ـ سەرەڕای ئەمە، بەدڵنیاییەوە حکومەت، زۆر کات‌و ساتی ناخۆشی دیوە. هەرچەندە دەشێ تەرازووی مەسەلەکە، دوایی، بەبەرژەوەندیی تورکیا بشکێتەوە. سەرجەم دوژمنانی ئەم وڵاتەو حکومەتی ئێستاش، دەتوانن ئەو کوردانەی کە لە سزای دڕندانەی ئێستا هەڵدێن، بەهاوکاری خۆیان دابنێن.

٦ـ وێنەی ئەم ڕاپۆرتەم بۆ نوێنەری خاوەنشکۆ لە تاران‌و بریکاری کۆمیساری باڵا لە بەغدا ناردووە.

جۆرج ئار.کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل:١٧، ژ:٢٠

ژ: ٦٩

لە سێرجی کلارکەوە بۆ مستەر ئێی هندرسن (٢٨ی تەمموز گەیشتووە)

ژمارە: ١٧٤

تاران (٢٨ی تەمموزی ١٩٣٠)

برووسکە

ئەمەی خوارەوە لەتەوریزەوە گەشت (ژمارە:١٨):

(هەموو لۆرییەکانی ئێرە بۆ گواستنەوەی سەرباز بەرەو ماکۆ، دەبرێن، چونکە تورکەکان دوای چەند بارە کردنەوەی گلەییەکانیان لەوە کە کوردانی ئێران هاوکاری ئەوانەی ئاراڕات بوون، هەڕەشەی شکاندنی سنووریان کردووە)

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل:٢٣، ژ:٣٠

****

ژ:٧٠

لە سێرجی کلارکەوە بۆ مستەر ئێی هندرسن (٥ی ئاب گەیشتووە)

قوستەنتەنییە، ٣١ی تەمموزی ١٩٣٠)

گەورەم

دوو هەفتەی رابردوو زانیارییەکی کەمێ تایبەت بەراپەڕینی کورد، لە ناوچەی سنووری ئێران، لەچاپەمەنییەکانەوە بڵاوکرایەوە. بێگومان هەروەك لەنووسراوی ژمارە (٢٧٣)ی ١٥ ئەم مانگەدا، ئاماژەم پێدا، حکومەتی تورکیا وتی: یاخییان لە ئەرجیش تەفرو توونا کراون، تەنها ئەوەندە ماوە، کوردە هەڵاتووەکانی بەشەکانی سەرەوەی ئاراڕات دەستگیر بکرێن.

٢ـ لەکاتێکدا یاخییان لەئەرجیش شکستی کاریگەیان هێناوەو زۆریان لێ کوژراوە، راپۆرتی ناوبەناوی چاپەمەنییەکان ئەوە دەخەنەروو کە هەرچەندە حکومەت جڵەوی بارودۆخەکەی باش گرتووە، کەچی هێشتا پرۆسەی پاکسازیی ئەو دەڤەرە یاخییە تەواو نەبوە. کردەوە سەربازییەکان بۆ ماوەیەك راگیراون.

دەڵێن یاخییان گەمارۆدراون‌و، نەبوونی پێداویستیی‌و هاتنی وەرزی زستان ناچاریان دەکات جموجۆڵەکانیان کەم بکەنەوەو، ئیتر بەبێ لەدەستدانی سەربازی تورك لەشەڕدا سزای خۆیان وەردەگرن. دەکرێ لەم بارودۆخانەدا پشت بەم تاکتیکانە ببەسترێ، بەڵام ئایا گەمارۆی تورك بەڕاستی تەواو و مەحکەمە ؟! یاخود ئیتر زۆر لەیاخییان ناتوانن هەڵبێنە گوندەکانی دەوروبەر؟! ئەو بیرۆکەیە ئێستا تەواو بڵاوەکە (چەتەکان) لەئێرانەوە هاتبوون‌و، هەموویش لەسەر ئەوە کۆك بوون کەسەر هەڵدانەکە یەکێکە لەوانەی کوردانی تورکیا کە لە ئێرانەوە پشتیان گیراوەو، بەردەوام تەقەمەنی‌و پێداویستیان بۆ دابین کراوە.

٣ـ بەڵام جگەلە پەلاماری خێڵی بارزان بۆ سەر بنکەو سەنگەرەکانی تورك لە (ئۆرامار– Oramar)[١]، ئەگەر رۆژنامەکان زانیارییەکی کەمیان لەسەر رووداوی بچووك هەبوایە، ئەوا بوارێکی فراوانیان دەڕەخساند تا بەگشتی ئیدانەی نەخشەو پیلانی دەرەکی بۆ کێشەنانەوە لە تورکیا بکەن. ئەمە بەتەواوی ئاراستەی ئێران کراوە، کە شاڵاوی راگەیاندن لەدژی پەرەی سەندووەو، گومانیشی تێدا نییە کە پەیوەندییەکانی تورکیا –ئێران لەم ساتەدا بەبارێکی ناڵەبارو ئاڵۆزدا تێدەپەڕن. دوا مەبەستی تورك هەرچییەك بێ، عیسمەت پاشا لە گوتەی (٢٨)ی ئەم مانگەی ئەنگۆرەیدا، ئیشارەتی بەوەداوە کە رێی تێناچێ پەیوەندییە ئاساییەکانی هەردوو وڵات، بەبێ ئارامیی سنوور، سەربگرێ. تورکیا ئێستا ئەو ئارامییەی نییەو ئەگەرچی حەزیش ناکات کەس ئازار بدات، بەڵام دەبێ بەرگریی رەوای خۆی بکات. هەروەها

---

[١] ناحیەیەکی ویلایەتی حەکارییە. (س)

پێویستە ئەوە روون بکاتەوە کەوا، پێش دەستەبەر بوونی ئەو ئامانجە، گەلی تورك پاشەکشە ناکات.

٤. قسەکانی سەرۆك وەزیر کەم بەهانین، چونکە وا رادەگەیەنێ کە تورکیا خەریکە بەتوندی سەرنجی حکومەتی ئێران رابکێشێ‌و، دەقی سەرنجەکەیشی رۆژانی ئایندە چاپ‌و بڵاودەکرێتەوە. سەرنجەکە، بەپێی رۆژنامەی رەسمی وەلامی تێبینییەکی بەم دواییە گەیشتووی تاران دەداتەوەو، ئەوە رەتدەکاتەوە کە گوایە حکومەتی ئێران ئاگای لەچەکدارکردنی چەتەکان نییە لەناو خاکی ئێرانداو، هەموو هەوڵێکی بۆ پاراستنی ئارامیی سنور خستووەتە گەڕ. هەروەها دەریدەخات کە هەموو بەڵێنێکی نیازپاکیی رۆژنامەکان، بایەخیان نابێ، دواتر، هەر بەپێی هەمان سەرچاوە، سەرنجەکە ئەو هەڕەشەیش تێدایە کە ئەگەر پەیمانەکانی نیازپاکی‌و هاوکاری کاریان پێ نەکرێ، ئەوا حکومەتی تورکیا هەر هەنگاوێك دەنێ کەبۆ پارێزگاری‌و بەرگریی سنورەکانی بەپێویستی بزانێ.

٥. ئەگەرچی دەشێ شێوازی سەرنجێکی لەم جۆرە ببێتە هۆی بێزاریی ئێران، بەڵام رەنگە راستییەکە تەنها بیانوو هێنانەوە بێ بۆ داگیرکارییەکی بەناو هەمیشەیی ناوچەی دەوری دامێنی رۆژهەڵاتی چیای ئاراڕات کە تورکیا دەمێکە دەیەوێ دەستکاریی سنووری ساڵی ١٩١٣ی خۆی بکات.

٦. وێنەی ئەم راپۆرتەم بۆ نوێنەری خاوەنشکۆ لە تاران‌و بریکاری کۆمیساری باڵا لە بەغدا ناردووە.

جۆرج ئاڕ کلارك

وەزارەتی دەرەوە،٢٧٣/٤٢٤،ل:٢٦–٢٧، ژ:٣٥

ژ:٧١
دوو برووسكەی ڕۆیشتوو هاتووی (٦)ی ئاب

(١)

لە وەزیری كاروباری وڵاتانی كۆلۆنیالكراوەوە بۆ كۆمیساری باڵا لە عیراق
"برووسكە"

بروسكە ژمارە (٥٣)ی قوستەنتەنییە بۆ وەزارەتی دەرەوە بۆتان دووبارە كراوەتەوە.

هەواڵی ڕاستەقینەی پشتگیریی داگیركاریی كوردان چۆنە؟

(٢)

لە بریكاری كۆمیساری باڵاوە لە عیراق بۆ وەزیری كاروباری وڵاتانی كۆلۆنیالكراو.

برووسكە

ئاماژە بە برووسكە ژمارە(٥٣)ی (٢٦)ی تەممووزی قوستەنتەنییە بۆ وەزارەتی دەرەوە، حكومەتی عیراق ناتوانێ پشتیوانی لە دروستیی ڕووداوە كە بكات، بەڵام بەڵگەی ئەوە هەیە كە شوێنكەوتووانی شێخی بارزان لەهەرێمی ئۆرامار یارمەتیی كوردەكانیان داوە. حكومەتی عیراق دەسەڵاتی تەواوی بەسەر شێخی بارزاندا نییە، دەزانم ئەمە بۆ حكومەتی توركیا قسەیەكی جێی قەناعەت پێكردن نییە، بەڵام هۆی مانەوەی شێخ بە ئازادیو دوور لە دەسەڵاتی حكومەتی وڵاتەكەی، زادەی ئەو هاوكارییە مەعنەوییە پێدەچێ ماددیش- كەزووتر حكومەتی توركیا كردوویە. (بڕوانە لاپەڕە (٦)ی كورتەی چاپكراوی كۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە شەشی لیژنەی سنوور)[١]

ئەم برووسكەیە بۆ قوستەنتەنییەیش نێردرا.

وەزارەتی دەرەوە،٢٧٣/٤٢٤، ل:٢٦،٢٧، ژ:٣٧

---

[١] چاپ نەكراوە.

ژ:٧٢
لە مستەر هیلمەوە بۆ مستەر هندرسن- (٥ی ئاب گەیشتووە)

ژمارە:٦٣

قوستەنتەنییە،٥ ئابی ١٩٣٠

برووسکە

ئەمەی خوارەوە بۆ بەغدا نێردراوە، ژمارە(٥):

"برووسکەی ژمارە (٣٦٢)تان بۆ وەزارەتی کۆلۆنییەکان"

" لەهەلومەرجێکی ئاوادا، پێم باشە هیچ قسەیەك لەگەڵ وەزیری دەرەوەدا نەکرێ، تاخۆی جارێکیتر دەپرسێتەوە، خۆشحاڵم، بۆ زانیاریی خۆم، بزانم ئایا وەڵامی نوێنەری تورکیا لە بەغدا دراوەتەوە یان نا؟ خۆ ئەگەر دراوەتەوە، چییە؟

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤،ل:٢٧، ژ:٣٦

******

ژ:٧٣

لەبریکاری کۆمیساری باڵاوە لەعیراق بۆ وەزیری کاروباری وڵاتە کۆلۆنیالکراوەکان

(٨ی ئاب بە وەزارەتی دەرەوە گەیشتووە)..........

برووسکە

بەغدا، ٦ی ئابی ١٩٣٠

ئەمەی خوارەوە بۆ قوستەنتەنییە نێردراوە:

" ئاماژە بە برووسکەی ژمارە (٦٣)ی وەزارەتی دەرەوەتان"

وەزیری دەرەوەی عیراق وەڵامی نوێنەری تورکیا دەداتەوە، دەڵێ:

حکومەتی عیراق بەرەهایی رەتیدەکاتەوە هەرجۆرە پشتگیرییەکی بزووتنەوەکانی کوردی دژی حکومەتی تورکیای کردبێ و، هەموو هەوڵەکان خراونەگەڕ بۆ کۆنترۆلکردنی تیرەو خێڵەکانی سەرسنوور. بەڵام حکومەتی تورکیا دەزانێ ئەمە تاسەر ئاسان نییەو، هەروەها دەکرێ حکومەتی تورکیا دڵنیا بێ لەوەی کە رێ لەپەرەسەندنی هەر خواستێکی نەتەوەیی جیاییخوازیی خێڵە کوردەکانی عیراق دەگیرێ. سیاسەتی حکومەتی عیراقیش بریتییە لەوەی کە ئەوان پێویستە وەك خەڵکێکی عیراقیی چاك ئارام بن و، نە حکومەتەکەیان و نەئەوانەی دراوسێیان هەراسان نەکەن.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل:٢٧،ژ:٩

*** *** ***

ژ: ٧٤

لە بریکاری کۆمیساری باڵاوە لە عیراق بۆ وەزیری کاروباری دەوڵەتە کۆڵۆنیالکراوەکان......(٩ی ئاب گەیشتووەتە وەزارەتی دەرەوە)

برووسکە

بەغدا، ٦ی ئابی ١٩٣٠

دواترین زانیاری ئەوەیکە دەورووبەری، (٢١)ی تەمموز شەڕ لەنێوان خەڵکی ئۆرامارو سەربازانی تورکدا بەرپابووەو، شێخی بارزان (١٠٠) سەد گردی Girdi[1] بۆ یارمەتیی ئۆرامار ناردووە، بەڵام ئاشکرا نییە شەڕەکە لە خاکی عیراقەوە یان لەناو تورکیاوە هەڵگیرساوە. ئەم شەڕە، زیاتر پێدەچێ لەوی دواییانەوە کەوتبێتەوە.

(بۆ قوستەنتەنییەیش نێردراوە)

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٧٣،ل:٢٩،ژ:٤١

****

ژ:٧٥

لە مستەر هێلمەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن

ژمارە:٢٩٨

قوستەنتەنییە، ٦ی ئابی ١٩٣٠

گەورەم

پێم خۆشە، وەك باڵوێزی خاوەنشکۆ لەبڕگەی چواری راپۆرتی ژمارە (٢٩٢)ی (٣١)ی مانگی رابردوویدا پێشبینی کردبوو، ئەوەتان پێی رابگەیەنم کە حکومەتی

[1] گردی ناحیەیەکی سەر بە قەزای شەمدینانە. رەنگە مەبەست دڵنیشتوانی ئەم ناحیەیە بێ. لەوانەیشە خێڵی گەردی مەبەست بووبێ. (س)

تورکیا (١)ی ئاب باڵوێزی وڵاتەکەیی ئاگادارکردووە تاسەرنجی زیاتر لەسەر دوا ڕووداوەکانی سنووری تورکیا– ئێران بداتە حکومەتی ئێران.

٢ـ دەقی نامە گۆڕکێکە، بەپێچەوانەی ئەوەوە کە پێشبینی دەکرا، بڵاو نەکرایەوە، بۆیە ناکرێ ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بزانرێ. دواتێبینی تورکیا، بەپێی چاپەمەنییەکان. (توندوتیژ، بەڵام دۆستانە) بوو. لەسەرچاوەیەکی بەناوبانگەوە زانیم، لەکاتێکدا شێوازی سەرنجەکە تەواوو دۆستانەیە، حکومەتی تورکیا، حکومەتی ئێرانی لەهەڵبژاردنی دوو ڕێگەی نەخوازراو سەرپشك کردووە، ئەوانیش بریتین لە دیاریکردنەوەی خێرای سنوور بەشێوەیەك کەدیوی ڕۆهەڵاتی شاخی ئاراڕات وەك بەری ڕۆژئاوای دەخاتە سەرنەخشەی تورکیا، یاخود ڕێگەدان بەسەربازانی تورك تا شوێن پێی هەڵاتوانی کورد بۆ ناو خاکی ئێران هەڵگرن و، لەوێ چاریان بکەن.

٣ـ کاری سەربازیی لەناوچەی سنوورو، بەتایبەتی دژی کوردان، لەئاراڕات، کاتی گەیشتنی وەڵامی پێشنیارەکانی تورکیا، رادەگیرێ. لەگەڵ ئەمەدا، چالاکییەکی بەرچاو لەدامو دەزگاکانی حکومەتی تورکیادا هەیەو، ئەمەیش هەروەك جیاوازیی زمانی سەرکۆمار (بڕگەی ٥ی نووسراوی ژمارە (٢٨٨)ی (٢٩)ی تەمموزی سێر جی کلارك) کە بەئاشکرا ئێرانیان وریا کردەوە، باوەڕێکی وەهای دروستکردووە کە هەردوو سەرکردە لەسیاسەتیاندا سەبارەت بە ئێران زۆر کۆك نین. عیسمەت پاشا وا دەردەکەوێ خوازیاری ئیجرائاتی توندبێ، بەڵام غازی دەیەوێ گرفتە کە بەگفتوگۆ چارەسەر بکات.

جا وابێ یان نا، وا هەست دەکرێ ئەم سەرنجەی تورکیا بۆ ئێران، لەوەی کە سەرەتا بیری لێکرابووەوە، نەرمتر بووە. هاوکات ئەوەش گرنگە کە هەفتەی رابردوو توندوتیژیی چاپەمەنییەکان، بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بوویوونەوەو، دەمو دوویەکی ناوەند گر (معتدل)تریان هەبوو. هەروەها ئیبراهیم تەلّع بەگی پشکنیاری گشتیی کوردستان کە وەك پەیامبەری هێورکردنەوەی ئەم ناوچەیە، بە قەناعەت

پێکردن و دروستکردنی ڕێگەوبان و، پەروەردە، سەیردەکرێ، ئەو کاتەی کە شاڵاوی چاپەمەنییەکان دژی ئێران لەوپەڕی برەویدابووو، ڕۆژنامە هێرشی کردە سەر خۆی و سیاسەتەکەی، کتوپڕ گەیشتە ئەنگۆرە. ئەمجا پاش یەک دوو ڕۆژ بەئازادی وتووێژ لەمەڕ گواستنەوەی بۆ پۆستێکی ترو جێگرتنەوەی لەلایەن جەنەڕاڵ جەودا پاشا (Cevat Pasha)ی ناوبانگ باشی سنووری عیراقەوە کرا. عیسمەت پاشا لە یالۆڤا (Yalova)[1] سەردانی غازیی کردو، ئێستا لەوەدایە بگەڕێتەوە دیاربەکر.

دەڵێن خوسرەو بەگی هاوڕێی غازیش کاری باڵوێزی لە تاران لەئەستۆ دەگرێ بەڵگەی لەم جۆرە لەبەردەستدایەو، ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو کەسیاسەتی ناوەندگری تەنها بۆ ساتێك سەرکەوتن بەدەست دێنێ و، وەك وەزیری دەرەوەی ئێران بە سێر ئاپ. کلایڤی وت: (ڕاپۆرتی ژمارە ٣٢٨ی ١٤ی تەممووزی تاران) حکومەتی سۆڤیەت گەرەکییەتی تۆوی ئاژاوە لەنێوان ئێران و تورکیا بچێنێ. سەرکەوتنی ئەم هەوڵانە سنوورداره. گۆڕانکاریی ئایندەیش، دەکەوێتە سەرجۆری وەڵامی ئێران بۆ دواتێبینیی تورکیا.

٤. خۆ ئەگەر پەیوەندییەکان (دە) ڕۆژی دوایی کەمێك باشیش بووبن، هێشتا ئەوە جێی گومانە کە ئاخۆ باش بوونێکی هاوشێوە لە بارودۆخی کوردستانی تورکیادا هەبووە یان نا. چاپەمەنییەکانیش تەواو لەمە بێدەنگ بوون.

بەهێزکردنەوەی سوپا، بەردەوام و بەشێوەیەکی ڕێك و پێك، لەهەرێمی کوردانـدا بەدی دەکرێ. پاشکۆی سەربازیی باڵوێزخانەی خاوەنشکۆ زانیویەتی، تائێستا (٨-١٠) فرۆکەی تورکی لەو هەرێمەدا لەناوچوون و، باندە یاخییە پەرەوازەکانیش هێشتا زۆرن. هەروەها کەم لەبارەی هێرشی کوردانی بارزانەوە بۆ سەر ئۆرامار، بڵاوبووتەوە. هێندەی کە من ئاگاداریم، هیچ پێشنیارێك لەسەر تێبینییەکانی عیراق و بریتانیا بڵاونەکراوەتەوە. بەڵام ئاشکرایە کە کوردانی تورکیا، نزیك سنووری عیراق،

---

[1] ناحیەیەکی باشووری ڕۆژاوای ویلایەتی ئیزمیتە لەسەر دەریای مەرمەرە. شوێنی حەسانەوەی مستەفا کەمال پاشا (ئەتاتورك) بووە. (س)

بەردەوام سەرچاوەی گرفت و کێشەن. ئەگەر ئاژاوەی سەردوو سنوورەکە بەس نەبووبێ، خۆ ئەمڕۆ رایشگەیەندرا کە دەستەیەکی شەست کەسی بە فەرماندەیی حاجۆ[1] ی دوژمنی دێرینی تورك نزیك بەنسێبین سنووری سورییایان بڕیوەو، وایەری برووسکەکانیان لەو ڕێگەیەدا قرتاندووە. ئەوەیش وتراوە کە سەربازانی تورك خەریکی بەرەنگاریی ئەم داگیرکارییە نوێیەن، کە لەبەر برانی پاسەوانانی سنوور بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی باشوور، بەئاسانی ئەنجام دراوە. حاجۆ ئێستا لە (Habad)[2]ی زێدی باووباپیری جێگیربووەو، بە بەیاننامەیەك ئاشکرای کردووە، کار بۆ سەر بەخۆیی کورد دەکات و، کوردان بۆ تۆڵەی کارەساتی براکانیان لە تورکەکان بانگ دەکات.

٥. وێنەی ئەم راپۆرتە بۆ نوێنەری خاوەنشکۆ لە تاران و بریکاری کۆمیساری باڵا لە بەغدا دەنێرم.

ئەی. کەی. هێلم

وەزارەتی دەرەوە ٢٧٣/٤٢٤،ل:٣١ـــ٣٢/ف:٤٦

*** *** ***

---

[1] حاجۆ ئاغای سەرۆکی هۆزی گەوری هەڤێرکییە، ساڵی ١٩٢١ خەریکی خۆسازدان بوو لە دیاریەکر بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی چەکدار دژی تورك. بەڵام سەری نەگرتووەو ئینگلیز هاوکاری نەبوە. بەشداری شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران نەبووو، دژی راوەستان. پاشان هاتە سووریاو، لە ناوچەی توریا سپیی (قامیشلی) نیشتەجێ بوو. ١٩٢٧ بوو بە دامەزرێنێك و ئەندامی یەکەم کۆمیتەی ناوەندیی (خۆیبوون). هاوکاری و پشتیوانیی شۆڕشی ئاگریی کرد. ١٩٤٠ کۆچی دوایی کرد (لەبارەیەوە بڕوانە: خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری، ل٣١، ٣٢، ٣٣،٨٣؛ د.کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٤٩٧ــ٥٠٤). (س)

[2] حاجۆ ئاغا خەڵکی ناوچەی (تورعابدین)ە، بۆیە رەنگە ئەوناوە هەڵەبێ. (س)

ژ: ٧٦

لە مستەر ئار ئێچ کامپبێڵەوە بۆ مستەر ئێی هندرسن (١٥ی ئاب گەیشتووە)

ژمارە:٩٣٩

پاریس، ١٤ی ئابی ١٩٣٠

گەورەم

خۆشحاڵم پێتان رابگەیەنم کە ئەم بەیانییە نوێنـەری ئێران سـەری باڵوێزخانـەی خاوەنشکۆیدا. ئـەو وتـی بـەرێنوێنی حکومەتەکـەی نـەهاتووە، بـەڵام تەنـها خـۆی ویستوویەتی سەرنجم بـۆ شکانی سنووری ئێران لەلایـەن سـەربازانی تورکـەوە بۆ راوەدوونانی کوردەکـان رابکێشـێ. سـەربازانی تـورك، بەقسـەی ئـەو، چوونەتـە نـاو خاکی ئێرانو، نەیشیدەزانی کەی دەڕۆنەوە، یاخود نیازیانە تا کاتێکی دیاری نەکراو بمێننەوە یان نا. پێی وابوو ئەم کارە بـە فیتـی حکومـەتی سۆڤیەت بـووە، چونکـە بەڵگە لەسەر سنووری ئێران– رووسیای سۆڤیەت لەبەردەستدایە. هەروەها وتی ئەم کارەی تورکیا گرفت بۆ حکومەتو کورد لە ئێران دروست دەکات.

٢ـ ئەو وتی برووسکەی بۆ حکومەتەکەی کردووە تا بزانی دەیانەوێ چی بکەنو، واتێگەیشتووە کـە بـەنیازن یـان لـەم کاتـەدا داوای یارمـەتیی هێزەکـانی تـر بکـەن، یـاخود خـێرا مەسـەلەکە بخەنـە بەردەسـت کۆمـەڵی نەتـەوەکان. ئاگاداریشـی کردمەوەکـە دۆێنـی ئـەم راستیانەی، وەك بۆم دەرکـەوت بـێ هیـچ رێنوێنییـەکی تایبەت، بە حکومەتی فەرەنسە گـەیاندووە. سوپاسـی کـردم ئەگـەر مـن ئەمانـە بـە بەڕێزتان رابگەیەنم، چونکە وەك وتی: نوێنەری ئێران لە لەندەن نییـەو، دوێنـێ کـار هەڵسووڕێنی ئێران لەوێ نەیدەزانی چی بکات.

ئار. ئێچ. کامپبێل

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل:٢٤، ژ:٥١

***

ژ:٧٧

لە مستەر هێلمەوە بۆ مستەر هندرسن (١٨ی ئاب گەیشتووە)

ژمارە: ٣١٨

قوستەنتەنییە، ١٤ی ئابی ١٩٣٠

گەورەم،

دوێنێ وەزیری دەرەوەم لە ئەنگورە بینی‌و، باسی هێرشەکانی شێخی بارزانم بۆ تورکیا، (برووسکەی ژمارە ٣٥ی ٢٦ی مانگی رابردووی سێر جی. کلارك) کرد. تۆفیق رۆستوویش لێی پرسیم: ئاخۆ هیچ زانیارییەکی بەغدام پێ گەیشتووە، یان نا.

٢- بەکورتی لەوەڵامی حکومەتی عیراق دووام کە درابووە نوێنەری تورکیا لەبەغداو،جەختم کردەوە کە تورکیا دەتوانی لەوە دڵنیابێ کەوا نەحکومەتی خاوەنشکۆو نەحکومەتی عێراقیش پشتیوانیی هیچ خواستێکی ناسیونالیزمی جیایی خواز ناکەن‌و، جموجۆڵی لەو جۆرەیان بۆ بێزار کردنی دەوڵەتانی دراوسێ پێ‌قبووڵ نییە.

وەزیری دەرەوە لەوەڵامدا وتی: راپۆرتێکی درێژی تاهیر لوتفیی پێ‌گەیشتوەو، بەدڵنیا کردنەوەکەی حکومەتی عێراق‌و ئیجرائاتی ئەو وڵاتە دژی هێرشەکان رازییە. تورکیا، بەپێی قسەکانی بەڕێزی، ترسی عێراقی‌نییەو، مەترسییەکە لەجێیەکی‌ترە، بەڵام روونی نەکردەوە مەبەستی ئێران یاخود ناوخۆی تورکیایە.

٣. کاتێ زانیم جێگری سەرۆك وەزیری عێراق‌و جێگری کۆمیساری باڵا ویستوویانە (٨)ی ئەم مانگە بچنە کوردستان، بەباشم زانی هەندێ لەوقسانەی پێ‌بڵێم کەچاوەڕێ دەکرا پێمان بگەن‌و، سەرنجیشی بۆ ئەو راگەیاندنە رابکێشم کە تایبەت بووە بە چالاکیە سیاسیەکانی کورد. بەڕێزی وتی: قسەکانی خوێندوەتەوە.ئەمەیش سەرسامی کردم، چونکە هێشتا لە چاپەمەنیەکاندا

نەخراونەڕوو. هەروەها دەیزانی ئەو قسانە بۆچی کراون‌و، پێشوازیی لەو ڕاگەیاندنەکرد. ئەمجا وتی((بایەخێکی زۆر بەکورد دەدرێ)).

٤. هەر خێرا هاتە سەرباسی ڕێکەوتننامەی بەم دواییە بەئاکام گەیشتووی ئەنگلۆ- عێراقی‌و، وتی: تورکیا بەمە خۆشحاڵە، چونکە ئارامی‌و ئاشتیی خوارووی ڕۆژهەلاتی سنووری تورکیایان سەقامگیر کردووە. ئەو کاتێ سەرگوتاری ڕۆژی (١) ئابی " Temps" ی خوێندبووەوە، زۆر بێزار بووبوو و وتی: زیانبەخش بووە، چونکە ڕەخنەی لەڕێکەوتننامەکە گرتبوو و، ئامادجە بەدینەهاتووەکەیشی دروستکردنی ناکۆکی‌و دووبەرەکی بوو لە نێوان‌و تورکیا لەلایەک‌و عێراق‌و بریتانیای مەزندا لەلایەکی ترەوە. دەیزانی لەپێش ئەمەوە، مەسەلەی بۆرییەکان هەیە. خۆئەگەر بابەتی تری وەهالێرە بڵاوببێتەوە، ئەوا، هەرچەندە حەزی نەدەکرد شتی وەها ڕوویدات‌و ئەم قسەی لەسەر بکات، هەرشتێ دەڵێ. هەروەها ئەیویست هەلی بۆ بڕەخسێ تا لەم بارەوە گفتوگۆ لەگەل بالۆیزی فەرەنسە بکات‌و، لە (مسیو دوشامبغون- M. de Chambrun) بپرسێ: ئاخۆ هەستی بەرامبەر ئەم تاکتیکانە چۆنە؟ وەزیر ئەوەیشی وت، کەوەک (Temps) دەڵێ، ئەو ڕێکەوتننامەیە بۆ بریتانیا زۆر گرنگە، فەرەنسەیش کارێکی باش دەکات ئەگەر ڕێکەوتنێکی لەو جۆرە لەگەڵ سوریادا ئیمزا بکات.

٥. وێنەی ئەم نووسراوەم بۆ جێگری کۆمیساری باڵا لەبەغدا ناردووە.

ئەی. کەی. هێلم

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ٤١، ژ: ٥٧

ژ: ٧٨

برووسکەی جێگری کۆمیساری باڵا لەبەغدا بۆ وەزیری کاروباری وڵاتە کۆڵۆنیالکراوەکان (٢٥ی ئاب گەیشتووەتە وەزارەتی کۆڵۆنیەکان)

١٥ی ئابی ١٩٣٠

ئامـاژە بەبرووسـکەی (٦)ی ئـابم (بڕوانـە بەڵگەنامـەی ژمـارە ٧٣)، ڕاپۆرتـەکان ئـەوە دەگەیـەنن کەشـوێنکەوتووانی شـێخی بارزان دەورویـەری (٨)ی ئـاب دیسـان لەگـەڵ سـەربازانی تورکـدا کەوتوونـەوە شـەڕ، شـێخ بـەنیازە بـارزانی و زێباری(Zibor)ی زیاتر بەمانای تۆرامارەوە بنێرێ.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ٤٤، ژ: ٦١

****

ژ: ٧٩

لەسێرئـاڕ. کلایڤەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (١٨ی ئـاب گەیشتووە)

تـاران، ١٨ی ئـابی ١٩٣٠

برووسکە

برووسـکەکان (ڕۆیتـەر– Reuter) لەئـەنکۆرەوە کـە دەڵێـن سـەربازانی تـورک نزیکی ئاراراتی بچـوک و(Ay beydagh) سنووریان بـەزاندووە، بەپێی قسـەی کونسوڵی خاوەنشکۆ لە تەورێزو باڵوێزی پێشووی تورکیا، هەڵبەستراون.

تورك بەپێی هەواڵی تـەورێز، لـەنزیك (ئـاراليك– Aralik)[1] تووشـی شکستیتر هاتوون و، باڵوێزی تورکیا کەبەم زووانە بەرەو ئەنکۆرە دەکەوێتەڕێ، دانی پێدانا کە ئەگەر ئێران زوو هاوکاریی پێویست نەخاتە بەردەست بۆ چـەککردن و بڵاوەپێکردنـی

[1] ناحیەیەکی باکووری ڕۆژهەلاتی شاری بایەزیدە نزیك بە سنووری تورکیا– ئەرمەنستان. (س)

پەنابەرانی کورد، ئەوا پێدەچێ سەربازانی تورک ناچارین ناوچەی ئاراراتی بچووک داگیربکەن.

ئەم نوسراوە بۆ قوستەنتەنییەیش نێردراوە.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل: ٤٣، ژ: ٥٩

****

ژ: ٨٠

لە مستەر سترانگەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (٢٨ی ئاب گەیشتووە)

مۆسکۆ، ١٨ی ئابی ١٩٣٠

گەورەم

سێرئار. کلایڤ لە نووسراوی ژمارە(٣٢٨)ی (١٤) تەممووزی ساڵی ١٩٣٠یدا کە وێنەیەکی چاپیم پێگەیشتووە، دەڵێ: وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران تەواو لەو باوەڕەدایە کە حکومەتی سۆڤیەت بە تاوانبارکردنی هەڵەی حکومەتی ئێران بەهاندانی یاخییانی کورد، خەریکە کێشە لەنێوان هەردوو حکومەتی ئێران و تورکیادا بنێتەوە. خۆشحاڵم ئاگادارتان بکەم کە چاپەمەنیە سۆڤیەتیەکان ئامـاژەی تری پێچەوانەی قسەکەی فەرووغی خانیان بەم مەسەلەیە داوە، ئەگەرچی ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەناوبراو هەڵەبووە.

٢. (ئیزڤێستیا– Izvestia)ڕۆژی چواردەی ئاب برووسکەیەکی ئەنگۆرەی ئاژانسی تاسی بڵاوکردەوەو، تێیدا هاتووە: پڕۆپاگەندەکانی تایبەت بەئاڵۆزیی پەیوەندیەکانی تورکیا– ئێران تەواو بێبنەمانو، پەیوەندیی نێوان هەردوو وڵات هێشتا دۆستانەیە.

" ئیزڤێستیا" لەبارەی ئەم برووسکەیەوە نووسیویەتی:

چاپەمەنیە بیانیەکان ئەم دواییە پرۆپاگەندەیان بلاوکردەوە کە گوایە کێشەی تورکیا– ئێران لەتەقینەوەدایە. سەرچاوەی ئەم پرۆپاگەندانەیش ئەو کوردانەن کە لە رۆژهەلاتی ئەنادۆڵ دژی حکومەتی ئەنگۆرە یاخیبوون. ئەم کوردانە لە خاکی ئێران، کە جارێك لۆرەنسی ناودار تێیدا ماوەتەوە، بەپەنابەری ژیاون و هەر لەوێوە رێکخراون و، حکومەتی تورکیایش لەسەرنجەکەیدا ئیشارەتی بۆ نارێکوپێکی ئەم بارودۆخەی ئێستا کردووە. وادیارە دانوستانی هەردوو حکومەتی تاران و ئەنگۆرە لەسەر ئەم مەسەلەیە، ئاکامێکی باشی لیٚ بەدیهاتووە. بۆیە ئاژانسی (رەسمی)ی ئەنادۆڵ توانیویە زانیاریەکەی پێشوو بنێرێ ئێمە لەلای خۆمانەوە ئەتوانین تەنها پێشوازی لە پاراستنی ئەو پەیوەندیە دۆستانەیەی هەردوو گەلی برا بکەین، کە چەندین ئامانجی سیاسی دەرەکی و ناوخۆییی هاوشێوەی هەن و، بووەتە چقلی چاوی دوژمن. ئیمپریالیستەکان، بەپێی قسەی پەیامنێرێکی رۆژنامەکانی بەرلین، بۆ لێدانی پەیوەندیەکانی تورکیا و ئێران، هانی یاخیبوونی کوردیان داوە. بەپێی زانیارییەکانی ئاژانسی ئەنادۆڵیش ((ئەم هەوڵە سەرناگرێ)).

٤. قسەکەی تاییەت بەم بابەتە نامەیەکی پەیامنێری تورکیای "Kurier Borsen"ی بەرلین بوو و، لە (ئیزڤێستیا)ی (١٣)ی ئابەوە وەرگیرابوو و، پەیامنێرەکە تێیدا پشت راستی کردبووەوە کە باندە کوردەکان بەرەشاشی ئینگلیزی و دوا جۆری دەمانچە چەکدار کراون و، پەنابەرێکی محەمەد ناوی تورك کە بەبزوێنەری رێکخراوێکی دینیی کۆنەپەرست لە میسر ناسراوە، فەرماندەییان دەکات. هەروەها لەسەری دەڕواو، دەڵێ: مانگی شوبات کۆلۆنێل لۆرەنس کە لەسەر شێوەی مەجید مەحموود سەری لە بەغداو کوردانی بازاڕی دابوو، پێشبینیی کردووە کە بەم زووانە شتێك روو دەدات. ئەمجا لۆرەنس گەیشتووەتە شارۆچکەی ماکۆی ئێران کە لە سنووری تورکیاوە دوورنییەو فەرماندەیی یاخیانیشی لیٚبووە.

" ئامانجی یاخیبوون کە سەریەخۆیی کوردەکانە، لەگەڵ بەرژەوەندیی ئیمپریالیزمی بریتانیادا یەکدەگرێتەوە کە دەیەوێ خاڵێکی ستراتیژی دژی کۆماری

سۆڤیەتی سۆشیالیستیی یەکگرتوو لەهەرێمەکـەدا دامـەزرێنێ. دامرکاندنـەوەی ئـەم یاخیبوونە، زۆر لەسەر تورکیـا کـەوتووە. بـەم شـێوەیە گەرەکیـەتی باری ئـابووری تورکیا لاواز بکات و، ئیتر زیاتر پشت بەیارمەتیە داراییەکانی بریتانیا ببەستێ.

جا لە رێگەی یاخیبوونی کوردانەوە، پێدەچێ بـە بـەردێك دوو چۆلەکـە بکـوژێ. قازانجی دووەمیش شێواندنی پەیوەندیەکانی تورکیا– ئێرانە.

نامەکە بەوە دوایی دێ کە دەڵێ: پێکـدادان لەگـەڵ تورکیـادا هـەر مەسـەلەیەکی لاوەکییـەو، مەبەسـتی سـەرەکیی خۆسـازدانە بـۆ شـەڕی یەکێتی سـۆڤیەت. بۆیـە دوژمنانی دەیانەوێ شوێنی ستراتیجیی گونجاو بۆ خۆیان بکرن.

٥. ئـەم بیروڕایانــە زۆر لــەوانی "ئیزڤێســتیا"وە نزیکـن و، لـێرە بەگــەرمی پێشوازییان لێ دەکرێ.

ویلیەم سترانگ

وەزارەتی دەرەوە ٤٢٤/٢٧٢، ل: ٤٦، ژ: ٦٤

****

ژ: ٨١

لەمستەر هێلمەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن(٢٥ی ئاب گەیشتووە)

ژمارە: ٣٢٨

قوستەنتەنییە، ٢٠ی ئابی ١٩٣٠

گەورەم،

سەرەڕای راپۆرتە ئاگادارکەرەوەکانی چاپەمەنیـەکانی ئـەورووپاو، لـەو کاتـەوەی نووسراوی ژمارە(٢٩٨)ی (٦)ی ئەم مانگەم نووسیوە، هیچ پێشکەوتنێکی گرنگ لـە بارودۆخی کوردستانی تورکیا، یاخود پەیوەندیەکانی تورکیاو ئێراندا نییە.

٢. دە رۆژێك لەمەوبەر، وەڵامی ئێران بۆ سـەرنجی (١)ی ئـابی تورکیـا، گەیشـتە ئەنگۆرە. ئەم وەڵامە، بەپێی بۆچوونی تورکیـا، مایـەی رەزامـەندی نـەبوە، چونکـە

هەردوو ڕێگەی ئاماژەپێکراوی سەرنجەکەی تورکیای داوەتە دواوە. ڕێگەکان بریتیبوون لە دیاریکردنەوەی سنووری نزیک ئاراڕات، یان ڕێگەدان بە سەربازانی تورك بۆ ڕاونانو شوێن پێهەڵگرتنی یاخییانی کورد لەناو خاکی ئێراندا. ئەم رازی نەبوونەی ئێران شتێکی چاوەڕێ نەکراو بوو. حکومەت ئەمەی باسانایی وەرگرتو، چاپەمەنیەکان پێیان داگرت کە حکومەتی ئێران لەمەودوا ڕێوشوێنی پێویست بۆ چارەکردنی کورد لەخاکی خۆیدا دەگرێتە بەرو، ئیتر نایەڵێ کوردانی تورکیا بەسنووردا بپەڕنەوە. هەواڵ هەیە کەهێزە سنووریەکانی ئێران سازو تەیار کراونەوە. ئەوەیش پشت ڕاست کرایەوە کە هێزە ئێرانیەکان دەستەیەك چەتەی کوردیان لەنزیکی سنوور لەناوبردوەو، دەڵێن ئەفسەرانی هەردوو وڵات لەراوێژدان پێکەوەو هاوکاتو هەریەك لەخاکی خۆیەوە دەست بەکاربێ. هەرلەم کاتەدا، بڕووسکەیەکی ئەنگۆرە بڵاوکردەوە کە فەرمانی دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆن دژی ئاراڕاتو چوونە ناو خاکی ئێران، ئەگەر پێویست بکەن، دراوەتە سوپای تورك. بێگومان ڕاپۆرتەکە لەدەزگا بەرپرسەکانی ئێرەدا، بەهەند وەرنەگیراو، هەر زوو و دواتر نکوولیی لێکرا.

٣. هەفتەی ڕابردوو ڕۆژنامەکان خۆیان زیاتر بۆ دامەزراندنی پارتە سیاسیە نوێیەکە تەرخانکردبوو، کە بۆ بەخشینی بوارێکی زیاتر بە کوردستان هاتووەتە گۆڕێ. ڕۆژانە دەوترێ بارودۆخ "ئارام"ە، بەڵام ناشێ ئەمە بکرێتە وێنەیەکی ڕاستەقینەی هەلومەرجەکە. بەلای کەمەوە کوردەکانی ئاراڕات هێرشێکیان کردووەتە سەر هێزەکانی تورکیاو، ڕووداوی بچووکیش لێرەو لەوێ باس دەکرێو، وەزعەکە جێی نیگەرانییە. ڕەنگە بیر لەوە بکەنەوە کە کورد ناچاری خۆبەدەستەوەدان بکەنو، پێیشدەچێ بەهیوای جۆرێك لە هاوکاریی ئێران بن. لەوکاتەدا، وەزیری دەرەوە ڕایگەیاند سەر لە" یالۆڤا" دەدات بۆ وەرگرتنی رای غازیو عیسمەت پاشا لەبارەی ناردنی یاداشتێکی نوێوە بۆ تاران، بۆیە هیچ کارێکی خێرا ناکرێ. هێشتا ڕێی تێدەچێ کردەوەی توندوتیژ بەرامبەر بە ئێران بنوێنرێ،

بەلام کاتی ئەم جۆرە کارانە بەسەرچووەو، شتەکان بەرەو سەقامگیربوونێکی دیپلۆماسییانە دەچن. چاپەمەنیەکان بڵاویان کردەوە:

کۆمسیۆنی دیاریکردنی سنوور دەست بەکاردەبێتەوەو، شاندی تورکی دەکەوێتەوە هەوڵی دیاریکردنەوەی سنوور وەك خۆی مەبەستیەتی,و، لەبەرامبەردا، دەست لە باشووری دوورتر هەڵدەگرێ. باڵوێزی نوێ لەتاران، لە چاوپێکەوتنێکدا وتی: بەهیوایە هەر زوو وپاش ئەوە کە دەگاتە پایتەختی ئێران، بتوانێ مەسەلەی سنوور یەکلایی بکاتەوە.

٤. هەواڵی خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا نییە. پەلامارەکەی حاجۆ کە پێشتر ئاماژەم پێکردوو بەتوندی بەرپەرچ درایەوە. ئەو نەیتوانی هاوکاریی کوردانی ناوخۆ بەدەست بهێنێ,و، هەر کە سەربازانی تورك دەرکەوتن، بەسەر سنووردا هەلاتەوەو، یەکسەر هێزەکانی فەرەنسە لە سووریا دەستگیریان کردو، لەسنوور دووریان خستەوە. ئەم هەنگاوەیش جێی رەزامەندی دەزگاکانی تورکیا بوو.

٥- وێنەی ئەم نووسراوەم بۆ نوێنەری خاوەنشکۆ لە تاران ناردووە.

ئەلێکس. کەی. هێلم

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ٤٤، ژ: ٦٢

ژ: ٨٢

لەسێرئار. کلایڤەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن(٤ی ئەیلول گەیشتووە)

ژمارە: ٤١٥

گوڵحەق، ٢٦ی ئابی ١٩٣٠

گەورەم،

لە برووسکەی ژمارە(١٩٤)ی (١٧) ئابمدا، ئاگادارم کردنەوە راپۆرتە وەرگیراوەکانی پەیامنێری قوستەنتەنییەی رۆیتەر، لەسەر داگیرکردنی تا باشووری رۆژهەڵاتی چیای سەرەکیی ئارارات لەلایەن سەربازە ئێرانییەکانەوە، راست نین. ئەم زانیاریانەم لە گفتوگۆیەکی مەمدووح شەوکەتی باڵوێزی پێشووی تورکیاو بروسکەی گەیشتووی کونسوڵی خاوەنشکۆ لە تەورێز، گەڵاڵە کردوون. چەند رۆژێك دواتر، حکومەتی ئێران لەچاپەمەنیەکانی تاراندا، درۆیەکی تارادەیەك رێکری بڵاوکردەوەو، لێرەدا وەرگێڕدراوەکەی هاوپێچ دەکەم.

٢. بێدەنگیی حکومەتی ئێران، دووریی ناوەندی دوژمنایەتیەکە کە بەدەگمەن گەشتیارانی ئەوروپی سەری لێ دەدەن، وایان کردووە بەزەحمەت زانیاریی دروست لەسەر رووداوەکان دەست بکەون. کونسوڵی تەورێزی خاوەنشکۆیش، پشت بەو زانیاریانە دەبەستێ کە ئەفسەری قوماندانی ئازربایجان دەیانداتێ. راپۆرتەکانی رۆیتەر کە هەندێکیان لە چاپەمەنیی بێتەلی ناوەن (Nauen wireless press)ەوە وەرگیراون، هەمان بۆچوونی هەڵەی بروسکەی ژمارە(٢٠)ی (٢٩) تەمموزی لەمەڕ داگیرکردنی خاکی ئێرانن‌و، لە قوستەنتەنییە وەردەگیرێن. جا بۆیە ئەگەر بارودۆخەکە، وەك بەدرۆخستنەوەکەی ئێران روونی دەکاتەوە، جیاوازو ناوازە نەبێ، خەڵك وادەست دەکات حکومەتی تورکیا نیازیەتی ئەم پڕۆپاگەندانە رەت بکاتەوە. ئەگەرنا، ئەوا سیاسەتی وایە، وەك هەڕەشەیەکی ناڕاستەوخۆ، سوود لەو ئیجرائاتانە وەربگرێ کە دەشێ پاشتر ناچاربێ بیانکات. لەلایەکی ترەوە،

حکومەتی ئێران پێدەچێ باش دەرکی بەوە کردبێ کە لەبەر ئەوەی کەسانێکی سەربەخۆ نین بەچاو رووداوەکانیان دیبێ. ئاسانترین رێگەی مامەڵەی هەلومەرجێکی مایەی بێزاریی وا، نکوولی لێکردنێتی. ئەوان، پێنج رۆژ بەر لە بڵاوکردنەوەی وەلامەکەیان، چاوەڕێیان کردو، وەك (شەفەقی سورخ، Shafagh- Surkh) رۆژی پاش دەرچوونی ئامـاژەی پێکـرد، سـەختە پێشـبینی بکـرێ چاپەمەنیـە ئێرانیـەکان راپۆرتـی ئاژانسـە بیانیەکان پشتگوێ بخەن، ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە حکومەت بەر لەوزانیارییە بڵاوپێکراوانە دەگرێ کە تەنها ئەوان، ئەگەر بیانـەوێ، ئـەتوانن پـەیدایان بکـەن. هەرچـەندە وادیـارە ئاگادارکردنـەوە رەسمییەکـە زۆر کاریگـەربووە، "Messager de Teheran" لە ژمـارەی رۆژی (١٩)ی ئـابیدا گرنگـی دایـە هەڵـە وەرگـێڕانی برووسـکەی نـاوەن. نـاوەن دەڵـێ: ((وەك چـەند رۆژنامەیـەك لەقوستەنتەنییەوە رادەگەیـەنن، لایەنە رەسمییـەکانی تـورك هەمیشـە بانگەشـە دەکـەن کـە هیـچ جـۆرە جموجۆڵێکـی هێزەکـانی تـورك لـەخاکی ئـێراندا نەبوە))[1].

بەڵام Messager de Teheran بەسەر دێـڕی ((بایـەخێکی زۆر بـە کـوردان دەدرێ))، نووسیویەتی:

((دەزگـا رەسمییـەکانی تورکیـا، بـەپێی زانیاریـەکانی قوسـتەنتەنییە، دژی هەرکارێکی چەکداریی تورکن لەسەر خاکی ئـێران))[2] ....[3] ، بۆیە بۆ ئـەندامانی ئـەم باڵوێزخانەیـەی ئـەمریکای روونکـردەوە کـە بۆچوونـەکانی لەگـەڵ حکومەتەکـەیدا یەك ناگرنـەوەو، هـەروەك بـاڵوێزی خاوەنشـکۆ لـە قوسـتەنتەنییە، منیـش بێگومـانم کـە بانگکردنـەوەی نـاوبراو زادەی ئـەو جیـاوازیی رایـە بـووە.

---

[1] بەڕێز د. کوردۆ عەلی لە کۆلێجی هونەری زانکۆی سلێمانی ئەم برگەیەی لەئەڵمانییەوە بۆ کردمە کوردی، سوپاسی دەکەم.

[2] ئەم برگەیە فەرەنسییە.

[3] ئەم رستەیە ناتەواو بوو.

بەدڵنیاییەوە، ئەویش وەك زۆرینەی هاونیشتمانیەکانی تری ئێرانی زۆر خۆشی ناوێ، بەڵام پیاوێکی ئاشتیخوازو ناوەندگرەو، وەك پرۆفیسۆرێکی مێژوویش بینیویە، ناکۆکە لەگەڵ ئەو سیاسەتی هێورکردنەوەیەدا کەحکومەتی ئەنگۆرە بە ڕێوشوێنی توندوتیژی وێرانکەر گرتوویە بەر. کاتێ ئەم نووسراوەم ئامادەکرد، خۆی سازدابوو خێرا تاران جێبهێڵێ و، وا دەردەکەوت فەرمانی پێدرابێ تا خوسرەو بەگ دەگات، چاوەڕوانی بێ.

٣. ئەترسم ئەم راپۆرتە کەم رووداوەکانی کوردستان روون بکاتەوە. چاپەمەنیەکانی ئێران، جگە لە تاوانبارکردنی دەستێوەردانی بریتانیا کە نموونەیەکی(شەفەقی سورخ)ی لەبارەوە هاوپێچ دەکەم شاڵاوەکەیان پشتگوێ خست هەڵوێستیان لە هەڵسوکەوتی وشترمرانەی حکومەتی ئیمپریالی وەرگرت. پێدەچی کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لە عێراق کە ناڕاستەوخۆ نێوانی لەگەڵ خێڵ و تیرەی پەیوەندیداری یاخییاندا هەبوە، بتوانی حاڵەتەکە روون بکاتەوە.

وێنەی ئەم نووسراوەو هاوپێچەکانی بۆ ناوبراوو باڵوێزی قوستەنتەنییەی خاوەنشکۆ دەنێرم.

٤ـ کاتی نووسینی ئەم راپۆرتە، ئەم یاداشتە هاوپێچ کراوەی پاشکۆی سەربازیی باڵوێزخانەی خاوەنشکۆم پێگەیشت. هێندەی پێکراوە پوختەی حاڵەتەکەی نووسیوە.

ئار. ئێچ. کلایڤ

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل:٥١-٥٢، ژ:٧١٤

***

هاوپێچی ژمارە (٨٢)
بارودۆخی کورد

وا دیــارە تورکــان لــە ئۆپەراســیۆنەکانی حوزەیــران‌و تــەمووزیاندا سەرکەوتووبوون‌و، کوردەکانیش ناچاربوون ئەرجیش‌و دۆڵی زیلان‌و رووبارەکانی (حاجی دەری– Haji Deri)و بەرزایی(Abagha)و، بەگشتی ناوچەی باکوور‌و باکووری رۆژئاوای گۆلی وان جیّ بهێڵن، دەیشڵێن سێ هەزار کەسی بێ چەك لەو ناوچەیەدا بەدەستی تورك قەتلوعام کراون.

نیوەی یەکەمی مانگی تەمووز شەڕ گەرمبوو، زەرەرو زیانی ئەو ماوەیەی تورك بە(٤٠٠٠–٨٠٠٠) کوژراو مەزندە دەکرێ کە نیوەیان بە (ون) لەقەڵەم دراون، بەڵام راستیەکەی لە دوژمن هەڵاتوون. حوزەیرانیش هێرشێکی سەرنەکەوتوو لە باکووری (ئیغدیر) رووی‌دا.

هێزەکانی یاخییان بەرەو ئاراڕات پاشەکشەیان کردو، لەوێوەو، بەتایبەتی لەئالیك‌و نزیکی بایەزید، کەوتنە پەلاماری سەربازە تورکەکان. شەڕ لە ناوچەیە قورس بووەو، شارەکەش چەندین جار دەستاو دەستی کردووە ئافرەتانی کورد رۆڵی کاریگەریان لەو شەڕانەدا بینیوە، تورکەکان فەرماندەییان لە قەرەکۆسە داناوە.

ساڵح پاشای قوماندانی فەیلەقی (٩) فەرماندەی باڵایەو، جێی سوبحی پاشای گرتوەتەوە، ئەکرەم بەگ سەرۆکی ئەرکانی ساڵح پاشایەو، زەکی پاشای فەیلەقی حەوتیش پشتیوانیی ئۆپەراسیۆنەکە دەکات.

ئیبراهیم بەگی سەرخێڵی جەلالی کە ئیحسان نووری ئارێکی ئەفسەری پێشووی تورك‌و رائید محەمەد بەگ ئامۆژگاریان کردبوو، سەرکردایەتیی کوردانی کردووە.

لە پاشکۆی سەربازیی تورکیاوە لە تاران، زانراوە هێزەکانی سەرتاسەری ئەو هەرێمەی تورکان (١٠–١٥)هەزار جەنگاوەرو، هی کوردانیش بە (٥–٨) هەزار

چەکدار مەزندەدەکرێن، وا باوەڕ دەکرێ تورکەکان (١٥) فڕۆکەی بۆمب هاوێژیان بەکارهێنابێ کە یاخییان هەندێکیان لێ خستوونە خوارەوە. کوردەکان چەند تۆپێکیان هەیە کە رەنگە لە تورکەکانیان گرتبێ، بەڵام تەقەمەنیی ئەو تۆپانەیان نییە. هەروەها ژمارەیەك رەشاشیان هەیە. هێزی کوردان بۆ چەند فەسیلێك دابەشکراون، هەریەکەیان کەسێکی هەڵبژێردراو سەرپەرشتی دەکات، ناوچەیەکی دیاریکراوی پێ سپێردراوە.

هەرێمی شەڕەکان بۆ سەربازانی نیزامی زۆر سەختە، ئاوی خواردنەوە کەمە، هیچ شتێك لەناوەوە دابین نەکراوە، پەیوەندیکردنیش یەکجار خراپە، ئەمانە سەرباری سەختی دەڤەرەکە بەتایبەتی نزیك بەئارارات.

هەرکە تورکەکان پێشڕەوی بکەن، وڵاتەکە وێران دەکەن، گوندەکان دەسووتێنن، دانیشتوان قەتل و عام دەکەن، سەربازان هیچ شوێنێك ناپرسن و نابوێرن.

وردە وردە کوردەکان زیاتر و زیاتر راپێچی ناوچەی ئارارات دەکرێن، هێزەکانی تورك بەنیازن لەوێ گەمارۆیان بدەن، ناچاری خۆبەدەستەوەدانیان بکەن.

ئاشکرایە سنووری تورکیا- ئێران بەلوتکەی ئاراراتی بچووکدا دەڕوات، بۆیە ئەو زنجیرە چیایە، تەنها بە داگیرکردنی خاکی ئێران لەلایەن سەربازانی تورکەوە یاخود هاوکاریی هێزەکانی ئێران بە بەستنی بەری رۆژهەڵاتی ئاراراتی بچووك، شیاوی گەمارۆدانە.

سەربازانی تورك و فڕۆکە جەنگییەکان، مانگی تەمموز، یەك جار تا (١٠) دە کیلۆمەتری ناو خاکی ئێران دوای یاخییان کەوتوون، بەڵام هەر زوو سەربازەکان پاشەکشەیان کردووە، رووداوەکەیش هێورێبووەتەوە.

پارێزگاری شاری تەورێز داوای لەیاخییان و تیرەی جەلالیی کوردی ئێرانی دالدەدەری ئەو یاخییانە کرد، بچنەوە ناو خاکی تورکیا، یان خۆیان بەدەست هێزەکانی ئێرانەوە بدەن، چەکەکانیان بدەنێ. نزیکەی (٢٠٠) دوو سەد کەسێکیان

بەدەم ئەم داوایەوە هاتن و، ئێستا هێزێکی پێکهاتوو لە یەکەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای فیرقەی تەورێزی ئێران لەشەڕی ئەوانەی تردان.

سەربازانی ئێرانی، دەورووبەری (٩)ی ئاب، شکستێکی گەورەیان خواردو، چوار ئەفسەرو سەد کەسێکیان لێ کوژرا. دەسەڵاتدارە ئێرانییەکان حەزیان بەم ئاکامەی رووداوەکان نەدەکرد. تازە پێڕەوکردنی سیاسەتی بەنەرمی جووڵانەوە لەگەڵ خێڵە کوردەکانی خۆیانداو هێورکردنەوەیان بەگوشاری سیاسی، نەك کردەوەی سەربازی، دەرەنگ بووە. ئێستا حکومەتی ئێران ناچارە، دوژمنایەتیی ئاشکرای کوردەکانی خۆی بکات و، ئەم کارەیشی جگە لە هاوکاریی ئۆپەراسیۆنی تورکەکان، هیچ پاساوێکی تر هەڵناگرێ. هێندەی تێبینی دەکرێ، دەسەڵاتدارانی ئێران لەو بارودۆخە نەشیاوو نەخوازراوەیاندا زۆریاش کاردەکەن و، زۆر رێبێتێدەچێ بەرامبەر بەو (٢٥٠٠٠) کوردەی ژێر رکێفیان بکەونە گێژاوێکی تاقەت پڕوکێنەوە.

لەلایەکی ترەوە، حکومەتی تورکیا کات و پارەیەکی زۆری بۆ سازدانی ئەو هێرشە بەخەرج داوەو، کۆششێکی زۆری بۆ کردووە. مەبەستیشیان دوایی هێنانە بەگرفتی کوردانی ئاراڕات و، نایانەوێ دەست لەم ئامانجەیان هەڵگرن. ئەمەیش بەستە بە حکومەتی ئێرانەوە، لەو رووەوە کەتا چ رادەیەك ئەتوانێ سنووری خۆی بپارێزێ و، رێ نەداتە کوردانی یاخی بکشێنەوە، ناو خاکەکەی و، کوردانی هاوسۆزی ئەم وڵاتە پەیوەندی بەیاخیبوونەوە نەکەن. باوەڕ وایە تەنها هەشت سەد سەربازێکی ئێران پاسەوانیی سنوور دەکەن کە پشتێنەیەکی بێ هێزن و، کوردانی ئاراڕات دەتوانن بەقازانجی خۆیان بیبڕن.

رۆیتەر رۆژانی ١٢و ١٤ی ئاب لەقوستەنتەنییەوە هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە حکومەتی تورکیا بەتوندی سەرنجی ئێرانی راکێشاوەو، هێزەکانیشی هەرێمی قەرەداغی رۆژهەڵاتی ئاراڕاتی بچوکیان داگیر کردووە، چونکە ئێران ناتوانێ سنووری خۆی بپارێزێ و، کوردانی تورکیا پەنایان بۆ خاکەکەی بردووە. بەڵام حکومەتی ئێران، بەبەیاننامەیەکی رەسمیی خێرا، ئەم هەواڵەی رەتکردەوە، پەیامنێرانی

چاپەمەنییە بیانییەکان لە ئەستەمبووڵ، شەش هەفتەیە سەرگەرمی بڵاوکردنەوەی سەرنج و یاداشتی ئاڵوگۆڕکراوی هەردوو حکومەتی تورکیاو ئێرانن. هیچ پشت راستکردنەوەیەك بۆ ئاڵوگۆڕکردنی شتی لەو بابەتە لە تاراندا نییە، بەلام پڕۆپاگەندە هێندە بەردەوامە کە ناتوانرێ پشتگوێ بخرێ، دەشێ تورك بەرەسمی گلەیی لە ئێران کردبێ کە کوردەکانی پشتگیری یاخییانی ئاراراتییان کردووە. بەلام هەرچەندە ئەمە تارادەیەك راستە، کەچی حکومەتی ئێران نکوڵیی لێدەکات. ئاماژە بەراپۆرتی سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو دەکەم لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە G.O.Cی فیرقەی رۆژهەلات- رۆژئاوای تەوریز بەئاشکرا چەك و تەقەمەنی بە یاخییانی کورد دەفرۆشێ. رەنگە دواتر حکومەتی تورکیا ئێرانی بەوەترساندبێ کەلەبەرئەوەی حکومەتی ئێران ناتوانێ سنووری خۆی و خێڵەکانی سەرسنوورەکەی کۆنترۆڵ بکات، پێویستە سەربازانی تورك رۆژهەلاتی ئاراراتی بچووك داگیر بکەن، جا پێدەچی سازو تەیارکردنەوەی هێزەکانی ئێران لەبەر ئەم هەڕەشەیەبن.

گرانە هۆی ئەو شالاوەی تورکان کە دژی ئێران دەستیان داوەتێ، دیاری بکرێ، بەدەگمەن رێتێدەچێ تەنها بۆ دەستنیشانکردنەوەی سنووری نزیك ئاراراتی تورکیا- ئێران بێ. لە پاشکۆی سەربازیی تورکیاوە بۆم دەرکەوت، باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لەتاران بەم هەڵوێستەی ئەنگۆرە نارازییە. باڵوێزەکە کە زووتر پێشبینی دەکرا بگوێزرێتەوە، ئێستا دانراوەتەوە، ئەو بۆچوونی بەهێزی هەبوون، پێشتر جارێك دەستی لەپۆستەکەی هەڵگرتبوو، بەلام دواتر مۆڵەتی چاوخشاندنەوە بەبڕیارەکەیدا درا.

ئێرانییەکان، بەرامبەر بەدەستنیشانکردنەوەی، باشووری دوور بەقازانجی وڵاتەکەیان، واز لەم ناوچەیە ناهێنن، ئەمەیش رەنگە بەهۆی نیازی حکومەتی تورکیاوە بێ بۆ داگیرکردنی سەربازیی ناوچەی قەرەداغ.

مەسەلەی ئیحتیمالی هەڵایسانی شەڕ لەنێوان تورکیاو ئێراندا، لە تاران تاووتوێکرا. ئێران، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە قەیرانی ئابووریی هەیەو، لەگەڵ خێڵەکانی نزیك شیرازدا لەگێرەو کێشەدایە، خۆی بۆ ڕووداوێکی وەها ئامادە نەکردووە.

لەلایەکی ترەوە، ماندانی خێڵە سنووریەکانی سەرووی ڕۆژهەڵات لەلایەن ئێرانەوە بۆ هاوکاریی کوردانی ئاراراتو دابینکردنی تەقەمەنیو جەنگاوەر بۆیان، بۆ تورکیا باش نابێ. ئاشکرایە روسەکان، لەنزیکی سنووری یەریڤان، پەیوەندیی توندوتۆڵیان بەتورکەکانەوە هەیەو، سەبارەت بەگرفتەکانی تورکیا– ئێرانیش، ئێران پێی وایە دوژمنکارییە دیارو نیمچە شاراوەکانی رووسیا ڕێی دەستیان گرتووە.

پی.سی. ئار.دۆد

پاشکۆی سەربازی

تاران، ٢٦ی ئابی ساڵی ١٩٣٠

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل:٥٢–٥٤، ژ:١/٧١

ژ:٨٣

لەسێر ئار. کلایڤەوە بۆ مستەر ئێی هندرسن. (٤ی ئەیلوول گەیشتووە)

ژمارە: ٤٢ – نهێنی

نوێنەری خاوەنشکۆ، لەدرێژەی ڕاپۆرتەکانیدا بۆ وەزیری دەرەوە، نووسراوەکانی ژمارە (١٥٤، ١٤٧، ١٤٩[1]، (١٥١)ی کونسوڵی خاوەنشکۆتان لەتەورێز، لەسەر بارودۆخی کورد، بۆ دەنێرێ.

تاران، ٢٦ی ئابی ساڵی ١٩٣٠

***

[1] ئەم هاوپێچە چاپ نەبوە.

هاوپێچی (١)ی ژ: ٨٣
لە کونسوڵ پاڵمەردوە بۆ سێر ئار. کلایڤ

ژمارە: ١٤٥ — نهێنی

تەورێز، ١١ی ئابی ١٩٣٠

گەورەم،

خۆشحاڵم ئەمانەتان پێ رابگەیەنم:

١ـ گوندەکانی دامێنی ئارارات چۆڵکراون، یاخییان و خێزانەکانیان بەسەر شەست و سێ کامپی بچووکدا دابەش دەکرێن، هەر چادرگەیەک (١٤–١٥)خێزانی تێدا نیشتەجێ دەکرێ.

٢ـ فەرماندەی بالا ئیبراهیم بەگی سەرخێڵی کوردی جەلالیی تورکیا[1] و ئێرانە. سەرۆکی ئەرکانیشی ئیحسان نووریی بدلیسە[2] کەپێشتر ئەفسەری تورک بووە،

---

[1] ئیبراهیم بەگ حەسەکی زادە یا (برزیی حەسەکی تیلی) لە بنەماڵەی حەسەسۆرییە. کاتی خۆی وەزیفەیەکی وەک والییەتیی وانی هەبوە؛ چالاکانە شەڕی رووسی کردووەو رێی نەداوە بگەنە ناوچەی ئاگری. دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران کە بەشداری نەبوە، تورک ناچاری کردووە بداتە شاخ و لە ئاگری خۆی بشارێتەوە. مەردانە تا کۆتایی شۆڕشی ئاگری شەڕی کردووە. دواییش وازی نەهێناوە، ١٩٣٢ لە شەڕێکی دیوی ئێراندا بەدەستی جەندرمەی تورک شەهید کراوە (خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری، ل٦٥–٦٨). (س)

[2] کوڕی عەلی قولییە، ١٨٩٣ لە بدلیس لەدایک بووە، خراوەتە بەر خوێندن تا مەکتەبی حەربییەی ئەستەمبووڵی لە ١٩١٠دا بڕیوەو بووە بە ئەفسەر. لە ئەلبانیاو یەمەن و بەیرووت و گورجستان وەزیفەو شەڕی دیوە. بووە بە ئەندامی (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان– ١٩١٨). ١٩٢٠ دوورخراوەتەوە بۆ سەر سنووری گورجستان. هاتووەتەوە بۆ دیاربەکر. ١٩٢٤ سەرکردایەتیی راپەڕینی (بیت الشباب)ی هەرێمی هەکاریی کردووە. کە راپەڕینەکە سەری نەگرت، هەڵاتە عێراق. فریانەکەوت بەشداریی شۆڕشی شێخ سەعید بکات. ١٩٢٧ خۆی گەیاندە چیای ئاگری و رێبەریی شۆڕشێکی کرد تا ١٩٣٠ کە (خۆیبوون) نەخشەسازو جێبەجێکەری بوو. دوای شکانی شۆڕشەکە، چووە ئێران و بە پەنابەر وەرگیرا. ١٩٧٦/٢/٨–

ڕاوێژکاری گشتیشیی شێخ خەلیل- ناوێکی خوازراوە-یکی هەرێمی بۆهدان (Bohdan)[1]ی باشووری وان‌و باکووری ئەلجزیرە.

٣- بەگشتی (٣٠٠٠) چەکداری یاخی هەن‌و، دەکرێ بەئاسانی ژمارەیان لەخێڵەکانی دەوروبەرەوە بۆ (٥٠٠٠) زیاد بکات.

٤- بولاقباشی (Bulackbash) سەربازگەیەکی ئێرانە لەو سنوورەداو، نزیکەی (١٢٠٠) یارد لە یەکەم ڕەبیەی تورکانەوە دوورە. ئەوی تورکان ئەم بەهارە چۆڵکراو، ئێستا هیچ گاردێکی تورک تا پشت بایەزید لەو دەڤەرەدا نییە، چونکە ئەم بنکەیە هەمیشە لەژێر هەڕەشەی کوردەکاندایەو، زوو زوو دەستاو دەست دەکات.

تائێستا کوردان دەستیان لەو پۆستەی ڕێی بایەزید نەداوە کە لە باشوور هاتوچۆ دەکات.

٥- ڕووبەری سووچی باشووری ڕۆژهەڵاتی نزیك بەسنووری دەشتی بایەزید کەم‌و زۆر (٣٦)میل چوار گۆشەیەو، قامیشی درێژ دایپۆشیوەو، ڕۆنگێکی چڕو سەختە. سێ‌و چواری تەمموز تورکان چوونە گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەم ڕۆنگاوەو، لەنزیکەوە کامپی کوردەکانیان بۆمبباران کرد، بەڵام کوردان پەلاماریان دان‌و، (٥٠) دیل‌و (٤) ڕەشاش‌و چەکی سووکیان لێ گرتن.

٦- پاش چوار پێنج ڕۆژ دیلەکانیان ، بێ ئازاردان، ئازادکرد. بەڵام ئیسماعیل ئەفسەری تۆپخانە کە کوردێکی ئەرزڕۆمە، جێی نەهێشتن‌و پەیوەندی پێوەکردن.

٧- تورکان، کەوا پێشبینی دەکرا پەلاماری ئێرانییەکان بدەن، ئەو هێرشە سەرکەوتووەی سەرەوەیان بۆ گرتنی دەربەندی بولاقباشی (بڕوانە خاڵی چواری سەرەوە) برد.

- بەکارەساتی مۆتۆرسایکل کۆچی دوایی کرد. نووسەرێکی توانا بوو، لە گۆڤاری "ژین" ی ئەستەمبوڵ‌و (کوهستان)ی تاراندا نووسینی هەیە. بیرەوەرییەکانی لە سەر شۆڕشی ئاگری بڵاو بووەتەوە (شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، ل٤-٨). (س).

[1] ناوچەی بۆهتان (بوتان)ە. (س)

٨ـ دوو ڕێگە لە بولاقباشییەوە بەرەو ئاراڕات دەچن، یەکیان بەنێوان بناری ئاراڕاتو زۆنگاوی ئاماژە پێکراوداو، ئەویتریان بەلای راست (باکوور)ی یەکەمدا دەڕوات، هەریەکیان بیستو چوار سەعات پیادە ڕێیە، ڕێگەی دووەم بێ ئاوەو، پڕە لەزۆر جۆرە ماری ژەهراوی.

٩ـ دیارە ئەم بارودۆخانەی سەرەوە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیان لەو هەرێمەدا قورس کردووە.

١٠ـ چەند ئەشکەوتێك لەئاراڕاتدان کە گەورەترینیان رووەو رووسیایەو، گشت یاخییانو ماڵو خێزانو ماڵاتەکانیان داڵدە دەدات، ئەم ئەشکەوتە تەنها ئەو دوو ڕێگەیەی بڕگەی (٨)ی هەنو، کوردەکان بەئاسانی دەتوانن بەرگری لە یەکێکیان بکەنو، سروشتی ئەوی تریشیان وایکردووە لەهاویندا نەبڕدرێو، زستانیش بەفر دەیگرێ.

١١ـ کامپی ئیسماعیل بەگ تا دەشتی بایەزید نزیکەی (٨) میلە.

١٢ـ کوردان (١٣) رەشاشیان هەیە، خاوەنی تۆپیشن، بەڵام گوللەتۆپیان نییە.

١٣ـ تورکان ئەڵێن (١٥) فڕۆکەی بۆمب هاوێژیان لەکاردایە، کەچی تەنها شەش فڕۆکە پێکەوە بینراون.

١٤ـ کوردەکان دابەشبوون بۆ چەند باندێكو، هەر کۆمەڵێك ناوچەیەکی لەژێر رکێفدایە کەئاژەڵی خەڵکی تری بۆ راپێچ دەکاتو، ئاژاوەی لێوە دەنێتەوە. ئەو ئاژاڵانە خێرا سەر نابڕێن، بەڵکوو لە کاتێکی دیاریکراودا بەرامبەر بە بەخشینی پارە یان تەقەمەنیی دەدرێنەوە بەخاوەنەکانیان، ئیسماعیل بەگ کوشتنی کشتیارانی تورکی قەدەغە کردووە.

ئەم باندە تا سەرووی ئیغدیر لەلایەكو ئەرزرۆم لەلایەکی ترەوە پەلامار دەدەن.

١٥ـ فەرماندەیی ئێستای تورك قەرەکۆسەیەو، دەڵێن فەرماندەی گشتییش ساڵح پاشای قوماندانی فیرقەی (٩)و ئۆپەراسیۆنەکانی ئێستای رۆژهەڵاتە. ئەڵێن پێشتر سوبحی پاشا هێرشی سەرەکیی مانگی حوزەیرانی بەڕێوە بردووە، کە لە ئیغدیرەوە دەست پێکرابوو.

١٦- زەکی پاشای فەرماندەی فیرقەی حەوتیش، لەم شەڕانەدا بەشدارە.

١٧- ئەکرەم بەگی بەرپرسی پێشووی پۆلیسی قوستەنتەنییە سەرۆکی ئەرکانی سالح پاشایە.

١٨- کۆلۆنێل لۆرەنس، بەپێی قسەی ئەو کوردانەی کەسەردانی بنکە سەربازییە ئامادەکراوەکانی ئێرانیان کردووە، یارمەتیی کوردان دەدات.

١٩- یاخییانی جەلالی لەم سێ ناوەندەدا بوون، ئیبراهیم بەگ لە شاخەکان،و، خالید بەگ لە بەری ئێران،و، سێیەمیش کە ناوەکەی نەزانراوە لە قەرەسوو (Karasu)ی نێوان خالید بەگ،و ئیبراهیم بەگ. ئەڵێن ئەمی سێیەم پەیوەندیی باشی بەرووسەکانەوە هەیە،و، وا هەست دەکرێ سەرچاوەی ئەو پڕۆپاگەندە یەك لەدوای‌یەکانەی چاپەمەنییە رووسیەکان بێ کە لەبارەی کۆلۆنیل لۆرەنسەوە بڵاودەبنەوە.

دەڵێن پێویستە ئەو سەرکردەیە زۆر بەتوندی وریابکرێتەوە کە پەیوەندییەکانی بەرووسەکانەوە بپچڕێ.

٢٠- ئەم زانیارییانە لەیەکێك وەرگیراون کە هەفتەیەك لە ئاراڕات بوو،و، لەوێوە هاتبوو،و، خۆی ئەو شتانەی دیبوون، ئەم هەواڵانە سێ هەفتەیەیان بەسەردا تێپەڕیوە، چونکە فارسەکان ئەم پیاوەیان، کاتی گەیشتنی، دوو هەفتە زیندانی کردبوو.

٢١- ئەم هەواڵانەم ئەمڕۆ لەو بەڕێزەوە پێگەیشت کە وەك کونسوڵی ورمێ رامسپاردبوو.

٢٢- تائێستا سەرباز دەنێردرێتە ماکۆ.

٢٣- کۆپی ئەم نووسراوە بۆ باڵوێزی خاوەنشکۆ لە ئەنگۆرەو کۆمیساری باڵا لەبەغدا دەنێرم.

ستانهەوپ پاڵمەر

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل:٥٥، ژ:١/٧٢

***

هاوپێچی (٢)ی ژ: ٨٣
لە کونسوڵ پاڵمەرەوە بۆ سێر ئار. کلایف

ژمارە: ١٤٧- نهێنی

تەورێز، ١٢ی ئابی ١٩٣٠

دەمەوێ پێتان رابگەیەنم کە دەوروبەری (٩)ی ئاب شەڕێکی قورس نزیک بە ماکۆو سنووری تورکیا لەنێوان سەربازانی ئێران و کوردانی جەلالیدا، کە ئێرانییەکان فەرمانیان پێدرابوو نەهێڵن بپەڕنەوە ئارارات، بەرپابوو.

٢- کوردەکان، بەدڵنیاییەوە، بێ زیان نەبوو، بەڵام (١٠٠)سەد سەربازو چوار ئەفسەری فارسیش کوژراون.

٣- گومانی تێدانییە ئەفسەرێکی ئاغاسی (Aghasi) ناوی ئەرمەن کە کاتبی دووەمم دەیناسی، کوژراوە.

٤- سەربازەکانی ئێران هەوڵی شاردنەوەی زیانەکانیان دەدەن، بۆیە ناتوانم لێیان بپرسم. بەهەر حاڵ، چەنەڕاڵ، چەند رۆژێ پێشوو، لە ماکۆ بووە.

٥- بەم دواییە، (٥٥٠)و دوێنێ (٢٠٠) سەربازو (١٠و١١)ی مانگیش (٣) تۆپی دەشت و (٦)ی شاخ و (١٠) رەشاش لێرەوە نێردراونە ماکۆ.

٦- ژمارەی سەربازانی ئێران بەگشتی لە هی چەکدارانی کورد کەمترە.

٧- وێنەی ئەم راپۆرتە بۆ باڵوێزی خاوەنشکۆ لە ئەنگۆرەو کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لە بەغدا دەنێرم.

ستانهەوپ پاڵمەر

***

هاوپێچی (٢)ی ژ: ٨٣
لەکونسوڵ پاڵمەرەوە بۆ سێر ئار. کلایڤ

ژمارە: ١٥٠

تەوریز، ١٩ی ئابی ١٩٣٠

گەورەم،

پێم باشە لەم زانیارییانەی وا بەڕێز ئەردەروونی (Mr. Ardaroony) لە پیاوێکەوە کە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر ماکۆی بەجێهێشتبوو، وەریگرتوون، ئاگادارتان بکەم.

٢ـ بۆ ئەوەی لە ڕووداوەکان تێبگەن، پێویستە سەرەتا کەمێك ڕوونکردنەوەی جوگرافی بخەمەڕوو، کە هیوادارم یارمەتیدەر بێ بۆ شیکردنەوەی ستراتیجی تورکیا.

٣ـ گوندێك بەناوی "ئارالیك"ەوە، لەسەر نەخشە، لەنزیکی ڕووباری ئاراسدایە، بەڵام هەر ئەو ناوە هی ئەو دەشتەیشە کە لەنزیکی ئیغدیرەوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات و نێوان ئاراڕات و ڕووبارەکە درێژ دەبێتەوە.

٤ـ وا دەردەکەوێ تورك دوو ئامانجی هەبێ کەبریتین لە:

أ ـ ڕاونانی کوردەکان بەرەو ئێران، کە پێشبینی دەکرێ ئێرانییەکان لەوێ چاریان بکەن.

ب ـ ناوچەی ئاراڕات لەم پرۆسەیەدا پاك بکەنەوە.

٥ـ هێزە سەرەکییەکانیان بەدرێژایی هێڵی ئیغدیر– بایەزید مۆڵداوە، کەچی لە سەرەوەی ئاراڕات تەنها دووبنکەی بچووکی دەشتی ئارالیکیان هەیە.

شاخی ئاراڕات بەلای کەمەوە لەسێ لاوە گەمارۆدراوە، بەڵام بەری باکووری زۆر بەهێز نییەو، هێزی گەرۆکیش جارجار لەنێوان بایەزیدو ئارالیکدا بەیەك دەگەن. شاری بایەزید بەپێی هەواڵ، بەردەوام لەدەست تورکەکاندایە.

٦ـ دیارە قوماندانی تورك دەرکی کردووەکە پۆستەکانی دەشتی ئارالیکی بێ هێزن، بۆیە ئێستا دەڵێ داوای هاوکاریی رووسەکانی کردووە.

٧ـ سێیەم هەفتەی مانگی تەمووز (٥٠٠) سوارەیەکی رووس دابەزینە دەوەلوو (Davallu)[١]ی نزیك رووباری ئاراس‌و، دوو رۆژ مانەوەو، شەو ون بوون. گوندنشینانی دەوەلوو لەو باوەڕەدان کە پەڕیونەوە بۆ ناو خاکی تورکیا، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان نییە ئەمە پشت راست بکاتەوە.

٨ـ فەرماندەیی رووسی سوپای ئەرمینیای سۆڤیەت لە ئەلێکساندراپۆل (Aleksandrapol) واتە لینینەکان (Leninakan)[٢]ی ئێستادایەو، لەوێوە (٤٥) بنکەی سەربازی بەدرێژایی، رووباری ئارپەچایی (Arpa- chai)[٣] تا ئانی (Ani)[٤] کە لەگەڵ ئاراسدا یەکدەگرێو، ئەمجا بەدرێژایی رووباری ئاراس تا ماغری[٥] (Maghri) لەهەرێمی چاپان (Chapan)ی زەنگیزوور (Zengizur) بڵاوبوونەتەوە. سوارە بە کۆمەڵی (٢٠–٢٥) کەسی لەنێوان هەردوو بنکەیەکدا وەك هێزی گەڕۆك دەردەچن‌و، شوێنە تەنکاوەکانی رووبارەکانیش بەتەلی دڕکاوی گیراون‌و، دەیشڵێن شەوان سەگی پاسیان تێدا دەبەستنەوە.

٩. سەرجەم هێزە رووسەکانی ئەرمینیا (٩–١٠) هەزار کەسن‌و، گشتیان سوارەن. دەڵێن دوو بنکەی نهێنییان، کەپێشبینی دەکرێ تۆپخانە یا جبەخانە بن، لەدەوەلوو هەیەو، نایەڵن کەس لێیان نزیك ببێتەوە.

---

[١] شارۆچکەیەکی باشووری شاری ئەریڤانە نزیکی سنووری ئەرمەنستان– تورکیا. (س)

[٢] شارێکی باکووری رۆژاوای ئەرمەنستانە نزیکی سنووری تورکیا. ئێستا (گومرو)ی ناو. (س)

[٣] کەوتووەتە سەر سنووری نێوان تورکیا– ئەرمەنستان لە بەشی باشووری رۆژهەڵاتی ویلایەتی قارس‌و، تێکەڵ بە ئاوی ئاراس ئەبێ. (س)

[٤] شارێکی کۆنی ئەرمەنستانە، بوومەلەرزەی ساڵی ١٣١٩ وێرانی کرد. دارو پەردووی لەسەر کەناری رووباری ئارپەچاییە. سەدەی هەشتەم کەوتە بەر حوکمی خولەفاو، سەدەی (١٠–١١) بووە پایتەختی ئەرمینا. مەمالیك ساڵی ١٠٦٤ داگیریان کرد (المنجد في الاعلام، ص ٥). (س)

[٥] رەنگە (چاغری) بێ کە شارۆچکەیەکی بەشی باشووری رۆژهەڵاتی ئەریڤانە. (س)

١٠. ڕووسەکان تورکیان دڵنیاکردوەتەوە کە ئەگەر هاوکاریی بڕگەی (٧)ی سەرەوەیش پێشکەش نەکەن، ئەوا بەوردی چاودێریی سنوورەکە دەکەن.

١١. شاڵاوی پێشووی بایەزید، کە لەبڕگەی (٥)ی نووسراوی ژمارە (١٤٥)ی (١١) ئابمدا ئاماژەم پێکردوە، بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە نەبوو کە تەواو سەرکەوتووبووە، هەرچەندەبووە مایەی پێکدادانی (٩)ی ئابی ئێران و کورد (نووسراوی ژمارە ١٤٩م) سەربازی بنکەکانی ئارالیك (٥)ی ئاب هێرشێکی تریان دەست پێکرد، بەڵام پێیان وتم بەرپەرچ دراونەوەو، بنکەکانی خۆیشیان لەدەست داوەو، بەئاراسىدا راونراون. ئەمەم لەبڕگەی (١٢)ی راپۆرتی ژمارە (٤٩) مدا نووسیوە.

١٢. لەسەرچاوەیەکی تریشەوە پێم راگەیەندرا کە فەوزی پاشای سەرۆکی ئەرکانی تورك خۆی، ئێستا سەری لە بەرەکانی شەڕ داوە.

١٣. جەنەڕاڵ زەفرەلدەولە هەر دوای دەستپێکردنی کارە سەربازییەکە پێی وتم: پێی وایە تورك ئارالیك داگیردەکات، بەڵام ناتوانن ماوەیەکی درێژی تێدا بمێننەوە. کاتی خۆی ئەم رایەم پێ‌ڕاگەیاندن.

ماکۆ

١٤. ئەو کەسەی کەزانیاریەکانی دامێ، پێی وانەبوو کۆمسیۆنی سنووری تورکیا هێشتا دەست بەکاربووبێ.

١٥. ئێرانیەکان سنوورێکی زۆریان هەیە کە دەبێ کۆنتڕۆڵ بکرێن، چونکە کوردەکان تەنها بەرەو ماکۆو بولاقباشی سنوور نابەزێنن، بەڵکو چەندین میل بەرەو باشوور دێن تا خاڵێکی پاس نەکراو بدۆزنەوە.

هەرێمی باشوور:

١٦. ئێرانییەکان پێیان راگەیاندم کە پشتێنەیەکیان لە سابلاخەوە تا سەقز دروست کردووە.

١٧. وێنەی ئەم نووسراوە بۆ کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لە بەغداو، بۆ باڵوێزی خاوەنشکۆ لەئەنگورە نێردراوە.

ستانهەوپ پالمەر

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ٥٧، ژ: ٣/٧٢

ژ: ٨٤

لە مستەر هیلمەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن(٣ی ئەیلوول گەیشتووە)

ژمارە: ٢٣٥

قوستەنتەنییە، ٢٧ی ئابی ١٩٣٠

گەورەم،

دەمەوێ پێتان رابگەیەنم کە خوسرەو بەگی باڵوێزی نوێی تورکیا لە تاران، (٢٥)ی ئەم مانگە بەرەو جێی کارەکەی کەوتەڕێ. خوسرەو بەگ، کاتی ئۆغرکردنی، لە چاوپێکەوتنێکدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە پەیوەندییەکانی تورکیا– ئێران زۆر دۆستانەیەو، هەروەها وای نیشان دا کە بڕوای وایە گرفتەکانی سنوور، هەرزوو وپاش ئەوەی دەگاتە تاران، چارەسەر دەکرێن.

٢. دوێنێ شەو گفتوگۆیەکم لەگەڵ کارهەڵسووڕێنی ئێراندا کرد کە چەند رۆژێك بوو هاتبوە قوستەنتەنییە. سەعید خان ناڕەزاییی خۆی لەو ڕاپۆرتە وریاکەرەوانەی ئەم دواییەی چاپەمەنیەکانی ئەورووپا دەربڕی‌و، وتی لەڕاستییەوە دوورن. بەقسەی ئەو: سنوور نەبەزێنراوەو، دانوستان بەهێمنی بەڕێوە دەچێ‌و، هیواداریش بوو چەند رۆژی دواتر لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیادا رێك بکەون. حکومەتی تورکیا، وەك پێشتر ئاگاداربووم، گۆڕینەوەی خاك بەوجۆرەی کە هەموو ئاراڕات بکەوێتە سنوورییەوەو، هاوکات ئۆپەراسیۆنی هاوئاهەنگی دژی کوردانی پێشنیارکردبوو. حکومەتی ئێران بەئاگاوە خۆی لەوەڵامی پێشنیاری یەکەم بواردبوو و، پاشتریش ئاماژەی پێ‌نەدرا. سەعید خان دڵنیا نەبوو کە حکومەتەکەی ئەتوانێ دەست لەو پارچەیەی خاکەکەی هەڵگرێ، بەڵام وای هەست دەکرد خوسرەو بەگ بچێتە تاران‌و، تەگبیری تازەی بۆ کرابێ کە هەموو هەوڵێك بخاتەگەڕ تاکو سنوور، بەوشێوەیەی کە مەبەستیانە، دیاری بکرێتەوە.

٣. حکومەتی ئێران بۆ وەڵامی دووەمیش رایگەیاندووە کەناتوانێ رازی بێ سەربازانی تورك بچنە ناو خاکی ئێرانەوە یاخود ئەوانەی ئێران بێنە تورکیا. سەرباری ئەمەیش، ئێران پێشنیاری هاوکاری و کاری سەربازیی هاوکاتی هەردوو دیوی سنوورەکەی کردووەو، سەعید خان ئومێدەواربوو چەند رۆژێکی‌تر رێکەوتنێك لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیادا گەڵاڵە بکەن.

٤. سێ چوار هەزار کەس، بەڕای سەعید خان، ئێستا لە ئاراڕات گەمارۆدراون و، هیچ کۆمەکێکیان پێ ناگات. سەرەڕای ئەمەیش حکومەت شەڕێکی لەدژیان بەرپاکردووە. ئەم شەڕە خەرجییەکی زۆری دەبێ، جەنەڕاڵ وینتەر (Winter) بەم زووانە سەرکەوتنێکی تەواو بۆ تورکان دەستەبەر دەکات و، رەنگیشە کە هاوکاریی تورکیا– ئێران رێك خراو بەر لە هاتنی وەرزی زستان، لێبوردن بۆ ئەو کوردانە دەربکات کە ماوەیەکە گەمارۆ دراون و، ئەوانەیش لەناوببات کە نەیانتوانیوە گەمارۆیان بدەن و، لەبەرزاییەکانەوە هێرشی بەکۆمەڵیان کردووە. سەربازانی تورك لەدیوی خۆیانەوەو،هی ئێرانیش لەدیوەکەی ترەوە سەرجەم بنکەکان کۆنترۆڵ دەکەن و، بەم جۆرە ئەم بزووتنەوەیەی کوردیش دادەمرکێنرێتەوە.

وێنەی ئەم نووسراوەم بۆ نوێنەری خاوەنشکۆ لە تاران ناردووە.

ئالیکس کەی. هێلم

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ت: ٤٩–٥٠، ژ: ٦٨

ژ: ٨٥

لە (میەید)ی بریکاری کونسوڵەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (١٣ی ئەیلوول گەیشتووە)

ژمارە : ٦٨ نهێنی

حەڵەب، ٢٩ی ئابی ١٩٣٠

گەورەم،

ئاماژە بەنووسراوی ژمارە(٦٤)ی (٢٤)ی ئابم لەمەڕ سەرهەڵدانی کوردان، خۆشحاڵم چەند زانیارییەك لەبارەی ئەو بۆچوونە بڵاوانەی حەڵەبەوە بەرزیکەمەوە کە ڕەنگە ڕاستو جێی بایەخ بن. ئەو کەسەی کە زانیاریەکانی داومێ، کوردێکی ناسراوەو، کەسێکی بڕواپێکراوو بێلایەنە.

٢. سێ ڕێکخراوی کوردی هەن.

ا. تەعالیی کورد: لە کوردستانی باکوورەو، کوڕانی شێخ سەعیدی لەخۆگرتووە. دەڵێن ئەم ڕێکخراوە پەیوەندیی توندو تۆڵی بەبۆلشەڤیکەکانەوە هەیە.

ب. خۆیبوون: لە سووریایەو، نووسینگەی سەرکردایەتیی لە بەیرووتەو، داوای هاوکارییان لە ڕێکخراوی تاشناق (Tachnack)ی ئەرمەنی کردووە.

ج. خەلاسکەران: لە تورکیاو ئێراندایەو، ژمارەیەك تورکو فارس ئەندامی ئەم کۆمەڵەن.

٣. کوردانی سووریا، ئاسایی، بایەخ بە پێشکەوتنی ئەم ڕاپەڕینە دەدەن. لەگەڵ ئەمەیشدا، یاخییان پشتگیریی تەواو ناکرێن، چونکە سەرهەڵدانەکە بنەمای دینی، نەك سیاسیی هەیەو، کوردی سوریایش چاوەڕێو ئاواتەخوازی بەرزبوونەوەی بانگی سەربەخۆییە. هاوکات دەزگا فەڕەنسییەکانیش، خۆیان بۆ سەرکوتکردنی هەر جموجۆڵێك ئامادە دەکەن. ئەگەرچی هەواڵی پەلاماری سنوور لەئارادایە، بەلام پێدەچێ چالاکییەکەی سوریا پڕۆپاگەندەبێ.

٤. کوردانی تورکیای نزیك بەسنووری سووریا، بەپێی هەواڵ، دەیانەوێ یارمەتی پێشکەش بکەن. لێرەیشدا تورکان چەکو تەقەمەنیی تەواویان بۆ پارێزگاریی هەرێمەکە نەناردووەتە دیاریەکر. خۆ کوردەکانیش هەر بەشەڕکەر لەدایك نەبوون، بۆیە شەڕی ئاشکرا ناکەن و، کاری نهێنییان، وەك هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ورە لە سووریا، پێباشترە.

٥. لەمانەیش زیاتر، وادیارە یاخییان پەیوەندیی توندو تۆڵیان بە بۆلشەڤیکەکانەوە هەیەو، ئەمانیش تەنها پێداویستەکانیان بۆ دابین دەکەن، بەڵام بریتانیەکان هاوکارییان نەکردوون. کوردەکان لێرە باوەڕیان وایە کە "خەلاسکەران" چالاکانە لە هەوڵی داواکردنی هاوکاریی بریتانیادا بن.

٦. فەوجی (٥٣)ی تورك، بەپێی هەواڵەکانی ئێرە، پەیوەندیی بەیاخییانەوە کردووەو، سەرەنجام تورکەکان لەگشت بەرەکانی شەڕدا شکستیان هێناوە. بۆیە تورکان بەنیازن هێزەکانیان کۆبکەنەوەو، هێرشێکی سەرتاسەری ببەن.

٧. وێنەی ئەم نووسراوە بۆ باڵوێزی خاوەنشکۆ لە ئەستەمبوڵ بریکاری کونسوڵی گشتیی بریتانیا لە بەیرووت و کونسوڵی خاوەنشکۆ لە دیمەشق دەنێرم.

جیفری میەید

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل: ٧١، ژ: ٨٣

ژ: ٨٦

لەسێرئار. کلایڤەوە بۆ مستەرئێی. هندرسن (١٨ی ئەیلوول گەیشتووە)

ژمارە: ٤٣١

گوڵحەق، ٣ی ئەیلوولی ١٩٣٠

گەورەم،

مەمدووح شەوکەت بەگی باڵوێزی تورك، (٣١)ی ئاب تارانی بەجێهێشتو، چەند ڕۆژێکیتر جێگرەوەکەی ئاشکرا دەکرێ.

٢. مەمدووح شەوکەت ڕۆژێك پێش ئەوەی تاران بەجێ بهێڵێ، ماڵئاوایی کردو، هۆی بانگکردنەوە، یان دەست لەکار کێشانەوەکەی ڕوونکردەوە. هەروەها وتی: ڕاگەیاندنی ڕەسمیو هەواڵی وەگیراوی قوستەنتەنییەو ئەنگۆرەی چاپەمەنیەکان، ئەگەر تەواو لەڕاستیشەوە دوور نەبن، ئەوا هەر زۆر زیادە ڕۆییان تێدا کراوە. بە نموونەی هێنایەوە کە هیچ ئینزارێك نەدراوەتە حکومەتی ئێران، کەچی بەپێی ڕۆژنامەکان: کاربەدەستانی ئەم وڵاتە سێجار زیاتر وریاکراونەوە. هەروەها جەختی لەسەر کردەوە کەتاکە سەربازێکی تورك نەهاتوەتە ئێرانەوەو، حکومەتی تورکیایش هەرگیز هەڕەشەی بەزاندنی سنووری نەکردووە. ئەمجا لێم پرسی: حکومەتی تورکیا گلەیی لە حکومەتی ئێران هەیە؟ لەوەڵامدا وتی:

هیچ گازەندەیەکیان نییە، ئەوە نەبێ کە چوارساڵ لەمەوبەر دوو سەرکردەی ناوداری کوردی تورکیا لەبەری ئێرانی سنووردا جێگیربوونو، سەرباری ناڕەزاییی چەند بارەی حکومەتی تورکیاو بەڵێنی دەوڵەتی ئێران، هەنگاو بۆ ڕاماڵینییان نەنراوە. لەلایەکی ترەوە، دیاریکردنەوەی سنوور، بەپێی قسەی ئەو، بۆ تورکیا زۆر گرنگ بوو، چونکە ئەمە وادەکات ئەم وڵاتە بتوانێ لەئاییندەدا کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی ئاراڕاتی بچووك بکات. ئەمجا بە هەر فێڵۆتەڵەکەیەك بوو، پرسیم: ئایا بانگ کراوەتەوە یان دەستی لەکارکێشاوەتەوە؟ ئەو وتی: دەستی لەکارکێشاوەتەوە.

ناوەڕاستی هاوین بیروڕاکانی ئەم لەگەڵ ئەوانەی حکومەتەکەیدا نـەدەگونجان. دڵنیای کردمەوە کە حکومـەتی تورکیـا ئێستا لـە هەلومەرجەکـە گەیشتووە، هیچ هۆیەك بۆ ناکۆکیی هەردوو حکومەت لەئارادانییە. هاوکات بە ڕۆیشتنیشی خۆشحاڵ بوو. پێنج ساڵ بوو لێرەبوو و، پیشەیشی کاری دپلۆماتی نەبوو و، پێـی خـۆش بـوو دوایی پۆستێکیتر وەربگرێ (هێندەی من بزانم حەزی لـە کـاری بـاڵوێزی دەکـرد لـە مۆسـکۆ). زۆر بـەختیاربوو بەئارامی لەگـەڵ خێزانەکـەیدا لـە قوسـتەنتەنییە بـژی. حەزیشی بەتوێژینەوەی مێژوو و ئیتنۆلۆجیا (ڕەگەزناسی مرۆڤ) دەکرد.

٣. دواجـار لێم پرسـی: پێـی وایە حکومـەتی سۆڤیەت ماسـی لـە ئـاوی لێڵـدا راوبکاتو، ئەم هاوینە هۆکاری نائـارامیی نێـوان تورکیـاو ئێران بوویـێ؟ ئـەو تـەواو نکۆولیی لەمە کردو، پێی داگـرت کـە کوردەکـان لـەدیوی رووسـیای سـنوور ئـارامن، ئەگـەرچی ئەرمەنیـەکان وەك هەمیشـــە ســـەرچاوەی مەترســـی بـــوون. بۆیـــە هیـــچ پاساوێکی وەهای نەبوو، تاواهەست بکات کاریەدەستانی سۆڤیەت کاریان بـۆ کێشـە نانەوە کردبێ. رێتێدەچێ ئەمە ڕاست بێ، بەڵام مەمدووح شەوکەت کـە هاوڕێیـەکی دڵسۆزی (داڤتیـان) نـاوی بـاڵوێزی ئێرەی سۆڤیەت بـوو، سۆزێکی زۆری بەرامبـەر رووسەکان هەبوو.

٤. دوێنـێ نیـوەڕۆ کـە سـەردانی تـەیموور تـاچم کـرد، لـە بـەڕێزیم پرســـی: رای لەبارەی کێشەی ئەم دواییەی کوردەکانەوە چییە؟ سەرەتا بەگشتی لـە سیاسـەتی تورك دواو، ئامـاژەیشی پێکرد کـە عیسـمەت پاشـا خوێرییـەکی نمونەییـەو، بووەتـە مایەی ورووژاندنی زنجیرە راپۆرتێکی زیادەڕۆی چاپەمەنیـەکانی قوستەنتەنییە بـۆ قـایمکردنی جـێپێی.تۆفیـق روشـدی بـەگ، هـــەرگیز مەســـەلەکەی بـــەجیددی وەرنەگرتووە. وەزیری دەرەوەی تورکیایش بەهیچ رازینییەو، ئامادەیـە هەرسـاتێك سیاسەتێکی جیا بگرێتەبەر، بەڵام کێشەکەی ئەوەیە کە لە تێڕوانینی غـازی ناگـات، چونکـە غـازی لەلایەکـەوە هیچـی بـۆ راگرتنـی ئـەم پرۆپاگەندانـەی دژی ئـێرانی چاپەمەنیەکان نەکردووە، لەلایەکی تریشەوە زۆر بەشانو باڵی دۆستایەتی تورکیا–

ئێراندا هەڵدەدات. سەبارەت بە دەست لەكار كێشانەوەی مەمدووح شەوكەتیش، وتی: بێگومان ئەمە دەرهاویشتەی دژایەتیی ئەركانی گشتیی توركیایە كە تاوانباریان كردووە بە كاركردن بۆ قازانجی ئێران و پشتیوانی نەكردنی سیاسەتی وڵاتەكەی لە كوردستان.

٥. ئەمجا بەڕێزی باسی سیاسەتی هەرسێ دەوڵەتی توركیاو ئێران و عێراقیكرد بەرامبەر بەكورد. وتی سیاسەتی هەرسێ دەوڵەت لە بنچینەوە لەیەكتر جیان حكومەتی توركیای سایەی عیسمەت پاشا، دەیەوێ كورد لەناوببات. هەڵبەت ئەمەیش كارێكی مەحاڵە، چونكە كەس ناتوانێ گەلێك لەبەین بەرێ. سیاسەتی ئێرانیش، بەڕای ئەو، زوو وابووە كە شتەكان وەك خۆیان بەجێبهێڵێ. ئەوان هیچیان بۆ كوردان نەكردووەو، هاوكات بێزاریشیان نەكردوون. حكومەتی عێراقیش كە بە ئامۆژگاریی بریتانیەكان دەجووڵێتەوە، سیاسەتی ڕێگەدانی كوردان بە بەكارهێنانی زمانەكەیان و، كردنەوەی قوتابخانەو، هەوڵدان بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی بژێوییان پێڕەو دەكات. ترسی هەبوو ئەم سیاسەتە لەدواییدا كارێكی خراپ لە كوردانی توركیاو ئێران بكات. وتی: ئەگەر خۆیشی كوردێكی ئێران یان توركیا بوایە، ئەوا هەروەك ئەوان پشتیوانیی ئەم سیاسەتەی عێراقی دەكرد. جابۆیە بەدوودڵییەوە لە ئایندەی دەڕوانیی و، هەرئەمەیش، بەقسەی ئەو شای تووشی دڵەڕاوكێ كردووە. هەرچەندە دەشێ حكومەتی عێراق پشتیوانی كوردستانێكی یەكگرتوو نەكات، بەڵام ئەم سیاسەتەی ئێستای هەنگاوی یەكەمە بەو ئاراستەیە. بەڕێزی وتی: ئەو قسانەی خوێندووەتەوە كە میجەر (ڕائید) یۆنگ و جەعفەر پاشا، بەم دواییە، لە سلێمانی كردبوویان، بەڵام چونكە هەستی بەدڵسۆزیی حكومەتی عێراق و ڕاوێژكارە بریتانیەكان، بۆ ئەم مەسەلەیە، كردبوو، حەزیدەكرد لە بۆچوونی خۆی ئاگادارم بكاتەوە. هەروەها هاوڕای مەمدووح شەوكەت بوو لەبارەی ڕاستیی حكوومەتی سۆڤیەتەوە لەمەڕ ئەم مەسەلەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا لە ئەرمەنییەكان بەگومان بوو.

٦. دواجار، مەسەلەی دیاریکردنەوەی سنوورم لە ئاراڕاتی بچووک لەگەڵدا کردەوەو، لێیشم پرسی: ئایا ئەم داواکردنە بەرەوا دەزانیّ؟ وتی: ئامادەنییە رای خۆی لەم بارەیەوە دەربڕیّ، بەڵام ئاماژەی پێدا کە ئەرکانی گشتیی ئێران بەتوندی دژایەتیی هەر ئیمتیازێکی لەوەهەرێمەدا کردووە بۆ تورکیا. دیارە ئەمەیش لەبەر پێگەی ستراتیجیو ناڕەزاییی کوردەکانە لەم دیاریکردنەوەیەدا کە تورکیا مەبەستیەتی، جگە لەمەیش تاوانەکە بەگشتی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی ئێران.

ئاڕ. ئێچ. کلایڤ

****

(٥)ی ئەیلوول

کاتێ ئەم نووسراوەم نووسی، وێنەیەکی نووسراوی ژمارە (٩٣٩)ی (١٤) ئابی پاریسم پیٚگەیشت.

دەزانم (علاء)ی نوێنەری ئێران لە پاریس سەرقاڵە، بەڵام پێویستە سەردانی هاوینی (١٩٢٩)یتان بۆ لەندەن بیربهێنمەوە. هەنگاوی بیٚهۆی دیپلۆماسیی ئەم دواییەی، بیٚهیچ رێنوێنییەک، لەسەر توندیی راگەیاندنی رەسمیی چاپەمەنیەکان کە ئێستا دەزانریّ هەڵەو تێکدەر بووە، سەرسامی کردم.

وێنەی ئەم نووسراوە بۆ باڵوێزی خاوەنشکۆ لە قوستەنتەنییە، حکومەتی هیندستانو کۆمیساری باڵا بەوەکالەت لەعێراق دەنێرم.

(٨)ی ئەیلوول

برووسکەی (٧)ی ئەیلوولی پەیامنێری تاران بۆ تایمز (Times) تایبەت بە Foreing[1] هاوپێچ دەکەم.

ئاڕ. ئێچ. سی.

وەزارەتی دەرەوە ٢٧٣/٤٢٤، ل: ٧٢–٧٣، ژ: ٨٥

---

[1] ئەمە زیاتر پێدەچیّ Foreign و مەبەست لێی کاروباری دەرەوە بیّ.

ژ: ٨٧

له سێرجی کلارکەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن

ژمارە: ٩٠

قوستەنتەنییە، ١٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠

برووسکە راپۆرت

نووسراوی ژمارە (٣٣٥)ی مستەر هێلم.

چاپەمەنیەکان دوو رۆژی رابردوو دامرکاندنەوەی تەواوی کوردانی هەرێمی ئاراراتیان راگەیاند. زانیاریی دروست لەبەردەستدانییە. بەلام گوتەکەی سەرۆکی ئەرکانی گشتی، رەنگە ئەم هەواڵە پشت راست بکاتەوە. ناوبراو ئەو قسانەی لەکاتێکدا کرد کەبەناو بۆ سیواس و، بەلام لەڕاستیدا وەك رۆژنامەکان دەڵێن، بۆ بەرەکانی شەڕی هەرێمی رۆژهەلات دەچوو و، سەرۆك وەزیر خوا حافیزیی لێ کرد.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ٧٢، ژ: ٨٤

****

ژ: ٨٨

لەسێرجی. کلارکەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن(٢٣ی ئەیلوول گەیشتووە)

ژمارە: ٣٦٤

قوستەنتەنییە، ١٨ی ئەیلوولی ١٩٣٠

گەورەم،

لەبرووسکەی ژمارە (٩٠)ی (١٧) ئەیلوولمدا ئاگادارم کردنەوە کە ئۆپەراسیۆنەکانی دژی کورد لە هەرێمی ئارارات، بەپێی راگەیاندنی رەسمیی حکومەتی تورکیا، دوایی هاتوون.

٢. لێرەدا دوو راپۆرتی تایبەت بەم مەسەلەیەی پاشکۆی سەربازی باڵوێزخانەی خاوەنشکۆ، کە بۆ منی ناردوون، هاوپێچ دەکەم. یەکەمیان باسی دوا ئۆپەراسیۆنەکان دەکات کە (٥) رۆژیان خایاند. رانید ئۆلێری، لە دووەمیشیاندا، بەکورتی دیمەنێکی گشتیی جوڵانەوەکەی کوردان و، رێوشوێنی حکومەتی تورك بۆ بەرەنگار بوونەوەی دەخاتەڕو. زانیاریی دروست بەدرێژاییی ماوەی ئۆپەراسیۆنەکان دەست نەدەکەوتن، چونکە راپۆرتی رۆژنامەکان، بەشێوەیەکی بەدناو، جێی متمانەنین و، سەرچاوەیتری زانیاری لەو بارودۆخە تایبەتەدا کە باڵی بەسەر رۆژهەڵاتی تورکیادا کێشابوو، شك نەدەبرا. وامەست دەکەم، لەبەر ئەوە، راپۆرتەکەی رانید ئۆلێری جێی بایەخ بێ، چونکە تۆمارێکی بڕواپێکراوی رووداوەکانە.

٣. حکومەتی تورکیا و چاپەمەنیەکان بەسەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکەیان دڵخۆشن، چونکە بێگومان کێشەی کورد لەهاوینی رابردوودا تووشی دڵەراوکێی زۆری کردوون. وا زستان لەو ناوچە شاخاوییە نزیك دەبێتەوە، ئیتر رێیتێدەچی ئارامی بۆ ماوەیەك سەقامگیر بێ، بەڵام پێدەچێ یاخیبوون و ناسیونالیزمی کورد جارێکی دی سەرهەڵبدەنەوە. خۆنەگەر حکومەتی تورك جێگرەوەیەکی ژیرانە بۆ سیاسەتی توندوتیژی ئەم دوابیەی سەرکوتکاری دانەنێ، ئەوا پرۆسەی " بەتورککردن"ی کورد، وەك ئەمڕۆ دەردەکەوێ، ئاسان نابێ و، ملکەچ کردنیشیان بەئاکام ناگات.

٤. وێنەیەکی ئەم نووسراوەم بۆ نوێنەری خاوەنشکۆ لە تاران نارد.

جۆرج. ئار. کلارك.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ٧٤، ژ: ٨٦.

*****

هاوپێچی (١)ی ژ: ٨٨
لە رانید تۆلێرییەوە بۆ سێرجی. کلارک

ژمارە: ٨

قوستەنتەنییە، ١٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠

گەورەم،

خۆشحاڵم ئەوەتان پێ رابگەیەنم کەهێزە تورکییەکانی بە فەرمانی ساڵح پاشا، بەپێی هەواڵی رۆژنامە خۆجێییەکان کە لە برووسکەکانی ئاژانسی ئەنادۆڵەوە وەریانگرتوون، شکستێکی کاریگەریان بەسەر یاخییانی هەرێمی چیای ئاراراتدا هێناوە.

دوا قۆناغی ئەم کردەوە سەربازیانە، (٧)ی ئەیلوول، بەبزواتێك لە باکووری شاخەکەوە دەست پێکرا. ساڵح پاشا توانی (١٠)ی ئەیلوول بەرزاییی نێوان هەردوو ئاراراتی گەورەو بچووك داگیربکات. ئەمجا کوردەکان بەرەو باشووری رۆژهەڵات، چەندین کوژراویان پاش خۆیان بەجێهێشتووە. دەڵێن ئێستا هەموو جۆرە بەرگرییەك کۆتاییی هاتووە.

مارشاڵ فەوزی پاشا برووسکەی پیرۆزبایی بۆ ساڵح پاشا ناردو، بۆ ئەوەی ناوچەی ئارارات بپشکنێ، ئەنکەرەی بەجێهێشت.

لەگەڵ ئەوەی کەئەم دامرکاندنەوەیەی یاخیبوونی کوردەکان لەسەرچاوەیەکی رەسمییەوە وەرگیراوە، بێگومان هێشتا وەختی ئەوە نەهاتووە کە وابزانین ئیتر هیچ ئۆپەراسیۆنێك، بەر لەگەڕانەوەی هێمنی بۆ ویلایەتەکانی رۆژهەڵات پێویست نابێ.

بی. جەی. تۆلێری

مەیجەر جی. ئێس

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل: ٧٤، ژ: ١/٨٦

* * * *

هاوپێچی (٢)ی ژ: ٨٨
لە رائید ئۆلیێرییەوە بۆ سێرجی. كلارك

ژمارە: ٩

قوستەنتەنییە، ١٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠

گەورەم،

كورتەی جموجۆڵی سەربازی مانگی شوبات بەرەو رۆژهەڵاتی توركیا، بۆ تەواوكردنی راپۆرتی ژمارە (٨)ی دوێنێم لەبارەی سەركەوتنی هێزە توركییەكانی بەرفەرمانی ساڵح پاشاوە، هاوپێچ دەكەم.

ئەم هەواڵە پێناچێ زۆر دروست بێ، چونكە لەگەڵ زۆر سەرچاوەدا بەراورد كراوەو، هەندێ پێشبینییشی تێدایە.

بی. جەی. ئۆلیێری

مەیجەر جی. ئێس.

هاوپێچی (٢)ی ژ: ٨٨
پوختەی جموجۆڵی سەربازی لە رۆژهەڵاتی توركیا
یاخیبوونی كورد، ساڵی ١٩٣٠

ئەم زانیارییانەی لای خوارەوە رووداوە سەربازییەكانی بەهارو هاوینی ئەمساڵی كوردستان، لە راپۆرتی ژمارەیەك سەرچاوەی جیاجیاوە كە متمانەیان لێك جیاوازە، وەرگیراون. بەلام بەداخەوە هیچ زانیارییەكی ئەوتۆ لەمەڕ هۆیەكانی یاخیبوون و پەرەسەندنی و قۆناغەكانی سەركوتكردن، هەرگیز لەلایەن هیچ راوێژكارێكی حكومەتی توركیاو ئەركانی گشتییەوە ئاماژەی پێنەكراوە. بۆیە، ئەوی دەكرێ تەنها خستنەرووی دیمەنێكی ئۆپەراسیۆنەكانە لەگشت سەرچاوەكانەوە. بەم جۆرە،

ئەگەرچی رەنگە درێژەی هەواڵەکە تەواو راست بێ، دیمەنەکە لەگەڵ بارە راستەقینەکەدا یەکدەگرێتەوە.

٢. لە یاخیبوونی ساڵی (١٩٢٥)ی کوردەوە، هەرچەندە چەند حاڵەتێکی جەردەیی نزیك بەسنوور روویانداوە، ویلایەتەکانی رۆژهەڵات ماوەیەك لە ئارامیدا بوون. پێناسەی شایستەی ناوچەی نێوان دیاربەکرو گۆلی وان، هەروەکو کۆتایی‌ی مانگی مایسی ئەمساڵ، بریتییە لە هێمنیی تەواو و وردە وردە هەنگاونان بەرەو شارستانێتی بەرپێبەریی ئیبراهیم تالع بەگ .

٣. خواستو ئامانجی کوردەکان لە ئارامی دوور بوو و، ژمارەیەك ناڕازی نەخشەی سەرهەڵدانێکی گشتییان کێشا. لەنێوان ئەو ناڕەزاییانەشدا، ئیبراهیم تالع بەگی سەرۆکی کوردانی جەلالیو خالیس بەگی کوڕی شێخ عەبدولمەجیدو، سەلاحەدینی کوڕی شێخ سەعید، کە ساڵی (١٩٢٥) لەسێدارە درا، وکوڕانی کور حوسەینی سەرخێڵی حەیدەرانلی دیارو بەرچاون. ئاشکرانییە چۆن ئەم سەرکردانە رێك کەوتوونو، ناشزانرێ ئایا گشت ئەکەسانەی هاوکات لەیاخیبووندا بوون، بەشێك بوون لەپیلانە سەرەکییەکە یان نا؟! رەنگە کردەوەی توندی سەرکوتکاریی حکومەتی تورکیا هەندێ یاخییان لەبەشداری پەشیمان کردبێتەوەو، کوردانی تری ئارامیشیان والی کردبێ، پەیوەندی بەیاخیبوونەوە بکەن. هەرچۆنێك بێ، سەرەتای ساڵ هەوڵێکی زۆر لەرێی پڕۆپاگەندەو هەڕەشەوە درا بۆ ئەوەی، هێندەی بکرێ، تیرەو خێڵ لەبزووتنەوەکەوە بگلێنرێ.

٤. دەستگیرکرانی مانگی شوباتی خالیسو سەلاحەدینو سەرکردەیەکی بە مۆرەهەڵکەن ناسراو، هۆی یەکەمی ئەم کێشەیەی کوردستان بوو. جەلالییەکان، هەرزوو ودوای ئەم رووداوە، کەوتنە پەلاماری گوندەکانی ناوچەی ئاراڕات. خالیس هەلاتو، چووە ناو خاکی ئێرانو، لەوێوە دەستی کردە هاندانی کوردان بۆ یاخیبوون، مانگی نیسان، چەند شەڕێك لەنێوان سەربازانی حکومەتو یاخییاندا روویان داو، دەرەنجامەکانیشیان نادیار بوون.

٥ـ ئەرکانی گشتی، ماوەیەك بەر لەمە، دەرکی پێکرد کە بارودۆخەکە تاڕادەیەك مەترسیدارەو، پێش لەسەر ئەوە داگیرا کە پێویستە هەوڵی تەنها گەڕانەوەی نیزام نەدرێ، بەڵکو مەسەلەی کورد بۆ هەتا هەتایە دابمرکێنرێتەوە، سوداد پاشای فەرماندەی فەیلەقی (٩)، بڕوای بەم کارە نەبوو، بۆیە بەسالح پاشای قوماندانی فەیلەقی (٨)، کە پیاوێکی گەنجترو تواناتر بوو، جێی گیرایەوە. هێزێك لە تەشکیلە جیاجیاکانی جووتە فەیلەقی پێکەوەنراوی سەربازیی ڕاهێنراو، دروست کراو، پۆلە فرۆکەیەکی سوپای تورك نێردرایە ڕۆژهەڵات. هەردوو فەیلەقەکە خرانە بەر فەرمانی حوسەین و عومەر خالیس پاشا. سەرجەم هێزەکە بە (١٥٠٠٠) چەکدار مەزندە دەکرێ، ئەمە جگە لە ژمارەیەك یەکەیتر کە لە ڕۆژئاوای تورکیا سازو تەیارن[1]

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل:٧٥، ژ: ٣،٢/٨٦

ژ:٨٩

لە سێرجی کلارکەوە بۆ مستەر ئێی هندرسن.. (٣ی تشرینی یەکەم گەیشتووە)

ژمارە: ٤٦١

گولحەق، ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٣٠

گەورەم،

ئاماژە بەنووسراوی ژمارە (٤٣١)ی (٣)ی ئەم مانگەم، پێتان ڕادەگەیەنم: ڕێزوان بەگ تۆغلۆو خوسرەو بەگی باڵوێزی نوێی تورکیا لە تاران، (١٥)ی ئەم مانگە نامەی متمانە (اوراق اعتماد)ی خۆی پێشکەش کرد.

٢ـ ئێران، لە چاوپێکەوتنێکی نوێنەرەکەیدا لەگەڵ خوسرەو بەگدا، ڕایگەیاند: بەڕێزی ئاماژەی بە دیاریکردنەوەیەکی ئێستا جێی باسی سنووری تورکیا ئێران

[1] بەشێکی ئەم بەڵگەنامەیە پێدەچێ لەخوارەوە پەڕیبێ.

کردووە، ئەو وتوویەتی، ئەم دیاریکردنەوەیە، گۆڕینەوەی هەرێمی (ئاگری داغ)ی پارچە خاکێکی گرکانیی بێ بایەخی بێ پیت بۆ ئێران، بەخاکێکی بەرەو باشووری بەپیتی پڕ قازانج بۆ ئەم وڵاتە دەبێ. تورکیا، بەم ئاڵوگۆڕە، پێگەیەکی بەهێزی ستراتیجی بۆ راونان و سزادانی یاخییانی کورد بۆ خۆی دەستەبەر دەکات.

٣ـ وێنەی دوا راپۆرتەکانی تایبەت بەبارودۆخی کورد کە لە کونسوڵی تەورێزی خاوەنشکۆوە پێم گەیشتوون، هاوپێچ دەکەم.

٤ـ وێنەی ئەم نووسراوەم بۆ حکومەتی هندستان و باڵوێزی خاوەنشکۆ لە قوستەنتەنییەو وەکیلی کۆمیساری باڵا لە عیراق نارد.

جی. کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل:٨٠، ژ:٩٣

***

هاوپێچی ژ: ٨٩

بەشێك لە(رۆژانەی سیاسی و هەواڵی سەربازیی تەورێز)

ژمارە (٨)ی (٧)ی ئاب- ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠

بارودۆخی کورد

لە تورکیا:

١٤ـ پاش خوێندنەوەو بیستنی چەند وتەیەکی زیادەڕۆی ژمارەیەك تورك، ئەوانەی کەسانی شارەزای وەك قەشەی ئەرمەنییەکان و بەڕێز ئەردەروونیم پێی پەسەندترە، کەبەڕای ئەوان: تورك (٧٠٠٠–٨٠٠٠) چەکداری لەدەوری ئاراراتو (٤٠٠٠)یشی لەدەوریەری باشقەلەو شەمزینانەوە بەرەو باشوور، بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوونێکی نوێی هەرێمەکە، داناوە. هەروەها (١٥) فرۆکەی هەن کە هاوکات زیاد لە (٥–٦)یان کاردەکەن، بەلای کەمەوە (پێنج)یان لێ خراونە خوارەوە.

١٥- سەرجەم راپۆرتەکان دەریدەخەن: کوردەکان باش پرچەکن‌و، جیاجیا دەجەنگن‌و، تورکەکانیش سەرکەوتنێکی کەمیان بەدەست هێناوە.

١٦- هێرشێکی ئارالیك بەرەو، باشوور شکستی هێناو، تورکەکان تەنانەت دوو رەبیە سەرەکیەکەی دەشتی ئارالیکیشیان لەدەستداو، بەئاراسدا رووەو رووسیا راونران.

١٧- لەوێ مامەڵەی میوانیان لەتەکداکراو، چەکە لێ سەنراوەکانیان دانەوەو، دوو رۆژ دواتر بەرەو ئیغدیر گەڕانەوە.

١٨- لێرە باوەڕوایە روسەکان هاوکاریی تورك دەکەن. تەنانەت دەوترێ ئەو تەیارکردنەوەیەی هێزەکانی تورك، کەهێرشی سەرەوەیان پێکرد، لەسەخاکی ئەرمینیای کۆماری سۆڤیەتەوە دەست پێکراوە.

١٩- من بڕوام بەمەهەیە، چونکە هێزێکی نهێنی نەناسراوی سوارە دووشەو لە نزیکی دەڤالوو جموجووڵیان بووەو، وا هەست دەکرێ بەئاراسدا پەڕیبنەوە ئەم هێزە، بەپێی هەواڵ، روسی بووە.

٢٠- رووسەکان هێزی توانایان نزیك بە ئیغدیرو دەڤالوو بەدرێژاییی ئاراس هەیەو، ئەوەیش دوویارە جەختی لەسەر دەکرێتەوە کەهێزەکانیان شەڕی کوردەکانیان کردووە.

٢١- (٣)ی ئەیلوول پێم راگەیاندرا، (٢٢)ی ئاب، تورك سێ هێرشی تری کردووەتە سەر ئاراراتو، هەرسێ جارەکەیش شکستی خواردووە.

٢٢- جەنەراڵ ئاگاداری کردمەوە، دڵنیایە تورکان دەستیان بە گفتوگۆ کردووەو، خۆ ئەگەر ئەم هەوڵانە سەرنەگرن، کەڕێی تێدەچێ، ئەوا پێویستە شالاوەکە بەر لەمانگی نۆڤەمبەر رابگیرێو، ئەمجا کوردەکانیش لە گوندەکانی داروسێوە درێژە بەهێرشەکانیان دەدەن.

ئەو تەواو پێشبینی دەکرد کە سەرتاسەری کوردستان، لەئاراراتەوە تا سنووری عیراق، بەهاری ئایندە چەك هەڵگرن.

٢٣ـ لێرە وای بۆ دەچن (سەرکەوتنەکان)ی نزیکی ئەرجیش و زیلانی تورک، لەراستیدا بەرامبەر بەکەمێك چەکدارو بێ چەکێکی زۆر بەدەست هاتوون.

لە ئێران: هەرێمی باکوور

٢٤ـ سەعات (٤)ی بەرەبەیانی (٩)ی ئاب، باندێکی دووسەد– سێ سەد کوردی هەلاتووی هەرێمی ئاراڕات پەڕینەوە بۆ ئێران و، هەوڵی گەمارۆدانی رەبیەیەکی بچووکی ئەو ولاتەیان دا، ترسێکی زۆر لەئارادابوو، زۆرینەی سەربازان هەلاتن. تەنها دوو ئەفسەرو دوو N.C.O بەرگرییان کردو، هەر چواریان کوژران.

هەر دوولا خۆیان سازدایەوەو، خالید ئاغای جەلالییش هاوکاریی کوردانی کرد، دواجار کوردەکان راپێچی گردەکانی نزیك ماکۆ کران، زیانی ئێرانییەکان، کەم و زۆر (١٠٠) کوژراوو بریندار دەبێ، هێندێ لە بریندااران هێنراونە ئێرەو، ئەوانەیش کەوا زامەکانیان سەختە لە (خۆی) ماونەوە.

زیانی کوردیش زۆرەو، حەسەن ئاغای مامی خالیدو مستەفا ئاغای رێبەرانی نزیك ئەرجیشی یاخیبوون، لە کوژراوەکانن.

٢٥. تورکان سوپاسی هاوکاریی ئێرانیەکانیان کرد، بەلام لەڕاستیدا بەشکستی ئەوان خۆشحاڵبوون، چونکە ئەوان هانی خالید ئاغایان دا هێرش بکاتە سەر تورکەکان و، کەوتنە چاڵی خۆیانەوە.

٢٦. هەموو دەستڕۆکانی ئێران، بیرۆکەی دیاریکردنەوەی سنوورو گەمارۆدانی رۆژهەلاتی ئاراڕاتی بچووکیان لەلایەن تورکیاوە رەت کردەوە. دەڵێن ئەم جۆرە گەمارۆدانە سەرەتای پرۆپاگەندەی پان– تورکیایەو، رێ بۆ داگیرکاریی دواتر، جابەئاشتی بێ یان شەڕ، خۆش دەکات.

٢٧. وەزارەتی دەرەوەی ئێران بەرەسمی نکوولیی لە هێرشی تورك بۆناو خاکی ئێران کرد، بەلام جەنەڕاڵ پێشتر ئەم راپۆرتە ناویەناوانەی پێداوم کە تۆپبارانی

کوردەکان لە (١٠) کیلۆمەتری ناو خاکی ئێرانەوە، تورکانی پاشەکشە پێکردووە، بۆیە بڕوام بە ڕەتکردنەوە رەسمییەکە نییە.

هەروەها ئەردەرووبی درێژەی ئۆپەراسیۆنەکانی تورك لەبایەزیدەوە بەرەو سنووری ئێرانی پێراگەیاندم، ئەوەیش کە بەنیازن بولاقباشی داگیر بکەن.

سەربازان لە تارانەوە،

٢٨. (١٤)ی ئاب پێم راگەیاندرا کە سەربازان لێرەوە بەئاراستەی ماکۆ رۆیشتوون.

لەئێران: هەرێمی باشوور

٢٩. جەنەڕاڵ تەنکیدی کردەوە کەپشتێنەیەکی بەهێزی لەسەقزەوە بۆ سابڵاغ دروست کردووە. کەواتە دەشێ لەدەرەوەی ئازربایجانەوە بەرەو سەقز کەوتبنە جووڵە.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ٨١-٨٢، ژ: ١/٩٣

ژ: ٩٠

لە سێرجی. کلارکەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (١٣ی تشرینی یەکەم گەیشتووە)

ژمارە: ٣٨٧

قوستەنتەنییە، ٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٠

گەورەم،

خۆشحاڵم پێتان رابگەیەنم: نەقیب کۆلۆنێل سێر هەمفریزی کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لە عێراق، (٤)ی ئەم مانگەو لەڕێگەیبەرەو بەغدایدا گەیشتە ئێرەو دوانیوەرۆی ئەمڕۆ ئێرەی بەجێ هێشت، بەرەو بەغدا کەوتەڕێ.

٢. (٥)ی تشرینی یەکەم، بۆ ماوەی دوو رۆژ لەگەڵ سێر فرانسیس هەمفریزدا چوینە ئەنکورە، ئەو لەوێ چاوی بەسەرکۆمارو سەرۆوەزیرو وەزیری دەرەوە

بەوەکالەتو جێگری کاتیی وەزیر کەوتو، ئەم بەیانییەیش وەزیری دەرەوەی بینی کە دوێنێ لە رووسیا گەڕابووەو، ئەم شەو دەچێتەوە ئەنگورە.

٣. بێگومان، کۆمیساری باڵا بابەتی ئەم دیدارانە بۆ نووسینگەی کۆڵۆنیەکان بەرزدەکاتەوەو، ئیتر پێویست ناکات من لێرە بەدرێژی لەسەری بدوێم. بەڵام پێدەچێ بوارم هەبێ باسی کاریگەریی چاکی سێر فرانسیس هەمفریز بەسەر هەستی دەسەڵاتدارانەوە بکەم. ئەمە جگە لەوەی کەوا هەست دەکەم ئەم سەردانە پەیوەندییەکی گرنگی شەخسیی لەکاتێکی شیاودا دروست کردووەو، بۆ ئەو کاتە کەڵکی دەبێ کە کۆمیساری باڵا لەگەڵ عێراقدا تاووتوێی سیاسەتی ئەو وڵاتە بەرامبەر بەتورکیا دەکات.

٤. دەسەڵاتداران زۆر بەگەرمی پێشوازییان لەکۆمیساری باڵا کرد. دیداری غازیو کەشەکەو هەردوو خوانی نیوەڕۆ کەیەکەمیان وەکیلی وەزیرو دووەمیان من سازم دابوو، سەرۆك وەزیریش، بە پێچەوانەی نەریتی خۆی ئامادەیان بوو، زۆر دۆستانە بوون. غازی دوو سەعاتو نیو باسی رەگەزەکانی (Autochtonic) [1] ی هندو میزۆپۆتامیای بۆ کردینو، بەبێ پەردە، رای خۆی لەبارەی شانەمانۆڵای پێشووەوە دەربڕیو، چیرۆکی نهێنیی پیوەندیی بەئەنوەر پاشاوە، کاتێك لەدوا دەمەکانی فەرمانڕەواییدا بووە، بۆ گێڕاینەوە.

٥. کێشەی کورد کە کاری لەعێراقو تورکیا کردووە، لە چاوپێکەوتنە رەسمییەکانی ترماندا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تری تورکدا، بە روونیو گیانێکی دۆستانەوە تاووتوێکرا. راستەوخۆ گلەیی لە بێهێزیی عێراق نەکرا، کە بەهۆیەوە شێخی بارزان توانیویە یارمەتیی یاخیانی کورد بدات. حکومەتی عێراق، لەڕاستیدا، نەیتوانیوە هەرێمی شێخ بەتەواوی کۆنترۆڵ بکات. داوا لە کۆمیساری باڵا کرا، حکومەتی عێراق رازی بکات بەوەی کەپێویستە رێوشوێنی کاریگەر بۆ قازانجی

---

[1] ئەشێ Autochthonic بێ بە مانای ئەسڵیو بنەڕەتیو خۆوڵاتی. بەو پێیە ئەبێتە رەگەزە ئەسڵی یا خۆوڵاتیەکان .(س)

هەردوو وڵات دابنێ، بەڵام پێم وایە سێر. ئێف. هەمفریز توانیویەتی تورك قەناعەت پێبکات کەئەمە بەزەبری ماددە دەکرێ‌و، دیارە بەغدایش ئەمەی نییە. هەروەها دڵنیای کردنەوە کەگەڕایەوە خێرا حکومەتی عێراق لەڕاستیەکان ئاگادار دەکاتەوە. ئەمە جێی بڕواو رەزامەندیی تورکەکان بووە.

٦. سێر. ئێف: هەمفریز ئەمەی بەهەل زانی‌و، ئاماژەی بەوەکرد کە کۆمسیۆنی هەمیشەیی سنوور بۆئەم مەبەستە پێکهێنراوەو، شتی زیاتریش دەکرێ ئەگەر کۆمیتەکەو، بەتایبەتی ئەندامانی تورکیا، چالاکانەو بەرپرسانەتر کارەکانیان بکەن.

٧ـ سەردانی کۆمیساری باڵا، هاوکات بوو لەگەڵ گەیشتنی برووسکەی ژمارە (٨٨)ی (٣)ی ئەم مانگەتاندا سەبارەت بە ئیحتیمالی کۆششی حکومەتی تورکیا بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی بردنە ناوەوەی سەرباز یان سازدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە خاکی عێراقدا. خۆشبەختانە، بەڕێوەبەری هەمیشەیی، وەك لە برووسکەی ژمارە (١١)ی ئەمڕۆمدا ئاماژەم پێکردووە، باسی باری ئێستای سەربازانی سنووریی تورکی کردو، بۆخۆیشی وتی: نیاز نییە داوای مۆڵەتی پەڕینەوە لە سنوور بکرێ. هەروەها ڕێنوێنیی نوێ بە ئەفسەری فەرماندەی تورك دراوە کە ڕێز لە یەکپارچەیی خاکی عێراق بگرێ.

٨. کۆپیی ئەم نووسراوەم بۆ کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لە بەغدا نارد.

جۆرج. ئار. کلارك

وەزارەتی دەرەوە ٢٧٣/٤٢٤، ل: ٩٢–٩٣، ژ: ١٠٢

ژ: ٩١

لە سێرجی. كلاركەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (٣ی تشرینی دووەم گەیشتووە)

ژمارە: ٤١٣

نوێنەری خاوەنشكۆ لەقوستەنتەنییە راپۆرتێك بۆ وەزیری دەرەوەی خاوەنشكۆ دەنێرێ‌و، وێنەیەكی نووسراوی ژمارە(١١)ی (٢٣)ی ئەم مانگەی پاشكۆی سەربازیی خاوەنشكۆی ئەو باڵوێزخانەیشی لەسەر بارودۆخی رۆژهەڵاتی توركیایی‌ی لەگەڵدایە.

قوستەنتەنییە، ٢٥ی ئۆكتۆبەری ١٩٣٠

****

هاوپێچی ژ: (٩١)

لە رائید ئۆلێرییەوە بۆ سێرجی. كلارك

ژمارە: ١١

ئەنكۆرە، تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٣٠

گەورەم،

لە تەواوكاریی نووسراوی ژمارە (٩)ی (١٧)ی ئەیلوولی (١٩٣٠) مدا، ئەم تێبینیانە لەبارەی باری رۆژهەڵاتی توركیاوە دەنێرم.

٢. دەسەڵاتدارانی تورك بڕیاریان داوە هەر سەرچاوەیەكی ئاژاوەی كوردستان، دوای سەركەوتنەكەی هەفتەی دووەمی مانگی ئەیلوولی نزیكی چیای ئاراڕات، سەركوت بكەن. بەڵام هێشتا گومان هەیە، بەتایبەتی لە باشقەلەی خوارووی رۆژهەڵاتی گۆلی وان، بەرگری مابێ‌و، سەربازو جەندرمەیش لەشەڕی یاخییانی كورددا بن.

ژ: ٩٢

لەسێر. ئێف. هەمفریزەوە بۆ لۆرد راسفیلد(١٢ی کانونی یەکەم بەوەزارەتی کۆلۆنییەکان گەیشتووە)

نهێنی

بەغدا، ٢٠ی ئۆکتۆبەر- ٢٠ نۆڤەمبەری ١٩٣٠

گەورەم لۆرد،

تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٩، کە لەندەنم بۆ گرتنە دەستی کارەکانم لە بەغدا بەجێهێشت باڵوێزی خاوەنشکۆ لە قوستەنتەنییە پێشنیاری کرد دوای نموونەی ئەوانەی پێش خۆم بکەوم، بەئەنگورەدا گەشت بکەم، بۆ ئەوەی دەسەلاتدارە سەرەکیەکانی تورکیا بناسم. جا چونکە رێوشوێنی پێویستی گەشتەکەم بە میسرو فەلەستیندا تەواو بووبوون، جێبەجێکردنی داوای باڵوێز بۆ گەڕانەوەی ئەمساڵم، لە لەندەن دواکەوت.

٢. (٤)ی ئۆکتۆبەر گەیشتمە قوستەنتەنییەو، رۆژی دواتر لەگەڵ سێر. جۆرج کلارکدا چوومە ئەنگورە. پاش سەردانی عیسمەت پاشاو شوکری قایای وەکیلی وەزیری دەرەوە، نیوەڕۆ خوانێکی رەسمیی خۆشم بۆسازکراو، ئەمجا چاوم بەمستەفا کەمال پاشا کەوت. غازی زۆر بەگەرمی پێشوازیی کردمو، سەرەتا لەبارەی راپەڕینی ئەفغانستانو، بەتایبەتی هۆکانی مەرگەساتی رووخانی شا ئەمانوڵلاوە پرسیی. من روونم کردەوە، ئەمانوڵلا هەڵەیەکی کوشندەی کرد کەوای دەزانی پاڵەوانێکی خۆشەویستی جەماوەرەو، سوپایەکی بەئەمەکی لەپشتەو، دەتوانێ نوێکاریی کاریگەر بەسەر خێڵەنەزانو دواکەوتووەکاندا بسەپێنێ. وای دەبینی کەغازی لەتورکیا چیی کردووە، ئەمەیش ئەتوانی لەئەفغانستان بیکاتو، لەبیری کردبوو هەیبەتی خۆیو توانایی سوپاکەیو عەقڵیەتی هاوولاتیانی، تەواو لەمان جیاوازن. سەربای ئەمە، وەزیری ناشارەزاو نادڵسۆز خیانەتیان لێکرد. من

٣. خۆشبەختانە، پێشنیاری بەزاندنی سنووری عێراق لەلایەن تورکەکانەوە جێبەجێ نەکرا. ئەو کارە جەردەییانەی نزیک ئورفەیش، ڕەنگە بەشێوەیەکی سەرەکی زادەی کشانەوەی بەتالیۆنەکانی درێژاییی هێڵی سنوور بێ.

٤. پەیامنێرێك لە بەغدا، کەبەگشتی لەسەر بارودۆخی کوردستان دەنووسێ، پێیوایە ئەمساڵ هیچ نیشانەیەکی جووڵانەوەی واقیعیی نێوان کوردانی عێراقو ئەوانەی تورکیاو ئێران نییە. لەلایەکی ترەوە، بەڵگەی هەیە کەتورك لەمانگی نیسانەوە بەردەوام خەریکی چەککردنی خێڵەکانە.

٥. خۆییبوون، (١١)ی ئەیلوول، ڕاپۆرتی چەند کارێکی سەربازیی (١١)ی حوزەیران تا (٩)ی ئابی دژی سوپای تورکی بڵاوکردەوە. باسی هیچ شکستێك نەکراوەو، ڕایشگەیاندراوە: حکومەت (٤٠٠٠) سەربازی قوربانی داوە. هاوکات تورکیا بەکاولکردنی (٥٠٠) گوندی کوردو لەناوبردنی (١٢٠٠٠) پیاو ژنو منداڵ تاونبارکراوە. ئەو هەواڵە گەیشتووەتە ئەمریکاو، لەوانەیشە لەناو لایەنگرانی سەربەخۆییی کوردستاندا ئەو هیوایانەی بووژاندبێتەوە کە ئومێدی بەدیهاتنیان کەمە.

بی. جەی. ئۆلێری

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ٩٧–٩٨، ژ: ١/١١٤،١١٤

وتم: سۆزێکی زۆرم بۆ ئەمانوڵلاو گەلی ئەفغان هەبوو، دڵگران بووم کە هەوڵە باشەکانی بوونەمایەی ئەو کارەساتەی عەرشەکەی و ئازاری ناشایستەی خەڵکەکەی.

غازی ئەم شیکردنەوەیەی کێشەی ئەفغانستانی پێپەسەندبوو، بەڵام وتی: لە گفتوگۆی ئەمانوڵلادا هەمیشە هەستی بەناڕاستیی بۆچوونەکانی کردووە، وایشی هەست دەکرد ئەولاوە ئۆتۆکراتە نەفامو کەللەڕەقە، شایانی بەزەیی نەبوە. ئیتر نازانم ئەم هەستە تاڕادەیەك توندە لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە غازی لەبنەڕەتدا، بەئامۆژگاریی سۆڤیەت، پشتگیریی ئەمانوڵلای، بۆ بردنەوەی شەڕی ناوخۆ کردووە، یان نا؟

٣. ئەمجا هاتینە سەرباسی کۆنو ئیتنۆلۆجیا. غازی زۆری هەوڵ دا بیسەلمێنێ کە ڕەگەزەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا تورکە عوسمانیەکان یەك بنەچەیان هەیەو، خۆشحاڵبوو بەوەی کە بیستی سەرم لە نیشتمانی دێرینی تورکان لە ناوەڕاستی ئاسیا داوە. لەم وتووێژانەدا وتم: ساڵی (١٩٢٢) کاتێ نوێنەر بووم لە کابوول، داوای یارمەتیی پارەو چەکی لێکردم. بۆ ئەوەی Basmarch بتوانن کۆتی سۆڤیەت بپسێنن. ئەم یادەوەرییە، وای لەغازی کرد چەند چیرۆکێکی پەیوەندیی لەگەڵ ئەنوەردا بگێڕێتەوە. وتی هەموو هەوڵێکی خستبووە گەڕ بۆ دوور خستنەوەی تورکیا لە شەڕێکی گەورەو، دژایەتیی ئەو سیاسەتەی ئەنوەریشی دەکرد کە دەیویست سەروەتو سامانی وڵات بۆ ئەڵمانیا بەکاربێنێ. باسی سێ نامەی ئەنوەری کرد کە بۆیی نووسیبوونو، دەریان دەخست چەند کورت بینو بەهەڵپەبووە.

+ یەکەمیان، کاتی کوودەتایەك کەئەنوەری وەك دیکتاتۆرێك دەکردە تاکە دەسەڵاتدار، نووسراوەو، فەرماندەیی لەشکرەکانی قوستەنتەنییەو دەردەنیلی بەغازی بەخشیوە. ئەمیش داوای بینینی ئەنوەری کردبوو، پێشنیارەکەیشی دابووە دواوە.

+ نامەی دووەم، دوای شەڕ لەمۆسکۆوە نووسرابوو و، پێشنیاری دامەزراندنی کۆمەڵەی دەوڵەتانی ئاسیای کردبوو، کە تورکیاو ئێرانو ئەفغانستانو بوخارای دەگرتەوەو، کۆنترۆڵی بێگانەی بەسەرەوە نەدەبوو. لەغازی داواکرابوو، پەیوەندی بە کۆمەڵەکەوە بکات بۆ پتەوکردنی ئەو یەکێتیە. ئەویش لەوەڵامدا وتی: ئەو شوێنەی ئەنوەر نامەکەی لێنووسیبوو، رادەی سەربەخۆیی ئەو یەکێتییە ناکۆکەی دەسەلماند، بۆیە رازی نەبوویوو کار بۆ ئەو پرۆژەیە بکات.

+ ئەنوەر نامەی سێیەمی، ماوەیەکی کەم پێش مەرگی، لە بوخارا نوسیبوو و، داوای پارەو چەکی بۆ ئازاد کردنی Khanatesئاسیای ناوەڕاستی لەدەست سۆڤیەت کردبوو. ئەم نامەیە کە وەڵام نەدرابووەوە، مۆرێکی تازەی لێدرابوو و، خۆی تێدا بە "شای بوخاراو زاوای خەلیفە" ناو بردبوو.

هەستم کرد غازی، بە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە، دەیەوێ وەك کەسێکی ئاگادار لە مێژووی جوولانەوە پان- تۆرانیو پان ئیسلامیەکانی ئاسیا، پێم بڵێ ئەو هەمیشە دژی ئەو بزووتنەوانەو هاوپەیمانیی ئاسیایی بووەو، ئێستا تورکیای نوێ دەڕوانێتە رۆژئاوا. هاوکات ئەوەیش بە باڵوێزی خاوەنشکۆ رابگەیەنێ کە هاوپەیمانێتیی تورکیا لەگەڵ مۆسکۆدا ناچارییەو، ئێستایش کەپەیوەندییەکانی ئەنگلۆ- تورکی ماوەی چوارساڵی سێر جۆرج کلارك لەقوستەنتەنییە پتەوبوونێکی دیارو بەرچاوی بەخۆوە دیوە، پەرەسەندنی ئەو پەیوەندییە توندو تۆڵەی ئینگلتەرە بەباشتر دەزانێ.

دواجار غازی لە وەڵامی پرسیارێکمدا وتی: پێی وایە عێراق رێکەوتنێکی باشی ئیمزا کردووەو، پەیوەندیشی لەگەڵ دراوسێکانی باشووریدا زۆر باشە. ئەم دیدارە دوو سەعاتو نیوی خایاندو، کەسێتیی زاڵی غازیو فراوانیی ئارەزووەکانیو جێگیریی ئامانجەکانیم، تێدا بۆ دەرکەوت.

٤. رۆژی دواتر عیسمەت پاشاو شوکری قایا سەریان لێدامەوەو، باسی پەیوەندیی تورکیا- عێراقو بەتایبەتی کوردستانمان کرد. روونم کردەوە، سیاسەتی حکومەتی خاوەنشکۆ، وەك هێزی ماندات (دەسەڵاتدار)ی سەر عێراق، ئەوەیە کە

قەناعەت بە عەرەب بکات بە سۆزو دادپەروەرییەوە لەگەڵ کورددا بجوولێنەوەو، رازییان بکەن وەکو هاونیشتمانییەکی دڵسۆزو بەختیار لە دەوڵەتی تازەی عێراقدا بژین. بیرۆکەی کوردستانی سەربەخۆ هۆشمەندانە نییەو، مەحاڵە. ئەو پڕۆپاگەندانەیش کە گوایە حکومەتی خاوەنشکۆ پشتگیری ئەم بیرۆکەیە دەکات، راست نییە.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەیش کە حکومەتی عێراق چ هەنگاوێك دەنێ تامافی پەنابەری بەکوردانی هەڵاتوو لە سوپای تورك بەرەو ئەو وڵاتە، نەدات؟ وتم حکومەتی عێراق چیی پێبکرێ بۆ چەککردنی پەنابەرانی کوردو بەکارنەهێنانی خاکەکەی وەك بنکەیەك دژی تورك، دەیکاتو، دڵنیایشم کردنەوە کە نەبوونی هەر کارێکی خێراو کاریگەر، دەرەنجامی نەبوونی سەرچاوەکانی زانیارییە نەك هی نیازپاکی. هەروەها جەختم کردەوە کە کۆمسیۆنی هەمیشەییی سنوور دەتوانێ لە سەقامگیرکردنی ئاشتیی سنووردا هاوکاریێ، ئەگەر گرنگیی بەگەڕخستنی دەرەنجامەکانی بدرێ. ئەگەرنا، لایەنە ستەم لێکراوەکان بەردەوام بەڕێگەی خۆیان تۆڵەی خۆیان دەسەننەوە.

هەردوو وەزیر کە زۆر دۆستانە بوون، دڵنیایان کردم کە لە خواستی دۆستانەی حکومەتیعێراق رازینو، پەیمانیان دا، لەبەرگرتنی پەلامارەکانی سنووردا، هاوکاری بکەن. هێرشەکانی ئەم دواییە، کەدەشێ بەهۆی کشانەوەی پۆستە تورکییەکانی نزیك سنوورەوە بووبێ، وێرانکارییەکی بەرچاویان لە کوردستانی باشووردا کردووە.

٥. عیسمەت پاشا لەو نیوەڕۆ ئاهەنگەدا کە سێر جۆرج کلارك رێکی خستبوو، زۆر کراوەبوو و، چەند چیرۆکێکی لۆرد کورزۆن (Lord Curzon) ی پێ راگەیاندم کە سەرەڕای جیاوازیی زۆری سیاسییان، زۆر پێی سەرسام بووە. وتی هیچ گلەییەکی لە عێراق نییە، بەڵام هیواداریوو: هەرچی زووە هەوڵ بدرێ شێخی بارزان کە زۆر هاوکاریی یاخییانی کوردی تورکیا دەکات، کۆنترۆڵ بکرێ. بیری هێنامەوە کە حکومەتەکەی بەرژەوەندیی دارایی‌ی هەیە لە گەشەپێدانی

نەوتەلانەکانی موسڵداو، وتیشی: ئەگەر حکومەتی عێراق رێگە بدات بۆریەکان بەسوریادا تێپەرن، ئەوا فەرەنسە دەرفەتی بۆ دەرەخسێ خۆی بەسەر ئەو وڵاتەدا بسەپێنێ‌و، ئیتر هەرگیز پێشبینیی ناکرێ فەرەنسە دەست لە مانداتی سووریا هەڵگرێ. بۆیە ئەدەنەی بە باشترین‌و سەلامەترین رێگەی دەرچوونی نەوتی مووسڵ لەقەڵەم دا.

٦. رۆژی (٨)ی ئۆکتۆبەر لەگەڵ سێر جۆرج کلارکدا گەرامەوە قوستەنتەنییەو، لەوێ چاوم بەتۆفیق روشدیی وەزیری دەرەوە کەوت، کە تازە لە مۆسکۆ گەرابووەوە. ئەو، نیگەران بوو لەوەی پێویستە فەرەنسە رازیبێ (دەنووکی مراوی– bec de canard) کە بە قەراغێکی بێکەڵکی نێوان تورکیاو عێراقی دانا، چۆڵ بکات.

توانیم، بەهۆی باڵوێزی خاوەنشکۆوە، دانوستانی گرنگ لەگەڵ سەرجەمی ئەو گەورە بەرپرسانەدا ساز بکەم. پەیوەندیی شەخسییش بۆ کارەکانم لە بەغدا زۆر سوودبەخش دەبێ. من، بۆ بەرهەم‌و دەرەنجامەکانی ئەم سەردانە، قەرزارباری رێزو دووربینیی سێر جۆرج کلارکم.

٧. وێنەی ئەم نووسراوەم بۆ باڵوێزی خاوەنشکۆ لە قوستەنتەنییە ناردووە.

ئێف. ئێچ. هەمفریز

کۆمیساری باڵا لەعێراق

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ١٢٢–١٢٤، ژ: ١٤١

ژ: ٩٣

لە سێرجی. کلارکەوە بۆ مستەر ئێی هندرسن(١ی کانوونی یەکەم گەیشتووە)

ژمارە: ٤٤٥

نوێنەری خاوەنشکۆ لە قوستەنتەنییە راپۆرتی پێشکەش بە وەزیری خاوەنشکۆ بۆ کاروباری دەرەوە دەکات، وێنەی نووسراوی ژمارە(١٢٤)ی (١٥) تۆفەمبەری کونسوڵی تەرابزوونی خاوەنشکۆی لەسەر ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژی کورد هاوپێچ کردووە.

قوستەنتەنییە، ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠

* * *

هاوپێچی ژ: ٩٣

لە کونسوڵ ماتیۆسەوە بۆ سێرجی. کلارک

ژمارە: ١٢٤

تەرابزوون، ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠

گەورەم،

خۆشحاڵم ئاگادارتان بکەمەوە کە ئۆپەراسیۆنەکانی هەرێمی ئاگریداغ دژی کورد کۆتاییان پێهات، پۆستی سەربازی لە خاڵی جیاجیای شاخەکاندا، بۆ رێگرتن لە گەڕانەوەی کوردان لەرووسیاو ئێرانەوە، جێگیربوون.

٢. پێم راگەیاند(کاری سەرکوتکردن) بەو شێوەیەی کەساڵی (١٩١٥) دژی ئەرمەنیەکان ئەنجام درا، ئێستا دژی کوردانی ناوچەی دەرسیم بەڕێوە دەچێ.

دەبلیو. دی. دەبلیو. ماتیۆس

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٧٣، ل: ١١٩–١٢٠، ژ: ١٣٧،١٣٧/١

ژ: ٩٤

لە سێرجی. کلارکەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (٨ی کانوونی یەکەم گەیشتووە)

ژمارە: ٤٥٣

ئەنگۆرە ٣ی دیسەمبەر ١٩٣٠

گەورەم،

ئاماژە بەنووسراوی ژمارە (٥٣٢)ی (٣)تۆڤەمبەری کارمەڵسوڕێنی بریتانیا لە تاران، پێتان رادەگەیەنم کە بەپێی قسەی هاوکارێکی ئیتاڵی پاشکۆی سەربازی ئەم باڵوێزخانەیە، حکومەتی تورك بەنیازە، پارچە زەوییەکی نزیك شارۆچکەی "قوتوور"ی ئێران کە دەکەوێتە(٣٨) میلی سەرووی رۆژهەلاتی باشقەلعەی ویلایەتی وان، بەرامبەر بە پارچەیەکی هاوشێوەی نزیك بولاقباشی خاکی ئێران کە دەکەوێتە (١٣) میلی باشووری ئاراراتی بچووك، بداتە ئێران. ئەم پارچەیەی دوایی، بێگومان، گشت بەرزاییەکانی ئاراراتی بچووك دەخاتە ناو خاکی تورکیاوە، لێژاییەکانی باکووریش لەناو ئێراندا دەمێننەوە.

٢. سەرچاوەی ئاڵۆزی ئەم پێشنیارە، بەم دواییە لە چاپەمەنیەکانی تورکیادا دەرکەوتوون، وانیشان دەدەن کە ئێران بەم داوایەی تورك رازی بووە، ئیتر کێشەی سنور لەنێوان هەردوو حکومەتدا نەماوە. کارمەڵسووڕێنی ئێران لەوەلامی پرسیاری ئەندامێکی دەستەکەمدا، ئاخۆ ئەم راگەیاندنانە بەڕاستی بارودۆخەکەیان دەرخستووە؟ وتی: ئەمانە پێشوەخت نووسراون. ئەوی تا ئێستا کراوە، ئەوەیە کە حکومەتی تورکیا چەند پێشنیارێکی ئەرکانی گشتیی تورکی خستوەتە بەردەم ئێران‌و، ئێستا چاوەڕێی راوبۆچوونی ئەرکانی گشتیی ئێران دەکرێ. محەمەد خان سەعید، گەشبین بوو بەوەی کە پێدەچێ چەند مانگی کەمی داهاتوو دەرفەت بۆ رێککەوتننامەیەك هەڵبکەوێ، وەلام لەسەر چەند پارچە زەوییەکی کەمتر لەوەی وا تورك پێشنیاری کردووە. ئێران بیر لە ئاینده دەکاتەوەو، نەیتوانیوە سنوورێکی

ناستراتیجیی ترسناك، با لەگەڵ دراوسێیەکیشدا بێ کە پەیوەندییە هەنووکەییەکانیان زۆرباش بێ، پەسەند بکات.

٣. کارهەڵسووڕێنی ئێران، لە وەڵامی پرسیارێکی مستەر رۆبەرتسدا لەمەڕ راوبۆچوونی سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان‌و، وتی پێی وایە بەهاری ئاییندە کاری زیاتری سەربازی، بەڵام بەپانتاییەکی کەمتر لەوەی ئەمساڵ، دەکرێن. تورکەکان سەرکەوتوانە دوو فەسیلیی (٥٠٠و ٢٠٠٠) کەسیی یاخییانیان دەستگیر کردەوە، بەڵام ئەمە بڕێکی کەمی هێزێکە کە بە (١٢) هەزار چەکدار مەزەندە کراوە. دیارە ئەوانەی کەماون پەراگەندە بوون. جگە لەمانە، کەس لە رابەرە سەرەکیەکان نەگیراوە، زۆربەیان، بەتایبەت ئیحسان نووری ناوێك کە ئێستا لە تارانە، هەڵاتوونە ئەودیوی سنووری ئێران. حکومەتی تورکیا داوای تەسلیم کردنەوەی ناویراوی کردبوو، حکومەتی ئێرانیش، کە بە پەنابەری سیاسیی داناوە، نەیتوانیوە بیدات بەدەستەوە.

٤. پاشکۆی سەربازیی باڵوێزخانەی خاوەنشکۆ بۆ ژمارەی یاخییانیش، کە لە برگەی پێشوودا باس کراوە، پێی وایە ناکرێ ژمارەی تەواوی هێزی کورد بخەمڵێنرێ، چونکە هەموو ژن‌و کوڕێکیان دەتوانن تفەنگ بەکاربێنن. رائید ئۆلێری ئیشارەتی بەوەیش دا کە حیسابەکەی محەمەد خان سەعید لە (٣٠٠٠) قوربانی تێناپەڕێ کەدەڵی (٥–١٠)ی تەمموز لەزیلان دەرەو، هەروەها ژمارەیەکی زیاتر مانگی ئاب‌و ئەیلوول لە دەوروبەرو سەر چیای ئاراڕات، لەناوچوون.

جۆرج ئار. کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ١٢٠–١٢١، ژ: ١٣٩

ژ: ٩٥

لە سێرجی. کلارکەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (٥ی کانوونی دووەمی ١٩٣١ گەیشتووە)

گەورەم،

نوێنەری خاوەنشکۆ لە قوستەنتەنییە تەواوکاریەکانی پێشکەشی وەزیری خاوەنشکۆ بۆ کاروباری دەرەوە دەکات، لێرەدا وێنەی راپۆرتی ژمارە (١٣)ی (٢٢) دیسەمبەری پاشکۆی سەربازیی ئەم باڵوێزخانەیەی خاوەنشکۆی هاوپێچ کردووە کە تایبەتە بە گفتوگۆیەکی لەگەڵ نوری بەگدا لەسەر بارودۆخی کوردستان.

قوستەنتەنییە، ٢٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٠

* * * *

هاوپێچی (١)ی ژ: ٩٥

لە رائید ئۆلێرییەوە بۆ سێرجی. کلارك

ژمارە: ١٣

ئەنگۆرە، ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٠

گەورەم،

خۆشحاڵم چەند تێبینییەك لەبارەی ئەو گفتوگۆیەوە پێشکەش بکەم کە ئەم بەیانییە لەگەڵ کۆلۆنێل نوری بەگ ئەندامی ئەرکانی گشتیی تورکدا سازم کردووە.

کۆلۆنێل، یەك سەعات بەئازادیو خێرایی قسەی کرد. لەبەر ئەوەی زانیاریەکانم لەبارەی تورکەوە دیاریکراوبوو، نەمتوانی فریای هەموو وشەکانی بکەوم، بەلام پێم وانییە بەهەڵە لە سەرنجە نووسراوەکانم گەیشتبم.

هەرچەندە خۆم ئامادە نەکردبوو سەرجەم بابەتی قسەکانی نوری بەگ پەسەند بکەم، وامەست دەکەم جێی رەزامەندی بن، چونکە تارادەیەك بەروونیو بێپەردە لەمەسەلەکان دوا.

بی. جی. تۆلێری

مەیجەر جی. ئێس

* * *

هاوپێچی (٢)ی ژ: ٩٥

((چەند سەرنجێکی کۆلۆنێل نوری بەگی ئەرکانی گشتی لەسەر کوردستان))

کۆلۆنێڵ نوری ویلایەتەکانی رۆژهەڵات باش شارەزایەو، حەوت ساڵ بەر لەشەڕ خزمەتی تێدا کردوون. دەڤەرەکە، ئەوکاتە، زۆر سەخت بووەو، رێگەوبانی نەبوە، بەڵام لەوکاتەوە چەند جادەیەکی تێدا دروست کراون. هەروەها کونسوڵی سەربازیی بریتانیای لە "وان" دەناسی. پێی وابوو مانەوەی درێژخایان لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات عەقڵیەتی مرۆڤ دەگۆڕێو، تەمەڵو لەش بەباری دەکات، بۆ نموونە هەفتەی دووجار ریش دەتاشێ.

کوردەکان رەگەزێکی ئاڵۆزو جێی گومانن، یەکێتیی نەتەوەییان نییەو، لەسەدان خێڵو تیرەی جیاجیا پێکهاتوون. بەڕای ئەو، جیاوازیی رەگەزیی کورد لەلایەك، تورکمانو چەرکەسو ئەرمەن لەلایەکیتر، جێی گومانن. بۆ ئەمەیش، نموونەی لەزمانی کوردی هێنایەوە کەوشەی زۆر کەمی تێدایە تورکی، عەرەبی چەرکەسی یان ئەرمەنی نەبن، زۆر لەوشێوە زارە تورکیانە دەکات کەلە چەند ناوچەیەکی ئەنادۆڵی وەك نزماییەکانی ئەرجیش داغ قسەیان پێدەکرێ. پێی وابوو زۆرینەی کورد لە تورکە سەلجوقیەکانی پێش داگیرکاریی عوسمانییەکانن. وتی کورد لە دوا قۆناغی دەسەڵاتی عوسمانیدا لە خزمەتی سەربازی رزگاربووە. ئەمەیش

وای لە زۆرێك لە تورکان کردووە خۆیان بەکورد لەقەڵەم بدەن، وەك کورد بژین و بیربکەنەوە.

کوردان زۆر خاسیەتی باشیان هەن، بەڵام دزو جەردەیەکی سروشتییشن و لەچارکردن نایەن. هەروەها زۆر دڵ رەقن و، چەند حاڵەتێکی بینیبوو، کاتێك لەگەڵ نەستۆریەکاندا لەکێشەدابوون، وەك درندەی کێوی رەفتاریان کردبوو. وای هەست دەکرد کورد ناتوانێ چەکدارێکی زۆر کۆبکاتەوە، دیسپلینیان نییە، هەر لە تاڵانی و جەردەیی دەگەرێن. نوری بەگ، کاتی شەر، پەیوەندیی بە فیرقەیەك سوارەی خێڵەکییەوە هەبووە، شتی زۆر نەشیاوی لێبینیون.

تورك گەلێکی رۆژئاواخوازە، وازی لە نەریتی عوسمانی هێناوە، بەڵام کوردان تەواو ناشارستانین. ئەوانەیان کەسەربازی دەکەن، فێری خوێندنەوەو نووسین و ژیان لەژێر سەقفێکی شیاوو گەشت بەشەمەندەفەرو ئوتومبیل دەبن، زۆربەیان ناگەرێنەوە شوێنەکانی نیشتەجێ بوونیان، لەشارۆچکەکاندا دادەنیشن، یان دەچنە قوستەنتەنییەو ئەنکورە. لەگەڵ ئەمەدا، بیری نوێ هەر بڵاو دەبێتەوە، تەنها چەند گوندێکی کەم بەرەنگاریی خزمەتی سەربازی و تازەگەری بوونەتەوە. بۆ ئەمەیش سێ گوندی نزیکی پالومەر(palumer) [1]ی باشووری ئەرزنجانی بەنموونە هێناویانە. نوری بەگ پێی لەسەر ئەو راستییە داگرت کە زۆرینەی ئاژاوەگێرانی یاخیبوونەکەی ئەم دواییە، لەئێرانەوە هاتبوون. هەروەها بۆ بەڵگەی ئەو قسەیەی کە چەکداری یاخییان بێهێزبوون، وتی لە ئەرجیش کە بەتالیۆنێکی لێبوو و، شوێنە بچووکەکانی تر کە تەنها کەرتی بچووکی پیادەیان تێدابووە، سەربازانی حکومەت بەسەرکەوتوویی بەرپەرچی هێرشی هەزاران یاخییان داوەتەوە. زیلانیش بەرگری کرد. تەنها چەند شوێنێکی بچووك کە لە سەرباز چۆڵ کرابوون، کەوتبوونە دەست

[1] ئەمە (پولومەر)ە کە قەزایەکی باشووری رۆژهەلاتی ئەرزنجانە. (س)

یاخییان. شەڕی زیلاندەرە[1] بەسەرکەوتنی تورك کۆتایی‌ی هاتبوو. سەرباز لەناوچەی ئاگری‌داغ‌و باشوورەوە هێنرابوون‌و، گورزێکی کاریگەریان لە خێڵەکان وەشاندبوو.

کۆلۆنێل نوری جارێکی‌تر دووپارەی کردەوە کە فڕۆکەوانانی تورك خزمەتی زۆر باشیان کردووە. وتی: ئەمانە زۆر جەریەزەو سەرەڕۆ بوون‌و، دوو فڕۆکەیان، کە بۆ لێدانی دۆشکەکانی کورد نزم بوویوونەوە، لەدەست دابوو. فڕۆکەیەك لەسەر شاخی ئاراڕات گرفتی مەکینەی هەبوو، بەڵام توانیبووی (٣٠کم) بفڕێ بۆ جێیەکی ئارام.

ئیحسان بەگی سەرکردەیەکی یاخی‌بوونی ئاگری‌داغ، کاپتنێکی تورك بووەو، کاتی کێشەی نەستۆریەکان هەڵاتووە. بێگومان ویستوویەتی، لەم یاخی‌بوونەی دواییدا پۆستێکی بەرز لەناو کورداندا بەدەست بێنێ. نوری بەگ نەیدەزانی ئیحسان لە تاران ئازادە یان نا، بەڵام وای هەست دەکرد هەرچۆنێك بێ کۆنترۆڵ کراوەو ناتوانی زیان بەتورکیا بگەیەنێ.

ئێران‌و تورکیا بنکەی سەربازییان لەسەر شاخی ئاراڕات داناوە. ساڵی ئاینده راپەڕینی گشتی روو نادات، ئەگەرچی رێی تێدەچێ پێکدادانی بچووك لێرەو لەوێ بێنە ئاراوە. گوندنشینەکان زۆر لەیاخییان بێزارن، چونکە خەریکی تاڵانی‌و داگیرکردن‌و مەڕو ماڵات دزینن. وتووێژی دۆستانە بۆ دیاریکردنەوەی سنوور لەگەڵ ئێرانییەکاندا بەردەوامە، بەڵام وادیاربوو کۆلۆنێل پاوەڕی بەم دانوستاندنانە نەبوو. وتی لیژنەکە هەر کۆدەبێتەوەو گفتوگۆ دەکات‌و دەخوات، کەچی سنوور هەر هێڵێکی خەیاڵی‌و بێ مانایە، ئەگەر سەرباز نەبێ چاودێریی بکات. ئێرانییەکان سەربازیان لەسەر سنوور نییە. سوپایەکی (٤٠٠٠) سەربازییان هەیە، بەڵام ئەمە بەس نییەو لەگەڵ سوپای تورکدا بەراورد ناکرێ، هەرچەندە سوپاکە پێك دەهێنرێتەوەو، روو لەباش بوونە. بەهەرحاڵ ئەگەر سنووریش دیاری بکرێتەوە، ئەوا رێگەیەکی نوێی داگیرکاریی خێڵەکیەکان ئاڵوگۆڕی زیاتری زەوی پێویست دەکات.

---

[1] واتە دۆڵی زیلان کە ناحیەیەکی نزیکی باکووری قەزای ئەرجیشە لە ویلایەتی وان.(س)

نوری پاشا حەزی دەکرد مۆڵەت بدرێتە سەربازانی تورك لە سنووری عێراق بپەڕنەوە، بەلام کاتێ والیی هەکاری ئەم داوایەی لەعێراق کرد، حکومەتی ئەو وڵاتە داواکەی دایە دواوە. جالەبەر ئەوە تیرەکان دەتوانن بێهیچ سزایەك لەسنوور بپەڕنەوەو، ئەمەیش بە دوژمنانیان رەوا نەبینراوە، ناتوانرێ تەواو هێور بکرێنەوە. ئەرکانی گشتی خۆشحاڵ بوو یاخی بوونەکەی، بەبێ خەڵك کردنە سەرباز، دامرکاندووەتەوە. کاری تاکتیکیی خۆجێیی پێشبینی کرابوو، شەڕەکانی دژی کورد کەمێك سەخت بوون،........[1]

٢٢ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٣٠

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٧٣، ل: ٢-٣، ژ: ٢

ژ: ٩٦

لە مستەر مۆرگنەوە بۆ مستەر ئێی هندرسن(١٦ی ئاداری ١٩٣١ گەیشتووە)

ژ: ٨٣

قوستەنتەنییە، ١٢ی مارسی ١٩٣١

گەورەم،

خۆشحاڵم ئاگادارتان بکەمەوە کە سەلاحەدینی کوڕی سەرۆکی کوردەکان بابەتی نووسراوی ژمارە (١٩٤)ی (٣) حوزەیرانی (١٩٣٠) ی مستەر ئەدمۆندز، بە (١٥)ساڵ زیندانیو کاری قورس سزا دراوەو، حوکمەکەیش دادگای تاوانی ئەنکۆرە دەری کردووە. بەلام لەبەر ئەوەی ئەو تاوانبارە کاتێ پیلانی ئەڕزۆم کە بەهاوکاریی رێکخستنی تاوانبارکراوە، (٢١) ساڵی تێنەپەڕاندبوو، حوکمەکەی بۆ (١٢)ساڵو (٦) مانگ کەم کرایەوە. هاوکارێکی سەلاحەدین بە (١٠) ساڵ زیندانیو

[1] ئەم بڕگەیە ناتەواوە.

کاری قورس،و، یەکێکی تریان بە (١)مانگ زیندانــیو غەرامــەی (٥١) لـیرەی تورکـی، سزادراون. دووانی تریش، کە یەکیان نوێنەری پێشووی بایەزید بوو، ئازادکراون.

٢. کەئەم حوکمانە، لەگەڵ ئەو خنکاندنە بەکۆمەڵانەی ئـەم دواییـەی مەنەمـەندا بـەراورد دەکـەین، دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـەوا هیـچ خیانـەتێك دژی کـوڕی شێخ سەعیدو هەڤاڵانی نەسـەلماوەو، ئامـاژە بـەهیچ جۆرە هاوکارییـەکی بریتانیـای وەك ئەوانەی وا لە راپۆرتەکەی مستەر ئەدمۆندزدا هاتوون، نەکراوە.

٣. وێنەیەکی ئەم نووسراوە بۆ کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لە عێراق دەنێرم.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ٥٤، ژ: ٢٢

ژ: ٩٧

لە مستەر پارەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (١٧ی ئادار گەیشتووە)

ژمارە: ٤٥

تاران، ١٧ی ئاداری ١٩٣١

برووسکە،

ئەمەی خوارەوە لە برووسکەی ژمارە(٩)ی کونسـوڵی تـەورێزەوە گەیشـتووە. " کوردەکان نزیك بـە مـاکۆ کەوتوونـەوە پـەلامارو، ئەفسـەری گشـتیی فـەرماندە، بـە خۆسازدانێکی بەرچاوەوە، بەپەلە بەرەو ئەوێ کەوتە رێ. سـەربازی زیـاتری بـەرەو شنۆ (ئۆشنۆ– Ushnu)دەبرێن"

ئـەم نووسـراوە بـەژمارە (١٤) بـۆ کۆمیسـاری بـاڵا لـە عـێراق، ژمـارە (١) بـۆ قوستەنتەنییە دووبارە کراوەتەوە.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ٥٤، ژ: ٢٣

ژ: ٩٨

لە مستەر پارەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (١٧ی مارس گەیشتووە)

ژمارە: ٤٦

تاران، ١٧ی ئاداری ١٩٣١

برووسکە،

ئەمەی خوارەوە لەبرووسکەی ژمارە(١٠)ی کونسوڵی تەورێزەوە گەیشتووە.

" بەسەربازگیراوە دێرینەکان بانگ دەکرێنەوە، لۆری و ئەسپ بە بێکار گیراون و چوار تۆپیش نێردراونە ماکۆ.

" سانسۆرێکی توند لەسەر هەواڵەکانەوە، نایشتوانم هیچ لە مەدەنی و کاربەدەستە سەربازییەکان و کونسوڵی تورک وەربگرم. بەگشتی باوەڕوایە تورک (٢٤) کیلۆمەتر نزیکی ئاراڕات چووبێتە خاکی ئێرانەوە.

" کونسوڵی تورک، چەند رۆژێک پێش ئێستا پێی وتم ئەمساڵ سوپای تورک سنووری خۆی کۆنترۆڵ دەکات، داواکارە ئێران کوردەکان لەخاکی خۆیدا گەمارۆ بدات. ئیتر ئۆپەراسیۆنەکان ئاسان دەبن."

ئەم نووسراوە بەژمارە (١٥) بۆ کۆمیساری باڵا لە عێراق، ژمارە (٢) بۆ قوستەنتەنییە دووبارە کراوەتەوە.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٧٣/٤٢٤، ل: ٥٥، ژ: ٢٤

ژ: ٩٩

لە مستەر مۆرگنەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن(٧ی نیسان گەیشتووە)

ژمارە: ١٠٢

ئەنگۆرە، ٢٨ی ئاداری ١٩٣١

گەورەم،

ئاماژە بەبرووسکەی ژمـارە(٤٦)ی سـێر رۆبـەرت کلایـڤ، نووسـراوی رائیـد بـی. جەی. ئۆلێریی پاشکۆی سەربازیی ئەم باڵوێزخانەیە کەتایبەت بەبارودۆخی ئێسـتای کوردستانە، بەرز دەکەمەوە.

٢. پێـم وایــە هەڵسـەنگاندنی رائیـد ئۆلـێری بـۆ بارودۆخەکـــە بەبایەخـــەوە دەخوێنرێتەوە. بەڵام دیدو بۆچوونـی، بـەرای مـن، لەمـەڕ سروشـتی جووڵانەوەکـەی کورد جێی قەناعەت پێکردن نین.

٣. وێنـەی ئـەم نوسـراوە بـۆ نوێنـەری خاوەنشـکۆ لـە تـاران و کۆمیسـاری بـاڵای بریتانیا لە عێراق دەنێرم.

جەیمس مۆرگن

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ٦١، ژ: ٣٠

* * * *

هاوپێچی ژ: ٩٩
لە رانید ئۆلیێرییەوە بۆ مستەر مۆرگن

ژمارە: ٢

ئەنگۆرە، ٢٤ی مارسی ١٩٣١

گەورەم،

هەرچەندە لێکۆڵەرەوەکانی بارودۆخی رۆژهەڵاتی تورکیا کۆکن لەسەر ئەو رایەی کە بەهار کورد یاخی دەبێتەوە، رای زۆر دوور لەیەك لەبارەی مەودای ئۆپەراسیۆنەکانەوە بەدی دەکرێن. ئەو پەردەیەی کە بەسەر رووداوەکانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا کێشرابوو، ئێستا لە ساڵانی پێشوو تەنکترەو، پێشبینیی ئاییندەیش دوو هێندەی جاران گرانترە، چونکە دەکرێ رووداوەکانی زوو و هەلومەرجی ئێستا تەنها مەزندە بکرێن.

هەواڵی رەسمیی تورك کە دەڵێ کێشەی کورد تەواو ئارام بووەتەوە، بێگومان راست نییە. چەند وردە شەرێکی ناوچەی باشقەلعەو داگیرکاری لە بارزان و سوریاوە مانگی ئەیلول و دوای شەڕی ئاگریداغ، کە ساڵح پاشا دەیوت گورزێکی کوشندەیان لە یاخییان وەشاندووە، راگەیەندراوە. نائارامیی نێوان کوردانی عێراق و بێنیزامیی گشتیی رۆژهەڵاتی تورکیاو ئارەزووی تۆڵە سەندنەوەی سزای هێزە تورکیەکان و کاردانەوەی دژی پرۆسەکانی بەشارستانیکردن و نوێکردنەوە هەموویان، کاتێك هەوا خۆش دەبێ، خێڵەکان هاندەدەن بۆ چەك هەڵگرتن.

سەرەڕای ئەمە، شالاوە بەهێزەکەی هاوینی رابردووی ساڵح پاشا، شکستی بەکوردەکان هێنا. ئایا هەوڵە جیاجیاکان باشتر رێکخرابوون، لەیەك کاتدا ئەنجام دران؟ ئایا یاخییان خۆیان لە بەرەورووبوونەوەی شەرێکی نیزامیی تورك بواردو،

شەڕی پارتیزانییان لەسەرتاسەری وڵاتدا لەئاراراتەوە تا (نەهری)[1]و، بەرەو رۆژئاوا تا مووش درێژە پێدا؟ بەدڵنیاییەوە، خەڵك بەسەرباز دەگیرێن‌و، تەنها هاوینێکیش بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونەکە بەس نییە.

کوردەکان دوو شکستیان خواردووە‌و، زۆرێك لەسەرکردەکانیان لەدەست داوەو، لە سەرکردایەتییان لە ئاگری‌داغ دابڕاون‌و، تەقەمەنی‌و سەرچاوەکانی تریشیان نەماون. ئەوان بەرەو رووی شاڵاوێکی نوێ دەبنەوە کەبەئاشکرا لەرووی ماددی‌و مەعنەوییەوە، لە چاوپار، بەهێز نییە. هەرچەندە هێشتا توانایی بێزارکردنیان زۆرە، بەڵام ئومێدی سەرکەوتنی یەکجارییان نەماوە.

پێم وایە نەبوونی یەکێتی لە یاخیبوونەکەی کورددا، دەرهاویشتەی بارودۆخە ناخۆشەکان نییە، بەڵکوو نیشانەی لێك نەچوونی ئەو خێڵ‌و تیرە شاخاویانەیە. شەڕی یەکێتی‌و سەربەخۆیی رەگەزێکی بەئاگاو هۆشیار دژ بەستەمی تورك، تەنها تیۆریی رێکخراوە پرۆپاگەندەچییەکانی وەك خۆیبوون‌و داشناقدا کەکوردو ئەرمەنی رۆژئاواخوازن، یاخود لەمێشکی ئەوانەدایە کەبەو پروپاگەندانە فریویان خواردووە. شەڕەکان زۆرجار لەخۆوە روو دەدەن‌و، هیچ رێکخراوێکی ناوەندی ئاڕاستەیان ناکات. هەروەها پەیوەندییەکی کەم لەنێوان نووسەران‌و جەنگاوەراندا هەیە. کێشەی هەرەگەورەی سیاسەتی تورك بەرامبەر بە گەلی کورد، لەوەدایە کە حکومەت ناتوانێ خۆی بڕیاری لە سەربدات. حکومەت ناتوانێ ژمارەی دانیشتوان کەم بکاتەوە، بەڵام بەرپرسان دەبێ لە پرۆسەی هێورکردنەوەدا بەرێگەی قڕکردن(ابادة) ، پشوودرێژو لەسەرخۆ بن.

بی. جەی. ئۆلێری

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٣/٤٢٤، ل: ٦٢، ژ: ١/٣٠

---

[1] واتە شەمدینان کە قەزایەکی رۆژهەلاتی ویلایەتی حەکارییە.(س)

ژ: ۱۰۰

لە سێرجی. کلارکەوە بۆ مستەر ئێی. هندرسن (۲۳ی حوزەیران گەیشتووە)

ژمارە: ۲۰٤

قوستەنتەنییە، ۱۷ی حوزەیرانی ۱۹۳۱

گەورەم،

ئامـاژە بەنووسـراوی ژمـارە(۱۱۸)ی نیسـانی مسـتەر مۆرگن، خۆشـحاڵم پێتـان ڕابگەیەنم کە باڵوێزی ئێران لە گفتوگۆیەکی دەسـتەکەمدا وتـی: واپێشـبینی دەکـات وتووێـژی دیاریکردنـەوەی سـنووری تورکیـا– ئـێران بـەم زووانـە لـەتاران دەسـت پێبکاتەوەو، سەریکەوێ.

۲. لایەنەکان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی کە تورکیا دەست لە دوو جێگـەی نزیـك قوتوورو بازرگان کـە ڕێگـای مـاکۆو بایـەزیدیان بەسـنووردا دەپەڕێنـەوە، هـەڵگرێ. مێنـدە مـاوە، ڕووبـەری ئـەو شـوێنە دەسـت لێهەڵگیراوانـەی لەسـەرەوە ئامـاژە پێکراون و ئاراڕات دیاری بکـرێ. ئـەوی تورکـان لەڕاسـتیدا پێویستیانە، ناوچەیەکـە بتوانن بەدەوری شاخەکەدا، لەسەر ئەو خاکە کە ئێستا هی ئێرانـە، دروست بکـەن. ئەو جێیەی ئەوان داوای دەکەن ستراتیجییەو، لەبەرامبەریشـدا زەوییـەك دەبەخشـن کە هیچ بایەخ و بەهایەکی نییە.

۳. بەڕێزی وتیشی ئەمساڵ پێشبینیی کێشەی کـورد ناکـات. هاوکاریی هەرسێ حکومەتی پەیوەندیدار کە ئێستا لەئارادایە، زۆر شتی گۆڕیوە. گـەمارۆدانی شـێخ سەعید، بەقسەی ئەو، زۆر گرنگ بووە. پار تورکەکان خۆیان بێ ئاگا کردبوو، بـەڵام تەواو وریان.

٤. وێنەیەکی ئەم نووسراوە بۆ نوێنەری خاوەنشکۆ لە تاران کۆمیسـاری بـاڵا لـە عێراق دەنێرم.

جۆرج. ئار. کلارك

وەزیری دەرەوە، ٤٢٤/٢٧٣، ل: ٨٩، ژ: ٥٤

ژ: ١٠١

لەسێرجی. کلارکەوە بۆ مستەر ئەی.هندرسن (٤ی ئاب گەیشتووە)

ژمارە: ٢٤٨

قوستەنتەنییە، ٢٨ی تەمووزی ١٩٣١

گەورەم،

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە ٢٥٨ی ٩ی مایسی ١٩٣١، خۆشحاڵم راپۆرتێکی گرنگو پڕ بەهای مستەر رۆبەرتسی سکرتێری یەکەمو مستەر راڤێنزدەیی سکرتێری سێیەمی باڵوێزخانەی خاوەنشکۆتان لەسەر گەشتێکیان بۆ ویلایەتەکانی رۆژهەلاتی تورکیا بۆ بەرزیکەمەوە.

٢ـ ئەوەی کە لەم راپۆرتەدا جێی سەرنج بێ سەقامگیر بوونی یاساو نیزامی ئەم هەرێمە نائارامانەداو سەرکەوتنی حکوومەتە لەهێورکردنەوەی کێشەی کورددا.

هەلومەرجی جوگرافیو کەشوهەوا گەشەی باری ئابووریان کردووەتە کارێکی سەخت، بەلام راپۆرتەکە دەریدەخات کە، لەگەڵ ئەمانەشدا هەوڵی راستەوقینەو جیدی دراوەو ئاماژەیش دەکاتە بەرنامەی هێڵی ئاسنی عیسمەت پاشا.

٣ـ سوپاسی پشکنیاری گشتیی ویلایەتەکانی رۆژهەلاتو وەزیرانی ناوخۆو کاروباری دەرەوە دەکەم بۆ ئەو پێشوازیو کار ئاسانیانەی پێشکەش بەمستەر رۆبەرتسو مستەر راڤینزدەیلیان کردووە.

جۆرج ئار. کلارک

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/ ٢٧٥، ل:٦، ژ:٦

هاوپێچی ژ: ١٠١
راپۆرتی مستەر رۆبەرتس و مستەر راڤینسدەیڵ لەسەر گەشتێکی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا

پرۆگرامی گەشت.

رەنگە مەبەستی گەشتی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا، ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە نەبووبێ. ئەم گەشتە(٢٦)ی حوزەیران لە فەوزی پاشای سەر خاڵی بەیەك گەیشتنی هێڵە تازەکەی مەلاتیە -دیاربەکرەوە دەستی پێکردو، (١١)ی تەمموز لە تەرابزوون دوایی هات. ئێمە بەشەمەندەفەر تاکۆتایی رێگە ئاسنەکە لە مەلاتیەو، لەوێشەوە بە ماتۆڕ بەناو ئەلعەزیز، دیاربەکر، بدلیس ، وان، قەرەکۆسە، قارس و ئەرزرۆمدا، کە ١٨٧٩ کیلۆمەتر دەبوو، چووینە تەرابزوون. گەشتەکە لەگەڵ وەزیری ناوخۆو ئیبراهیم تاڵع بەگی پشکنیاری گشتیی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا کە ماوەیەکی کەم پێش دەرچوونمان لە ئەنگورە بوو، رێکخرا. هەر بەهۆی رێزی ئەمی دواییەوە، لە ویلایەتەکانی سنووری دەسەلاتیدا، وەك میوانێکی پێشوازیمان لێکرا. ئێمە سەرمان لە (٦) لە (٩) ویلایەتەکەی دا.

ئەنجامی گشتی

گەشتەکە کە لەسایەی پارێزگارییەکی رەسمیدا بوو، هێندە خێرا بەڕێوە دەچوو، دەرفەتمان نەبوو بگەینە سەرچاوە سەربەخۆکان، یان ئەنجامەکان لە مەسحێکی سەرتاسەریدا بەراورد بکەین. بۆیە پێمان باش بوو راپۆرتەکەمان وەك گێڕانەوەیەك دابڕێژرێ، لە هەموو شوێنەکانیشدا رای خۆمان و هەر زانیارییەکی دەست کەوتوو تۆمار بکەین. بارودۆخی ئەو گوندانەی کەتێیاندا ماینەوەو ناوەندە گرنگەکانیشمان، بێ هیچ دوو دڵییەك، باس کردوون، چونکە وامەست دەکەین تەنها بەم شێوەیە دەتوانین رووی راستەقینەی هەرێمەکە پیشان بدەین. چەند ئاکامێکی گشتیمان لەلا

گەلاڵە بوو و، دەستپێکی راپۆرتەکەمانیان پێ دەکەینەوە. ئیتر خوێنەر خۆی سەرپشکە بڕیاری پشتیوانیمان دەدات یان نا.

١ـ حکوومەتی ناوەندی، ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی، بەبیانووی دوورییان، تا ئەم ساڵانەی دوایی پشتگوێ خستبوو. سیفەتی شاخاویی ناوچەکە پەیوەندییەکانی سەخت کردبوو و، ئەمەیش بوو بووە کۆسپی سەرڕێی پەرەسەندنی خۆشگوزەرانیی ماددی‌و، سەقامگیرکردنی یاسا. داگیرکارییە پەیتاپەیتاکانی رووسیایش، بارەکەی نالەبارتر کردبوو. ئەرمەنییەکان کاتی کشانەوەیان لەدواشەڕدا، کاولکارییەکی بەکۆمەڵیان کردبوو و، پاشماوەی ئەرمەنیەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو. حکومەتی کۆمار، خۆراگرانە بەرەورووی‌ئەم گرفتانەبوو بووەوە. یاخی‌بوونی ساڵی (١٩٢٥)ی شێخ سەعید، دەریخست هەنگاوی رادیکاڵی پێویستەو، دواتریش پێکهێنانی پشکنیاریی‌ی گشتی‌و دانانی ئیبراهیم تاڵع بەگ بە سەرۆکی، بیانوویان بۆ پەیدا بوو. ویلایەتەکانی ژێر رکێفی ناوبراو تاڕادەیەك مشووریان دەخورێ، کەچی قوستەنتەنییەو ئەنگۆرە لەمە بێبەشن. ئەوان، بەباشیی بارودۆخیاندا، وادەردەکەون شوێنی کارمەندی ناشایستەو گەندەڵ نەبن. هەروەها ئاڵوگۆڕی رێکوپێك لەگەڵ پۆستە زۆرباشەکانی ویلایەتەکانی رۆژئاوادا دەکرێ‌و، هەروەها دەبێ هەموو کارمەندێکی مەدەنی‌و ئەفسەرێکی سەربازی ئامادەبکرێن تا، وەك پێی دەڵێن، نۆرەکاری خۆیان لەرۆژهەڵات تەواو بکەن. ئەو والییانەی کە بینیمانن، گشتیان جێ‌دەستی زۆرباشیان هەبوە. ئەم والییانە زۆریان گەنجن‌و، پێویستیی هەرێمەکانیان دەزانن‌و، هەر کە وەرزو فشاری ئیش‌وکار دەرفەت بدەن، بەشەکانی ناوچەکەیان بەسەر دەکەنەوە. بەردەوام دەوترێ: ویلایەتەکانی رۆژهەڵات لەماوەی (دە) ساڵدا سنوورێك دروست دەکەن کە لەوانەی رۆژئاوایان جیابکاتەوە. ئەم بۆچوونە، بەتایبەتی لەدەمی قەیرانەکاندا، زۆر باوبووەو، بێگومان رۆژهەڵاتی هەرگیز ناگاتە ئاستی خۆشگوزەرانیی رۆژئاوا، بەڵام بڕوابەخۆبوونی پێشبینیکراوی ناوچەکە، بایەخی خۆی دەبێ.

٢ـ شارە هەرێمیەکان، هەریەکەو بەپلەیەکی جیا، خەریکی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری‌و گیانی نوێی وەرگیراوی ئەنگۆرەن. ئەمانیش، وەك نیازی بەئەوروپایی بوونی ئەنگۆرە، دەیانەوێ وەك دەوڵەتانی باڵکان دەست بە بەرەوپێش چوونێکی مامناوەندی، بەڵام راستەقینە، بکەن. گوندەکان هێشتا بەم بیرە نوێیە ئاشنانەبوون، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات دەکەونە بەر کاریگەریی شارەکان‌و قوتابخانەی سەرەتایی‌ی گوندە گەورەکان‌و خولی شەوانەی ئەو قوتابخانە بۆ مێرد منداڵان‌و خزمەتی سەربازی.

٣ـ لە هەموو جێیەك، داوای هێڵی ئاسن دەکرێ. هێڵی ئاسن بیرو هۆشی تورکی داگیرکردووەو، بەگشتی بە پێویستییەکی رزگاربوونی دەزانن. خەریکە بڕیار لەسەر درێژکردنەوەی هێڵی سیواس بۆ ئەرزڕۆم دەدرێ. هەروەها پرۆژەیەکی بنیاتنانی لقێك، لە عوسمانییەی (٦٣) کیلۆمەتری باکووری رۆژئاوای دیاربەکرەوە بۆ مووش‌و تادوان (Tadwan)[1]ی کۆتایی رۆژئاوای گۆلی وان، لەئارادایە.

جا لەبەر زۆر دووری‌و سەختیی سەرماو سۆڵەی زستان‌و فراوانیی ئاڵوگۆڕی سەرەکی (ناردنە دەرەوەی دانەوێڵەو ماڵات‌و هێنانی پێداویستیی بیناکردن‌و سووتەمەنی‌و ئامێرو......هتد)، رەوانییە رەخنە لەبڕیاری دروستکردنی رێگەی ئاسن لەپێش جادەبگیرێ. جگە لەمە، هێڵی ئاسن، ئەگەر جموجۆڵی هاتوچۆ دەست پێبکات، کەمترین چاککردنی پێویستە، بەڵام جادەکان سێ‌ئاستی (خراپ‌و زۆر خراپ‌و تەواو لەکەڵك کەوتوو) یان هەیەو، پێویستە دروست بکرێنەوە. کاڵا ناردنە دەرەوە، تائەوکاتەی هێڵی ئاسن دەگاتە ناوچە دوورەکان، تەنها لە مەڕو ماڵات‌و وڵاغدا، کە خۆیان دەتوانن بگەنە بازاڕو بەندەرەکان، دەمێنێتەوە. خۆ هەتا ئەو هەرێمانەیش کاڵاناردنە دەرەوەیان زیاد ناکەن. جوتیاران ناتوانن ئاستی گوزەرانیان بەکڕینی بەرهەمە دەرەکیەکان بەرزبکەنەوە. کشتیاران گۆشت‌و نانیان زۆرەو نزمیی نرخی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، بەتایبەتی دانەوێڵە، وای کردووە ئەوانەیان کە

---

[1] تاتوان، ناحیەیەکی باشووری رۆژئاوای گۆلی وانە لە ویلایەتی بدلیس-(س)

شایانی بردنە بازاڕ نین، زیاتر بەکار بهێنرێن. هەستمان کرد هیچ شتێکی وەك ناخۆشیو برسێتی لە گوندەکاندا بەدی ناکرێ، بەڵام خۆشگوزەرانییەکی راستەقینەیشیان تێدا نییە. خۆشیو لەش ساغیش، بەژمارەیەکی یەکجار کەمی دارو خانووی لەقوڕ دروستکراوو بەتەپاڵە گەرمکراو، دەستەبەر نابن، ئەو هەرێمانە، تەنها بەهۆی هێڵی ئاسنەوە، دەتوانن سووتەمەنیو کەرەستە پێویستەکانی خانوو دروستکردن بەئاسانی دابین بکەنو، نرخ لەسەر ئەو بەروبوومە خۆجێییانە دابنێن، کەدەیانەوێ ئاڵوگۆڕیان بکەن. هەندێ شت بۆ چاککردنی بەخێوکردنی مەڕومالاتو چۆنایەتیی بەرهەمە شیرەمەنییەکان کراوەو، هێشتا زۆریش ماوە بکرێ. سەرەڕای ئەمە، دەشێ گومان لەوە بکرێ کەناوچە دوورترەکانی ویلایەتەکانی مووشو وانو بایەزیدو ئەرزرۆم، بەر لەبەرچاوگرتنی درێژیی زستانو سروشتی شاخاویی زۆربەی هەرێمەکەو تەرخانکردنی تەنها بەرزاییەکانو بنکی دۆڵەکانو بۆ کشتوکاڵ، بگەنە ئاستێکی بەرزتر لەوەی ئێستای ژیانیان، یاخود هاوکاریی پتر لەزیادبوونی ئەو ژمارە کەمەی ئێستای دانیشتواندا بکەن. جا کەبەرهەمهێنانی ئەو بڕە زۆرەی دانەوێڵە هێندە گرفت بێو، بەخێوکردنی مەڕومالاتیش بەتەنها بەس نەبێ، کەواتە راسترین چارەسەری ئابووری پرۆژەیەکی فراوانی چاندنی دارستانە. لێژاییی چیاکان تا رادەیەکی زۆر وادەرناکەون کە خاکەکەیان راماڵرابێو، رێ لەم پرۆژەیە بگرێ. بەڵام ئەم کارە هێندە گەورەیەو، گەڕانەوەی هاوڵاتیان بۆ ئەو دەڤەرانە ئەوەندە دوورە کەشتێکی لەم جۆرە پێشبینی ناکرێ بۆ ئەم نەوەیە. راستە رێکخراوێکی دۆستی دارو درەخت هەیە بەناوی "پاراستنی دارو درەخت- ئاغاچ کۆروما جەمعییەتی"یەوە، بەڵام هێشتا کارو چالاکیەکانی بۆ خۆشکردنی سنووری شارو گوندەکان، نەگەیشتوونە ئاستی زیادکردنی ناشتنی دارو درەخت.

٤. کێشەی کورد بەگرفتی ئابوورییەوە بەستراوە. کوردەکان زۆر دەمێکە لەگەڵ داگیرکردندا راهاتوونو، ئەو شاخانەی کە لەسەریان دەژین، خۆراکی تەواویان بۆ دابین ناکەن. بۆیە جارجار پەنا دەبەنەبەر پەلاماردانی ناوچە خۆشگوزەرانەکانو،

دەسەڵاتی حکومەت رەتدەکەنەوە کە دەیەوێ قەناعەتیان پێبکات واز لە ژیانی کۆچەری بێنن‌و، ملکەچیان بکات باج بدەن. هەندێکیان هێشتا لەسەردەمی شوانکارییدا دەژین‌و، ڕەنگە مەحاڵبێ هۆی شەڕو شۆڕی ناوبەناویان، وەك خۆیبوون لەئەمریکا پڕۆپاگەندەی بۆ دەکات، ئارەزووی ئاڕەزایی‌ی ناسیونالیزمی کوردی بێ. خەڵکێکی هێندە کەم رۆشنبیرن، کەزۆربەیان هیچ جیاوازییەکی دینییان لەگەڵ رەگەزی فەرمانڕەوادا نییە، بەتێپەڕبوونی کات تێکەڵ دەبن‌و دەتوێنرێنەوە. ئێمەیش بڕوامان بەو چەندین دڵنیاکردنەوەیە کرد کەدەریدەخەن پرۆسەی بەتورککردن وردە وردە بەرەوپێش دەچێ. زانیاریی تایبەت بەم مەسەلەیە کە لە شوێنە جیاجیاکان دەستمان کەوتووە، لەکۆتایی‌ی راپۆرتەکەماندا دەخەینەڕوو.

فەوزی پاشا[1]- مەلاتیە

ئەم رێگەیە کە گرووپێکی سویدی- دانیمارکی دروستیان کردووە، شەش مانگێکە کاری پێدەکرێ. شەمەندەفەرێکی لێکدراو، هەفتەی سێجار، بۆ پۆستەی خێرای تۆرۆس بەسەریدا دەڕوات‌و، لە (١٢)سەعاتدا(٢٥٠) کیلۆمەتر دەبڕێ. سەرەتا هێڵەکە شۆڕ دەبێتەوەو، بەدەشتی گۆلی گاوور Giuur Golu دا کە ژمارەیەکی زۆر جەلەبی ئاژەڵی تێدایە، درێژ دەبێتەوە. ئەلۆغلۆو(Eloglu) وێستگەی مەرعەشەو، لەپشت زنجیرە گردێکی نزمی باکوورەوە لەچاو ون دەبێ. مرۆڤ دەتوانێ لەوێستگەی نارلی (Narli) [1]یشەوە، کە جادەی مەرعەش- غازی عەینتابی تێدا لەگەڵ هێڵە ئاسنەکەدا یەك دەبڕن، بچێتە ئەلۆغلۆو. هێڵەکە دەچێتە هەرێمێکی شاخاوی کە دوور بەدوور دارستانی هەن‌و، بەدۆڵی (ئاق سۆ)دا هەڵدەکشێ‌و، سێ دەریاچەو پاشتریش قەراغ ئاوێکی نزم دەبڕێ‌و، ئەمجا دەگاتە

---

[1] شوێنێکی نزیك بە سەرووی قەزای ئیسلاحییەی رۆژئاوای شاری غازی عێنتابە. پێشتر سەر بە ویلایەتی (جەبەل بەرەکات) بوو.(س)

[1] شارۆچکەیەکی نزیکی باشووری رۆژهەڵاتی شاری مەرعەشە. (س)

دەربەندی سەرنج ڕاکێشی قـاپی دەرە(Kaoi Dere)[1]. لـە لوتکەکـەوە دەچێتـە بەرزاییی باش داچێنراوی وێران شەهر" Viran sehir"[2]و، لەوێوە، بەدەڤـەرێکی رووتەن و بێ دارو درەختدا، بەرەو مەلاتییە دەچێتە خـوارەوە. ژمـارەی گەشـتیاران زۆربوون و، شەمەندەفەرەکە عەرەبانەیەکی زۆری پرکەلوپـەلی پێوەبـوو. ئـەو رایـەی کە گوایە هێڵە ئاسنینە تازەکانی تورکیا ستراتیجین، ئـەم هێڵـە ناگرێتـەوە، چونکـە کاتی شەڕ هێڵی فەوزی پاشا لە سنووری باشوورەوە دەبێتـە خـاڵێکی زۆر بـێهێزو، ئیتر سەلامەتترین ڕێگەی مەلاتیە، لە سیواسەوە دەبێ. لەلایەکیترەوە، ئەم هێڵە لە مەرسینەوە دەبێتە دەروازەیەکی ئابووری بەرەو هەرێمێکی گەورەو سەخت.

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٧٥،ل: ٧–٩، ژ: ١/٦

مەلاتیە

ویلایەتی مەلاتییە کە لە رۆژئاوای رووباری فوراتــەو، ناچێتـە بازنـەی دەسـەڵاتی ئیبراهیم تـاڵع بەگەوە، لـە هـەرێمێکی نـاوازە دەچـێ، تەنـها ئـێرەو ئـەرزرۆم لــەو ویلایەتانەی کە سەرمان لێدان، زۆرترین دانیشوانیان هەبوو.

ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە (٣٠٠)هەزار کەسە. قەیسی، سـامانی گەورەیـەتی کە لە دەوروبەری شار، بەرهەم دەهێنرێ و، لە ساڵێکدا بڕی (١) ملیۆن لیرەی تورکی داهـاتی دەبێ، بەداخـەوە، بەرهـەمی ئەمسـاڵ، بـەهۆی بـارینی بـەفرێکی درەنـگ وەختەوە، بەگشتی خراپ بووە، هەروەها ئەفیوون سـەرچاوەیەکی تـری سـەرەکیی داهاتی ئەم ناوچەیەیە، بەڵام بەم دواییە بەهای کیلۆیەکی لە (٤٥)ەوە بۆ (٨) لیرەی تورکی دابەزیوە، تووتن و پەمۆ لـە دەوروبـەری (ئادیامـان– Adiaman)[3]ی باشـووری ویلایەتەکە، بەڕێژەیەکی زۆر بەرهەم دەهێنرێن.

---

[1] شارۆچکەیەکی باکووری رۆژهەلاتی شاری مەرعەشە.(س)

[2] شارۆچکەیەکی باشووری ناحیەی پۆلاتی باشووری رۆژئاوای شاری مەلاتیەیە.(س)

[3] واتە (حصن منصور)، قەزایە. (س)

مەڵاتیەی پایتەختی ئەم ویلایەتە، شارێکی جەنجاڵی (٢٠) هەزار کەسییە، ئەم شارە (١٠٠)ساڵە دروست بووە، چونکە شارە کۆنەکە کە چەند میلێك لە فورات نزیکتر بووە، کاتی شەڕ لەگەڵ میسردا ماوەیەکی درێژخایان داگیرو چۆڵ کراوبووە.

گوندێکی گەورەی ئارێك کەوتووتە دووریی (٢٥) میل لەم شارەوەو، لەناو باخێکی دڵگیری قەیسیدایە کە بەشێوازی کۆن ئاودەدرێ. ئەم گوندە جادەیەکی تەسکی بەرزو نزمی هەیە کەجێی نارەزایی دەسەڵاتدارانە. بەڵام گەیشتنی هێڵی ئاسن پێویستییەکانی بیناکردنی زۆر هەزاران کردووەو، دەرەنجامەکانیشی ئاشکران.

پایەی ئاسن، یەکەمجار دەتوانرێ بهێنرێو، نرخی یەك کیس چیمەنتۆ لە (٩-١٠)ەوە بۆ (٢,٥) لیرەی تورکی هاتووە خوارەوە، کاتێك وێستگەی وزە، چوار پێنج ساڵ لەمەوبەر دروستکرا، گواستنەوەی ئامێرەکان لە سامسۆنەوە (٥٠) هەزاری لە کۆی گشتی خەرجیی (٣٢٠) هەزار لیرەی تورکیی تێچوو.

ئێمە ئەم وێستگە نوێیەی کارۆئاویمان پشکنی کە کۆمپانیای (Siemens Schuuckert) دابین و ئەندازیارێکی ئەڵمانی سەرپەرشتیی کردووە، کۆمپانیا کە لە باجی (٥٠) ساڵ بەخشراوەو، حکومەت هاوکاریی ماددی لەدامەزراندنیدا کردووە.

کە عیسمەت پاشا دوای چەند ساڵێك دووری سەر لە زێدی خۆی دەدات، پاساوی ئەوەی دەبێ، بۆ گەشەکردنێکی مایدی کە لەسایەی حکومی ئەودا بەدیهاتووە، پیرۆزبایی لەخۆی بکات، بەڵام نازانرێ ئایا لەو پێشکەوتنە رووناکبیرییەی مەڵاتیە رازییە یان نا. مەڵاتیە، بەپێچەوانەی شارەکانی بندەستی ئیبراهیم تالع بەگەوە، لە تۆپی پێو دیدەوانیی کوڕان و سەمای نوێ بێبەشە، بەڵام ناوەندێکی وەهای ئیسلامیشە کە دانیشتوانی چوار پێنج ساڵ بەر لە ئێستا، بێ یارمەتیی هیچ لایەك، مزگەوتێکی تازەیان بە بەرد دروستکردووە. ئەم شارە قوتابخانەی ناوەندیو سەرەتایی تێدایەو، بینایەکی تازەیش بۆ سەرەتایی لە بەرد بنیات دەنرێ، هەروەها ئۆجاغێکی لێیە کە پەیوەندیی بە پارتی گەلەوە هەیەو، کاتێ سەرمان لێدا کەسی

تێدا نەبوو. کلینیک (عیادە)ی تەراخوما خەریکی چارەی تووشبووانی ئەم نەخۆشییەیە کە کاتی شەڕ لە سوریاوە هاتووە، لە خواروی ویلایەتەکە زۆر بڵاوە، بۆیە ڕێکخراوی بەرەنگاریی تەراخومای تێدا جێگیربووە.

تۆفیق بەگی والی، هەژدەمانگەو، لەو ساتەوەی نەزمی بەگ پێش ئەو گوێزراوەتەوە بۆ غازی عەینتاب، هاتووەتە ئێرە. تۆفیق بەگ پێشتر والی و ئەمجا سەرۆکی شارەوانیی برووسەی زێدی خۆی بووە، ماوەیەك لە ڤیەنناو بۆداپست بووە، بەڵام پێناچێ بەزمانی بیانی بدوێ. کەسێکی چوارشانەیەو لە بازرگانێکی ئینگلیز دەکات، ئۆفیسەکەی پاك و خاوێنەو، پۆستەی سەرجەم کاروبارەکانی پێدەگات، بەداخەوە، لەبەر قەرەباڵغیی بەرهەمهێنی هەرێمەکە، ساڵی تەنها جارێك دەتوانێ سەفەریکات.

هێڵە ئاسنەکەو، کۆتایی مانگی ئاب تاسەر ڕووباری فورات تەواو دەبێ، هەموو شتێ، جگەلە هێڵی ئاسن و بەرد ڕێژکردن، تەواوبوون، پردێکی پتەو کە سێ کەڵەپردی بەردی لە ناوەڕاستی ئاوەکەدا هەیە، نزیکەی (١٠) کیلۆمەترو لەسەر بەندەری نیسۆغلۆو[1] پێشکەوتنی باشی بەخۆوە دیوە، بەڵام کارەکانی بەهۆی لافاوی ناوەختی نائاساییەو دواکەوتوون. جێگری ئەندازیارە دانیمارکیەکە پێی وتین:

ساڵێکیترو ئەم کاتانە ئامادە دەبێ و، دەست بەکاری بەشەکانی تری هێڵی سەر ڕووبارەکەیش کراوە.

---

[1] ڕەنگە (نیززیل) بێ کە ناحیەیەکی باشووری ڕۆژاوای شاری ئەلعەزیزە لەسەر ڕووباری فورات. (س)

مەلاتیە- ئەلعەزیز

ڕێگەکە، بەناوچەیەکی بەرزو نزمو ناوگردی بێ دارو درەختدا، دەگاتە فوراتو، لە بەندەرێکی ساکارەوە لە ئێزۆغڵوو دەپەڕێتەوە. هەروەها چەند پایەیەکی بەردینی پردێك کە هی سەردەمی شەڕن، بەدی دەکرێن. ڕێگەکە، لەوبەرەوە، بەهۆی بارانی خوڕی سێ ڕۆژ لەمەوبەرەوە، تەواو لەناوچووە، ئەو بارانە ئۆتۆمبیلێکی فۆردی بردووەو، وەك بینیمان تەنها سوکانەکەی دۆزراوەتەوە، ئێستا ئۆتۆمبیلەکە بە ڕووبارەکەدا کۆمورخان Komur Han[1] دەچێتە خوارەوە. گروپی ڕێگەی ئاسن، لەدەمی دەربەندەکەدا، سەرگەرمی دروستکردنی پردێکن کە لە یەك تاق پێکدێو، مانگی نیسان تەواو دەبێ، جادەکە، لەو خاڵەدا، بەچەمێکدا بەرز دەبێتەوەو، بەناو هەرێمێکی چێنراوی بێ دارو درەختدا تێدەپەڕێو، ئەمجا بەرەو دەشتی بەپیتی ئەلعەزیز شۆڕدەبێتەوە.

ئەلعەزیز:

ژمارەی دانیشتوانی ئەم ویلایەتە زۆر لە هی مەلاتیە کەمتر نییەو، نزیکەی (٢٢٠)هەزار کەس دەبێ. لۆکە گرنگترین بەرووبومی کشتوکاڵییەتیو، ساڵانە (٥٠٠) تەنی لێ بەرهەم دێنێ. کارگەیەکی ڕستن لەم شارەدایەو، داوای ئامێری ئینگلیزی بۆ کراوە، نموونەی چنراوەکە نێرراوەتە بریتانیاو، جۆرەکەش باش دەرچووە، ئەو دەشتەی کە پایتەختەکەی تێدایەو بەشاخی رووتو قووت دەورەدراوە، دانەوێڵەی تێدا چێنراوە. ئەم دانەوێڵەیە تەنها بەشی ناوخۆ دەکات. کەچی ویلایەتەکانی سیواسو ئەرزڕۆمو دیاربەکری هاوسێی، بەناوەندی گەورەی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە دانەنرێت. ئاودێری بە ناوی گۆلی گۆڵچوك (Golcuk)[2]، پرۆژەیەکی کۆنی بەپیتکردنی بووژاندوەتەوە. هەروەها شارەزایەکی هۆڵەندی نەخشەیەکی بەم دوایییە

---

[1] ڕەنگە (گورخانە) بێ کە شارۆچکەیەکی نزیکی ڕووباری فوراتە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئیزۆغڵو بە دیوی شاری مەرعەشدا. (س)

[2] گۆلاوێکە نزیك بە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری ئەلعەزیز. (س)

ئامادەکردووەو، بەو پێیە تونێلێکی (٦٠٠) مەتری‌و جۆگەیەك بەهەمان درێژیی دروست دەکرێن. بەشی زۆری باکووری ئەم ویلایەتە کە دەکەوێتە پشت موراد سۆی لقی خوارووی فورات، لە سنووری دەرسیمدایە. دەرسیم ناوچەیەکی شاخاویی جێ لەوەڕەو، دانیشتوانەکانی کوردن‌و، بە دارگوێزو بەڕووو ورچ‌و یەکانەکانیدا جیادەکرێتەوە. کانە مسە بەناوبانگەکانی ئەرغەنی- مەعدەن دەکەونە نزیك سنووری باشووری ویلایەتەکەو، هەر کە هێڵی ئاسنیان پێ گەیشت، بەشێوازی نوێ، دەکرێنەوە. ئێستا داخراون، بەڵام رۆژانە (٣٠) تەنیان هەر لێ دەردەهێنرێ.

ئەم کانانە موڵکی کۆمپانیایەکن کە لە گروپێکی ئەڵمانی‌و بانکی ئیش (Is Bankasi) کە بووەتە میراتگری بانکی ئیعتمادی میللی (Milli Itimat Bankasi) پێکهاتووە.

ئەلعەزیز لە مەلاتیە تازەترە، دانیشتوانی قەڵای بەردینی خەرپووتی یەك دوو میلی باکوور، (٤٠) ساڵ پێش ئێستا ئەو قانەعەتەیان لەلا پەیدا بوو کە پاش کاری رۆژانەی دەشت‌و دەریان ئەوەندە ماندوو دەبن، ئیتر ناتوانن سەرکەون بۆ قەڵاکە، بۆیە شوێنێکی تازەیان نزیك بەشوێنی کارەکەیان دروستکرد. ئێستا تەنها چەند هەزار کەسێك لە خەرپووت ماون‌و، ئەلعەزیز شارێکی کەم گەشەکردووی سەرکەوتوو ترەو، دانیشتوانیشی (١٢-١٥)هەزار کەس دەبن، جادە فراوانەکانیشی جێی شانازین. خانووەکان، وردە وردە شوێنی ئەو ماڵە ساکارانە دەگرنەوە کە سەریان بەتەنەکەگیراوە. گیانێکی پێشکەوتن‌و بەهێزبوونیان لەناودایەو، دەیانەوێ لە مەلاتیە باشتربن. گەیشتنی هێڵی ئاسن قازانجێکی کاتیی، لەم پێشبڕکێیەدا، بەم شارە بەخشیوەو، عیسمەت پاشایش لەم بارەدا سوودی خۆی هەبووە.

وا خەریکە دەرەنجامەکانی رێگەی ئاسن لەئەلعەزیز دەردەکەون‌و، نرخی چیمەنتۆ لێرەش، هەروەك مەلاتیە، زۆر دابەزیوە. خەریکە وێستگەی وزەی کارەبا دروست دەکرێ‌و، داوای دەزگاکەیشی لە (Ruston & Hornsby)کراوەو، (Morell of Milan) ئەرکی بەستنی لەئەستۆدەگرێ. سیستمی وشککردن بەجێ دەهێنرێ‌و، دواتر ئاو بۆ شارەکە دابین دەکرێ. باری تەندروستیان باشەو، تەراخوماو مەلاریا کەمن. سەرەرای لقی بانکەکانی عوسمانی‌و کشتوکاڵی، بانکی ئابووری ئەلعەزیز

(Elaziz Iktisat Bankasi)ی خۆجێییش هەیەو، سەرمایەکەی (١٠٠) هەزار لیرەی تورکییە.

ئەلعەزیز لەڕووی رووناکبیرییەوە، زۆر لەپێش مەلاتیەوەیە. سەما زستانان دەکرێو گروپێکی دیدەوانیی کوڕ هەیەو، تۆپی پێش پەیدا بووە. ئۆجاغی پێشووی تورک، تائێستا وەك یانەیەك کار دەکاتو، دیسان لقی ناوخۆیی پارتی گەل ماوەیەکی تر دەکرێتەوە. ساڵێ (١٩٢٥) هیچ بنکەیەکی ئەم حیزبە لە ئەلعەزیز نەماو، بەرپرسەکەی، لەبەر پێویستیی زۆر، نێردرایە رۆژئاوا.

ئەلعەزیز، جگەلە قوتابخانەی سەرەتاییو ناوەندی، زەمینەی شیاویشی بۆ قوتابخانەکانی سەربازیو راهێنانی مامۆستایانو لانەی بێ باوکان رەخساندووە.

نیزامی بەگی والی تازە هاتووەتە ئێرەو، فەخری بەگی پێش ئەم چەند مانگێکە کۆچیی دوایی کردووە. ئەم پێشتر والی دیاربەکر بووەو، لەوێ ئەدمۆندزی دیوەو، ئەوەیشی گێڕایەوە کە ئەدمۆندز بەهۆی خواردنەوەی بڕێکی زۆری دۆوە، حاڵی شڕبووە. ئەم هەروەها والیی وان بووە. نیزامی بەگ رەبەن بوو زۆریش لەماڵەکەیدا هێشتینیەوەو، ناودارانی بۆ بینینمانو خوانی نیوەڕۆ بانگ کرد.

ئەو کاتە لێیان پرسین: جلی شەومان پێیە، یان بۆمان ئامادە بکەن؟ ئەم بە فەڕەنسی دەدوا. خورەم بەگی سەرۆکی شارەوانی کەپیاوێکی گەنج بوو، ئەم دواییە وازی لە خزمەتی کونسوڵی لەڤیەننا هێنا بوو. Cok kibar Komilfo bir adam[1]. نیزامی بەگ، هەرچەندە خەڵکی قوستەنتەنییە بوو، بەڵام ئەلعەزیزی بەلاوە خۆش بووە هەروەها وتی: ئێرە بۆ هەموو کارمەندان دڵگیرە. ئەو هاوکاریی والییەکانی ئەنگۆرەو سمیرناو قوستەنتەنییەی هەبوو، بۆیە دەیتوانی بەردەوام گەشت بکات. ناوبراو زۆر ئارەزووی ئەسپ سواری دەکردو، دوێنێ لە سەردانی دەرسیم گەڕابووەوە. فەرمانبەرێکی بەتواناو لێهاتوو دیار بوو.

---

[1] پیاوێکی(..............) زۆر گەورەیە، بۆم ساغ نەبووەوە (Komilfo) چییە. رەنگە هەڵەی چاپی تێدا بێ. (س).

ئەلعەزیز- دیار بەکر

جادەکە بە دەشتی ئەلعەزیزو، پاشتر چیاکانی سنووری خواروویدا تێدەپەڕێ. ئەم دەشتە لە تەختەی شەترەنج دەکات و، شاخە بەفراوییەکانی دەرسیمیش لە پێشیەوە دەردەکەون. ڕێگەکە، پاش ئەوەی دەگاتە لوتکە، بەرەو گۆلی گۆلچوك شۆڕدەبێتەوە. ئەم دەریاچەیە بەهۆی جۆگەیەکەوە کە دەڕژێتەوە ئەرغەنی سۆو ئەمیش دەچێتەوە سەر دیجلە، وشك کراوە. ڕێگەکە بەم دۆڵەدا دادەگەڕێو، بە(مەعدە)دا، وەك بەگشتیی پێی دەڵێن، ڕەت دەبێ. نیوەی خانوەکانی ئێرە چۆڵن و، دانیشتوانیشی لە (٦٠٠٠) ەوە بوونەتە (٣٠٠٠)، داری دوور لەیەك و کورت کورت نیشانەی دارستانەکانین کەبۆ سووتەمەنیو ئیش وکاری مس رووتێنراونەوە، چەمەکەیش کە ماسیی تێدا ناژی، بەناو سەوزاییەکی قەشەنگدا دەڕوات. ئەم جادەیە پاش ماوەیەکی کەم بەدۆڵەکەدا سەردەکەوێو دەچێتە دەشتی بەرزی دیاربەکر کە خاکە بەپیتەکەی بەروبوومێکی زۆری دانەوێڵەی هەیەو، لەوەڕی ژمارەیەکی زۆری ڕانەمەڕو ڕەشە وڵاغ دابین دەکات. شارۆچکەی عوسمانییە والە هەردوو دیوی سەر ڕێگەکە، ئەمە بەپێچەوانەی نەخشەکانەوە کە بە (ئەرغەنی) ناویان بردووەو، لەدیوێکی جادەکەدایە، بۆ یەکەمجار لێرە گەنمە شامیمان بینیو، ئیتر تا نزیکی تەرابزوون نەماندییەوە.

دیاربەکر

شتێکی گرنگی ئەوتۆ نییە لەبارەی دیاربەکرەوە ئامازەی پێبکەین. مستەر هێڵم و مستەر ئەدمۆندز زۆر بەدرێژی لەم شارە دووان. چونکە پشکنیاری گشتی لێرە نەبوو، لەڕاو بۆچوونی سەبارەت بەبارودۆخەکە بێ بەش بووین. دیاربەکر، وەك مستەر ئەندمۆندز بۆی دەرکەوتبوو، شێوەیەکی ئەنگورەیە. هەمەچەشنیی ئەفسەرو فەرمانبەرو ژنەکانیان، خاسیەتێکی تایبەتیان بەم شارە بەخشیوە. ژمارەیەك ئافرەت کە جلی ئەورووپی دەپۆشن، پاش ڕۆژئاوابوون و، کاتێ خەڵکی شار بۆ

هەڵمژینی هەوایەکی خاوێن دەچنە پارکێکی دەرەوەی دەروازەی ئەلعەزیز، دەبنە جێی سەرنج. دەستەیەك سەربازی مۆسیقای رۆژئاوایی پێشکەش دەکەن و، وادیارە گوێگرانیش بەو ئاوازە گومان لێکراوانە خۆشحاڵن. رەنگە بەشە رووخاوەکانی دیوارەکان " رێگە بدەنە هەوا تابێتە ناو شارە کۆنەکە". بەڵام هەرچۆنێك بێ هەوای دەرەوە بەشەو لەهی ناوەوە خاوێنترە و، بێگومان دروستکردنی بینا لەدەرەوەی دیوارەکان لەئایندەدا بڕیارێکی ژیرانەیە. بەڵام هێشتا ئەم شارە تازەیە گەشەیەکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە. ئێستا بەکارهێنانی خشتی قوڕ قەدەغەیە و، چاوەڕێی ئەوکاتە دەکرێ کە هێڵی ئاسن چیمەنتۆ بگەیەنێتە دەروازەی شار. هاتوچۆ ئێستا لەماردینەوە دەکرێ و، دواکەوتنی ئەو رێگەیەیش زۆر جێی نیگەرانییە. بیرەی قوستەنتەنییە کە لە ئەلعەزیز خواردمانەوە، لە دیاربەکر کەم بەکاردێ، چونکە تادەگاتە جێ خراپ دەبێ.

د. غەفوور بەگی سەرۆکی شارەوانی زۆر پەرۆشی خۆشگوزەرانی زێدی خۆیەتی. ئەو، وەکو پزیشکێك، بەختەوەرە کە ئاوی زۆر و پاکی دابین کردووە. بەنیازیشە کەرێگە ئاسنەکە گەیشتە دیاربەکر، بۆریی تیرە (٨٠) سانتیمەتر داوا بکات و، گشت ناوچەکە بە قەرەجەداغ (Karaca Dag)[1] بگەیەنێ. ئێستا بۆرییە کۆنەکانی سێ تاچوار کیلۆمەتری دەرەوەی دیوارەکەیش چاککردوەتەوە، تا ئەوکاتەی بەشەکەی تری لێدەبەسترێ، دایخستوون. تەراخوماو مەلاریا لەویلایەتەکە کەمن و، هەنگاوی باشیش بۆ لەبەین بردنیان نراوە. ئامێری نوێی ئەڵمانی، ئەم دواییە، لەئاشی سەرەکی ئاردی شاردا دانراوە و، دەزگایەکی تاڕادەیەك سادەی کارەبا کەبەشی تەنها شەقام و چەند ماڵێك دەکات، نوێ دەکرێتەوە. برێکی کەم ئاوریشمیش بەرهەم دێ و، لەگەڵ دانەوێڵە و مەڕ و رەشەوڵاغ و خوری و کەرە و برنجدا، سامانە سەرەکییەکانی ویلایەتەکە پێك دەهێنن. نزمیی بەهای بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، هیچ کێشەیەکی راستەقینەی نەهێناوەتە ئاراوە، بەڵام هەندێ

[1] شاخێکی باشووری رۆژئاوای ویلایەتی دیاربەکرە. (س)

مەترسی لە ئاکامی بەردەوام دابەزینی نرخەکاندا هەیە. دڵخۆش بووین کە لە د. غەفوور بەگمان بیست شارەوانی بەرامبەر بەسامانی مێژوویی دیواری شارەکەیان، کەبەشێکی هی سەردەمی فەرمانڕەوایی‌ی مەلیك سالحی سەلجووقییە، هۆشیارەو، وتیشی وێرانکردنی بەشێکی دیوارەکەیش زیانبەخش بووەو، ئیتر وێران ناکرێ.

ئیبراهیم تالع بەگ، ئەگەرچی لەسەفەربوو، لەماڵەکەیدا خۆشمان گوزەراند. ماڵەکە، هەروەك نەریتی ناوخۆ، بەدەوری حەوشەکەیداو بەبەردی رەشی گڕکانیی هەرێمەکە خۆی دروست کراوە. ئەم بەردانە گەرمای خۆر وەردەگرن‌و، پاش رۆژئاوابوون دەیدەنەوە. ئێمە مومتاز بەگی جێگری‌وقەدری پاشای راوێژکاری سەربازیمان بانگ کرد. ئەمی دوایی هەستێکی باشی لەلا دروست کردین‌و، وادەردەکەوت کەئەو عەقڵیەتە تەسك‌و گومان لێکراوەی ئەرکانی گشتیی تورکی نەبێ. هەروەها دەرکمان پێکرد، بەهۆی پۆستی راوێژکاری سەربازی‌و بەتایبەتی هەڵبژاردنی خۆشبەختانەی خاوەنەکەیەوە، بەگشتی هاوکارییەکی باش لەنێوان دەزگا مەدەنی‌و سەربازیەکانی دیاربەکردا هەیە.

دیاربەکر- بدلیس

باشترین رێگەی هاوین بە" سیلوان"دا تێئەپەڕێ، بەڵکوو بەهێڵی دیجلەداو لە جۆگەی باشوورییەوە بەبەندەرێکدا تا باتمان سۆ دەڕوات. باتمان سۆ لە شوێنێکەوە سەرچاوە دەگرێ کە بە ساسۆن ناسراوەو، بەکۆمەڵکوژیی ساڵی (١٨٩٦)ی ئەرمەنیەکان بەدناوە. مەلەتۆداغ(Meleto Dag)ی خال خاڵ بەفرین بەرزایی‌ی سەرەکیی هەرێمەکەیەو، نزیکەی میلێك بەسەر ناوچەکەدا زاڵە. رێگەکە کە وردەوردە بەرەو غەرزان [1] سەردەکەوێ‌و، کشتوکاڵیش بەزیاتر دوورکەوتنەوە لەدیاربەکر، کەم‌و کەمتر دەبێتەوەو، دەبێتە ناوچەی زەبەندی گژوگیا. دانەوێڵە دیسان لە غەرزان بەدی دەکرێتەوە، بەڵام بەروبوومەکان تەنها بەشی ناوخۆ دەکەن.

---

[1] قەزایەکی باکووری رۆژهەڵاتی شاری دیاربەکرە. (س)

مەڕو بزن و رەشەوڵاخ بابەتی سەرەکیی ناردنە دەرەوەن و، بەهاران بەرەو خوار بۆ حەڵەب و پایزان بەرەو سەر بۆ تەرابزوون و بازاڕی قوستەنتەنییە دەنێردرێن. ساڵانە کاڵای بۆ دەرەوە نێردراوی ئەم قەزایە، نزیکەی (٢٠٠) هەزار سەرمەڕە. میوەو بەتایبەتی تریێش بەرهەم دێن و، بەرەو باکوور رەوانە دەکرێن. ئەم قەزایە (١٣) هەزار دانیشتوی تێدایەو، سەر بەویلایەتی سعرتە کە دوای ئەنگورە، دووەم مەڵبەندی بزنی موهێرەو، رایەخی نایابیان لێ دروستدەکرێ، مووەکان هەر بە رەنگە سروشتییەکەی خۆیان دەچنرێن و، تووکەکان لەدیوێکەوە بەجێدەهێڵرێن، گوندی غەرزان کەوتووەتەسەر بەرزاییەکو رووی لە باشوورەو، شوێنێکی ناخۆش و بەپیروتەو، دانیشتوانی تەنها (٨٠٠) کەس دەبن و، ئەمەیش نیوەی ژمارەی دانیشتوانی پێشوویەتی، لێرە ئیتر چووینە ناوچەی شەڕەوە، کەمێك دوورتر، کاتێ بەدۆڵی بدلیس سۆدا شۆڕبووینەوە، گەیشتینە (زیارەت– Ziyarat)[1]ی سنووری پێشڕەویی رووسەکان، زیارەت لە دیاریەکر نزمترە، خۆشبەختانە کەبەدۆڵەکەدا هەڵگەڕاینەوە، لەگەرماکەی رزگارمان بوو، چونکە هێشتا هەندێك لە دارستانەکەی زوو مابوو، دوای ئەو بەشەی گەشتەکەمان بەگردە رووتەکانی دامێندا، تێیدا حەساینەوە، رێگەکە ئەڵقەیەکی پەیوەندیی گرنگی سیستەمی رۆژهەڵاتی تورکیایە، تاڕادەیەك نوێ و ساکارە، کەمێك بەر لەوەی بگەینە بدلیس، خەریك بوو خۆمان بەئەسپێکدا بکێشین، ئەسپەکە بەو هێڵە تەلەفۆنەوە بەسترابوو، کە بە درێژایی رێگەکە جێگیرکرابووو، بەزەحمەت خۆمان لێ قوتار کرد.

بدلیس

تەنها بیرەوەرییەکانی بدلیسمان، لە سەرتاسەری گەشتەکەماندا، خۆشبوون. شارەکە لەدەوری قەلایەکی بەردین کۆبووەتەوەو، قەراغەکانی دێنە سەر ئاوەکانی بدلیس سۆو چەمێکیتر. ئەم شارە بەگشتی لەبەردی سووری قاوەیی باوی ناوچەکە

[1] ویس القرنی، شارۆچکەیەکی نزیکی غەرزانە لە باکووری رۆژهەڵاتی دیار بەکر. (س)

دروستكراوەو، ماڵەكان بەسەر گردەكەدا پەرش‌و بڵاو بوونەتەوەو، درەختەكانیش سەریان بەیەكدا كردووە. ئێرە شاری چەندین كانی‌و پردو ئاوی كانزایی نایابە، بەڵام بەداخەوە بەدەست شەڕەوە زۆری چەشتووەو، زۆرینەی ماڵەكان تەنها چوارچێوەیەكی بەتاڵن. دانیشتوانی ئەم شارە سەرەتا (١٥) هەزار بوون‌و، ئێستا تەنها (١٢) هەزار كەس دەبن. خەڵكەكە كەم كەم دەگەڕێنەوەو، پاریش(١٠٠)خانوو چاك‌و ئاوەدانكراونەوە. جا بە هۆی گرنگیی شوێنەكەیەوە، كە دەكەوێتە سەرخاڵی بەیەكگەیشتنی رێگەكانی مووش، گۆلی وان‌و دیاربەكرو سعرت‌و بدلیس، بووەتە ناوەندێكی جەنجاڵی بازرگانی‌و، بەشێوەیەكی سەرەكی بەبازرگانیی ترانزێتەكەی دەژی. ئێرە تاكە جێیەك بوو كە، كاتێ ویستمان شتێكی بچووك لە بازاڕ بكرین، دراوی زیوی كۆنمان تێدا بینی. وتیان ئەم دراوە، بەرەو باشوور تا مەلاتیە هەیە، كەچی بەرەو باكوور لە ویلایەتەكانی بایەزیدو ئەرزڕۆم بەو لاوە كاری پێ ناكرێ. دابەزینی بەهای زیووو وەرنەگرتنی دراوی كۆنیش لەباجی دەوڵەتدا، رێژەكەیان لە (٢٥) قرشی زیوەوە بۆ پاوەندی كاغەزو (٤٥) قرۆشی زیو بەرزكردۆتەوەو، ئیتر دراوی زیو وردە وردە دادەبەزێ‌و لەكار دەكەوێ. قەزای بدلیس دانەوێڵەو میوەو تووتن بەرهەم دێنێ‌و، بازرگانیی سەرەكیش مەڕو بزن‌و رەشەوڵاغە.

لەبەرئەوەی قایمقام لێرە نەبوو، كاپتن ئەحمەد نەبی بەگی خەڵكی ئایدن‌و قوماندانی جەندرمەو نوێنەری قایمقام پێشوازیی كردین. بیرەوەریی خۆشمان لەگەڵ خانە خوێكەماندا هەیەو، زانیاریی گرنگی داینێ لەو بارەیەوە كە تاوان‌و توندوتیژیی بەپێی تاقیكردنەوەكانی خۆی، لەچاو جاران زۆر كەم كراونەوە.

كێشەو گیروگرفت كە جاران دەبوە مایەی پێكدادان‌و خراپتریش، ئێستا لە قسەی بەرزو نزم‌و جنێو زیاتر تێناپەڕن. زیادبوونی جەماوەری تۆپی پێ‌و دامەزراندنی تاقمی گەڕۆكی دیدەوانی‌و دروستكردنی یاریگای تێنس، كە ئێستا بەدەستەوەیە، پێشكەوتنی شارستانی نیشان دەدەن. هەروەها پڕۆژەی بیناكردنی وێستگەیەكی وزەو ئاشێكی ئارد لەبەرنامەدان.

بدلیس –ئەرجیش

سەرەتا رێگەکە بەردەوام هەڵدەکشێ تا دەگاتە ئەو جێیەی کە لقی مووشی لێ جیادەبێتەوە. هاتوچۆ لەم بەشەدا زۆر سەختە. لێرە بۆ یەکەم جار، عەرەبانەی دووپێچکە (کانی)مان بینیو، ئیتر لێرەوە هەر ئوتومبیلو وڵاخی باربەری وەك وشترو ئەسپو گوێدرێژمان بەرچاوکەوت. سەیربوو! ئەم عەرەبانانە ئەو جیرەیەیان لێوە نەدەهات کە لە رۆژهەڵاتی تورکیادا بوویووە نیشانەی هاتوچۆیان. ئیتر تا نەگەیشتینە ئەرزرۆم– قارس، ئەم دەنگە باوەمان نەبیستەوە. جادەکە، پاش ئەوە کە رێگەی مووش لقی لێدەبێتەوە، دەگاتە حەوزی گۆلی وانو دیمەنی قەشەنگی سوبحان (Suphan) [1]کە لە لوتکەی بەفرپۆشەوە، لەدوای ئاپاراتو ئەرگوش(Argoeus)، بەرزترین چیای تورکیایە. داوامان لێکرا درێژترین رێگەی بەشی باکووری دەریاچەکە بەرەو وان بگرینەبەر، بەلام لە (وان) زانیمان رێگەی باشوور بۆ رۆیشتن تەواو بەکەڵکە. ئێمەیش رێگەی خوارەوەمان گرتو، لەراستی (تاتوان Taduan)ەوە کە لە داهاتوودا دەبێتە کۆتایی هێڵی ئاسنی عوسمانییەو مووش لە ئەخلات (Ahlat)[2]، گەیشتینە دەریاچەکەیو، بەکەنارەکەیدا تا (عادل جواز– Adilcuaz)[3] رۆیشتین. ئەم دوو شوێنە کە جێی چەرکەسیەکانو رزگاریان بووە، بەسەوزاییەکی دلگیر دەوردراون، بەلام کەنارەکان بەگشتی رووتن. خاکەکەی سووكو لمینەو، بەروبوومی زۆر کەمەو، زۆریەی لەوەرگا بەجێماوە. برێکی خەیالیی کا بۆ خۆراکی زستان ئاژەلە مالیەکان پێویستە، چونکە بەروبوومی خۆراکی دەست ناکەوێ.

---

[1] ناحیەیەکی باکووری رۆژهەلاتی بدلیسە.(س)

[2] قەزایەکی رۆژاوای گۆلی وانە، لە باکووری رۆژهەلاتی بدلیس. (س)

[3] ناحیەیەکی سەر کەناری بەری رۆژاوای گۆلی وانە لە ویلایەتی بدلیس. (س)

رەنگە هەر لەبەرئەمەیش بێ کەنەتوانراوە ئاژەڵێکی زۆر لەم ناوچەیە بەخێو بکرێن. رێگەکە لە (عادل جوان)ەوە بەبەری کەناراوی دەریاچەکەدا دەڕوات، کورتترین هێڵ بەرەو ئەرجیش دەگرێتەبەر.

ئەرجیش

ئەرجیش گوندێکی (۳) هەزار کەسییەو، ناوەندی قەزایەکە کە (۲٥) هەزار دانیشتووی تێدان، شەومان لەوێ بەخۆشی بەسەربرد، چونکە نەدەکرا ئەو رۆژە، بەڕێگەی باکووردا بگەینە (وان). دانەوێڵەو میوە لێرەبەشی ناوخۆ بەرهەم دەهێنرێن. بەڵام گەورەترین پیشەسازی، هەروەك لەناوچە شاخاوییەکانی تر، ئاژاڵی ماڵیی بەتایبەتی مەڕەو، هەروەك لە غەرزانیش بینرا، بەهاران بەرەوحەلەب و هاوین بە پایز بەرەو تەرابزوون و قوستەنتەنییە لەباکوور دەنێردرێنە دەرەوە.

والیی نوێ زۆر لەسەر دارستان رواندن سوورەو، هەر ئەم بەهارە (۳)هەزار دار رووێنراون، ئەم گوندە قوتابخانەیەکی سەرەتایی تێدایەو، تۆپی پێ و دیدەوانیش ئەنجام دەردێن. (۲۰–۲٥) لەسەدی هاووڵاتیان،بەڕای قایمقام خوێندەوارن، بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ئەم رێژەیەی بەکەمزانیو، داتی پێدانا کە (۱۱۰۰)لاو تەنها لە ئەرجیش و گوندەکانی دەوروبەریدا بڕوانامەیان وەرگرتووە کە دەتوانن بخوێننەوەو بنووسن.

ئەرجیش. وان

رێگەکە بەردەوام روو لە رۆژهەڵاتەو، تا دەگاتە ئەوبەری دەریاچەکە، چەمی بەندی ماهی (Bandimahi Cay)[1]ی تێدەڕژێ، لێرەوەتا ئەرجیش، جبەخانەیەك و حەوزێکیشیان بۆ کەشتییەکی نەوت هەڵگر دروستکردووە، کەهەر (۱۰) رۆژ جارێك هاتوچۆی نێوان وان و تاتوان دەکات. ئەمە میراتی رووسەکانەو،

[1] ئاوێکە لە باکووری رۆژهەڵاتەوە ئەڕژێتە ناو گۆلی وان. (س)

تورکەکانیش دوو بەلەمیان بۆ زیادکردبوو، هیچ جۆرە پیشەیەکی‌تر لەسەر دەریاچەکە نەبوو. ئەو ژمارە کەمەی بەلەم کە زووتر هەبوون، کاتی شەڕ تێکشاون‌و، ئێستایش نەبوونی دار بووەتە ڕێگرێکی کاریگە لەبەردەم دورستکردنی هی تازەدا، جبەخانەکە، لەکاتە زیادەکانیدا، پارەیەکی باش بەچاککردنەوەی ئوتومبیل پەیدا دەکات. ڕێگەکە بەرەو ڕۆژئاواو بەدرێژایی‌ی بەشی خوارووی دەریاچەکە هەر زوو لە کەنارەکە جیا دەبێتەوە، بەزەوی‌و هەرێمێکی چەند گوند تێدا چۆلکراودا تا وان کە دیسان دەریاچەکە دێتەوە بەر چاو، تێدەپەڕێ. قەلای بەردینی ئەم شارە، بەسەر دەشتێکی فراواندا دەڕوانێ.

وان

وان شان‌و شکۆی نەماوە. بدلیس تاڕادەیەك ڕوویەکی گەشی هەیە، کەچی وان لەقوڕ دروستکراوەو، بووەتەوە بەخۆڵ لەسەر خۆڵ. دەڵێن ئەم خانووە قوڕانە، ئەگەر باش خزمەت بکرێن، (١٠٠-٢٠٠) ساڵ بەرگە دەگرن، شاڵاوی وێرانکردن، خێراتر ئەم ماڵانەی کاولتر کردووە. سەرەتا ئەم شارە (١٦) هەزار خانووی تێدا بووەکە بەناوەڕاستی سەوزایی‌و ئاوی خوڕی باخەکانیاندا بڵاو بووبوونەوە، بەلام ئێستا ئێمە ماوەی (١٠) دەقیقە بەرەو ئەو گۆشەیەی کە (٥٠٠٠) دانیشتووی شارەکەی تێدا کۆبوونەتەوە، بەوێرانەیەکی تەواودا ڕۆیشتین.

ئەوان زۆر ژیرانە شوێنێکی بەرزی دوور لە دەریاچەکەیان هەڵبژاردووەو، مێشوولەکانی کەوا زەوییە زەلکاوییەکانی دەوری قەلاکەیان هەراسان کردووە، بەدەگمەن دەگەنە ئەم شارە تازەیە. خەڵك لێرەش وردە وردە ڕوو لەزیادبوونەو، دووساڵی ڕابردوو (٤) هەزار کەسی تری بۆ هاتوون، کە یان لە قۆقاز پەنابەر، یا هەر دانیشتووی دێرینی وان بوون. ئەمانەی دوایی حەز دەکەن خانووەکانیان لەسەر زەوییەکانی خۆیان بنیات بنێنەوە، دەسەلاتدارانیش بۆ ئەوەی کێشەی کارگێڕی کۆنترۆڵ بکەن، ناچاریان کردون لەدەوری مەڵبەندە نوێییەکە جێگیربن. جێی داخە،

زۆرینەی ئەم تازە گەڕاوانە کشتیاران‌و، پیشەسازەکان بەرەبەرە دەگەڕێنەوە، ویلایەتەکە تەنها (٨٠) هەزار کەسی تێدا دەژیو، بەشێوەیەکی سەرەکی مەڕو وڵاغی تێدا دەلەوەڕێنرێ. مەسەلەی ناردنە دەرەوەی دانەوێڵەیش، بەهۆی نەبوونی پەیوەندییەوە، هەر لەئارادانییە، بۆیە مانگای شیر لە (٢٠) لیرەی تورکی زیاتر ناکات، ڕێگەی ماتۆڕ تا باشەقەلعە هەیەو، تا جوڵەمێرگی پایتەختی ویلایەتی هەکاری درێژدەبێتەوە. دەریاچەکە، (١٧٠٠) مەتر سەروو ئاستی دەریایە. زستان درێژو سەختە، بەڵام نەك وەك زستانی قەرەکۆسەو ئەرزرۆم. بەفر تەنها سێ مانگ دەبارێ. ئاشێکی ئارد خەریکە دروست دەکرێ‌و، لقێکی بانکی کشتوکاڵیشی لێیە. سەما لە ئۆجاغە پێشووەکەی تورك جارجار پێشکەش دەکرێ‌و، هەفتەیەك پێش گەیشتنمان بۆ یەکەمجار یاریی تۆپی پێی لێکرابوو، بەڵام تا ئێستا تیمی گەڕۆکی دیدەوانیی تێدا نییە.

میداد بەگ (Mitat Bey)ی والی، پێشتر یاریدەدەری والیی ئەلعەزیز بووە. میداد گەنجێکی دۆست‌و توانایەو، میواندارییەکی زۆر گەرم‌و گوڕی کردین. تازەیەو، سێ مانگە هاتووەو، مانگ‌و نیوێکی بەگەڕانی ویلایەتەکەی بەسەر بردووە. سەرۆکی شارەوانی کەخەڵکی شارەکەیەو تەمەنی (٤٥) ساڵێك دەبێ پێی وتین: ئەوەندەی بزانێ، دەریاچەکە وردە وردە بەرزبووەتەوەو، گەیشتووتە (١٠٠–٢٠٠) مەتر بەرزتر لەزەویی نزمی وان. هەروەها پێمان ڕاگەیەندرا کە ماسی، لەبەر بوونی سۆدە ، لە دەریاچەکەدا ناژی، بەڵکوو تەنها لەو ڕووبارانەدان کەتێی دەڕژێن.

وان- قەرەکۆسە

ڕێگەی ڕۆژی پێشوومان تا ئەرجیش گرتەوەبەرو، ئەمجا لەو خاڵەوە کەوتینە سەر ڕێگەیەك کە بە حەوزی واندا بەرەو فورات سێ هەڵدەکشاو، نەهامەتییەکی زۆری تووش کردین. ڕێگەکە بەروونی دیاری نەکراوەو، بەرزو نزمی زۆرەو، تەنها یەك ماتۆڕمان بەدرێژیی ڕێگەکە بینی. بەخێرایییەکی بەردەوامی (٥–١٠) کیلۆمەتر

سەعات دەڕۆیشتن و، لە جۆگەئاوێك پەڕینەوە، حۆمان بەگوندی پاتنۆس (Patnos)دا کرد. لێرە چەند چاککارییەك بەشێوەیەکی کاتی ئەنجام درابوون، نەمانتوانی پێش داهاتنی شەو بگەینە قەرەکۆسە، بۆیە شەو لەوێماینەوەو، کاتێکی خۆشمان لەلای (مودیر) بەسەربرد. پاتنۆس (٤٠٠) کەسێکی تێدا دەژین و، ناوەندی ناحیەیەکی (١٠-١٢) گوندی و (٢٠٠٠) کەسییە. هەروەها دەکەوێتە لەوەڕگە بەرزەکانی بناری سومچان داغ و خاڵی بەیەکگەیشتنی رێگەکانی ئەرجیش، مووش و مەلازگردو قەرەکۆسە، لەسەر بەخێوکردنی ئاژاڵە ماڵییەکان دەژی. دەشت و دەرەکە رووتن و، بزنی برسی نایەڵێ هەوڵی درەخت چاندن سەر بگرێ. قوتابخانەی سەرەتایی، ئەم دواییە، داخرابوو، چونکە ژمارەی خوێندکارانی زۆر کەم بوو. رۆژنامەی (کۆیلوو غەزەتەسی- Koylu Gazatasi)کەبۆ روناکبیرکردنی کشتیاران دەردەچێ، بەخۆرایی دەگاتە ئێرە، بەڵام کەم کەس دەتوانن بیخوێننەوە. (حاکمییەتی میللی) بەرەسمی بۆ (مودیر) دابین دەکرێ و ئیتر هیچ رۆژنامەیەکی دیکە ناگاتە ئێرە.

رۆژی دواتر بەرەو قەرەکۆسە کەوتنە رێ و، رێگەی بەرەو باکوور و گۆشەی لای راستی رێگەکەی پێشوومان گرتەبەر. رووی ئەم رێگەیە لەوی رۆژی پێشوو باشتر بوو، بەڵام لەزۆر جێدا دۆزینەوەی ئاسان نەبوو، چونکە لەگەڵ چەند رێگەیەکی ئاڵۆزی خۆڵیندا تێکەڵ دەبوو. (توتاق)[1]ی ناوەندی قەزایەك هەمان دووریی هەیە و، ئەکەوێتە ئەوبەری مورادسوو، رێگەکە ئاراستەی چەمەکە بە دۆڵێکی تەسکدا دەگرێتەوە بەرو، پاش کەمێك دەگاتە قەرەکۆسە، ئەمجا بۆ گوندی حاموور Hamur[2] کە ئاراراتی لێوە دیارە، بەرزدەبێتەوە. زەوییەکە لەم دۆڵەدا تەختکراوە و، بەردی بۆ کۆکراوەتەوە، بۆ ئەوەی رێگەیەکی پێ دروست بکرێ، رەنگە رووسەکان ئەم کارە ئەنجام بدەن. ئەم دۆڵە بەگشتی گیای تێدا رواوە.

---

[1] قەزایەکی سەروو ناحیەی پاتنۆس و خوار قەزای قەرەکۆسەیە لە ویلایەتی بایەزید. (س)

[2] ناحیەیەکی نزیکی باشووری قەزای قەرەکۆسەیە. (س)

قەرەکۆسە

قـەرە کۆسـەیش لەشـەڕدا وێران بـووە؛ لـەدوورەوە، بـە سـەـربانی ماڵـەکانیدا، لەخۆڕاگر دەکات، لەڕاستیدا شوێنێکی مامناوەندیی (٣-٤) هـەزار کەسییە، چوار ساڵ لەمەوبەر مەڵبەندی کارگێڕی لەبایەزیدەوە کە قەوارەی هەر هێندەی هـی ئـەم دەبێ، بەڵام لەسنوورەوە نزیکەو، لەوپەڕی ویلایەتدایـە، گوێزرایـەوە. هێشـتا بـەمی دوایی دەڵێـن: ویلایـەتی بایـەزید. گـەورەترین شـار ئیغدیـرەو، لـەدۆڵی ئاراسدایەو، حەوت هەزار کەسێکی تێدا دەژین. کەشێکی تەواو جیاواز، لـەبوارێکی زۆر تەسـکدا، بـەدی دەکـرێ. قەرەکۆسـە، کـە دەکەوێتـە نـاوەندی زەوییـەکی بـەرزو چـەند سەرچاوەیەکی موراد سۆی پێدا تێدەپەڕن‌و، چیـای کۆسـەداغ (Kose Dag)ی (٣٤٠٠) مەتریش بەسەریدا دەڕوانێ، (١٧٠٠) مەتر بەرزەو، کەش‌و هەواکەیشی لەمی گشـت ئەوجێیانـە کـە سـەرمان لێدابـوون، ناخۆشـتربوون. بـەفر شـەش مـانگ دەمێنێتەوەو، پلەی گەرما دەچێتـە (٤٥) پلـەی ژێـر سـفری سـەدی. وەك سـەرۆکی شارەوانی وتی: ئێرە سـیبریای تورکیایـە. تەنانـەت ئـەرزڕۆم، کـە کـەمێك بـەرزترە، پلەی گەرمای زستان لە (٣٢) پلەی سەدی تێناپـەڕێ. چیـا نشینەکانی قەرەکۆسـە باسی سەختیی ئیغدیریان دەکرد کە (٩٠٠) مەتر لەسـەروو ئاسـتی رووی دەریـاوەو، دەکەوێتە دۆڵی ئاراسـەوەو ئـاوو هـەوای هـاوینی کەمـەرەیی (استوائی)یـەو، لانـەی مەلاریایە کە سەرجەم دانیشـتوان تووشـی بـوون. ئـاوی پـاکی خواردنـەوەی نییـەو، ئەویشی لایانە لە Orgofو شاخەکانەوە دەیهێنن. لۆکە بەروبوومی سەرەکییەتی‌و، ساڵانە (٣-٤) هەزار تەن بەرهەم دێنێ‌و، بەشی هەرەزۆریش لەسنوورەوە بۆ رووسیا دەنـێرێ، بۆیـە ئیغدیـر هـەر لەخـەیاڵی بـازاڕی رووسـیادایە، چونکـە رووسـیا کەبەروبوومەکەیش دەبات، پارەکەیان بەڕێکوپێکی نادات.

ئیغدیر هـەندێك برنـج‌و سـەوزەی تـازە، بەشـی ناوچـەکانی تـری ویلایەتەکـەی، بەرهـەم دێنـێ. ناوچـەی شـاخاوی بەشـێکی زۆری ویلایەتەکـەی گرتـووەتـەوە، وەك

ویلایەتەکانی دراوسێی، بۆ لەوەڕی ئاژاڵە ماڵییەکان بەجێ هێڵراوە. ئەم ئاژاڵانە دەنێردرێنە رووسیاو ئێرانو تەرابزوون، بڵاوبوونەوەی تاعوونی رەشە وڵاغ، ئێستا کارێکی زۆری لەبازرگانی کردووە. دانیشتوانی ویلایەتەکە، لەهی وان زیاترنو، (١٠٤) هەزار هاووڵاتی دەبن.

قەرەکۆسە لەئایندەدا ئاشێکی ئاردی دەبێو، ئامێرەکانی بۆ کارەبا بەمەبەستی رووناکی بەکاردێن. کلایتۆن (Clyton)و شوتلۆرت (Shuttleworth)ی بۆدابست ئەو ئامێرانە دابین دەکەنو، سەرمایەدارێکی تەرابزوون جێبەجێی دەکات، بانکی کشتوکاڵیی تاکە بانکی قەرەکۆسەیە، لێرە، تەنها قوتابخانەیەکی سەرەتایی بەدی دەکرێ. بارودۆخی ئیغدیرو بایەزید وەکو یەکن، بەڵام باشیی خەڵکی ئیغدیر رێی بۆ کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی لەساڵی داهاتوو خۆشکردووە. قوتابیانو سەربازان دەستیان داوەتە یاریی تۆپی پێ، بەڵام دەستەی گەڕۆکی دیدەوانیو سەما، هێشتا باسیان لێوەناکرێ، نەخۆشخانەیەکی سەربازی لەم شارەدایەو، یەکێکی مەدەنیش ساڵی رابردوو تەواو بووەو، تائێستا چاوەڕێی پزیشکێکی نەشتەرگەری دەکاتو، بە (١٠) قەرەوێڵەوە دەکرێتەوە. ئەحمەد موختار بەگی والی دەڵێی لە چاخی ناوەندا دەژیو، ئەم دواییە لە ئانتالیا (Antalya)[١] وە هاتووەو، بە فەرەنسی دەدوێ، خێزانەکەی بۆ ئاو چوویبووە باشقەلعە[٢]. لەخانووە بەردەکەیو قەراغی لای شاری باخچەکەیدا، کاتێکی خۆشمان بەسەربرد. ئەم ماڵە، چەند ساڵێك لەمەوبەر ، وەك جێیەکی رەسمی دروستکرابوو، ئەم پیاوە هەژارەیش، چاوەڕێی زستانێکی سەختی دەکرد. بەگشتی لەگەڵ سەرجەم کارمەندەکاندا کۆبووینەوە، ئەو هیچ گلەیی نەبوو، بەشی خۆیی بەباشی وەردەگرت.

---

[١] ویلایەتێکی باشووری رۆژئاوای تورکیایە لەسەر دەریای سپیی ناوەڕاست. (س)

[٢] قەزایەکی باشووری رۆژهەڵاتی ویلایەتی وانە. (س)

قەرەکۆسە- قارس

ویستمان بەبایەزیدو ئیغدیرو (قاغزمان Kagizman)[1] دا بچینە قارس، بەڵام چەند شتێك هاتنە گۆڕێو، ناچاریان کردین، واز لەم بیرۆکەیەمان بێنین. ئەوەندە نەبوو گەیشتبووینە قەرەکۆسە کە گەردەلوولێك هەڵیکرد، بەڵام ئەو ڕۆژەباران نەباری. ڕێگەی گرنگی بازرگانیی تەرابزوون–تەورێز، کاتێ لەجادەی ئەرزڕۆم–قارس لادەدات، خۆڵینەو، تاساڵی ئایندەیش چاك ناکرێ زانیشمان ڕێگەی بایەزید بێ کەڵکەو، هی بایەزید– ئیغدیر وەکو خۆی ماوەو، ئیتر لێرەوە ڕێگە باشە. ئێمە نەمان دەویست بەم بەهارە درەنگ وەختە تووشی گرفتیتر ببینو، ڕەنگ بوو گەشتەکەمان، بەهۆی بارانی زۆرەوە، بپچڕێو، دوورتر نەڕۆین؛ هەر بۆیە بڕیارمان دا کورتترین ڕێگەی ئەرزڕۆم، قارس بگرینەبەر. دەشتەکەمان کە بارانێکی کەم کردبوویە قوڕوچلپاو، بەبێ کێشە بڕیو، ئەمجا گەیشتینە ئەلەشکرد (Eleskert)[2]، ئەم شوێنە لەکاتی شەڕەوە لەجێی خۆیدا، کە بە توپراق قەلعە (Tobrak kale)یش ناسراوە، نەماوەو، چووەتە جێیەك کە لەسەر نەخشە بەزەردەکان (Zerdekan)ناوبراوە. لێرەوە بەچیاکەدا هەڵگەڕاینو، تووشی تەرزەیەکی توندو دواتر بارانێکی بەردەوام بووین. ئیتر ڕێگەکە لەکەڵك کەوت، بەڵام خۆشبەختانە کۆمەڵێك گاو گامێشمان دۆزییەوە کە تا ئەویەری گوندی تاهیر (Tahir)[3]، ڕایانکێشاین، لێرە، جگە لە خۆشبوونەوەی کەشەکە، چاوەڕێیی هیچی ترمان نەدەکرد. ئەمەیش شەوی بەسەرداهێناین. لە ژووری میوانی دەوڵەمەندێکی گوندەکەدا، کە خۆی لە تەرابزون بوو، دانراینو خۆشمان بەسەر برد. هەموو ناوفەرشی ژوورەکە، بە فەرشی جوان داپۆشرابوو. پاشان براینە دیوان کە

---

[1] قەزایەکی باشووری شاری قارسە لەرۆژهەڵاتی تورکیا. (س).

[2] قەزایەکی باکووری رۆژاوای ویلایەتی بایەزیدە. (س)

[3] شارۆچکەیەکی نزیکی رۆژاوای قەزای ئەلەشکردە. (س)

پەنجەرەیەکی زۆری لەسەربوون‌و، ساپیتەکەی بەپایەی بەهێز، بۆ پاراستنی لەبەفری زستان، راگیرابوو. لەدەریشەوە بەردەوام باران دەباری. شوێنەکەمان هەر لە بەهەشت دەچووەوتیان: تەنها دوو هەفتەیە بەفر لەو جادەیە چووتەوە کە لێوەی هاتبوین. والیی قەرەکۆسەیش ناچار لەئەرز رۆمەوە بەدەوری قارس‌و ئیغدیرو بایەزیددا گەیشتبووە شوێنی پۆستەکەی.

تیمێکی گەڕۆکمان بینی کە لە دوو نەشتەرگەری دروستی ئاژەڵ پێکهاتبوو. ئەفسەرێکی سوارەی فەرماندەی فەسیلێکی بچووکی نیشتەجێی گوندەکە، بانگی کردینە. ناو دەوارەکەی بۆ قاوە خواردنەوەو، بۆ خوانی ئێوارە هاتە ژوورەکەمان. باران خۆشی کردەوەو، بەخۆشحاڵییەوە لەدەرەوە تەماشای ئاهەنگێکی بووك گواستنەوەمان کرد کە بووکەکە لەگوندێکی هاوسێوە هێنرابوو، سەرو رووی بەقوماشێکی جوان داپۆشرابووو، دایك‌و خوشکی زاوایشی لەتەکدا بوون. ئەمانە سەرباری دەنگی تەپڵ‌و زورناو نمایشی سوارەی پیاوانی بنەماڵەکان‌و دەنگ‌و هەرای سەرنج راکێش. کەبووك گەیشتە ماڵی زاوا، یەکێك لەپیاوەکان، وەك نەریتێك، لەسەر ئەسپەکەی بازی دایە خوارەوەو، هەڵات‌و، ئەوانی تریش کەوتنە لێدانی، دواتر پیاوەکان لەهەڵپەرکێیەکی بازنەییدا کە دەستی هەریەکەیان لەسەر شانی ئەوی تەنیشتی بوو وزیاتر لە کۆلۆو هۆرا (Kolo & hora)ی بالکانییەکان دەچوو، بەشدارییان کرد.

تاهیر کە دەکەوێتە دۆڵێکی بچووکی ناوچەیەکی بێ دارو درەختەوە، گوندێکی تەنها (٢٠٠) کەسییە، بەڵام قوتابخانەیەکی سەرەتایی تێدایە. دڵنیا کراینەوە کە (٧٠٪)ی پیاوان‌و (٣٠٪) ئافرەتان دەتوانن بنووسن‌و بخوێنن‌و، خەڵك پەرۆشی فێربوونن، تاوانکارانیش بە باجی (١٢٥)قرش سزا دەدرێن، ئەم گوندە زووتر تەواو لە سنووری رووسیا نزیك بووەو، دەیان وت: هێشتا یادەوەریی تاڵی داگیر کردنە ناوبەناوەکانی روسەکانیان لەبیرماوە. تاهیر سەرگەرمی لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتەو، دواتر حکومەتیش ویستی بزنی موهێریان بداتێ. حکومەت‌و بانکی کشتوکاڵی گاو

بەران، بۆ چاککردنی رەگەزەکان، دەگێڕن و، تۆوی گەنمەشامی باش دابەش دەکەن. حکومەت مەنجەڵی گەورەی بۆ زیادکردنی بەرهەمی کەرە دروستکردووەو، بانکی کشتوکاڵیش پشتیوانی (٥) ساڵ دەداتە کشتیاران، تا بتوانن ئەو مەنجەڵانە بکڕن. هەروەها کۆمەڵەی پاراستنی درەخت (Agac koruma Cemiyati) لەڕێگەی بەخشینی دیاریو مەدالیاوە، خەریکی هاندانی خەڵکە بۆ دار رواندن.

خۆشبەختانە، بەیانیی دواتر خۆرهەڵهات و، هێندە گەرمبوو، رێگەکەی وشککردەوەو، توانیمان بەئاسانی رێی ساچ داغ (Sac Dag) ببڕین و، ئیتر گرفت و کێشەکانمان دوایی هاتن. بۆمان دەرکەوت ئەو رێگەیەی کە لەم وەرزەدا پێویستە بگیرێتبەر، ئەوە نییەکە وەك لەنەخشەدا دیاریکراوەو، بەپردێکی بەردین لە کۆپروکۆی (Koprukoy)[1] لەگەڵ جادەی ئەرزرۆم– قارسدا یەکدەگرێتەوە، بەڵکو رێگەیەکە بەتاهیر خۆجا (Tahir hoca)دا دەڕوات و، لە خۆراسان Horosan[2] دەچێتەوە سەر ئەورێگەیەو، ئەمجا بەهۆی پردێکی داریتەوە بەئاراسدا دەپەڕێتەوە. لەم کاتەدا بەرەو باکووری رۆژهەڵات و قارس رۆیشتین و،وردە لەدۆڵی ئاراسەوە سەرکەوتین و، لە قەرە ئۆرغان (Karaurgan)[3] کە ناوەندی ناحیەیەو (٤٠٠) هاووڵاتیی تێدا دەژی، گەیشتینە سنووری کۆنی رووسیا. ئەم شوێنە قوتابخانەیەکی سەرەتایی تێدایەو، بەڕێوەبەرەکەی شانازیی دەکرد کە (٩٠) قوتابی هەن و، نزیکەی (٩٠) کوڕێکی گەنج و (٧٠–٨٠) ئافرەت دەتوانن بخوێنن و بنووسن. خوێندن، لە قوتابخانەکانی شەو (قوتابخانە میللییەکان– Milli Mektepler)یش بەزۆرە.

رێگەکە بەردەوام بەرەو لوتکەیەك هەڵدەکشێ کە لە (ساری قامیش) زۆر نزمتر نییە. ئەم رێگەیە، هاوشانی رێیەکی تەسکی ئاسنە کەلە ئەرزرۆمەوە هاتووە. هێڵە

---

[1] شارۆچکەیەکی ئەزای حەسەن قەلەی رۆژهەڵاتی شاری ئەرزرۆمە. (س)

[2] ناحیەیەکی رۆژهەڵاتی ویلایەتی ئەرزرۆمە.(س)

[3] ناحیەیەکی باچشووری رۆژئاوای ویلایەتی قارسە. (س)

ئاسنەکە لەساری قامیش‌و قارس دوو پچڕانی تێدایەو، وا دیارە پێوەرێکی مامناوەندی لەنێوان هێڵێکی زۆر تەسکی رۆژهەڵات‌و یەکێکی فراوانی رووسیادا هەیە. هەردوو دیوی لوتکەکە تامەودایەك سەوزاییەکی دڵگیریان پۆشیوەو، ژمارەیەکی بەرچاو داری سنەوبەریان پێوەیە کە، بەداخەوە هەندێکیان سەردەمی شەڕ، نەك ئەم ساڵانەی دوایی، کەوتوون. لەقارس وتیان ئەم ناوچەیە، بەهۆی گرانیی گواستنەوەوە بەش خوراو بووەو، زانستی دارستان تەنها لەدەوروبەری ئارتوین (Artvin)[1]ی نزیکی ئەو دەڤەرە کەداری تێدا لە چۆروخ (Coruh)[2]ەوە بەرەو باتووم دەنێردرێ، جێبەجێی دەکرێ. ساری قامیش، هێشتا دەکەوێتە هەرێمی دارستان‌و سەر رێگەیەکی دور لەجۆگەکە. هەرێمی سەربازییش کە بریتییە لە قشڵەکان، گەشتیاران بێزار ناکات. گوندەکەی پێیدا تێپەڕین، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوانی‌تردا کە پێیان ئاشنابووین، نییە. خانووەکان لە قوڕیان بەردو، بانەکانیان تەختن. ئەم ماڵانە بڵاوبڵاون‌و، تا نیوەیان لەخاکدایە، بۆ بەرەنگاریی سەرما.

پاش ئەوەی گردەکانمان بڕی‌و، بەرەو بەرزاییە روتەن‌و وشك بووەکانی نزیکی قارس چای (Kars Cay) بووینەوە، دوو جیاوازیی سەیرمان بینی.

گەیشتینە دوو گوندی سەلیم (Selim)[3] کەپێشتر پێیان دەوترا نۆڤە سەلیم Nove Selim و ڤیلادی قارس Viladi Kars و ماڵەکانی لەتەختەن‌و، بانەکانیان قیرکراون‌و، لەهەردوو بەری شارێی گوندەکە ریزبوون. ئەم دوو گوندە، پێشتر هی خێڵی مۆلۆکان (Molo Kan) بوون، جا لەبەرئەوەی بەخزمەتی سەربازیی‌و بیروباوەڕی رووسەکان رازی نەبوون، ناچار برانە ئەوپەڕی سووچی ئیمپراتۆرییەتەکە. ئێستا تاکە رووسێك لەویلایەتە نوێیەکانی تورکیا نەماوە، جگە لە

---

[1] ناوەندی ویلایەتێکی باکووری رۆژهەڵاتی تورکیایە بە هەمان ناوەوە، بەشێکی لەسەر دەریای رەشە. (س)

[2] ناحیەیەکی باشووری شاری ئارتوینە. (س)

[3] ناوەندی ناحیەیەکی باشووری رۆژئاوای شاری قارسە. (س)

(٤٠) خێزانێکی مۆلۆکان کە زۆربەیان ئاشەوانن، یان عەرەبانە یان هەیە. ئەمانە ئەو گوندانەیان چۆڵکردووە، کە پەنابەرانی تورکی قۆقاز بەکرێیان دەگرن و، دیمەنی دڵتەزێن و وێرانکاری و پشتگوێ خستنیش، دەیخەنەروو کە خاوەنەکانیان گۆڕاون. هەردوو گوندەکە قوتابخانەی سەرەتاییان تێدایە. هەرێمی سەربازیی قارس لەڤیلادی قارسەوە، دەست پێدەکات و، لێرەوە ئیتر ئەفسەرێك پارێزگاریی کردین. ئەم هەرێمە لەئاراستەکەی تریشەوە، هەتا مەزرە (Mezre) سەر ڕێیی ئاسنی بەرەو سنووری رووسیا دەکشێ و، دوو ناوچەی قەدەغەکراوی تێدان کەتەنها سەربازان دەتوانن بچنە ناویانەوە. یەکێکیان لەرووبارەکەوە تا پشت قەڵاکە دەڕوات و، ئەوی تریان قشڵەکانی دەرەوەیە.

قارس

قارس ویلایەتێکی گەورەیە و، (٢٠٨) هەزار دانیشتووی تێدایە و، بڕێك کشتوکاڵی لێ دەکرێ، بەڵام لێرەش بەشێوەیەکی سەرەکی مەڕومالات و رەشە وڵاغ بەخێودەکرێن. رەگەزەکان زۆرباشن و روسەکان بەشداری باشکردنیان بوون. مانگایەکی شیر (٨٩٠) لیرەی تورکی دەکات، ئەم ویلایەتە شتومەك دەنێرێتە دەرەوە بۆ (خۆپە Hopa)[١] و رووسیا. هەروەها بەکارگەیەکی پەنیر لەقارسدا، بەرهەمی ماست و کەرەی نایاب دەنێردرێنە دەرەوە، ئاڵوێری بازرگانی لەگەڵ رووسەکاندا بەردەوام دەکرێن و، بەرامبەر بەمانەیشە کەلوپەلی دروستکراو وەردەگیرێن. هاتوچۆی چالاکی ماتۆری تەرابزوون بەدرێژاییی رێگەکە تێبینی دەکرێ. ئێستا کار بۆ ئەوە دەکرێ کە رێگەی ئەو ناوچایە بەکەڵکی هاتوچۆی ماتۆربێ، چونکە خۆپە دەروازەی سروشتیی خاکی تورکیایە. رێگەکەی تا ئاردەهان (Ardahan)[٢] باشە، بەڵام لەوێوە تا ئارتوین پێویستە هەتا کۆتایی ئەمساڵ چاك

[١] قەزایەکی باکووری رۆژهەڵاتی ویلایەتی ریزەیە لەسەر دەریای رەش. (س)

[٢] قەزایەکی رۆژاوای شاری قارسە. (س)

بكرێ. ئومێدیش دەكرێ ڕێگەیەكی نوێ بە (بۆرچیقە Borcha)[1]دا تا خۆپە، پایزی ساڵی ئایندە دروست بكرێ. مەبەست لەم ڕێگەیە ئەوە نییە كەتەنها وەك دەروازەیەكی ویلایەتی قارس بەكاربهێنرێ، بەڵكو بۆ بازرگانیی ترانزێتی ئێرانیشە كە لەقارسەوە بەڕێگەی ئێغدیرادا دەچێتە بایەزید. دیارە ئەمەیش، دووریی ڕێگەی تەرابزوون، بەشێوەیەكی بەرچاو كەم دەكاتەوە. ڕێگەكانی ویلایەتی قارس بەگشتی لە هەموو ئەوانەی تركە پێیاندا هاتبووین، باشتر بوون‌و، ژمارەیەك پردی چاك‌و هی پایە ئاسنمان تێدا بینی.

كاریگەری خراپی ئەركانی گشتیی تورك بەسەرشاری قارسەوە دیارە. نیوەی شارەكە لە خەڵكی مەدەنی قەدەغەیە‌و، لانە ڕووخاوەكانی ئەو بەشە رادەماڵرێن، بێگومان ئەم شارە كاتی شەڕ وێرانكراوە‌و، ئەمڕۆ تەنها (١٢) هەزار لە (٤٠) هەزار هاووڵاتیی ڕۆژانی زووی تێدا دەژین. هاوكات ژمارەی دانیشتوانی، بەهۆی ئاوارەكانی قۆقازەوە، ڕوو لەزیادبوونە‌و، ساڵی ڕابردوو (٢) هەزار كەس گەڕابوونەوە‌و، بەر لە گەیشتنی ئێمەیش (١٤٨) كەس لەسنوور پەڕیبوونەوە. ئەم چیرۆكە لەهەموو جێیەكان دەبیسترێ: گوایە ڕووسەكان، بەپێچەوانەوەی ئەوەوەكە كاتی شەڕن لێیان چاوەڕێ دەكرا، زەرەریان نەداوە؛ بەڵام ئەرمەنەكان، كاتێ هەرێمە داگیركراوەكانیان چۆڵكردووە، وێرانكارییەكی بەربڵاو هەرەمەكی ئاسوودەی كردوون.

قارس ئێستا شارۆچكەیەكی گەلێ ناخۆشە‌و، قەشەنگیی قەڵاو باروودخەكەش هەروەكو ڕاپۆرتی مردنەكەی مارك تومین (Mark Twain)[2]، زۆر زیادەڕۆییان تێدا كراوە. ئەم شارە لەم بارەی ئێستایدا، دروستكراوێكی ڕووسەكانە‌و، لە (حامیە)یەكی ئەوان دەكات‌و، ئەرمەنی‌و یۆنانیی تێدا نیشتەجێن‌و، كڵێسەی هەردوو

---

[1] ناحیەیەكی نزیكی باكووری شاری ئارتوینە. (س)

[2] (١٨٢٥-١٩١٠): ئەدیبێكی ئەمریكاییە، لە ڕۆمانەكانیدا هەوڵی داوە ڕۆژئاوای وڵاتەكەی بە دیمەن‌و نەریتەوە بخاتە بەرچاو (المنجد في الاعلام، ص ١٩٧). (س)

کۆمەڵەکەیشمان بینی. ئەم شارە کە کەمترین بینای لێ چاککراوەتەوەو ئەوانی دیکەی بەجێ هێڵراون، ئێستا رقی لە کاولکارییەو، وتیان هەر چاککردنەوەیەکیش کرابێ، هی دوو ساڵی رابردووە، پێشتر وەك شاری مردوو وابووەو، ئێستا خۆشترە.

سەلیم بەگی والی لە ماڵە گەورەو خۆشەکەیدا کەزۆر بەباشی چاککراوەتەوە، پێشوازیی کردین. ناوبراو کابرایەکی رووخۆشی تەمەن مامناوەندی بوو، زۆر شانازیی بەویلایەتەکەیەوە دەکرد، چونکە بەهۆی سیستمی باشی رێگەو بانەوە دەیتوانی بەئاسانی هاتوچۆ بکات، بەڵام نەیدەتوانی بێ مۆڵەتی تایبەت بچێتە ناوچە قەدەغەکراوەکان. فوئاد پاشای قوماندان باسێکی ئەمی کردو، بۆمان دەرکەوت پەیوەندیی نێوان دەزگا سەربازیو مەدەنییەکان زۆر باش نییە. ئەو ئەفسەرەی کە پاسەوانیی دەکردین، تەنانەت ناوی والیی نەدەزانی، ئەگەرچی سێ ساڵ بوو لە قارس بوو. فەرماندەیی جەندرمە لە ساری قامیش، هەواڵی گەیشتنی ئێمەی بە بروسکە دابووە دەزگا سەربازییەکانی قارس، ئەمانیش بەگرنگییان نەزانیبوو، والی ئاگادار بکەنەوە، تا ئەوکاتەی داوای بینینیمان کرد.

قارس سێ ئاشی ئاردی تێدایەو، نەمانزانی بەچی کاردەکات، وێستگەیەکی گازیی وزەیشی هەیە کەدەمانەوێ بیکەنە دەزگایەکی کارۆ ئاوی. ئێرە لقێکی بانکی کشتوکاڵیی تێدایەو، بانکی ئیش (Is Bankasi)یش دەکرێتەوە. نەخۆشخانەی سەربازیو مەدەنیش هەن، بەڵام دەردو پەتا لەناودان. لە قوتابخانەیەکی سەرەتاییو یەکێکی ناوەندیدا دەخوێنرێ. هەروەها، والی رایگەیاند (٤٠٪)ی گەنجان خوێندەوارنو، ویلایەتەکە، جیا لەوانیتر، لەم رووەوە پێشکەوتووەو، بەگشتیش ئارەزووی خوێندن دەکرێ. ئەو ویلایەتە تیپی دیدەوانیی تێدایەو، قوتابیانو سەربازان یاریی تۆپی پێ دەکەن، سەمایش مانگانە دووسێ جار لەحامیەکە دەکرێ.

قارس – ئەرزڕۆم

ڕێگەی ڕۆژی پێشومان تا (خۆراسان Horosan) گرتەوە بەرو، لەوێوە بەکۆپروکۆیدا، چوینە حەسەن قەڵعە (Hasan kale)[1] کە مەڵبەندی قەزایەکی ئەرزڕۆمە. زانیمان ئەو دەوروبەرە لەرووی پەروەردەو خوێندنەوە پێشکەوتوون، قوتابخانەی سەرەتایی لەسەرجەم گوندەکاندا هەیەو، ٨٠٪ی دانیشتوان دەتوانن بنووسن و بخوێننەوە. لێرەوە هەرێمی سەربازیی ئەرزڕۆم دەست پێدەکات و، ئەفسەرێك تا دوا جێگە پاسەوانیی کردین. ئەم هەرێمە لە رۆژئاواوە دەگاتە ئیلیجە (Ilica)[2]و، لەباکووریشەوە (٢٥) کیلۆمەتر درێژ دەبێتەوە، بەڵام سنوورەکەی لە باشوورەوە، بەهۆی سروشتی شاخاویی دەڤەرەکەوە، دیاری نەکراوە. ئەم هەرێمە چەند ناوچەیەکی یەکجار قەدەغەکراوی هەن، کە لەشارۆچکەکەوە دوورن و، گرفتیان بۆ ئێمە نەبوو. حەسەن قەڵعەو ئیلیجە کانیی کانزایی (مەعدەنی) یان هەن و، خەڵکی ئەرزڕۆم دەچنە سەریان.

ئەرزڕۆم

ئەم ویلایەتە قەرەباڵغەو، (٣٠٠) هەزار هاووڵاتیی تێدان. ئەو خەڵکە سەرگەمی کشتوکاڵ و، تارادەیەك زۆریش بەخێوکردنی ماڵاتن. مەڕو رەشە وڵاغ و خوری و بەرووبوومی شیرەمەنی، دەنێردرێنە دەرەوە. بڵاوبوونەوەی تاعوونی رەشەوڵاغ بازرگانیی یەك خستووەو، دە بازاڕەکەی مەڕو رەشەوڵاغی ئەرزڕۆم، هەموویان داخراون . مانگای شیری رەگەز باشی رووسیی تا (٦٠) لیرەی تورکی دەکات و،رۆژانە (١٠) حۆقە شیر دەدات، کەچی رەگەزێکی ناوخۆ تەنها بە (١٠–٢٠) لیرەی تورکی دەفرۆشرێ و، نیوەی ئەو بڕە شیرەی سەرەوەیشی هەیە. خەڵکی ئەو

[1] قەزایەکی نزیکی رۆژهەڵاتی ئەرزڕۆمە. (س)

[2] ناحیەیەکی نزیکی رۆژئاوای ئەرزڕۆمە. (س)

دەورووبەرە زۆر بێزارن‌و، نەیانتوانیوە هەڵی ئەو زستانە درێژە بقۆزنەوە بۆ رستن‌وچنین لە ماڵەکانی خۆیان‌و، تاڕادەیەکیش دەست بڵاون.

شاری ئەرزڕۆم چەندین جار تووشی داگیرکردنی روسەکان هاتووەو، ئێستا تەنها (٢٥) هەزار کەسی تێدا دەژین. ژمارەیەك ئاشی ئاردو وێستگەیەکی مامناوەندیی کارەبایی بەتوانایی (٥) ئەسپی تێدان‌و، بەگاز کاردەکەن. هەروەها دوو ئامێری تری بەتوانای (٢٥) ئەسپ، بەبەهای (١٠–١٥) هەزار لیرەی تورکی داواکراون‌و، پرۆژەیەکی کارۆ ئاوییش خراوەتە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە. ئێستا وزە لەدووریی (٢٢) کیلۆ مەترەوە وەردەگیرێ‌و، خەرجییەکەشی بە (٤٥٠) هەزار لیرە تورکی مەزندە دەکرێ. والی‌و وەزیری ئابووری‌و دەوڵەت وەسفەکانی تاووتوێ دەکەن کە کۆمپانیاکە بەهەڵە بە ئەڵمانی، لەجیاتی تورکی، پێشکەشی کردووە. لقی بانکەکانی عوسمانی‌و ئیش‌و کشتوکاڵی لەئەرزڕۆم هەن، بەڵام ئیش‌وکار کەمن‌و، پشتیوانەی جوتیاران بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ بانکە تورکییەکان دەچێ. نەخۆشخانەیەکی سەربازیی‌و یەکێکی نوێی نموونەیی (Mumune hastahanesi)ی هەن. زستانان سەما دووجارو، بەتایبەتی لەیانەی ئەفسەراندا دەکرێ. یانەیەکی وەرزشی کە تیپێکی تۆپی پێی سەربەخۆی خۆی، جیا لەوی قوتابخانەکانی هەیە، لەم شارەدایەو، قوتابخانەکانیش دەستەی گەرۆکی دیدەوانیان هەن. فەوزی بەگی والی کە پیاوێکی پیری خەڵکی ئەنگۆرەیە، چەند ساڵێکە لەو پۆستەدایەو، لە وەرزی خۆشانیدا یەك دووجار بە ویلایەتەکەیدا دەگەڕێ. پێی وتین: رێگەیەکی نوێ، لە باشوورەوە، بەرەو خنس دروست دەکرێ. هەڵسەنگاندێکی زۆر چڕوپڕی بۆ باری خوێندەواری هەبوو، کە ئێمە لەجێیەکەوە بۆ جێیەکی تر پێی ئاشنا بووبووین. هەر ئەمەیش وای کرد، بیرو بۆچوونەکەی زۆر جێی متمانەبن.

(١٠١) قوتابخانەی سەرەتایی‌و، هەشت نۆ هەزار قوتابی لە سەرتاسەری ئەم ویلایەتەدان، هەشت قوتابخانەی سەرەتایی‌و یەکێکی ناوەندی‌و فێرگەیەکی راهێنانی مامۆستایانی کوڕو یەکێکی کچ لەناو ئەرزڕۆم‌و، خانەیەکی منداڵانی بێ لانە (هەتیو

خانە) لە قزخاتوون (Kiz hatun)دان. ڕێــژەی گــەنجانی خوێنــدەوار، پێــش دووساڵ، تەنــها (٥٪)بــوو، ئێستا بووەتــە (١٠٪)و، والییش هیـوای خواسـت ئـەم ڕێژەیە لە دە ساڵی ئایندەدا بەرزببێتــەوە بـۆ (٥٠٪)و گوندنشـینان زۆرێکـی ئـەوتۆ، یان دەکرێ بڵێین هیچ زۆریـان لیْ نـەکراوە بـۆ چوونـە قوتابخانـەی شـەو (قوتابخانـە میللییەکان)، بـەڵکوو خۆیـان ئـارەزووی کتێبو نووسینو ڕۆژنامـە دەکـەن. تەنـها کەمێکیش بیْ تەلیان هەیە.

والی پێـی ڕاگـەیاندین کەهـەرێمی سـەربازیی ڕۆژهـەڵاتی تورکیـا تەنـها ئـەرزڕۆمو سـاری قـامیشو قـارسو ئـارارات دەگرێتــەوە. کونســوڵی ئـێران کـە بـە مۆڵــەت ڕۆیشتبوو، سکرتێرەکەی نوێنەرایەتیی دەکرد، هـەرکاتێ بیویسـتایە لەشـار بچێتـە دەرەوە، دەبـوو ڕەزامــەندیی دەســەڵاتی ســەربازیی وەربگرتایــەو، ئەفســەرێك پاسەوانیی بکردایە. کەمێك بەر لە گەیشتنمان، دوو پشـکنیاری فەڕەنسـیو بریتـانی بانکی عوسمانی شەش هەفتە بەئیشی بانکەکە لە ئەرزڕۆم مابوونەوە. دەسەڵاتداران حوشترەوانە ئێرانییەکانی ڕێگەی ترانزێتەکەباش دەناسن، کەچەند ساڵێکە خەریکی ئەم پیشەیەن‌و، مۆڵەتی تایبەتییان پێدراوە. سەرمان لە ساڵح پاشای قۆماندان داو، لەبەرئەوەی لەوێ نەبوو، ئەفسەری سەرەکیی ئەرکان پێشـوازیی کردیـن. ئـەم پێـی ڕاگەیاندین کە وێنەگرتن لە ئەرزڕۆم، بەپێچەوانەی قارسەوە، قەدەغەنییە.

ئەرزڕۆم- تەرابزوون

ئێمـە کـە ئەفسـەرێکمان تـا ئیلیجـە لەتـەکدابوو، دەشــتی ئـەرزڕۆممان بــڕی‌و، گەیشتینە قەراغی بـاکووری دەشـتەکەو سـەر فـورات سـۆی لقـی سـەرووی ڕووبـاری فورات، ڕێگەکە مەودایەك بەتەنیشت چەمەکەدا دەڕوات، ئەمجا دەپەڕێتەوەو، هـەر زوو بەڕێگـەی قـۆپ (Cop)[١]دا هەڵدەگـەڕێ. دامێنـێ چیاکـان لـێرەوە شــوێنەواری

[١] ناوچەیەکی نێوان سنووری ڕۆژئاوای ویلایەتی ئەرزڕۆم‌و ویلایەتی گوموشخانەیە. (س)

دارستانی زووتریان پێوەدیارەو، بێ ئەژمار عەرەبانەمان دی کە بەگا رادەکێشران‌و، دار بەڕوویان بۆ سووتەمەنیی زستان هەڵگرتبوو (قۆپ داغ- Cop Dag)[1] کە زستانان زۆر سەختە، لەمانگی تەممووزدا ترسی نامێنێ. ئەگەر چی ئەو رۆژە کە لەئەرزۆم ماینەوە باران نەباری، بەڵام کەمێك بارانی خوڕ لە شاخ باریبوو، پاشان، رێگەکە بە ناوچەیەکی رووتەندا لە دۆڵی "چۆرۆخ"[2]ەوە بەرەو بایبورت (Bayburt)[3] کە کشتوکاڵێکی زۆری لەنزیکەوە کراوە، تێدەپەڕێ‌و، بەڕێی ڤاڤوك- Vavuk)دا سەردەکەوێتەوە. دوایی بەدۆڵی خارشتی سۆ (Karsut su)[4]دا تا پشت گوموشخانە بەرەو خوار دەبێتەوە. دیمەنەکە لە لوتکەی رێگەی ڤاڤوکەوە دەگۆڕێ‌و، شاخەکان لەجیاتیی ئەوی خڕبن، تیژ دەبن‌و، بنارە پەمەیی قاوەیی باوەکانیان هەمە جۆر درەختیان پێوەیە. گوموشخانە شوێنێکی گەلێ دڵگیرەو، خانووە سپی‌و بانە بەرزە لەتەختە دروستکراوەکانی کەلەسەوزایی بنکی دۆڵەکەوە سەردەردەهێنن، لەوە دەچن کەلەجیهانێکی جیاتر بن. رێگەکە لەدۆڵی زەیغەنەدەرە- zigana Dere[5]ی تەنیشتەوە بەناو دارستانێکی پڕپچڕدا تا لوتکەی رووتەنی رێگەکە بەرەو سەردەڕوات‌و، جارێکی تر بەپشتێنەیەکی چڕی دارسنەوبەر بەرەو بنارێکی دەوڵەمەندی کشتوکاڵی‌و تەرابزوون دادەگەڕێ.

ئەم رێگەیە چەند قۆناغێکی چاککردنی تێدان‌و، رووەکەی لەسەر رێی قۆپ‌و، هەروەها لەرێگەی ڤاڤۆکەوە تاگوندی زیغەنە- Zigana ، تەنیشتی رێگەی زیغەنەو یەك دووشوێنی لەخۆڵەکە باشترەو دوای باران کێشەی زۆرە. ئەو بەشەی

[1] شاخی قۆپی هەمان ناوچەیە. (س)

[2] رووباری چورروخ بە قەزای بایبورتدا تێنەپەڕێ. (س)

[3] قەزایەکی رۆژهەڵاتی ویلایەتی گوموشخانەی باکووری رۆژهەڵاتی تورکیایە. (س)

[4] چەمی خارشیت کە بە ناحیەی خارشیتی باکووری رۆژاوای ویلایەتی گوموشخانەدا ئەڕوات. (س)

[5] دۆڵی زیغەنە کە ناوچەیەکی نێوان سنووری باکووری ویلایەتی گوموشخانەو باشووری رۆژاوای ویلایەتی تەرابزوونە. (س)

نێوان هەردوو رێی ڤاڤووکو زیغەنە بۆ دروستکردنەوە دانراوەو، تاساڵی ئاینده ناگاتە ویلایەتی بایەزید. کارەکان بەتایبەتی لەنێوان گوموشخانەو گوندی زیغەنەدا باش بەڕێوەدەچن،و، رێگەکە لەزۆر جێدا فراوان دەکرێ،و، جۆگەو بەردەکان دەبڕێن،و، لادەدرێن،و، دیواری پاراستنیش دروستدەکرێ. کارەکە بەپێی پێویست بەڕێوەناچێ، چونکە هەر چەندە کەرەسەی بەهێزکردن ئامادەو کۆکراوەتەوە، کێشەی چاککردنی رووی جادەکان لەئارادایە.

نائارامیی کورد

لە ویلایەتی مەلاتیە بۆمان دەرکەوت نیوەی دانیشتوان کوردن،و، سەرەڕای زمانی خۆیان، تورکییش بەکاردێنن،و، بەگشتی گوندنشین یا کرێکاران. بەشی هەرەزۆری هەرێمی بەدناوی دەرسیم، دەکەوێتە ویلایەتی ئەلعەزیزەوە. والی پێی وتین: ئەو رایەی قوستەنتەنییە، کە گوایە ئەم هەرێمەیە لانەی چەتەیەو، کەس لە سەرو ماڵی دڵنیانییە، ناڕاستە. جەندرمەیەك بەتەنیا دەتوانێ بچێتە گشت لایەکی دەرسیمو، ئەو ئەندازیارەیش کەکار بۆ ویلایەتەکە دەکات، زوو زوو کاری وەها رادەپەڕێنێ. پار چەند هێرشێك کرانە سەر ئەرزنجان، بەڵام لە ئەلعەزیزەوە نەبوون. ئەمساڵیش ئارامی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە. کێشەی سەرەکی هی ئابووری بووەو، هەلومەرجی نالەبار کوردەکانیان ناچارکردبوو پەنا بۆ داگیرکردن ببەن،و، ئەمەیش هەمان چیرۆکی سنووری سکۆتلەنداو باکووری رۆژئاوای هندستانە. کوردەکان، بێگومان، خراپترین دوژمنی خۆیانن، چونکە دوژمنایەتیی نێوان تیرەو خێڵە جیاجیاکان هەر ماوە. کوردانی دەرسیم هەموو قزڵباش بوون،و، زۆریان، لەپاڵ زمانی خۆیاندا، بەتورکییش دەدوان. والیی وان وتی کاتێ لە ئەلعەزیز یاریدەدەر بووە، توێژینەوەیەکی لەسەر دەرسیم کردووە. دەرسیم، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە، (٩٠٠) گوندی هەیەو، (٣٠٠) یان تورکو(٢٠٠) یان زازاو ئەوانی دی کوردن، بەڵام

دانیشتوانی گوندە تورکیەکان لە هی ئەوانیتر زیاترن. ئەویشی پشت راستی کردەوە کە دەتوانێ، لەگەڵ یەك جەندرمەدا، بە ویلایەتی واندا بگەڕێ.

مومتاز بەگ، لە دیاربەکر، ئەو قسانەی ئەنگۆرەی جەخت کردەوە کەپێمان وترابوون: ناوخۆی وڵات، ئەمساڵ، تەواو هێمنەو، تاکە گرفت پەلاماری ناوبەناوی سەر سنووری ئێرانە. ویستمان سەر لەودەڤەرە بدەین، بەڵام رێیان نەداین. والیی (وان)یش هەر وەهای پێوتین‌و، شەڕی قورس‌و بیرۆکەی ئاژاوەگێڕیی بەدوور نەدەزانی. زۆرینەی کوردان هۆی رەواو بەردەوامی بژێوییان نییەو، لەسەر تالانکردنی هاوسێکانیان راهاتوون. ئێرانیەکان سەرەتا هانیان دەدان لەسەر سنووری تورکیا تواناترین، کەچی ئێستا کە راونراون، هاوکاریی تورکەکان دەکەن بۆ گەمارۆدانیان‌و، کوردەکان لە بارودۆخێکی ناهەمواردان.

حکومەتی تورك پشتیوانیی ژیانی کۆچەری ناکات‌و، یارمەتیی کۆچەرییان دەدات جێگیربن(تاکە رەوەندێکمان لە سەرتاسەری تورکیادا نەدی، جێگیربووبێ). ئەو چیرۆکەی کە گوایە ئەمساڵ دەڤەرەکە تەواو ئارامە، لە هەموو جێیەك دەبیسترێ. سەرەڕای ئەوە، رێگەکانی ویلایەتی وان‌و بایەزید بە جەندرمە کە وا دیاربوو بەشێوەیەکی رێکوپێك ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکردو بۆ پاراستنی ئێمە نەنێردرابوون، پاسەوانی دەکرێن. سەربازمان لەدەرەوەی ناوەندە گەورەکان نەبینی. چاودێریی بەردەوامی هاتوچۆ، ئەگەرچی کەمە، لەگشت رێگەکاندا بەدی دەکراو، ئەمەیش نیشانەی بەرقەراریی ئارامیی بارودۆخەکەیە. وەزیری ناوخۆ، بەر لەوەی ئەنگۆرە بەجێبهێڵێ، دانی پێدانا کە شتەکان تەواو ئاسایی نین‌و، روونی کردەوە: لێپرسراوێتیی گەشتەکەمان هەڵناگرێ‌و لەئەستۆی خۆماندایە. دواجار، وەزیری دەرەوە نامەیەکی بۆ باڵوێزی خاوەنشکۆ، ناردبوو و، ئەوەیشی تێدا ئاشکرا کردبوو کە بارودۆخ زۆر لە ساڵی رابردوو هێورترەو، پشت راستیشی کردبووەوە کە ئاسایش هێشتا تەواو سەقامگیر نییە. بۆیە پێشنیاری کردبوو کە باشتروایە

گەشتەکەمان دوابخەین بۆ ساڵی داهاتوو و، خۆئەگەر هەر بڕیاریشمان دا ئەمساڵ بیکەین، کارمان بۆ ئاسان بکەن.

توانیمان هەندێ زانیاریی گرنگ سەبارەت بە ڕووداوەکانی ساڵیپار لە پاتنۆس و ئەرجیش و قەرەکۆسە پەیدابکەین. لە پاتنۆس پێیان وتین: کۆمەڵێك کورد کە هەشت کەسێکیان چەکداربوون، (٢٧)ی حوزەیرانی (١٩٣٠)، لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون، بەڵام نەیانتوانیبوو بچنە گوندەکەوە. ئیتر(١)ی تەمووز بەرەو ئەرجیش هەڵاتبوون. لە ئەرجیش زانیمان (٨٠–١٠٠)کەسی کورد لەودیو سنووری ئێرانەوە چەند کیلۆمەترێك لەگوندەکە نزیك بوونەتەوە، دوای چوار پێنج ڕۆژ ڕاونران. چەك بەسەر گوندنشینەکاندا دابەش کرابوو و، هەندێ کوردیش بۆ وێرانکاری پەیوەندییان بەداگیرکەرانەوە کردبوو. ئەمجا پاشەکشەیان لەگەڵدا کردبوون و، وا ئێستا دەپارێنەوە ڕێگەیان بدرێ بگەڕێنەوە سەر ماڵ وحاڵی خۆیان. لە قەرەکۆسە وتیان: ئەم ڕووداوە بەشی یەکەم و، قۆناغی دووەمی لە مانگی ئەیلوولدا بووە و، شەڕەکە لەدەوری کێوی ئاراراط ڕوویداوە. هەندێك لەوانەی کە لە ملکەچکردن بۆ تورك یاخیبوو بوون و هەڵاتبوونە ئێران، ئێستا مۆڵەتی گەڕانەوەیان پێدراوە. دەڵێن ئاراراط ئەمساڵ تەواو هێمن بووەو، لە یاخییان پاك کراوەتەوە، بەڵام ڕاگەیاندنی وەك هەرێمی سەربازیی پلە "یەك"، پێشانی دەدات کە حکوومەت گەرەکیەتی لەئایندەدا تووشی مەترسی نەبێتەوە. بەڵگەکان ئەوەیان خستەڕوو کە حکومەت کێشەی کوردی باش کۆنترۆڵکردووە و، دوای چەسپاندنەوەی نیزام و ئاسایش، هەوڵی باشکردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی دەدات کە ملکەچیی کوردیان بۆ سنوورو ژیانی مەدەنی مەحاڵ کردبوو. بێگومان، ئەم "هێورکردنەوە"یە، بووەتە مایەی گوێڕایەڵی و بەکارنەهێنانی هیچ گوتەیەکی نەشیاو، ڕەنگە وەڕزی و توورەییشی هێنابێتە ئاراوە، بەڵام پرۆسەی بەتورککردنی کورد هەر بەردەوامە و، دەشێ بەئاکام بگات. (٨٠٪)ی کورد، بەپێی بۆچوونێك، ئێستا دەتوانن بە تورکی بدوێن.

ئەرمەنیەکان

ئەرمەنیەکان پاش ئەو هەڵسوکەوت و رەفتارانەیان، ناچارکران ئەو هەرێمەی کە داگیریان کردبوو، چۆڵی بکەن. سەیرنییە، کەسیان لەوناوچانەی رۆژهەڵاتدا کە ژمارەیان تێدا زۆرو، زۆربەی دانیشتوانی دەوروبەری گۆل وانیان پێکهێنابوو، بەجی نەمابێ. لە غەرزان پێیان وتین: هەزاران ئەرمەنی کە مابوونەوە، بەگوندە جیاجیاکاندا بڵاوبوونەوە، پار پێیان راگەیەندرابوو کە ناتوانن لە گوندەکان بمێننەوە، بەڵکوو ئەگەر ئارەزوو بکەن دەتوانن لە شارەکان نیشتەجێ ببن. ئەوانیش ئەم داوایەیان دابوە دواوە، کۆچیان کردبوو بۆ سووریا. هێشتا نزیکەی(٢٤٠٠) ئەرمەنی لە شارۆچکەی ویلایەتەکانی ئەلعەزیزو مەلاتیەو ژمارەیەکی هاوشێوەیش لە قەیسەری و ئەنگورە ماون.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٢/٤٢٤، ل: ٢١، ژ: ١/٦

ژ: ١٠٢

لە سێرجی. کلارکەوە بۆ مارکویس ئۆف ریدینگ(١٣ی ئۆکتۆبەر گەیشتووە)

ژمارە: ٣١٨

قوستەنتەنییە، ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١

گەورەم،

خۆشحاڵم کۆپی نووسراوی کونسوڵی خاوەنشکۆ لە تەرابزوون، لە سەرچەند خێزانێکی کورد کە بەم دواییە لەناوخۆوە گەیشتوونە ئێرەو، حکومەتی تورک بەنیازە لە رۆژئاوای وڵات جێگیریان بکات، بۆ بەرێزتان بنێرم.

٢. ئەو خێزانانە کە ژمارەیان (٤٠٥) دەبێ و، سەر بە خێڵی خالکانلی (Halikanli)ن و، بەکۆچەری ژیاون، بەپێی نامەیەکی نیمچە رەسمی کە لە ژمارەی رۆژی (٤)ی تشرینی یەکەمی، "میللەت" دا بڵاویووەتەوە، لە سنوور پەڕیونەوەو، داوایان لە حکومەتی تورک کردووە رێگەیان بدات لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ

جێگیربن. بابەتەکە لەسەری دەڕواو دەڵێ خالکانلیەکان سەر بە تیرەی جەلالین‌و بەتورکی قسە دەکەن‌و، ۳۰۰—٤۰۰ ساڵ لەمەوبەر لە قۆنیەوە کۆچیانکردووە.

٣. وێنەی ئەم نووسراوە بۆ نوێنەری خاوەنشکۆ لە تاران دەنێرم.

جۆرج ئار. کلارك

وەزارەتی دەرەوە، ۲۷٥/٤۲٤، ل: ٤۱، ژ: ۱۸

****

هاوپێچی ژ: ۱۰۲

لە کونسوڵ ماتیۆسەوە بۆ سێر جی. کلارك

ژمارە: ۱۰٥

تەرابزوون، ۲۲ی سێپتەمبەری ۱۹۳۱

گەورەم،

ئاماژە بەنووسراوی ژمارە(۱۰۳)ی (١٤)ی ئەم مانگەم، چەند کۆمەڵە کوردێك لەو رۆژە بەدواوە لە هەرێمی ئاراراتەوە گەیشتوونە ئێرە. هەروەها(۱۷)ی مانگ (۲۰۰) خێزانێك کەژمارەی ئەندامانیان(٥۰۰) کەس دەبوو، بە کەشتیی هەڵمیی "جمهوریەت"ی (سەیری سەفاین– Seyri Sefain)نێردراونە قوستەنتەنییەو، لەوێوە بەرەو ویلایەتەکانی، بەپێی راپۆرتێك، قۆنیەو بورسا(Bursa)[1]و، بەپێی یەکێکیتر، رۆدۆستۆ(Rodosto)[2]و، (Trace)[3]بەرێ دەکرێن. دەڵێن ئەمانە سەر بە خەلیل ئاغای سەرکردەی کوردی هەرێمی ئاگری داغن کە پار شەڕی تورکی کردبوو و، مانگی رابردوو لەگەڵ ۱۲۰۰ خێزانی داورودەستەیدا خۆی بەدەست جەنەڕاڵ

---

[1] ویلایەتێکی رۆژئاوای تورکیاو نزیکی دەریای مەرمەرەیە.(س)

[2] بەندەرێکی سەر دەریای مەرمەرەی تورکیایە(المنجد فی الاعلام، ص۳۱۲).(س)

[3] رێی تێنەچێ هەڵەی چاپی تێدابێ‌و،Thraceبێ کەناوچەیەکی سنووریی رۆمەیلیی تورکیاو باکووری یۆنانە.(س)

ساڵح پاشاوە دابوو. چەند هەفتەیەك پێش ئەو کاتـە، رازی نـەبووبوو خـۆی تەسلیم بەعومەر خالیس پاشا بکات کە بۆ ئەو مەبەستە نێردرابووە ناوچەی ئـاراپات. نـازانم بۆچی بەباشی زانیبوو خۆی بداتە دەست ساڵح پاشـا، نـەك عومـەر خـالیس پاشـا، بەڵام پێم وایە وای هەستکردووە هەتا پلەی ئەفسەرەکە بەرزتربێ تەسلیم بوونەکەی کەمتر نەنگ دەبێ. خەلیل ئاغا، پاش خۆبەدەستەوەدانی، چوو بۆ ئەرزڕۆم، دەڵێن لەوێ (١٥٨) هەزار لیرەی تورکیی لەبانکی عوسمانیدا دانـاوە. بەهـەرحاڵ، مـن ئـەم زانیارییـە بەوریاییـــەوە دەدەم. ئـەڵێن نـاوبراو ئێسـتا سـەرگەرمی کۆکردنـەوەی ماڵاتەکەیـەتی و، چـاوەڕێ دەکرێ بـەر لـەهاتنی وەرزی زسـتان لەگـەڵ دوو تـاقمیدا بگەنە ئێرە. سەرداری کوردان کە ناوی مستەفایەو، هاتۆتـە ئـێرە، پێدەچـێ کـوڕی خەلیل ئاغا بێ.

٢. وا ڕادەگەیەنرێ: حکومەتی تورك (٨٥) هەزار لیرەی تورکیی بۆ گواستنەوەی ئـەو کوردانـە بۆ جێوشـوێنی نوێیـان تـەرخانکردبێ. ئەمانـە کاتـــێ لـــە تـــەرابزوون دەمێننەوە، دەخرێنە بەر چاودێری و، مۆڵەت نادرێتە بیانی لێیان نزیك ببێتەوە.

دەبلیو. دی. دەبلیو. ماتیۆس

هاوکـارە فەڕەنسیەکەم پێـی وایـە، ئـەم کوردانـە بەشـێکن لـەتیرەی جـەلالی و، لەڕاستیدا خـەڵکی ئـێرانن، بـەڵام لەبەر ئـەوەی هـاوڵاتیی تورکیـان، رێیـان نـادرێ بینەوە خاوەنی مەڕو ماڵاتەکانیان.

دەبلیو. دی. دەبلیو. ماتیۆس

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٥/٤٢٤، ل: ٤٢، ژ: ١/١٨

ژ: ۱۰۳

لە سێر جی. کلارکەوە بۆ سێر جۆن سیمۆن(۱٦ی تشرینی دووەم گەیشتووە)

ژمارە: ۳۸۱

نوێنەری خاوەنشکۆ لە تورکیا بەشی تەواوکەری راپۆرتەکەی پێشکەش بە وەزیری خاوەنشکۆ بۆ کاروباری دەرەوە دەکات، وێنەی ژمارە (۱۲٤)ی (۲۹) تشرینی یەکەمی تەرابزوونیشی سەبارەت بە گواستنەوەی کوردان لە هەرێمی ئاراراتەوە بۆ رۆژئاوای تورکیا هاوپێچ کردووە.

ئەنکەرە، ۱۱ی نۆڤەمبەری ساڵی ۱۹۳۱

******

هاوپێچی ژ: ۱۰۳

لە جێگری کونسوڵ فالانگاوە بۆ سێرجی. کلارك

ژمارە: ۱۲٤

تەرابزوون، ۲۹ی ئۆکتۆبەری ۱۹۳۱

گەورەم،

ئاماژە بەنووسراوی ژمارە(۱۰۵)ی (۲۲)ی مانگی رابردووی تەرابزوون، کۆمەڵێك کوردی هەرێمی ئارارات(۲۷)ی ئەم مانگە لەرێگەیاندا بەرەو ویلایەتەکانی رۆژهەلات، گەیشتنە ئێرە. دەڵێن: ئەم کۆمەڵە کە (٤٠٠) خێزان و(۲۰۰۰) کەس دەبوو و، سەر بە خێڵی خەلکانلیەکان بوو و، لە رۆژهەلاتی ئاگریداغ (ئارارات)، واتە ئەو بەشەی خاکی ئێران کە پێشتر سەربازانی تورك داگیریان کردبوو و، ملی بۆ دەسەلاتی سەربازیی تورك کەچ کردبوو، ژیاون. نزیکەی (٤) هەزار سەر مەڕو ماڵات و رەشەوڵاخ بەدوای ئەم کوردانەی بەرفەرمانی خەلیل ئاغای سەرخێڵەوە بوون. جا بۆ بەرگرتنی ئەم کوردانە لە بڵاوبوونەوەو کاولکردنی ناوچەکانی سەر رێگەیان، خرابوونە بەر پاسەوانی و چاودێریی قەوجێکی پیادەی تورك.دوێنێ دووکەس لەم

کوردانە رایانگەیاند کە لە "نزیکی تەوریز"ەوە هاتوونو، تەنها کەمێکیان دەتوانن بەتورکی بدوێن. وایان هەست دەکرد لە ویلایەتی برووسە جێگیربکرێنو، لەسەر خەرجیی حکومەتی تورکیش هاتوون. لە سەرچاوەیەکی ناوخۆی تورکەوە، زانیم کە تۆمارکەرێکی خۆجێیی ناوی ئەم کوردانە تۆمار دەکاتو، ئەمجا پەساپۆرتی تورکییان پێ دەدرێ. حکومەتی ناوەندی حیلمی بەگی بەڕێوەبەری" بەڕێوبەرێتیی گشتیی نیشتەجێکردن"ی ناردووە تا پرۆسەی کۆچی ئەو کوردانە بەڕێوەببات. ناوبراو (٢٥)ی ئەم مانگە گەیشتە ئێرەو، ئێستا خەریکی رێکخستنی هەرچی زووتری ناردنیانە. ئەمڕۆ، کۆمەڵێك کورد کە خەلیل بەگیشیان تێدابوو، بەکەشتیی" جمهوورییەت"ی " سەیری سەفاین" رەوانەکرانو، ئەوانەیش کە ماون بەم زووانە دەنێردرێن.

جەی. جی. ئەی. فالانگا

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٧٥، ل: ٦٨-٦٩، ژ: ٤٠

ژ: ١٠٤

لە مستەر مۆرگنەوە بۆ سێرجی. کلارك (٤ی کانوونی دووەم گەیشتووە)

ژمارە: ٤٤٥

ئەنگۆرە، ٣٠ی دیسەمبەری ١٩٣١

گەورەم،

ئاماژە بەنووسراوی ژمارە(٤٣٦)ی (٢٣)ی کانوونی یەکەم تایبەت بەسەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ تاران، پێتان رادەگەیەنم کە تۆفیق رۆستوو بەگ (٤)ی کانوونی دووەم لە دەریای رەشو قۆقازەوە، قوستەنتەنییە بەرەو ئێران بەجێدەهێڵێ. دوایی گەشتەکەیشی، لەڕێگەی بەغداوە دەگەڕێتەوە بۆ تورکیا.

٢. نووری پاشای سەرووەزیری عێراق کەئێستا لێرەیەو، گفتوگۆی رێککەوتننامەیەك لەگەڵ تورکیادا دەکاتو، هاوڕێی دێرینی تۆفیق رۆستوو بەگیشە،

وتی: مەبەستی سەردانەکە تەواوکردنی وتووێژی نێوان تورکیاو ئێرانە لەمەڕ سنووری نێوانیان. نووری پاشا لەوە دەترسا حکومەتی ئێران ئەم گەشتە بقۆزێتەوە بۆ ڕێزکردنی هاوکاریەکانی تورکیا بۆ گوشار خستنەسەر عێراق، هەتا ڕازی بێ سەرتاسەری سنووری ئێران لەڕووسیاوە تا کەنداوی فارس لەسەر ئەو بنەمایەی کە مەسەلەی ئەم سنوورە پێش شەڕ دانوستانی لەسەر کراوە ببێتە جێی لێدوان. ئەم گفتوگۆیانەی ئێستایش، تەواوکەری ئەوانەی پێش شەڕن. ڕاستە سەرەتاکانی دانوستان، دەست لەوەی کە ئێستا خاکی عێراقە هەڵگیراوە بۆ تورکیا، بەڵام ئێستا پێویستە بە تەنازولی تورکیا لە باکووروو هی عێراق لە باشوور، هاوسەنگ بکرێتەوە. نووری پاشا هۆی ئەمەی، ئەگەر بەڕاستی ئێران حەز بەمە بکات، بەشتێکی سەیروسەمەرەو بێمانا لێکدایەوە. بەڵام پێی سەیر نەبوو کە یەکێك لە ئاکامەکانی وتووێژی تورکیا– ئێران داوایەکی ئێران و پشتگیریی تورکیا بێ لەو داوایە کە عێراق ڕازی بێ شەتولعەرەب ببێتە هێڵی سنووری نێوان ئێران و وڵاتەکەی.

٣. بەقسەی نووری پاشا، بڕیاری ئێران بۆ داوەتکردنی تۆفیق ڕۆستوو بۆ تاران، بەهۆی هاندانی ڕووسیاوە بوو. ئەو تێبینی کردبوو کە تورکیا ساڵێك لەمەوبەر، لەبەر هێزە ڕۆژئاواییەکان، خۆی لەڕووسیا دوورخستبووەوە، زۆر کەوتبوە بە ڕتین و تاوی ئیتاڵیاو، بەم هۆیەوە لەگەڵ یۆناندا ئاشت بوویەوە. ئێستایش کاریگەریی ئیتاڵیا کەم بووەتەوە، ئەمیش بایداوەتەوە سەر ڕووسیای هاوەڵی و، پەیوەندییان لە جاران پتەوترە. تۆفیق ڕۆستوو، بەئامۆژگاریی ڕووس، چاوەڕێی هاوکاریی شا، نەك تەیموور تاچ، دەکات، بۆ ئەوەی بەسەر تەگەرەکانی سەر ڕێی دانوستانەکانی داهاتوودا زاڵببێ. دەڵێن: شا لە تەیمورتاچ ڕاشکاوترەو، ئاسانتر کۆنترۆڵ دەکرێ. خۆ ئەگەر تۆفیق ڕۆستوو، وەك لە نووسراوی ژمارە(٤٣٦)ی (٢٣) کانوونی دووەممدا هاتووە، بەڕاستی دڵنیای کردبمەوە کە سەردانەکەی تارانی بۆ حکومەتی خاوەنشکۆیش بەسوود بێ، ئەوا لەوانەیە، وەك نووری پاشا پێشبینیی کرد، پێشنیاری ڕووسیا بێ، بۆ ئەوەی هەستی حکومەتی خاوەنشکۆ رابگرێ.

٤. تۆفیق ڕۆستوو، لەقسەی بێسەرو بەرو ئاڵۆزەکانیدا لەگەڵ نوری پاشادا، پێشنیاری کرد کە پێویستە تورکیاو ئێران‌و عێراق بۆ هاوکاریکردنی یەکتر، کاتی سەرهەڵدانەوەی کێشەی کوردلە سنووری هەرکام لەم سێ وڵاتەدا، ڕێك بکەون. نوری پاشا رازیبوو چاودێریی سنووری تورکیا بکات، ئەگەر لە نزیکی سنووری عێراق تووشی کێشەی کورد هات، هەروەها سنووری ئێران بخاتە بەر چاودێری، ئەگەر ئێران گرفتی هاوشێوەی نزیکی سنووری خۆی لەگەڵ عێراقدا هەبوو، بەڵام نەیدەزانی چۆن ببێتە هاوکار، ئەگەر تەنگوچەڵەمەکان لە سنووری تورکیا– ئێران سەریان هەڵدا. دەشێ تۆفیق ڕۆستوو مەبەستی بووبێ عێراق، لەم حاڵەتەدا، لێدوانێکی رەسمیی هەبێ، یان هەندێ کار بکات بۆ رازیکردنی کورد لە سنووری خۆیدا تا پەیوەندی بە یاخییانی تورکیاو ئێرانەوە نەکەن‌و، بە یاخییان رابگەیەنێ کە عێراق پشتگیرییان ناکات. تۆفیق ڕۆستوو شتێکی لە مەز یاتری لە قسەکانیدا باس نەکرد.

٥. وێنەی ئەم نووسراوە بۆ کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لە عێراق‌و نوێنەری خاوەنشکۆ لە تاران دەنێرم.

جەیمس مۆرگن

وەزارەتی‌دەرەوە، ٤٢٤/٢٧٦، ل: ٦–٧، ژ: ٢

ژ: ١٠٥

لە مستەر مۆرگنەوە بۆ سێرجۆن سیمۆن(٤ی کانوونی دووەمی ١٩٣٢ گەیشتووە)

ژمارە: ٤٤٧

ئەنگۆرە، ٣٠ی دیسەمبەری ١٩٣١

گەورەم،

ئاماژە بە نووسراوی ژمارە(٤٣٠)ی (٢٢) کانوونی یەکەمم سەبارەت بەسەردانی نووری پاشای سەرۆك وەزیری عێراق بۆ تورکیا، دەمەوێ پێتان ربگەیەنم کە (٢٨)ی ئەم مانگە گەیشتە ئەنگورەو، لە وێستگە چاوی بە عیسمەت پاشا کەوت. لەوساوە سەرگەرمی دانوستاندنە لەسەر مەسەلەی بازرگانیو جێو شوێنیو رێکەوتننامەکانی بەدەستەوەدانی تاوانبارانو کێشەکانی پەیوەندیدار بە سنووری هەردوو وڵات.

٢. پێی راگەیاندم کە وتووێژەکان بەشێنەیی بەرێوە دەچن. پێی وابوو تورکیا بەئاسانی پێشنیارەکەی بۆ مۆڵەت پێدانی شوانکاریی عێراقیو ماڵاتەکانیان بۆ چوونە ناو لەوەڕگاکانی تورکیا پەسەند ناکات، ئەگەرچی ئەمان بۆ ئەمە پارەیان دەدەنێو، بۆ چوونەکەیشی راست دەرچوو. پێشنیارەکە هەرچەندە بەڕوونی نەدرایە دواوە، وتووێژکارانی تورك لەوە ناڕازیبوون، چونکە شوانەکان ئاشووری یان خێڵەکییەکانن.

٣. وادیارە تورکیا بەنیازە بۆ ئاسایشی سنوور دەسەڵات بداتە ئەفسەرێکی جەندرمەی تورکو، لەسەر سنوور جێگیری بکاتو، هەرکە پەلامارێکی سنووری رووی‌دا، لەگەڵ ئەفسەرێکی بەتایبەتی دیاریکراوی سنووری عێراقدا، کاری خێرا ئەنجام بدات. نوری پاشا پێشنیاری کرد تورکیا سەرباز بنێرێتە سنوورو، بەڕووی شوێنکەتووانی شێخ ئەحمەدی بارزانیی تێکدەری ئاسایشی ئەم دواییەی عێراق دابیخات. بەڵام ئەم پێشنیارە، لەبەر ئەوەی جموجۆڵی سەربازی لەناوچەکەدا تا مانگی حوزەیران مەحاڵە، پەسەند نەکرا.

٤. رای تورك لەمەڕ ئاشووریەکان سەیرە. نایانەوێ شوانکارانی ئاشووری بچنە تورکیاوە، کەچی حکومەتی تورکیا چەند ساڵێك لەمەوبەر نارازی نەبوو (٥٠٠) ئاشووری لەعێراقەوە بگەڕێنەوە بۆ هەرێمی شاخاویی زێدی خۆیان لە تورکیا، کە ئێستایش تێیدا ماون. وا ئێستا داوا لە نووری پاشا دەکات هەرچیی پێدەکرێ، بۆ بەرگرتن لە کۆچی ئاشووریی نیشتەجێی عێراق بۆ سووریا، بیکات، چونکە یەکەم: عێراق دەتوانێ بۆ کۆنترۆڵکردنی کوردەکانی هاوسێیان بەکاریان بێنێ، دووەم: تورکیا حەزناکات ئەو ئاشووریانە کەمینەی موسڵمانی نیشتەجێی خاکی سووریای نزیکی سنوورەکەی زیاد بکەن.

٥. کۆپی ئەم نووسراوە بۆ کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لە بەغدا دەنێرم.

جەیمس مۆرگن

وەزارەتیدەرەوە، ٤٢٤/٢٧٦، ل: ٨، ژ: ٤

ژ: ١٠٦

لەسێرجۆن سیمۆنەوە بۆ سێرجی. کلارك (قوستەنتەنییە)

ژمارە:١١

ئۆفیسی دەرەوە، (٨)ی کانوونی دووەمی ١٩٣٢

بەڕێز،

باڵوێزی تورك پێی وتم، وەزیری دەرەوەی تورکیا بەڕێوەیە بەرەو تاران و مەبەستیەتی، لەڕێی دانوستانێکەوە، چاککردنێکی کەم لە سنووری نێوانیاندا بکات. روونی کردەوە کە ئێستا هێڵەکە کە بەچیای ئاراراتدا تێپەڕدەبێ و، جەردەکانی بەری تورکیا کەڕاو دەنرێن، بەسەر سنوورەکەدا هەڵدێن و، بەپێچەوانەیشەوە. بۆیە پێشنیار کراوە گشت چیاکە بکەوێتە ناو خاکی تورکیاوە و، بەرامبەر بەوە پارچە زەوییەکی باشوور کەئێستا خاکی تورکیایە بدرێتە ئێران. بەرنامەی ئەم ئاڵوگۆڕە لەتاووتوێدایە و، گەشتەکەی وەزیری دەرەوەیش بۆ تەواوکردنیەتی. فەرید بەگ

ئەوەیشی وت كـە وەزیری دەرەوە رەنگـە لەبـەغداوە بگەڕێتـەوە. خۆئەگـەر وابـێ، مەبەستی سەردانەكە دروستكردنی پەیوەندیی تایبەتە لەگـەڵ حكومـەتی عـێراقداو، ئامانجێكی تایبەتی نییە.

جۆن سیمۆن

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٦/٤٢٤، ل:٨، ژ: ٥

ژ: ١٠٧

لە سێرجی. كلاركەوە بۆ سێرجۆن سیمۆن (٢٩ی كانوونی دووەم گەیشتووە)

ژمارە: ٣٠

ئەنگۆرە، ١٨ی كانوونی یەكەمی ١٩٣٢

گەورەم،

ئامـاژە بەبروسـكەی ژمـارە(١)ی (١١)ی ئـەم مانگـەم سـەبارەت بـە ئیمزاكردنـی چەند رێككەوتننامەیەكی نێوان عێراق و توركیا، پێـم باشـە پێتـان رابگەیـەنم، نـوری پاشا بە نهێنی ئاگاداری كردوومەوە كە بابەتی دانوسـتاندنی رێككەوتننامـەكان بـەم جۆرەی خوارەوە بوون:

أ- حكومـەتی توركیـا رازیبـوو بـە پێشـنیارەكەی، تـا هـەندێ رێ و شـوێنی سـەرەتایی بـۆ راگرتنـی جـەردەیی سـەر سـنووری عـێراق- توركیـا وەرگـرێ. یەكلاییكردنـەوەی مەسـەلەی رێگـەدان بـە ئـاژاڵدارە عێراقیـەكان بـۆ چوونـە نـاو لـەوەڕگاكانی توركیـا، تـا ئەوكاتـەی عـێراق دەچێتـە كۆمەڵـەی نەتەوەكانـەوە، دواخراوە. توركیا رازیبووە كارمەندانی ئاگاداربكاتەوە كە ئەگـەر شێخی بـارزان لـە توركیا بینرا، بیگرن و، بیدەنەوە دەست حكومەتی عـێراق. هـەروەها نـاڕازای نـەبوە ئاشوورییەكان لە هەرێمی برادۆست جێگیر بكرێن.

ب- نـووری پاشـاو دەسـەڵاتدارانی تـورك بـۆ دەسـتكاریكردنی، یـان دووبـارە لێكدانەوەی برگـەی(١٤)ی رێككەوتننامـەی (٥)ی حوزەیرانـی (١٩٢٦)ی ئـەنگۆرەی

نێوان تورکیا– عێراق، نامەیان ئاڵوگۆڕکردووە. ئەم ماددەیە تایبەتە بە بەشی تورکیا لەو باجەی کە حکومەتی عێراق لە کۆمپانیا نەوتەکەی زووی تورکیا دەیدات. نامە ئاڵوگۆڕکراوەکان ئەوەیان تێدا هاتووە کە دەبێ راوێژ بە حکومەتی خاوەنشکۆ لە بریتانیا بکرێ، سەبارەت بە گفتوگۆکانی ئەم دواییە بۆ دەستکاریکردنی برگەی(١٤).

٢. وێنەی ئەم راپۆرتە بۆ کۆمیساری باڵای خاوەنشکۆ لە بەغدا دەنێرم.

جۆرج ئاڕ. کلارک

وەزارەتی دەرەوە، ٢٧٦/٤٢٤، ل: ٥٢، ژ: ١٨

ژ: ١٠٨

لە مستەر مۆرگنەوە بۆ سێرجۆن سیمۆن(١ی نۆڤەمبەر گەیشتووە)

ژمارە: ٥٠٣

قوستەنتەنییە، ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٤

گەورەم،

خۆشحاڵم وێنەی راپۆرتێکی کونسوڵی خاوەنشکۆ لە تەرابزوون هاوپێچ بکەم[١]، کە زانیاریی سەبارەت بە کوردانی دەرسیم تێدایەو، لە دوا گەشتیدا بۆ گوموشخانە وەریگرتووە.

٢. دەرسیم دەکەوێتە نێوان ئەرزنجان و ئەلعەزیز(خەرپووت)و، هەرێمێکی شاخاوییەو، رۆژئاوای دەڤەرێکی تری کوردنشینی تورکیایە. کوردانی ئەم شارە، ساڵانی دوایی باش رەفتاریان کردووەو، بەشداری زنجیرە سەرهەڵدانەکەی کورد نەبوون، کە ساڵی ١٩٢٥ بە یاخیبوونی شێخ سەعید دەستیان پێکرد.

---

[١] چاپ نەکراوە.

بەم جۆرە، دووربوون لە گۆڕنی کاریگەری کۆمار، کە بنەماکانی، وەك هەست دەکرێ، ئیتر پەسەند ناکرێن. ئەو ڕووداوە بچووکانە کە مستەر ماتیۆس ئاماژەی پێکردوون، رەنگە ببنە بەهانەی ئارەزووی شالاوو هەڵمەتی سەرکوتکاریی بەهار یان هاوینی ساڵی ئایندەی حکومەت.

جەیمس مۆرگن

وەزارەتیدەرەوە، ٤٢٤/٢٧٩، بەشی، ل: ٤١، ژ: ٣٣

ژ: ١٠٩

لە سێرپی. لۆرەینەوە بۆ مستەر ئێدن(٩ی کانوونی دووەم گەیشتووە)

ژمارە: ٦

ئەنگۆرە، ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦

گەورەم،

مستەر مۆرگن لە راپۆرتی ژمارە(٥٠٣)ی (٢٤) ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٤یدا تیشکی خستووەتە سەر ناوچەی شاخاویی دەرسیم کە کەوتووەتە نێوان ئەرزنجان و ئەلعەزیزو، کوردی رەسەنی دڕندەی تێدا نیشتەجێ بووە. پلانی حکومەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکەدا، ئێستا دەرکەوتووەو، وادیارە خاڵێکی هاوبەشی نێوان کاری ئاسایی کارگێڕیو سەرکوتکردنی سەربازییەو، هەردووکیشیان پێشتر تاقیکراونەوەو، بەپێویست دانراون.

٢. وەزیری ناوخۆ، لە وتەیەکی(٢٥)ی کانوونی یەکەمی ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانیدا، بۆ پشتگیریی ئیجرائاتی حکومەت لەپێناوی(دامەزراندنی ویلایەتی تونجەلی)دا، روونیکردەوە کە ئەم ویلایەتە نوێیە، وەك پێشتر ناوی دەرسیم بووە، دەبێ بەوناوەوە بێ. سنووری دەرسیم هەرگیز دیاری نەکراوە، بەڵام سنوورەکانی ئەم ویلایەتە ئیدارییە دەست نیشان کراون. ئەم ویلایەتە نزیکەی (٩٠) کیلۆمەتر پانو (٦٠) کیلۆمەتر درێژەو، ڕوویەرێکی(٤٥٠-٥٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشەی

گرتووەتەوە. دانیشتوانیشی، وەك شوكری قایا پێی لەسەرداگرت، (٦٠-٧٠) هەزار تورك دەبن. هەرێمەكە بەجۆرێك پشتگوێ خراوە كە رێكخستنی كۆمەلایەتیی لە هی سەدەكانی ناوەند دەكات. هاوولاتیانی كە بەسەر (٩١)خێلّدا دابەش بوون، خۆیان باری مەدەنیو دادەوەریو تاوانكارییان سەقامگیركردووە. دەرسیم هەرێمی (١١) ئۆپەراسیۆنی سەركوتكردنی سەربازییوە. خەڵكەكەی نەفامنو، بەهۆی بێپیتیی خاكەكەیشیەوە، هەژارن. خۆ ئەگەر چەكدارین، بەردەوام شەڕوشۆڕ لەناویاندا بەرپا دەبێ. شوكری قایا پاش ئەوە كە ڕوونی كردەوە ناوچەی وا دواكەوتوو لە گشت ولاتێكو فەرەنسەو ئیتالیاو یۆنانیشدا هەیەو، هۆكانی سەرنەكەوتنی هەوڵی شیاوی بۆ خەڵكی دەرسیم خستەڕوو. وتیشی حكومەت بڕیاریداوە ناوەندێكی شارستانی كە سەرتاسەری ولات بۆ خۆی رابكێشێ، لەو دەڤەرەدا دروست بكات. وتی: ئەم بڕیارە زادەی بارێكی ناثاسایی نییەو، زۆریش هەوڵی داوە ئەنجومەن دلنیا بكاتەوە لەوەی كەولات هیچ جۆرە بارودۆخێكی لەو جۆرەی تێدا نییە.

٣. كارێكی نوێی حكومەت كە بە كۆی دەنگ بڕیاری لێدراوە، بەپێی ئاژانسی نیمچە ڕەسمیی ئەنادۆڵ، دەست نیشانكردنی فەرماندەی فەیلەقی سەربازییە (كە درێژە بە پەیوەندیەكانی بە سوپاوەو بایەخی دەسەلاتی پلە سەربازیەكەی دەدات) وەك پارێزگارو قوماندانی سەربازیی ویلایەتی تونجەلی. ئەم پارێزگارە قوماندانە ئیمتیازی وەزیری كابینە یەك لەدوای یەكەكانی لە مەسەلە ئیداریەكاندا هەیە. هەروەها دەسەلاتی نیشتەجێكردنو گەشتو سەفەری ناو ویلایەتەكەی پێ بەخشراوەو، دەتوانی حوكمی مردن بدات، جگە لەو حالەتانەی دەست بە لێكۆلینەوەیان دەكرێتەوە.

٤. ویلایەتە تازەكە لە ویلایەتەكانی ئەلعەزیزو ئەرزنجان جیاكراوەتەوەو، دەكەوێتە نیوەی ڕۆژئاوای بەرەو باكووری نێوان مورداسۆو فوراتی سەرووەوە.

پێرسی لۆرەین

وەزارەتی دەرەوە، ٢٨٠/٤٢٤، ل: ٤١، ژ:٣

ژ: ١١٠

لە سێر پی. لۆرەینەوە بۆ مستەر ئیدن(١٩ی مارس گەیشتووە)

ژمارە: ١١٩

ئەنگۆرە، ٤ی ئاداری ١٩٣٦

گەورەم،

ئاماژە بەنووسراوی ژمارە(٤٢٧)ی (٢٩) ئابی ساڵی (١٩٣٥)م سەبارەت بە پشکنیارییەکی گشتیی نوێ، پێتان رادەگەیەنم: جەنەڕاڵ عەبدوڵڵا ئاڵپ دۆغان، بەپێی راپۆرتی چاپەمەنیەکان، کراوەتە چوارەم پشکنیاری گشتیی ئەلعەزیزی مەڵبەندی کارگێڕیی ویلایەتی تازە پێکهاتووی تونجەلی، خۆی لەوێ فەرماندەی سەربازییە(بڕوانەراپۆرتی ژمارە(٩٩)ی (٢٢) شوباتم).

٢. هێشتا روون نییە ئاخۆ سنوورەکانی چوارەم پشکنیاری گشتیو ویلایەتە تازەکە دیاریکراون یان نا.

پێرسی لۆرەین

وەزارەتیدەرەوە، ٢٨٠/٤٢٤، ل: ٥٢، ژ: ١٤

ژ: ١١١

لە سێر پی، لۆرەینەوەبۆ مستەر ئیدن(٢٨ی مایس گەیشتووە)

ژمارە: ٢٩٣

ئەنگۆرە، ١٧ی مایسی ١٩٣٧

گەورەم،

(١١)ی حوزەیران، بروسکەی جێگری کونسوڵی تەرابزوونی خاوەنشکۆم پێگەیشت کە ئەم دواییە نائارامی، بەپێی سەرچاوەیەکی زانیاریی بڕواپێکراو، لە

هەرێمی دەرسیم سەریهەڵداوەو، کوردانی یاخی(١٠) ئەفسەرو (٥٠) سەربازیان کوشتووەو، سەربازیش لە ئەرزنجان کۆکرایەوە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی بارودۆخەکە.

٢. راپۆرتێك لەسەر تیرە کوردەکانی نیشتەجێی دەرسیم لەگەڵ نووسراوی ژمارە(٥٠٣)ی(٢٤) ئۆکتۆبەری ساڵی(١٩٣٤)ی مستەر مۆرگندا هاوپێچ کراوە. منیش لە راپۆرتی ژمارە(٦)ی (٣) کانوونی دووەمی (١٩٣٦)مدا، رێو شوێنە ئیداریەکانی ئەو هەرێمە ئێستا بە تونجەلی ناسراوە باسکردووە. دەست پێکردنی ئەو ئیجرائاتانەیشم لە راپۆرتی ژمارە(١٧٢)ی(٣) نیسانی (١٩٣٦)مدا خستووەتە ڕوو. ئێستا وادیارە بەرەو رووی جۆرێك لە بەرەنگاری دەبنەوەو، ئاڵۆزیی ناوچەکەیش لە قسەکانی ئەم دواییەی وەزیری ناوخۆدا بۆ ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی لەمەڕ بارودۆخی ناوچە سنووریەکان(بڕوانە لاپەرە دووی هاوپێچی نووسراوی ژمارە(٢٠٤)ی (٩)ی نیسانم)و، لە سەرنجەکانی د.ئاراسدا بۆ من کە لە نامەی (١)ی مایسی مستەر رێندێڵدا ئاماژەی بۆکردووە، پشت راست کرایەوە.

٣. سەربازانی بەرفەرمانی جەنەڕاڵ عەبدوڵڵا ئاڵپ دۆغانی سەرۆکی پشکنیاریی گشتی کە خێرا کەوتنە خۆ، سەربە فیرقەی سێی پیادەی ئەرزنجان بوون و، ژمارەیان (٢) هەزار چەکدار دەبوو. وا هەست دەکرێ ئەو بەگشتی پشت بە سەربازانی فەیلەقی(٩)ی ئەرزڕۆم ببەستێ. هەروەها یەکەکانی جەندەرمەی بەتایبەت لەسەر شاخ رامێنراو، پشتیوانیی دەکەن. (١٠) ڕۆژێك لەمەوبەر، پاشکۆی هەوایی" Air Attache"ی باڵوێزخانەی خاوەنشکۆ، زانیبووی جێگری وەزیری فڕۆکەوانی وادەیەکی لەگەڵ نوێنەری دامەزراوەیەکی ئینگلیزیدا هەڵوەشاندووەتەوە، چونکە بەپەلەو بە فڕۆکەیەك چووەتە هەرێمی کوردەکان. کونسوڵی خاوەنشکۆ لە مەرسین، بە بروسکەیەك ئاگاداری کردمەوە کە (٢٠) فڕۆکەی سەربازی، بەپێی هەواڵی لە جەختکردنەوە نەهاتوو، لە ئەلعەزیزی ناوەندی کارگێڕیی ناوچەی دەرسیم دژی کورد بەکار دەهێنرێن.

٤. سەبارەت بە هێزەکانی حکومەتیش، ڕێپێناچێ تورکەکان بتوانن بەئاسانی ئاگری جووڵانەوەکە خەفە بکەن.

پێرسی لۆرەین

وەزارەتی دەرەوە، ٢٨١/٤٢٤، بەشی (٣٣)، ل: ١٣٢، ژ: ٨٩

ژ: ١١٢

لە پێرسی لۆرەین بۆ مستەر ئیدن(٢٨ی مایس گەیشتووە)

ژمارە: ٣٠٩

ئەنگۆرە، ٢٢ی مایس ١٩٣٧

گەورەم،

بروسکەیەکی تری (١٥) مایسی کونسوڵی کونسوڵخانەی تەرابزوونی خاوەنشکۆم، کاتی نووسینی راپۆرتی ژمارە(٢٩٣)ی (١٧)ی مانگم لەسەر بارودۆخی ناوچەی دەرسیم، پێگەیشت. بروسکەکە تایبەت بوو بەکوردە یاخیەکان، کەبەپێی ئاگاداریی ئەو، ژمارەیان (١٥) هەزار زیاترەو، بەردەوام زیانی گەورە لە هێزەکانی تورك دەدەن و، دڕندانە لاشەی ئەفسەرە کەوتووەکانی بەردەستیان دەشێوێنن. مستەر فالانگا هەروەها دەڵێ: (٣) هەزار سەربازی تورك لە ئەرزنجان کۆکراونەوەو، فڕۆکەیش لە دیاربەکرەوە دێ.

کونسوڵی خاوەنشکۆ لە مەرسین، لە ڕاپۆرتی(١٩)ی مایسدا نووسیویەتی: هێزەکانی حکومەت، بەپێی هەواڵەکانی ناوخۆ، سێ گوندی کوردنشینیان سووتاندووەو، فڕۆکەیەکیان لەدەست داوە. هەروەها کوردەکان ئەفسەرێك و (١٢) سەربازی یەدەگیان گرتووەو، بەکۆمەڵ کوشتوویانن.

پێرسی لۆرەین

وەزارەتی دەرەوە، ٢٨١/٤٢٤، بەشی(٣٣)ل: ١٣٢، ژ: ٩٠

ژ: ١١٣

لە پێرسی. لۆرەینەوە بۆ مستەر ئیدن(٢٨ی مایس گەیشتووە)

ژمارە: ٣١١

ئەستەمبووڵ، ٢٣ی مایسی ١٩٣٧

گەورەم،

ئامــاژە بــە نووســراوی ژمــارە(٢٩٣)ی (١٧)و (٣٠٩)ی (٢٣)ی مایســم لەمــەڕ نائارامیی ناوچەی دەرسیم، یادداشتەکەی پاشکۆی سەربازیی ئــەم باڵوێزخانەیــە بــۆ ئەم بابەتە هاوپێچ دەکەم.

٢. رائید رۆس(Major Ross) کەمیی زانیاریەکانی لە یادداشتەکەدا تێبینــی کــردووە. جــا ئەگــەر ئــەو دیمەنــە گشــتییە پیشــاندراوە دروســت بــێ، ئــەوا دەشــێ دەرەنجامەکە، بەهۆی نەبوونی درێژەی هەواڵەکانــەوە، لــە هــەموو بارەکــاندا راســت نەبێ.

٣. دەکرێ بڵێم چاپەمەنیەکانی تورك، تەنها یــەکیان نــەبێ، لــەم ئالۆزییــە تــەواو بێدەنــگ بــوون. (ســەن تێلیگــراف)(١٤)ی مــایس بابــەتێکی بڵاوکردبــووەوەو، ئاماژەیــەکی بەکێشــەی ویلایەتــەکانی رۆژهــەڵات کردبــوو. بڵاوکراوەکــە دوای ئەمــە راگیراو، چەند رۆژێك دەرنەچوو.

پێرسی لۆرەین

وەزارەتی دەرەوە، ٢٨١/٤٢٤، بەشی(٣٣)،ل: ١٣٣، ژ: ٩١

****

هاوپێچی ژ: ١١٣
هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سەربازیی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات

حکومەتی تورکیاو، بەتایبەتی ئەرکانی گشتی ، دوو کێشەیان هەیە: یەکیان ئەوی سەر سنووری سووریایەو، لەرووی سەربازییەوە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە سەرباز بۆ پشتگیریی گفتوگۆ سیاسییەکە کۆبکرێتەوە. رێگریو چەتەیی دەڤەری ماردین، کە چەتەکان لە خاکی سووریادانو، وادەست دەکرێ لەعێراقەوە هاتبن، بارودۆخەکەیان ئاڵۆزکردووە. هەڵبەت رێتێدەچێ بەشێکی ئەم دزیو جەردەییە بەهۆی هاندانی سوورییەکانەوە بێ. هەرکە کێشەکەی سنجەقی ئەسکەندەروونە، وەك ئومێد دەکرێ، دوایی هات، گرفتەکە نامێنێو کۆبوونەوەی سەربازانیش ئاسایی دەبێتەوە. بەڵام دەشێ پاسەوانانی سنوورو سەربازانی گومرگ ، وەکوو ئیشارەتیان پێدەدرێ، بەهێزبکرێن.

کێشەی دووەم یاخیبوونی کوردەکانی دەرسیمە. ئەم یاخیبوونە، بێگومان ماوەیەکە پەنگی خواردوەتەوەو، ئێستا دەزگا سەربازییەکانی تورکیش خۆیان بۆ دەست بەکاربوون لەو ناوچەیەدا ئامادە دەکەن. ئەگەرچی رێتێناچێ فەرەنسیەکانی سووریا دەستیان لە بزواندنی ئەم گرفتەدا هەبێ، دەکرێ ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنین کە راوو رووتی سنوورەکانی عێراق – سووریا کەمێك پەیوەندییان پێوەی هەیەو، کوردانیش بڕیاریان داوە هەتا ناکۆکیی تورکیاو فەرەنسە کۆتایی نەهاتووە، یاخی ببن. یاخیبوونەکە، کاتی خێڵەکیەکان زیانی گەورەیان لە سەربازانی تورك داو، زۆر دڕندانە رەفتاریان کرد، بەتەواوی تاوی سەند.

ناکرێ بە درێژی باسی هەنگاوەکانی ئێستای حکومەت بکرێ، بەڵام زانیاریەکانی بەردەست خواستەکانیمان بۆ روون دەکەنەوە. حکومەت مەبەستیەتی(حامیە)ی باشووری رۆژهەڵات بەهێز بکاتو، لە باکوور بکەوێتە سزادانی خەڵك. چەند

یەکەیەکی فەیلەقی (٧)ی دیاریەکرو فیرقەی(١٤)ی سوارەی ئورفەو(٢)ی پیادەی سعرتو وان و(١٧)ی ئەلعەزیز، سازو تەیار کراونەوە. سێ پۆل یەدەگیش بۆ بەهێزکردنی فیرقەی (٧)ی سوارەی ئەدەنەی سەر بە فەیلەقی (٦) بانگ کراون و، ئەم ئیجرائاتانە، بەدڵنیاییەوە، لە فەیلەقی (٧)یش کراوە. کەسانێکی فیرقەی (١٤)ی سوارە، لەئورفەوە، سەریان لەدیاریەکر داوەیەکەی گەڕۆکی جەندرمە کە ئەرکیان پاراستنی ئارامیی ناوخۆ، بەتایبەتی ناوچە شاخاویەکانە، بە کەسانی قوتابخانە جۆلکراوەکانی سەر دەردەنێڵ بەهێزکراون.

جا لەبەر ئەوەی زانیاریی لەوە زیاتر نییە، پێم وایە ئەمانە تەنها رێوشوێنی خۆپارێزین. ئەوان نەك هەر بەنیاز بوون (حامیە)ی سنووریی خوارووی رۆژهەلات قایم بکەن، بەڵکوو دەیشیانویست فەیلەقی (٧) ئەویەشەی ناوچەکە تەواو کۆنترۆڵ بکات. رەنگە بەشێکی ئەم فەیلەقە داوا بکرێ بۆ ئەوەی لە باشوورەوە یارمەتیی تێکشکاندنی یاخیبوون بدات.

کرداری سەربازیی دژی کورد، بەپێی زانیاریی دەستکەوتوو، لە ئەرزنجانی بنکەی فەرماندەیی فیرقەی (٣)ی پیادەی فەیلەقی (٩)ەوە بەرێوەدەبرێ. ئەم فیرقەیە سازدراوەتەوەو، فرۆکەی دیاربەکرو، پێدەچێ سەربازانی ئەلعەزیزیش پشتیوانیی بکەن.

سەرۆکی ئەرکانی گشتییو جەنەراڵ ئەحمەد ناجی تیناسی قوماندانی گشتیی جەندرمە (٧)ی مایس، وەك دەڵێن، بە گەشتێکی پشکنیاری سەریان لە (قەیسەری)ی بنکەی فەرماندەیی فەیلەقی (٧) دا. هەڵبەت ئامانجی ئەم گەشتە بڕیاردان بوو لەسەر ئەو رێوشوێنانەی کە پێویستە دژی کورد بیانگرنەبەرو، وا پێشبینی دەکرێ زیاتر بەرەو رۆژهەلات برۆن.

دروستکردنی پشکنیارییەك لە تونجەلی، بەگشتی، ئامانجەکانی نەپێکا. دیسەمبەری ساڵی ١٩٣٥، جەنەراڵ حوسەین عەبدوللا ئالپ دۆغانی ئەفسەری چالاك بەدەسەڵاتێکی فراوانی سەربازیو مەدەنییەوە دەستنیشان کرا بۆ ئەو پشکنیارییە.

وادیارە ئەو، لەبەر نەبوونی ئامرازو هۆکاری پێویست، نەیتوانیوە نیزامو یاسا پتەوبکات، یان بەهەر هۆیەکی ترەوە بێ، شکستی هێناوە. بەڵام من بڕوام بە هۆکاری یەکەم زیاترە.

دواجار، بڕیاری سزادانی کورد لەکاتێکدا هات کە بۆ تورک نەشیاو نەبوو. پیادەکان، یەکی مایس، ئاسایی بانگ دەکرێنو، ئەمەیش تەشکیلەکان لەڕووی سەربازییەوە بەهێز دەکات. کێشەی سنجەقی ئەسکەندەروونەیش بەکردەوە چارەسەر دەکرێ، چونکە کاربەدەستانی سەربازیی تورک بەوە نەبێ، لەتەک یاخیبوونی کورددا، کەم یا زۆر، خۆیان لە دڵە راوکێو نیگەرانیدا دەبینن.

وەزارەتی دەرەوە، ٤٢٤/٢٨١، بەشی (٣٣)ل:١٣٣-١٣٤، ژ١/٩١

ژ: ١١٤

لە مستەر مۆرگنەوە بۆ مستەر ئێدن (٢٢ی حوزەیران گەیشتووە)

ژمارە:٢١

برووسکە

ئەنگۆرە، ١٦ی حوزیرانی ١٩٣٧

ئاماژە بە برگەی (٢)ی بروسکەی ژمارە (١٩)ی حوزەیرانمو، راپۆرتی ژمارە (٣١١)ی (٢٣) مایسی پێرسی لۆرەین، سەرۆکی ئەنجومەن (١٤)ی حوزەیران لە قسەکانی تایبەت بە سیاسەتی ناوخۆی بەردەم ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانیدا، باسی نائارامیی هەرێمی کوردانی کردو، وتی چەند سەرۆکێکی ناوخۆ بەرهەڵیستیی بەرنامەیەکی تایبەتی چاکسازیی دووساڵ لەمەوبەریان بۆ بەشارستانیکردنی ئەو ناوچانە کردووە، بۆیە حکومەت ناچار بووە کۆتایی مانگی ئادار ڕێگەی سەربازی بگرێتەبەر. ئێستا دەسەڵاتی حکومەتو جەندرمە تەواو دامەزراوەتەوەو، بەرنامەی

چەکسازیش بەردەوام دەبێ. هەروەها ژمارەیەکی باش هێزی سەربازیی لە دەڤەرەکە بەجێهێڵراون.

سەرۆکی ئەنجومەن نکوولیی لە چیرۆکی شەڕوشۆڕی قورس و شکستی گەورە کردو، رایگەیاند: زیانەکانی ماوەی سێ مانگی ئۆپەراسیۆنەکەی حکومەت بریتی بوون لە (١٢) کوژراو، (١٨) بریندار کە یەکیان ئەفسەربووە.

وەزارەتی دەرەوە، ٢٨١/٤٢٤، بەشی (٣٣)، ل:١٤٠، ژ:٩٨

ژ:١١٥

لە مستەر مۆرگنەوە بۆ مستەر ئیدن (٢٤ی حوزەیران گەیشتووە)

ژمارە: ٣٦١

ئەنگۆرە، ١٧ی حوزەیرانی ١٩٣٧

گەورەم،

ئاماژە بە بروسکەی ژمارە (٢١)ی (١٦) حوزەیرانم، ئاگادارتان دەکەمەوە کە چاپەمەنیی تورک ژمارەیەك بروسکەی پەیامنێرێکی بڵاوکردوەتەوە، دەڵێن: ئەم پەیامنێرە بەشوێن دوا کردەوەی سەربازیی ناوچەی دەرسیمدا چووە. ئێستا، کە مەسەلەی ئەسکەندەروونە بەشێوەیەکی پەسەند دوایی هاتووە، نیگەرانیی ئەو بروسکانە لەو نیشانانەیدایە کە گوایە هەموو ئاڵۆزیەکە بەهۆی "سیخوڕە هاتووەکانی باشوور"ەوە بووە. هەروەها تێیاندا هاتووە: ئەمانە بەختیاریی ئەو خەڵکەیان کە بەهۆی لێهاتوویی لەڕادەبەدەری ئیدارەی تورکیاوەوازیان لە رێبازە کۆنەکەیان هێنابوو، لەسایەی نیزام و یاسادا دەژیان، لەباربرد.

٢ـ یاخیبوونەکە، بەپێی راپۆرتەکانی پەیامنێرەکە، بە بڕیارێکی خێڵەکی بووەو، مەبەست لێی داواکردن بووە لە حکومەت دەست لە دامەزراندنی خاڵەکانی پۆلیس و کۆکردنەوەی، چەك و.. هتد هەڵگرێ. ئەمجا پەلاماری هێزەکانی تورك دراوەو، پرد

رووخێنراوە. ئیتر ئەمانە کاری سەرکوتکاریی خێراو سەرکەوتوویان پێویست کردووە. یاخییان ئیستا گەمارۆدراون و (٥) هەزار کوژراوو برینداریان هەن، رەنگە دوا پێکدادانیش لەسەر چیای سوڵتان بابا (Sultan baba)[1] رووبدات. پەیامنێرەکە پێی لەسەر دادەگرێ کە حەسەن مەکی و سەید رەزای[2] یاخییان خەڵکیان بە نامەیەکی ساختە لەخشتەبردووە. نامەکە پرسیویە: بۆچی دەرسیمیە پێشتر هەرگیز خۆ بەدەستەوە نەداوەکان، ئێستا بە پشکنیارێکی گشتیی بێ چەک و سەرباز تەسلیم بوون؟

جەمیس مۆرگن

وەزارەتی دەرەوە، ٢٨١/٤٢٤، بەشی (٣٣)، ل: ١٤٧، ژ:١٠٣

***

ژ: ١١٦

لە پێرسی، لۆرەینەوە بۆ مستەر ئێدن (٨ی تەمووز گەیشتووە)

ژمارە: ٤٠٥

ئەستەمبووڵ، ٣ی تەمووزی ١٩٣٧

گەورەم

ئاماژە بە راپۆرتی ژمارە (٣٦١)ی (١٧) حوزەیرانی مستەر مۆرگن، پێتان رادەگەیەنم کە سەرهەڵدانی ناوچەی دەرسیم، بەپێی بروسکەیەکی گەیشتووی (٢٨) حوزەیرانی کونسوڵی خاوەنشکۆ لە تەرابزوون، ئێستا تەواو خامۆش کراوە.

---

[1] لە باکووری رۆژهەڵاتی ناوچەی دەرسیمە. (س)

[2] کوڕی سەید ئیبراهیمی حەسەنانییە، رۆژی ١٩٣٧/٩/٥ برایە ئەرزنجان بۆ گفتوگۆو دەستبەسەرکرا. ١٩٣٧/١٠/١٨ لە ئەلعەزیز ئیعدام کرا (د. نوری دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، ل٢٢٢، ٢٢٣). (س)

مستەر ماتیۆس لە سەرچاوەیەکی بڕواپێکراوەوە زانیویەتی: دوا کۆمەڵی یاخییان کە ژمارەیان (٥٠٠–٦٠٠) کەس بووە، (٢٤)ی حوزەیران خۆیان بەدەستەوە داوە، باوەڕ وایە زیانەکانی سەربازانی حکومەت گەورە نەبن، بەڵام جەندرمەو هێزی هەوایی کە ڕۆڵی گرنگیان لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕیندا بینیوە، زیانی بەرچاویان لێکەوتووە. چاپەمەنییەکان بەجۆش و خرۆشەوە ئەمەیان بڵاوکردەوە: سەبیحە گۆکچەن (Sabiha Gokcen)[1] کە ئەتاتورک خۆی بەخێوی کردووە، بنکەو بارەگاکانی یاخییانی بە سەرکەوتوویی بۆمباران کردووە.

٣- مستەر ماتیۆس زانیویەتی کە حوکمی عورفی لە ناوچە نائارامەکاندا کاری پێدەکرێ، بەڵام پەیوەندیی پۆستەو بروسکە هەر ماوە. دەڵێن: زۆر لە ڕێبەرە خۆبەدەستەوەداوەکانی یاخیبوون لەداردەدرێن.

٤- جێگری کونسوڵی بریتانیا لە مەرسین، دەڵێ: بەپێی رای گشتی، یاخیبوونەکە بەتەواوی دامرکێنراوەتەوە، زۆرینەی سەرکردەکانی تەسلیم بوون. سەید ڕەزای ڕێبەری سەرەکی هێشتا تەسلیم نەبووە.

٥- چاپەمەنییەکانی ئەستەمبوڵ درێژەی پرۆگرامە چاکسازییەکانیان بڵاوکردەوە کە بەتەمان لە ناوچەی دەرسیم جێبەجێیان بکەن. ئەم بەرنامانە دروستکردنی ڕێگەو پردو قوتابخانەو قشڵەو دامەزراندنی بنکەی جەندرمەیان تێدایە. هەروەها پێشنیاری دانانی سیستمی بانك کراوەو، مستەر کاتۆن (Mr. Catton)

[1] سەبیحە گۆکچەن ١٩١٣/٣/٢١ لە برووسە لەدایك بووە. لەساڵی ١٩٢٥ەوە، ئەتاتورك بەخێوی کردووە، چونکە باری بژێویی خراپ بووە. ساڵی ١٩٣٥ چووەتە قوتابخانەی فڕۆکەوانیی مەدەنیی کۆمەڵەی فڕۆکەوانیی تورکی. بۆ ڕاهێنان نێردراوەتەوە رووسیاو، دواترو ساڵی ١٩٣٦ چووەتە ئەکادیمی فڕۆکەوانیی سەربازی لە ئەسکیشەهر. ساڵی ١٩٣٧ بەشداریی ئۆپەراسیۆنەکانی ئیجەو دەرسیمی کردووە. ئەمجا تا ساڵی ١٩٥٥ کراوەتە ڕاهێنەری سەرەکیی کۆمەڵەی فڕۆکەوانی (Turk kusu)، پاشان کراوەتە ئەندامی دەستەی جێبەجێکاری فڕۆکەوانیی تورك. ٢٢ی ئاداری ٢٠٠١ بە نەخۆشی گیانی لەدەست دا. گۆکچەن بە یەکەم فڕۆکەوانی مێی تورك دادەنرێ

(http:llwww. byegm. gov. tr/yayinlarimiz/ newspot/2001/mar-apr/n4.htm)

زانیویەتی کـەبانکی ئیش (Is Bankasi) بەم زووانـە چەند لقێکی لـە هـەرێمی دەرسیم دەکاتەوە. هەر لـە چاپەمەنییەکاندا هـاتووە کـە سیستمی دەرەبەگایـەتی دەسرڕدرێتەوەو، رێبـەرانی سـەرەکیی کـورد رادەگوێزرێنـە ناوچـە دوورەکـانی تـری تورکیا

پێرسی لۆرەین

وەزارەتی دەرەوە، ٢٨١/٤٢٤، بەشی (٣٤)، ل:٥، ژ:٥

ژ: ١١٧

لە پێرسی لۆرەینەوە بۆ مستەر ئیدن (٢٣ی تەمووز)

ژمارە: ٤٣٢

ئەستەمبووڵ، ١٦ی تەممووزی ١٩٣٧

گەورەم،

ئاماژە بـەراپۆرتی ژمـارە (٤٠٥)ی (٣)ی تـەموزم، ئەمـەوێ پێتـان رابگەیـەنم: ئەندامێکی ستافەکەم وتووێژێکی گرنگـی لەگـەڵ پشـکنیارێکی وەزارەتـی کـاردا کـە کەسـایەتییەکی بەتەمـەن‌و ناسراوەو، تـازە لـە ناوچـەی دەرسـیم گەڕاوەتـەوە، سازداوە.

٢ـ پشـکنیارەکە وتوویـەتی: هێشـتا شـەڕ بەردەوامـەو، جەنـەڕاڵ ئـاڵپ دۆغـان دەسـەڵاتی سـەرکوتکردنی راپـەڕین‌و دەسـتپێکردنی رێوشـوێنەکانی کـارگێڕیی بـۆ هێورکردنـەوەی کـوردی پێدراوە. پشـکنیارەکە زۆر بەشـان‌و بـاڵی تـین‌و توانـی کارگێڕی‌و کۆنترۆڵی جەنەڕاڵیان هەڵداوە. هەروەها وتوویەتی: جەنەڕاڵ ئـاڵپ دۆغـان پێـی وایـە لـە رابـردوودا توندوتیژیی زیاد دژی کـورد بـەکارهاتووە، بۆیـە راپـەڕین بەردەوام سەری هەڵداوەتـەوەو، دەبـێ جەندرمـە لەبـەر ئـەو نائارامییـە درێژخایەنـە سەرزەنشت بکرێ. ئەمساڵ هەوڵی داگیرکردنی سەرتاسەری هەرێمی نائـارام نـادرێ.

سەربازان تا هێڵێکی (دیارینەکراو) پێشڕەوی دەکەن‌و، ئیتر دەوەستن‌و، ئەمجا ڕێو شوێنی هێورکردنەوەو قەناعەت پێکردنی کورد دەست پێدەکەن. پرۆسەی گرتنەوەکە ساڵی ئاینده بەردەوام دەبێ‌و، سەربازی زیاترو ژمارەیەکی کەمتری جەندرمە لە داهاتوودا لەو ناوچانە جێگیر دەکرێن. لەهەندێ باری ناچاریدا نەبێ، مامەڵەیەکی زۆر بەخشندانە تر لەتەک کورداندا دەکرێ‌و، کوردەکانیش هەمیشە هاوکاریی ڕێبازە نەرمەکان دەکەن.

٣ـ پشکنیارەکە لەسەری ڕۆیشتووەو وتوویەتی: بنیاتنان‌و بەرەو پێشچوونی ناوچەی دەرسیم، بە چاودێریی جەنەراڵ‌و لەلایەن کارمەندانی وەزارەتەکانی پەروەردەو کارەوە دەستیان پێکراوە. ئەو خۆی، هەر کاتێ بکرایە، لەگەڵ کرێکارانی کورددا ئیشی دەکردو، پردی بنیات دەنا، کوردی لە ئاژاوەگێڕی دوور خستووەتەوەو، ئەوانیش وەك کارگەری باش‌و ئارەزوومەندو (ژێرتر لە تورکانی ئەنادۆڵ) کار دەکەن. ئومێد دەکرێ ساڵی ئاینده پاشماوەی ئەم شێوازانەی هێورکردنەوە، بەبێ خوێنڕێژیی تر، لەوناچانەد تەواو ببێ.

٤ـ پشکنیارەکە سەبارەت بە شەڕیش وتوویەتی: زیان‌و قوربانیانی تورك لەوانەی کورد، کە باجێکی زۆر لەشەڕیاندا دراوە، زیاترن.

پێرسی لۆرەین

وەزارەتی دەرەوە، ٢٨١/٤٢٤، بەشی (٣٤)، ل:٦، ژ:٧

ژ: ١١٨

لە پێرسی لۆرەنیەوە بۆ مستەر نێدن (٢٥ی نۆڤەمبەر گەیشتووە)

ژمارە: ٦٨٤

ئەنگۆرە، ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٠٠٧

گەورەم،

ئاماژە بە بروسکەی ژمارە (١٦)ی (٢١)ی ئۆکتۆبەری مستەر مۆرگن لەبارەی یاخیبوونی ئەم دواییەی کوردەوە، ئەمەتان پێ ڕادەگەیەنم: ئەو دادگایە کە سەرکردەکانی یاخیبوون دادگایی دەکات، بەپێی بڵاوکراوەکانی (١٦) تشرینی دووەمی تورکیا، (١١) کەسی بە مردن حوکم داوە، سەید ڕەزاو شەشی تر لەسێدارە دراون و، حوکمی مردنی چوارەکەی تر، بەلەبەرچاوگرتنی تەمەنیان بۆ سی ساڵ زیندانی گۆڕدراوە. هەروەها لەراگەیاندنەکەدا هاتووە: (٣٣) تاوانباری دیکە بەزیندانی بەحوکمیی سزا دراون و، (١٤) کەسیش ئازادکراون.

٢- ڕۆژنامەی (Republique)، لە باسی لەداردانی خێرای سەید ڕەزا شەش هاوەڵەکەیدا، نووسیویەتی: حوکمی مردنی ناوچەکانی بەرفەرمانی پشکنیارییە گشتییەکان، پێویستیان بە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی نییە. ناوچەی دەرسیم (تونجەلی)ی ناوەندی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم دواییەش، هەرێمی یەکەم پشکنیاریی گشتییە.

پێرسی لۆرەین

وەزارەتیدەرەوە ٢٤٢/٢٨١، بەشی (٣٤)، ل:٦٠-٦١، ژ:٦٤

ژ:١١٩

لە پێرسی. لۆردینەوە بۆ ڤیسکاونت هالیفار (١٥ی سێپتمبەر گەیشتووە)

ژمارە: ٤٥٩

نوێنەری خاوەنشکۆ لە ئەستەمبووڵ راپۆرتێکی بۆ وزیری کاروباری دەرەوەی خاوەنشکۆ دەنێرێ‌و، ئاماژە بە بروسکەی ژمارە (٩)ی (٥)ی ئابی باڵوێزخانە، کۆپی راپۆرتێکی (٥) ئەیلوولی پاشکۆی سەربازیی لەبارەی دامرکاندنەوەی کوردانی هەرێمی تونجەلی هاوپێچ دەکات.

ئەستەمبووڵ، ٩ی ئەیلوولی ١٩٣٨

هاوپێچی ژ:١١٩

لە نەقیب – کۆلۆنێل رۆسەوە بۆ مستەر مۆرگن

ئەستەمبووڵ، ٥ی ئەیلوولی ١٩٣٨

گەورەم،

خۆشحاڵم ئاگادارت بکەمەوە، کە کاتی سەردانەکەی (٣١)ی ئابی پاشکۆکانی خزمەت (ملحق الخدمة) بۆ ئەلعەزیز، جەنەراڵ عەبدوڵڵا ئاڵپ دۆغان وتەیەکی بچووکی لە هەرێمی تونجەلی پێشکەش کردووە. ئەم ئەفسەرە شارەزایە، هەروەکوو ئاگادارن، نزیکەی دوو ساڵە ئیش‌و کاری پارێزگاری مەدەنی‌و سەربازیی ئەو هەرێمەی لە ئەلعەزیزەوە پێکەوە گرێ داوەو، بەرپرسی پرۆسەی هێورکردنەوەی ئەو ناوچەیە بووە، ئەم وتەیەو چەند زانیارییەکی تری دەڤەری تونجەلی وا لە خوارەوە کورت کراونەوە:

جەنەراڵ عەبدوڵڵا ئاڵپ دۆغان وتی: دیجلەو فورات لەو ناوچەیەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە ئەو هەرێمە بایەخی خۆی هەیە. شێوەی ناوچەکە وا هەڵکەوتووە کە لێشاوی کۆچی خەڵك لە رۆژهەڵاتەوە، لەرابردوودا، رووی لەوێ کردووە. تورك خۆی

لەئاسیاوە هاتووەو، لەگەڵ دانیشتوانی تونجەلیدا یەك رەچەڵەكن. هەڵبە
تیۆرییەکی بەجێیە کە تورکەکان بە رێیەکی گونجاوی بزانن بۆ پیادەکردنی
سیاسەتی نەتەوەیی خۆیان.

خولی دووەمی کردارە سەربازییەکانی ئەمساڵ، وەك لەراپۆرتی (٥) تشرینی
یەکەمی (١٩٣٨)مدا، ئاماژەم پێداوە، بۆ تێکشکاندنی هەر نیشانەیەکی درێژخایەن و
ساڵی پار جێبەجێنەکراوی یاخیبوونی کوردانی ناوچەی تونجەلی تەرخانکراوە. سێ
فەیلەقی سەربازی و سەربازی زیادەو (٤٠) فرۆکە خراونەگەڕ. ئەو نەخشەو وێنانەی
کە نیشانی پاشکۆکان دراون، دەریدەخەن ئەو هەرێمە چەندە شاخاوییەو،
ئارامکردنەوەی چەند سەختە.

چەند سەرکردەیەکی دەستگیرنەکراوی یاخییان بەرگرییان کردووەو، رەنگە
کوشتار لە هەردوولا بووبێ. راگەیاندراوە: بریندارانی تورك، مانگی ئاب، لە ئەلەعزیز
بینراون.

پێم وایە چالاکییەکانی تورك تاڕادەیەك سەرکەوتوو، لەوانەیە ژمارەیەك
کوژراویش هەبن. چەند رێبەرێکی کوردو ژمارەیەکی کەمی دانیشتوان گواستراونەوە
بۆ شوێنی تری تورکیاو، بڕێك چەك (١٢ هەزار پارچە، بەپێی چاپەمەنییەکان)
دەستیان بەسەردا گیراوە. پاشماوەی خەڵکەکەیش، بەچاودێریی هێزەکانی
پارێزگاریی ناوخۆ، کە ئێستا لە خاڵە گرنگەکاندا بنکەیان بۆ دروست دەکرێ،
دانراون. هەروەها بەتالیۆنێکی نوێی پێکهاتوو لە دوو فەوجی پیادەو چەند تۆپێك
سازدراوەو، لەسەر چاوگەی رووباری مەنسوور (موراد) جێگیر کراوە.

ئارامکردنەوەی تەواوی ناوچەی تونجەلی پشت بەو رێوشوێنانە دەبەستێ کە
دەزگاکانی تورك دەیانگرنەبەر. رووداني كێشەی بچووك لەو ناوە، تەواو بەدوور
نازانم. تورکیا ئێستا پرۆگرامێکی بنیاتنانی بەبڕی (٣) ملیۆن لیرە بەدەستەوەیە.
دوو شارێگە کە ئەرزنجان بەئەلعەزیزەوە دەبەستنەوەو، یەکیان بە بەشی رۆژئاواو
ئەویتریان بەرۆژهەڵاتی تونجەلیدا تێدەپەڕێ، لە دروستکردندان. ئەم دوو رێگەیە

لەچەند خاڵێکدا پێکەوە دەبەسترێنەوەو، تۆڕێک لەسەرتاسەری دەڤەرەکەدا پێکدەهێنن. ئومێد وایە ئەم سیستەمە لە دوو سێ ساڵدا کۆتایی پێ بهێنرێ. (٤٢٠) کیلۆمەتر ڕێگەو (٩)پرد بەکۆی درێژیی ٦٩٠ مەتر دروستکراون. (٩) قشڵەو (٨) پۆستی سەربازیو (٥) بینای ئۆفیسی کارگێڕیو (٩٢) خانوو بۆ کارمەندان، بەپێی بڵاوکراوەکان، لەناوچەکەدا بنیات نراون. سیستمی تەلەفۆنیش (٥٠٠) کیلۆمەتری خراوەتەسەر.

مارشاڵ فەوزی چاکماك (Fevzi Cakmak) پێی وتم: نەخشەی دروستکردنی بەستێك لەسەرچاوەی ڕووباری مەنسوور (یان موراد) کێشراوەو، بەمەیش دەریاچەیەکی دەستکردی قەشەنگو دڵگیر پێکدێو، پێشبینی دەکرێ، وزەی کارەبایشی لێ بەرهەم بێ. بە قسەی نوێنەری سەرەکیی ئەرکانی گشتیو ئەفسەرەکانی تری تورك، هیوادارن لەدواییدا شەرێمی تونجەلی بکەنە (سویسرای دووەم)و، زۆر جوانی بکەن. پێم وایە ئەو سەختیو زەحمەتەی کە گەشتیارانی تورکیا دێنە ڕێیان، تەگەرەیەکی بەرچاوی هاتنەدیی ئەم ئاوات و٩ خەونە دەبن.

ئێی ڕۆس

پاشکۆی سەربازی

وەزارەتی دەرەوە، ٢٨٢/٤٢٤، بەشی(٣٤)، ل:١٧–١٨، ژ:١٦

کۆتایی

سوپاس و پێزانین

بە پێویستی ئەزانم پڕ بە دڵ سوپاسی ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە بکەمکە دڵسۆزانە هاوکارییان کردووم:

مامۆستا ڕەفیق ساڵح کە بە لەخۆبوردنەوە ئەم کتێب (سەرچاوەیە)ی خستە بەردەستم بۆ وەرگێڕان.

کاك سدیق ساڵح کە بە پشوو درێژییەوە بە دەستخەتی وەرگێڕانەکەمدا چووەوە ، سەرنجی بەسوودی زمانەوانیی دامێ و کتێبەکەی بەو پەراوێز و پێڕستانە دەوڵەمەند کرد.

شەن محەمەد لە زانکۆی سلێمانی کە چەند بڕگەو ڕستەو بەڵگەنامەی فەڕەنسیی کتێبەکەی بۆ کردمە عەرەبی.

ئەم خوشك وبرایانە کە هەریەکەیان لە ساخکردنەوەی هەندێ وشەو زاراوەو ڕستەو بڕگەدا یاریدەیان دام: بەڕێزان د. کوردۆ عەلی، شێرزاد حەسەن، لیدیا شاسوار، ئومێد محەمەد ئەمین.

پێرستی ناو

١- ناوی کەس

ئـ:

ئەدمۆندز: ٤٤٢

ئۆرهان سامی بەگ: ٢٩٦

ئۆستن چامبرلەین: ٩١، ٩٢، ٩٣، ١٠١، ١٠٢، ١٠٣، ١١٨، ١٢٢، ١٣١، ١٣٥، ١٣٩، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٩، ١٥٥، ١٥٧، ١٦٤، ١٦٦، ١٦٩، ١٧١، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٩، ١٨٢، ١٨٧، ١٩٠، ١٩١، ١٩٥، ١٩٦، ٢٠٢، ٢٠٤، ٢٠٧، ٢١١، ٢١٣، ٢١٥، ٢١٩، ٢٢١، ٢٢٣، ٢٢٥، ٢٢٦، ٢٢٧، ٢٢٩، ٢٣٠

ئۆغلۆو حوسەین: ١٦٦

(سێر) ئادەم بلۆك: ١٥٤، ٢٠٧

(دكتۆر) ئاراس: ٤٨٣

(مستەر) ئالیكس كەی. هیلم: ٢٢٤، ٢٣٩، ٢٤٠، ٢٧٢، ٢٩٣، ٣٦١، ٣٦٦، ٣٦٦، ٣٦٧، ٣٧١، ٣٧٣، ٣٩٠، ٣٩١

ئاغاسی: ٣٨٦

(كاپتن) ئەحمەد نەبی بەگ: ٤٤٧

(جەنەڕاڵ) ئەحمەد ناجی تیناس: ٤٨٧

(شێخ) ئەحمەدی بارزان (شێخی بارزان): ٣٥٨، ٣٦١، ٣٦٦، ٣٦٨، ٤٠٨، ٤١٥، ٤٧٦، ٤٧٨

(مستەر) ئەی. هندرسن: ٢٣٩، ٢٧٢، ٢٧٤، ٢٧٨، ٢٨٣، ٣١٣، ٣١٨، ٣٢٠، ٣٢٧،
٣٢٩، ٣٣٠، ٣٣١، ٣٣٦، ٣٤١، ٣٤٤، ٣٤٩، ٣٥٣، ٣٥٩،
٣٦٥، ٣٦٦، ٣٦٨، ٣٦٩، ٣٧١، ٣٧٤، ٣٨١، ٣٩٠، ٣٩٢،
٣٩٤، ٣٩٨، ٤٠٣، ٤٠٧، ٤١٠، ٤١٧، ٤١٨، ٤٢٠، ٤٢٥،
٤٢٦، ٤٢٧، ٤٢٨، ٤٣١

ئەتەم بەگ: ٢٨٨

ئەحمەد موختار بەگ: ٤٥٤

ئەدهەم چەرکەسی: ١٨٨

ئەردەرۆونی: ٣٨٧، ٤٠٤، ٤٠٧

ئەکرەم بەگ: ٣٤٨، ٣٧٧، ٣٨٥

ئەمانوڵڵا: ٤٠٨، ٤١٢

ئەمیر عەللام: ٣٢١، ٣٢٦، ٣٣٦

ئەمین بەگ: ٧٠

ئەنوەر پاشا: ٤٠٨، ٤١٣

ئیبراهیم بەگ: ٣١٤، ٣١٦، ٣٧٧، ٣٨٢، ٣٨٥

ئیبراهیم تاڵع بەگ: ٢٢١، ٢٢٤، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٥٣، ٢٧٣، ٢٩٩،
٣٠٠، ٣٠١، ٣٠٢، ٣٠٥، ٣٤٥، ٣٥٣، ٣٦٢، ٤٠٢، ٤٣٢، ٤٣٣،
٤٣٧، ٤٣٨، ٤٤٥

ئیبن سعوود: ٢٠٠

ئێتینگۆف: ٢١٨

(مستەر) ئێدن: ٤٨٠، ٤٨٢، ٤٨٤، ٤٨٥، ٤٨٨، ٤٨٩، ٤٩٠، ٤٩٢، ٤٩٤

ئیحسان نووری: ٣٧٧، ٣٨٢، ٤١٩، ٤٢٣

ئیسماعیل: ٣٨٣، ٣٨٤

ئێمری: ١٨٥، ١٨٦
(مەیجەر) ئەی. رۆس: ٤٨٥، ٤٩٥، ٤٩٧
(مستەر) ئەی. ئار. لیندسەی: ٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٥، ١٠١، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٧، ١١٨، ١٢١، ١٢٢، ١٣٠، ١٣١، ١٣٥، ١٣٥، ١٣٨، ١٣٩، ١٤١، ١٤٢، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٩، ١٥٠، ١٥٢، ١٥٣، ١٥٣، ١٥٥، ١٥٦، ١٥٧، ١٦٤، ١٧١، ١٧٣، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٣، ١٨٤، ١٨٧، ١٩١، ١٩٢، ١٩٣، ١٩٥

ب:
بەیدەر: ١٩٤
بی. جەی. ئۆلێری: ٣٣٤، ٣٣٥، ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٤٨، ٣٥٤، ٣٩٩، ٤٠٠، ٤٠١، ٤١٠، ٤١١، ٤٢٠، ٤٢١، ٤٢٧، ٤٢٨، ٤٢٩، ٤٣٠

پ:
(مستەر) پارز: ٤٢٦، ٤٢٧
(کۆلۆنێل) پێرسی سی. ئار. دۆد: ٣٢٢، ٣٢٤، ٣٨١
(سێر) پێرسی لۆرەین: ٤٨٠، ٤٨١، ٤٨٤، ٤٨٤، ٤٨٥، ٤٩٠، ٤٩٢، ٤٩٣، ٤٩٤، ٤٩٥

ت:
تۆفیق بەگ: ٤٣٩
تۆفیق ڕوستو: ٣٤١، ٣٤٣، ٣٤٩، ٣٥٤، ٣٦٦، ٤١٣
تۆفیق ڕوشدی: ١٢٢، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٨، ١٧٤، ١٩٦، ١٩٧، ١٩٩، ٢٠٢، ٢٠٣، ٣٩٥، ٤١٦

تۆفیق هادی بەگ: ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٩٨
(کۆلۆنێل) تۆما لۆرەنس: ٢٧٥، ٣١٤، ٣١٦، ٣٧٠، ٣٨٥
تامپلی، تامپلین: ١٥١، ١٨٥
تامیر لوتفی: ٣٦٦
تەلۆ: ٣٥١
تەیموور تاج: ٢٧٦، ٣٢١، ٣٩٦، ٤٧٤
(سەید) تەها (نەهری): ٢٣٤

ج:
(مستەر) جەیمس مۆرگن: ٤٢٥، ٤٢٨، ٤٢٩، ٤٣١، ٤٧٣، ٤٧٥، ٤٧٦، ٤٧٩، ٤٨٠، ٤٨٣، ٤٨٨، ٤٨٩، ٤٩٠، ٤٩٤، ٤٩٥
(مستەر) جاکوۆرت: ٢٦٩
جاوید بەگ: ٧٣
جەمیل بەگ (مەدفەعی): ١٤١، ١٦٨
جەعفەر پاشا (عەسکەری): ٢٩٦
جەلال بەگ: ٧٤
جەی. جی. ئەی. ڤالانگا: ٤٧٢، ٤٧٣، ٤٨٤
(سێر) جۆن سیمۆن: ٤٧٢، ٤٧٦، ٤٧٧، ٤٧٨، ٤٧٩

(سێر) جی. کلارك: ١٩٦، ١٩٧، ٢٠٢، ٢٠٣، ٢٠٤، ٢٠٦، ٢٠٧، ٢١٠، ٢١٢، ٢١٣، ٢١٥، ٢١٨، ٢١٩، ٢٢٠، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٣٠، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٣٩، ٢٤٠، ٢٧٩، ٢٨٢، ٣٢٠، ٣٢٧، ٣٢٨، ٣٢٩، ٣٣٠، ٣٣١، ٣٣٤، ٣٤١، ٣٤٣، ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٤٩، ٣٥٢، ٣٥٣، ٣٥٤، ٣٥٥، ٣٥٧، ٣٦٢، ٣٦٦، ٣٩٨، ٣٩٩، ٤٠٠، ٤٠١، ٤٠٧، ٤٠٩، ٤١٠، ٤١٧، ٤١٨، ٤١٩، ٤٢٠، ٤٣١، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٧٢، ٤٧٣، ٤٧٧، ٤٧٨، ٤٧٩

(جەنەراڵ) جەواد پاشا: ٨٤، ١٣٦، ٣٦٣

جیفری میەید: ٣٩٢، ٣٩٣

چ:

(مستەر) چاڤ: ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٣٩

(مستەر) چەرچەڵ: ٢٠٨

ح:

حاجۆ: ٢٦٤، ٢٧٣

حەسەن ئاغا: ٤٠٦

حەسەن پاشا: ٢٧٣

حەسەن خان ئەختەر: ٢٨٣

حەمدی پاشا: ١٧٠

حەیدەر بەگ: ٦٩

کۆر حوسەین: ٣٤٦، ٣٤٧، ٤٠٢

(جەنەراڵ) عەبدوڵلا ئاڵپ دۆغان: ٤٨٢، ٤٨٣، ٤٨٧، ٤٩٢، ٤٩٥

(میر لیوا) حوسەین پاشا: ٢٣٦، ٢٣٧
حوسەین جامید: ١٢٠، ١٣٢، ١٤٠، ١٤٧، ١٤٨، ١٧٠
حوسەین: ٤٠٣
حیلمی بەگ: ٤٧٣

خ:
خالید بەگ: ٩٧، ٩٩
خالید بەگ ئاغای جەلالی : ٣٢٨، ٣٨٥، ٤٨٦
خالیس شێخ عەبدولمەجید: ٢٨٠، ٣١٥، ٤٠٢
شێخ خەلیل: ٣٨٢
خەلیل ئاغا (بەگ): ٤٧١، ٤٧٢، ٤٧٣
خوڕەم بەگ: ٤٤٢

د:
داڤتیان: ٣٩٥
(مسیۆ) دو ژوڤونێل: ١٩٨
(مسیۆ) دو شابغۆن: ٣٦٧

ڕ:
ڕۆبن پاشا: ٣٢١، ٣٢٣
ڕەئووف بەگ: ٧٢، ٧٣، ٧٤، ٨٦، ٩٦
ڕەجەب: ١٠٦، ١٢٠، ١٣٧
ڕەحمی بەگ: ٧٣، ٧٤، ٨٦

رەسووڵ: ٣٤٦

رەشید بەگ: ٧٠، ٨٦

رەفیق بەگ: ١٦٨

(رائید) ئار. ئی. هارێنك: ١٠٤، ١٠٩، ١٢١، ١٣٢، ١٣٥، ١٣٧، ١٣٩، ١٤٢، ١٤٣، ١٥٣، ١٥٤، ١٧، ١٥٩، ١٦٠، ٢١١، ٢١٧

(سێر) رۆبەرت ئارپ. کلایف: ٢٥٧، ٢٧٤، ٢٧٧، ٣٢١، ٣٢٢، ٣٢٥، ٣٣٦، ٣٣٧، ٣٦٣، ٣٦٨، ٣٦٩، ٣٧٤، ٣٧٦، ٣٨١، ٣٨٢، ٣٨٦، ٣٨٧، ٣٩٤، ٣٩٧، ٤٢٨

(لۆرد) ڕاسفیڵد: ٤١٢

(مستەر) راڤینسدەیل: ٤٣١، ٤٣٢

(مستەر) رێندێل: ٤٨٣

سەید ڕەزا: ٤٨٩، ٤٩١، ٤٩٤

(مستەر) ئار. ئەیچ. کامپبێل: ٣٦٥

(دکتۆر) رەشید پاشا: ١٦٩

(مستەر) ڕایان: ٧٤

(مستەر) ڕۆبەرتس: ٤٣١، ٤٣٢

ریزوان بەگ ئۆغڵوو خوسرەو بەگ: ٤٠٣

ز:

زەفەرودەولە: ٣٤٩، ٣٥٠، ٣٨٩

زەکی بەگ (پاشا): ٨٥، ١٦٨، ٢٨٢، ٣١٧، ٣٤٨، ٣٧٧، ٣٨٥

زەینەفوون: ٢٦٣

س:

سالّح پاشا: ٢٨٢، ٣١٧، ٣٤٨، ٣٧٧، ٣٨٤، ٤٠٠، ٤٠١، ٤٠٣

مەلیك سالّحی سەلجووقی: ٤٤٥

(جەنەڕاڵ) سەرایل: ١٦٢

(شێخ) سەعید (پیران): ٩١، ٩٤، ٩٥، ٩٦، ٩٧، ٩٩، ١٠٠، ١٠٨، ١١٠، ١١١، ١٣٩، ١٤٢، ١٥٠، ١٥١، ١٥٥، ١٥٦، ١٦٤، ١٧٤، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٦، ٢٣٨، ٢٨٩، ٢٩٣، ٢٩٧، ٣١٤، ٣١٥، ٣٩٢، ٤٢٥، ٤٣١، ٤٣٣، ٤٧٩

(کۆڕ) سەعدی: ١٥٦، ٣١٨

(مستەر) ستانهەوپ پاڵمەر: ٣٢١، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٨

سەبیحە گۆکچەن: ٤٩١

سەدری ئەدهەم: ١٧٠

سەردار ئینتیسار: ٣٢٦

سەعید خان: ٣٩١

سەلاحەدین شێخ سەعید: ٣١١، ٤٠٢، ٤٢٥

سەلیم ئەفەندیی سوڵتان عەبدولحەمید: ١٠٤، ١١٠

سەلیم بەگ: ٤٦١،

سەلیم: ١٨١

سمکۆ: ٢١١

سوبحی پاشا: ٣٧٧، ٣٨٤

سوداد پاشا: ٢٨١، ٣١٦

سوریتز: ١٩٤

(سێر) ستیڤن برایکەر: ١١٤

ش:

(دکتۆر) شەفیق حوسەین: ١٧٠

شەفیق: ٩٨

شوکری قایا بەگ: ٢٢٣، ٢٢٦، ٢٦٠، ٢٦٢، ٢٨١، ٢٨٦

ع:

عاسم پاشا: ٢٨٢

(قلیچ) عەلی: ١٠٧، ١٢١، ١٧٣، ٢٨٦

(سەید) عەبدولقادر شەمزینی: ١٥٠، ١٥٦

(سوڵتان) عەبدولحەمیدی دووەم: ٩٦، ١٨٢

(شێخ) عەبدولڕەحیم: ٢٣٣

(شێخ) عەبدوڵلا: ٩٧

عەبدولقادر کەمال بەگ: ١٧٠، ١٨٨

عەدنان بەگ: ٩٦

عەلائـ: ٣٩٧

عەلی جەنیانی بەگ: ٢٨٦

عەلی سائیب بەگ: ١٦٦، ١٦٧، ٢١٨

عەلی فوئاد پاشا: ٣٠٢

عوسمان ئاغا: ٢٦٣

عومەر خالیس پاشا: ٤٠٣، ٤٧١

عیسمەت بەگ: ١٧٠

عیسمەت پاشا: ٧٥، ٧٦، ٧٨، ٩١، ٩٣، ٩٤، ٩٨، ١٠٠، ١٠٦، ١٠٧، ١١٠، ١١٨، ١١٩، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٧، ١٢٨، ١٢٩، ١٣٦، ١٤٠، ١٤٧، ١٤٨، ١٦٧، ١٦٨، ١٨١، ٢١٩، ٢٢٠، ٢٢٦، ٢٥٨، ٣٥٦، ٣٦٣، ٣٧٢، ٣٩٥، ٣٩٦، ٤١٥، ٤٣١، ٤٣٨، ٤٤١، ٤٧٦

غ:

(دکتۆر) غەفوور: ٤٤٤، ٤٤٥

ف:

(جەنەڕاڵ) فەوزی چاکماك: ٤٩٧

(مارشاڵ) فەوزی پاشا: ٣٨٩، ٤٠٠

(مستەر) ئێف. هەمفریز: ٢٧٥، ٢٧٦، ٢٧٧، ٢٧٨، ٤٠٧، ٤٠٩

فەتحی بەگ: ٨٢، ٩٣، ٩٤، ٩٦، ١٠٦، ١٠٧، ١١٨، ١١٩، ١٢٨، ١٦٦

فەخری: ٩٧، ٤٤٢

فەرووغی خان: ٣٣٧

فەرید بەگ: ٧٠، ٧١، ٧٤، ٤٧٧

فەوزی لوتفی: ١٧٠

فەوزی: ٩٨

فەیزی بەگ: ١٦٦، ١٦٧

ق:

قەرە کەمال بەگ: ٧٢

(رائید) قاسم: ٦٤

ك:

(لۆرد) کوشندەن: ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٦
(جەنەراڵ) کاکری ڕوستو پاشا: ٣٠٥
(مستەر) کاتۆن: ٤٩١
(لۆرد) کرزن: ٤١٥
کازم پاشا: ٢٩٦
کازم قەرە بەکر بەگ: ٩٦
کەمال بەگ: ١٩٦
کەمالەدین سامی: ١٦٠

ل:

(مستەر) ئێڵ. ئای. نایت: ١٠٤، ١٢١، ١٩٢، ١٩٣، ٢١٦، ٢١٨
لوتفی فیکری بەگ: ١٦٩
لەتیفە خانم: ١٤٩

م:

مۆسۆلینی: ٢٠٨
مارك تونەین: ٤٦٠
مارکویس ئۆف ڕیدینگ: ٤٦٩
(خاتوو) ماك گرات (ڕۆزیتا فۆربێس): ٣٢٦، ٣٤٩، ٣٥٠، ٣٥١
(مستەر) ماتیۆس: ٢٢٣، ٢٢٨، ٢٧٩، ٢٨١، ٢٨٢، ٣١٣، ٣١٤، ٣١٧، ٤١٧، ٤٧٠، ٤٧١، ٤٩١
(شێخ) مەهدی: ٢٢٣

(ڕائید) محەمەد: ٣٤٦، ٢٧٧

مەجید مەحموود: ٣٧٠

مەحموود بەگ: ٢١٤

مەدحەت بەگ: ١٦٨

مەسیح: ٢٠١، ٣٦٠

حاجی مووسا: ٩٩

مەمدوح شەوكەت بەگ: ٣٧٤، ٣٩٤، ٣٩٥، ٣٩٦

محەمەد بەگ: ١٠٨، ١١٢

محەمەد خان سەعید: ٤١٨، ٤١٩

محەمەد (پێغەمبەر— د.خ.): ٢٠١

محەمەد: ٣٧٠

مستەر مۆنك مەیسن: ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٤٣

مستەفا ئاغا: ٤٠٦

مستەفا بەگ: ١٦٩

مستەفا كەمال (غازی، غازی پاشا): ٧٣، ٨٦، ٨٨، ٨٩، ٩٥، ٩٨، ١٠٦، ١٠٧، ١١٨، ١٢١، ١٣٤، ١٤٨، ١٤٩، ١٥١، ١٥٢، ١٦٧، ١٦٩، ١٧١، ١٧٢، ١٨١، ٢٠٤، ٢٢١، ٢٣٨، ٢٦٩، ٢٨٧، ٣٦٣، ٣٧٢، ٤٠٨، ٤١٢، ٤١٣، ٤١٤، ٤٩١

موزەفەر ئەمین بەگ: ١٦٩

مومتاز بەگ: ٢٥٤،٢٥٢، ٣٠٥، ٤٦٧

میداد بەگ: ٤٥١

ن:

(مستەر) نۆکس: ١٩١، ١٩٤، ١٩٥، ٢٢٧، ٢٢٨
نەورەس: ٩٧
نووری بەگ (پاشا) (سەعید): ٤٢٠، ٤٢١، ٤٢٣، ٤٢٤، ٤٧٣، ٤٧٤، ٤٧٥، ٤٧٦، ٤٧٨
نووسرەت بەگ: ٨٥، ٨٩، ١٠٢، ١٢٦، ١٢٧
نیزامی بەگ: ٤٤٢
نیڤڵ هندرسن: ٦٩، ٧٩، ٨٠، ٩٠
نیکۆلا یەڤگینۆ پاوڵۆ: ١٨٩

ه:

(مستەر) هۆر: ١٥٧، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٤، ١٦٥، ١٦٦، ١٦٨، ١٦٩، ١٧٠، ١٧١، ١٨٧، ١٨٩، ١٩٠، ٢٢١، ٢٢٢، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٢٧
(سێر) هاملتۆن: ٣١٩
(سێر) هێنری دۆبس: ١٩٦، ٢٠٢، ٢٧٨
هولوسە (Hulse): ١٥٦
هیت ڕۆبنسن: ٢٣٩

و:

واسیف بەگ: ٨٥
وەلید بەگ (ئەبو زیا زەید): ١٧٠، ١٧٢
وێمبلی: ٧٢
ویلسن: ٣٢١

دەبڵیوو. ئێس. ئەدمۆندز: ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٧٢، ٢٧٣، ٢٧٨، ٢٧٩، ٢٨٣، ٣١٣، ٣١٤، ٣١٨، ٣١٩، ٤٢٤، ٤٤٢، ٤٤٣

(جەنەڕاڵ) وینتەر: ٣٩١

(سوڵتان) واحیدەدین: ١٥٥، ١٥٦

ی:

(مەیجەر) یۆنگ: ٣٩٦

یادۆ (زادۆ): ٢٧٣

یەشار بەگ: ٣٤٦

یوستینیانۆسی یەكەم: ٨٧

یووسف كەمال بەگ: ٨٥

پێڕستی ناو

٢- ناوی شوێن

ئـ:

Abagha: ٣٧٧

ئۆرامار: ٣٥٦، ٣٥٨، ٣٦١، ٣٦٨

ئۆڤاجك: ٢٣٥

ئۆلاش: ٢٤١

ئادیامان: ٤٣٧

ئاراڕات: ٢٧٥، ، ٢٧٨، ٣٢٠، ٣٢٣، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٣٠، ٣٣١، ٣٣٥، ٣٤٢، ٣٤٣، ٣٤٤، ٣٥١، ٣٥٤، ٣٥٥، ٣٥٧، ٣٦٢، ٣٦٨، ٣٧٢، ٣٧٤، ٣٧٧، ٣٧٨، ٣٨٢، ٣٨٤، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٨٧، ٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٧، ٣٩٨، ٤٠٠، ٤٠٢، ٤٠٤، ٤٠٥، ٤٠٦، ٤١٠، ٤١٨، ٤١٩، ٤٢٢، ٤٢٦، ٤٢٨، ٤٣٠، ٤٤٨، ٤٥٢، ٤٦٤، ٤٦٨، ٤٧١، ٤٧٢، ٤٧٧

ئاراس: ٣٨٧، ٣٨٨، ٣٨٩، ٣٩٥، ٤٠٥، ٤٥٣

ئارالیك: ٣٦٨، ٣٧٧، ٣٨٧، ٣٨٨، ٣٨٩، ٤٠٥

ئارتوین: ٤٥٨، ٤٦٠

ئارجك: ٣٥١

ئاردەهان: ٤٥٩

ئاسیا: ٩٤، ١٤٩، ٢٠٨، ٢٧٦، ٤١٣، ٤١٤

ئاگری داغ: ٣٤٥، ٣٤٧، ٤٠٤، ٤١٧، ٤٢٣، ٤٢٨، ٤٢٩، ٤٣٠، ٤٣٢، ٤٧١، ٤٧٢

ئاق سۆ: ٤٣٦

ئاقچەقەلعە: ٢٤٥

ئامێدی: ١٢٧

ئایدن: ٤٤٧

ئانی: ٣٨٨

ئەخلات: ٤٤٨

ئەدەنە: ١٠٩، ١٢٠، ١٧١، ٣٠٨، ٣٠٩، ٤٨٧

ئەدریانۆپڵ: ٧١

ئەرەگلی: ٢٤٢

ئەرجیش: ٢٥٢، ٣٠٠، ٣١٧، ٣٢٣، ٣٤٦، ٣٤٧، ٣٥٤، ٣٥٦، ٤٠٥، ٤٢١، ٤٢٢، ٤٤٨، ٤٤٩، ٤٥١، ٤٥٢، ٤٦٨

ئەرزنجان: ١٠٤، ١٩٣، ٢٢٦، ٢٣٥، ٢٦١، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٨٢، ٤٢٢، ٤٧٩، ٤٨٠، ٤٨١، ٤٨٣، ٤٨٧، ٤٩٦

ئەرگوش: ٤٤٨

ئەرغەنی سۆ: ٩٣، ١٠٣، ١٠٨، ١١٠، ١١١، ٢٥٥، ٤٤١، ٤٤٣

ئارپەچایی: ٣٨٨

ئەرمینیا (ئەرمەنستان): ٢٧٥، ٢٨٠، ٢٨١، ٣٢١، ٣٨٨، ٤٠٥

ئەستەمبووڵ: ١٨٧، ٣٨٠، ٣٩٣، ٤٨٥، ٤٩٥

ئەسکەندەروونە: ٢٤٣، ٤٨٦، ٤٨٨، ٤٨٩

ئەسکیشەهر: ١١٧، ١٢٠

ئەسینا: ١٨٨

ئەفریقا: ٢٠٨

ئەفغانستان: ٢٦٧، ٤١٢، ٤١٣، ٤١٤

ئەل ئۆغلۆو: ٣٠٩، ٤٣٦

ئەلبانیا: ١٩٥، ٢٠٢

ئەلبیستان: ٢٨٤

ئەلەشکرد: ٤٥٥

ئەلعەزیز: ١٨٧، ٢٠٥، ٢٢٣، ٢٢٩، ٢٣٨، ٢٥٠، ٢٥٢، ٢٥٥، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٦٩، ٢٧٣، ٣٠٢، ٣٣١، ٣٣٢، ٤٣٩، ٤٤٠، ٤٤١، ٤٤٢، ٤٤٣، ٤٤٤، ٤٥١، ٤٦٦، ٤٦٩، ٤٨٠، ٤٨١، ٤٨٢، ٤٨٣، ٤٨٧، ٤٩٥، ٤٩٦

ئەڵمانیا: ٧٨، ١٢٦، ١٧٥، ٢٠٥، ٤١٣

ئەلیکساندراپۆل: ٣٨٨

ئەمریکا: ٢٠٣، ٢٥٧، ٢٧٥

ئەنادۆڵ: ١٢٥، ١٢٦، ١٨١، ١٨٢، ١٨٨، ١٩١، ١٩٣، ١٩٤، ٢٠٥، ٢١٦، ٢١٨، ٢٣٤، ٢٤٨، ٣٠٠، ٣٠٣، ٣٠٥، ٣٢٧، ٣٧٠، ٤٦٩، ٤٩٣

ئەنتالیا: ٤٥٤

ئەنگۆرە: ٦٩، ٧٠، ٧١، ٧٤، ٨٨، ٩١، ٩٢، ٩٧، ١٠٠، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٩، ١١٧، ١١٩، ١٢٢، ١٢٤، ١٢٦، ١٢٨، ١٣١، ١٣٥، ١٤٠، ١٤٧، ١٤٨، ١٤٩، ١٥٠، ١٥٥، ١٥٦، ١٦٦، ١٦٨، ١٧٠، ١٧٣، ١٧٤، ١٨٥، ١٨٨، ١٨٩، ١٩١، ١٩٣، ١٩٤، ١٩٥، ١٩٦، ٢٠٢، ٢٠٧، ٢٠٩، ٢١٣، ٢١٤، ٢٢٧، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٣٩، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٤٥، ٢٥٠، ٢٦٢، ٢٦٦، ٢٧٠، ٢٧٢، ٢٧٣، ٢٧٤، ٢٨٠، ٢٨٢، ٢٨٦، ٢٨٩، ٢٩١، ٣١٥، ٣١٨، ٣٢٧، ٣٢٣، ٣٣٧، ٣٤١، ٣٥٦، ٣٦٣، ٣٦٦، ٣٦٨، ٣٦٩، ٣٧٠، ٣٧١، ٣٧٢، ٣٨٠، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٩٤، ٤٠٨، ٤١٠، ٤١٢، ٤١٨، ٤٢٤، ٤٢٨، ٤٣٢، ٤٣٣، ٤٣٤، ٤٤٢، ٤٤٣، ٤٦٩، ٤٧٦، ٤٧٨، ٤٨٠، ٤٨٢، ٤٨٤، ٤٨٨، ٤٨٩

ئەنکەرە: ٧١، ١٣٠

ئەورووپا: ١٩٤، ٢٠٩، ٣٧١، ٣٩٠، ٤١٠

ئەرزڕۆم: ٩٢، ٩٣، ١٣٢، ١٧٤، ١٨٧، ١٩٣، ٢١٦، ٢٢٦، ٢٣٨، ٢٥٠، ٢٦٢، ٢٦٤، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨٢، ٢٩١، ٣٠٢، ٣٠٥، ٣١٣، ٣١٤، ٣١٦، ٣١٧، ٣١٨، ٣٢٣، ٣٣١، ٣٤٨، ٣٨٣، ٣٨٤، ٤٣٢، ٤٣٥، ٤٤٠، ٤٤٧، ٤٤٨، ٤٥١، ٤٥٤، ٤٥٧، ٤٦١، ٤٦٢، ٤٦٣، ٤٦٤، ٤٧١، ٤٨٣

ئورفە: ٩٣، ١٠٠، ١٠٩، ٢٢٣، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٣٨، ٢٤٤، ٢٨٧، ٢٨٨، ٣٠٢، ٣١٠، ٣١١، ٤١١، ٤٨٧

ئولوو قشلە: ٣٠٨

ئیتاڵیا: ١٤٤

ئێران: ٨٣، ١٩١، ١٩٩. ٢٠١، ٢٠٣، ٢١١، ٢٦٤، ٢٦٧، ٢٧٥، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٨٢، ٢٨٣، ٣١٣، ٣١٧، ٣٢١، ٣٢٢، ٣٢٦، ٣٢٨، ٣٢٩، ٣٣٢، ٣٣٦، ٣٣٧، ٣٣٨، ٣٣٩، ٣٤٠، ٣٤١، ٣٤٢، ٣٤٦،٣٤٣، ٣٤٩، ٣٥٥، ٣٥٦، ٣٥٧، ٣٦١، ٣٦٣، ٣٦٨، ٣٦٩، ٣٧٠، ٣٧١، ٣٧٢، ٣٧٣، ٣٧٤، ٣٧٦، ٣٧٨، ٣٧٩، ٣٨١، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩١. ٣٩٤، ٣٩٥، ٣٩٦، ٣٩٧، ٤٠٢، ٤٠٣، ٤٠٦، ٤٠٧، ٤١١، ٤١٤، ٤١٨، ٤١٩، ٤٢٢، ٤٣٠، ٤٦٨، ٤٧١، ٤٧٣، ٤٧٤

ئێرمی: ١١٧

ئێزمید: ١٠٩، ١١٧، ١٥٥

ئێسۆغلوو: ٢٥٨، ٤٣٩، ٤٤٠

ئێغدیر: ٢٨٢، ٣٧٧، ٣٨٤، ٣٨٧، ٤٠٥، ٤٥٣، ٤٥٤، ٤٥٥

ئێلیجە: ٤٦٢، ٤٦٤

ئێنگلتەرە: ٢٤٩

ب:

بۆرچیقە: ٤٦٠
بۆسفۆر: ٨٩، ٩٠
بۆمبای: ٣٠٥
بۆهتان: ٣٨٣
باتمان سۆ: ٣١١
باتمان: ١٩٠
باتووم: ١٩٢, ٢٦٤، ٣٠٦
بارزان: ٤٢٨
بازرگان: ٤٣٠
باشقەلعە: ٤٠٤، ٤١٠، ٤١٨، ٤٢٨، ٤٥١، ٤٥٤
باکووری عیراق: ١٨٤، ١٨٦، ٢٣٠
باڵکان: ١٢٨، ١٢٩
بایبورت: ٢٢٨، ٢٨٢، ٤٦٥
بایەزید: ١٩١، ١٩٣، ١٩٤، ٢٠٥، ٢٢٤، ٢٢٩، ٢٧٣، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨٢، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣١٥، ٣١٦، ٣٢٣، ٣٣٤، ٣٧٧، ٣٨٣، ٣٨٧، ٣٨٩، ٤٢٤، ٤٣٠، ٤٣٥، ٤٤٧، ٤٥٣، ٤٦٠، ٤٦٧
بەرقە: ٣٢٦
بەرلین: ٣٧٠
بەغدا: ٩٢، ٩٥، ١٠١، ١١٦، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٢، ١٦٣، ١٦٩، ١٩٥، ٢٠٣، ٢٠٦، ٢١٢، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٣٠، ٢٣٤، ٢٣٧، ٢٧٣، ٢٧٦، ٢٨٣، ٢٩٣، ٣١٩. ٣٢٢، ٣٣٠، ٣٤٣، ٣٥٢، ٣٥٤، ٣٥٧، ٣٥٩، ٣٦٠، ٣٦١، ٣٦٤، ٣٦٧، ٣٦٨، ٣٧٠، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٨٩، ٤٠٧، ٤٠٩، ٤١١، ٤١٢، ٤١٦، ٤٧٣، ٤٧٨، ٤٧٩

بەندی ماهی: ٤٤٩

بەهەسنی: ٢٢٩

بەیرووت: ١٠٤، ١٥٨، ١٦٢، ٣٩٢، ٣٩٣

بدلیس سۆ: ٢٩٦، ٣١١، ٤٤٦

بدلیس: ٩٢، ٩٣، ٩٩، ١٠٠، ١٠٣، ١٠٨، ١١٠، ١٢٢، ١٣٢، ١٥٤، ١٩٠، ٢١٨، ٢٢٣، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٣٥، ٢٤٩، ٢٥٢، ٢٧٣، ٢٧٩، ٢٨٣، ٢٩٥، ٢٩٦، ٢٩٧، ٢٩٨، ٣٠٢، ٣١١، ٣١٢، ٣١٣، ٣٥١، ٤٣٢، ٤٤٥، ٤٤٦، ٤٥٠

برۆکسل (بروسیلس): ١٨٤

برووسە: ٨٨، ١٠٠، ١٨٧، ٢٨٠، ٤٣٩، ٤٧٣

بریتانیا: ٨٢، ٨٩، ٩٠، ٩٤، ٩٦، ٩٩، ١٠٠، ١٠٢، ١١٤، ١٢١، ١٢٦، ١٢٧، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٩، ١٤٠، ١٥١، ١٥٣، ١٥٦، ١٧٥. ١٧٦، ١٧٩، ١٨٤، ١٨٥، ١٨٦، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢٧٢، ٢٧٣، ٢٧٧، ٢٧٨، ٣٢٣، ٣٣٠، ٣٦٤، ٣٦٧، ٣٧٠، ٣٧٦، ٣١٨، ٤٢١

بوخارا: ٤١٤

بوداپست: ٤٣٩، ٤٥٤

بولاق باشی: ٣٣١، ٣٨٣، ٣٨٩، ٤٠٧، ٤١٨

بولگاریا: ٨٤، ١٢٤، ٢٠٦

بوورسا: ٤٧٠

بیرەجیك: ٢٨٧، ٣١٠

پ:

پاتنۆس: ٣٤٦، ٤٥٢، ٤٦٨

پاریس: ١٢٨، ٣٦٥، ٣٩٧

پالوو: ٩٦، ٩٩، ١١٣، ٢٧٣

پولومەر: ٤٢١

پیران: ٩١، ٩٩، ١٠٣

ت:

تۆپراق قەلعە: ٤٥٥

تۆقات: ١٦٢

تاتوان: ٤٣٤، ٤٤٨، ٤٤٩

تاران: ١٩٤، ٢٠٣، ٢١٢، ٢٢٢، ٢٧٤، ٢٧٥، ٣١٠، ٣٢٣، ٣٢٩، ٣٣٦، ٣٣٧، ٣٣٨، ٣٤٣، ٣٥٣، ٣٥٤، ٣٥٥، ٣٥٧، ٣٦٣، ٣٦٤، ٣٦٨، ٣٧٠، ٣٧٣، ٣٧٤، ٣٨١، ٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٤، ٣٩٧، ٣٩٩، ٤٠٣، ٤٠٧، ٤٣٠، ٤٧٠، ٤٧٥، ٤٧٧

تاهیر خۆجا: ٤٥٧

تاهیر: ٢٥٦، ٤٥٥

تەرابزوون: ٨٩، ٩٥، ١٠٦، ١٠٩، ١٢٠، ١٢١، ١٧٤، ١٨٨، ١٩١، ١٩٣، ٢١٦، ٢١٧، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٧، ٢٢٨، ٢٥٢، ٢٦١، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٦٨، ٢٧٠، ٢٧٣، ٢٧٨، ٢٨١، ٢٨٢، ٢٨٣، ٣١٣، ٣١٨، ٤١٧، ٤٣٢، ٤٤٣، ٤٤٦، ٤٤٩، ٤٥٤، ٤٥٥، ٤٥٩، ٤٦٠، ٤٦٤، ٤٦٥، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٧١، ٤٧٢، ٤٧٩، ٤٨٢، ٤٨٤

تەورێز: ٣١٥، ٣٢١، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٤٩، ٣٥٠، ٣٥١، ٣٥٣، ٣٦٨، ٣٧٤، ٣٧٨، ٣٧٩، ٣٨٠، ٣٨٢، ٣٨٦، ٣٨٧، ٤٠٤، ٤٢٥، ٤٢٦، ٤٥٥، ٤٧٣

تفلیس: ١٣٢
توتاق: ٤٥٢
تورکیا: ٦٩، ٧٨، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٨٤، ٨٨، ٩٠، ٩١، ٩٤، ٩٥، ١٠٠، ١٠٢، ١٠٨، ١١٠، ١١٢، ١١٨، ١٢٠، ١٢٣، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٧، ١٢٨، ١٢٩، ١٣١، ١٣٣، ١٣٤، ١٤٤، ١٥٢، ١٦٠، ١٦٥، ١٦٩، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٤، ١٨٥، ١٩٤، ١٩٥، ١٩٧، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٣، ٢٠٤، ٢٠٦، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢١١، ٢١٣، ٢١٤، ٢١٧، ٢١٨، ٢٢٤، ٢٢٧، ٢٣١، ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٤٣، ٢٤٤، ٢٤٥، ٢٤٩، ٢٥٠، ٢٥٤، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٨، ٢٦٠، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٥، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٦٩، ٢٧٠، ٢٧١، ٢٧٣، ٢٧٤، ٢٧٧، ٢٨١، ٢٨٩، ٢٩١، ٢٩٣، ٢٩٤، ٢٩٩، ٣٠٦، ٣١٧، ٣١٨، ٣٢١، ٣٢٢، ٣٢٨، ٣٣٠، ٣٣٢، ٣٣٣، ٣٣٤، ٣٣٥، ٣٣٦، ٣٣٨، ٣٤١، ٣٤٩، ٣٥٠، ٣٥١، ٣٥٤، ٣٥٦، ٣٥٧، ٣٥٨، ٣٥٩، ٣٦٠، ٣٦٢، ٣٦٣، ٣٦٤، ٣٦٦، ٣٦٧، ٣٦٨، ٣٦٩، ٣٧٠، ٣٧٢، ٣٧٣، ٣٧٥، ٣٧٨، ٣٧٩، ٣٨١، ٣٨٦، ٣٨٨، ٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٤، ٣٩٥، ٣٩٦، ٣٩٧، ٣٩٨، ٤٠١، ٤٠٢، ٤٠٣، ٤٠٤، ٤٠٨، ٤١١، ٤١٣، ٤١٤، ٤١٥، ٤١٦، ٤٢٣، ٤٢٨، ٤٣٠، ٤٣١، ٤٣٧، ٤٤٦، ٤٦٦، ٤٧٣، ٤٧٤، ٤٧٥، ٤٧٧، ٤٧٨، ٤٧٩، ٤٨٦، ٤٩٠، ٤٩٢، ٤٩٦، ٤٩٧
تونجەلی: ٤٨١، ٤٨٣، ٤٨٧، ٤٩٤، ٤٩٥، ٤٩٦، ٤٩٧
تیراپیا: ١٥٧، ١٥٩، ١٦٤، ١٦٦، ١٦٩، ١٧١، ٢١٣، ٢١٥

ج:
جەرابلوس: ١١٦، ٢٤٤، ٢٤٨، ٣٠٩، ٣٣٥
جەیهان: ٣٠٨، ٣٠٩
جزیر (جزیرەی ئیبن عومەر): ١٥١، ١٥٦، ٢٢٩، ٢٨٣

جنێف: ٨٣، ٢٢٨، ١٧٤، ١٨٥، ١٨٦

جولەمێرگ: ٤٥١

چ:

چۆپان بەگ: ٢٤٣

چۆروخ: ٤٥٧، ٤٦٥

چاپان: ٣٨٨

چاڵ، چول: ١٣٦، ١٤٧

چاناك: ١٦٠

چانقایا: ٧٢، ٩٣

چەمشگەزەك: ١٠٣، ١١٣

چومرە: ٢١٦

چیغلی كەوی: ٣٢٩

ح:

حاجی دەری: ٣٧٧

حاسلۆ: ٣١١

حاموور: ٤٥٢

حەزۆ سۆ: ٣١١

حەزۆ: ٩٦، ١٩٠

حەسەن قەلعە: ٤٦٢

حەڵەب: ١٥٣، ١٦٥، ١٩٨، ٢٠٠، ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٤١، ٢٤٣، ٢٩٣، ٣٤٩، ٣٩٢، ٤٤٦

حەڕان: ٢٨٧

خ:

خۆپە: ٤٥٩
خۆراسان: ٤٥٧، ٤٦٢
خۆزات: ٢٣٥
خۆشاب: ٢٣١
خۆی: ٣٥٠
خارشتی سۆ: ٤٦٥
خانکۆڤ: ٢٥٧
خانك: ٣٢٠
خەرپووت: ٩٩، ١٠٠، ١٠١، ١٠٣، ١٠٨، ١١١، ١١٢، ٢٠٥، ٢٢٣، ٢٣٥، ٤٧٩
خنس: ٩٣، ١٠٣، ١٣٩، ٢٢٩
خودافەرین: ٣٣٦

د:

دۆبروجا: ٢٠٦
دۆرتیۆڵ: ١١٦
دزە: ٣١٦
داراهین: ٩١
دەرباسییە: ١٥٣
دەردەنیل: ٤١٢
دەرسیم: ٩٣، ١٠١، ١٠٣، ١٠٨، ١١٠، ١١١، ٢٠٥، ٢٠١٣، ٢٣٥، ٤٤٣، ٤٦٦، ٤٧٩، ٤٨٠، ٤٨١، ٤٨٣، ٤٨٤، ٤٨٥، ٤٩٠، ٤٩١، ٤٩٢، ٤٩٣، ٤٩٤
دەریای ڕەش: ١٠٣، ٢٤٠، ٢٥٨، ٢٦١، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٧، ٢٦٩، ٤٧٣

دەریای ناوەڕاست: ۲۰۸

دەڤەلی قەرەحەسار: ۲۱٦

دەوەلوو: ۳۸۸، ٤۰۵

دوملووپونار: ۸۰، ۸٤، ۸۸

دیاربەکر: ۸۳، ۹۳، ۱۰۰، ۱۰۱، ۱۰۷، ۱۱۰، ۱۱۱، ۱۲۱، ۱۲۲، ۱۳۲، ۱۳۳، ۱۳۹، ۱۵۰
۱۵۱، ۱۵٤، ۱۵۵، ۱۵٦، ۱۵۷، ۱٦۵، ۱٦٦، ۱٦۷، ۱۹۰، ۲۲۱، ۲۲۳، ۲۲٤،
۲۲٦، ۲۲۹، ۲۳۸، ۲۳۹، ۲٤۰، ۲٤۱، ۲٤۳، ۲٤٦، ۲٤۹، ۲۵۰، ۲۵۱، ۲۵۲،
۲۵٤، ۲۵۵، ۲۵٦، ۲۵۷، ۲٦۷، ۲۷۳، ۲۸۳، ۲۸۷، ۲۸۹، ۲۹۰، ۲۹۲،
۲۹۳، ۲۹٤، ۲۹۹، ۳۰۱، ۳۰۵، ۳۱۰، ۳۱۱، ۳۱۲، ۳۱٦، ۳٤۵، ۳۵۳، ۳۹۳،
٤۳۲، ٤۳٤، ٤٤۰، ٤٤۳، ٤٤٤، ٤٤٦، ٤٤۷، ٤۸۹، ٤۸۷

دیجلە: ۲٤۹، ۲۵۵، ۲۹۱، ٤٤۳، ٤۹۵

دیمەشق: ۳۹۳

ڕ:

ڕۆدستۆ: ٤۷۰

ڕۆما: ۱۲۸، ۲۰۸

ڕەئسولعەین: ۱۱٦، ۲٤۵

رووسیا: ۱۳۳، ۱۷۵، ۱۹۲، ۱۹٤، ۲۱۷، ۲٦۱، ۲۷۸، ۲۷۹، ۲۸۰، ۲۸۱، ۳۱۳، ۳٤۲،
۳٤۹، ۳٦۵، ۳۹۵، ٤۰۵، ٤۰۸، ٤۱۷، ٤۳۳، ٤۵۳، ٤۵٤، ٤۵٦، ٤۵۷، ٤۵۹،
٤۷٤

رووسیای سپی: ۱۹۲

ز:

زاخۆ: ١٩٩

زارا: ٢٦٢

زەردەکان: ٤٥٥

زەنگیزوور: ٣٨٨

زنجان: ٢٧٦

زیارەت: ٤٤٦

زیغەنە دەرە: ٤٦٥

زیغەنە: ٤٦٥، ٤٦٦

زیلان دەرە: ٣٤٧، ٣٧٧، ٤٢٣

زیلان: ٤٠٦، ٤٢٢

زینۆدۆلا: ٣٥١

س:

سابڵاخ: ٣٨٩، ٤٠٧

ساچ داغ: ٤٥٦

ساسۆن: ٣٥١، ٤٤٥

سامسۆن: ١٠٩، ١٩٢، ٢٦١، ٢٦٥، ٢٦٨، ٤٣٨

سەردار بولاق: ٣٢٥

سەری قامیش: ٤٥٧، ٤٥٨، ٤٦١، ٤٦٤

سەقز: ٣٨٩، ٤٠٧

سەلەفکە: ٧٣

سەلیم: ٢٦٧

سەنگافوورە: ٢٦٧
سدیق زادە: ٣١٧
سعرت: ٩٣، ١٠٠، ١١٠، ٢٢٣، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٧٣، ٢٩٨، ٣٠٠، ٣٠٢، ٤٤٧، ٤٧٥
سکۆتلەندا: ٤٦٦
سلێمانی: ٣٩٦
سمیرنا: ٧٤، ٨٥، ٨٩، ١٠٩، ١٤٢، ١٥٣، ١٧٢، ٢١٦، ٢٢١، ٢٩٦، ٤٤٢
سوپحان داغ: ٣٤٧، ٤٤٨، ٤٥٢
سوڵتان بابا: ٤٩٠
سووریا: ١٨٨، ١٩٨، ٢٠٩، ٢١٢، ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٤٢، ٢٤٣، ٢٤٥، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٥٣
٢٨٤، ٢٨٧، ٢٩٣، ٢٩٥، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣٦٧، ٣٧٣، ٣٩٢، ٣٩٣، ٤١٤،
٤٢٨، ٤٣٩، ٤٦٩، ٤٧٧، ٤٨٦
سووشەهر: ٢٦١، ٢٦٢، ٢٦٣
سویسرا: ٢٦٣، ٤٩٧
سیبریا: ٤٥٢
سیلسیا: ٢٤٢
سیلوان: ٩٦، ١٤٦، ٣١١، ٤٤٥
سیواس: ٨٤، ١٠٤، ١٠٩، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٥٢، ٢٥٤، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٦١، ٢٦٢، ٢٦٧،
٢٩١، ٣١٦، ٣٩٨، ٤٣٤، ٤٤٠
سیوەرەك: ٩٣، ١٠٠، ١١٠، ١٣٣، ٢٨٨، ٢٨٩، ٣٠٥، ٣١٠

ش:

شەمزینان: ٢٠١

شنۆ: ٤٠٤

شوبهە: ٢٤٦

ع:

عادل جواز: ٤٤٨، ٤٤٩

عەرەب پینار: ٢٤٤

عەینتاب (غازی عەینتاب): ١٦٠، ١٧٣، ٢٢٨، ٢٨٦، ٢٨٨، ٣٠٩، ٣١٠، ٤٣٦، ٤٣٩

عوسمانیە: ٣٠٩، ٤٣٤، ٤٤٣، ٤٤٨

عیراق: ٨٢، ١٠٠، ١١٥، ١٣٤، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٨، ١٤٣، ١٤٦، ١٥٢، ١٥٧، ١٦٠، ١٨٣، ١٨٤، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٩، ١٩٠، ١٩٦، ١٩٧، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠٣، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢١٣، ٢١٨، ٢٢٢، ٢٢٥، ٢٢٦، ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٤٦، ٢٥١، ٢٧٢، ٢٧٥، ٢٧٦، ٢٧٧، ٢٧٨، ٢٩٣، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣١٩، ٣٣٧، ٣٤٠، ٣٤٢، ٣٥١، ٣٥٨، ٣٦٠، ٣٦١، ٣٦٤، ٣٦٧، ٣٧٦، ٣٩٦، ٤٠٤، ٤٠٧، ٤٠٨، ٤١٠، ٤١١، ٤١٤، ٤١٥، ٤١٦، ٤٢٤، ٤٢٥، ٤٢٦، ٤٢٧، ٤٧٥، ٤٧٧، ٤٧٨، ٤٧٩، ٤٨٦

غ:

غۆبان: ٣١٢

غەرزان: ٢٧٣، ٢٩٥، ٤٤٥، ٤٤٩، ٤٦٩

غەڵتە: ١٨٩

ف:

فارقین: ٢٩٥

فەڕەنسە: ٨١، ٩٠، ٩٨، ٩٩، ١١٢، ١١٦، ١٤٩، ١٥٢، ١٥٣، ٢٠٧، ٢٨٥، ٣٠١، ٣٠٦، ٣٦٥، ٣٦٧، ٣٧٣، ٤١٦، ٤٨١

فەلەستین: ٤١٢

فەوزی پاشا: ٢٨٤، ٣٠٩، ٤٣٢، ٤٣٦، ٤٣٧.

فورات سۆ: ٤٦٤

فورات: ٢١٥، ٢٣٠، ٢٤٤، ٢٥٠، ٢٥١، ٢٥٤، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٦٠، ٢٨٣، ٢٩٢، ٤٣٧، ٤٣٨، ٤٦٤، ٤٩٥

ڤ:

ڤاڤووك: ٤٦٥، ٤٦٦

ڤالنسیا: ٢٤٨

ڤیەننا: ٤٣٩، ٤٤٢

ڤیلادی ڤۆستۆك: ١٧٦

ڤیلادی قارس: ٤٥٨

ق:

قۆپ داغ: ٤٦٥

قۆپ: ٤٦٤، ٤٦٥

قۆقان: ٢٠٦، ٢٢٢، ٢٧٦، ٢٨١، ٢٨٢، ٣١٧، ٣٤٩، ٤٥٠، ٤٥٩، ٤٦٠، ٤٧٣

قۆنیە: ١١٤، ٢١٦، ٢١٧، ٢٤٢، ٢٨٢، ٢٧٠

قاپی دەرە: ٤٣٧

قارەمان: ٢٤٢
قارس چای: ٤٥٨
قارس: ١٠٩، ١٩٣، ٤٣٢، ٤٤٨، ٤٥٥، ٤٥٧، ٤٥٨، ٤٥٩، ٤٦٠، ٤٦١، ٤٦٤
قاغزمان: ٤٥٥
قامیرە: ٢٧٢، ٢٧٤
قەرە ئۆرغان: ٤٥٧
قەرەجەداغ: ٤٤٤
قەرەحەسار: ٢٦١، ٢٦٢، ٢٦٣
قەرەداغ: ٢٧٩، ٣٨٠
قەرەسۆ: ٣٨٥
قەرەکۆسە: ٢٥٢، ٢٧٣، ٣٠٠، ٣١٥، ٣١٦، ٣١٧
قەستەموونی: ١٩٢
قەلەر (Kaller): ٢٤٣، ٢٥١، ٢٥٥، ٢٥٩
قەنغال: ٢٦٠
قەیسەری: ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٣٨، ٢٦١، ٢٧٣، ٢٨٤، ٢٩١، ٤٦٩، ٤٨٧
قزخاتوون: ٢٦٤
قوبرس: ١٨٨، ٢٠٦
قوتوور: ٤١٨، ٤٣٠

قوستەنتەنیە: ٦٩، ٧٠، ٧١، ٨٠، ٨٦، ٨٧، ٨٩، ٩٠، ٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٤، ٩٥، ٩٦، ١٠٠، ١٠١، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١١٢، ١١٤، ١١٦، ١١٨، ١٢٠، ١٢١، ١٢٢، ١٢٨، ١٢٩، ١٣١، ١٣٢، ١٣٥، ١٣٩، ١٤٠، ١٤٢، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٨، ١٤٩، ١٥٠، ١٥٣، ١٥٥، ١٥٩، ١٦٣، ١٦٦، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٩، ١٨٤، ١٨٧، ١٩٠، ١٩١، ١٩٥، ٢٠٠، ٢٠٤، ٢٠٧، ٢١١. ٢١٦، ٢١٩، ٢٢١، ٢٢٣، ٢٢٥، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٣٠، ٢٣٣، ٢٣٤-٢٣٧، ٢٣٨، ٢٣٩، ٢٥٠، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٧٢، ٢٧٣، ٢٧٨، ٢٨٣، ٢٨٦، ٢٨٨، ٣١٣، ٣٢٠، ٣٢٧، ٣٢٩، ٣٣٠، ٣٣١، ٣٣٤، ٣٣٧، ٣٤١، ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٤٩، ٣٥٣، ٣٥٥، ٣٥٨، ٣٥٩، ٣٦٠، ٣٦١، ٣٦٦، ٣٦٩، ٣٧١، ٣٧٤، ٣٧٥، ٣٧٦، ٣٧٩، ٣٨٥، ٣٩٠، ٣٩٧، ٣٩٨، ٤٠٠، ٤٠١، ٤٠٤، ٤٠٧، ٤١٠، ٤١٢، ٤١٣، ٤١٦، ٤١٧، ٤٢٠، ٤٢٤، ٤٢٥، ٤٢٦، ٤٣٠، ٤٣١، ٤٤٤، ٤٤٦، ٤٤٩، ٤٦٦، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٧٣، ٤٧٧،

ك:

کۆپروکۆی: ٤٥٧

کۆزان: ١٦٦

کۆسۆڤۆ: ١٩٥

کۆسەداغ: ٤٥٣

کۆمورخان: ٤٤٠

کابوول: ٤١٣

کەنداوی فارس: ٤٧٤

کوردستان: ١٠٤، ١١٠، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٩، ١٤٦، ١٥٠، ١٥٧، ١٥٩، ١٦٤، ١٧٧، ١٨٢،
١٨٦، ١٩٠، ٢١١، ٢٢١، ٢٢٢، ٢٢٧، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٣٨، ٢٤٩، ٢٥٤،
٢٧٥، ٢٧٦، ٢٧٧، ٢٧٨، ٣٠١، ٣١٤، ٣١٨، ٣٢١، ٣٥٣، ٣٥٤، ٣٦٦،
٣٧٢، ٣٧٦، ٣٩٦، ٤٠١، ٤٠٥، ٤١٠، ٤١٤، ٤١٥، ٤١٩، ٤٢٠، ٤٢١

کوردستانی ئێران: ٣٢٩

کوردستانی باشوور: ١٧٨، ١٨٤، ٤١٥

کوردستانی تورکیا: ٢٥٣، ٢٨٧، ٣٢١، ٣٦٣، ٣٧١

کیغی: ٩٣، ٢٢٩

گ:

گۆڵچوك: ٢٥٥، ٤٤٠، ٤٤٣

گۆلی گاور: ٤٣٦

گۆل (دەریاچە)ی وان: ٢٠٢، ٣٢٣، ٣٣٤، ٣٣٥، ٣٤٨، ٣٥١، ٣٧٧، ٤٠٢، ٤١٠، ٤٣٤،
٤٤٧، ٤٤٨، ٤٦٩

گۆلی ورمێ: ٣٢٠، ٣٢٨، ٣٣٥

گاورداغ: ٣٠٩

گەڤەر: ٣١٦

گەنج: ٩١، ٩٣، ٩٥، ٩٦، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠، ١٠٣، ١١٠، ١٤٢

گەوەری سامیان: ٣٢٧، ٣٤٦

گولحەق: ٣٢١، ٣٣٦، ٣٧٤، ٣٩٤، ٤٠٣

گوموشخانە: ٢٧٩، ٢٨٠، ٤٦٥، ٤٦٦

گیرەسون: ٢٤٠، ٢٦١، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٨

گوڵتەپە: ٢٤٥

ل:

لۆزان: ٧٤، ٧٧، ٧٨، ١٢٥
لەندەن: ٣٤٩، ٣٦٥، ٣٩٧، ٤١٢
لجێ: ٩١، ٩٩، ١٠٣
لیڤان: ١٣٦

م:

Meander: ٣٠٨
مۆسکۆ: ٣٦٩، ٣٩٥، ٤١٤، ٤١٦
ماردین: ٩٢، ٩٣، ١١٠، ٢٢٣، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٣٣، ٢٤١، ٢٤٣، ٢٤٥، ٢٤٦، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٥٢، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣١٣، ٤٤٤
ماغری: ٣٨٨
ماکۆ: ٣٢٦، ٣٥٠، ٣٥٥، ٣٨٦، ٣٨٧، ٣٨٩، ٤٠٦، ٤٠٧، ٤٢٥، ٤٢٦، ٤٣٠
ماڵتا: ١٢١، ١٣٢
مەرزە: ٤٥٩
مەرسین: ١١٧، ٢٣٧، ٢٣٨، ٢٤٣، ٤٨٣، ٤٨٤، ٤٩١
مەرعەش: ١٦٠، ١٨٧، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٨٧، ٣٠٩، ٣١٠، ٤٣٦
مەعدەن: ٢٥٥، ٤٤١، ٤٤٣
مەغنیسیا: ٧٥، ٨٠، ٢٢١
مەلاتیە: ٩٨، ١٠٨، ١١١، ١٢٦، ٢٢٩، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٥٢، ٢٥٤، ٢٥٥، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٦٧، ٢٦٨، ٢٨٤، ٢٩٣، ٤٣٢، ٤٣٦، ٤٣٧، ٤٣٨، ٤٤٠، ٤٤١، ٤٤٢، ٤٤٧، ٤٦٦، ٤٦٩
مەلازگەرد: ١٣٢، ٣٠٠، ٤٥٢

مەلەتۆداغ: ٤٤٥

مەنەمەن: ١٠٩

مرادسۆ: ١٠٣، ٢٥٥، ٤٥٢

مودانیە: ١٦٠

موراد (مەنسوور): ٤٩٦، ٤٩٧

مورادیە: ٣٤٦

موسلیمییە: ١٥٣، ٢٤٢، ٢٤٤

مووسڵ: ٨٣، ١١١، ١٢٤، ١٢٧، ١٣٦، ١٣٧، ١٥٧، ١٥٩، ١٦٩، ١٧٥، ١٨٦، ٢٠٠، ٢٧٧، ٤١٦

مووش: ٩٣، ١٠٠، ١٠٣، ١٠٨، ١١٠، ١٣٢، ٢٥٣، ٢٥٥، ٢٧٣، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٩٧، ٢٩٨، ٣٠١، ٣٠٢، ٣١٢، ٣١٣، ٣٣١، ٣٥١، ٤٢٩، ٤٣٤، ٤٣٥، ٤٤٨، ٤٥٢

میدڵسێکس: ٢٤٨

میدیات: ٢٢٩، ٢٤٧

میسر: ١٧٩، ١٨٨، ٢٠٩، ٤١٢، ٤٣٨

میلاس: ١٨٨

ن:
نۆرسان: ٣٥١
نارلی: ٤٣٦
نەمسا: ٧٨، ١٧٥
نەهری: ٤٢٩
نزیب: ٣١٠
نسێبین: ٢٠٠، ٢٤٤، ٢٤٧، ٣٦٤
نیغدە: ١٠٩، ٢١٦

هـ:
Habad: ٣٦٤
هەکاری: ٩١، ٩٢، ٩٣، ١١٠، ٢٢٣، ٢٢٩، ٣٠٢
هەلکی: ٩٣
هەمەدان: ٢٦٤
هەنگاریا: ١٧٥
هەینی: ١٠٣
هندستان: ٢٧٦، ٣٢٢، ٤٠٤، ٤٦٦

و:

وارتۆ: ١١٣، ١٣٩، ١٤٢

وارشۆ: ٣٠٦

وان: ٩٢، ٩٣، ١٠٣، ١١٠، ١٣٢، ٢٢٣، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٣٥، ٢٥٣، ٢٥٥، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٩٢، ٢٩٥، ٢٩٦، ٢٩٧، ٣٠٠، ٣١٢، ٣٣١، ٤١٨، ٤٢١، ٤٣٢، ٤٣٥، ٤٤٨، ٤٥٠، ٤٥١، ٤٦٦، ٤٦٧، ٤٦٨

ورمێ: ٣١٦، ٣٨٥

وێران شەهر: ٤٣٧

ی:

یۆگۆسلاڤیا: ٢٠٦، ٢٠٨

یۆنان: ٨٠، ١٢٨، ١٨١، ١٨٨، ٢٦٤، ٤٨١

یالۆڤا: ٣٦٣، ٣٧٢

یەریڤان: ٣٨١

یەکمالان: ٣٢٧

یەکێتیی سۆڤیەت: ١٧٥، ٢١٨

یەنی کۆی: ٨٩، ١٧٠، ٢٦١

یەنیجە: ١١٦، ٢٤٣